# ڕۆبسپێر



دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕۆبسپێر

نووسینی:

ڕومن ڕولان

گۆڕینی:

فەرهاد پەهلەوان



ناوی کتێب: ڕۆبسپێر
نووسینی: ڕومن ڕولان
گۆڕینی: فەرهاد پەهلەوان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥١٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: کارزان عەبدولحەمید + نسار عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٧٦)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکی نووسەر

سی ساڵان بووم کە دەربارەی ڕاپەڕینە بەشکۆ و پڕ لە کارەساتەکەی شۆڕشی فەرەنسە، دەستم داوەتە قەڵەم. ئێستاکونێ کە دوا بەشی ئەم نووسینە پڕ لە کارەساتە تەواو دەکەم، تەمەنم لە حەفتا و دوو ساڵ تێپەڕیوە. لە مەودای ئەم چەند ساڵەدا بێ وچان بیرم لە ترۆپکی[1] ئەم درامە – «ڕۆبسپێر» – دەکردەوە و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بووم کە تێروتەسەلەی ئەم باسە بم.

ئێستا وا بیر دەکەمەوە و هەست دەکەم کە ئەو کاتە گەیشتووە. کورتە تراژدییەکە لە چەند وشەیەکدا تەواو دەبێت لە نێوانی دەستپێکردنی «ئیعدامکردنی دانتون» و تا کۆتاییەکەی «کوشتنی ڕۆبسپێر»، سێ مانگ و نیوە دەخایەنێت.

ئەو کەسانەی کە هێناومنەتە سەر شانۆ (جگە لە دەستەیی سیخوڕەکان و پیلانگێڕە شاپەرستەکانی پشت پەردە و چەند کەسێکی هەلپەرست و کەللەشەقی وەک باراس) ئەوانیدیکە هەر هەموویان، واتە ئەندامە توندڕەوەکان هەردوو کۆمیتە و نوێنەرەکانی کنوانسیون لە شارەکاندا، لایەنگرە دڵسۆز و چالاکەکانی کۆمارن و گشتیان کۆمارخوازن.

بیروباوەڕیان ئاوێتەی بەرژەوەندی خۆیایەتی دەبێ و ناچاریان دەکات کە بۆ ڕزگارکردنی کۆمار تێ بکۆشن؛ چونکە چارەنووسیان لە تەک چارەنووسی کۆماردا گرێی خواردووە: گشتیان تەنانەت «فوشە»یش، کە داوای کوشتنی «شا»ی کردووە – وێڕای ئەوەی بەشێوەیەک خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، کە هەموو پردەکانیان تەقاندۆتەوە و ڕێگەی پاشگەزبوونەوەیان نییە – گشتیان بۆ لەناوبردنی ئەو کارانەی کردوویانە، واتە لەناوبردنی کۆمار لاساری دەنوێنین. ئەوانە بوونەتە کۆیلەی ئارەزوو و ڕق وکینە و بەدگومانییەکانی خۆیان و بەجۆرێک دووچاری سەرلێشێواوی بوون کە ناتوانن ئەو ڕێبازەی گرتوویانەتە بەر، چاک و خراپییەکانی لە یەکتر جیا بکەنەوە، بۆیەکا چنگی خراپترین دوژمنانی کۆمار لەسەر سنگیان دەگیرێ و دوچاری داو و تەڵەکەیان دەبن و لە ئاکاما دەبنە بەندەی چارەنووسێکی شێواو و شوومی وەک چارەنووس ئۆدیب. لێرەدا یادی وتە بەناوبانگەکەی



ناپلیۆن دێنینەوە بیر کە گوتوویەتی: «ڕامیاری چارەنووسێکی نوێیە». ڕۆبسپێریش دەگەڵ ئەوەی ڕۆشنبیرێک بوو، بەڵام ناتوانی زێتر لە بەدکارەکانی، خۆی لە ئەڵقەی مار قوتار بکات.

ئەم جۆرە پیاوانە، برێ جار ئەو چاڵەی کە بەرەو رووی دەڕۆن، بەچاو دەیبینن و سڵی لێ دەکەن؛ بەڵام ناتوانن بگەڕێنەوە دواوە. جگە لەمە ڕووداوەکانی پێنج ساڵەی شۆڕش، هەرچەندە هەموویانی خستۆتە جموجۆڵ، بەڵام هێز و توانای لێ بڕیون. فرەیان «ڕۆبسپێر و کوتون» نەخۆش و دەرماندەن. پاشەجار، قرچەی گەرمای هاوینی ساڵی ١٧٩٤ –کە تیرۆژی خۆرەتاوی، ماوەی چل ڕۆژان مێشکی هەموانی پژاندووە – کۆتایی بەم کێشەیە دێنێت.

هەموو ڕۆژێ هەزار و یەک مەترسی بەسەریانا تێپەڕ دەبێ. شەڕوشۆڕی ناوخۆ و هەندەران، تاڵان و هەراوهۆریا، پیلانەکان، کوشت و کوشتار، بەدگومانی هەردوو لا، نەخۆشی بەدبینی و وڕێنەی ئەشکەنجەکان.

نیازم نەبوو بەشێوەیەکی ئیدیالانە دەست بدەمە نووسینی هەموو ئەم ڕووداوانە. کرداری هیچ یەک لە دەستە و تاقم و کەسەکانم نەشاردۆتەوە. من دەگەڵ شەپۆلێکی گەورە – کە ئەوانی ڕادەماڵی – بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتم. هەموو ئەو ڕاستی و پاکییەی ئەو تێکۆشەرانە – کە بەدڵ و بەگیان خەباتیان دەکرد – و هەروەها چارەنووسی شۆڕشەکانم ڕەچاو کردگە. ئەم چارەنووسە تەنیا پێوەندی بەچەرخێکەوە نییە؛ بەڵکو پێوەندی بەهەموو شوێن و سەدە و زەمانێکەوە هەیە. هەوڵم داوە کە ئەم ڕاستییە دەربڕم.

ڕۆمن ڕۆلان

٢٦ی ئۆکتوبەری ١٩٣٨

## پێشەکی وەرگێڕ

شۆڕشی مەزنی فەرەنسە، ڕاپەڕینێکی مێژوویی جەماوەرییە کە لەمێژەوە بۆتە ئاوێنەیەک و خۆری ئازادی و سەربەخۆیی میللەتانی چەوساوە و ژێردەستەی تیا دەدرەوشێتەوە و تیرۆژەکەی هەڵدەگەڕێتەوە و ڕێگەی ئازادی گشت میللەتانی جیهانی پێ ڕۆشن دەبێتەوە. هەر ڕۆژ کە بەسەر ئەو ڕاپەڕینە گەورە و بێ وێنەیە تێپەڕ دەبێ و هەر ڕووداوێک و بەسەرهاتێک کە بەسەریا دێت، وانەیەکە و پەندێکە بۆ هەموو شۆڕشگێڕان و خەباتکەرانی ڕزگاریخوازی میللەتانی ژێردەستەی جیهان. دەرسێکن کە بتوانن پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرن. بەرکوڵی یاسای بنچینەیی «قانون اساسی» ئەم شۆڕشە مەزنە «بەیاننامەی مافی مرۆڤ» بوو کە یەکسانی چونیەکی هەموو مرۆڤی لەبەر ڕۆشنایی یاسا ڕەچاو دەکرد.

قارەمانانی ئەم شانۆگەرێتی مێژووییە- کە نووسەرێکی ناوداری وەک ڕومن ڕولان خۆی باسی دەکا هەموو لایەنەکانی خاسی و خراپییانی ڕەچاو کردووە- خۆیان لە خۆیانا دەتوانن مامۆستایەکی لێهاتوو و ڕێنوێنێکی خاسی شۆڕشگێڕانی میللەتانی ستەم لێکراو و چارەڕەش ئاسۆ ڕوون بن، کەسانێک کە هیواو ئاواتیان سەربەرزی و بەرزێتی وڵات و سەرفرازی نەتەوەکەیان بێت، بێ گوێدانە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان!

هەریەک لە قارەمانانی ئەم ڕاپەڕینە میللییە، بەتەنیایی، پیاوێکی گەورە، لێهاتوو، کۆمارخواز، فیداکار و تا ئەندازەیەک، پاک و بێگەرد بوون؛ بەڵام کە پێکەوە دەبوون، چاوی بینینی یەکتریان نەبوو؛ زکی یەکتریان دەدڕی و خاکی فەرەنسەیان نوقمی خوێن و ڕقوکینەی خۆیان دەکرد. یەکێتی بیروباوەڕیان سست و لاواز بوو. «مارا»، «دانتون»،«دمولن»، «ڕۆبسپیێر»، «ئەبر»، «سن ژوست »، «بریسو»، «بیو»، «بارەر»، «کارنو»و... هەریەک لەمانە گەورە پیاوێک و نشتمانپەروەری ڕاست و دروست بوون. بەڵام دەستیان بەخوێنی یەکتر سوور کرد. لە پاشانا دوژمن زۆر بەئاسانی زەفەری پێ بردن و تاکڕەوی و دکتاتۆرییەت باڵی ڕەشی بەسەر ئاسمانی فەرەنسادا کێشا و بەخوێنی



هەزاران لاو و پیر و ئافرەت و مناڵ، زەوی ڕەنگین کرا و سەدان و هەزاران گوند و خانووبەرە لەتەک خاکا بوو بەیەک و خاپوور کرا. لە کاتێکا دەکرا لە بریتی ئەو هەموو بەدبەختی و چارەڕەشیانە هەر لە یەکەمین هەنگاودا گشت پیاوە گەورەکان، شۆڕش و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دەست لەناو دەستی یەک، یەک دەنگ و یەک مشتەکۆڵە بن و بەیەکبوونیان، شۆڕش و گەلی فەرەنسا ڕزگار بکەن. بەیاننامە مێژووییە مرۆڤایەتییەکەی «مافی مرۆڤ» لە کون و قوژبنی جیهانا دابین بکەن.

بۆ ئاشنایەتی زێتری خوێنەوارانی بەڕێز لەو شۆڕشە مەزنە مێژووییە، دەستی یارمەتیم بۆ چەندین کتێب و فەرهەنگی دیکە درێژ کرد و سوودم لێ وەرگرتن و لە کۆتایی ئەم شانۆگەرێتییەدا بەگوێرەی ڕۆژانی ڕووداوەکان خستوومەتە بەرچاو. بەهیوای ئەوەی ئەنگۆ، تاک و کۆمەڵ سوودی لێ وەربگرن.

فەرهاد

کوردستان- سنە

رۆبسپێر:
ئاوێنەی مێژوو ئەوەمان پیشان دەدات کە گشت ئازادیخوازان ڕەنجیان کێشاوە و بوونەتە قۆچی قوربانی. بێ گومان ئەو کەسانە کە زوڵم و ستەمیان لێ کردوون، ئەوانیش مردوون و بەدناو بوون؛ بەڵام مەرگ دەرگای نەمری و زیندوویەتی بەرەو ڕووی پیاوچاکان و ڕاستان دەکاتەوە.

### ئەندامانی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک

ماکسیمیلین ڕۆبسپێر تەمەنی ٣٦ ساڵ Maximilien Robespierre
سن ژوست تەمەنی ٣٧ ساڵ Saint - Just
کوتون تەمەنی ٣٩ ساڵ Couthon
لازار کارنو تەمەنی ٤١ ساڵ Lazar Carnot
بیو – وارن تەمەنی ٣٨ ساڵ Billaud - Varenne
کولودر بوا تەمەنی ٤٤ ساڵ Collot Herbois
بێرتران باڕەر تەمەنی ٣٩ ساڵ Bertrand Ba´rere
ڕۆبێرت لندە تەمەنی ٥١ ساڵ Robert Lindet
پریر دولاکوت دێر تەمەنی ٣٠ ساڵ Prieur de La Cotedor

### ئەندامانی کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی

لوبا تەمەنی ٣٠ ساڵ Le Bas
داود تەمەنی ٤٦ ساڵ David
وادیە تەمەنی ٦٠ ساڵ Vadier
آمار Amar

### ئەندامانی کنوانسیون

ژوزف نوشە تەمەنی ٣٥ ساڵ Joseph Fouché
تالین تەمەنی ٣٧ ساڵ Tallien
باراس تەمەنی ٣٩ ساڵ Barras



ماتیورنو تەمەنی ٥٦ ساڵ Marthieu Regnault
سیز تەمەنی ٤٦ ساڵ Sieyes
کاریە تەمەنی ٣٨ ساڵ Carrier
ئەوگۆستین ڕۆبسپێر تەمەنی٣١ ساڵ Augustin Rpbespierre
لوران لوکونتر تەمەنی ٥٠ ساڵ Laurent Lecointre
بوردن دولواز تەمەنی ٣٦ ساڵ Bourdon de Loise
مرلن دو تینویل Merlin de Thionville
توریو Thuriot
فرەرون تەمەنی ٤٠ ساڵ Freron
دوران – مایان تەمەنی ٦٥ ساڵ Durand - Maillane
ژێنرال لازارهش تەمەنی ٣٦ ساڵ Lazare Hoche
گراکوس بابوف تەمەنی ٣٤ ساڵ Gracchus Babeuf

### ئەندامانی شورای کۆمونی پاریس

فلوریو لسکو، خانەساز و سەرۆکی شارەوانی پاریس تەمەنی٣٣ ساڵFleuriot -Lescot
پایان، پۆلیسی میللی کۆمون تەمەنی ٣٧ ساڵ Payan
کوفیناڵ، پزیشک، فەرماندەی تۆپخانەی کۆمون تەمەنی ٥٠ ساڵ Coffinhal
دوپلە، دارتاش، قازی دادگای شۆڕش تەمەنی ٥٦ ساڵ Duplay
دۆپلەی بچووک، کوڕی دۆپلە تەمەنی ١٦ ساڵ Duplay
سیمون دۆپلە – برازای دۆپلە، بەناوبانگ بەدارین پێ Simon
کیژانی دۆپلە و خەڵکی دیکە
هانریت لوبا، خوشکی لوبا تەمەنی ١٩ ساڵ Henriette Le Bas
ئەلنور دۆپلە، تەمەنی ٣٦ ساڵ Eleonore
ئەلیزابت دوپلە، ژنی لوبا تەمەنی ٣٣ ساڵ Elisabette
ژان فوشە، ژنی فوشە تەمەنی ٣٠ ساڵ Jeanne Fouche

کلاریس، سکرتێری باڕەر تەمەنی **٣٥**ساڵ Clarisse

مژان، سکرتێری کارنو تەمەنی **٣٥** ساڵ Megean

کولتو، سیخوری شاپەرستەکان تەمەنی **٤٥** ساڵ Collenot

هانریو، فەرماندەی گاردی میللی تەمەنی **٣٣** ساڵ Hanriot

مردا، ژەندەرمە تەمەنی **٣٣** ساڵ Merda

ویلات، قازی دادگای شۆڕش Vilate

پیرەژنێکی دێهاتی تەمەنی ٦٠ ساڵ

**خەڵکی پاریس**

نوێنەرەکان، فەرمانبەران، ژەندەرمەکان، تۆپچییەکان، سەربازەکان، ژاکوبنەکان، شاپەرستەکان، پیلانگێڕەکان، سیخوڕەکان، بازرگانان، بەرەڵاکان، ژنان و منالان، ئاژەڵی جۆراوجۆر.

شوێن: پاریس

له **٥**ی ئەپریل تا **٣٨** ژوئیە ١٧٩٤

# پەردەی یەکەم

# تابلۆی یەکەم

شوێن: ماڵی دۆپلە، ٣٧٦، کۆڵانی سانت ئوتوره، ١٦ ژرمینال، ساڵی دووەم ،٥ ئەپریلی١٧٩٤.

*[باوه دوپلە پەنجەرەکانی ڕوو بەشەقام دادەخات و کوڕەکەیی و سیمۆنی برازای یاریدەی دەدەن].*

دۆپلە: پەنجەرەکان دابخەن. حەسیرەکان ڕابکێشنە خوارەوە.

دۆپلەی بچووک: [*لە کاتێکدا بەسەر پەنجەرەکاندا شۆڕ دەبێتەوە، حەسیرەکانی پشت پەنجەرەکان ڕادەکێشێت*] گالیسکەکە دەبینم.

[*ڕۆبسپێر لە دەرگای چەپەوە دەردەکەوێ، ڕەنگی دەموچاوی پەڕیوە، بۆ تاوێک بێ هیچ جووڵەیەک لەنێو دەرگاکەدا ڕادەوەستێ*].

دۆپلە: [*وەردەگەڕێ و چاوی پێی دەکەوێت*] ماکسیمیلین! باشتر وایە لە ژوورەکەی خۆتا بمێنیتەوە.

ڕۆبسپێر: [*هەروەکو هیچی نەبیستبێ*] بەڵێ.

*[دەچێتە نێوەڕاستی ژوورەکە]*

دۆپلە: هەر ئێستا لێرەوە تێدەپەڕن... هەموو پەنجەرەکان دادەخەم.

*[ڕۆبسپێر ڕاوەستاوە؛ بێ ئەوەی هیچ بڵێت سەری ڕەزامەندی ڕادەوەشێنێ].*

*[جەنجاڵ و هەراوهوریای خەڵکی دەبیسترێ، لەنێو ئەم هەموو دەنگە دەنگەدا هاوارێک بەرز دەبێتەوە]*

سیمۆن دۆپلە:

«دانتن»ە [*هاوار دەکات... بەرەو لای ڕۆبسپێر دەڕوات و بەڕێزەوە دەستی دەگرێت*]. وا باشە بێیتە ئەملاوە.

ڕۆبسپێر: [*دووبارە هەروەکو هیچی نەبیستبێت*] بەڵێ.



*[لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا لە سەر کورسییەک دادەنیشێت و گوێ ڕادەگرێ].*

سیمۆن: [*دەگەڕێتەوە لای باوە دۆپلە و بەچاو ئیشارەتی ڕۆبسپێر دەکات*].

ئەو گوناحبارە؛ پێویستە لێرە بیبەیتە دەرەوە. [*هەراوهۆریا زێتر دەبێت*].

دۆپلە: [*لە ڕۆبسپێر نزیک دەبێتەوە*]

ماکسیمیلین، تۆ نەخۆش بووی، هێشتاکە پەکەری. بچۆرە ژوورەکەی خۆت، لێرە ڕامەوەستە، ئێرە جێگەی تۆ نییە.

ڕۆبسپێر: وازم لێ بێنە دۆپلە؛ وێڵم کە ،گەرەکمە هەر لێرە بمێنم. تۆ خۆت دەزانیت کە حەز ناکەم لێرە بم، بەڵام نابێ ڕا بکەم و هەڵبێم.

[*دەنگی گالیسکە و سمکۆڵانی ئەسپەکان لە دەرەوە دەبیسترێ*].

دانتۆن: [*لە دەرەوە هاوار دەکا و دەقیرێنێ*]

ڕۆبسپێر!...

[*ڕۆبسپێر ڕادەچڵەکێ*].

دانتۆن:

[*لە دەرەوە هاوار دەکا* ].

پیاوکوژ!... دەزانم لەوێیت، خۆت شاردۆتەوە...

ئەم جوێنانە لە لایەن ئەوانەی دیکە کە تاوانبارکراون و لەتەک دانتۆن لە گالیسکەکەدان دووپات دەبێتەوە؛ بەڵام لەناو جەنجاڵ و هەراوهۆریا و دەنگی خەڵک کپ دەبێت.

لەناکاو هاوارێکی جەرگبڕ بەسەر دەنگەکاندا زاڵ دەبێت.

کامیل دمولن:

[*لە دەرەوە هاوار دەکات*].

ماکسیمیلین!

[*ڕۆبسپێر سەری بەرز کردۆتەوە و هاوارەکانی دانتۆن بەخوێن ساردی و سووکییەکەوە دەژمێرێ. بەڵام هاوارەکەی دمولن وەک تیرێک ناوجەرگی دەبڕێت و هەردوو دەستە لەرزۆکەکانی دەخاتە سەر سنگی خۆی*].

[*سیمۆن و دۆپلەی بچووک: بەیەکدی*] دەڵێن:

ئەوە «دمولن»ە.

دمولن: [*لە دەرەوە بانگ دەکا* ]

ڕزگارم بکە... من هاوڕێی تۆم...

دانتۆن: [*لە دەرەوە*]

بێ دەنگ بە، ترسنۆک! ئابڕووی ئێمەیش دەبەیت...

دمولن: [*دووبارە هاوار دەکاتەوە*]

بەزەییت پێما بێتەوە. بگەرە هاوارم! ماکسیمیلین بگەرە فریام!

[*ڕۆبسپیێر لە جێی خۆی دەجمێ و دەیەوێت بەرەو پەنجەرەکە بڕوات، بەڵام باوە دۆپلە ڕێگەی لێ دەگرێت و ناهێڵێت بڕوات و بەمیهرەبانییەوە دەستی دەگرێت*].

دانتۆن: [*لە دەرەوە*].

بێ هوودە فرمێسک دەڕێژی... لە بری گریان و ناڵەناڵ، گیانی خۆت فیدا بکە.

دمولن: [*لە دەرەوە*]

قەساب، قەساب! بەکوشتمان دەدەی!...

سەرم بۆ تۆ... خوێنم بخۆرەوە!

[*ڕۆبسپیێر هەردوو گوێی خۆی بەدەست دەگرێ و بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات. دەنگی گالیسکە و غەڵبەغەڵب دوور دەکەوێتەوە*].

دانتن: [*لە کاتێکدا کە دوور دەکەوێتەوە دەنەڕێنێ*].

ڕۆبسپیێر... ئەوا من دەچمە ناو گۆڕ. تۆش بەزووترین کات بەدوای مندا دێیت... بەزووترین کات...

*[ ڕۆبسپیێر هەڵدەگەڕێتەوە، سەری بەرزکردۆتەوە، لە نزیک دەرگاکەوە، پاڵ دەنێت بەدیوارەکەوە]* .

ڕۆبسپیێر: [*بەتوندییەوە*]

بەزووترین کات!... باشە!...

[پەردە دادەدرێتەوە]



# تابلۆی دووەم

[کات: شەوی ٥ی ئەپریل

شوێن: تویلری... کۆبوونەوەی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک دەستی پێ کردووە. لە گۆشەیەکی تەلارەکەدا سێ پەنجەرەی گەورەی تیادایە کە بەسەر حەوشەی کاروزولدا دەڕوانێ. مێزی سەرۆک و دوو مێزی یاریدەدەرەکان، چەسپیوە بەدیوارەوە. لە گۆشەی ڕاست و چەپدا دوو مێزی دیکەش بۆ دوو نوێنەری دی«ن، ب» دانراوە.

کۆمیتە یازدە ئەندامی هەیە؛ دوانزەمین ئەندامی بەناوی ارول دوسشل لە هەمان ڕۆژدا بەگیوتین ئیعدام کرا. دوا کاتی زەردەپەڕە[٢]... بیو وارن، کولودربوا، کارنو، باڕەر]

کولو: ئاخری نێچیر کەوتە ناو تەڵەوە.

کارنو: هاوار و ناڵە لەسەر بەرزترین لقوپۆپی درەختەکانی تویلری دەبیسترا.

باڕەر: ئێستاکە بێ دەنگە، دەڵێی لانەیەکی خامۆش و بێ سرتەیە لە تاریکی شەودا.

بیو: تا سەری نەپەڕێنرێ، ناتوانین دڵنیابین کە ئاگری ڕقوکینەی ئەم خەڵکە نەناسراو و خرۆشاوە خۆش ناکاتەوە.

باڕەر: ئەوانە نە دۆستن و نە دوژمن؛ بەڵکو تەنیا تەماشاکەرانی وازی شەڕە -گا-ن، ئەوان تەنیا بۆ ماتادور[٣] و شمشێرەکەی چەپڵە لێ دەدەن.

کارنو: شمشێر وەشاندنەکەی کاریگەر بوو.

باڕەر: بەڵێ؛ ئەگەر ڕاپۆرتەکەی مریزاد نەبوایە – کە دابووی بە سن ژوست – ئێستا کاری کنوانسیون سەری نەدەگرت.

کارنو: بەڵام ئەو ڕاپۆرتەی داویەتی بە سن ژوست ، لە لایەن ڕۆبسپیێرەوە پێی نووسراوە.

بیو: زۆر بەزەحمەت توانیمان لە دەستی دەربێنین؛ من و کۆلۆ ناچاربووین پانزە ڕۆژ خەریک بین.

شەڕ، دیسانەوە هەر شەڕ، سەری «ئەبر» لە بریتی سەری «دمولن».

نەیدەویست پارووەکە لە دەست بدات و لە چنگی دەربێنن.

کارنو: چونکە ترسنۆکە. لە مەرگی دانتۆن دەترسا؛ هەمیشە خۆی لە پەنای ئەودا حەشار دەدا.

بیو: نەء کارنو. ئاگری ڕقوکینە وا خەریکە بەهەڵەت دەبات، من ڕۆبسپیێرم لەتۆ زێتر خۆش ناوێت؛ بەڵام پیاو دەبێ بەویژدان بێت. لە کاتێکدا دەبینین ئەم پیاوە بەهۆی ماندوویەتییەوە نەخۆش و پەککەوتە بووە و بەباوەڕ هەڵدەستێت، بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی خەبات بکات دژی ئەوانەی لەتەک دوشن و سەربازەکانی ڕونسن یاخ بیوون، وە خۆی بەرامبەر ئەو هەموو هەڕەشانە ڕادەگرێ و بەئارامییەوە دەچێتە ژاکوبن. ڕەوا نییە پێی بڵێین ترسنۆک.

ئێمە یانزدە کەسین؛ هەموومان پەیمانمان لەتەک مەرگدا بەستووە. بەڵام ئەو خۆی بۆ مەرگ ئامادە کردووە و خۆشی دەزانێت کە مەرگ چاوەڕێییەتی و بێ پەروا بەپێشوازییەوە دەڕوات. لەم ڕووەوە ناچارە یەکێک لەمانە هەڵبژێرێت:

یا دەبێ ببێتە دۆستی دوژمنانمان، یا لەتەک ساز و دەهۆڵی ئێمە سەما بکات.

بارەر: تۆ خەریکە بەرگری لەوان دەکەیت، ئایا کێ بێ لای ئەوان بەرگری لەتۆ بکات؟

بیو: دڵسۆزییان بۆ کۆمار؛ هیوادارین ئازەزووی دیکتاتۆرییەت نەچێتە کەللەیان.

[*لە کاتی گفتوگۆکردنیاندا، مژان لێپرسراوی دەفتەری کۆمیتە، بەبەستەیەک کاغەزەوە دێتە ژوورەوە، کاغەزەکان بۆ لای ئەم و ئەو دەبات کە ئیمزای بکەن و لە دواییدا دەیانداتە دەست بارەر*].

بارەر: [*بەقسەکردنەوە ئیمزا دەکات*]

کۆمیتەی باڵا دەیەوێت توانا و دەسەڵاتی ڕۆبسپیێر زیاد بکات. ئێمە بۆ لەناوبردنی ئەژدەهای حەوت سەری ئاژاوەچییەکان – کە هەمیشە سەرەکانیان دووبارە زیندوو دەبنەوە – جگە لە توانایی و دەسەڵاتدارییەتی ئەو هیچی دیکەمان نییە.

بیو: بەڵێ بارەر، ڕاست دەکەی. قەڵاچۆکردنیان بێ هوودەیە؛ چونکە جارێکی دی لە هەرلاوە سەر دەردەهێننەوە.

«کرمول – ڕونسن» پتر لە مانگێک لەمەوبەرەوە دەستی کردووە بەپیلان گێڕان و ئاژاوەنانەوە. سوپا لەناوچووبوو. گەر هێز و توانای کۆمیتە نەبوایە، کۆمار لەژێر چەکمەی خراپترین و پەستترین دیکتاتۆری سوپایی پێشێل دەکرا. دوای ئەوەش «پیت» بەهۆی زێڕ و خاوەن بانقەکانی، خەریکی سەوداکردن بوو لەتەک دانتۆن و



بۆگەنیوەکانی نێو کنوانسیون بۆ گێڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی؛ لە نێوان ئێمە و ئەواندا خەباتێکی سەرسەختانە بەردەوامە.

ئێمە سەرکردەکانیانمان گرتووە؛ بەڵام چۆن دەتوانین کلک و کۆمەڵە ترسنۆکەکانیان کە خۆیان شاردۆتەوە بگرین؟

خیانەتکارییان لەژێر پەردە و جەنجاڵی ژاکوبنیسم دەردەبڕن. دوژمن لە هەموو جێیەکدا هەیە.

کارنو: دوژمن تەنانەت لێرەشدا هەیە؛ قسە نهێنییەکانی ئێمەیان گەیاندۆتە پیت.

بیو: ئەوانە ئیدی دوژمن نین. «ئەرۆلی» بێ شەرم کە قسە و بڕیارەکانی ئێمەی بۆ ئەوان دەنارد، ئیمڕۆ ئیعدام بوو؛ خائنەکان...

کارنو: هێشتا هەر ماون، نامەیەکی دیکەمان دەستکەوتووە کە لە پاریسەوە بۆ مەڵبەندی گشتی ئاوارەکان، بۆ شا «ورون» نێردرابوو. تەنیا ئێمە ئاگاداری ئەو شتانە بووین کە لە نامەکەدا نووسراوە. ئەو نامەیە پاش گرتنی ئەرول نووسراوە... ئادەی مژان ئەو نامەیەم بدەرێ... ئەمەتانێ...

[*نامەکەی کە لە مژانی وەرگرتووە پێشان دەدات*].

بیو: [*لە کاتێکدا کە نامەکە لە دەست کارنو ڕادەکێشێ*]

نەء!... [*دەیخوێنێتەوە و بەسەرسامییەوە دادەنیشێ*] یەکێک لە ئێمە خیانەت دەکات!

[*کولو نامەکەی لێ دەستێنێ... نامەکە دەستاودەست دەگەڕێ، هەموویان نارەحەت و تووڕەن*].

کولو: [*هەنگاوی گەورە گەورە هەڵدەهێنێ*]

چەتەکان!... ڕێگرەکان! چلۆن دەکەونە چنگمان؟

بیو: [*زۆر بەتووڕەییەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و لە کاتێکدا بەجێیەوە زەق زەق دەڕوانێتە یەک بەیەکی هاوڕێکانی، دەکەوێتە هاتوچۆکردن لەناو هۆڵەکەدا*]

تۆیت؟ منم؟...

بارەر: [*بەرەو پەنجەرەکان دەڕوات بۆ ئەوەی دایان بخات*].

پەنجەرەکان، دیوارەکان گوێیان هەیە.

*[سن ژوست دێته ژوورەوە]*

سن ژوست: ئەوە چییە دەڵێیی زەردەواڵە وروژاوەتە گیانتان.

بارەر: وەرە، سن ژوست ، تۆیش بیخوێنەرەوە!

سن ژوست: *[پاش ئەوەی لە خوێندنی نامەکە دەبێتەوە]*.

ئەرۆل خۆی چوگە؛ بەڵام خۆرەکانی بەجێهێشتگە. سکرتێرەکانتان دەبوایە بیانسووتانبایە. وەزارەتخانەکانتان بۆتە مەزبەلەی کاغەز؛ بۆگەنیوەکان و هەموو خائینانی کۆمار و پیاوخراپەکان پەنا دەبەنە ئەوێ.

*[مژان چاوی بریبووە چاوی، کاغەزەکان هەڵدەگرێت و دەچێتە دەرەوە. بەڵام لەم گێرمەکێش و گیروداروەدا بەبیانووی ئیمزا وەرگرتن بۆ چەند جارێک بێ خشپە و سرتە دێتە ژوورەوە. زۆر وریا و چالاکە؛ هیچ دیاردەیەکی لەبەرچاو بزر نابێت و لە هەموو شتێک ورد دەبێتەوە]*.

کارنو: لەکاتێکدا گومانی تاوانبارێتی دەکەوێتە سەر گشتمان، تاوانباری ئەسڵی بەنەناسراوی دەمێنێتەوە.

ئادەی بزانم مەبەستت کێیە؟

سن ژوست: کارنو خۆت و دارودەستەکەت کە لە دەبیرخانەکانی جەنگ، لەتەک چوارسەد کاربەدەست نێر و مێ زۆر بێ شەرمانە خەریکی هەراوهۆریان و لەتەک پیاوانی رژێمی پێشوو فەرمانرەوایی دەکەن. بارەر، تۆ پاژنە سوور...

بارەر: *[بەتوانجەوە]*

کڵاو سووریش.

سن ژوست: ... تۆ کە دەبیرخانەکانت لە گەڕەکی سروتی بوونەتە مەڵبەندی تازەترین و دوا مۆدێلی بێ شەرمی. تۆ کە پیاوە گەورە ئەڵمانییەکانت لە وەزارەتی هەندەران راگرتووە.

بارەر: من بەرپرسیاری فەرمانبەرانی خۆمم.

کولو: *[بەتوانجەوە]*

هەروەها ئافرەتەکانیشت، ئانا کرئون؟

*[کلاریس - سکرتێری جوان و جەحێل - کە تازە هاتۆتە ژوورەوە، چەند پەڕە کاغەزێک بۆ ئیمزاکردن دەداتە دەستی]*.



بارەر: *[کاغەزەکان ئیمزا دەکات، بەدوو پەنجە چەناگەی کلاریس دەگرێت و رەوانەی دەرەوەی دەکات]*

من لێپرسواوی ئەوم. *[دوای ئەوەی کە کلاریس دەچێتە دەرەوە]*

لە راستیدا ئێمە بەبۆنەی لوتف و مەرحەمەتی ئەوەوە توانیمان دەست بەسەر ئەرول دابگرین

بیو: *[بەبەدگومانییەوە]*

ئەو یەکێک دەفرۆشێت تا کەسانی دیکەی وەدەست بکەوێت. ئاخری پەڕ و باڵت دەردەکێشێ.

بارەر: *[بەپێکەنینەوە]*

ئەوە «پەڕ»ی منە.

کولو: جێگە و پێخەفی «پەڕ»تە.

سن ژوست: تکایە دەربارەی رابواردن و خۆشگوزەرانیتان لە دەرەوە قسە بکەن. ئێمە لێرە ئەو کارانەی دەیکەین بۆ خەڵکییە، چونکە خزمەتگوزاری ئەوانین، پێویستە بەرپرسیاری ئەو کارانە بین کە دەکەین. باسکردنی رابواردن و چاوحیزییەکانتان لە نێوان بەدبەختی و کڵۆڵی ئەم خەڵکەدا کارێکی سووک و بێ حورمەت و بێ نەزاکەتییە. گشت دەبیرخانەکانتان، تەنانەت هەموو کارەکانمان لەم کۆمیتەیەشدا بێ نەزمە و بۆنی خیانەتی لێوە دێت. هیچ کارێکی سوودمەند ئەنجام نادرێت. هیچ شتێک رێکوپێک و مونەزەم نییە. خەرج یەکجار زۆرە؛ هەرچی پارەوپوول هەیە یا بەفیرۆ دەچێت، یاخود دەدزرێت. ئێرە بۆتە مۆڵگەی جاسووسی و خیانەت. پێشنیار دەکەم کە بەزووترین کات پاک و پیسکردنێک لێرەوە دەست پێ بکات و لەپێشەوە لەلای تۆوە دەست بکەین بەپاکسازی کارمەندانی دژ بەشۆڕش.

کارنو: تۆ تێکچوویت؛ شێتی. هەر ئەم کارمەندانەن سەرکەوتنمان بۆ دەرەخسێنن.

سن ژوست: ئەگەر من و لوبا نەبووینایە و ئەوانمان لەناو نەبردایە، ئیشوکار و رێکخستنیان هەمووی لەناو دەچوو.

کارنو: تۆ هیچ شتێک دەربارەی ئیشوکاری رێکخستن و بژێوی[٤] نازانیت. تا من لێپرسراوی ئیشوکاری دەبیرخانەکانی جەنگم، رابەرایەتی بەمنە و رێگەت پێ نادەم لەم بارەیەوە قەزاوەت بکەیت.

دەتنێرین بۆ ئەنجامی ئیشوکارێکی تایبەتی بۆ ئەوەی ئەو فەرمانانەی دەری دەکەین کۆنترۆڵیان بکەیت و تەنیا هەروەکو یەکێک لە ئەفسەرەکانی من دەتوانی لەو بارەیەوە بدوێیت.

سن ژوست: ئەفسەرانی تۆ؟ بۆ ئەتۆ سزاری؟

کارنو: ئەگەر دووبارە سزارێک پەیدا ببێتەوە، من دەبمە برتوس. بەڵام دڵنیام کە تۆ نابیتە برتوس. تۆ قوتابییەکی سادە زێتر نییت کە بەزەبری قامچی مامۆستاکەی لەبەر شیعر دەخوێنێتەوە.

بارەر: شەڕ و قڕەقڕکردن بەسە ئیتر!

ئێستاکە کاتی ئەم قسانە نییە. پیلان، کومیتە و شۆڕشی گرتۆتەوە.

کارنو: لەگەڵ ئەمانەشدا «تبر» بێ کار نییە و دەستەو ئەژنۆ بۆی دانەنیشتووە.

بیو: ئاشکرایە. هەموو پارچە لەتوپەت و پچڕاوەکانی دارودەستەکان - «ژیروەندن»ەکان - دا ژدارانی[٥] ماری بریندار خۆیان گرمۆڵە دەکەن و هەموو قین و توانای خۆیان بەکاردێنن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە یەک بگرنەوە.

کولو: کۆمەڵی فیویان، لایەنگرانی پاشایەتی و شاپەرستەکان، کەشیشەکان و بۆرژواکان - کە شۆڕش زەرەر و زیانی پێگەیاندوون و لێی تووڕەن - بۆ خزمەت پێکردنی، یەک دەگرن.

بارەر: کێ سەرکردەیانە؟ دراو و پیلانەکانی ئینگلستان. جاسووسەکانیان ڕەخنەیان کردۆتە ناومان؛ ئەنباری چەکەمەنیمان دەسووتێنن و دووبەرەکی دەخەنە نێومان.

لە ڕاستیدا دەڵاڵەکان و پیاوەکانی ئینگلیس و خاوەن بانقەکان و هاوڕێکانیان - کە نرخی دراومان دەشکێنن و بێ بایەخی دەکەن - کارێک دەکەن کە خەڵکی برسی بن و ئەم برسێتییە دەکەنە هۆ بۆ ئەوەی دژی ئێمە بەکاری بهێنن.

سن ژوست: دەبێ باوەڕ بەم ڕاستییە بکەین، کە ئەمە تاوان و گوناهی ئێمەیە. ئامانجی سەرەکیمان کە بەختەوەری خەڵکە فەرامۆش کردووە. ئەگەر ئەم کۆمارە خەڵکی بەختەوەر نەکات، بێ هوودە شانازی بەدروستکردنی دەکەن. خەڵکێک کە شادو بەختیار نەبن، نیشتمانیان نییە. هیچ کات شانازی بەوە ناکەن کە پاڵپشتی کۆمارن. ئاگری خۆشەویستی ئازادی لە دەروونییاندا کڵپە ناکات. دڵیان بەهیچ شتێکەوە نییە. پێتان دەڵێن «مەرگ یا ئازادی!» بەڵام من ئێژم «مەرگ یا بەختەوەری خەڵک!»



کارنو: ئەمانە هەمووی قسەی ڕووتن. بەختەوەری لە کوێیە؟ کێ تا ئێستا چاوی پێی کەوتووە و هەستی پێ کردووە؟

سن ژوست: بەڵێ بەختەوەری بیرێکی نوێیە لە ئەوروپا. پێویستی سەرشانی ئێمەیە کە لەژێر خاکەوە دەری بهێنین.

بیو: بە چی؟

سن ژوست: بەوەی کە ماڵ و موڵکی چەوسێنەرەکان و ئەوانەی دژی ئازادین زەوت بکەین و لێیان وەربگرینەوە و بیدەین بەهەژاران و بێ دەرەتانان. داواتان لێ دەکەم بڕیار و فەرمانەکانی وانتوز بەجێ بێنن. هەرگیز بیر لە سەرپێچیکردن لەو فەرمانانە مەکەنەوە. بێ دەرەتانان و بێچارەکان، هێزدار و توانایانی سەر ڕووی زەوین، هەقیانە توندڕەو بن.

کارنو: ئەوانە فەرمانڕەوا نین. فەرمانڕەوا هەر نابێ هەبێت؛ نە ئەمان و نە ئەوان. پێویستە هەموو هاووڵاتیان پێکەوە یەکسان بین و فەرمانڕەوای یەکدی بین.

سن ژوست: ئێوە تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکان و ماڵدارەکان فەرمانڕەوایی دەکەن.

کارنو: فەرمانڕەوایی کردن پێویستی بەپارەوپوول هەیە بۆ سەربازەکانم، بۆ ئامادەکردنی باروت و چەکەمەنی و خواردەمەنی. ئەگەر کارێک بکەیت دەوڵەمەندەکانمان لێ تەرەببن، ئەو خەڵکە بێ دەرامەت و هەژارەی تۆ، پارە بەمن نادەن و نابنە هیچ بۆم.

سن ژوست: ئەوان ئامادەن کە تەنیا شتێکیان هەیە بیدەن بەتۆ؛ ئەوان خوێن و گیانت دەدەنێ. بەشداریان بکە لە دارایییە گشتییەکان و زەوییان بەسەردا دابەش بکە! بەشدارییان بکە لە ئیشوکاری شۆڕش. ئەو کاتە هیچ هێزێک نییە دوودڵ و ڕاڕایان بکات. بەڵام چەندە شێتانەیە! شۆڕش، تا ئێستاکە بۆ دابەشکردنی ماڵ و موڵک بەسەر خەڵکدا ئیمتیازاتی «نەژاد و ڕەسەن»ی لەناو نەبردووە.

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا تەنیا دەوڵەمەندەکان سوودیان لە فیداکاری خەڵکی بردووە. ئەرستۆکراتی بازرگانی فرە لە ئەرستۆکراتی ئەشرافی بەرچاو تەنگترە. بەبەهانەی مەسخەرەتی ئازادی بازرگانی، دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە و بۆتە ماڵگر[٦]. بازرگانی و پیشەسازی کردۆتە ماڵی خۆی. زەوی، کانەکانی ژێر زەوی، گەنم، دارستان و ڕەزەکان، هەمووی هەڵدەلووشێنێ. ئێوەش ڕێگە و

ئازادیتان پێ داون کە ئەم کارانە ئەنجام بدەن. بەم کارانەتان و ئەم هەڵوێستانەتان یاریدەی دوژمنانتان دەدەن، و خەڵکی هەژار کە تەنێ دۆستی ئێوەن دەکەنە قوچی قوربانی و فیدای دەکەن.

بارەر: ئاگاداری خۆت بە! تۆ خەریکی قسەی پیلانگێڕەکان و گێرەشێوێنەکان – کە ئێمە و ڕۆبسپێریش کوتاومانن – دەکەیتەوە.

بیو: ئێمە بیروباوەڕی ئەوانەمان نەکوتاوە. سن ژوست ، منیش لەم ڕووەوە وەکو تۆ بیر دەکەمەوە و هاوبیری تۆم. ئێمە ئەو کارە تاوانبارییەی کە کورسی پەرستەکان، خاینەکان و هەڵخەڵەتاوەکان دەیانویست ئەنجامی بدەن و بەو کارانەیان گەرەکیان بوو بنچینەی کۆمارەکەمان بلەرزێنن و سستی بکەن، کوتاوە؛ بەڵام باوەڕ بکە کە زۆربەی کات لەم بارەیەوە ڕەنجم کێشاوە.

بارەر: مەترسی لە چەپ و ڕاستدا هەیە. ڕێبازی دەستەڕاست گەردەنەیەکی باریکە.

سن ژوست: بەڵام هیچ گۆڕانێک ڕووی نەداوە. ڕۆژانی شۆڕشیش هەروەکو ڕۆژانی پێش شۆڕش وایە.

کارنو: لەتەک ئەمانەشدا ئێمە دوو شۆڕشمان کردووە؛ شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ «ژونیە» و شۆڕشی ١٠ی ئوت.

سن ژوست: بێ گومان تەنیا شۆڕشی سێیەم گرنگە. کەی ئەو شۆڕشە بەرپا دەکەین؟

[ڕۆبسپێر دێتە ژوورەوە]

ڕۆبسپێر: هێشتا کاتی نەهاتووە و ئامادە نین بۆ ئەو شۆڕشە. هەر کات ئامادەبووین، ئەو شۆڕشە ئەنجام دەدەین.

سن ژوست: ماکسیمیلین! ئەو کاتە کەی دێت؟

ڕۆبسپێر: کاتێک کە خەڵکی هوشیار بن و خۆیان ئامادە بکەن و بەکاری پێویستی سەرشانی خۆیانی بزانن.

سن ژوست: ئایا بۆرژواکان بەپێویستی سەرشانی خۆیانی دەزانن.

ڕۆبسپێر: ئێمە چاوەڕێی ئەوە نین کە دوژمنەکانمان هەر لەخۆوە و بێ زۆرەملێ ڕێز لە ڕاستی و دروستی بگرن. پێویستی سەرشانی ئێوەیە کە ئەم کارە ئەنجام بدەن. بەڵام دۆستەکانمان پێویستە نموونەی دادگەرێتی بن و لەتەک خەڵکدا یەکسان



ڕەفتار بکەن، کە نایکەن. ئێمە تێدەکۆشین خەڵکی دڵنیا بکەین کە باڵاترین نرخی کاریان بۆ ڕەچاو دەکەین؛ بەڵام ئەوان تێناگەن و هەستی پێ ناکەن.

ئەم زێدە دڕۆیییەی نرخی کار گێلی کردووین. ئەوان بۆ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو مەترسییە گەورەیەی کە نیشتمانمان لە لایەن هێرشکەرانەوە دووچار و گرفتاری بووە و بێ ئەوە بیری لێ بکەنەوە، دەیانەوێت نرخی کاریان زیاد بکرێت. لەم تەنگوچەڵەمەیە بەهرەی نابەجێ دەبەن. لە بری ئەوە بەنرخی یاسایی ڕازی بن، مان دەگرن و دەست لە کاردەکێشن. نانەواکان، حەماڵەکانی بەندەر، کرێکارانی کێلگەکان و سەپان و جووتیارەکان، کرێکارانی کارخانەی چەکەمەنی، بۆ داسەپاندنی داخوازییە تایبەتییەکانی خۆیان – کە بەزیانی میللەت تەواو دەبێ – دەست لە کار هەڵدەگرن. ئەمانە هەرچۆنێک بێت و ئامانجیان هەرچییەک بێت تاوانبارن و ئەگەر بەربەرەکانی شۆڕش بکەن پێویستە بدرێنە دادگای شۆڕش.

بیو: هەروەکو سن ژوست گوتی، ئایا لەو باوەڕەدا نیت کە ئەگەر ئێمە شۆڕشەکەمان بەیاریدەی ئەو کەسانەی کە هەر چۆنێک بن، و تەنیا دۆستمان بوون و هەن، نەکردایە، ئێستاکێ دوژمنانێکی یەکجار فرەمان دەبوو؟

ڕۆبسپێر: کێ ئەمە لەمن باشتر دەزانێت؟

ئایا پێویستە دەردی دڵم دەربڕم؟ ئەگەر چارەنووسی خۆمم لەتەک چارەنووسی میللەتەکەم گرێ نەداوە؟ ئایا بەهۆی تێکەڵبوونم لەگەڵ خەڵکیدا و هەستکردنم بەناخۆشی و چەرمەسەرییەکانیان هێز و توانای تازە بەگیانما نەهاتووە؟

ئێستاکە دەبێ زۆر بەتوروشەوە[7] پێی لێ بنێم کە خەڵکی لێمان دووردەکەونەوە و بەجێمان دەهێڵن، پەیوەندییان بەخەبات و تێکۆشانمان ڕۆژ بەڕۆژ سستتر دەبێت و لەوە دەچێت کە بەتەواوەتی ئێمەیان لەبەرچاو کەوتبێ.

بیو: خەڵکی بەهۆی ئیعدامکردنی ئەبر هەرگیز لێمان خۆش نابن و نامانبوورن.

ڕۆبسپێر: ئەبر بیست جار پتر لەوە شیاوی ئەو سزایە بوو. ئەو دووچاری گوناحێک بوو کە هەرگیز نەدەکرا چاوی لێ بپۆشرێت؛ چونکە ئاکاری خەڵکی خراپ کردبوو و لە ڕێی ڕاست لای دابوون.

زۆر بەداخەوەین کە دوای ئەنجامی ئەو کارە کوژرا، لە کاتێکدا دەبوا پێش ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدات لەناو بچێت.

ئەو توانی بەهۆی هەڵخەڵەتاندنی کەسانی سادەوە ژەهری خۆی بکاتە نێو لەشی خەڵکییەوە. بۆ ڕزگارکردنی ئەم خەڵکە لەم ژەهرە کوشندەیە پێویستیمان بەکار و هەوڵ و کۆششێکی یەکجار زۆر و گرنگ هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە کارانە پێویستە. ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمییەکانی بەرامبەر بەپێویستییەکانی سەرشان بۆ خەڵکی بەشێوەیەکی توندوتیژ و شۆڕشگێڕانە نەجووڵێینەوە، نە تەنیا دۆستی خەڵک نین بەڵکو دەبینە دوژمنیان.

لەو باوەڕەدا نیم کە سن ژوست بەرامبەر بەو کەسانەی – کە هەقی هەیە ناویان بنێت «تەنیا دۆستانی ئێمە» – هەر لەبەرئەوەی لایەنگیرانی ئێمەن، سستی پیشان بدات و چاو لە هەڵەکانیان بپۆشێت.

سن ژوست: نەخێر؛ من بەهیچ شێوەیەک ئەوە پەسەند ناکەم و ناڵێم کە دەبێ هاوەڵ و دۆستەکانمان لەنێو ئەم گێژاوە توند و پڕ لە مەترسییە بەتەنیا بەجێ بهێڵین و بێبەرییان بکەین لە سوودێک کە ئێستاکە ناتوانن هەستی پێ بکەن. بۆ ڕزگارکردنی خەڵک – تەنانەت ئەگەر خۆشیان نەیانەوێت – پێویستە خەبات بکەین؛ دەبێ توروشمان بێت. بۆ ئەوەی دووبارە فێری ئینزباتیان بکەینەوە. لە بەرەکانی شەڕ «گیوتین»م خستۆتە گەڕ! بۆ بەدەستهێنان و گەیشتنە سەرکەوتن پێویستە سەرانسەری فەرەنسە یەکپارچە بکەینە مەڵبەندی شەڕ.

بیو: ئەم کارە بۆ دواڕۆژ یاسایەکی دیکتاتۆریەتی نیزامیمان بۆ دێنێتە ئارا. نەخێر! لە کاتێکدا کە ئێمە دوانزە لەشکرمان لەژێر دەواردا هەیە، نابێت تەنیا پێشبینی ئاژاوە و بەرەڵای و خیانەت بکرێت؛ بەڵکو ترسناکتر لەمانە خۆبەزل زانین و خۆپەرستی فەرماندارەکانمانە کە فەرمانڕەوای لەشکرەکانمانن و لە ڕاستیدا هەر ئەمەیە کە کۆمارەکەمان بەرەو ڕووخاندن و لەناوچوون دەبات. ماریوس، یاسیلا، بۆ من گرنگ نین. تا ئەو ڕۆژەی زیندووم ناهێڵم دیکتاتۆریەت جێ بگرێ و هیچ کەس ببێتە دیکتاتۆر.

ڕۆبسپیێر: کێ دەربارەی دیکتاتۆر قسەت لەتەکا دەکات؟ ئێمە بێجگە لە پاکی و ڕاستی و دروستی، ئارەزووی هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەتێک ناکەین.

ئاژاوە و بەدکاری خەریکە لەناومان دەبات و تەنانەت خۆی گەیاندۆتە ناوەندی ڕەهبەرایەتی کۆمار، و ڕەگ و ڕیشەی خۆی داچەقاندۆتە ناو دەستگاکانمانەوە؛ پێویستە پێ بەم دیاردەیە بنێین.



ئایا دەستپێکردنی هەر بزووتنەوە و ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە بەهۆی سستی و کەمتەرخەمی خۆمان نەبۆتە شتێکی زۆر ترسناک و پڕ لە مەترسی؟ بۆرژواکان کە دەستیان گرتووە بەسەر دارایی و ماڵ و موڵکی پیاوە ئایینییەکان و ئەشرافەکان و دروشمی «دەوڵەمەند بن»یان بەرزکردۆتەوە. هەر ئەمەمان کەم بوو کە دیمەنی ناشرینی ئەم دەوڵەمەندبوونە بەسەرشانی بەدبەختی و چارەڕەشی هەمووان دروست بکرێت. تەنانەت ئەوانەی کە دەبوایە دژی ئاژاوەچێتی و بەدکاری کار بکەن، ناکام ماون و سەرنەکەوتوون. ئەو فەرمانڕەوایانەی کە دامانناببوون، واتە کەسانێکی وەک فوشە – کە شانازی بەوە دەکەن «شۆڕشێکی ڕاستەقینە و کامیل»یان بۆ هەژاران کردووە – بەکار و کرداری خۆیان خەڵکیان بەرەو فەساد و بەدکار کێشاوە. ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی کە ڕیشەی ویژدان و ئەو بیروباوەڕانەی لە لایەن خواوەند و گیانی هەمیشە زیندوو و نەمرەوە، مرۆڤ ئارام دەکاتەوە، لەناوبەرن و خراپی بکەن.

بیو: باوەڕم بەمە نییە. دەتەوێت ناچارم بکەیت کە مەراسیمی «مس» ئەنجام بدەم؟

کوتون لە کاتێکدا کە لەسەر کورسییەکی چەرخدار دانیشتووە و پاڵی پێوە دەنێن، دێتە ژوورەوە].

کوتون: [*بەفێڵبازییەوە*]

هاوشاری بیو، تۆ ئەو مەراسیمەت ئەنجام داوە. تۆ کەشیش بوویت «ڕوو دەکاتە ئەو کەسەی پاڵ بەکورسییەکەیەوە دەنێت] هێی، کاتن، لەسەرخۆ. وا پاڵم پێوە دەنێیت دەڵێی گەرەکتە دەرگاکان بشکێنیت.

باڕەر: ئەو هێشتا وا دەزانێ لەسەر کورسی «لیون» دانیشتووە.

بیو: کوتون، تۆ هێشتا بەچاوی ئەو کاتە دەڕوانیتە من کە ئەو جلوبەرگانەی جارانم لەبەردابوو. من ئەوانەم داکەندووە و فڕێم داون؛ بەڵام ڕۆبسپیێر وا بەئاسانی ناتوانێت گیان و ڕۆح و باوەڕی کەشیشایەتی لە خۆی دوورخاتەوە.

ڕۆبسپیێر: [*شانی هەڵدەتەکێنێ*]

من کەشیشەکانم خۆش ناوێن. من کاتۆلیک نیم. بەڵام ئەمە ڕادەگەیەنم کە بێ ئایینی بریتییە لە دیاردەیەکی ئەشرافی. هەژاران و بێ دەرامەتان، خەڵکی خاس، هەموو ئەو کەسانەی کە بەردەوامن لە خەباتکردن دژی هەژارێتی و خراپکاران و

فێڵبازان، خەباتێکی سەخت، خەباتێکی خوێناوی، پێویستییان بەوە هەیە کە پاڵ بدەنە پاڵ هێز و توانا و ویستی یەزدان کە پاڵپشتی بێگوناهانە و سزای گوناهکارە سەرکەوتووەکان دەدات.

ئێمە پێویستە لەسەرمان ئەم هیوایەیان، هەروەکو چۆن منی بەزیندوویەتی هێشتۆتەوە – لە گوتنی ئەم ڕاستییە هیچ شەرمێ ناکەم – ئەوانیش بەزیندوویەتی دەهێڵێتەوە، بۆ دابین بکەین.

گشت ئەو شتانەی کە بۆ خەڵکی سوودمەندن و بەکەڵکی ژیان دێت، شت هایەکی ڕاست و واقیەتن. بەدبەخت و بێچارە ئەو کەسەیە کە ئەوە لە دڵی خەڵکدا سست دەکات.

بیو: ئەگەر دڵی خەڵک تا ئەو ئەندازەیە بێ توانا و لاواز و سستە کە نەتوانێت دادپەروەری و حوکمی ڕەوا بپارێزێت، پێویستە لەسەرمان ئەو دڵە لەسەر سندان بکوتین.

ئێمە فێری دەکەین و تێی دەگەیەنین کە تەنیا ئەو دەبێ بەڕێوەبەری دادپەروەری بێت. شۆڕش سەروەرییە.

ڕۆبسپێر: ئەگەر شۆڕش داوا و ئیدعای سەروەرێتی بکات، پێویستە بەدروست کارێتی و پاکێتی، کارەکانی بەسەروەری ئەنجام بدات.

دەبێ بێ وچان ڕێ لە خاوە خواردن و بەرتیل وەرگرتنی فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی بگرێت؛ چونکە ئەوان لەژێر پەردە و بەبەهانەی بەرگری لێ کردنی، بەستەمگەرێتی و دزێتی و داوێن پیسێتی خەریکن ئابڕووی دەبەن.

بارەر: داوامان کردووە کە تالین، باراس، ماتیورنو، فرەرون، فوشە و کاریە بێن بۆ ئێرە... ئایا هەر ئەمە بەس نییە؟

ڕۆبسپێر: پێویستە دادگاییان بکەین.

بارەر: ئەم کارە ئەنجام دەدەین.

ڕۆبسپێر: دادگا نابود دەکەن.

بارەر: ڕۆبسپێر، بۆ ئێمە هیچ سوودێکی نییە کە ئەو کەسانە ئەشکەنجە بدەین کە کاتی خۆی جموجۆڵیان زۆر بووە و لە کاتی مەترسیدا خزمەتیان بەکۆمار کردووە؛ تەنانەت ئەگەر کاری خراپیشیان کردبێ و سوودی نابەجێیان لە توانا و پلەی



خۆیان بردبێ. یا ڕابوردوو فەرامۆش بکەین و تەنیا هەڵوێستی ئێستا بکەینە سەنگی مەحەک.

ڕۆبسپێر: ڕابوردوو بۆتە هۆی پیسکردنی ئێستاکەمان. برینێکی گەمار و چڵکنە؛ پێویستە پاکوخاوێنی بکەینەوە.

بارەر: ئەشێ ئاگاداربین کە نەی کولێنینەوە.

هەر ئێستاکە وتت کە پاریسییەکان بەبۆنەی زیندانکردنی شومت و ئیعدامکردنی لایەنگرانی ئەبر، دڵ بریندار و داغ لە دڵن لێمان. ئەوان تێناگەن و نازانن. دژەکاری[٨] پێشان نادەن؛ بەڵام کەنارەگیری دەکەن و دادەنیشن. بەڕەڵاییەکی یەکجار زۆر هەموو لایەکی گرتۆتەوە.

کارنو: بەتایبەتی هەموو هیلاک و ماندوون؛ لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا تەنانەت یەک ڕۆژیش پشوویان نەداوە.

بیو: مەگەر ئێمە خۆیشمان ئەمەمان تەحەمول نەکردووە؟

کارنو: پێویستە ئەم حاڵەتە تەحەمول بکەین؛ دەبێ تا بەدەستهێنانی سەرکەوتن هەروا بین.

بارەر: کەوایە پێویستە کارەکانمان فرە لەسەرخۆ و بەپارێزەوە بێت. دەبێ دوورەو پەرێز بین لە هەر کارێک کە ڕۆح و گیانی خەڵک پەرێشان دەکات و ئازاری پێ دەگەیەنێت.

کولو: نابێ دووبارە دادگایەکی نوێ بۆ لایەنگرانی کۆمار بخەینەوە گەڕ.

ڕۆبسپێر: بۆ هێنانەدی هێمنایەتی و ئارامی و دابینی فەرمانڕەوایی یاسا لەناو میللەتا پێویستە کە پیاوکوژان بەسزای کرداری خۆیان بگەن.

کولو: مەبەستت کێیە؟ فۆشە؟ کاریە؟ ناتوانم ئەوانە بسپێرمە دەست تۆ. سوێند دەخۆم کە ئەوانە نیشتمانیان ڕزگار کردووە.

ڕۆبسپێر: تۆ لە شاری لیون هاوکاری فوشە بوویت.

کولو: لەوانەیە مەبەستت من بێت؟

کوتون: نە، کولو، هەموومان باوەڕمان بەوە هەیە کە تۆ لایەنگری کۆماریت و هیچ شکێکمان لە ڕاستی و دروستی تۆ نییە. بەڵام باش دەزانیت ئەگەر بەرژەوەندی و سوودی خۆی تیا بێت تۆ یەکەمین کەسێک دەبیت کە تەسلیمت بکات؛ هەروەکو

چۆن لەمەوبەر هاوکار و هاوڕێ کۆنەکانی خۆی، وەکو: شا، کەشیشەکان و بازرگانەکانی «نانت»ی دابەدەستەوە.

کولو: خیانەتکردن بەدوژمنان گوناه نییە. ئەو خزمەتگوزارێکی توندڕەوی کۆمارە.

بیو: [*لە کاتێکدا کە بەئیشارەت ڕۆبسپێر پیشانی کولو دەدات*]

خۆی پێوە ماندوو مەکە. ئەز دەزانم ئەو هەرگیز لە فوشە خۆش نابێت؛ وا دەزانێ کە خیانەتی بەپیرۆزترین شت کردووە. ئێمە فوشە نادەینە دەستی.

ڕۆبسپێر: هەرچلۆنێ بێت ڕۆژێک دێت کە ناچار دەبن لە کردەی خۆتان پەشیمان و پاشگەز ببنەوە.

بیو: لایەنگرەکانت هەرچەندە زۆربەی زۆری ئەنجومەن لەوان پێکهاتووە، بەڵام هەموویان ترسنۆک و درۆزنن؛ زۆر شانازییان پێوە مەکە.

ڕۆبسپێر: تەنیا مرۆڤانی بەشەرەف ئەندامانی پارتی منن.

بیو: باشە، ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت.

ڕۆبسپێر: من بەهیچ جۆرێک گوێی نادەمێ، ئایا لەم ڕووەوە قسەیەکی دیکەت هەیە؟

کوتون: هەموو هێز و توانای کۆمار بەدەست ئێمەوەیە، و کام یەک لە ئێمە دڵنیاین لە سبەینێی خۆمان؟

سن ژوست: لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا یەک سەعاتی هی خۆمانە، ئەو سەعاتەی کە ڕووناکی و ڕۆشناییەکە بەرەو کزی دەڕوات. چەندین چەرخە شەوەزەنگ مرۆڤایەتی دەبات بەرێوە.

کوتون: ئێمە فرەکەنین، کات و زەمانەش دیاریکراوە کێ بێت کە ئەمە لە من کە نیوەی لەشم مردووە باشتر بزانیت [*ڤاچە فەلەجەکانی پێشان دەدات*] ئێمە کاتی ئەوەمان نییە کە قسەی زل و هەراوهۆریا بکەین. یا دوورکەوینەوە لەو شتانەی دەبنە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکیمان. لە بریتی ئەوەی دژی یەکتر بوەستین، با یەک بگرین و پێکەوە خەبات بکەین. هەریەکە لە ئێمە هێز و توانایەکین بۆ کۆمار. بەرهەڵستیکردنی یەکتری کارێکی ناڕەوایە. ناکۆکی و ناخۆشییەکانی ڕابوردوومان بسڕینەوە. ئێمە کە هەموو ژیانی خۆمان فیدا کردووە، دەتوانین چاو لە زۆر تازیاری(٩) و ڕقوکینە بپۆشین بۆ بەرژەوەندی گشتی و لە پێناوی یەکێتییەک کە فرە پێویستە بۆ بەهێزکردنی کۆمار. یا کۆمار بەئێمەوە یا بێ ئێمە و یاخود



تەنانەت دژ بەئێمەش هەر سەرکەوتوو بێت.

بیو، کارنو: با سەرکەوتوو بێت!

*[ئەوانی دیکەش هەریەکە بەقسە یا بەجووڵانەوەی دەست دووپاتیان کردەوە]*.

ڕۆبسپێر: ئێمە هیچ نین، کۆمار هەموو شتێکە.

*[دەستی یەکتری دەگوشن]*

کولو: شەوگار وا تێدەپەڕێ، خەریکە دەبیتە سەعات دوو. ئێژی ڕۆژگار بۆتە دوو بەرابەر، با بچین بخەوین.

کارنو: ئیمشەو کێ ئێشکچییە؟

سن ژوست: ئێستا نۆرەی من و باڕەرە.

ڕۆبسپێر: شەوباش هاوڕێیان

*[هەموو جگە لە سن ژوست و باڕەر دەچنە دەرەوە]*

باڕەر: با ئێمەیش بچینە سەر جێگەی خۆمان.

*[لەسەر زەوی و لە نێوان مێزەکاندا ڕادەکشێ]*

سن ژوست: با لەپێشدا گشت ئەم مۆمانە بکوژێنینەوە، تەنها یەکێکیان بەسە.

*[بێجگە لە یەکێکیان، فوو دەکا بەگشت مۆمەکان و دەیانکوژێنێتەوە]*

باڕەر: جێگەکەمان زۆر ڕەقە.

سن ژوست: با مانتۆکەی خۆمت بۆ لوول بکەم و بیکەمە سەرین بۆت!

باڕەر: ئەی خۆت چی؟

سن ژوست: من سەربازێکی پیرم، دەستم دەخەمە ژێر سەرم و دەخەوم.

*[ئەویش لەوبەر باڕەرەوە پاڵ دەکەوێت]*

باڕەر: خەوت دێ؟

سن ژوست: خەو بریتییە لە دابوونەریتێک لە زەمانی ئاشتیدا، ئەویش تێک دەچێت.

باڕەر: من تەنها لەتەک کلاریسدا دەتوانم باش بخەوم.

سن ژوست: سکرتێرەکەت؟ فرە بەلوتفی بۆی.

باڕەر: شتی دیکەیشم بۆی هەیە. بەڵام دوای ئەنجامی پێویستییەکان، تا بەرەبەیان

کاتێک کە دەنگی زەنگەکان بەرز دەبێتەوە، بەتەواوەتی و بەخۆشییەوە لە میحراب دەخەوم.

سن ژوست: دەتکەمە لێپرسراوی ناقوس لێدان لە دێری تەلم. بەڕاست دایکە کەمانت لە یاد ماوە؟

بارەر: فرە حەزم دەکرد لەبەر ڕووناکی ئەم مۆمەدا، ئەسلی پیرۆزی «تلەمیت»م دووبارە بخوێندایەوە.

سن ژوست: من لەبەرمە.

*[دەست دەکات بەخوێندنی]*

«هەموو ژیانیان، نە بەپێڕەوی کردنی موو بەموو لە یاسا و مەرام نامەیەکی نووسراو بەڵکو بەپێی ئیرادە و ویستی ڕاستی خۆیان بردبووە سەر.

هەر کاتێک بەچاکیان بزانیایە لە خەو هەڵدەستان، نانیان دەخوارد، کاریان دەکرد، هەرکاتێک بیانویستایە دەخەوتن، هیچ کەسێ لە خەو هەڵیانی نەدەستاند و بەزۆرەملێ کاریان پێ نەدەکردن...».

بارەر: بەداخەوە! بەداخەوە! ئێمە بێ چارە و بەدبەخت کە زۆرەملێمان پەسەند کردووە، لە بەهەشتی ونبوو دوورخراوینەتەوە.

سن ژوست: [*دەست پێ دەکاتەوە*]

هیچ کەس ناچاری نەدەکردن کە بخۆنەوە، بخۆن و یا کاری دیکە بکەن. گارگارنتوا وای دانابوو، لە یاساکەیاندا تەنیا ئەم مادەیە هەبوو:

*[بارەر و سن ژوست پێکەوە بەپۆزێکی گاڵتە پێکردنەوە]*

«حەز لە هەرچییەک دەکەیت بیکە»

«پەردە دادەرێتەوە»



## تابلۆی سێیەم

[*پەردە هەڵدەدرێتەوە بەسەر دیمەنی گەنجینەیەکی تاریک. گەنجینەکە لە ژووری تەنیشت کە لە نێوان کتێبخانەیەکی گەورە، دیواری تەلدری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵکدایە. پیاوێک «کولتو» لەسەر چوار پایەیەک دانیشتووە، خەریکی نووسینی کاغەزێکە لەسەر ئەژنۆی. لە پشت دالانەکەوە دەنگی سن ژوست دێت کە خەریکی خوێندنەوەی «ڕابلە»یە. دەنگی بارەریش دێتەگوێ، کە پێکەنینی دێت بەفەرامۆشکاری لە خوێندنەوەدا، خوێندنەوەکەی ئەو تەواو دەکات...*]

سن ژوست: [*لەوبەری دیوارەکەوە*]

... چونکە پیاوە ئازادەکان و نەجیبزادەکان و پیاوماقووڵان و خەڵکی ڕەوشت بەرز، یەک دەنگ لەتەک هاوڕێیانی بەشەرەف، لەخۆوە غەریزەیەکیان هەیە کە بەرەو کاری پاک و دروستیان دەبات و دووریان دەخاتەوە لە هەموو بەدکارییەک و بەمە ئێژن «شەرەف»

بارەر: [*لەودیو دیوارەکەوە خۆی خوێندنەوەکە تەواو دەکات*].

... کاتێک کە خەڵکی بەهۆی فەرمانبەرییەکی پەست و لاواز لەژێر تەوژم، خۆیان داوەتە و دەست و مات و بێدەنگ و دیل بوون، مانای وشەی خۆشەویستی نەجیبانە کە پیاوچاکان بەهۆی ئەوەوە ملکەچی ئەو کۆت و زنجیرە بوون، بۆیان دەگۆڕێت...

سن ژوست و بارەر: [*پێکەوە لەودیو دیوارەکەوە*]

... چونکە ئێمە هەموو ڕۆژێک خەریکی ئەنجامدانی ئەو کارانەین کە لێمان قەدەغەکراوە و ئارەزووی شتی قەدەغە دەکەین»

*[کەمێک بێدەنگی]*

بارەر: [*لەودیو دیوارەوە ئاهێک هەڵدەکێشێت*]

ژیان چەندە خەونێکی شیرین و خۆشە!

*[هەردووکیان بێدەنگ دەبن]* .

لە کاتێکدا کە قسە دەکەن، دەرگای ئەوسەری کتێبخانەکە نیوە کراوەیە. کلاریس – سکرتێرە جوانەکەی بارەر – بەرچاو دەکەوێت کە تا نیوەی لەشی خۆی بەسەر قەفەسێکی کتێبخانەکە شۆڕکردۆتەوە] .

*[کولتو ئیشارەتی بۆ دەکات]* وس! بێدەنگ بە.

هەردووکیان تاوێک بێدەنگ دەبن، تاوەکو دەنگی سن ژوست و بارەر لەودیو دیوارەکەوە دەبڕێت.

کلاریس: لەسەرخۆ

ئیدی هیچ دەنگێک نایەت.

کولتو: *[لەسەرخۆ]*

ئەرێ... ئیدی خەویان پیا کەوتووە.

*[کاغەزەکان کە نووسیوێتی دەداتە دەست کلاریس]* .

کلاریس: مژان ئەم کاغەزانە دەبات بۆ دانترک و، پێش کۆتایی ئەو حەوتەیە دەگاتە کەنەدە.

سن لوران پاش چارەکە سەعاتێکی دیکە حەرەکەت دەکات و دەڕوات.

کولتو: پاسپۆرتی هەیە؟

کلاریس: مژان بۆی ئامادە کردووە.

کولتو: بیستووتە کە دوانامەمان کەوتۆتە دەستیان؟

کلاریس: لە ڕاستیدا ئێمە بەپێی دەستووری دانترک کارێکمان کرد کە نامەکەمان بکەوێتە دەستیان بۆ ئەوەی بەدگومانی و دووبەرەکی لە نێوانیاندا بەردەوام بێت.

کولتو: وێڕای ئەمانیش، ئەوان پێکەوە ڕێککەوتوون.

کلاریس: قسەی قۆڕ دەکەن. بەدگومانی و دوودڵی وەکو خۆرە کەوتۆتە گیانیان و هەموویان دەخەینە ژێر ڕکێفی خۆمان.

*[شووشەیەک شەراب و کەمێک خواردەمەنی دەدات بەکولتو]* .

ئەمانە بخۆ و بخەوە.

کولتو: [*دەمی پڕە لە خواردن*]



هەموویان دەخەینە نێو چنگمانەوە.

[کلاریس دەرگا بچووکە کراوەکەی ئەوسەری کتێبخانەکە دادەخات و دەچێتە دەرەوە] .

[پەردە دادەدرێتەوە]

# تابلۆی چوارەم

[شوێن: *ماڵی فوشە*. ١٨ ژرمینال *(٧ی ئەپریل)*].

گەڕەکی سنت ئونورە ٣١٥، نهۆمی سێیەم.

کات: نزیک نیوەڕۆ. ئەپارتمانێکی بچووکی ناخۆش. ژوورێکی نیوەخاڵی. پەردەی چڵکن بەپەنجەرەکانەوە. تەختێکی شڕ. مێزێکی بچووک کە پایەیەکی شکاوە. دوو کورسی حەسیری.

ژنێک بەتەنیشت منداڵێکەوە – کە دیار نییە – دانیشتووە. دەرگای سەر پێپیلکەکان دەکرێتەوە. فوشە دێتە ژوورەوە. بێدەنگ دەرگاکە لە پشت سەری خۆی دادەخات. تاوێک لە نێوان دەرگاکەدا ڕادەوەستێت، ژنەکە سەری بەرز دەکاتەوە و ڕووی تێ دەکات.

[*پیاوێکە لە تەمەنی سی و پێنج ساڵان. بەڕواڵەت پیرتر لە تەمەنی دەنوێنێ، باڵابەرز، لەڕ و ئێسقانی، کەمێک کۆماو، ڕەنگی دەموچاوی هەڵگەڕاو، قژی سەری ساف و کەم موو و جۆ و گەنمی، چاوی تیژ، دەمی داخراو، چاکەتێکی کورتی تەنگ و ڕەنگ تۆخی لەبەردایە*].

فوشە: ئێ؟

بوون ژان فوشە: ئێ؟

[*هەردوو پرسیارەکە لە یەک کاتدا تێکەڵ بەیەکدی دەبن، بەڵام نە دەنگەکان و نە جووڵانەوەکەیان هیچ جۆرە خۆشییەکی تیا بەدی ناکرێت. وا دێتە بەرچاو کە چارەنووس ژنەکەی ورد و خاش کردووە. پیاوەکە نیازی نییە ئەو شتەی هەستی پێ دەکات بیهێنێتە بەرچاو*].

فوشە: مناڵەکە؟

ژان: لەوەتی تۆ ڕۆشتوویت تا ئێستا نەجووڵاوەتەوە. کچە بەسەزمانە، پەکی کەوتووە.

فوشە: ئەم سەفەرە دوور و درێژە شەکەت و ماندووی کردووە.



ژان: [*بەچاوێکی پڕ لە پرسیار دەڕوانێتە فوشە*].

تۆ ئیمڕۆ لە بەیانی زووەوە تا ئێستا چیت کردووە؟

فوشە: [*لەسەر کورسییەک دادەنیشێ*]

هیچ کارێک ناکرێت.

ژان: چاوت نەکەوت بەهاوڕێکانمان لە کنوانسیون؟

فوشە: هاوڕێکانمان؟ ژوزف فوشە ئیدی هاوڕێی نییە.

ژان: لەکوێن؟

فوشە: ئیدی ئەوان نەماون. لە ماوەی ئەم دە مانگە کە لێرەوە ڕۆیشتووین، لە پاریس چەندین سەریان بڕیوە. لە کنوانسیون پتر لە سەد جێگە خاڵییە؛ گۆڕستانێکە بۆ خۆی. ڕۆبسپێر دەیتوانی خاچێک لەوێ بچەقێنێت.

ژان: لەتەک خاچدا شۆخی مەکە.

فوشە: زۆر بێ ئەقڵی کە باوەڕت پێی نییە.

ژان: کێ دەزانێ... بەڵکو ئەو تۆڵەی بسێنێت... [*منداڵەکەی کە لە جۆڵانەکەدایە و دیار نییە پیشان دەدات. فوشە شان هەڵدەتەکێنێ و دەست پێ دەکاتەوە*]...

فوشە: لەبەرئەوەی «ژیروندن»ەکانم نەدۆزییەوە، چاوەڕێم کرد. بێ گومان چونکە گوێم لە وەڕین و حەپەحەپی گەماڵەکانیان نەبوو کە فێربوون کاتێک کە بەدوای کەودا ڕایان دەکرد جەنجاڵ بەرپا بکەن، گوێچکەم دەزرنگایەوە. من پێش ئەوەی لیون بەجێ بهێڵم، هەواڵی قەڵاچۆکردنی هاوەڵەکانی «ئەبر»م پێگەیشتبوو. ئەوەندەم کات هەبوو کە بەلێدانێکی یەکجار توند بتوانم دوا زنجیرێک کە منی بەکەشتی ئەوانەوە بەستبۆوە، بپسێنم و بیپچڕم. بەڵام لە مانۆری ئەم کارەدا دووچاری هەڵەیەک بووم، من هەموو هیوای خۆمم بەستبۆوە بەسەرکەوتنی دانتۆن، بەڵام ئەو زۆر گێلانە خۆی خستە ناو تەڵەوەو زۆر بەسووکی و بێ ئەرزشەوە دەیڕوانییە ڕۆبسپێر. ئێستا ئەو فەرمانڕەوایە... ئا لەم کاتەدا...

ژان: تۆیش ناوی ئەوت زڕاندووە و ئابڕوویت بردووە، ئێمە تازە لەناوچووین.

فوشە: [*بێباکانە*].

هەمووی دەستێ یاری دۆڕاوم. هیچم لە دەست نەچووە. تەنیا شتێک کە ئێستا

پێویستە، بەردەوام بوونە لەسەر یاریکردن؛ بێ گومان گرنگترین شت ئەوەیە کە هەلێکمان دەست بکەوێ.

ژان: بەزووترین کات دێن و دەتگرن!

فوشە: هێشتا کات و هەلی گەڕانەوەمان هەیە، ئەوان خەریک و سەرگەرمی پاکسازی کێشەی ئەبر، دانتون و پیلان و زانستەکانن. سبەی دووسبەی نۆرەی «شومت»ە.

ژان: تۆ لە تەک ئەوا بوویت.

فوشە: [*زۆر بەساردییەوە*]

ئیدی لەتەک ئەوا نیم. ئەو تەفروتونا بووە و لێ بۆتەوە.

ژان: وەلێ ئەگەر ئەو خۆی بەتۆوە ببەستێ، چی؟

فوشە: ئەو هەرگیز ئەم کارە ناکات. من هاریکاری و پشتیوانی لێ ناکەم. ئەو لەو جۆرە کەسانە نییە کاتێک کە هەست بە لەناوچوونی خۆی بکات، بێ هوودە هەوڵ بدات کەسانی دیکەیش لەتەک خۆیدا نابود بکات. ئەو پیاوێکی چاکە، خۆی دەدا بەدەستەوە.

ژان: [*بەگرژییەوە*]

هیچ مەترسییەک نییە کە تۆیش هەر ئەم کارە بکەیت.

فوشە: [*بەئارامییەوە*]

هیچ مەترسییەک نییە. من بەرگری لە ژیانی خۆم، ژیانی تۆ و ئەم منداڵە دەکەم «بەسەر جۆلانەکەدا دەچەمێتەوە».

ناجووڵێتەوە، پێویستە خواردنی پێ بدەیت.

ژان: چەند دڵۆپێک شیرم بۆ دۆشیوە؛ بەڵام زۆر بەسەختی دەیخوات. ناتوانم پێی بدەم.

فوشە: بیدە بەمن!... من دەتوانم... [*لەبەردەم جۆلانەکەدا چۆک دادەداتەوە و زۆر لەسەرخۆ هەوڵ دەدات بەکەوچک شیر بکاتە دەمی منداڵەکە*] بخۆ نازدارەکەم... «نیو»ە چکۆڵەکەم... سەرمایەی ژینم...

ژان: ئەرێ پێت نەوتم لە ئەنجومەندا چیت کرد؟

فوشە: [*هەڵدەستێتە سەر پێ و ئەژنۆکانی پاک دەکاتەوە*]

هیچ کارێک لەتەک ئەم نیوە مردووانە ناکرێت؛ هەموو لەشیان بۆتە لانەی ترس.



کاتێک ویستم کە بچمە پشت تریبوون و ڕاپۆرتی کارەکانم لە «لیون» بخوێنمەوە، ترسولەرز کەوتە نێو دڵیانەوە. ڕاپۆرتەکەیان ناردە کۆمیتە، بۆ ڕۆبسپێر.

یەکەمین کەسێک کە زۆر بەپەلە و شپرزەییەوە دەیویست بەرهەڵستی بکات بوردن دولسواز بوو. دەزانم کە ئەو فرە ڕکی لە ڕۆبسپێرە و خۆشی ناوێت. ئەو لێدانە توندەی کە لە لایەنگرانی ئەبر و دانتون دراوە، هەموویانی خستۆتە مەترسییەوە. ئەوانەی کە لە زەمانی پێشوودا ماونەتەوە، وەکو سیز (دوران – مایان، بواسی و داتکلاس) نزیکەی سەد نەفەرێک دەبن؛ ئەوانەی هەموو وەک پەز، شان بەشانی یەکتر، بەپشتی چەماوەوە، بەدڵێکی لەرزۆکەوە، لە ترسا خۆیان چەسپاندووە بەیەکدا. ترس بەئەندازەیەکی وەها چۆتە دڵیانەوە کە ناوێرن تەماشای چاوی یەکدی بکەن. لەبەرئەوەی ماوەیەکە لە ترسدا بێدەنگ ماونەتەوە، شێوە و جۆری قسەکردنیان لەیاد چووە؛ وەکو ئەشکەوتی «پولیفم»[۱۰]ی لێ هاتووە؛ کەس نازانێت ئیمڕۆ نۆرەی کێیە کە ببێتە قۆچی قوربانی و بخورێت. هەموو هەوڵ دەدەن پاڵ بنێن بەیەکەمین کەسێک کە دێتە ژوورەوە و دەیەوێت جێگەی ئەم بگرێت.

زانیم، هەرکە چاویان بەمن کەوت، تەنیا شتێک کە لە مێشکیاندا بوو، ئەوەبوو کە بمدەن بەگرتن.

ژان: ئێمە نابود بووین... نابود بووین...

فوشە: نە، ژنە میهرەبانەکەم! هەرکاتێک سەغڵەتییەک ڕووی تێکردین، ئەوساکە کاتمان دەبێت بیری لێ بکەین، ئەو کاتە هێشتا پێش نەهاتووە بۆمان.

ژان: هیوات بە چی هەیە؟ بەهەزاران ڕکوکینەیەک کە بەهۆی خوێن ڕشتن و وێرانکردن لە «لیون» دژی ئێمە هەڵگیرساوە...

فوشە: لەوانەیە من زۆر تێکۆشابم، زۆر حەزیان دەکرد ئەو کارانەی کردوومە، هەمووی بەئەنجام بگەیشتایە. بەڵام هەروەها حەزیان دەکرد ئازار و قورسایی ئەو کارانەی کە بۆ منیان دانابوو، لەسەر شانی من بوایە. من دەبوایە هەمیشە بیرم لەو شازادە ئیتالیەیە بکردایە، ئەو یەکێک لە خزمەتکارە وەفادارەکانی – کە بەفەرمانی خۆی لە دەست دوژمنەکانی ڕزگار کردبوو – پارچە پارچە کرد؛ بۆ ئەوەی دەست و دڵە پاکەکەی خۆی پێشانی خەڵکی بدات. لە ڕاستیدا تەنیا ئەمە بەس نییە کە پیاو دەبێ وردبینترین مرۆڤ بێت؛ بەڵکو پێویستە دەست بەهیچ کارێکەوە نەدات پێش ئەوەی کە کەسانی دیکەیش لەتەک خۆیدا بەدناو بکات.

من پیاوێکی لەسەرخۆ و جێی متمانەم. بەڵام ڕۆژگار باشترین مامۆستای ئینسانە. جارێکی دیکە هەڵسوکەوتم باشتر دەبێت. ئەم جارەیش فەرامۆشم نەکردووە کە ئاگادارتر بم.

جەنجاڵ و بزرکاندن و وڕێنە کردن دەربارەی نوێنەرایەتی من لە کۆمیتە، بۆ زۆر کەس سوودی نییە و زیانبەخشە. ئەو بەرگانەی کە لە لیون ئیمزام کردوون هەمووی ئیمزای «کولو»یشی پێوەیە. تەنانەت بەڕێکەوت هەر جارێک کە کاتێک زۆر درەخشان بوایە، وەکو ئینسانێکی خاکی خۆمم دووردەخستەوە بۆ ئەوەی کولو، ئیمزای یەکەم بکات. هەموو مەداریکەکان ماون... ئەمانەم هەمووی لای خۆم هەڵگرتووە بۆ کاتی تەنگانە.

ژان: ئەو مەداریکانە مەترسییان زێترە بۆت؛ چونکە هەوڵ دەدەن کە ئەوانەت لە چنگ دەربهێنن.

فوشە: ئەوان ئەم زەحمەتە بەخۆیان نادەن. مەداریکەکان بەزووترین کات دەدەم بەکۆمیتە.

*[بەرەو دەرگاکە دەڕوات]*

ژان: بۆ کوێ دەچیت؟

فوشە: بۆ ماڵی هاوسێکەمان، ماکسیمیلین.

ژان: *[لە حاڵەتێکدا کە هەردوو دەستەکانی بەرزدەکاتەوە]*.

گەرەکتە خۆت بخەیتە نێو دەمی گورگەوە؟

فوشە: لە داستان و حیکایەتە کۆنەکاندا سەرکەوتن هەمیشە بۆ گورگ نییە.

ژان: بەڵام ئەو لێت بێزارە.

فوشە: لە کاری سیاسەتدا هەست هیچ جۆرە بایەخێکی نییە. ئەگەر بەڕاستی هەروەکو باسی دەکەن، توانای ئەوەی هەیە کە ڕابەرایەتی ئیشوکاری خەڵک بکات، هەوڵ دەدات کە گرۆگەفی خۆی کەم بکاتەوە.

ژان: باوەڕت پێی نییە؟

فوشە: ڕاستت بوێت، لەم مەسەلەیەدا دوودڵم؛ بەڵام پێویستە تاقی بکەمەوە.

ژان: ئابڕووت دەبات.

فوشە: ئابڕووبردن گرنگ نییە! لە کایەکردندا بردنەوە گرنگە. من گوێ نادەمە ئابڕووبردن... خوات لەگەڵ بێت ژنە میهرەبان و بچکۆڵەکەم.



*[منداڵەکە ماچ دەکات، بەرەو دەرگاکە دەڕوات. دەست دەخاتە سەر ئەڵقە ڕێزی دەرگاکە]*.

ژان: ئاه، خەریک بوو لە یادم بچێت!... کاریە هاتبوو و دەیگوت، کەی دەتوانێت چاوی پێت بکەوێت.

فوشە: وابزانم هێشتا زووە، بیری لێ دەکەمەوە.

ژان: ئەویش وەکو تۆ، لەلایەن ڕۆبسپێرەوە گیانی لە مەترسیدایە.

فوشە: بێ گومان! ئەمانە هەمووی پەیوەندی هەیە بەگفتوگۆیەک کە لەتەک ماکسیمیلیندا ئەم بێت. ئیمشەو بۆم ڕوون دەبێتەوە کە لە نێوان ئەم دووانە کامیان دەبێ ببێتە قۆچی قوربانی.

ژان: ژوزف! ئایا دەتوانی ئەمەندە ڕاڕا بیت لە نێوان دوژمنێک و هاوڕێیەکدا؟

فوشە: من ڕاڕا نیم. لە هەر بارودۆخێکدا بێت بڕیارم داوە کە خۆم فیدا نەکەم.

**[پەردە دادەڕێتەوە]**

# تابلۆی پێنجەم

شوێن: ماڵی ڕۆبسپیێر، هەمان ڕۆژ، دوای نیو سەعاتێک. ژوورێکی بچووک، لە نهۆمی یەکەم، دەرگایەکی بچووک دەڕوانێتە سەر حەوشە و ئەمبار. زۆپایەک، تەختێکی خەو لە دار گوێز دروستکراو، پەردەی ئاوریشمینی شینی کەم ڕەنگ کە نەقشی گوڵی سپی تێدایە، مێزێکی نیوەشڕ، چەند کورسییەکی حەسیری، دۆڵابێک کە لە بریتی کتێبخانە بەکاردەهێنرێت. لەلای ڕاستەوە دەرگایەک و لەلای چەپیشەوە دەرگایەکی دیکە هەیە. دەرگای یەکەم بەڕووی ژووری سیمون دوپلە دەکرێتەوە. هەر لەملاوە دالآنێکی تیایە کە دەگاتەوە سەر پێپیلکەیەکی گەورە کە دەگاتە نزیکەی کۆڵانی سنت – ئونورە.

دەرگای دووەم بەڕووی ژووری خانمی دوپلە دەکرێتەوە کە ئاودەستخانەیەک لە نێوان هەردوو ژوورەکەدا هەیە. لەولاوە دالآنێکی دیکە هەیە کە دەگاتە سەر پێپیلکەیەکی بچووک کە بۆ سەر حەوشە دەڕوات.

ڕۆبسپیێر لەتەک سیمون دوپلە «قاچ تەختەیی»دا بەتەنیان سیمون لە پشت مێزەکەوە دانیشتووە؛ نامەیەکی یەکجار زۆر لەبەردەمیا، لەسەر مێزەکە، کۆبۆتەوە.

ڕۆبسپیێر لەناو ژوورە تەنگەکەدا خەریکی هاتوچۆکردنە لەمسەر بۆ ئەوسەر. برونت، سەگە دانیمارکییەکە لەژێر مێزەکەدا خەوی لێکەوتووە.

دوپلەی بچووک: دەرگای لای چەپی ژوورەکە دەکاتەوە، دێتە ژوورەوە و بەهەناسەبڕکێوە ئێژێ

ماکسیمیلین!... هاوشاری فوشە لە حەوشە دایە و دەیەوێت قسەت لەتەکا بکات.

ڕۆبسپیێر: نامەوێ چارەی ببینم. دەرگای ماڵی من لە ڕووی ئەودا داخراوە.

[*دوپلەی بچووک دەرگاکە دادەخات و دەڕوات*].

ڕۆبسپیێر: سیمون، نامەکانی ئیمڕۆت جیاکردۆتەوە؟

سیمون: جوێم کردوونەتەوە، کارێکی ئاسان نەبوو [*نامەکانی سەر مێزەکە پێشان دەدات*]، ئاه، تورەهات! چی شتی قۆڕ و بێ مانایان نووسیوە.



ڕۆبسپیێر: ناتوانم لەمبارەیەوە سەرزەنشتیان بکەم؛ منیش بەشبەحاڵی خۆم لە کاتی قسەکردندا هەڵە دەکەم.

سیمون: تۆ لەپێناوی ئێمە و بۆ ئەوان قسە دەکەیت، ئەوان تۆڵە دەسێنن.

ڕۆبسپیێر: ئایا ئەوانە ئامۆژگارین یاخود تەنیا قسەی ڕووت و موجامەلەن.

سیمون: زۆربەی زۆری ئەوانە بریتین لە موجامەلە.

[*هەندێک لە نامەکانی سەر مێزەکە پێشان دەدات*]

ڕۆبسپیێر: کەوایە، یا وازیان لێ بهێنین. بیینەوە سەر کارە گرنگەکانمان.

سیمون: ئایا حەز ناکەیت دۆستەکانت بناسیت؟

ڕۆبسپیێر: زۆر حەز دەکەم دوژمنانی کۆمار بناسم.

سیمون: بۆ خەباتکردن دژی دوژمنانی کۆمار و بەرەنگاربوونیان، وا چاکە کە بزانیت ئەشێ حساب بۆ کێ بکەیت و دۆستەکانت بناسیت.

ڕۆبسپیێر: هیچ گومانێکم لەوەدا نییە کە لەوانەیە ئەم مەسەلانە لەناو هەندێ لەم نامانەدا هەبێت. من بەدبینم. ئەوانەی کە نامەی موجامەلەم بۆ دەنووسن، یا لە ترسدایە، یاخود داوایەکیان هەیە.

سیمون: لەوانەیە وابێت؛ بەڵام لەم بارەیەوە نابێ تەنیا تەماشای بەرپێی خۆمان بکەین. لە هەموو ئەو کارانەی ئێمەی ئەهریمەنانی بێچارە ئەنجامی دەدەین، هەمیشە بەرژەوەندییەکی تێدا هەیە. ئەگەر سوود و بەرژەوەندییەک لەتەک خاسی و چاکیدا بێت، هیچ گوناه نییە.

کەمێک گوێ شل بکە بۆ قسەکانی هاوڕێکانت دوران مایان، سیز، بواسی و ژیروندنەکان؛ ئەوان بۆ تۆ کە ڕزگارت کردوون نووسیویانە و ئێژن:

«هاوکاری خۆشەویست! بێ نیازیت لەتەک سەربەخۆییە پڕ لە شانازییەکەت دەیسەلمێنێ کە تۆ لە هەموو دۆستانی دیکەی کۆمار گەورەتر و بەرزتریت. دووبارە ڕێگەی بەرگری لە بێ دەرامەتەکان و هەژاران بگرە بەر و هەرگیز دڵت بۆ خائینەکان و سەرکردەکانی پیلانە جۆراوجۆرەکان نەسووتێت. تەنیا مەرگ دەتوانێت خۆشەویستی و هەق شناسی ئێمە بۆ تۆ بکوژێت و لە ناوی بەرێت...»

ڕۆبسپیێر: [*پاش ئەوەی بەئیشارەتی دەست خوێندنەوەی نامەکە دەوەستێنێ و ڕای دەگرێ*].

دەزانم... دەزانم... ئەوان لای خۆیانەوە دانم لێ جیڕ دەکەنەوە. ئەگەر بەرگریم لێ نەکردنایە وردیان دەکردن و لەناو دەچوون. مردنیان بەئەندازەی ژیانیان دەنگی دەدایەوە و جەنجاڵی بەرپا دەکرد، واتە، بوون و نەبوونیان یەکسانە و هیچ سوودێکیان نییە؛ بەڵام ساختەچی و فێڵباز نین. هەروەها زۆر لەمێژە دەزانن کە ژیانیان بەستراوە بەژیانی من، دەتوانن سوودمەند و بەکەڵک بن بۆ کۆمار. من ڕایاندەگرم.

سیمون: تۆ هەروەک مرۆڤە بێ گوناهەکە، کە مارێکی سەرمابردووی لەسەر سنگی خۆیدا گەرم کردبوو، گەرماییيان پێ دەبەخشی، وریا بە و ئاگادار بە لە سیز.

ڕۆبسپێر: لەنێو هاوڕێ لاڵەکانمدا تەنیا ئەوە کە بیر دەکاتەوە. ئەو هەست بەتەکۆزی دەکات و دەتوانێت هاوکاریم لەتەکدا بکات و یاریدەم بدات.

سیمون: ئەوانەی دیکە، لەژێر پەردەوە، زۆر حەز دەکەن ناوی تۆ بنێنە سەر منداڵەکانیان. جگە لە سێ ناو، ماکسیمیلێن، ماکسیمیلێن و ڕۆبسپێر ناوێکی دیکە نییە. چوارەمینیان کە زۆرخۆشحاڵ نییە ناوی کوڕەکەی ناوە «ماکسیمیلینەی بێ گوناه»...

ڕۆبسپێر: بێ ئەقڵەکان! نازانن کە منداڵ کاتێک عینوانی خۆی زانی و نازوفیزی پێوە کرد، ئیدی هیچ باکێکی لەوە نییە کە عینوانی باوکی خۆی لابدات و فڕێی داتە ئەولاوە.

سیمون: کیژۆڵەیەکی لاو لە نامەیەکدا ئەوینی خۆی پێشکەش بەتۆ کردووە. ئەویندارێکی دیکە تاڵێ لە قژی خۆشەویستەکەی بۆ ناردوویت، بۆ ئەوەی دوعایان بۆ بکەیت تا بەیەکتر شادبن. کەشیشێک داوای لێ کردوویت کە ڕێگەی پێ بدەیت لە کاتی دوعاکردندا ناوت بەرێت.

ڕۆبسپێر: ئەو کابرا سووک و پیسە؛ هاندەرێکە. وادیە تەلقینی پێ دەکات کە من لەناوبەرێت.

سیمون: نە، نە! ئەو ڕاستگۆیە. هەر کەسێک بەجۆرێ ئەوینی خۆی بەرامبەر بەتۆ دەردەبڕێت. هەندێکیان شیعرت بۆ دەنووسن، کەسانی دیکە گۆرانیت بۆ ساز دەکەن، پێشنوێژەکانیش دوعای نووستر.

ڕۆبسپێر: پیاوکوژەکان خەنجەرەکانیان لەنێو گوڵدا دەشارنەوە.



سیمون: باسی کوشتن دەکەیت؟ گشت دوژمنان چەک کراون.

ڕۆبسپێر: هەر ئیمرۆکە لژاندر بەشپرزەییيەوە هاتە کۆمیتە؛ نامەیەکی بێ ئیمزای پێگەیشتبوو و دای بەمن. لە نامەکەدا وێڕای ئەوەی کە هەوڵیان داوە هەستی پلەوپایە پەرستییەکەی ببزوێنن، داوایان لێ کردبوو کە خۆی بەدوو دەمانچە چەکدار بکات، من و سن ژوست  لە مەڵبەندی کنوانسیون بکوژێت. بیری لێ بکەرەوە، ئەگەر ئەم پیاوە ترسنۆکە کە دۆستی دانتون بوو، ترسی لەوە نەبوایە کە نهێنییەکەی ئاشکرا ببێت، ئەم کارەی ئەنجام نەدەدا. ڕزگاری ئێمە لەوەیە کە ترسنۆکەکان لە پیاوکوژەکان زێترن؛ شانازی بەمە ناکەم.

سیمون: ئێمە خەڵکێکین کە بەسنگی خۆمان قەڵغان و دیوارت بۆ دروست دەکەین.

ڕۆبسپێر: تۆ، بەشەو هەروەکو حەوارییەکان لە باغی زەیتوندا دەنویت.

سیمون: ماکسیمیلێن، ئایا دوودڵی لێمان؟

ڕۆبسپێر: سیمون! دەربارەی تۆ هەرگیز دوودڵ نیم، هەموو شتێکی ئەم ماڵە بۆ من پڕ لە ڕاست و دڵنیاییيە. بەڵام تۆ خۆت باش دەزانیت – بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی پۆلیس کە بۆ منی دەخوێنێتەوە و هێشتا بەستەیەکی لەبەردەمتایە، لە هەموو ئەوانەی دیکە زیاتر دەزانیت – کە ئەم خەڵکە فرە جێگەی بڕوا و متمانە نین و نابێ زۆر لێیان دڵنیابین. ئەوان یەکجار زۆر دوودڵ و ڕاڕان. بەهۆی جموجۆڵ و بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە و بەدگومانی خائینانەی دوژمنانمان، زۆربەیان ورەیان بەرداوە و بێ کەڵک بوون.

پاش ئەوەی یەک مانگێک نەخۆش کەوتم، هەڵسام و دووبارە چاوم بەخەڵک کەوتەوە. بۆم دەرکەوت کە فرە گۆڕاون؛ زۆر ترسم لێ نیشت. دوژمنانمان خەڵکیمان لێ هان دەدەن. کام یەکێ لە دوژمنانمان خراپترن؟ ئایا ئەوانەی کە نیازیان هەبوو «شا» بگەڕێننەوە، یاخود ئەوانەی دەربارەی بەدکاری و ترۆر شووڵیان لێ هەڵکێشاوە، خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن؟

کوشتن و نابودکردنی ئەبر، سوودێکی زۆر نەبووە؛ چونکە ئەو زەهرەی ڕشتوویەتی، هێشتا هەر ماوە. بۆ فێڵبازان و دەسبڕان، شۆڕش، جگە لە دەستکەوت چی دیکە نییە. ئەگەر ڕێگە لە دەسکەوتە ناڕەواکانیان بگرێت، هەڕەشە دەکەن؛ لێمان جیا دەبنەوە و خیانەت دەکەن، پاشەڕۆژ و چارەنووسی کۆمار لەسەر چ کۆڵەکەیەک

ڕاگیراوە؟ لەسەر شانی چەند کەسێک، ژمارەیان چەندە دەبێ؟ کە هەموو هێز و توانایان تەنیا لە قسەکردنیانە و بەس.

سیمون: ئەو هێز و توانایە، لە هەموو هێزەکان بەشکۆتر و جوانترە.

ڕۆبسپێر: من ئەو هێزە لە ئەنجوومەندا دەبینم. فرە جێگەی هیوا و متمانە نییە. ئیتاعەتێکی وەک سەگێکی خەوتووی ترسنۆک وەیا ئاوی ژێر کای تیا دەبینم، کە پێویستە هەمیشە لەژێر چاودێریدا بن، تا لە پشتەوە گاز نەگرن... برونت سەگە خاسەکەم!

*[لەسەرخۆ بە پێ نازی سەگەکەی دەکات].*

ببورە کە ناوی شەریفی تۆ دەنێمە سەر کەسانێکی ناباب... ناخۆشترین و ترسناکترین شت ئەوەیە کە پیاو لە دەوروبەری خۆی و هەموو خاکی فەرەنسەدا، بەچاوی خۆی تەشەنەی برینی پیسی بەدکاری ببینێت. لەعنەت لە پارە! پارە بەڵای شۆڕشە. ئێستاکێ بۆم ڕوون بۆتەوە کە پارە، فرە لەو کەسانەی کڕیوەتەوە و خواردوونی، کە باوەڕ و متمانەم پێیان بوو. ڕسوا بوون و بەدناو و بێ ئابڕوویی کۆمپانیای هند بەدکاری ئاشکراتر کرد.

هەوڵ و تەقەلای ئێمە بێ سوودە. پارە خەریکە قەلای خۆڕاگرتنی یەکە یەکە لە هاوڕێکانم دەڕووخێنێ. هەر کەسێکیش دەنێرین بۆ بەربەرەکانی ئەم مەسەلەیە، ئەوانیش دووچاری ئەم نەخۆشییە دەبن...

ئەوانە کە لە هەموو زێتر دووچاری ئەم نەخۆشییە بوون، ئەو کەسانەن کە بێ هیچ شەرمێک بەدترین کار ئەنجام دەدەن؛ کارمەندە نێراوەکانمان لەژێر پەردەی تروریسم، خەریکی سەوداکردنن لەتەک دادپەروەرێتی شۆڕش؛ حەپس و گرتن و ئازادی دەفرۆشن. بەزۆرەملێ سەروەت و ماڵ و موڵکی خەڵکی داگیر دەکەن...

فوشە، تالین، فرەرون، باراس، ئەم دزە بەدبەختانە دەستیان بەخوێنی خەڵکی ڕەنگین بووە...

ئێستاکێ«ڕوور»، لە ناوچەی «وکلوز» لەتەک ژوردن، پیاوکوژی ورسای، ئەو کەسەی دڵی «فولن»ی دەرهێنا – خەریکی ڕێکخستنی دارودەستەیەکن بۆ زەوتکردنی زەوی وزاری میللی بەنرخێکی یەکجار کەم. بەگوێرەی ئەو هەواڵانە پێم گەیشتووە، پتر لە ٥٠٠ کەس لە کاربەدەست و فەرمانبەرانی دەوڵەت لەم دزی و



تاڵانکردنەدا بەشدارن... ئەم کارە بۆ کۆمار کارێکی کوشندەیە. کۆمارییەکان کۆماریان فرۆشتووە.

سیمون: پێویستە هەرچی زووتر بەدەستێکی پۆلایین لێیان بدەین و لەناویان بەرین.

ڕۆبسپێر: لەناویان بەرین... توانامان نییە...

دادگاکانمان زۆر توندڕەوییان کردووە لە ڕشتنی خوێنی بێ هوودە. بەڵام هەرکە دەگاتە نۆرەی ئەم ناکەسانە، ئەو دەستەی کە بۆ سزادانیان بەرز دەبێتەوە، بەهۆی ئەو دەستانەی کە توانایان هەیە دێتە خوارەوە. ئەو پیاوکوژانە لەناو کۆمیتەشدا ڕێیان بۆ خۆیان کردۆتەوە و دەستیان هەیە و کەسانێکیان کڕیوەتەوە کە بەرگرییان لێ دەکەن.

ئەو دەوڵەمەندانەی کە هەزارەها فڕوفێڵ و تەڵەکەیان هەیە بۆ گۆڕینی یاسا، لە موحاکەمە ڕزگاریان دەبێت. تەنیا هەژار و بێ دەرامەتەکان بوونەتە قۆچی قوربانی. پێویستە کۆمیتە پاکسازی بکرێت و هەموو ئیشوکاری دادگاکان دەبێ چارەسەر بکرێت.

سیمون: ئەی بۆچی ئەم کارە ناکەیت؟

ڕۆبسپێر: ئەم کارە دەکەم؛ بەڵام سیمون دەزانم ئاکامی ئەم کارەم دەبێتە هۆی لەناوچوونی خۆم. ئەوان تاوانبارم دەکەن بەتەکڕەوی و دیکتاتۆربەت. ئەمە چەکێکی کوشندەی دووسەرەی زۆر کۆنە. ئەم چەکە بۆ خەباتکەرانی ڕێگەی ئازادی دژ بەزوڵم و زۆر دروست کرابوو؛ بەڵام ئێستاکە ئەو زاڵمانە، هەر لەم چەکە سوود وەردەگرن و بەکاری دەهێنن دژ بەئازادیخوازان. دوو ساڵە ئەوانەی دژ بەشۆڕشن ئەم چەکەیان هەڵگرتووە بۆ دژایەتیکردنی من. «پیت» بەفڕوفێڵ و تەڵەکە خەریکی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیە لە سەراسەری فەرەنسە و تیایدا من وەکو پادشایەکی کۆمار دەخاتە بەرچاوی خەڵک. دەیانەوێت کە خەڵکی بێ گوناه و باش، ڕاڕا بکەن و مەترسی بخەنە دڵیانەوە و هەستی بەدگومانی و بەغیلی هاوکارەکانم دژ بەمن ببزوێنن.

سیمون: ئەمانە وردە ناڕەساییەکانی هێز و توانا ڕەوشتییەکان و کەفارەکانیەتی؛ هیچ گوێی مەدەرێ. پێویستە زۆر سەربەرز و ڕازی بێت، خۆشەویستی خەڵکت لەتەکدایە. تۆ سەردەکەویت؛ هەروەکو چۆن لە «والمی» سەرکەوتین. ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ بێتە دی، حەق و ڕاستی هەمیشە سەرکەوتووە.

رۆبسپیێر: کوڕی چاک!

[*کوتون بەسەر کورسییە چەرخدارەکەیەوە دێتە ژوورەوە*].

کوتون: ماکسیملین! هەر ئێستاکە لەسەر جادە، لەبەر دەرگا، چاوم بەفوشە کەوت. گوایا گوتوویەتی نیازی بووە چاوی پێت بکەوێت و تۆ ڕێگەت نەداوە.

رۆبسپیێر: ئەرێ!

کوتون: بەڵام ئەو کەسێک نییە کوڵ بدات. لەژێر باراندا خەریکی هاتوچۆکردنە، و چاوەڕێ دەکات.

رۆبسپیێر: بەئەندازەی ئەو پیساییانەی تیایدا مەلە دەکات، پیسە لەبەرچاومدا. ئەگەر بمتوانیبایە هەر لەوێ گۆڕ بەگۆڕم دەکرد.

کوتون: بەڵام ئێستاکە، ناتوانی. ئەو کابرایە هەموو پێشبینییەکی کردووە؛ کەسانێکی لەناو کۆمیتە هەیە.

رۆبسپیێر: تۆ لە هەموو کەسێک خاستر دەزانیت کە بەشداربوونیان لە تاوانکردندا چ بایەخێکی هەیە.

کوتون: من لە هەموو کەسێک زێتر هەقم هەیە کە لە دوو تاوانبار و پیاوکوژ – واتە فوشە و کولو – کە لە شاری لیون بەهیچ جۆرێک یارمەتییان نەداوم و، کاری هەموو ژیانمیان تێکدا، خۆش نەبم. بەڵام بەدەردی چی دەخوات و چی سوودێکی تیایە کە پیاو هەستی بەسەر ئەقڵێدا زاڵ بێت و نەتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت؟ لەنێو کڵپەی ئاگری سیاسەتدا، ڕقوکینە بریتییە لە کارێکی ناشایست و ئەم کارە بۆ ئێمە ڕەوا نییە و نابێت بیکەین.

ئێستا بۆ ئێمە دوو شت گرنگە، یەکەمین ئەوەیە کە پێویستە هەرچی زووتر دوژمن لەناوبەرین؛ بەڵام ئەگەر نەمانتوانی ئەم کارە بکەین، نابێ پاڵی پێوە بنێین تا ناچار بێت بۆ بەرگری لە خۆی پەنا بەرێتە بەر هەموو شتێک. با چاوپێکەوتنێکت هەبێت لەتەک فوشەدا.

بۆچی ناتەوێت چاوت پێی بکەوێت و گوێ ڕابگری بۆ قسەکانی تا بتوانیت و بزانیت پیلانەکانی چییە؟ هەرچۆنێک بووە هەوڵ بدە ئێستا دڵی خۆش بکەی.

رۆبسپیێر: کێ دەتوانێ پێم بڵێ کە نازانێ من بێزارم لەو ناکەسە؟ ئەگەر چاوم پێی بکەوێت ناتوانم ڕقوکینەی خۆمی لێ بشارمەوە، با جادەکە بپێوێت. چاوم پێی ناکەوێت.



کوتون: ئەوساکە دەچێتە لای «شارلوت»ی خوشکت و خۆی دەخاتە بەرپێی و دەست دەکات بەگریان، خۆت دەزانیت کە شارلوت کۆنە دەزگیرانی بوو، هەرچەندە ئیدی بەهیچ جۆرێک باوەڕ و متمانەی پێی نییە، بەڵام هەمیشە لوتفی پێی هەبووە و بۆ تەمەننا و واسیتە دێتە لات.

رۆبسپیێر: [*بەناڕەحەتییەوە*]

نەء، نەء! هەرچۆنێک بێت، نامەوێ ئەمە ڕوو بدات. یارمەتیم بدە؛ ئەو خوشکە بەسەزمانەم شێت و هار دەبێت، ناتوانم لەبەردەمیدا خۆم ڕابگرم.

کوتون: خاسە؛ کەوایە ئەشێ ئەم ناکەسە ببینیت. ئەمە تەنیا ڕێگایەکە.

رۆبسپیێر: باشە! وادیارە ناچارم داخوازییەکەت ئەنجام بدەم. تۆ هەمیشە دەزانی چۆن بگەیتە ویستەکانت.

کوتون: لە ژیانمدا جگە لە خۆشی خەڵک – کە تێکەڵ بەخۆشی تۆوەیە – هیچ ویست و ئازەزوویەکی دیکەم نییە.

رۆبسپیێر: باشە، با وابێت! بڵێ بابێتە ژوورەوە؛ بەڵام کوتون تۆیش دەبێ هەر لێرە بیت و نەچیتە دەرەوە – حەز دەکەم گوێت لەو قسانە بێت کە پێی دەڵێم.

کوتون: نەء؛ ناتوانم لێرە بم. چونکە دەزانم چی ڕوو دەدات؛ وێڕای ئەمە تکات لێ دەکەم کە کەمێک هێمن و لەسەرخۆ بە لەتەکیا، نامەوێت سووکبوونی دوژمنی خۆم ببینم. بەبوونی من لێرە، زێتر هەست بەسووکێتی دەکات.

بۆچی، بێ هیچ شتێک و بێ ئەوەی سوودێکی تیا بێت، کارێک بکەم کە زێتر قینی لەمن بێتەوە. تۆ ئەگەر هەموو پەردەکان لە نێوان خۆت و ئەودا بتەقێنیتەوە، بۆ من خاسترە کە ئامرازی نزیکبوونەوە لە ئوردوگای دوژمن لە دەست نەدەم. بمبەرە دەرەوە لەم ژوورە، لە ژوورەکەی دیکە بێ ئەوەی چاوی پێم بکەوێت دەتوانم هەموو قسەکانتان ببیستم...

[*سیمون پاڵ بەکورسییە چەرخدارەکەی کوتون دەنێت*].

رۆبسپیێر: بەڵام سیمون، تۆ هەر لێرە بمێنەرەوە.

کوتون: چاکتر وایە...

رۆبسپیێر: من ئەوم دەوێت.

سیمون: منیش دەمەوێت لێرە بمێنمەوە. ماکسیمیلین! تا ئەو کاتەی تۆ لەم خانووە دایت،

من چاودێریت لێ دەکەم. ئەمە پێویستی سەرشانمە کە هەرگیز نەهێڵم بەتەنیایی لەتەک ئەوانەی دێن بۆ چاوپێکەوتنت بەجێت بهێڵم.

کوتون: تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام چاکتر وابوو کە دەربارەی «مارا»ش هەر ئەم کارە ئەنجام بوایە.

[*سیمون کوتون بەرەو ژوورەکەی تەنیشتەوە دەبات*].

[*دەرگاکە نیوە کراوەیە. سیمون دەگەڕێتەوە ژوورەوە و لە دەرگاکەی دیکە دەچێتە دەرەوە و دەنگی فیکەی لە پەنجەرەی سەر بەشەقام دێتە بەرگوێ*].

سیمون: هێ!... هێ! کابرا!... هاوشاری وەرە سەرەوە...

[*ڕۆبسپێر تاوێک بەتەنیا لە ژوورەوە دەمێنێتەوە؛ هەڵدەستێتە سەر پێ و لە ئاوێنەکەوە تەماشایەکی خۆی دەکات. کراوات و سەر و قژی خۆی ڕێکوپێک دەکات. سیمون دەگەڕێتەوە. ڕۆبسپێر بەتەنیشت سۆپاکەوە پاڵی داوە بەدیوارەکەوە و چاوەڕێی دەکات. فوشە بەخێرایی هەنگاو هەڵدەهێنێت، خۆی دەکاتە ژوورەوە. دوگمەکانی یەخەی مانتۆکەی - کە لەژێر باراندا تەڕ بووە - وەکو کەشیشەکان تا ئاخری بەستووە. سەرما تەنگەتاوی کردووە، ناچارە وێڕای قسەکردن، دەستی خۆی بەیەکەوە بسووێت، نەرمە نەرمە دەکۆکێت*].

فوشە: ماکسیمیلێن! داوای لێبوردنت لێ دەکەم کە کاتم گرتوویت.

بەڵام حەزم دەکرد هەرکە لە مەئموورییەتە دووروودرێژەکەم گەڕامەوە، ڕاپۆرتی ئەو کارانەی ئەنجامم داوە بەخزمەتتی بگەیەنم. بەپێویستی سەرشانی خۆمم زانی کە هەرچی زووترە بێمە خزمەتت بۆ پیرۆزبایی گووتن بەدۆست و هاوڕێیەکی کۆن و ڕێزی خۆم پێشکەش بکەم بۆ ئەو هەموو خەباتە سەختەی دژی دوژمنانی کۆمار کردووتە. بۆ کەسێکی وەک من - کە هەر لە یەکەمین هەنگاودا، پێشبینیم دەکرد کە ئەم سەرکەوتنە بەدی بهێنێت - بیرەوەرییەکی یەکجار پڕ لە شانازییە چەند ساڵە؟ لە یادت ماوە؟ پێنج ساڵە، شەش ساڵ؟... دەڵێی دوێنێ بوو... دەڵێی سەدەیەکە... شەونشینییە خۆشەکانی «ئاراس» لە «ئوراتوار»، لە «روزاتی»... «کارنو»یش بەشداری دەکردین. لە باوەڕ بەپێشکەوتن، بەزانیاری و باوەڕ بەپاشەڕۆژی مرۆڤایەتی، هەروەکو برا پێکەوە و یەک بووین. ئەو کاتانە تۆ لە نێوان هەموو ئێمەدا بەهۆی ڕاستی وتەکانت و پاکی کردارت، گوڵی سەر سەبەد بوویت و وەکو ئەلماس دەدرەوشایتەوە. ئێمە هەمیشە ستایشی پیلانە



شەریفەکانتمان دەکرد کە بۆ ئازادی و ڕۆشەنکردن ڕێگەی مرۆڤایەتی؛ گەلاڵەت دەکردن. تۆ پاڵپشتی خۆت بوویت. تۆ ڕۆژ بەڕۆژ گەورە بوویت. بەڵام هیچ نەگۆڕاوی.

ڕۆبسپێر: بەڵام تۆ هەمیشە درۆزن و خیانەتکار بوویت.

فوشە: ماکسیمیلێن...

ڕۆبسپێر: تۆ خیانەتت لە هەموو کردووە؛ لەخوا کە تۆی دروست کردووە؛ لە کەنیسە، کە زۆر خزمەتی پێ کردووی؛ بەو کەسانەی کە هەڵیانبژاردوویت و بوویتە نوێنەریان؛ بەهەموو ئەو پارت و کەسانەی کە حسابیان بۆ دەکردیت؛ بە «شا»، بەکۆمار، بەمرۆڤایەتی، خیانەتت بەهەموو کردووە.

فوشە: ماکسیمیلێن! یەعنی ئەوەندە بێ ویژدانی کە ڕێگە نادەیت بەکەسێک کە بەدڵەوە پێ لە هەڵەی خۆی دەنێت و بەڕاستی بۆی ئاشکرا بووە کە ڕاستی و دروستی لەلایەکی دیکەیە و دەیەوێت خۆی ڕاست بکاتەوە؟

ڕۆبسپێر: ڕاستی و دروستی - لە ڕوانگەی تۆوە - تەنیا بەرژەوەندی تاکی خۆتە. تۆ خۆت کردە لایەنگری شایەتی تەنیا بۆ ئەوەی لە دزێتی و جەردەیەتی و ئیمتیازەکانی «موکلانت»، لە مردوو فرۆشان و چەتە دەریاییەکان بەرگری بکەیت.

بۆ ڕۆژی دوایی، هەموویانت دا بەدەستەوە و داوای سەری «شا»ت کرد کە شەوی پێشوو سوێندت بۆ خواردبوو کە بەرگری لێ دەکەیت. ئەم کارانەت بۆیە کرد چونکە بۆت دەرکەوتبوو کە سوودت لە ئۆردووەکەی دیکە زیاترە.

تۆ ژیروندن بوویت؛ بێ گومان تا ئەو کاتەی هێز و توانایان بەلاتەوە جێی هیچ قسە و باسێک نەبوو. بۆ سبەینێ لە ئەوانیش دوورکەوتیتەوە؛ بۆ ئەوەی خۆت بخەیتە باوەشی «ئەبر»ی خوێڕی. ئەڵبەتە هەرکە زانیت ئەویش کەوتووە و لەناوچووە، زۆر بەپەلە بێزاری خۆت لەویش دەربڕی، بەدبەختانە ئەم دوو سێ ڕۆژەی کە لە پاریس بوویت، هەندێ هەواڵ بەشێوەیەکی نادروست و هەڵە و زۆر درەنگ گەیشتۆتە دەستت. بەهۆی ئەم هەواڵانە ڕووخاندن و لەناوچوونی کەسێکی دیکەت پێشبینی دەکرد، لەم ڕووەوە تا ئەو شوێنەی بۆت کرا هەوڵت دا کە ئەم ڕووداوە خەیاڵییە کە یەکێ لە ئارەزووەکانت بوو بێتە دی. بەڵام ئەم کەسە نەڕووخا و لەناو نەچوو، هەر ئێستاکە ئەو کەسە بەبێزاری و ڕقەوە بەرامبەرت وەستاوە.

فوشە: ڕۆبسپێر، ئەوانەی ڕاپۆرتیان بۆ هێناوی، درۆیان لەتەکا کردوویت و هەڵیان خەڵەتاندوویت.

ڕۆبسپێر: وادەزانی ئاگاداری ئەو هەموو خیانەت و پیلانانەت نیم کە دژی من و کوتون لە شاری لیون، لەژێر پەردەی نێوان ڕەوا دەتگێڕا، لە خوێنڕێژی و هەموو ئەو بەدکارییانەی دەتکرد دژی دۆست و نوێنەرەکانم، کە بەشێوەیەکی نامەردانە نووسینەکانیانت وەدەست دەکەوت؟ وادەزانی ئاگاداری ئەوە نیم کە دوو سەعات پێش ئەوەی بێیتە ئێرە بۆ چاوپێکەوتنم، چی هەوڵێکت دا کە کنوانسیون بشێوێنی و بەهەزار فڕوفێڵ و تەڵەکە کارێ بکەیت کە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمیتە دەری بهێنیت و ناچاریان بکەیت کە ملکەچی خۆت و «تولیت» بکەن؟ لای خۆت وات دانابوو کە دەتوانی بەهۆی ئەوەوە دژایەتی کۆمیتە بکەیت. ئەم پیلانەیشت سەرنەکەوت. ئەوسا ناچار بوویت ڕوو بکەیتە کۆمیتە؛ بۆ لای کەسێک هاتی کە چاوەڕێت لێ دەکرد کە لێت ببوورێت.

فوشە: ئەم قسانە هەموویم قبووڵە. ماکسیمیلین! تۆ زۆر چاک بۆی چوویت و خاس ڕوونت کردەوە. من لە پشت سەرتەوە دژایەتیم کردوویت. لە هێز و توانای تۆ هەرگیز دوودڵ نەبووم؛ بەڵام باوەڕم نەدەکرد بەم شێوەیە ڕێکوپێک و تەواو بێت. دەبێ لێم خۆش بیت و بمبووریت. من لە ماوەی ئەم دە مانگەوە کە لە پاریس دووربووم، هیچ جۆرە کەرەسەیەکی وەهام نەبوو کە وەکو تۆ ئاگاداری گشت ڕووداوەکان ببم و دەنگوباس وەربگرم. ئەگەر ئەو کەرەسانەم هەبوایە، بێ گومان هیچ هەنگاوێکم بێ ڕەزامەندی تۆ هەڵ نەدەهێنا.

ڕۆبسپێر: وادەزانی من دەتوانم لەو هەموو سەرپێچی و بێ ئابڕووییەی تۆ نارەحەت نەبم؟

فوشە: وابزانم تۆ ئەوەندە پیاوێکی سیاسیت و سەرت لە سیاسەت دەردەچێ کە بزانیت کەسێک کە سەرکردایەتی لەشکرێک دەکات لە شەڕێکدا، تەنیا ئامانجی ئەوەیە لەو شەڕەدا سەرکەوێت؛ واتە پێویست دەکا کە هەموو کۆشش و توانا و تەقەڵای خۆی لەوەدا تەرخان بکات کە هەموو ئەو کەسانەی کە توانای ئەوەیان هەیە کارێک بکەن کە ئەم شەڕە سەربکەوێت، بەدەوری خۆیدا کۆیان بکاتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت.

ڕۆبسپێر: هەر بەم بەڵگەیەوە تۆش هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی شۆڕش بەدناو



بکەن و لە ناوی بەرن و نابودی بکەن، هەموو دوژمنانی کۆمارت تاقی کردۆتەوە

فوشە: هەموو دوژمنانی تۆ، هەر ئێستا بۆم ڕوون بۆوە کە ئەوانە دوژمنانی کۆماریش بوون. ئیمڕۆ زۆر چاک ئەم ڕاستییەم بۆ ڕوون بۆتەوە و لەمەودوا ئەوانە هەموو دوژمنانی منیشن و بەدوژمنی خۆمیان دەزانم.

ڕۆبسپێر: کەوایە تۆ دەبێ دوژمنی خۆیشت بیت؟

فوشە: هەرچۆنێک بێت دەبێ بۆم ڕوون بکرێتەوە... ماکسیمیلین، زۆرم پێ ناخۆشە کە تۆ منت خۆش ناوێت و دڵم دەڕەنجێنی. بەڵام هەردووکمان کەسانێکین کە پێویستە بەسەر هەست و ویستی دەروونی خۆمان زاڵ بین؛ ئەقڵ وا بەپێویست دەزانێت و ئەقڵیش دەبێ لە خزمەتی سیاسەتی ڕاستیدا بێت. ئەقڵی تۆ چ شتێکی من سەرزەنشت دەکات؟ ئەگەر دەربارەی مەئمورییەتەکەم دەپرسیت، من ئامادەم بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و تەواوەتی ڕاپۆرتت بدەمێ. چ کەسێک، چ تاوانێکم پێ دەلکێنێ.

ڕۆبسپێر: من، تۆ تاوانبار دەکەم. هەموو ئەو کەسانەی بوونەتە قوربانی تۆ، هەموو ئەوانەی کە ستەمت لێ کردوون، جوێنت پێداون، تالانت کردوون، کوشتوونت، هەموویان لەتەک مندا یەک دەنگ و یەک زمانن. «شۆڕش»یش کە بێ ئابڕوو و خوێناویت کردووە، لەتەک مندا هاوارت بەسەردا دەکات. ئەو کوشتارە بێ ئەندازەیەی کردووتە، هەموو جیهانی خستۆتە ترسولەرز و هەموو ئێمەی بەدناو کردووە. تەنیا ڕقوکینە بەس نەبوو، تۆ شەرمەزاریشت خستۆتە سەر. تۆ بەهۆی ئەو هەموو ناسزایانەو گاڵتەو قسەی ناشرین و ناوە ناتۆرە و پلار تێگرتنانەی دژی مەزهەب و ئایین دەتکرد، کارێکت کرد کە بووە هۆیەک و داردەستێک بەدەست «پیت» و داروودەستەکەی بۆ پڕوپاگەندەکردن دژ بەئێمە و لەناو خەڵکدا بووینە مەسخەرە(*).

ئەو هەموو خراپییانەی تۆ بەرامبەر بەکۆمار کردووتە پێویستی بەڕوونکردنەوە نییە. دەتوانی بەو کارانەی کردووتە شانازی بەخۆتەوە بکەیت!

فوشە: ئەرێ، من بەو کارانەی کردوومە شانازی بەخۆمەوە دەکەم. من لە ماوەی ئەم دە مانگەدا هەوڵم داوە کاری چوار پێنج نوێنەر ئەنجام بدەم. من فەرمانم داوە بەچواریەکی فەرەنسە و ئەنجومەن.

کاتێک کە بۆ مەئموورییەت دەچووم، سەرانسەری خاکی فەرەنسە لەناو کلێپەی ئاگردا دەسووتا. «ژیروندن»ەکان، «لیونی»یەکان «واندن»ەکان، ئینگلیسییەکان، هەموویان پێکەوە کۆمەڵە و یانەیەکی مەرگیان پێک هێنابوو و، لەناو جەرگەی فەرەنسەدا کۆببوونەوە. من لە هەموو کەسێکی دیکە زێتر بۆ لەناوبردنیان دەستم هەبووە.

من سوپام ڕێکوپێک کرد؛ چەکەمەنی و خواردەمەنیم بۆ ئامادەکردن و پێم گەیاندن. هەزاران سەربازم نارده بەرەکانی شەڕ لە نانت، مان، کان، لیون و تولون.

من ئیشوکاری ئیدارەکان، شارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەکانی مەڵبەندم سپاردە دەست «ژاکوبن»ەکان. و بەم کارەم شۆڕشم پێش خست و بوومە هۆی سەرکەوتنی. بۆ لەناوبردنی بەرهەڵستی دوژمنان بەهەر نرخێک بووبێت، ناچاربووم گیوتن و کەرەسەی تەقینەوە «لغم» لە بەرەکانی شەڕدا بەکار بهێنم. من یاخییەکانم داوەتە بەر دەستڕێژ و گوللەبارانم کردوون.

بەڵام تۆ زۆر چاک دەزانیت کە «کولودربوا»ی هاوڕێت لە کۆمیتە هێشتا لە نیوەی کار دایە. لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە، دڵە ناسکەکەم ئازار دەدا؛ بەڵام هێشتا لەبەر خاتری ئەنجامدانی کاری پێویست، ناچارم بەردەمی ئەو دڵە لەرزۆکەم بگرم و خۆشی و بەختیاری پاشەڕۆژی هەموو خەڵکی جیهان بەنرخی کوشتن و نابووکردنی چەند کەسێک بکڕمەوە.

ڕۆبسپیێر: تەنانەت کاتێک کە جوانترین و پیرۆزترین وشە لە دەمی تۆ دێنە دەرەوە، مرۆڤ قینی لێیان دێت. ژوزف فوشە! من تۆ چاک دەناسم. سەرکەوتنی هەمو مروڤ و هەموو مروڤایەتی و پاشەڕۆژی خەڵک، چ نرخ و مانایەکی بۆ تۆ هەیە؟

ستەمکارییەکانت پێش ئەوەی کە لە دڵێکی ساردەوە بو هەڵقوڵا بێت، پیاو قێز و بێزی لێیان دێتەوە. من گورگێکی وەک «کاریە»م لەلا بەنرخترە لە تۆ. تۆ تابینە قاقات لە زەلکاو دایت و کابرایەکی دووڕوویت.

فوشە: کەوایە باش گوێ بگرە! من هەرگیز ئاوی دەمم بۆ وەڵامدانەوەی تۆ بەفیڕۆ نادەم. لە ڕاستیدا ئێستا ئەوە گرنگە کە بزانین سوودی تۆ و من لەوە دایە – ئێستا کە تۆ وا دەزانیت شۆڕش و تۆ لە یەکتر ناپچڕێن و یەکێکن ولە ڕاستیدا منیش هەر لەو باوەڕەدام – کە لە پێناو بەرژەوەندی شۆڕش هەردووکمان پێکەوە ڕێک بکەوین.

ڕۆبسپیێر: هەرگیز! مەحاڵە.



فوشە: لە سیاسەتدا وشەی «هەرگیز» نییە.

ڕۆبسپیێر: لەلای تۆ وشەی «ئەرێ» و «نەء»یش نییە. هەی بۆقلەمون! هەرکە قسە دەکەیت و دەمت دەکەیتەوە، گۆڕینی دەموچاوت بۆ هەموو ئاشکرا دەبێت.

فوشە: من سوود و بەرژەوەندی کۆمارم دەوێت.

ڕۆبسپیێر: بەرژەوەندی کۆمار لەوە دایە کە بەهیچ ڕوویەک کاری لەتەک تۆدا نەبێت. بڕۆ؛ ون بە لێم؛ بڕۆ بۆ جەهەننەم.

فوشە: کاتمان هەر دەبێت؛ کەمێکی دیکەیش ماوەم پێ بدە.

ڕۆبسپیێر: لە بینینی ئەو چروچاوە نەگبەتەت، ڕزگارم بکە.

فوشە: هیچ حەز ناکەم ڕووت ببینم، بەڵام پێویستە هەر ئێستا زۆر بەڕاستی قسەت لەتەکدا بکەم!

ڕۆبسپیێر: قسەکانی خۆتت کردووە.

فوشە: ئەوەی کە پێویستە پێت بڵێم، هیچ پەیوەندی و سەروکارێکی بەو یاساوڵەت نییە کە لێرە وێستاوە.

*[ئیشارەت دەکا بۆ سیمون دوپلە کە تا ئەو کاتە بێ دەنگ بەپێوە ڕاوەستاوە و گوێ لە قسەکانیان دەگرێت]*.

ڕۆبسپیێر: من هیچ شتێک لە هاوڕێکانم ناشارمەوە

فوشە: بەپێویستی خۆم دەزانم کە پێت بڵێم لەم بارەیەوە دەبێ کەمێک بەخۆتا بێیتەوە و دوودڵ بیت. بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری حکوومەت، زۆرجار وا پێویست دەکات کە دەستی ڕاست ئاگاداری کاری دەستی چەپ نەبێت.

ڕۆبسپیێر: گەرەکمە چەپ و ڕاستی من هەردووکیان لەو بێزارییەی بەرامبەر بەتۆ هەمە، ئاگاداربن.

فوشە: چاکم زانیوە و باش بۆی چووم، کە تۆ بۆ ئەوەی نرخی ئەم چاوپێکەوتن و میوانداریەت دوو بەرابەر بکرێت، دەتویست کە ئەم چاوپێکەوتنەمان ئاشکرا بوایە؛ هەرکە هاتمە ژوورەوە و چاوم بەکوتون نەکەوت لەلات، کە پێش من خۆی کرد بەژووردا، زۆر سەرم سووڕما. بەڵام کاتێک کە چاوم بەدەرگاکە تەنیشتتەوە کەوت کە نیوە کراوەیە، دڵنیا بووم و هەموو شتێکم بۆ ڕوون بۆوە. تۆ لە باوەش خێزانێک دایت. زۆر سوپاسی ئەم میوانداریەت دەکەم. خاسە، ئێستا کە خۆت

وات پێ خۆشە، من لەتەک ڕۆبسپێر و خێزانەکەی قسە دەکەم.

ڕۆبسپێر: خێزانێک، ئەرێ... گیانێکی مردووی وەک گیانی تۆ، هەرگیز نابێتە خاوەنی ئەوە.

فوشە: ماکسیملین! تۆ هەڵە دەکەیت. من زۆر هەژارم [ئیشارەت بۆ جلەکانی خۆی دەکات] بەڵام لەم بارەیەوە زۆر لە تۆ دەوڵەمەندترم. من منداڵێکم هەیە... با واز لەم قسانە بێنین. لەم بارەیەوە من و تۆ هیچ قسەیەکمان پێکەوە نییە. بچینەوە سەر ئەسڵی باسەکەمان. ڕۆبسپێر، زۆر پێویست ناکات، پێت ڕابگەیەنم کە دوژمنێکی یەکجار زۆر دەوروپشتیان گرتوویت. ئەوانە لە هەموو شوێنێکدا هەن، تەنانەت ڕەخنەیان کردۆتە ناو دۆستەکانیشت. تۆ کارێکت کردووە ئەنجومەن بێ دەنگ بێت و ورتە نەکات؛ بەڵام لە من خاستر دەزانیت کە لە پشت پەردەی ئەم بێ دەنگییە کوشندەیە، دەستی ترس و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە خۆی حەشارداوە. هێز و توانات لە کۆمیتەدا کەم دەبێتەوە. سەرکەوتنەکانت بۆتە هۆی ئەوەی دوژمنانی ناوخۆ و هەندەرانت هەڕەشەت لێ بکەن. من دەربارەی تۆ، زۆر پرسیارم کردووە. لە ماوەی ئەم بیست و چوار سەعاتە کە لە پاریسم، لە کاتی بێ خەوی شەو و بێ قەراری و نائارامی ڕۆژدا، هەموو هێزەکانم هێناوەتە بەرچاوم و خستوومنەتە تای تەرازوو و سووک و سەنگینم کردوون و ئەستێرەی بەختی هەموو کەسەکانم بەتاکی دیوە و تەنیا تۆم هەڵبژاردووە کە دەتوانی سەروسامانێک بەم بەرەڵاییە بدەیت و کۆمار ڕزگار بکەیت. حەز دەکەیت و ئارەزووتە کە ئەم کارانە بکەیت و لە تواناتدا هەیە کە بەئەنجامی بگەیەنیت. من ئامادەم بۆ ئەم کارانە هاوکاریت لەتەکدا بکەم و یارمەتیت بدەم.

ڕۆبسپێر: تۆ بۆ یارمەتیدانی خۆت، کارت یەکجار زۆرە.

فوشە: ڕۆبسپێر! من فرە زەبوون و بێ دەسەڵاتم؛ بەڵام ئەگەر نەتبیستووە دەڵێن کە کۆتر – ئەگەر ڕێگەم بدەیت پێت بڵێم کۆتر – لە کاتی تەنگانەدا چاو لە یارمەتی مێروولەیش ناپۆشێت.

ڕۆبسپێر: کاتێک کە تۆ بۆ ئیشوکاری سیاسەت، لەو شتانەی کە فرە قینم لێیەتی و لێی بێزارم و تا پاککردنەوەی کوڕ لێیان، هەمیشە هەر ڕقم لێیانە؛ واتە سوود وەرگرتنی ناڕەوا لە «ترور»م پێ پێشنیار دەکەیت؛ چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت کە دەربارەی یارمەتی و هاوکاری لەتەک مندا قسە بکەیت.



فوشە: با کای کۆن بەبا نەکەین! لەوانەیە دووچاری هەڵە بووبم. بەڵام تا توانام هەبووە کارم کردووە. ئەو کارانەی کردوومە لەوانەیە لە کاتی خۆیدا پێویست بووبن، دەزانم ئێستا ئیدی پێویست نین. لێبوردن و ڕاوەستان و خۆڕاگرتنت کارێکی باشە. لەنێو گێژەڵۆکەدا، پێچاندنەوەی یەرکەنە[١١]کانی پاپۆڕ، کارێکی ئاسایی نییە. لە سەفەرێکی دوورودرێژ بەسەر دەریادا بوونی منداڵی کاپیتانی کەشتی لەناو دەست و پێوەندی کەشتییەکەدا زەرەری نییە. تکات لێ دەکەم کارێکم پێ بسپێرە و بمکەرە کارمەندی خۆت.

ڕۆبسپێر: بۆچی؟ بۆ ئەوەی دووبارە دەست بکەیتەوە بەخراپەکاری؟ هەموو هەڵەکان سیاسەتەکەت دادگایی بکەیت؟ سزای هەموو ئەوانەی هاوبەشی خیانەتەکانت بوون، ڕەقیبە شوومەکانت – واتە «کاریە، فرەرون، باراس، تالین»ەکان – بدەیت.

فوشە: بۆچی نەء؟ من لەم بارەیەوە هەرگیز گێلانە ڕێز لە هیچ کەسێک ناگرم. هەرکە دڵنیابووم لەوەی ڕێبازی سیاسەتی تۆ خاس و دروستە و کاتی ڕاکێشانی لغاو هاتووە، ئامادەم، ئەو کارانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت، بیکەم. من کەسێک نیم کە زوو بکشێمە دواوە، دار بییەک نیم بەهەموو بایەک بچەمێمەوە؛ ئەمەم سەلماندووە. ئەگەر ئەو شتانە دەبنە هۆی کشاندنەوەم مەنتقی بن، سوود لە باشترینیان وەردەگرم.

ڕۆبسپێر: یەهودا[١٢]! تۆ هەمیشە خەریکی خۆداگرتنی لە بۆسەدا بۆ ئەوەی شتێک یاخود کەسێک بدەیتە دەستەوە و تەسلیمی بکەیت...

فوشە: ڕۆبسپێر! تۆ هەمیشە بەبێ زەوقییەوە وشەکانی ئینجیل بۆ نموونە دەهێنیتەوە. منیش شارەزاییم لە بارەی کتێبە پیرۆزە کۆنەکانەوە هەیە؛ بەهۆی پێویستی کارەکەم، لەوانەیە لەتۆ پتر شارەزا بم. ئەو کتێبانە بۆ ئەو کەسانە سوودمەندن کە تەنیا توانای ژیانێکی بێ هەوڵ و تەقەلاّ و کارکردنیان هەیە؛ بەڵام ئێمە ئەم جوان پەرستەیەمان فرێداوە و دوورمان خستۆتەوە و پێویستە کتێبی ئازمودە هەمیشە لەژێر سەرماندا بێت؛ تەنانەت ئەگەر بۆ چەند جاریش تەئید نەبووبێت، لە کاتی کاردا، مەرج نییە کە کورتترین ڕێگە لە نێوان دوو خاڵدا هەمیشە هێڵێکی ڕاست بێت.

تۆ لە هەموو کەس خاستر دەزانیت، ئەو کارانەی لە پێناوی خەڵکدا ئەنجام دەدرێت، هەمیشە یەکسان و یەک ڕەوش نییە. پێویستە هەندێ جار خەباتی

چەکدارانە بکرێت؛ جارێکی دی بەنەرمی و بێ خوێنڕشتن خەبات بکرێت. پێویستە بەهەمەجۆرە شێوازی خەباتی جۆراوجۆر وا لە دوژمن بکرێت کە وەڕس ببێت. بڕیارە تایبەتی و گرنگەکان، بەنرخ و سوودمەندن؛ بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتی. پاش ئەوە، ئەو بڕیارانەش حاڵەتێکی ئاسایی بەخۆیانەوە دەگرن و ئیدی بەکەڵک نامێنن. دووبارە خەڵکی – هەروەکو جاران بێباکانە بەرەنگاری ئەو بڕیارانە دەبنەوە. مونتانی و مارە پێکەوە ئیستراتیژییەکی خاسیان هەبوو. وابزانم بێ ئەوەی خۆم هەڵ بکێشم – لەم بارەیەوە – دەتوانم ببمە هاوکاری مامۆستایەکی وەک تۆ.

ڕۆبسپیێر: مامۆستاکانی تۆ لە جێگەیەکی دیکەن.

فوشە: لە کوێن؟

ڕۆبسپیێر: لەناو گۆڕن؛ دانتۆن و ئەبر، بڕۆ بۆ لای ئەوان.

فوشە: هێشتا نەمردووم. ئەگەر بیانویستایە بمخەنە ژێر خاک، کەسانی دیکەم پێش خۆم دەخستە ناو چاڵەوە. ڕۆبسپیێر! هەڵە مەکە؛ ئەگەر بمکەیتە دۆستی خۆت، زۆر سوودم لێ وەردەگریت.

ڕۆبسپیێر: دوژمنایەتی کردنت مەترسی کەمترە.

فوشە: [*لە کاتێکدا بەرەو دەرگا دەڕوات*]

دەیبینیت...! ڕۆبسپیێر زۆر بەداخەوەم. لووت بەرزیت هەمیشە نوقتەی زوعفت بووە و هەر ئەمەیش دەبێتە هۆی لەناوچوون و نابوودیت... خوات لەگەڵ بێت! سەرنەکەوتین! بۆ من زۆر خراپ بوو؛ بەڵام بۆ تۆ زۆر زۆر خراپتر دەبێت.

*[فوشە لە دەرگای لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە]* [*]

*[کوتون لە کاتێکدا کە دوپلەی بچووک پاڵ بەکورسییەکەیەوە دەنێت، دووبارە لە دەرگای چەپەوە دێتە ژوورەوە].*

ڕۆبسپیێر: حەیوان!

کوتون: نەدەبوایە هەموو پردەکانت بتەقاندایەوە، کاتێک کەسێک هەموو پردەکانی

(*) لەم پەردەیەدا فوشە هەرگیز دەنگی بەرز ناکاتەوە؛ بەپێچەوانەی ڕۆبسپیێر کە دەستی خستۆتە پشتییەوە، ناو بەناو تووڕە دەبێت و بەدەنگی بەرز قسە دەکات.



تەقاندەوە – تۆ ئەم کارەت کرد – دەبێ گورج وردوخاشت بکردایە و لەناوت ببردایە.

ڕۆبسپیێر: ئەم کارە دەکەم.

کوتون: بەڵام، ئایا دەتوانی ئەم کارە بکەیت؟ بەرگری کۆمیتەت دی؟

ڕۆبسپیێر: دەتوانم.

کوتون: ماکسیمیلین! وا خاستربوو کە ئێستا نەتبزوواندایە، ئەو زۆر ژیر و لەسەرخۆ بوو، کە هەڵنەچوو. ئێستا – کە ئەم ناخۆشییە ڕووی داوە – پێویستە ئێمە دەست پێشخەر بین.

ڕۆبسپیێر: ئەو خۆی دەشارێتەوە.

کوتون: ئەم کارە بێ مەترسی نییە؛ حەیوانی بۆگەن، دەتوانێ لەغەم[١٣] لەژێر زەویدا هەڵ بکەنێت و زۆر بەشارەزاییەوە خۆی بگەیەنێتە هەموو ئاژەڵەکان.

ڕۆبسپیێر: خۆی و لایەنگرەکانی، هەموویان دەگرم.

*[لوبا لە دەرگای لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە].*

لوبا: هاوڕێیان! سڵاو.

کوتون: سڵاو، لوبا

ڕۆبسپیێر بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە خۆشەویستی دەستی لوبا دەگرێت.

لوبا: هەر ئێستا کە دەهاتم، لە سەر جادە چاوم بەژوزف فوشە کەوت، کە دەستی خستبووە ناو دەستی کاریە.

ڕۆبسپیێر: هیچ هەلی لە دەست نەداوە.

کوتون: چاوت لێیە، شەڕ دەستی پێ کردووە.

لوبا: کاریە تەماشای هەموو لایەکی دەکرد و ورد دەبۆوە. بیر و خەیاڵی لای خۆی نەبوو؛ تەماشای دەکردم بەڵام لەوە دەچوو کە نامبینێت. نازانم فوشە دەربارەی چی قسەی بۆ دەکرد وڕێ کردبوو.

ڕۆبسپیێر: تاوێک لەمەوبەر، سەری کاریەی پێشکەشم دەکرد.

کوتون: وابزانم ئێستا خەریکە سەری تۆ پێشکەش بەکاریە دەکات.

لوبا: ئێوە کارێکی چاکتان نەکردووە کە ئەم هەموو والییانەی لێیان تۆراون، لە پاریس کۆکردۆتەوە.

ڕۆبسپێر: ئێمە ناچار بووین، دەبوایە لەشی بریندارى شارەکانمان – کە ئەم زالووە خوێنمژانە خوێنیان مژیون – ڕزگار بکەین.

لوبا: ئەگەر ناتوانن لەتەک ئەمانەدا ئاشت ببنەوە و – من حەز دەکەم کە ئەم کارە بکەن – وا خاسترە کە هەرچی زووتر و خێرا ڕێیان لێ بگرن، با لەوە زێتر زەرەروزیان نەگەیەنن.

ڕۆبسپێر: ئەوان توانیویانە، کە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەن ڕابکێشن بۆ لای خۆیان. ئێمە جگە لە دادپەروەرێتی شۆڕش، هیچ شتێکی دیکەمان بەدەستەوە نییە و بۆ ئەوەی بتوانین دەستیان بەسەردا بگرین، بەکارهێنانی ڕەوش و کەرەسەی ئاسایی بەس نییە.

کوتون: ئێمە دەتوانین کەرەسەی دیکە بەدەست بێنین.

ڕۆبسپێر: نابێ ئێمە پێ لە سنووری یاسا بەولاوە درێژ بکەینەوە.

کوتون: یاسا لەلایەن ئێمەوە دەردەچێت، چۆن دەتوانین لە سنووری ئەو تێپەڕین. ئێمە یاسایەک دادەنێین کە بۆ دەوڵەت پێویستە.

لوبا: خۆتان بەقسەی پووچ و بێ کەڵک خەریک مەکەن. ئەگەر پیلانێکتان هەیە، خێرا بکەن، خێرا بکەن! پێش ئەوە دوژمن بەخۆیدا بێت و کاتی جموجۆڵ پەیدا بکات، بەهۆی یاساوە یا بێ یاسا لەناویانبەرن.

ڕۆبسپێر: ئەم قسانە لە دەمی تۆ دێتە دەرەوە، کە پیاوێکی یاسازانی. بۆ هەموو کارێک مووت لە ماست دەردەهێنا؛ زۆر بەزیرەک و دانام دەزانییت!

لوبا: من لە ئۆردوگادا، لەتەک سن ژوست ئەمە فێرم بووم، کە تەنیا یاسایەک، یاسای سەرکەوتنە بەهەر نرخێک بێت ئێمە ناچاربووین لە هەر چرکەیەکدا بێ چوون و چرا بڕیاری کوتوپڕ بدەین. لەوێ دەکرا باسی یاسا بکرێت. بەڵام لە پاشدا هەروەک سیسرون کە «کاتیلینا»ی خنکاند، دەمانتوانی بێژین: «سوێند دەخۆم کە نیشتمانم ڕزگار کردووە».

ڕۆبسپێر: ئێوە نیشتمانتان ڕزگار کردووە؛ بەڵام ئەم مەترسییە هەیە کە ئەوانەی نیشتمانیان ڕزگار کردووە، ڕۆژێ لە ڕۆژان ببنە مەترسییەکی گەورە و کۆسپێک بۆ کۆمار.



کوتون: ئەمە چارەنووسی هەموو شۆڕشێکە کە دەبێ ئاگادار بێت کە ئەو شێوە جۆراوجۆرانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هۆیەکی پێویست بوون بۆ بەرگریکردن لە ئازادی، بەهۆی کەمتەرخەمییەوە نەبێتە هۆیەک بۆ کوتان و لەناوبردنی شۆڕش.

ڕۆبسپێر: ئێستاکە بارودۆخی توندڕەوەکانی ئێمە – والییە تروریستەکانی شارەکانمان – بەتەواوەتی بەم شێوەیەیە.

کوتون: بەڵام لە تاکەی دیکەی تەرازوو، تەماشا دەکەین «ستیرا»کان و لایەنگرانی شا، ڕەنگ و ڕەوشتی خۆیان گۆڕیوە؛ کەمترین مەترسییان لێ ناکرێت. ماکسیمیلین! ئێمە بۆ ئەوەی هەردوو باڵەکان – واتە توندڕەوەکان و میانڕەوەکان – بهێنینە ژێر ڕکێفی خۆمان، پێویستە هەرچی زووتر و بێ وچان والییەکان چەک بکەین و ڕووتیان بکەینەوە لە هەموو هێز و توانایەکیان و بەچەکەکانی خۆیان خۆمان پڕ چەک بکەین و سوودی لێ وەربگرین و سەرکردایەتی ئەم ڕاپەڕینە یەکسانییە بگرینە دەست و شۆڕشێکی بێ هاوتا و ڕاستەقینە بهێنینە کایە.

ڕۆبسپێر: من لە تۆ زێتر حەز بەم کارە دەکەم، ئێوە هەموو ئاگادار و ئاشنای بیروڕای منن. من هەمیشە بیرم لای خەڵک، بۆ خەڵک و دژی ئەو چینە هەلپەرست و سەوداگەر و خوێنمژانەی شۆڕشە هەروەها بیرم کردۆتەوە لەو بۆرژوازییانەی – کە هەرسێکمان لەو چینەین، – شانازی پێوە ناکەم! – لە ڕاستیدا هەروەکو ڕۆسۆ دەڵێت: «ئازادی خۆی تەنیا داردەستەیەکی بێ بەرهەڵست و دڵنیای بوونە خاوەنداریەتییەتی»، بۆرژوازی بۆ ئەوەی خەڵکی بخاتە ژێر باری ستەم و هەر لە بێشکەدا ساوای پێشکەوتنەکانی شۆڕش بخنکێنێت، دەست بەهەمەجۆرە کارێک دەدات.

ئەم هەموو مەترسییە ناوخۆییانە، لە سەرچاوەی خۆپەرستی و تێر نەبوونی ئەم بۆرژوازییانە ئاو دەخواتەوە. ئێمە ئەو شتانەی کە چاوەڕێ و مەترسییان لێ دەکرا لەدوا سەرکەوتنە دڕندانەییەکەیان لە مارسەی، بوردو و لیسوندا، بەچاوی خۆمان دیمان. ئەگەر خەڵکی لە ڕۆژی ٣١ی مانگی مەی ڕانەپەڕینایە، بێ گومان لە پاریسیش سەردەکەوتن.

پێویستە لەسەرمان، ڕاپەڕین و ژیلەمۆی شۆڕشی خەڵکی ببووژێنینەوە. نابێ هیچ شتێک پەیوەندی ئێمە و خەڵکی بپچڕێنێ.

منیش بەئەندازەی ئێوە و سن ژوست ، ئاگاداری پێویستی بوونی سیاسەتێکی

چینایەتی هەم کە تیایا ماڵ و موڵکی دەوڵەمەند و ماڵدارەکان لە پێناوی بێ دەرامەتەکان زەوت بکرێت. ناوەرۆکی ئەحکامی وانتوز «شەشەمین مانگی کۆمار»یش هەر وایە؛ بەڵام بۆ بەدیهێنان و پیادەکردنی ئەم ئەحکامانە، پێویستە زۆر لەسەرخۆ و ئاگاهانە کار بکەین. تا ئەو کاتەی هێشتا داگیرکەرانی بێگانە خاکی نیشتمانمان پێشێل دەکەن، پێویستە زۆر هوشیار بین. ماڵدار و ماڵگرەکان دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە؛ ئازووقە و خواردەمەنی سوپا بەدەست ئەوانە. بۆ بەرەنگاریکردنی دوژمنی ناوخۆ، پێویستە لوبا لەتەک تۆ و سن ژوست و سوپا دلێرەکەمان، دوژمنانمان تا ئەودیوی سنوور ڕاوبنێین و دەریان بکەین!

کوتون: بەڵام لێرە و لەوێ جگە لە کاری زەرەرمەند دەتوانین چی بکەین! وێڕای ئەو هەموو چاوپۆشین و کارانەی دەیکەین، هیچ شتێک نییە کە ئێمە لەتەک ئەم خەڵکە – کە تێناگەن – یەک بخات.

ڕۆبسپێر: ئەگەر پەنا بەرینە بەر پاکترین هەستی ئەم خەڵکە، ئەو سەرچاوە پیرۆزەی کە لایەنگرانی ئەبر پیسیان کردووە، خەڵکی ئامادەن بۆ هەموو فیداکاری و لەخۆ بووردنێک.

پێش هەموو شتێک، گرنگترین پێویستی سەرشانمان ئەوەیە کە باوەڕی ڕەوشت و باوەڕی ئاینی سروشتی ڕاستەقینە کە هێز و توانا بەگیان دەبەخشێت و دەیبزووێنێ تا هاورێ لەتەک باوەڕ بەنەمر بوونی، بەناو ئاو و ئاگردا تێپەڕێت و کڵپەی ئاگری ئەم باوەڕە لەناخ و دەروون و دڵی ملیۆنەها فەرەنسەیی خۆش بکەین.

کوتون: بێ گومان ئەم کارە بێ سوود نییە؛ بەڵام لەوانەیە گرنگتر و پێویستتر لەمە ئەوە بێت کە هەرچی زووتر، داخواز و پێویستییە مادییەکانیان بۆ بەدی بهێنین.

ڕۆبسپێر: نەء، کوتون! پێویستە ئەم پرسیارە بخەینە بەرچاومان کە خەڵکی چییان دەوێت و بەچی زێتر دڵخۆش دەبن. قارەمانێتی زیاتر، بێ بەشی زۆرتر خەڵکی وەکو خۆمان، خاوەنی ئاکاری بەرزن. بەهیچ جۆرێک حەز ناکەن ئەم مەسەلانەمان لێ دریغی بکەن. ئەوان زیاتر ڕێز لەو فەرماندانە دەگرن کە داوایان لێ دەکەن خۆیان لە پێناوی بیروباوەڕەکەیاندا فیدا بکەن. بەمەرجێک کە ئەو فەرماندانە خۆشیان لەتەکیان دابن و گیانی فیداکارییان هەبێت و خۆیان بەخت بکەن.

لوبا: لەم بارەوە من وەکو تۆ نیم و، باوەڕ بەمە ناکەم. ئەگەر من و سن ژوست – چەندین



جار لەناو ئاگری شەڕدا– ئەو دەستە و کۆمەڵانەی لەناو سوپادا بوون و ڕێگەی هەڵهاتن و پاشەکشێ کردنیان بۆ خۆیان ئامادە کردبوو ڕێگەمان پێ بدانایە، تەنیا خۆمان و چەند کەسێکی فرە کەم لەنێو شەڕدا دەماینەوە. هەستی خۆبەختکردن لەنێو خەڵکدا فرە نییە.

بەڵام ماکسیملین! من نامەوێت لەم بارەوە لەتەک تۆدا بکەومە باسکردن. ئەمە لە گەورەیی و بیری بەرزی خۆتە کە بەم چەشنە بیر دەکەیتەوە؛ چونکە تۆ هەمیشە ئامادەیت گیانی خۆت لە پێناوی خەڵکدا فیدا بکەیت و هەرگیز لەم ڕووەوە ڕاڕا و دوودڵ نەبوویت. خاسە، ئەگەر دەتوانیت و لە تواناتدا هەیە، کڵپەی ئاگری بوونی خودای مەزنا لەناو خەڵکدا خۆش بکەرەوە. بەڵام سیاسەتی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی تۆ هەرچییەک بێت – کە من ڕێگە بەخۆم نادەم دەربارەی ئەوانە وتوێژت لەتەکدا بکەم – پێویستە ئاشتبوونەوە لەتەک هەموو ئەو پارتییانەی لایەنگری شۆڕشن، ڕەچاو بکەیت بەرەی دوژمن فرە بەرین و فراوانە، تەنیا یەک پارتی ناتوانێت بەرەنگاریان بوەستێت. ئەو پارتە تاکە هەرچەندە بەهێزیش بێت، بەڵام هەر محدودتر دەبێت. تکا دەکەم «بەرە» فراوانتر بکەن.

ڕۆبسپێر: منیش حەز دەکەم و دەمەوێت وا بێت. دەستی یارمەتی بۆ هەموو پیاوە بەشەرەفەکانی گشت پارتییەکان درێژ دەکەم. بەڵام لەتەک خراپکاران و ئەوانەی شۆڕشیان پیس و بەدناو کردووە – لەتەک کاربە و فوشە – هەرگیز هاوکاری ناکەم و ئاشتبوونەوەیەکم نییە لەتەکیاندا!

لوبا: لەم بارەیەوە زۆر بەداخەوەم، ئەوانە خزمەتیان بەکۆمار کردووە، ئێستاکەیش هەر دەتوانن خزمەتی پێ بکەن و سوودمەند بن بۆی.

ڕۆبسپێر: ئەگەر وا بیر دەکەیتەوە، لەوانەیە کوشتنی «ئەبر و دانتون»یش بەکارێکی ناشرین و ناشایست بژمێریت؟

لوبا: بۆ ئەو کارە بەداخم. لەگەڵ ئەوەی کە بەڵگە هەبوو کە دەبوایە ئەو پیاوانە سووک بکرانایە و هیچ متمانەیەکیان پێ نەکرایە، بەڵام لەوانەیە لەبەر بەرژەوەندی کۆمار و بەرگریکردن و ڕزگارکردنی و یەکێتی ڕیزەکانی نێوخۆمان، چاویان لێ بپۆشرایە. بەهۆی ئەو ڕووداو و لێدانانەی بەسەر شۆڕشدا هاتووە، ڕیزەکانی لە یەکتری پچڕاون. ئەنجامدانی پێویستەکان بێ کۆشش و زەحمەتی فراوان ناکرێت. ئەگەر

توانام هەبوایە، فەرمانم دەدا هەموو خەباتکەرانی «١٠ی ئوت» تەبەڕوک بکرانایە.

کوتون: خەیاڵ پلاوە! لەگەڵ ئەمانەیشدا، تۆ و سن ژوست چاک دەزانن ئەگەر دارودەستەی «ئەبر و ڕونسن»مان بەو گورجوگۆڵییە لەناو نەبردبایە، ئەوان ئێمەیان لەناو دەبرد. کودەتایەکی نیزامی لە ئارادا بوو. ئێمە پیلانەکەمان لە بێشکەدا خنکاند.

لوبا: ئەمە بەدبەختی هەموو شۆڕشەکانە کە ڕۆڵەکانی خۆی یەک بەدوای یەک لەناو دەبات، نابودیان دەکات! با لەمە زێتر تەشەنە بەم کارە نەدەین! با بێبەزەییانە بەهەموو توانایەکمانەوە هەرچی پیلان هەیە لەناویان بەرین! کارێک بکەین بەهیچ جۆرێک ئەوانەی لەتەک ئێمەدا نین، نەچنە ناو ڕیزی بەرەی پیلانگێڕەکان. با بۆ دواجار پێشنیاری ئاشتبوونەوە بدەین بەوالییە دەرکراوەکان.

ڕۆبسپێر: نەء! من بەرپرسیاری گیان و پازگری[١٤] سەلامەتی ڕەوشتی خەڵکم و بەرگری لێ دەکەم.

کوتون: [*ئیشارەت بەلوبا دەکات*].

لەمە زێتر باسکردن بێ سوودە. جگە لەمە، ئیدی بۆ گرێدانەوەی پەتی دۆستایەتی و یەکێتی زۆر درەنگە. دووروویی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە ئیتر زۆر زەحمەتە بتوانین چارەسەری بکەین؛ کارێکە و ڕووی داوە. پێویستی سەرشانمانە هەرچی زووتر بکەوینە کار و جموجۆڵ. جگە لە چاکترکردنی کەرەسەی کار، چیدیمان لە دەست نایەت. ئەوا دەڕۆم لەسەر ئەحکام کار بکەم و خۆمی پێوە خەریک بکەم.

ڕۆبسپێر: پێویستییەکی پڕ لە داخ و ئەسەفبارە. لوبا! وا مەزانە کە من خەفەت بەم بارودۆخە ناخۆم. تەنیا ئارەزووم ئەوەیە لەم بارە ڕزگارمان بێت. کەی دەتوانین ئەم کوشت و کوشتارە ڕابگرین؟

کوتون: پێویستە کوشتن بەکوشتن لەناوبەرین.

کوتون [*لە حاڵەتێکدا کە سیمون دوپلە پاڵ بەکورسییەکەیەوە دەنێت، دەچێتە دەرەوە. ڕۆبسپێر و لوبا بەتەنیا دەمێننەوە*].

ڕۆبسپێر: هاوڕێکەم! پەکەر و عاجزیت. ئایا گلەیی و سەرزەنشتمان دەکەیت؟

لوبا: نەء؛ لەوە ناڕەحەت نیم کە بەناوی ڕزگاری خەڵک، چاو لە یاسا دەپۆشرێت و ژێر



پێ دەخرێت. لەم بارەوە هەروەکو کوتون بیر دەکەمەوە؛ یاسا دروستکراوی دەستی مرۆڤە، دایدەڕێژن و لەپاشدا تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن. کاتێ کە شۆڕشێک لە ئارادایە، یاساش لەتەک ئەودا لە گۆڕاندا دەبێت و ئێستا کاتی ئەوە نییە کە یاسا نەگۆڕ بێت. دەست تێوەردانی – کاتێک کە سیمای نیزامێکی نوێمان بۆ ئەهێنێتە کایە – کفر نییە.

من دەربارەی ئەوەی کە بڕیارت داوە پەیوەندی لەتەک توندڕەوەکاندا بپچڕێنی، هیچ باسێک ناکەم. تۆ هەموو پیلانەکانیان بەڕوونی و ئاشکرایی دەبینی، هەرگیز حەز ناکەم دڵم بۆ چارەنووسی ئەم قوربانییانە بسووتێت. زێتر لە بیرکردنەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەم کە لەوانەیە دژ بەتۆ بیکەن و ئازارت پێ بگەیەنن ڕۆبسپێر ئایا دەتوانم باسی شتێکت بۆ بکەم کە زۆر لەمێژە ئازارم دەدات و دڵی تەزاندووم؟

منێک کە بەچاوی خۆم دەبینم دادگای شۆڕش، بێ تاوانەکانیش لەتەک تاوانبارە درندەکان، بەسواری گالێسکەوە بەرەو ئێعدامکردن دەنێرێ. ئەم وشەیەت پێ ناخۆشە؟ خەڵکی نەزان و بێ ئاگا، زیندەوەرانێکی لاواز و بێ زیان، ژنان، منداڵان.... ماکسیملین، ئایا ڕێگەیان پێ دەدەیت سبەینێ بڕیاری ئێعدامکردنی لوسیل دمولن دەربکەن؟

ڕۆبسپێر: [لەکاتێکدا کە هەردوو دەستی شل بووە و دەموچاوی تێکچووە] تکا دەکەم دەربارەی شتێک کە ئازارم دەدات، لەتەک مندا مەدوێ و باسی مەکە. ئافرەتە بەسەزمانەکە! وادەزانی، حەزم نەدەکرد کە ڕزگاری بکەم.

لوبا: زۆر سەیرە! گەرەکتە و ناتوانیت؟ بەلایەنی کەمەوە بڵێ، بێژە کە دەتەوێت.

ڕۆبسپێر: وادەزانیت ئەگەر بمتوانییایە «دمولن»م ڕزگار نەدەکرد؟ و لە پێش ئەویشدا مێردەکەم ڕزگار نەدەکرد؟ لوبا، من ئەو دووانەم لە یەکتری مارە کرد، منداڵەکەیانم کردە باوەش. من لەو کەسانە نیم کە ڕابوردوویان لەبیر دەچێتەوە. بەلەناوبردنی ئەو، خۆیشم لەناوچووم. بەڵام تۆ ئەو شتەی کە خەڵکی دیکە دەیبینن، نابینیت. ئایا نازانیت ئەم کارە ویستی خەڵکی دیکە بوو؟

لوبا: کەسانی دیکە کێن؟

ڕۆبسپێر: هاوکارەکانمان لە کۆمیتە، بەرەو بۆسە ڕایاندەکێشام. زۆر چاک دەیانزانی کە لە چی لایەکەوە لاوازین. من تەنیا بەهۆی ئەوەی ڕێگەم دەدان چەنەبازی و

وڕێنەکانی خۆیان بێ هیچ پەردەیەک و بیر لێکردنەوەیەک، بکەن و، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە هەموو پیلانەکانیان کە دژی من دەیانکرد، ئاشکرا ببێت و هەر بەم هۆیەوە توانیم ڕازیان بکەم حوکم بدەن بەسەر ئەبر و ڕونسندا. من بێ سستکردنەوەی متمانە و باوەڕی خەڵکی دڵ پەرێشان، بەو هەموو خیانەتە یەک بەدوای یەکەدا کە بەئێمەیان هەبوو و بۆ کۆمار پێویستە، نەمدەتوانی لەم بارەیەوە بەهیچ جیاوازییەک ڕازی بم ئەو متمانەیەی کە ئەو کەسانەی چاوی بینینی ئێمەیان نییە و هەوڵ دەدەن بەهۆی بەدگومانی میانەڕەوەکان لەسەرخۆ و پلە بەپلە لەناوی بەرن.

لوبا: دەزانم؛ ئەمە سزای تاوانی زمان بەڕەڵایی کەسێکی وەکو دمولن و سزای زیانێکە کە بێ هیچ گومانێک، فیزە بریندارکراویەکەی دەیگەیاند. کەسانێکی وەک ئێمە ناچار دەبن کە گیانی خۆیان لە دەست بدەن لە پێناوی ئەو هەڵە و کردارانەی ئەوان کە بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە ئەنجامیان دەدا؛ بەڵام ئایا خاستر نەبوو کە لەم خەباتە سەرسەختە خوێناوییەدا ئافرەتمان بکشاندایە دواوە؟

ڕۆبسپیێر: ئافرەتەکان جێگەی خۆیان بەهۆی خەنجەری شارلوت کۆردای[١٥] کردۆتەوە.

لوبا: هەرگیز لوسیل، پاڵەوانانە ئیلهامی لەو وەرنەگرتووە.

ڕۆبسپیێر: «نینا، دێوانەی ئەوین...» خۆت خاس دەزانیت کە ئەو بۆتە یەخسیری پیلانەکان.

لوبا: پیلانگێڕی بەدبەخت! ئەو جگە لە ڕزگاربوون لە نائومێدییەکانی خۆی، بیری لە هیچی دیکە نەدەکردەوە.

ڕۆبسپیێر: ئەگەر توانای هەبوایە، جەرگ و دڵی هەمووومانی دەردەهێنا. ئەمە دەزانم و دڵم بۆی دەسووتێت. بەڵام هیچم لە دەست نایەت بۆی بکەم. ئەو بۆتە قۆچی قوربانی پیاوکوژەکان.

لوبا: بەڵکو ئەم داوە لەلایەن داوبازێک تەنرابێتەوە.

ڕۆبسپیێر: لەوانەیە. بەڵام ئەو ئیدی کەوتۆتە ناو داوەکە. ڕزگارکردن و دەرهێنانەوەی کارێکی مەحاڵە. ئەگەر بەئاشکرا پاڵپشتی و بەرگری لێ بکەم، ئەوانی دیکە هەموویان بۆ لەناوبردنی زێتر هەوڵ دەدەن. ئەوان بەم دووڕووییەیان، لە پاشەڕۆژدا ئەم هەموو حوکمە نامرۆڤایەتییانەیان دەخەنە سەر ئەستۆ و ملی من. هەر ئەوەندە بەسە کە دەربارەی هش - تۆ ئەو خاس دەناسیت - کە زۆر خۆ بەدڵسۆزی من



دادەنێت، کەمێک بەخاسی ناوبەرم، تا زۆربەی ئەندامانی کۆمیتە ڕقوکینەیان لێ بێتەوە. بێ گومان لەوانەیە تەنانەت «سن ژوست»یش لەتەک ئەواندا هاودەنگ بێت.

لوبا: لە ڕاستیدا هش فرە لووتبەرز و سەرکێشە و لەم بارەیەوە جگە لە کایەکردن بەخوێنی خۆی هیچی دیکەی لێ ناوەشێتەوە.

ڕۆبسپیێر: ڕاستە؛ خوێن گەرمێتییەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە هەستی لاوێتی ببزوێنێ. کۆمار ئەوەندە ژەنەڕاڵی خاس و بەتوانای نییە کە بتوانێت لەم یەکەیشیان چاو بپۆشێت و بێ بەش بێت... گرنگ نییە، من ئەم هەموو ڕەنج و ناخۆشییە تەحەمول دەکەم کە ئەو بەتاوانی دروستکردنی گاردی پرتورین ببێتە قۆچی قوربانی. تۆیش فرە دۆستایەتی خۆت لەتەک مندا ئاشکرا مەکە؛ چونکە دەبیتە جێگەی بەدگومانی لای ئەوان.

لوبا: بۆچی پەیوەندی خۆت ناپچڕێنی لەتەک ئەو کەسانەی چاوی بینینی تۆیان نییە و بەدناوت دەکەن؟

ڕۆبسپیێر: هێشتا زۆر زووە؛ شۆڕش پێویستی بەیەکێتی ئێمە هەیە. هەر ئێستاکە خۆت بۆ ئێمەت باس دەکرد.

تۆ خاس دەزانیت بۆ بەدەیهێنانی ئەم یەکێتییە - تەنانەت لەتەک کەسانێک کە بەڕواڵەت لە ڕاستترین و خۆڕاگرترین لایەنگرانی کۆمار دەژمێرێن - لەتەک ئەو هەموو ڕقوکینەیەم لێیان - پەیوەندیم هەیە، لەم ڕێیەدا دەبێ چی بدەین و چی بەخت بکەین.

من خۆم بەبەرپرسیار دادەنێم لە هەموو کارەکانی کۆمیتە؛ بەگوێرەی ئەو ئەرکەی کە هەمە، ناچارم هەموو ئەو کارانەی بێ ئەوەی بەرپەچیان بدەمەوە، بخەمە ئەستۆی خۆم. خۆزیام بەو ڕۆژانەی بەتەنیا باڵ بەرامبەر ئەنجومەن - کە هەموو ئەندامەکانی دوژمنم بوون - ڕادەوێستام. ئیمڕۆ لەگەڵ ئەوە کە هێز و توانام هەیە، هێشتا هەر تەنیام و ئازادییەکەیشم تەنگتر بۆتەوە...

[*لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە، لەودیوی دیوارەکەوە، لەلای چەپەوە، دەنگی ناسکی ژنانە و پێکەنینیان دەهات. لوبا خەیاڵی لای خۆی نییە و گوێ ڕادەگرێ. ڕۆبسپیێر پێدەکەنێت*]

ڕۆبسپیێر: لەوە دەچێت ئیدی تۆ گوێت لە قسەکانی من نییە. بێ گومان ئەو قسانە

لەودیوی دیوارەکەوە دەبیبستیت، زێتر سەرنج ڕادەکێشێت.

لوبا: [*بەشەرمەوە*]

ماکسیمیلێن! ببوورە.

ڕۆبسپێر: [*بەڕوویەکی خۆشەوە*]

داوای لێبووردن مەکە. ژنە جوانەکەت لەوێیە و لەتەک خوشکەکەی خۆی و خوشکی تۆ خەریکی قسەکردن و پێکەنینن. ئەو بۆیەکا بەدەنگی بەرز قسان دەکات بۆ ئەوەی تۆ گوێت لێی بێت و سەرنجت ڕابکێشێت. بێ قەراری چاوپێکەوتننە. ئێمە ناچار بووین کە ئێوە لە یەکدی دوور بخەینەوە. ئێستایش لەوانەیە ناچار بین کە مانگی داهاتوو دووبارە بتنێرینەوە بۆ ناو ئەرتەش. هەرکە تووشی گرفتاری دەبیت لە کانگەی دڵتەوە وەکو تاوانبارێک سەرزەنشتم دەکەیت.

مەڵێ نەء! من خۆیشم خۆم سەرزەنشت دەکەم.

خاسە دەی، با بڕۆین بۆ لای ئەو کیژە خۆشەویستانە.

[*دەچنە دەرەوە*]

**[پەردە دادەدرێتەوە]**

[لە هەمان کاتدا پەردەکە بەرز دەبێتەوە].



## تابلۆی شەشەم

شوێن: [*ژووری کچەکانی دوپلە، لەوسەری حەوشە، نهۆمی یەکەم، پەنجەرەیەک ڕوو بەباخی دێر دەکرێتەوە.*

*سێ دەستە خوشک: ئەلنور، ئەلیزابت و، هانریت (خوشکی لوبا)*].

ئەلنور: [*ڕوو دەکاتە ئەلیزابت*]

لێرە دابنیشە. [*لەسەر کورسییەک لە نزیک پەنجەرەکەوە دایدەنیشێنێ*].

دەبێ فرە ماندوو بووبیت. بەم حاڵەتەی هەتە، لە لوکزامبورک تا گەڕەکی سنت – ئونورە، بۆ ئەم قاچقولە نازەنینانەت، ڕێگەیەکی دووروودرێژە.

ئەلیزابت: ئەرێ، ئەم ناکەسەش لەناو زگما قورس بووە. پێش ئەوەی بگەمە ئێرە، ناچار بووم قاچەکانم بەدوای خۆمدا ڕابکێشم. بەڵام خاس بوو خۆم دابوو بەسەر قۆڵی «هانریت»ەوە.

هانریت: درۆ دەکات؛ ئەو منیشی لە تەک خۆیدا ڕادەکێشا. من فرە بەخێرایی نەدەڕۆشتم.

ئەلنور: پەلەی چیت بوو؟ بۆچی ڕات دەکرد؟

هانریت: پەلەی بوو ڕای دەکرد تا دووبارە پەلەوەرە جوانەکەی ببینێتەوە!

ئەلنور: شووەکەی؟ خۆ ئەو لێرە نییە.

ئەلیزابت: [*دەموچاوی گرژ دەبێت و بەپێکەنینەوە*] درۆ دەکەن! بەمنی وتبوو کە دێتە ئێرە... یانەکا هەڵی خەڵەتاندم...

ئەلنور: هاتووە و ڕۆیشتووە.

ئەلیزابت: [*بەپەژارییەوە*]

نەء!... بەڵێنی دابوو پێم کە چاوەڕێم بکات.

ئەلنور: دەگەڕێتەوە. نەیدەزانی وا زوو دێیت. تەنیا بۆ شێو چاوەڕێت بوون.

هانریت: هەرکە فیلیپ بەجێی هێشت، کەوتە دووی و بەم کارەی زۆر ناڕەحەت بووم.

ئەلنور: شەرم ناکەیت و داناڕزێیت، بەم شێوەیە بەدوای پیاوێکدا ڕا دەکەیت؟
ئەلیزابت: شەرم ناکەم. ئەو هی منە.
هانریت: ئایا لەبەرئەمە، سەرزەنشتی ناکەن؟
ئەلیزابت: بێ گومان لەبەر خاتری من، سەرزەنشتی دەکەن.
هانریت: کێ؟
ئەلیزابت: هەموو ئەندامانی کۆمیتە، سوپا و زێتر و خراپتر لە هەمووان، ماکسیملین. ئەوان چەندین حەوتە و مانگ بەزۆرەملێ لە منی جودا دەکەنەوە و هەرکە دێتەوە ئێرە، وا بیر دەکەمەوە کە ئیدی هی منە و دەستم کەوتۆتەوە؛ بەڵام ناهێڵن تەنیا یەک ڕۆژ پێکەوە بین و لە باوەشی بکەم. لە ئاکامدا دەیرفێنم و بەجۆرێک دەیشارمەوە کە هەرگیز نەتوانن بیدۆزنەوە.
هانریت: لەم کردارانەی فرە شەرمەندەم؛ چەند ڕووداری!
ئەلیزابت: ئۆها! بۆ تۆی نەشمیل و نازەنین نەهاتووە کە ئاوا بچووکم بکەیت و قسەم پێ بڵێیت؛ ئەگینا ناچارم بڵێم بۆچی ئێوە هەردووکتان وا بەپەلە و بەخێرایی هاتوونەتە ئێرە و تۆیش بەهیوای ئەوەوە هاتوویت کە ئەو لێرە بێت و چاوت پێی بکەوێت!
هانریت: ئەلیزابت، ڕێگەت پێ نادەم کە...!
ئەلیزابت: [*ڕوو دەکاتە ئەلنور*].
ئەگەر «سن ژوست»ە جوان خاسەکە لای ڕۆبسپێر نییە؟
ئەلنور: چەند ڕۆژێکە چاویان پێی نەکەوتووە؛ تکام لێ کردوویت کە هەرگیز باسی نەکەیت و ناوی نەهێنیت.
ئەلیزابت: خۆ من لە تەک تۆدا قسەم نەکردووە!...
[*ڕوو دەکاتە ئەلنور*] ئەم دوو دێوانەیە پانزە ڕۆژێکە پێکەوە قسەیان نییە و عاجزبوون لە یەکتر.
هانریت: ڕاست نییە! بۆت نییە خۆت هەڵقورتێنیتە ناو ئیشوکاری من. جگە لەمەیش هەموو شتێک تەواو بووە؛ هەرگیز هیچ شتێک لە نێوان من و ئەودا نەبووە.
ئەلیزابت: قسەکانت یەکتری بەدرۆ دەخەنەوە، ئەگەر هەرگیز هیچ شتێک لە نێوانتاندا



نەبووە، ئەی ئێمرۆ چۆن هەموو شتێک تەواو بووە؟ لەلایەکی دیکە هیچ شتێک تەواو نەبووە و تۆ هێشتا هەر خۆشت دەوێت، ئەویش تۆی خۆش دەوێ؛ ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ، ئەرێ!
هانریت: نەء، نەء! ئەو هەرگیز منی خۆش نەویستووە؛ منیش ئیدی خۆشم ناوێت. هەموو شتێک تەواو بووە [*دەست دەکات بەگریان*].
ئەلنور: ئەوە دەگریت... [باوەشی پیادا دەکات] خاسە، ئازیزەکەم! هەموو شتێک چاک دەبێتەوە.
هانریت: نەء! هیچ کارێک ناکرێت. من نامەوێت... ئیدی ناگریم... بۆچی ئەوە ئازارم دەدات؟
[*ئیشارەت دەکاتە ئەلیزابت*].
ئەلیزابت: بەڵام دڵەکەم، من مەبەستم ئازاردانت نەبوو، باوەڕم نەدەکرد کە قسەکانم ئەوەندە بەڕاستی بگریتە دڵ؛ شۆخیم دەکرد.
هانریت: تۆ خۆت بەختیاریت؛ تاوێکیش بیر لەو کەسانە بکەرەوە کە بەختەوەر نین.
ئەلیزابت: بەڵام تۆ بەختەوەر دەبیت! حەزم دەکرد کە بەختیار بیت... ئۆها! ئەرێ، زۆرخۆشە، دەزانم کە خۆشبەختم... من یەک شتم لە ئێوە زێترە؛ ئەویش ئەوەیە کە خۆپەسەند و لووت بەرز نیم. خۆشبەختم؛ خاسە. حەز دەکەم و هیوادارم کە ئێوەش بەختەوەر بن. هەر بەختەوەریش دەبن. ئەوساکە چەندە خۆش دەبێت، سێ هاوڕێ لوبا، سن ژوست و ماکسیمیلین سێ برا و سێ خوشک. من کە خوشکی بچووکم، ئێستاکێ لە ئێوە پێشترم، چونکە من دەست پێشخەریم کردووە، ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن؟ خێرا بکەن؛ درەنگە. بەدوای مندا ئێوەیش دەست پێ بکەن.
ئەلنور: تۆ منداڵێکی بێ تامی. یەکەمین کەس هەمیشە ڕەچە دەشکێنێ... ئێمەش ئەگەر شیاوی بین، بەختەوەر دەبین!
ئەلیزابت: یانی چی؟ من، شایانی ئەوە نیم؟
[*لەپڕ شێوە قسەکردنەکەی دەگۆڕێت*] ئاها! نەء، بێ گومان! من شیاوی ئەوە نەبووم؛ ئێوە لەم بارەیەوە پتر لە من شیاوی بوون.
ئەلنور: هیچ کەس شیاوی بەختەوەری نییە. بەختیاری بەهرەیەکە، ئینسان کاتێک دەستی کەوت، بەرێزە. بەهیچ جۆرێک ناکرێت کە لە تەک شتێکی دیکە بگۆڕێتەوە. جگە

لەوەی بلێیی «سوپاست دەکەم» کارێکی دیکە ناکرێت.

ئەلیزابت: من هەموو ڕۆژێک ئەم وشەیەم لەسەر وێردی زمانە.

هانریت: [*بەپێکەنینەوە*].

وە هەموو شەوێکیش

ئەلیزابت: نەء! بەشەو کاتی ئەوەم نییە.

ئەلنور: پەردەی حەیای دڕاوە ئەوێک کە ئەوەندە شەرمن بوو، بەقسەیەک یا بەتەماشایەک شەرم دای دەگرت و سوور دەبۆوە؛ ئیدی بەهیچ جۆرێک من ئیمانم پێی نەماوە. بەتەواوەتی خوشکەکەمیان گۆڕیوە و لە خشتەیان بردووە.

ئەلیزابت: بۆچی، چیم وتووە؟ خۆ من شتێکی وام نەگوتووە... [*ڕوو دەکاتە هانریت*] ئەو برا ناکەسەت وای لێ کردووم.

هانریت: ئەم مەسەلەیە بەڕۆبسپێر ئێژین.

ئەلیزابت: ئۆها! نەء! تکا دەکەم!... تۆ ئەم کارە ناکەیت. ئەو بەشێوەیەک سووک و ڕیسوام دەکات، کە ئەمتوێنێتەوە.

ئەلنور: ئەو خاس دەزانێت کە تۆ دێوانەیت.

ئەلیزابت: ئەو زۆر ژیرە؛ ناتوانێت ئەم شێتییە تێ بگات.

ئەلنور: بۆچی؟ ماکسیمیلین زۆرچاک تێ دەگات. ئەو لەم شێتییەتییەت دەبوورێت و هەر چۆن من ئەم دێوانەتییەم خۆش دەوێ، ئەویش حەزی پێ دەکات. خاس دەزانین کە هەموو شتێکی ئینسانی پاک، پاکە...

ئەلیزابت: ئێوە فرە خاسن. ئەو هەمیشە لە تەک مندا خاس بووە؛ بەڵام هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت؛ من زۆرم خۆش دەوێت، بەڵام هەرگیز دڵنیا نیم کە ئەو بەتەواوەتی منی خۆش بوێت. بەشبەحاڵی خۆم زۆر شانازی پێوە دەکەم کە تۆ دەزگیرانی ئەویت... شانازی بەئەویش [*ئیشارەت بەهانریت دەکات*] دەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنی خۆشەویستەکەی.

هانریت: [*بەپاڕانەوە*]

ئەلیزابت تکا دەکەم ئیدی لەم بارەیەوە قسە مەکە.

ئەلیزابت: من بەشبەحاڵی خۆم زۆر خۆشحاڵم کە لویای خۆمم دەست کەوتووە. لەوانەیە



ئەو بەئەندازەی خۆشەویستەکانی ئێوە گەورە و پلەوپایەی بەرز نەبێت؛ بەڵام من لە تەک ئەودا بەختەوەرم، بەڕەئی خۆم ئەو زۆر زۆرباشە. شەرمێ ناکەم. فرە هەست بەخۆشی و ئاسوودەیی دەکەم. نەء، هەرگیز لە تەک خۆشەویستەکانی ئێوە نایگۆڕمەوە.

ئەلنور: بەڵام کەس ئەوانی پێشکەش بەتۆ نەکردووە. ڕوودار! ئێمە ئەوان ڕادەگرین. هانریت! قسە بکە؛ شتێک بڵێ.

هانریت: بەداخەوە! من هیچ شتێکم لە دەست نایە.

ئەلنور: خاسە، خاسە، لە چی دەترسیت؟ چی شتێک ئازارت دەدات؟ ئەمە وەکو پەڵە هەورێکە کە بەئاسمانی هەموو ئەویندارێک تێدەپەڕێت و دەڕوات.

ئەلیزابت: ئایا ئەو بەرچاو تەنگە یا تۆ؟

هانریت: نەء، مەسەلەکە زۆر لەمە قووڵترە.

ئەلیزابت: بەڵام لە دونیادا هیچ مەسەلەیەک لەمە قووڵتر نییە.

ئەلنور: ئازیزەکەم! قسە بکە؛ دەردەدڵی خۆت بۆ دەستە خوشکەکانت باس بکە.

هانریت: عاجزم کردووە. دەمزانی کە سن ژوست چەندە بەدبینە. سەرزەنشتی ناکەم. بەم جۆرە زێتر خۆشم دەوێت. حەز دەکەم کە لووت بەرز بێت و جموجۆڵی هەبێت. زۆر بێ پەردە و ڕەپ و ڕاست دەربارەی سیاسەتەکەی و بیروباوەڕی لەتەکیا قسەم کرد. سەرزەنشتم کرد.

ئەلنور: ئاها! چلۆن توانیت ئەم کارە بکەیت؟ سزادار نییە بۆ ئێمە دەست بخەینە ناو ئیشوکاری هاوڕێکانمان. پێویستە چاوەڕێ بین کە ئەوان خۆیان ڕەئی ئێمە لەم بارەیەوە بپرسن؛ تەنانەت باوکم و ڕۆبسپێر، بەهۆی ئەو ڕێزەی کە بۆ یەکدی هەیانە و باوەڕیان بەسەربەخۆیی یەکدی لە کارەکانیاندا هەیە، هەرگیز پرسیار لە یەکتر ناکەن کە لە دادگا و کۆمیتە چی ڕوودەدات و چی دەکەن. من هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم کە پرسیار لە ماکسیمیلین بکەم، کە لە کاروباری سیاسیدا چی دەکات و چی ناکات.

ئەلیزابت: باشترین کاری ئێمە ئەوەیە کە وازبهێنین فیلیپ سەرگەرمی کاری ڕامیاری بێت.

هانریت: بەڵام من لە کانگەی دڵمەوە حەز بەم کارە دەکەم. ناتوانم ئەم ڕەوشە پەسەند

بکەم. کەسێکم خۆش بوێت و لە ئیشوکاری ژیانی ئاگادار نەبم. لێرەدا مەسەلەی نهێنی دەوڵەت لە ئارادا نییە. تەنانەت ئەگەریش هەبێت، نهێنییەکانی ئەوان، نهێنی ئێمەیشە. لەم بارەیەوە هەقمە. چۆن دەتوانم چاو بپۆشم لەو هەموو شتە پڕ لە زوڵم و خەفەتەی بەسەر خۆشەویستەکەم دیت بەهۆی کاری ڕامیاری. هەروەها بەسەر ئەو کەسانەی کە ئێوەیش – ئەلنور و ئەلیزابت – خۆشتان دەوێت؟

ئەلیزابت: کام شتە پڕ لە زوڵم و خەفەتانە؟

هانریت: ئایا ئاگادار نیت لەو هەموو حوکمە بێ ڕەحمانەی کە چەندین مانگە یەک بەدوای یەکدا دەردەچێت؟

ئەلیزابت: [*بەلاسارییەوە*]

نە، ئاگادار نیم...

هانریت: بەڵێنیان پێ دەداین کە لە پاش کوشتنی خائنەکانی ژیروەند ئەبر، شا، دانتون، دمولن، ئیدی شمشێری دادپەروەری دەخەنەوە ناو کێلانەکەی. فەرەنسە ئازاد دەبێت و هەوای ئازادی هەڵدەمژین. لەو ڕۆژەوە بەدواوە، هەر ڕۆژ لە ڕۆژی پێشوو خوێناویتر دەبێت؛ قوربانی پتر بووە، بەتایبەتی ژن و منداڵ. هەمیشە بەرامبەر ئەم پەنجەرەیە هاتوچۆیەکی بێ پایان لە ئارادایە.

ئەلیزابت: [*هەر بەو حاڵەوە*]

چی، بەرامبەر ئەم پەنجەرانە؟

هانریت: ئەو گالێسکانەی کە بەسەر جادەکە تێدەپەڕن نابینیت؟

ئەلیزابت: [*هەر بەو حاڵەتەوە*]

نەء، نەء من هیچ شتێک نابینم؛ هیچم نەدیوە.

ئەلنور: باوکمان لە ڕێی خوادا، ڕێگەمان نادات چاومان بەو بەدبەختانە بکەوێت، کاتێک کە لێرەوە تێپەڕ دەبن دەرگای پەنجەرەکان دادەخات.

هانریت: بەڵام ئێوە ناتوانن دەرگای دڵتان دابخەن. دڵتان ناهێڵێت کە ئێوە بێ ئاگا بن لەو بێچارانەی کە بەسواری گالیسکەکان بەرەو مەرگ دەچن و ئێوە خاس دەزانن کە کەسەکانی ئێمە بەرپرسیاری ئەم کارانەن.

ئەلیزابت: [*بەلاسارییەوە*]

من هیچ نازانم، نامەوێت هیچ بزانم.



هانریت: بە ئەلنور

«ڕۆبسپیێر»ی تۆ و «سن ژوست»ی من، پێکەوە خەریکی دارشتنی یاسا و دەستوورن بۆ لێدانی ئەو بێچارانە. «لوبا»ی تۆ و کۆمیتەی ئاسایش دەیانگرن و حەپسیان دەکەن. باوکە خاسەکەشتان لە دادگای شۆڕشدا ئەو بێچارانە حوکم دەدات.

ئەلیزابت: ئەمە ڕاست نییە.

[*بەدەست هەردوو گوێی خۆی دەگرێت*]

ئەلنور: ئەوان ئەو ئەرکە سەختەی سەرشانیان ئەنجام دەدەن. هانریت تۆ زۆر خاس دەزانیت کە ئەمە مایەی خۆشی نییە. زۆرجار پێی دەزانم – بۆ ئەوەی کوڵ نەدەم – ڕەنج و ناخۆشی ماکسیمیلین دەشارێتەوە. بەڵام من ڕێگە بەخۆم نادەم وەکو تۆ هەموو ئەو نارەحەتی و خورپەی دڵم بگەیەنمە ئەو کەسەی کە خۆشم گەرەکە و باری دەرد و ئازار و ناخۆشییەکەی قورستر بکەم.

هانریت: ئایا ئەگەر پەشۆکاوی بکەین، مانای ئەوەیە کە بەزەییمان پیادا دێتەوە؟

ئەلنور: ئەوان بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان – کە بەناچارێتی لە پێناوی ڕزگارکردنی کۆمار، دادگەرێتی پێشێل دەکات – هێز و خەڵکی پێویستیان نییە. ئێمە نابێ لەمە زێتر لە هێز و توانایان کەم بکەینەوە و لاوازیان بکەین.

هانریت: من نامەوێت بێ هێزتری بکەم! حەز دەکەم کە «سن ژوست»ی من – هەروەکو ناوە جوانەکەی – لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێک گیانی مرۆڤایەتی پتر لە گیانیدا نەشونما دەکات، دادپەروەر بێت؛ نەک ستەمگەر و بێ دادگەر.

ئەلنور: ئایا وا دەزانیت کە ئەم کەڵە پیاوانە پێویستیان بەوە هەیە کە فێری مرۆڤایەتییان بکەین. ئەو مرۆڤایەتییە بەدبەختەی کە مل بۆ ئەم هەموو ڕەنج و ناخۆشییە شۆڕ دەکەن لە پێناوی ئازادکردنی ئەو مرۆڤایەتییە پڕ لە شانازییەی پاشەڕۆژ، کە هەموو خۆشی و بەختەوەری خۆیان لە پێناویدا فیدا کردووە و لەوانەیە کە ژیانیشیان لە پێناویدا بەخت بکەن؟ بڕۆ! چاکتر وابوو کە دڵخۆشییان بدەیتەوە و، بەخۆشەویستییەوە، ئارامش و باوەڕێک کە لە دڵەوە ئاواتەخوازن کە لە ئێمەوە دەستیان بکەوێت، بۆیان بڕەخسێنین. بێ گومان ئەم پیاوە لووت بەرز و گەورانە هەوڵ دەدەن کە هیلاکی و ماندوویەتی و دەرد و چەڵەمە و ناخۆشی خۆیان،

تەنانەت دوودڵییەکانیشیان لە ئێمە بشارنەوە...

هانریت: بەڕاست باوەڕ دەکەیت؟ تەنانەت «سن ژوست »ی من! ئەوەندە دڵڕەقە؟

ئەلنور: ئەو هەروەکو زۆربەی زۆری لاوان بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، وا خۆی پێشان دەدات کە زۆر دڵڕەقە. ئایا لە ناو قووڵاییی چاویدا تراژیدی نابینێت؟

هانریت: [*پەشۆکاوە*]

ئەرێ، دەیبینم. چۆن دەتوانم نەیبینم؟ ئەمە منم کە لە تەکیا دڵڕەق بووم. دەبوایە باشتر بمناسیبایە.

ئەلیزابت: «فیلیپ»ی من هەرگیز هیچ شتێکم لێ ناشارێتەوە. هەموو شتێکم بۆ باس دەکات و هەرچی قسەیەکی هەیە بۆ منی دەکات. زۆر خاس دەزانم جگە لە خاسێتی هیچ شتێکی دیکە لە زاتیدا نییە. هەرگیز نامەوێت کە ناڕەحەتی بکەم.

هانریت: [*هەر بەو جۆرە*]

ئەرێ، من ناڕەحەتی دەکەم. من خۆشەویستەکەم و هاوڕێکەم ناڕەحەت دەکەم. بەڵام سزاکەیم وەرگرتووە؛ چونکە ئیدی لە دەستم دەرچووە.

ئەلنور: دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ لات.

هانریت: نەء، ئەو لێبووردنی نییە؛ خاسی دەناسم. باوەڕم پێی نەبووە. نەمدەویست کە کوێرانە دوا بکەوم. ئەوە ئەمانە لە کەسێک کە دەیەوێ بێتە هاوسەری، پەسەند ناکات.

بێ هوودە خۆشم ویستووە. بێ هوودە لە دوورییەکەی ناڕەحەت بووم؛ ئەو شتەی کە ئیمڕۆ لە منی دەوێت، ناتوانم...

ئەلنور: ئێوە هەردووکتان هەروەک جووتێ منداڵی کەللە شەق وان کە لاساری دەکەن. بەڵام زۆر دڵنیام کە بەم شێوەیە زێتر یەکترتان خۆش دەوێت. خاسە، شێتە گەورەکان لاساری بکەن! ڕۆژێک دێت کە ئەو جێ برینانەی کە لە یەکترتان کردووە، ماچ بکەن.

[*ڕۆبسپیێر و لوبا دێنە ژوورەوە ئەلیزابت لەپڕ چاوی پێیان دەکەوێت و هاوارێکی پڕ لە خۆشی لە دەمی دێتە دەر و خۆی دەخاتە باوەشی لوباوە*]

ڕۆبسپیێر: [*بەپێکەنینەوە بەئەلیزابت دەڵێ*]



نەشمیلە بچکۆڵە! ئەوەتا ئەوم بۆ هێناویت. هەرکە گوێی لە دەنگە ناسکەکەتان بوو، ئیدی هێز و توانای لێ بڕا و هەموو هەستی لای ئێوە بوو و هیچ کارێکی پێ نەدەکرا. ئەوا دووبارە دەیگێڕینەوە لای خۆتان. نە، بۆ ماوەیەک دەیدەینەوە بەئێوە.

ئەلیزابت: [*لە باوەشی لوبا دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی پێشان بدات*] بۆ ماوەیەک! ئەو هی منە؛ ئەوسا بۆ ماوەیەک پێم دەدەنەوە. ئاه، دزەکان! جەردەکان!

ئەلنور: [*دەبۆڵێنێ*]

بێ تەربیەت!

ئەلیزابت: پێویستە لەسەریان کە ڕێز لە مافی من بگرن.

ڕۆبسپیێر: «ئەو منداڵانە ئێژن کە ئەم سەگە هی منە...»

ئەلیزابت: بێ گومان! ئەمە سەگی خۆمە، ناتاندەمێ.

هانریت: بێ تام.

ڕۆبسپیێر: ئەمە بەشێتی، بۆیە خۆشمان دەوێت.

هانریت: ئەڵبەتە، ئەو شانسی هەیە. هەقێتی. بەدبەخت و بێ شانسەکان گوناهبارن.

ڕۆبسپیێر: [*بەشێوەیەکی خۆشەویستانە*]

هاوڕێ چکۆڵەکەم! نابێ دوودڵ بن لە شانسی خۆتان.

هانریت: ئێوە چەندە خاسن!... بەڵام ئایا دەزانیت؟...

ڕۆبسپیێر: دەزانم دڵی ئەویش هەروەکو دڵی تۆ ڕاستگۆیە. من دڵنیام.

هانریت: [*ڕادەپەڕێت*]

سوپاست دەکەم!...

[*زۆر بەپەلە دادەنوشتێتەوە و دەستی ڕۆبسپیێر پێش ئەوەی بتوانێت لای بەرێ، ماچ دەکات*]

ڕۆبسپیێر: [*ڕوو دەکاتە ئەلنور و دەچێتە لای، زەردەخەنەیەکی پڕ لە خۆشەویستی دەکەوێتە سەر لێوی هەردووکیان، هەردوو دەستی دەخاتە نێو دەستەکانی خۆیەوە*].

با لەم شەوە جوانەی سەرەتای وەرزی بەهار تاوێک پێکەوە بەخۆشی بەرینە سەر. ژوورێکی پڕ لە خۆشی! هەر جار کە دێمە ئێرە، دەڵێی لە ناو بێشەیەکی پڕ لە ئارامشدا دەگەڕێم. ئەم باخە گەورانەی دێر و ئەم درەختانەی کە بەسەر هەر

لقێکییەوە دەیان پەلەوەری جۆراوجۆر بەسەریانا نیشتوونەتەوە، جگە لە پاشماوەی خەونێکی شپرزە چی دی نییە. شاری ستەمگەر و گێرمەکێشی سەر جادەکان. ئێوە ئەلنور و ئەلیزابت چونکە هەموو ڕۆژگاری خۆتان لەم شوێنەدا بردۆتە سەر، لە لایەن ئاسمانەوە تەبەڕوک کراون.

ئەلنور: بەڵێ؛ ئەم دیمەنە ئارامە، هەر لە منداڵییەوە لەبەرچاومان دایە. ئینسان کاتێک لێرە دایە وادەزانێت کە سەد فەرسەخ لە پاریسەوە دوورە.

ئەلیزابت: من ئیدی نایەتەوە یادم، دەڵێی خەون بوو!

لوبا: زۆر بڵێیی!

ئەلنور: نەء، ئەو پێویستی بەکەسێک نەبوو کایەی لە تەکدا بکات. ئەلیزابت تەنیا قسەی دەکرد. منیش تەنیا گوێم ڕادەگرت و گوێم نەدەگرت. ئەو بەتەنهایی هەروەکو قەفەسێکی پڕ لە باڵندە بوو. بێ ئەوەی وچانێک بدات بەڕۆژ هەر خەریکی فیکەکێشان بوو.

لوبا: ئێستا ئیدی ڕاهاتووم لە تەکیا.

ئەلیزابت: [*بەعاجزییەوە*]

ئایا نارازیت لێی؟

ئەلنور: [*بەتوانجەوە*]

تۆیش ناچار دەبیت فێر بیت و وەکو من بکەیت... گوێی نەدەیتێ... خاس دەکرێ...

ئەلیزابت: ناکەس، ناکەس!... بۆ ئەوە سزاتان بدەم، ئیدی لەمەودوا هیچ قسە ناکەم.

ڕۆبسپێر: نە، تکایە هاوڕێ چکۆڵەکەم؛ من حەزم لە دەنگتە دەنگت بریتییە لە بەشێک لەم دیمەنە. چاکتر وایە لە تەک بولبولەکان و چۆلەکەکان – کە بۆ ڕێزلێگرتن لە سروەی بەیان، ئاواز دەخوێنن – تۆش ئاواز بخوێنیت و بچریکێنی.

ئەلیزابت: [*ڕوو دەکاتە لوبا*]

تۆیش لە تەکما دەخوێنی...

*[لوبا لە پشت «کلاوسن»ەکەدا دادەنیشێت، ئەلیزابت پارچەیەک لە شیعری ژان ژاک دەخوێنێت. هانریت پاڵی داوە بە «کلاوسن»ەکە و دەڕوانێتە براکەی.*

*ڕۆبسپێر لە نزیک پەنجەرەکەوە دانشتووە. ئەلنور لە پشت سەرییەوە وەستاوە، دەستی خستۆتە سەر شانییەوە، کەمێکیش نوشتاوەتەوە. یەکەمین پارچەی ئاوازەکە تەواو*



*دەبێت. لە نیوەی پارچەی دووهەمدا دەرگا دەکرێتەوە، سیمون دوپلە دێتە ژوورەوە]*

سیمون دوپلە: ماکسیملین بمبوورە! هەواڵێکی پەلەم هەبوو.

ئەلیزابت: ئەوەندە پەلە و گرنگە کە نەتوانی تا کۆتایی ئەم ئاوازە چاوەڕێ بکەیت؟

سیمون: یەکێ لە نوێنەرەکان کارێکی گرنگی پێت هەیە. گەرەکتە بیهێنمە ژوورەوە؟

ڕۆبسپێر: نەء، ڕێگە نادەم سیاسەت بێتە ناو ئەم جێگە پیرۆزە سیمون؛ من خۆم دێم. هاوڕێیان ببوورن! ئاوازەکەتان دەست پێ بکەنەوە!

[*لە تەک سیموندا دەچنە دەرەوە*]

ئەلیزابت: ئیدی حەز ناکەم تەواوی بکەم.

هانریت: چەندە خۆشە کە لە نێوماندا بوو.

ئەلنور: چەند کەم هەلی وا ڕوو دەدات! هەرگیز ناهێڵن کەمێک پشوو بدات. لەگەڵ ئەوەدا فرە پێویستی بەکەمێک پشوودان هەیە. بۆ تەندروستی ئەو دڵم زۆر لە مەراقدایە.

لوبا: کە لە سامبر و موز گەڕامەوە، وام هاتە بەرچاو کە زۆر گۆڕاوە.

ئەلنور: دەبوایە لە سەرەتای مانگی فوریە لە خەستەخانە بخەوتایە. هەموومان فرە لە مەراقداین بۆی.

لوبا: هێز و تواناکەی، بەپێوە ڕای گرتووە.

ئەلنور: دەبوایە سێ مانگی تەواو پشووی بدایە. ئێمە زۆر هەوڵمان دا تا توانیمان بەزۆرەملێ تەنیا مانگێک ئیستراحەتی بۆ برەخسێنین.

لوبا: نەماندەتوانی چاوی لێ بپۆشین و بێ ئەو هیچ کارێک نەدەکرا.

ئەلنور: ئەگەر کەوت و توانای نەما، ئەوساکە چی دەکەن؟

لوبا: تا ئەو کاتەی کە بۆ کۆمار پێویست بێت، بەسەر پێوەیە و ناکەوێت.

هانریت: ئاه، کەواتە هەرگیز ناکەوێت؛ چونکە هەمیشە پێویستییان پێی هەیە.

ئەلنور: [*بەسوپاسەوە*]

هانریت گیان! ئوه! ئەگەر بمانتوانیبایە، کەمێک لەو بارە قورسەی بەسەر شانییەوەیە، هەڵبگرین.

هانریت: ئەمە لە بەدبەختی ئێمە دەستەی ژنانە کە زۆر کەم دەتوانین یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کە خۆشمان دەوێن.

لوبا: زۆر کار هەیە کە ئێوە دەتوانن و لە تواناتاندا هەیە کە بیکەن. هەموو کارێکتان لە دەست دێت. ئێوە نازانن خۆشەویستی و ئەوینی ئێوە چی هێز و توانایەک دەخاتە ناو دڵی پیاوێک کە زەحمەت دەکێشێت. کاتێک کە هیلاک و ماندووین، کارێکی یەکجار زۆرمان بەسەردایە و لە ژیان وەڕس دەبین، ژن چەند دەتوانێت سوودمەند بێت و ئارامان بکاتەوە.

ئەلیزابت: خاس دەزانم؛ تۆ بارێکی زۆرت بەسەر شانەوەیە؛ منیش تۆم بەسەر شانەوەیە.

لوبا: ئای شەیتانی بچکۆڵە.

ئەلیزابت: شپرزە، [*بەشەرمەوە و لە هەمان کاتدا بەپێکەنینەوە*]

نە، من ئەم قسەیەم نەکرد...

لوبا: حاشای لێ دەکەیت؟

ئەلیزابت: نە، هەرگیز نە!... بەڵام بێ چاوڕوو، بلێ بزانم، ئەگەر من نەبوومایە، تۆ چیت دەکرد و دەبوویت بەچی؟

لوبا: ئاه، هەرگیز هیچ شتێک خراپتر لە ئاشنا نەبوون لەتەک تۆدا نییە.

ئەلیزابت: [*سەری سووڕماوە، لە پاشدا بەتووڕەییەوە*]

ئاه، خاسە، ئەمە تەنیا قسەیەکی دڵخۆشکەرەوەی ڕووتە.

لوبا: لە هەموو شتێک خراپتر ئەوەیە ئینسان بیر لەوە بکاتەوە، کە دەتوانێ دوای ئەوەی لە تەک تۆدا ئاشنا بوو، بێ تۆ بژی و لەوانەیە ڕۆژێک تۆی لە دەست دەربچێت.

ئەلیزابت: بەڵام هەرگیز بیر لەوە مەکەرەوە! ڕێگەت پێ نادەم بیری لێ بکەیتەوە. ئەم کارەت ئێستاکێ بێ هوودەیە. من هەمیشە لە تەک تۆدام و لێت جودا نابمەوە و پێتەوە دەلکێم.

[*دووبارە دەرگاکە دەکرێتەوە ڕۆبسپێر دێتە ژوورەوە*]

ڕۆبسپێر: هاوڕێیان، قسەکانتان مەپچڕێنن و قسەی خۆتان بکەن!

لوبا! تەنیا یەک وشەم لە تەکتا هەیە.

*[لوبا بەرەو لای ڕۆبسپێر دەڕوات، چەند وشەیەک بەنهێنییەوە پێکەوە قسە دەکەن]*

ڕۆبسپێر: من دەبێ بڕۆمە دەرەوە. پێیان ڕاگەیاندم کە فوشە توانی وێتی باراس، تالین، کاریە، ماتیورنو یەک بخات و ئیمشەو نیازیان وایە بێنە بارەگای «ژاکوبن»ەکان.



من بۆ ئەوەی پێشگیری لە هێرشی دوژمن بکەم، پێویستە خۆم لەوێ بم.

لوبا: من لە بریتی تۆ دەچمە ئەوێ. تۆ مەچۆ! ئەم کارە هەم ماندووت دەکات و هەم مەترسی هەیە.

[*ئەلنور کە نزیک بۆتەوە لە ڕۆبسپێر، هەردوو دەستی پێکەوە دەنووسێنێ و دوعا دەکات، بەڵام هیچ ورتەی لێوە نایەت*]

ڕۆبسپێر: نەء، من پیلانە نهێنییەکانیانم پێشبینی کردووە؛ دەڕۆم بۆ ئەوەی هەموو ئەو پیلانانە تێک بدەم.

لوبا: تۆ پێویستە ئاگاداری خۆت بیت.

ڕۆبسپێر: [*بەتوندییەوە*]

دەڕۆم.

*[لوبا خۆی ڕادەگرێت و قسە ناکات]*

ئەلنور: ماکسیمیلین ڕاوەستە، با شێوت بۆ ئامادە بکەم.

ڕۆبسپێر: تەنیا هێلکەیەکم بەسە. [*ئەلنور دەچێتە دەرەوە*] لوبا تۆ لێرە بمێنەوە! چاوت لێیە خاوەنە بچکۆڵەکەت بەچاو خەریکە دەمخوات.

نەشمیلەکەم ئارام بە! ئەوتان لێ ناسێنمەوە.

لوبا: من ناتوانم تۆ بەتەنیا بەجێ بهێڵم.

ڕۆبسپێر: نابێ لە هیچ شتێک بترسیت؛ خاس ئاگادارمن... هانریت! حەزم دەکرد پێش ئەوەی بڕۆمە دەرەوە دەربارەی شتێک کە شپرزەی کردوویت لە تەکدا بدوێم و قسەت بۆ بکەم، ئێستا چاوەڕێم کە ئەلنور شێوم بۆ ئامادە بکات، ئەگەر قبووڵم نەکردایە دڵگیر دەبوو لێم – وەرە پێکەوە قسان بکەین.

[*هانریت بەسوپاسەوە بەرەو لای ڕۆبسپێر دەڕوات. ڕۆبسپێر وەکو هاوڕێیەک دەست دەخاتە سەر شانی. دوای ماڵئاوایی کردن و پێکەنین لە تەک لوبا و ئەلیزابت، پێکەوە دەچنە دەرەوە. لوبا و ئەلیزابت بەتەنیایی دەمێننەوە*].

لوبا: قسەکانی سوودی نییە؛ گوێی نادەمێ، من دەڕۆم بەدوایدا. تا ئەو شوێنەی من بزانم ئەو دەچێت بۆ لای کەسانێک کە زۆر ڕکیان لێیەتی و لێی بێزارن. دڵم لایەتی و لە مەراقدام بۆی.

ئەلیزابت: بەڵام خۆی وتی کە پێویستی بەتۆ نییە. من پێویستم هەیە...

لوبا: دوای چەند سەعاتێکی دیکە دێمەوە بۆ لات.

ئەلیزابت: ئای! بەلای تۆوە چەند سەعاتێک کەمە و هیچ نییە؟ ئەگەر ئەو چەند سەعاتەم لێ بگریت، ئیدی کارێکم پێت نییە.

لوبا: لە دواییدا دوو بەرابەری ئەو چەند سەعاتەت پێ دەدەم. بڕۆ؛ ئەگەر بهێڵم بێ من و بەتەنیا بچێتە ئەوێ، هەرگیز لەنێو باوەشتدا ئاسوودە نابم.

ئەلیزابت: من بەخیلم... بەڵام لە قسەکانت دەگەم. لەبەر ئەوە ئێژم بڕۆ ئاگاداری هاوڕێ خاسەکەمان بە. لەبەر خاتری ئەو، دەتوانم ئەم بێ بەشییە لە تۆ قبووڵ بکەم.

لوبا: هەر لێرە چاوەڕێم بکە. تا دێمەوە بخەوە. کاتێک کە گەڕامەوە ئیدی ناتوانیت بخەویت. [*یەکتری ماچ دەکەن، لوبا گوێ ڕادەگرێت*] ئەوا ئەو دەڕوات؛ تەنانەت ئەوەندە کاتی نەبوو کە نانەکەی بخوات.

*[دەنگی کردنەوە و داخستنی دەرگاکە دێت]*

ئەلیزابت: ئەو زۆ بەپەلە، هەر بەپێوە نانی خوارد.

لوبا: پاش تاوێکی دیکە دەڕۆم بەدوایا. ئەگەر ببینێت کە دوای کەوتووم، تووڕە دەبێت... ئاه! حەز ناکەم کە جارێکی دیکە ناچار بێت شەڕ بکات! خۆزیا بمانتوانیبایە لەمانە دوور بکەوینەوە.

ئەلیزابت: هاوڕێ خاسەکەمان لەوانە ناترسێت. تەنیا ئەوە بەسە کە دەربکەوێت و سەربکەوێت.

لوبا: نەء، نەء، خەباتێکی سەرسەخت و غەمناکمان لەبەردەم دایە، دوژمن سوود لە چەکەمەنییەکی ژەهراوی دەبات.

ئەلیزابت: کێ؟ فوشە. ئەو ناکەسە سووکە بۆقلەمونە، بەو چڕ و چاوەی کە نۆکەرێتی لێ دەبارێت، تاوێک لەمەوبەر چاوم پێی کەوت، دەکۆکی و سڵاوی دەکرد و داوای لێبووردنی دەکرد و لە پێپیلکەکان دەچووە خوارەوە...

لوبا: هەرگیز باوەڕت بەجاڵجاڵۆکە نەبێت! ئەو تاوەکانی لە هەموو کون و قوژبنێکدا دەتەنێت.

ئەلیزابت: من هەرگیز لێی ناترسم، من «هەنگ»م.

لوبا: هەنگە چکۆڵەکەم، ئەی کوا چووزەکەت؟



ئەلیزابت: من نازپەروەردەم؛ ئەوەندە لووت بەرزم کە هەرگیز چووزەم بەکار نەهێناوە. هەر لە منداڵییەوە فێر کراوم کە بەرگریم لێ بکەن. باوکم، براکانم و خۆشەویستەکەم، هەموو هێز و توانای من لەنێو دەستی ئێوەیە.

لوبا: لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێویستە فێر بیت کە چاو لە من بپۆشیت.

ئەلیزابت: لە ژیاندا، هەرگیز! چاو لە تۆ بپۆشم؟ و تۆیش لە من؟ ئەی بەدفەڕ، بەدفەڕ! هێشتا بیر لەوە دەکەیتەوە کە وازم لێ بهێنیت؟

لوبا: هێشتا دەبێ لە یەکدی جودا بین.

ئەلیزابت: ئاه، نە، نە! ئیدی نامەوێت... دووبارە چی بەرنامەیەکیان بۆ داڕشتووین کە دڵمان بیەشێننەوە؟ نابێ ئیدی بەگوێیان بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ سوپا. هەمووی مانگ و نیوێک نابێت کە گەڕاویتەتەوە. من زستانی ڕابوردوو بێ تۆ، بەتەنیا لە ناو پێخەفێکی ساردوسڕدا تەنیای تەنیا بووم. چەندە بەدبەخت بووم. ئاە! چەند لەشم ساردوسڕ و دڵم تەزی بوو! نە، هەرگیز ڕێگە نادەم و ناهێڵم ئیدی ئەم کارانە دووپات بکرێتەوە.

لوبا: ئێستا وەرزی بەهارە، ئەو قاچە ناسکە چکۆلانەت گەرم دەبنەوە.

ئەلیزابت: بەڵام بۆ دڵێکی تەنیا، خراپترین وەرزە...

لوبا: تا ئەو کاتەی زیندووم، لە هەر شوێنێکدا بم ناهێڵم تەنیا بیت.

ئەلیزابت: ئەرێ، لە دوورەوە بەهۆی نامەکانت، خۆشت دەوێیم. زۆر سوپاست دەکەم! من دەمتم دەوێت. گەرەکمە لەشم لە تەک لەشتا جووت بێت. کاتێک لە نامەکانتا دەنووسیت ماچت دەکەم، شێت و شەیدا دەبم؛ هۆش و هەستم لە دەست دەدەم، تەنانەت فرمێسکم وشک دەبێت و ناتوانم بگریم.

لوبا: هاوڕێ خۆشەویستەکەم، تکا دەکەم هەموو هێز و توانام لێ مەبڕە. ئیدی ئەوەندە توانام بۆ نەماوە. پێوستە بۆ هەر یەکێکمان مافێک ڕەچاو بکەیت، هەریەکەمان پێویستە بەشێکمان لەم مافە هەبێت.

ئەلیزابت: کەوایە ڕاستە؟ دووبارە گەرەکتە بڕۆیتەوە؟

لوبا: لەوە دەچێت؛ بەڵام ئێستا نە.

ئەلیزابت: کەی؟

لوبا: لەوانەیە، سێ هەفتەی دیکە؛ لە ڕۆژانی یەکەم مانگی داهاتوو.

ئەلیزابت: دوای سێ هەفتە، مانگی داهاتوو... کاتمان هەیە، بەڵکو تا ئەو کاتە شەڕ تەواو

بێت... یا دنیا... بەڵکو هەر نەڕۆیشتی... نە، نە! تەنانەت گەرەکم نییە بیریشی لێ بکەمەوە!.

لوبا: ئاە! ئەگەر بمتوانییایە.

ئەلیزابت: ئەگەر تەنیا کەسێک بتوانێت، تۆیت، ئێمەین.

ڕێگەم پێ بدە لە تەک ڕۆبسپیێردا قسە بکەم! ئەو تۆی خۆش دەوێت، منیشی خۆش دەو، ئەو زۆر خاسە... هەر ئێستا کە بەچاوی خۆت دیت، ئەو تۆ لە من ناسێنێت.

لوبا: نە. «لیزیت»ەکەم، ڕێگەت پێ نادەم. شەرمەندە و سەرشۆڕ دەبم.

ئەلیزابت: شەرمەندە لە من؟

لوبا: شەرمەندە، لەبەر تۆ، چونکە من و تۆ یەکێکین. تۆ خۆ ناتەوێ کە «فیلیپ»ی تۆ لە کار و ئەرکی سەرشانی، خۆی بدزێتەوە و ڕا بکات.

ئەلیزابت: ئایا هیچ ئەرکێکت بەرامبەر بە من نییە؟ ئایا پێویست نییە چاودێری لە هاوسەرەکەت و ئەم بچکۆڵەیەت کە لێرەدا نوستووە، بکەیت؟

[*دەست دەخاتە سەر سکی. ئەلیزابت بەپێوە وەستاوە و لوبا دانشتووە. لوبا کوڵمی خۆی بەلەشی ژنەکەی دەسووێت*].

لوبا: ئەو تا دوو مانگی تەواو بەئارامی دەخەوێت، من دەگەڕێمەوە، تا لە خەو هەڵی بستێنم...

ئەلیزابت: کەمێک بیری لێ بکەرەوە. ئەگەر لە کاتێکدا دێتە دنیا، تۆ لێرە نەبیت و ئەگەر بەسەر سکدا چووم و مردم!...

لوبا: ئەم قسەیە مەکە! دێوانە! تۆ بەتەواوەتی ساغ و تەندروستیت؛ هەروەک دڵێکی پاک و جوان دەدرەوشێیتەوە و لە دووری منیشدا هەروەکو پشیلەیەکی نازپەروەردە لە باوەشی خێزانەکەتا دەبیت... چی شتێک دەتوانێ ترس بخاتە دڵتەوە؟ من زۆ دوور نامەوە! هەرکە پێویستت پێم بوو، خێرا خۆم دەگەیەنمە ئێرە.

ئەلیزابت: بەڵێن دەدەیت؟

لوبا: واتە...

ئەلیزابت: تۆ بەڵێنت داوە.

لوبا: واتە تا ئەو شوێنە کە بارودۆخ ڕێگە بدات و سن ژوست بتوانێت چاوم لێ بپۆشێت.



ئەلیزابت: ئاە، کەوایە نابێ حیسابی بۆ بکەم؛ سن ژوست دڵی نییە. تەمەنی تۆ زێترە. ئایا ناتوانی بێ ئەو کار بکەیت؟

لوبا: ئەویش و منیش بێ یەکدی ناتوانین کار بکەین. ئەو کارانەی پێمان سپێردراوە، ئیشوکارەکان، هەمووی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەکرێت.

ئەلیزابت: حەزم دەکرد بزانم بۆچی هەمیشە سەختترین کار بەئێوە دەدرێت؟

لوبا: بێ گومان، چونکە ئێمە هەر کارێک کە پێمان سپێردراوە، بەخاسی و دروستی ئەنجاممان داوە. جگە لەمە، خۆشەویستەکەم! ئەگەر تۆ نەبوویتایە و ڕەنجی دووریێتی لە تۆ نەبوایە، لە ناو سوپادا و لەنێوان سەربازەکاندا بەرامبەر بەگوللەو ئاگری دوژمن زۆر زێتر هەستم بەخۆشی دەکرد، تا کارکردن لێرە.

ئەلیزابت: ئەوە دەڵێی چی؟ ئایا وەزعت لە کۆمیتە و لە ئیدارەکەی خۆت باشتر نییە؟

لوبا: لێرە، پیلانگێڕان، بەخیلی و خیانەت یەکجار زۆرە هەریەکە خیانەت لەوی دیکە دەکات. مرۆڤ ناچارە بۆ بەرگریکردن لە خۆی – هەروەکو هەموو ئەو کەسانەی – دیکە ڕوو بکاتە شاردنەوەی ڕاستی؛ هیچ دیار نییە کە ئەشێ بڕوا بە کێ بکەیت و متمانەت بە کێ هەبێت. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینسان باوەڕی بەمرۆڤایەتی نەمێنێت. ئەگەر کەسێک وەکو من خۆشەویستێکی وەک تۆ و چەند هاوڕێیەکی ڕاستەقینە – دوو یا سێ – کە جێگەی متمانە بن نەبێت، بەتەواوەتی ورە بەردەدات. ئا، ئەگەر دەزانیت چەندە قینم لە سیاسەتە و لێی بێزارم.

ئەلیزابت: دە، لەوێ مەمێنەرەوە! خۆت بکشێنە دواوە.

لوبا: نە، چونکە ئینسانە خاسەکان خۆیان دەکشێنە دواوە، سیاسەت دەکەوێتە دەست کەسانی هیچوپووچ، پێویستە بمێنینەوە و ئەوان دوور بخەینەوە. چارەنووس لە ڕاستیدا سەربەرزی یا سەرشۆڕی ئەو کەسانەی کە لە پاش ئێمەدا دێن، پەیوەندی بەئێمە و بەو کارانە دەیکەین و بەو سیاسەتەی کە دەیگرین، هەیە. مەگەر ناتەوێت کە بچکۆڵە خۆشەویستەکەمان ژیانێکی پڕ لە خۆشی و سەربەرزی هەبێت؟

من بۆ ئەو و لە پێناوی ئەودا کار دەکەم. نە تەنیا لە پێناوی ئەو، بەڵکو لە پێناوی هەموو ئەو بچکۆڵانەی کە مافی ئەوەیان هەیە، لە پاشەڕۆژدا هەموومان بخەنە ژێر

پرسیار لێکردن و دادگاییمان بکەن، کار دەکەم. مەگەر ئەوەندە خۆشەویست نین کە مرۆڤ لە پێناویاندا کەمێک ماندوو بێت و ڕەنج بکێشێت؟ من هەموو هیلاکی و ماندوویەتی و بێزارییەکانم دەکەمە فیدای ئەوان.

ئەلیزابت: بەڵێ، با بچکۆڵەکەی ئێمەش بەختەوەر بێت! هەموو شتێک لە پێناوی ئەودا!... بۆ منیش! حەزم دەکرد هەموو شتێکم بدایە و هەموو شتێکم ڕابگرتایە...

لوبا: هەموو بەختەوەرییەکان، ئای نەوسنی بچکۆڵە!

ئەلیزابت: وا هەست دەکەم کە بۆ بەختەوەری و خۆشی دروست بووم. لێم مۆڕ مەبەرەوە؛ ئایا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خراپە؟

لوبا: نە، خۆشەویستەکەم. من حەز لە بەختەوەری دەکەم؛ بەختیاری و خۆشی تۆم دەوێت. بوونم بەئەندازەیەک پڕە لە خۆشەویستی کە حەزم دەکرد بمتوانیایە بەشی بکەم بەسەر هەمووواندا؛ بەڵام چلۆن دەبێت؟ دەترسم کە بەختەوەرکردنی خەڵک تا چەندین چەرخی دیکەیش نەیەتە دی.

ئەلیزابت: بەختیاری زۆرەملێیی، کاری زۆرەملە، هەرگیز نامەوێت. من تەنیا هی خۆمم دەوێت. ئەو بەختەوەرییەم دەوێت کە خۆم و خۆشەویستەکەم دەیدەین بەیەکتری.

لوبا: هەرکە دەرد و ڕەنج کێشان و کار تەواو بوو، دووبارە بەختەوەر دەبینەوە. هەر ئەو کاتەی شۆڕش دڵنیابوو کە ئیدی نیشتمانمان پێویستی بەهێز و بازووی ئێمە نییە، ئەو کاتە ئازیزەکەم بەخۆشییەوە پێکەوە دەچینە گوندی «ئارتویز»ی خۆم! خانوویەکی خنجیلانە لە گۆشەیەکی کێڵگەکەمان... ڕۆژگارانی درێژ و ساڵانی بێ دەردی سەر... چەندە خۆشن! هەر لە ئێستەوە لە تەک تۆدا ئەو خۆشییە دەچێژم و تامی دەکەم.

ئەلیزابت: بۆچی ئەم کارە بخەینە سبەینێ؟

لوبا: لە پێشدا پێویستە شیاوی ئەوە بین.

ئەلیزابت: ئای، پێشنوێژە بچکۆڵەکەم!

هەردووکیان زۆر بەخۆشییەوە یەکتری ماچ دەکەن.

**[ پەردە دادەدرێتەوە]**



## تابلۆی حەفتەم

شوێن: [*لە کاخی پاشایەتی، باڵکۆنی کافەکورازا، شەوی سێیەمی پەریال (٢٢ م)*].

خەڵکێکی فرە لە هەموو کۆمەڵ و توێژە جۆراوجۆرەکان بەدەوری مێزەکاندا دانیشتوون. لەلای ڕاستەوە بەرەو خوار باخێکی گەورە هەیە کە چەند پلەیەک لە خوار ساختمانەکەوەیە.

دیوارێکی شووشەیی لای ڕاست و پشتی باڵکۆنەکە لە دەرەوە جیا دەکاتەوە. بەشەکەی دیکە، واتە بەردەمی باڵکۆنەکە یەکسەرە بەرەو ڕووی باخەکەیە.

لە ناو باخەکەدا هاتوچۆ و جموجۆڵ وەبەر چاو دەکەوێت. چەند مێزێکی بازرگانەکان، فرۆشیارەکان و سفتەفرۆشەکان لەبەردەمی باڵکۆنەکە و لای چەپەوەیە. والییەکان و کاربەدەستەکانی میری، کولو، بیو، باڕەر، باراس، ماتیورنو، مژان و کەسانی دیکە تازە هاتوون و دانیشتوون. دوای ئەوان «هش» و پاش ماوەیەکی کەم «تالین»یش دێتە لایان. مێزەکانی «مار»ییەکان و شاپەرستەکان گۆڕاوە و «کولتو» سیخۆڕی کۆمیتە لەنێوان ئەواندا دیارە؛ لەوپەڕی باخەکەدا لەلای چەپەوە، لە بەرزاییەکدایە.

فوشە لەلای باخەکەوە دەردەکەوێت و دێتە پێشەوە و سەر لە هەموو مێزەکان دەدات. لەلای ڕاست و چەپدا بەهەر مێزێک دەگات، چەند چرپەیەک دەکات و لە پاشدا لە پشت دوا مێزدا بەتەنیایی دادەنیشێت، بێ ئەوەی هیچ کەسێک هەستی پێ بکات، بەچاو هەموو خەڵکەکە و ڕووداوەکان دەپێوێ].

مێزی بازرگانەکان و فرۆشیارەکان: [زۆر *لەسەرخۆ پێکەوە قسە دەکەن و ناو بەناو دەنگیان بەرز دەبێتەوە*]

– بارودۆخ فرە خاسە؟

– کارەکان دەسووڕێتەوە. ئەرێ دەیسووڕێنن.

– سەدەی زێڕینە...

– سەدەی کاغەز، نرخی ئەسکەناس هەردەم دێتە خوارتر.

– ئێمە و هەرزانبوونی ئەسکەناس! سوود لە هەموو لایەکەوە وەک بارانی بەهار دەبارێت. پێیەکمان لێرەیە و پێیەکمان لە لەندەنە. خواست و خستنەڕوو[١٦]، کارەکان خراپ نین... بێ گومان کەسانێکیش هەن کە لە ژێر باری سەختی ژیاندا دەناڵێنن.

– من زۆر ڕازیم و وەزعم بەدڵە... بژی شۆڕش! فرە دەوڵەمەندە.

– هەموو سامانی نەتەوایەتی لە کڕین و فرۆش دایە... هەرگیز شتی وا لە بازاڕدا نەبینراوە... هەلێکی گەورەیە... بازاڕییەکانمان، لە حەفتەی پێشوودا لە «لیموزن» زەوی پڕ پیت و بەرەکەت، کێڵگە تایبەتییەکان و کاخە گەورەکانیان بەپاروویەک نان لە دەست خاوەنەکانیان دەرهێناوە و هەرکە دایدەنێن بۆ فرۆشتن، نرخەکان بەشێوەیەکی سەرسام دەچێتە سەرەوە. بازرگانەکان هەروا ڕادەوەستن، دەست دەخەنە گیرفانیان و تەماشا دەکەن و کڕیارەکان خۆیان نرخەکان زیاد دەکەن.

لە «کونتاونسن» زەوی وزار پارە ناکات. بۆ زەوتکردن و هەڵگرتنی، تەنیا کەمێک خۆ نووشتاندنەوە بەسە. کاری بازاڕی ڕەش لە برەو دایە. ژووردان ترس و مەترسی خستۆتە دڵی داگیرکەرەکان. دەستیان کردووە بەهەڵهاتن.

خاوەن موڵکەکان موڵکەکانی خۆیان بەچەند ئەسکەناسێک دەفرۆشن.

– وریابن، پەلە بکەن. پاکسازی دەستی پێ کردووە، خەتەر لە پەنا گوێمانە. ژووردان خراوەتە زیندان، لەوەتی کەوتۆتە زیندان، ترسنۆکەکان زمانیان گرتووە و کەوتوونەتە زوان درێژی. نابووی دەکەن، ئەی هاوار بۆ ئەو هەموو سەرانە. کۆمیسیۆن بڕیاری داوە کە چارەسەری کێشەی هەموو بازاڕ بکات.

– دەبێ چاوەڕێ بکەین و ببینین. هیچ کاڵایەک لەسەر دەستم نامێنێتەوە. کەوتۆتە گەڕ و دووبارەش دەکەوێتەوە گەڕ. بێ ئەوەی بیبینی و بیناسیت، دوای بکەوە... من هیچ کارەم!

– دەربارەی موحاکەمە، هیچ مەترسییەک نییە. چەند کەسێک تووش دەبن، بەجەهەننەم! کار بێ دەردەسەری و ناخۆشی ئەنجام نادرێت. بەڵام هیچ مەترسییەک لەوەدا نییە کە ئەم وەزعە درێژە بکێشێت! ئەگەر بیانویستایە ئاشکرای بکەن، دەبوایە هەموو فەرەنسە بکێشنە ناو کێشەکەوە. چەند کەسێکی زۆر لە کاربەدەستانی شارەکان، کارمەندەکان، قازییەکان و نوێنەرانی ئەنجوومەن کێشراونەتە ناو ئەم کێشەیە و تاوانبارکراون. دەتوانین ئێمە بێ ترسولەرز بخەوین.



– من ڕەخنەم هەیە. ئەم کۆمیسیۆنانەم لا پەسەند نییە. ئەم کارانەی دەیکەن زیان دەگەیەنێت و دژی ئازادی بازرگانییە، ناتوانم تەحەمولی بکەم، من کۆنە لیبرالێکم، من مافی ئەوەم هەیە هەرچۆنێک خۆم حەز بکەم و بەهەر نرخێک دڵم بخوازێ شت بکڕم و بیفرۆشم.

– ئەم ڕۆبسپیێرە بەد فەساڵە ژیانی لێ تێک داوین. هەر لێرەوە شەقێکی لێ دەدەم. ئەگەر ڕێگەیان پێ بدایە، دەبووە هۆی ئەوەی کە بازرگانێتی ئێمە بەنابودی بکێشێت و لە ناوی بەرێت و هەموومان لەسەر ساجی عەلی دابنێت. شوڵی لێ هەڵکێشاوە و گوتوویەتی کە سوودی ئێمە لە کڕین و فرۆشدا دەبێ بەگوێرەی یاسا بێت.

– خۆزیا کاری بەسەر ئێمەوە نەبوایە. تەنیا بەهۆی چەنەبازەکانی ئەنجوومەن دەتوانی بەئامانجی خۆی بگات.

– بەڕای من ئەگەر نەتوانین لە تەکیا ڕێک بکەوین، کارمان شپرزە دەبێ. خاستر وایە هەر کارێک پێویست بێت بیکەین و هەموو ڕێگە و شێوەکان بەکار بێنین تا توندڕەوەکانی کۆمیتە نەتوانن دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر و سەری خەڵکی بپەڕێنن و ماڵ و موڵکیان تالان بکەن. تەماشا بکەن، ئەو یەکەیان بیو – کەشیشی مڕومۆچ – و ئەو توندڕەوانەی کە لە شارەکانەوە هێناویانن. تەماشایەکی ئەوێ بکەن، کاریە، لەولاوە ماتیورنو، تەماشا بکە.

– حەی! هەمیشە بۆ دەربازبوون ڕێگەیەک هەر هەیە. لەنێو ئەوانەدا چەند کەسێکی باش هەن، وەکو باراس و تالین. ئەوانە هەندێ داخواز و نیازی تایبەتی خۆیان هەیە، ژن، شەڕاب، ڕابواردن، جوانپەرستی، پارە، پارە، پارە... لە ڕێگەی دەم وەیا «سک»ەوە دەتوانین دەستیان بەسەردا بکێشین و ماڵییان بکەین.

– خاسە، برۆ و پشتیان پێوە ببەستە؛ بیانکەرە پاڵپشتی خۆت. ئەوانە هەروەک نیسک وەهان؛ هیچ بنچینەیەکیان نییە. بێ مایە و بەرەڵان و ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری دەوڵەت پێویستیمان بەنیزام و ڕێکوپێکی هەیە. بەتایبەتی لەم کاتە ناسکەدا کە پێویستە پارەوپوولێکی فرە خڕ بکەینەوە و بنچینەیەکی پتەو پێک بهێنین. ڕۆبسپیێر لایەنگری نیزام و ڕێکوپێکییە. ئەو تەنیا کەسێکە کە دەتوانێ نەزم دابین بکات و، توانای ئەم کارەیشی هەیە. ئەگەر بتوانین بەهەر شێوەیەک بێت، بەمامە حەمەیەتی، ڕای بکێشین بۆ لای خۆمان، ئەو دەتوانێت کارەکانمان زۆر بەچاکی ئەنجام بدات و

سەروسامانێکی پێ بدا... بەڵام ئەگەر بەرهەڵستیمان بکات و دژمان بوەستێت، پێویستە وردوخاشی بکەین.

– من ڕەئیەکی خاسترم هەیە، پێویستە لە ناوی بەرین و بیکوژین. هیچ جێگەی گومان نییە کە لە تەک ئەم پیاوە خۆپەسەندە کارێکمان پێ ناکرێت. ئەو هەرگیز نازانێت مافی دادمەندی سامان مانای چییە و هەستی پێ ناکات. ئەگەر کامبوون نەبوایە و لغاوی ڕانەکێشایە، هەموو ماڵ و موڵک و سامانەکانی بەسەر پیاوەکانی خۆی دابەش دەکرد.

– پف! بڕۆ بیاندۆزەرەوە! سبەینێ ئەم کارە ناکرێت. تا ئەو شوێنەی سەربڕین مەبەست بێت، ئەنجومەن زۆر دەست و دڵ بڵاوە و ئەندامەکانی سەروملی خۆیان هەروەک بارۆکە پێشکەش دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر دەست بخرێتە سەر پایە بڵندەکان و گەورەکان، بۆ بەرگریکردن لێیان، لێمان دەبێتە شێرێک.

– با خوێنی خۆمان پیس نەکەین. بۆ خەڵکی بەشەرەف، ڕۆژگارانی خۆش هەر هەیە.

[*خەریکی خواردنەوەن، ماتیورنو و باراس دێنە ژوورەوە*]

ماتیورنو: [*لە حاڵەتێکدا کە زۆر بەبەدگومانییەوە هەوای دەوروبەر هەڵدەمژێ*]

باراس، بۆ کوێم دەبەی؟ لەم جێگە بەدناوەی «موسکادن»انە چی باسە؟ هەر لێرە بۆگەنی خیانەت و دزێتی دێتە ناو لووتم. چرۆچاوی کەسانێک دەبینم کە شیاوی تف تێکردنن.

[*لە کاتێکدا کە حاڵەتی تفکردنەوە دەگرێت، زۆر بەقینەوە ڕوو لە بازرگانەکان وەردەگێرێت*].

باراس: [*بەپێکەنینەوە*]

وس بە! وس رنو ئاگادار بە! تۆ نابێ لێرە دەوری «تیمون ئەتن»م بۆ کایە بکەیت. تۆ خەریکی خەڵکی وەکو پارچەیە شیاکە بەچیلکە سەر و ژێر و تێکەڵ و پێکەڵی دەکەیت.

رنو: هەروایە. بەرەکانی لووتم هەڵە ناکەن.

باراس: ئەگەر وا بێت، ئەو پارچە شیاکەیە نرخی زێڕی دەبێت.

رنو: زێڕ و پیسی! هەردووکیان بۆگەنیان لێ دێت... هەموو ئەم مێش و مەگەزانەی ویزە ویزیان دێت بەدەور...



باراس: ناتوانین چاوی لێ بپۆشین. تەنانەت ڕۆبسپێریش ناچارە کە کۆمەڵەیەک...

رنو: ئەگەر ڕاوێژیان لەگەڵما دەکرد، فێری چۆنیەتی پاکسازیم دەکردن...

باراس: تۆ ڕقوکینە لەدڵتا نییە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆبسپێر لە کار دوورت دەخاتەوە و دەرت دەکات، تۆ هێشتا گەرەکتە لێی نزیک بیتەوە؟

رنو: ڕقوکینە! بۆچی؟ هەستی پێ دەکەم. من هەرگیز ئەو کارە نارەوایەی نابەخشم و لێ نابوورم. من زۆر خزمەتم بەکۆمار کردووە. من لە ناوچەی خۆم، یاخییەکان و دژ بەشۆڕشەکانم لەناوبرد. لەوانەیە چاو لێ پۆشین و سڵکردنەوەم نەبووبێت. من خاچەکان[١٧] و تابلۆکانم شکاند و وردوخاشم کردن. من چەندین یەغان دەستکەوتم نارد بۆ ئەنجومەن من مۆڵگای کەشیشەکان و کلێساکانم کرد بەقوتابخانە، وەیا دابەشم کرد بەسەر هەژارەکاندا. دەستم گرت بەسەر ماڵ و موڵکی ئەشرافەکان، هەموو سامانەکانیانم لێ زەوتکردن و ناردمە خەزانە... ئێستا با بۆ خۆیان دەست بکەنە هاوارکردن و داد و بێداد وتن کار لە کار ترازاوە. پێویستە لەبەر خاتری ئەم کارانەم سوپاسم بکەن؛ بەڵام بێ گومان بەدوورخستنەوەم لە کار، سوپاسم لێ دەکەن و پاداشتم دەدەنەوە. گوایا زۆر توندڕەویم کردووە و شووڵم لێ هەڵکێشاوە... وا بزانم تا یەکسانییەکی دروست و ڕاستەقینە جێگیر نەبێت، وشەی توندڕەوی لە شۆڕشدا نییە و بێ مانایە.

لێرە چی باسە و چی ڕوو دەدا؟

[*بەرەو لای مێزی بیو و کلو دەڕوات*] بیو! پێم بڵێ بزانم، من دەناسیتەوە؟

مەگەر ئێوە لە کۆمیتە شێت بوون؟ بۆچی دووبارە منتان خواستووە؟

بیو: من بەرگریم لێ کردیت. بەڵام ڕۆبسپێر و کوتون لە قەڵاچۆکردنی لایەنگرانی ئەبر لە پاریس تووڕەبوون و پێیان ناخۆش بوو. گوناهی خۆتە کە خۆت لە تەک «شومت»دا بەدناو کرد.

رنو: من ئەوەندە پەست و زەبوون نیم کە ئینکاری ئەم کارەم بکەم. «شومت» پیاوێکی ڕاست و دروست بوو و مایەی سەربەرزی شۆڕش بوو. گەورەترین گوناهی ئەو، ئەوەبوو کە لە بریتی ئەوەی بەرگری لە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتی خۆی بکات – کە بیروباوەڕی منیشە هەمووی بەڕاست دەزانم – دەترسا و بەرامبەر ڕۆبسپێر بەرگری لە خۆی نەدەکرد.

بیـو: گەرەکتە تۆیش وەکو ئەو بچیتە سەر سەکۆی ئیعدام؟ کاری ئێمە – کە توانیومانە ڕزگارت بکەین – سەختتر مەکە.

رنو: نامەوێت لەم کارە بێ بەشت بکەم! سەرم ببڕن لام باشترە لەوەی کە خۆم سووک و زەبوون بکەم.

بیـو: ناکەسی موبارەک! تۆ دەبێ لە کانگەی دڵتەوە سووکی و زەبوونی قەبووڵ بکەیت. زۆر شانازی بەبیروباوەڕی خۆت دەکەیت؟

ئایا نازانیت کە ئەم ڕێبازەی تۆ گرتووتە بەر شتێکی نەمابوو، کە بتکاتە داردەستێک و کوتەکێکی کوشندە بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی نیزامی، کە دیکتاتۆرێکی پۆتین لە پێ – واتە «ڕونسن» بێنێتە سەرکار و بەسەر لاشەی کۆماردا حوکم بکات؟

رنو: چی؟ ڕونسن؟

بیـو: گەوجە! هیچت نەدیوە؛ هیچ تێناگەیت. تۆ شایانی ئەوەیت پەنجا جار ئیعدام بکرێیت... بەڵام من دەزانم کە تۆ ئەم کارانەت لە ناوچەکەی خۆت نەکردووە. من ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوت و کارەکانت هەم و شانازیت پێوە دەکەم. من تۆم لە دەست ڕۆبسپێر ڕزگار کرد. بەلایەنی کەمەوە کەمێک ئارام و خوێن سارد بە. ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی تۆن بە – پرسیاری ئەم کارانە مەکە؟ کۆمار بەهۆی ئەو هەموو ورێنەو قسە قۆڕانەی لەلایەن ئەو کەسانەی کە پێویستە بەرگری و چاودێری لێ بکەن، دەکرێت، لە مەترسیدایە و ئێمە لەوانەیە بۆ بەهێزکردنی کۆمار پێویستیمان بەیەکدی هەبێت.

رنو: دەربارەی کێ قسە دەکەیت؟

بیـو: دەربارەی ڕۆبسپێر، ئەو لەو هەموو – کارە وردانە کە ئێمە خۆمان پێوە ماندوو کردبوو – بۆ ئەوەی ئەوانی پێ بشکێنین و سووکیان بکەین، بۆ ئێمە مەرجەعێک دروست دەکات.

رنو: خودایەک؟

بیـو: ئەرێ مەرجەعێک. تۆیش گرنگی ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە. مەرجەعێک کە بێ گومان ئەو دەبێتە کاهینی گەورەی. لە میحرابەوە تا تەخت و تاج. بۆم نەء؟ خۆ دووری ئەم دووانە لە یەکدی تەنیا هەنگاوێکە و بەس!



رنو: خاسە! چی گەوجێتییەک.

بیـو: باشە، لە دواییدا بەچاوی خۆت دەیبینێت. پاش پانزدە ڕۆژ دەستووری بەجێهێنانی ڕێوڕەسمێکی[١٨] دەرکردووە، واتە لە ماوەی پانزدە ڕۆژدا، ڕۆژێک تەرخان دەکرێت بۆجەژن بەناوی ڕۆژی مەزنا واتە ڕووبەندپۆش.

رنو: ئەگەر وا بیر دەکەیتەوە؟ بۆچی دەنگت پێدا؟

بیـو: ئەرێ، پانزدە ڕۆژێک دەبێت. کە منیش دەنگم داوە بەبوون و نەمری . ئێمە ناچارین کە ئەم کارە بکەین. لە ڕاستیدا پیاو لە خۆی بێزار دەبێت و خۆی بەپەست و زەبوون دەزانێت! ڕنو، تۆ هیچ گومانێکت لەوەدا نییە کە توانایەکی تەواو و سەیری بەسەر هەموو ئەنجومەندا هەیە. پیاو باوەڕ ناکات هەرکە دەست دەکات بەقسەکردن، بەو دەنگەی – کە هیچ جۆرە زرنگانەوەیەکی تێدا نییە – چاوێڵکە لە چاو دەکات و خۆی وەکو زانایەکی وشک دێنێتە بەرچاو، خەڵکی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت شەیدا و یەخسیری دەبن. هەروەکو جاڵجاڵۆکە بەیەکێک لە تارەکانی دەتانخاتە نێو داوەوە و لە هەمان کاتدا مەست و سەرخۆشتان دەکات. نازانم چی جۆرە بێ هۆشکەرەوەیەکی کردۆتە ناو ئەو شەرابە بێ تامەیەوە.

رنو: ئەو بادەیەم خواردۆتەوە، تامی دەزانم و ئاشنام لە تەکیا.

کولو: پێویستە ڕێگەی نەدەین قسە بکات.

بیـو: قسە و وتارەکانیمان تا سەدەها فەرسەخ لە ناو خەڵکیدا بڵاوکردۆتەوە و ناردوومانەتە سەراسەر خاکی فەرەنسە و دەستوورمان داوە کە لە هەموو دێهاتەکاندا بڵاو بکرێنەوە. لە پانزدە ڕۆژ لەمەوبەرەوە نامەی پڕ لە سۆز – وەک لافاوێکی بێ پایان – لە هەموو دێهاتەکان و سەرانسەری فەرەنسەدا لێشاوی بۆ هێناوە. شوێنەواری قسەکانی تەنانەت لە هەندەران، لە ئەوروپا موعجیزە دەکات. پێویستە ئەو لێهاتن و ئامادەییە مەزنە ڕامیارییەی کە لە کارێکی وەهادا – کە کاتێکی خاسی بۆ بەجێ هێنانی هەڵبژاردووە – بناسین و دەستی بخەینە سەر. ئەو توانیوێتی گرنگی و گەورەیی و فراوانی شۆڕش و جێگیربوونی نیزامی نوێ بەسەر هەمووناندا و تەنانەت بەسەر دوژمنانیشدا بسەپێنێت.

رنو: ئەگەر ئەو لە خزمەت کۆمار دایە، چ شتێکی سەرزەنشت دەکرێت؟

بیـو: من بۆیە سەرزەنشتی دەکەم، چونکە لە پێناوی خزمەتکردن بەکۆمار، حکوومەتی

رژێمی کلێسای هەڵبژاردووە کە خراپترین جۆری ڕژێمە؛ ڕژێمێکە کە دەبێتە مایەی ئابڕووڕێزی و هەموو مرۆڤایەتی ورد و نابودو دەکات.

رنو: وا بزانم دەربارەی ئەو هەڵە دەکەیت.

بیو: من هەرگیز باوەڕم بەکەسێک نییە کە هەمیشە گیانی لەنێو دەمیدایە. سوود و بەهرە لە توانای ئازاد وەردەگرێت؛ دەوری ستەمگەرێکی دادپەروەر، زۆر بەجوانی دەبینێت و هەر کارێک دەکات، ناچارمان دەکا کە باوەڕی پێ بکەین کە ئەم کارە بۆ خەڵکەو خەڵک تەنیا خۆیەتی...

رنو: بەڵکو ئەو ناچار بێت.

بیو: ئەمە مەترسی زێترە! پێویستە بێ دەنگ و نابودی بکەین.

رنو: بیو، تۆ هەرگیز ئەوت خۆش نەویستووە.

بیو: نەء، ناکەس! هەر لە یەکەمین ڕۆژ کە بۆنی گەیشتە لووتم، هەموو مووی لەشم ڕاست بۆوە. زیاتر بەرقوکینەوە ئافەرینم دەکرد.

رنو: فرە دژواربوو[١٩] تا توانیم خۆم لە داوی ڕزگار بکەم. پێی لێ دەنێم کە خۆشم دەویست.

بیو: کەوایە سەری خۆتی پێشکەش بکە!

رنو: هێشتا سەرم بەکەڵکە بۆ کۆمار. بەدبەخت ئەو کەسانەی کە نیازیان هەیە لەناویبەرن. من هەرگیز سەرم بەفیڕۆ لە دەست نادەم، تا دوا تنۆکی خوێنم بەرگری لە خۆم دەکەم. نەتەنیا خۆم، بەڵکو هەموو کەسوکارەکانم، منداڵە بچووکەکانیشم هەموویان بۆ بەرگری لە خۆیان ئامادەن.

*[فوشە بەدەوروبەری ئەم مێز و ئەو مێزدا دەگەڕێت؛ لەم کاتەدا لە ڕنو نزیک دەبێتەوە]*

فوشە: منیش کەسوکاری خۆمم هەیە.

رنو: *[فوشە دەناسێتەوە، بەپەرۆشەوە دەست دەخاتە نێو دەستییەوە]*

ئۆه! ئەمە تۆیت، فوشە؟ ڕاستە تۆیش کچێکت هەیە.

فوشە: «نیور»ە بچکۆڵەکەم، لەو شتانەی دەربارەی شاربییە قەڵەو و تێر و تەوەزەلەکان باس دەکەن، تەنیا شتێک کە لە بەهرەی واڵییەتیم بۆم ماوەتەوە، هەر ئەوە؛ ئەو جوانترین و خۆشەویستترین کەسی منە...



*[باراس؛ گوێی بۆ قسەکان شل کردووە، بەشۆخییەوە بەکولوئێژی]*:

«بچکۆڵەکانی من نەشمیل و خڕ و خەپانن...»

رنو: من هەرگیز لە دوژمن ناترسم؛ بەڵام زۆر حەز دەکەم لەم ڕووەوە تەماشای بکەم. لە ڕاستیدا ڕۆبسپیێر فرە لە هەڵە دایە کە دوژمنایەتیم دەکات. پێم خۆشە کە هەموو شتێکی بۆ ڕوون بکەمەوە.

فوشە: زۆر ئاگاداری خۆت بە! بە هیچ جۆرێک ناتوانیت خۆت لە تۆڕی داوی ڕزگار بکەیت.

رنو: *[بەکەڵلە شەقییەوە]*

ئەو هەڵە دەکات. کارێک دەکەم هۆشیاری بکەمەوە، لە تەک ئەو هەموو بێدادییەی هەیەتی هێشتا ڕێزم هەیە بۆ زیرەکی و ڕەفتارەکانی.

فوشە: زیرەکێتی، خاسە! هەرگیز ئینکاری ئەوە ناکەم؛ بەڵام خاستر وابوو کە لەوە بترسایتایە ئەم زیرەکێتییە وامان لێ دەکات بەرە بەرە و هەنگاو بەهەنگاو، بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت، بەرەو ڕێککەوتن لە تەک شاپەرستەکانمان بەرێت.

رنو: ئەمە درۆیە.

بیو: فوشە! تۆ زۆر دوور دەڕۆیت و شووڵی لێ هەڵدەکێشیت.

فوشە: زۆر چاک و دروست بۆی ڕۆیشتووم.

بیو: هیچ بەڵگەیەکت لە دەستا نییە.

فوشە: بێچارە بیو! ئەوانە وا لەبەردەمتان. وا بزانم ئێوە کە یانزە کەسن –نە، جگە لە ئەو دە کەسن – چەندین مانگە لە کۆمیتەدا هەوڵ دەدەن کە بزانن ئەو بەڵگانە چۆن چۆنی گەیشتۆتە ورون!...

بیو: تۆ ناتەوێت بچیتە بنجوبناوانی؟

رنو: چی! بە ورون؟

فوشە: بەشای ورون – ئەرێ بەبرای کاپە و کۆمەڵە سیخۆڕەکانی.

بیو: ئەمە ئەوبوو!... هەرگیز شتی وا نابێت... ئەگەر ئەمەم بزانییبایە...

*[خەریکە لە تووڕەییدا بخنکێت]*

فوشە: *[بەئارامی و لەسەرخۆوە]*

من دەزانم و ئاگاداری ئەمەم.

بیو: بیسەلمێنە، بسەلمێنە.

فوشە: لە ئەو بپرسە.

[*ئیشارەت بۆ مژان دەکات کە لە پشت مێزەکە بەتەنیشت بیو دانیشتووە*].

رنو: کێیە؟

فوشە: ئەوە «مژان»ە؛ سکرەتێر و دەستی ڕاستی کارنو. بەڵگەکان لای ئەون.

بیو: ئەگەر بەڵگەکان لای ئەون و تا ئێستا نەیداوە بەکۆمیتە، دیارە کە خائینە.

مژان: ئێمە و کارنو چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە لێکۆڵینەوەکانیان تەواو ببێت.

رنو: کەوایە هێشتا بەڵگەتان لە دەستا نییە.

فوشە: لە دەستمان دایە.

رنو: تا بەچاوی خۆم نەیانبینم، باوەڕ ناکەم.

مژان: هەرکات ویستت بێیتە ماڵی ئێمە، بەڵگەکان دەبینیت. هاوشاری! ئەوساکە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ناکرێت ئەم جۆرە بەڵگانە بخرێتە نێو گیرفان و لە ناو شاردا هاتوچۆی پێوە بکرێت.

رنو: [*پشتی تێ دەکات*]

درۆزنی بێ شەرەف! من باوەڕ بەقسەکانت ناکەم. فوشە تۆ درۆ دەکەیت.

فوشە: بەڵام ئەگەر لووتتمان خستە ناو خیانەتەکانی ڕۆبسپێرەکەت، چۆنە؟

رنو: [*بەتووڕەییەوە*]

دەیکوژم!

«هش» بەرگی ژەنەڕاڵی لەبەردایە و دێتە ژوورەوە. تەمەنی بیست و پێنج ساڵێک دەبێت؛ جووتێ چاوی ڕەشی زۆر تیژ، ڕواڵەتێکی هۆشیار و چالاک، لەسەر ڕوومەتی جێگەی برینێک دیارە. هەڵسوکەوت و قسەکردنی زۆر سەنگین و پیاوانەیە. بەرەو لای مێزی ڕنو، بیو و کولو دەڕوات.

هش: سڵاو، ڕنو!

رنو: هش! ئەوە لێرە چی دەکەیت؟ لەوێ شەڕ بێ تۆ دەکرێت.

هش: ئەوان شەڕ دەکەن و من خەفەت دەخۆم.



سڵاو بیو! [*بیو بەدەموچاوێکی گرژەوە و لە ژێر لێوەوە وەڵامی سڵاوەکەی دەداتەوە. کولو زۆر بەئاشکرا پشت دەکاتە هش*]

نازانم بۆچی لە فەرماندەیی سوپای موزول لایان بردووم و کردوویانم بەفەرماندەی سوپای ئیتاڵیا.

بیو: خاسە، ئەی لێرە چ دەکەیت؟ خۆ ڕێگەت لە پاریسەوە نییە!

هش: هەموو ڕێگاکان لە پاریسەوە تێدەپەڕن. من بۆ جێگەی دیاریکراوم دەڕۆم. بەڵام ناچاربووم کە بزانم بۆچی هەر لە ڕۆژانی یەکەمینی ئیشوکارم لە «ئێلزاس» لایان بردووم. ئایا هێشتا جێی متمانە نیم؟

بیو: بەگوێرەی ئەو حوکمەی کە پێت گەیشتووە، ئیدی پێویست بەوە ناکات شتێکی دیکە بزانیت.

هش: پێویستیم بەمتمانەی کۆمیتە هەیە. ئەگەر خەڵکی لەنێو خۆیاندا متمانە بەیەکدی نەکەن، هیچ کارێکی خاس و دروست ئەنجام نابێت.

بیو: کێ هەیە باوەڕ و متمانەی بەهاوسێی خۆی مابێت؟

کولو: [*زۆر بەخێرایی ڕووی وەردەگێڕێت و بەخێسەوە تەماشای هش دەکات*] کۆمیتە تەنیا باوەڕ و متمانەی بەو ژەنەڕاڵانە هەیە کە پێڕەوی لێ دەکەن.

هش: من جێگەی متمانە نیم؟

کولو: تۆ جێی باوەڕ و متمانە نیت؛ چەندین جار دەربارەی ئەو دەستوور و فەرمانانەی بۆت نێردراوە، هیچ ڕاپۆرتێکت نەداوە.

هش: من بەگوێرەی بارودۆخی ئەوێ ناچاربووم کە دەستوورەکان بگۆڕم و بەڕێوەبردنی ئیشوکاری کۆمار بەسەرپێچیکردن لەو دەستوورانە خراپ نەبووە و تێک نەچووە.

ماتیورنو: جارێکی دیکە «ئێلزاس» گیرایەوەو «لاندوا» لەگەمارۆبوون ڕزگاری بوو و «برونسنویک» ناچار بوو هەڵبێت و ڕابکات. ئەرێ، بەدوای من هاوشاری هش ئیش و کارەکانی خراپ نەبووە.

بیو: پێویست ناکات هەڵی بکێشیت. خۆی بەتەنیایی دەتوانێ ئەم کارە بکات.

هش: لە ڕاستیدا من حەز بەشانازیکردن دەکەم، ئایا بەڕای ئێوە ئەمە جێگەی سەرزەنشتکردنە؟ من ئەم شانازییانە پێشکەش بە نیشتمانم دەکەم.

کولو: تۆ بەو لووتبەرزی و زۆر بلّێییەت، بەهۆی ئەو هەموو تێکچوونانەت لە تەک فەرماندەکانی دیکە و بەخیلّی بردن پێیان و سەرپێچیکردن لەو فەرمانانەی بۆت نێردراون، هەموویانت بێزار کردووە و کارێکت کردووە ئیدی گیانمان گەیشتۆتە لووتمان.

هش: تەنیا گوناهی من لای ئێوە ئەوەیە کە ئەو دەستە ڕووت و برسی و پێ پەتی و بێ چەک و ماندووانەی کە لە نێوەڕاستی زستاندا بۆ منتان ناردبوو، قبوولّم نەکردوون. بێ گومان هەقم بووە.

کولو: تۆ تەنانەت نەتتوانی – هەروەکو لە دەستوورەکەدا بۆت نێردرابوو– هەروەکو دوژمنێکیش بوایە تەماشات بکردنایە و خواردنت پێ بدانایە.

هش: ئەرێ، ئەمە ڕاستە و شانازی بەم کارەمەوە دەکەم. من هەرگیز ئامادەنیم و نابم کە خوێنی خەڵکی بمژم و خەلە و خەرمانی ئەو دێهاتانەی کە گرتوومانە لەناوبەرم. ئەوانە هی دوژمن بن یاخود هی خۆمان، من هەرگیز ئەو ئاردەی – کە دایکەکان بۆ خواردن منداڵەکانیان داناوە – بەزۆر لێیان زەوت ناکەم. من ڕێگە نادەم سەربازەکانم، جووتیارەکان تالاّن بکەن. تۆ سەرزەنشتی لووتبەرزێتیم دەکەیت. من شانازی بەکۆمار دەکەم. تا ئەو ڕۆژەی فەرماندەم هەرگیز ڕێگە نادەم و ناهێڵم کە کۆمار بێ ئابڕوو بکرێت.

بیو: کۆمیتە پازگری شەڕەف و ئابڕووی کۆمارە. تەنیا کۆمیتە دەتوانێت دەربارەی کەسێک کە شایانی کۆمار بێت، قەزاوەت بکات. سەربازێک کە بەرامبەر فەرماندەکانی – بەبێ ڕەوا – دەست بکات بەچەنەبازی و ڕێ نەکردن، گێرەشێوێنە.

هش: [*هەڵدەچێت*]

چۆن دەوێری بەو کەسەی کە ژیسبرگ و فروشیویلری داگیر کرد، بلّێیت گێرەشێوێن.

بیو: سەرکەوتن و کارە گرنگەکانی ڕابوردووی ژەنەڕاڵەکان، نابێتە هۆی پاککردنەوەی هەڵە و خەتای ئیمڕۆیان.

هش: ئەگەر هەڵەیەکم کردووە، گەرەکمە هەر ئێستا بمگرن و زیندانیم بکەن.

کولو: بەم زووانە دەگیرێیت. فەرمانی گرتنت ئیمزا کراوە.



هش: [*بەتوورەییەوە*]

چەتەکان! ئێوە هاوکاری تاوانی «برونسویک»ن؟

من ئەم مەسەلەیە دەگەیەنمە ڕۆبسپێر. ئەو ڕێز لە کارەکانم دەگرێت.

کولو: ئەویش فەرمانی گرتنتی لە تەک من و کارنودا ئیمزا کردووە.

هش: توانای لێ دەبڕێت و بەسەر کورسییەکدا دەکەوێت] نە، هەرگیز شتی وا نابێت!

ماتیورنو: [*ڕوو دەکاتە بیو و کولو*]

هاوشارییەکان، ئەمە کارێکی شێتانە و گەوجانەیە؛ کۆمار پێویستی بەهەموو ئەو کەسانە هەیە کە بەرگری لێ دەکەن. من دڵنیام و ئێژم کە هش یەکێکە لە خاسترینی ئەو کەسانەی بەرگری لە کۆمار دەکەن.

کولو: [*بەهەڕەشەوە تەماشای ڕنو دەکات*]

دەست مەخەرە ئیشوکاری کۆمیتە! تۆ پارێزەرێکی خاس نیت بۆ خەڵکی؛ هەوڵبدە بەرگری لە خۆت بکەیت.

[*لەتەک بیو دەچنە گۆشەیەکەوە*]

هش: [*پاش ئەوەی کەمێک سارد دەبێتەوە و ئارام دەبێ، ڕوو دەکاتە ڕنو*]

هاوڕێ هیچ دڵگیر مەبە؛ من لەمەوبەریش چوومەتە زیندان و هەروەکو «مارا» بەسەربەرزییەوە هاتوومەتە دەرەوە.

ڕنو: لەوانەیە ئەگەر مارا ئێستا بمایە، ئیمڕۆ نەیدەتوانی وا بەئاسانی لەم گێژاوە ڕزگاری ببێت. ڕەشەبایەکی شێتانە بەسەر سەرمانەوە هەڵی کردووە؛ ئیدی جوداکردنەوەی دۆست و دوژمن لە یەکتر دژوارە. هەرکە هێز و توانا زۆری خایاند، داوەرێتی ژەهراوی دەکات. لەم بارەیەوە زۆر شتم بۆ ڕوون بۆتەوە. بەهیچ جۆرێک ئەم پیاوانە مەبزوێنە! قسەکانت فرە بێ پەروان.

هش: من ئەمانە دەزانم، زۆر دەکەون لە سەرم. بەهیچ جۆرێک ناتوانم کلّپەی ئاگری دەروونم دامرکێنم.

فوشە: [*لەولاوە گوێی بۆ هەموو وتووێژەکان شل کردووە؛ دێت و خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ*].

لە بریتی ئەم هەموو قسانە، خاستر وایە بجووڵێیتەوە و کارێک بکەیت.

هش: من گفتارم هەرچییەک بێت، کرداری پێوە دەکەم. دەربارەی هەرچی کە دەیکەم، قسە دەکەم.

فوشە: لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو قسانە لە تەک دوژمنەکانتدا ناکەیت.

هش: ئێمە لێرە لە ئۆردوگانیین.

مژان: [*بەهێواشی و لەسەرخۆ*]

با؛ هاورێ! دوژمن لە دەوروبەرمان دایە.

هش: کێ، دوژمن، تۆ؟... من تۆم لە دەبیرخانەی کارنو دیوە، ڕاپۆرتی درۆت دژ بەمن نووسیوە!

مژان: تۆ من ناناسیت؛ من دۆستی تۆم

هش: ناوی دۆست ئافرەتێکی قەحبەیە و خۆی دەداتە دەست هەر کەسێک بیەوێت.

فوشە: کەسانێک کە لە کاتی تەنگانەدا دەستی دۆستایەتیت بۆ درێژ دەکەن، لە خۆت دوور مەخەرەوە.

هش: من تەنیا دۆستێکم هەیە و ئیدی دۆستی دیکەم گەرەک نییە. خەڵک، خەڵکی پاریس، خەڵکی سەربەرز و ڕاستی من. خەڵکیش خاس من دەناسن. منیش باش دەیانناسم. خەڵکی من لەوێدان...

فوشە: باوەڕت بەم قسانە هەیە؟ تۆ خەڵکی ١٤ی ژوئیە و ١٠ اوت دەناسیت. ئەو خەڵکە ئیدی نەماون؛ هەرگیز حیساب بۆ ئەو خەڵکەی جاران مەکە.

هش: من جگە بەخۆم و مافی خۆم و ویژدانی ڕۆبسپیێر، ئیدی نیاز و پێویستیم بەهیچی دیکە نییە.

فوشە: هەر ئێستا بیستت کە ئەویش دژتە و دژ بەتۆ کار دەکات.

هش: ئەمە بەهۆی هەڵەیەک بووە، لە دواییدا بۆیان ڕوون دەبێتەوە و هەڵەکەیان خاس دەکەنەوە.

فوشە: ئەگەر باوەڕت بەمە هەیە، تیا چوویت. بەرگری لە خۆت بکە.

مژان: ئێمە یارمەتیت دەدەین. پێکەوە بەرگری لە بەرژەوەندی کۆمار دەکەین...

هش: [*لە کاتێکدا کە بەچاوی بەدگومانییەوە تەماشا دەکات*].

دژی کێ؟ دژی ئەو کەسانەی لە تەک مندا کۆماریان دروست کرد؟ من وای بەباش



دەزانم خۆم فیدا بکەم. من ڕێبازی لافایت و دوموریە ناگرم.

فوشە: هە! کێ دەربارەی ئەو خائینانە قسەی لە تەک تۆدا کردووە؟ ئەو خائینانە ئێستاکە لەبەرەی دوژمنن.

هش: لە کوێ؟

فوشە: بۆ تۆ کوێریت؟ کەمێک وەرە بەخۆتا و پەلە بکە با خاس ببینیت و لە داوی ئەم جاڵجاڵۆکەیە ڕزگار بیت.

هش: کام داو؟

فوشە: زۆر درەنگە! خەریکە بەدەوروبەردا دەتەنرێتەوە.

[*چەند هەنگاوێک دەچێتە دواوە*]

پاسەوانێک: [*دێتە ژوورەوە، لە نزیک هش دادەنیشێت و زۆر لەسەرخۆ دەڵێت*] ژەنەڕاڵ زۆر بەداخەوەم، فەرمانێکم پێیە کە دەبێ ئەنجامی بدەم.

هش: هاتوویت بمگریت؟

پاسەوان: تکایە! بێ هیچ دەنگێک خواردنەوەکەت تەواو بکە! پەلەم نییە!

هش: کەوایە، بەسەلامەتی و خۆشی من بخۆرەوە!

[*ئیشارەت بۆ گارسۆنی کافەکە دەکات*]

رنو: [*بەهێواشی بە هش دەڵێ*]

ئایا بێ ئەوەی بەرگری لە خۆت بکەیت خۆت دەدەیت بەدەستەوە؟

هش: نەتدەویست کە ئەم فێڵباز و قەحبانە بکەمە مەحرەمی ڕازی بەدبەختییەکانمان؟

رنو: هەقتە. جلوبەرگە چڵکنەکانی کۆمار بەسەر تەنافدا هەڵناواسن.

هش: ڕنو! لەمانە بەولاوە، من تەمەنم بیست و پێنج ساڵە؛ بەڵام ئەم ماوەی بیست و پێنج ساڵەم ئەوەندە پڕ بووە لە ئەزموون[٢٠] و هەڵدێر، نەبوونی و هەژاری، نەزانین و گێلێتی و تێکۆشانی هەمیشەیی و بێ وچانی شەو و ڕۆژی بۆ ڕزگاربوون لەمانە و هەروەها ڕزگارکردنی ئەم ئاژاڵە کوێرانە فیدا بووە و، بەرامبەر خیانەت ئەوەندە شانم قورس بووە، دەڵێی بیست و پێنج سەدەیە ئەم قورساییە لەسەر شانمە.

من بەهیچ جۆرێک، هەرگیز دانانوشتێمەوە. هەردوو قۆڵم لە ژێر باری سەنگیندا بەرز دەکەمەوە؛ ڕای دەگرم؛ دەڕۆم و دەڕۆم و هەنگاو هەڵدەنێم. بەڵام وا هەست

دەکەم کە چارەنووسێکی ڕەش هەموومان لە تەک خۆیدا ڕادەکێشێت. من بێ ترس و سەرزەنشت هەر شتێک کە بەرەو سەربەرزی یاخود گۆڕ و مەرگ ببات، قبووڵ دەکەم.

فوشە: [*دووبارە بەدزییەوە خۆی نزیک خستۆتەوە*]

هاوڕێ، بەجەهەننەم! کەسانێک کە بۆ مانەوە دروست بوون و هاتوونەتە دنیا، هەمیشە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕابەرایەتی چارەنووس؛ هەروەکو تەنافی جۆلاّ دەچنرێت و درێژ دەبێتەوە.

هش: [*بەچاوی سووکەوە تەماشای دەکات*]

کەسانی دیکەش هەن کە بەهەردوو دەستیان توند تەنافەکە دەگرن. چونکە ئەگەر وا نەکەن مەترسی ئەوەیان هەیە سەری تەنافەکەیان لە دەست دەربچێت.

[*فوشە بەتەواوەتی خۆی دوور دەخاتەوە*]

رنو: ڕەفتارت لە تەکیا دروست نەبوو، ئەویش هەروەک تۆ لایەنگرێکی خاسی کۆمارە و وەکو تۆ لەم ڕێگەیەدا ڕەنجی کێشاوە.

هش: ئاه! ئەمە فرە لە ڕەنج کێشان خراپترە؛ ئەگەر بەتەنهایی ڕەنجم بکێشایە خاستر بوو. بەڵام ئەمانەی کە هاودەردیم لە تەکا دەکەن، زێتر ئازارم پێ دەگەیەنن!... [*ڕوو دەکاتە پاسەوانەکە*] هاوڕێ با بڕۆین، تۆ ئامادەیت؟

هەڵدەستێت. [*باڕەر و سکرتێرە جوانەکەی دێنە ژوورەوە*]

باڕەر: فوشە! سلاو.

فوشە: ئەرێ تۆ بەم هەڵسوکەوتە ناشرینەتەوە لە بەدناوی و ڕیسوایی ناترسیت؟

باڕەر: ئێمە لێرەدا لە سنووری کلێساوە دوورین؛ بەبینینی ئەهریمەنە خاسەکان...

فوشە: وە ژنە ئەهریمەنە جوان و نەشمیلەکان!...

بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە گومان و تەمەلوق، تەماشای کلاریسی سکرتێر دەکات.

باراس: تۆ بێ ئەو یەک هەنگاویش هەڵناهێنیت.

باڕەر: ئەرێ، هاوڕێکەم. ئەمە ئەوە سەلمێنێت کە ئێمە لە هەموو جێگەیەکدا کار دەکەین.

باراس: ئاگاداری خۆت بە! پێت دەخلیسکێت.

کلاریس: ئێوە خاسی دەناسن. هەمیشە باڕەر لەم بارەیەوە قسەکانی لە کارەکانی زێترە.



[*هەموویان دەست دەکەن بەقاقای پێکەنین*].

باڕەر: [*بەپێکەنینەوە*]

کێ دەیتوانی وەک من بەئەندازەی قسەکردن، کار بکات؟ نەشمیلەکەم دەبێ داوای لێبووردنم لێ بکەیت!

[*باڕەر چاوی بەهش دەکەوێت کە خەریکە دەچێتە دەرەوە*]

هش!

هش: باڕەر...

باڕەر: ئەوە شێت بوویت هاتوویتە بەردەمی گورگ؟

هش: هێشتا نەچوومەتە نێو دەمی گورگەوە.

باڕەر: هەوڵ دەدەین لە دەمی گورگ بتهێنینە دەرەوە.

هش: بەڵام کارێکت نەکرد کە نەکەومە نێو دەمییەوە.

باڕەر: تۆ هەموو کارەکان و هەوڵ و تەقەلاّکان بەسەرسەختییەوە پووچ دەکەیتەوە؛ چ کارێکمان لە دەست دێت؟

کەسانی دیکەش هەن و لەناو کۆمیتەدا بیروڕای جیاواز هەیە بەرامبەریان. بەڵام ڕەفتار و کرداری تۆ جۆرێکە کە هەموو، یەک باوەڕیان هەیە بەرامبەرت و یەک دەنگن.

هش: ئەگەر هەموو پێکەوە یەک دەنگ بن، مانای ئەوەیە کە لە بڕیارداندا کەوتوونەتە هەڵەوە؛ بەڵام کاتێ باس باسی هەق بێت، جیاوازی باوەڕیش دێتە گۆڕێ.

باڕەر: ئەوە کارنۆیە، چاوم لێیەتی... خۆتی پێشان مەدە! ئەو زۆر تووڕەیە لێت.

[کارنو لە باخەکەوە تێدەپەڕێت]

ببو: [*چاوی پێ دەکەوێت و بانگی دەکات*]

هێی! کارنو، ڕاوەستە.

کارنو: [*بێ ئەوەی ڕابوەستێت*]

بێ گومان دڵنیایت کە پەلامار و هێرشی گەورە دەستی پێ کردووە. «پیشگرو» هێرشی کردۆتە سەر کورترە.

هش: پەکی دەکەوێت و دووبارە دادەنیشێتەوە من ئیدی لەوێ نیم.

کارنو: چارەنووسەکان کایە دەکەن. من ناتوانم سەری گوریسەکە بەڕەڵا بکەم. پێویستە ئێستا لە کۆمیتە بم.

[*بەرێگەی خۆیدا دەڕوات*]

بیو: بەڵێ ئەرک و پێویستی سەرشانمان بانگمان دەکات. کارنو ئەوا منیش هاتم؛ چاوەڕێم بە! مژان تۆیش دێیت؟

[*بەپەلە دەچێتە دەرەوە*]

مژان: [*لە تەک کلاریسدا قسە دەکات*]

هەر ئێستا منیش دێم.

[*لە تەک کلاریسدا هەر خەریکی قسەکردنن؛ لە بریتی ڕۆیشتن، زۆر بەزیرەکییەوە خۆی لەنێو خەڵکەکەدا کە لەوسەر پەردەکەدان، دەشارێتەوە*].

باڕەر: من، کاتم هەیە... ئەوان خەریکی ڕێکخستن و سازکردنی سەرکەوتنن. لە دواییدا منیش سروودی بۆ ڕێک دەخەم.

کولو: [*ڕوو دەکاتە باراس*]

من لەو خاستر ئەنجامی دەدەم

باراس: لەو خاستر؟ ئەو دەنگە گڕەی تۆ دەتوانێت لەنێو گۆڕەپانی شەڕدا هەیاهو بەرپا بکات؛ بەڵام خەڵکی زێتر حەز بەدەنگی خۆش دەکەن. [*ڕوو دەکاتە کلاریس*] کیژۆڵە نەشمیلەکە! وا نییە؟

کلاریس: من فرە هەستی مۆسیقام نییە.

باراس: تۆ زێتر حەز بەساز دەکەیت.

[*پێدەکەنن*]

پاسەوانەکە: [*ڕوودەکاتە هش کە دانیشتووە*]

خاسە، هاوڕێ! با بڕۆین، هیچ بیری لێ مەکەرەوە! تۆ هەبیت یا نەبیت کۆمار هەر سەردەکەوێت.

هش: [*ئارام بۆوە، هەڵدەستێتە سەر پێ*]

ڕاست دەکەیت. من ڕێگەی سەرکەوتنم ڕەخساندووە. با «پیشگرو» لە بریتی من بەرهەمەکەی بچنێتەوە. خواردنی سەخت و دژوار بوو. بەڵام تازە کار لەکار



ترازاوە. نیشتمانپەرستی بێ هوودەیە و خۆ لە بیربردنەوە پڕ لە دەردە. دەروون بەرزێتی پێشەیەکە لە قوڕگدا، دەری دەهێنم و فڕێی دەدەم. هاوڕێکەم! با بڕۆین. هەرچییەک ڕوویدات و پێش بێت، من خزمەتکارێکی کۆمار بووم. ئەگەر بەخزمەتەکانم بزانن یا نەزانن، سوودی لێ وەردەگیرێت. بۆ من تەنیا ئەمە بەسە.

[لە تەک پاسەوانەکەدا دەچنە دەرەوە. هەر لەم کاتەدا فوشە گفتوگۆیەکی زۆر بەپەلە و کورت لە تەک خانمی باڕەردا دەکات؛ لە کاتێکدا کە باڕەر خۆی خەریکی قسەکردنە لە تەک ئەوانی دیکە و ئەوی لە بیرچۆتەوە. لەوسەری پەردەکە، کلاریس دەبینین کە خەریکی قسەکردنە لەگەڵ مژاندا. لە هەمان کاتدا ئەو و کولتوی سیخوڕ کە لە پشتەوە لەلای چەپەوە دانیشتووە و تەماشای یەکدی دەکەن. بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، زۆر بەزیرەکی و لەسەرخۆوە مێزا و مێز بەرەو لای کولتو دەچێت و بێ ئەوەی دانیشێت – زۆر بەخێرایی – لە تەکیا قسە دەکات. لە پاشدا بەناز و غەمزەوە لەسەرخۆ دێتەوە بۆ بەردەم پەردەکە و پاڵ دەنێت بەشانی باڕەرەوە. لە پاشدا بەرەو لایەکی دیکەی سالۆنەکەدا دەڕوات، کە فوشە لەلای ڕاستییەوە دانیشتووە. فوشە لەوێوە خەریکی چاودێریکردنی کولتوی سیخورە کە لە لای چەپەوە دانیشتووە و چەند جارێک چاویان بەچاوی یەکتر دەکەوێت.

فوشە هەموو ڕووداو و هەڵسوکەوتەکانی لە ژێر چاو دایە.

«مژان»یش هەروەکو مار لەم مێز بۆ لای ئەو مێز دەخشێ. تالین هەردوو دەستی بەرز کردۆتەوە و پاڵ بەو خەڵکەوە دەنێت کە لەسەر ڕێگەین. بەجلوبەرگێکی نارێکوپێک لەپڕ خۆی دەکا بەناو کافەکەوە].

تالین: تاوانبارەکان!

باراس: تالین، چی ڕووی داوە؟

تالین: [*لە حاڵێکدا وەک بزن دەباڕێنێ*]

هاوشارییەکان هاوار! بگەنە فریام. ئەوانە خەریکن سەری خۆشەویستەکانمان لەنێو باوەشی خۆماندا دەبڕن.

باراس: [*بەتوانجەوە*]

سەری ژنەکانمان! تۆ «مارسیز» دەخوێنیتەوە؟

تالین: هاوڕێیانم! هیچ کەس وەک ئێمە نەچۆتە ژێر باری هەڕەشە و گوڕەشەیان. با ڕەگی

خوێنمان ببڕن، من ناترسم. با خوێنم بخۆنەوە.

*[خەریکە بکەوێت بەلادا؛ لە پشت مێزی باراس و ڕنو دادەنیشێت]*

مەیگێڕی کافەکە: هاوشاری چی مەیل دەکەیت؟

تالین: [*سەری بەرز دەکاتەوە و بەدەنگێکی ڕەساوە دەڵێ*]

کرئو – لا – ڕوز ٨٦... [دەست دەکات بەئاواز خوێندن] بەڵام پیاوکوژەکان دڵم دەردەهێنن.

باراس: [*لەسەرخۆوە*]

دڵت دەردەهێنن... چۆن چۆنی؟

تالین: [*هەروەکو هەورە بروسکە دەنەڕێنێ و مشتەکۆڵە دەکوتێ بەسەر سنگی خۆیدا*]

دڵ.

باراس: [*بەئارامییەوە*]

چۆن چۆنی دەریانهێناوە؟

تالین: [*بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکانی، دەناڵێنێ*] «تریزا»کەم!

باراس: لا کاباروس؟

تالین: [*بەهەمان شێوەوە*]

ڕفاندیان لێم.

باراس: ئاه، دڵڕەش! ئەمیش یەکێکە لە کارە توندڕەوییەکانی ڕۆبسپیر؟

پێدەکەنێت. [*بەوردی سەرنج دەدات ئارام*]

بەڵام تالین بۆتە یەکێک لە کۆمەڵەی ئێمە.

تالین: شۆخی مەکە! ئەگەر دەمزانی، دەمکوشت. دەمکوشت.

باراس: بەئانیشک تێی دەخوڕێ

پێویست ناکات ئەوەندە بەدەنگی بەرز قسە بکەیت.

تالین: [*لە پڕ سارد دەبێتەوە*]

بەڵام خۆ من هیچی وام نەوت؛ شتێکی وام نەوت کە...

باراس: خاستر وایە هەرچی شتێک ڕووی داوە زۆر بەئارامی و لەسەرخۆ هەموویمان بۆ باس بکەیت!



تالین: [*مەی تێ دەکات*]

زۆر بەئارامی؟ کێ دەتوانێ ئارام بێت؟ تەنانەت هەرکە دەمەوێت ناوی ببەم – ناوی تریزاکەم بێنمە سەر زمان – ناتوانم خۆم ڕابگرم. گڕم تێبەر دەبێت و خوێن بەرچاوم دەگرێت. باراس، ئایا تۆ ئەو ژنە شۆخ و نەشمیلە جوانەت دیبوو؟ ئەو سینەیەی، سمتی، ئەو لەش و لارە نەرمەی کە ئێژی فریشتەیە، ئەو هەموو پێکەنینە جوانەی... چۆن چۆن گەرەکتە لێم کە بەئارامی قسە بکەم و دەنگم نەلەرزێ کە ناوی دەبەم؟ هەروەها کە باوەشی گەرمیم دێتەوە یاد، شێت و هار دەبم. بێ هێز و توانا دەبم و ناچارم هەموو بیرەوەرییەکانی بێنمە بەرچاو...

باراس: [*بەلاسایی و دەمە لاسکەوە*]

خاسە با بزانم! تالین، ئادەی بیهێنەرە بەر چاومان.

تالین: [*لەپڕ تووڕە دەبێت و پەرداخەکەی – کە قوم قوم لێ دەخواردەوە – دەکوتێ بەسەر مێزەکەدا*].

ئەو بێ بەزەییانە خستوویانەتە زیندان. دەستە خوێناوییەکانیان خستۆتە سەر ئەو لەش و لارە نەرم و شلە پڕ لە ئەوینە... ئەو ژنە گەورەیە فرمێسک لە چاوانی دێتە خوار و لە زینداندا هاوارم بۆ دەکات!

باراس: هیچ چارەیەکت نییە جگە لەوەی تۆیش بچیتە لای ئەو. ئەرکی سەرشانت بەتەواوەتی دیار و ئاشکرایە.

کاریە: [*دەست و پێی درێژ و لاواز، پشتی چەماوەتەوە و هەروەکو هەنگ لەشی دوو پارچەیە؛ لە لایەکەوە بێدەنگ دانشتووە. گشت پەرداخەکانی سەر مێزەکە فڕێ دەدات و دەکوتێ بەمێزەکەدا و هەڵدەستێتە سەر پێ*]

باراس! مەسخەرەبازی بەسە ئیتر! ئەوەی بەسەر تالین هاتووە، یەکە یەکە بەسەر ئێمەیش دێت. هەریەکێ لە ئێمە خۆشەویستێکمان هەیە. کێ دەتوانێ متمانە بکات کە ئیمشەو یەکێک لە ئێمە ناخەنە نێو زیندان؟ ئیدی هیچ کەسێک لە تۆڵەی ئەو زۆردارە بێ ترس نییە.

ڕنو: کەسێک بێ تاوان بێت، تۆڵەی لێ ناگیرێت.

کاریە: [*بەڕوو گرژییەوە*]

منداڵی دوژمن هەرگیز بێ گوناه نییە. بەداخەوە کە ڕۆبسپیر منداڵی نییە.

رنو: [*بەبێ باوەڕییەوە*]

تۆیش هیچت لە ئەو نەگەڕاوەتەوە؛ لەو خاستر نیت.

کاریە: [*بەلاسارییەوە*]

دان لە بریتی دان!

باراس: هەروەک من بن؛ منداڵ، هەرگیز. لە شۆڕشدا نابێ بار و بنە بەردەممان بگرێت و دەست و پێمان ببەستێتەوە.

[*خەڵکی دیکەیش هاتوونەتە دەوروبەری والییەکان*].

توریو، لکونتر. پێویست ناکات یەکە یەکە بیانناسێنین. مژان و کلاریس، لە بەردەمی پەردەکەدا لەلای ڕاستەوە، لە نزیک ئەو پێ پیلکانەی کە دەڕوانێتە سەر باخچەکە، دەبینرێن و لەوێوە چاودێری ئەوانە دەکەن کە خەریکی هاتوچۆکردنن.

توریو: لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوانەدا، باوەڕم نەدەکرد ڕۆبسپیێر ئەوەندە شێت و دێوانە بێت. زۆر سەختە کە بتوانێت ئێمە تاوانبار بکات.

لکونتر: [*هەروەکو کاریە ڕوو گرژ و شپرزە*]

لەبەرئەوەی ناتوانێت وا بەئاسان لێمان بدات، گەرەکێتی بۆ تۆڵەسەندنەوە لێمان، کەسوکارەکانمان بەناوی بارمتە لە دەستمان دەربهێنێت.

باڕەر: [*لە پشت مێزێک لە تەنیشتمانەوە دانیشتووە. ڕووی وەردەگێڕێ و بێ ئەوەی ئەوانی دیکە ئاگادار بن چەند وشەیەک لە تەک ڕنو بەهێواشی قسە دەکات*].

قسەکانیان زۆر بێ مانا و بێ بایەخە. خۆشەویستی تالین ناوجەرگی کاباروسی نەبڕیوە. ئەو ژنە بۆ خۆڕازاندنەوە و خۆشگوزەرانی خۆی، ناچاری کردبوو کە بوردو ڕووت بکاتەوە. ئەم شاژنی ناز و عیشوەیە دوکان و بازاڕێکی گەرمی لە پاسپۆڕت و نازکردن بۆ خۆی کردبۆوە! ئەو زۆر بەچاکی دەوری ئەنتوان[21] لە تەک کلیوپاترەدا دەبینێت.

رنو: ئەکتاو[22] هاتووە. ئوگوست[23] دێت.

باڕەر: هیچ مەترسییەک نییە؛ ئەنجومەنی پیاوماقوولان[24] پڕە لە خەنجەر...

سەبارەت بەم یەکەیان [*ئیشارەت بۆ تالین دەکات*] ئەگەر بەمن بوایە، تەنیا چەند پرسیارێکم لێ دەکرد و ئیدی بەس بوو. دیارە ئەو خۆی بەنیشتمانپەروەرێکی



خاس داوەتە قەڵەم. ئەو کەوتبووە داوی «کالیپسو»[25]یەک. لەشی لاوازە؛ ئێمە خەڵکی باشوور ئەمە خاس دەزانین. بەڵام ڕۆبسپیێر دەربارەی ڕووداو و مەسەلەی جنسی و پارەوپوولی دەوڵەت، گاڵتەی لە تەکا ناکرێت و شۆخی لەگەڵ کەسدا ناکات. سەبارەت بەشێوەی کاری خۆی هەق بەئەوە. مرۆڤ تا ئەو شوێنەی کە بۆی دەکرێت پێویستە پاک بێت؛ بەڵام کە بۆی نەکرا دەبێ بەرامبەر بەگوناهکار لێبووردوو بێت. هەموو کەسێک گوناهکارە و گوناهکاریش دەبێت؛ بەتایبەت ئەگەر گوناهکار یەکێک لە ئێمە بێت کە هەموومان کوڕی خاسین. پێویستە بۆ ڕزگارکردنی هەوڵ بدەین. ئایا دەتوانی لە بریتی من ئەم قسانەی بۆ بگێڕیتەوە.

رنو: ئەو هەرگیز گوێ ناگرێت؛ دێوانەیە.

باڕەر هەرکە هەست دەکات سکرتێرەکەی دیار نییە، بەچاو بەدوایدا دەگەڕێت و چاوی پێی دەکەوێت؛ هەڵدەستێت و دەچێتە ئەولای پەردەکە بۆ لای

لە هەمان کاتدا والییەکان و نارازییەکان هەموو پێکەوە بەدەوری یەکتردا کۆبوونەتەوە.

[*بەدرێژایی ئەم هەموو قسە و گفتوگۆیانە، تالین هەر خەریکی مەی خواردنەوەیە و پڕمەی گریانی دێت*].

کاریە: [*ڕوودەکاتە تالین*]

لە بریتی ئەوەی فرمێسک برێژی و هەروەک گا ببۆڕێنی، خاستر وایە بێ هیچ کات بەفیڕۆدان لە تەک ئێمەدا کار بکەیت. تۆیش باراس! کاتێک کە خەنجەرت بەدەستەوە نییە، لەم شۆخییە بێ تامانە مەکە.

نیگارو بەقسەی خۆش خۆی دەخەڵەتێنێ! ئایا تۆ هەست بەوە ناکەیت کە گیوتین بەسەر سەرتەوەیە؟

باراس: شێوەی قسەکردنی دەگۆڕێت

کاریە، دڵت بۆ من نەسووتێت. من لە سەرەمە ئەو دەستە بگرم کە دەستە خەنجەرەکەی گرتووە؛ ئەگەر تیغی خەنجەرەکە هەڕەشەم لێ بکات، دەتوانم ڕووی وەرگێڕمە سەر سنگی خۆی.

کاریە: کەوایە چاوەڕێی چی دەکەیت؟ چاوەڕوانی ئەوەیت کە یەکە یەکە هەموومان لەناوبەرێت؟ با پێش ئەو دەست پێش بخەین.

باراس: هێشتا کاتمان هەیە.

کاریە: [*بەبەدگومانی و هەڕەشەوە*]

چیت لە خەیاڵ دایە؟ بەتەمای چیت؟ دەڵێن کە گەرەکتە لە تەک ئەو زۆرداره ڕێک بکەویت.

باراس: چاو زەق مەکەرەوە! ئەگەر بتتوانیبایە، تۆیش لە تەکیا ڕێک دەکەوتیت... بەڵام تۆ ناتوانیت.

رنو: باراس! تۆیش ناتوانیت. وا دەزانی دەتوانی ڕۆبسپێر هەڵخەڵەتێنی؟ ئەو مرۆڤێکی ئاسایی نییە. ئەو خۆی لە خۆیدا باوەڕێکە.

باراس: خاسە! هەموو باوەڕێک لە پێناوی خزمەتکردن بەسوود و بەرژەوەندی هاتۆتە کایە. سوودی ڕۆبسپێر لە هەموو ئێمە زێترە. ئێمە چیمان دەوێت؟ تالین، جوانکیلەکەی خۆی دەوێت کە لە تەکیا ڕابوێرێت و من تەنیا گۆڕەپانێک بۆ کارکردن و ڕووداوی نوێ. هەریەکە لە ئێمە بەشێک لە پایەوپلە و ویستی خۆمان. هەموومان پارچەیەک نانی شیرینیمان دەوێت. بەڵام ئەو ناکەسە وشکە، هەمووی گەرەکە. تەنیا دەسەڵاتێک کە دەتوانین هەمان بێت بەسەریدا، ئەوەیە کە ئەو تەنیا لە ژێر سێبەر و هاوکاری ئێمەدا دەتوانێت بگاتە ئارەزووەکانی. ئەو بەتەنیایی فرە لاوازە. ئەو تەنیا دەنگێکە کە وڕێنە دەکات و بەتەنیایی هیچی پێ ناکرێت.

کاریە: وە تۆ دەتەوێت خۆت بەوەوە هەڵبواسیت؟

باراس: لە پێناوی بەرژەوەندی خۆم.

رنو: شانسی سەرکەوتنت فرە کەمە.

باراس: شانسی کەمترە... کەوایە ئەو پەنجەی خۆی دەگەزێت و پەشیمان دەبێتەوە.

رنو: خۆپەرستیتان لە ئاکامدا یەک بەدوای یەک، لە ناوتان دەبات. ئەگەر هێز و توانا بکەوێتە دەست ڕۆبسپێر، باشترین پلە کە پیایدا سەربکەوێت، پەستی و زەبوونی ئێوەیە. «هەریەکە تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە» تەنیا ڕێگەیەک کە هەیە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ببینەوە و بتوانین خۆمان بەرامبەری ڕابگرین و سەربکەوین بەسەریدا، ئەوەیە کە هەموو هێزەکانمان یەک بخەین و سوود لە شانس و بەختمان وەربگرین.

باراس: هەر کاتێک ئێوە ئامادەبوون بۆ جووڵانەوە و دەست بەکارکردن، منیش ئامادەم و لەتەکتان دەبم. بەڵام ئێوە هەمووتان تەنیا وەکو ئەم یەکەی کە وەک بزن دەبارێنێ،



بەکەڵکی قسەکردن و وڕێنەکردن دێن.

[*ئیشارە بەتالین دەکات*]

توریو: شەڕ بەرپاکردن لەنێو ئەنجوومەندا یەکەمین هەنگاوە بەرەو بەزینیان. زۆربەی زۆری دەنگ لەوێ، لە لایەن کەسانێکەوە دابین دەکرێت کە مەرگیان کەمێک دواخراوە و هەموو کات چاوەڕێی دەرچوونی فەرمانی ئەون.

کۆمیتەکان ڕێ لە زۆر لە داخوازییەکانی دەگرن؛ بەڵام ناوێرن بجووڵێنەوە.

«ژاکوبن»ە شۆڕشگێڕە بەڕەڵاکان، هەموویان لە تەک ئەو دان و پشتگیری لێ دەکەن. چیمان پێ دەکرێت؟

کاریە: [*زۆر لەسەرخۆ فیکە لێدەدات و توڕەیە؛ بەڵام خۆی ڕادەگرێت*]

پێویستە هەروەکو سەگ بیتۆپێنین!

[*رنو و باراس پێی دەڵێن «وس؟!» و تەماشایەکی دەوروبەری خۆیان دەکەن تا بزانن کەس گوێی لە دەنگیان بوو یا نەء. بەڵام تالین دووبارە دەنگی بەرز دەکاتەوە و ئەو قسەیەی بیستوویەتی دووپاتی دەکاتەوە*]

تالین: دەبێ بیکوژین!... کێ ئەم کارە دەکات؟ من.

کاریە: من.

لکونتر: ئەمن.

[هەر لەم کاتەدا غەڵبە غەڵبێک لە باخەکەی سەرەوە دێتە بەرگوێ. مژان و کلاریس تەماشای یەکتر دەکەن؛ لەوە دەچێت کە ئەو دووانە چاوەڕێی دەنگوباسێک بن. خەڵکی ڕادەکەن و هاواریان دەگاتە گوێ].

خەڵک: [*لە دەرەوە*]

ڕۆبسپێریان کوشت. سەری ئەو پیاوە پیرۆزەیان بریوە. [مژان خۆ دەگەیەنێتە لای فوشە. کلاریس بەرەو لای بارەر ڕا دەکات. کولتو لە جێگەی خۆی هەڵساوەتە سەر پێ. خەڵکی بەتووڕەییەوە دێنە ژوورەوە].

[*لەپڕ هەراوهۆریا بەرز دەبێتەوە*]

کاریە: [*لە کاتێکدا کە بەشادمانییەوە تەماشای ئەوانی دیکە دەکات*].

کارئەنجام بوو

تالین: [*بەجۆش و خرۆشەوە*]

کەوایە خوایەک هەیە.

[*فوشە لە گۆشەیەکدا کە چاودێری چلۆنایەتی حاڵ و ئەحواڵی دەکرد، دێتە پێشەوە. بەپەلە بەرەو مێزی والییەکان دەڕوات و بەدەنگێکی ڕەساوە فەرمان دەدات*].

فوشە: بێ دەنگ بن!

[*باراس و ڕنوکە زوو ئاگاداری ئەحواڵ بوون، هەوڵ دەدەن کە تالین بێ دەنگ بکەن*].

تالین: چۆن! ئایا مافی ئەوەم نییە بەئاشکرا قسەکانم بکەم؟

فوشە: بەدەنگێکی بەرزەوە

ئەمە پرسەی هەموومانە...

باراس: [*ڕوو دەکاتە تالین*]

گەوجە، بێدەنگ بە و گوێ ڕا بگرە.

جموجۆڵ و هەراوهۆریای خەڵکی زێتر و زێتر دەبێت. خەڵکی هاوار دەکەن و، لە کاتێکدا کە پێپیلکەکانی کافەکەیش پڕێتی لە خەڵک، بەدەموچاوی گرژ و ترسناکەوە دێنە پێشەوە. بەردێکی گەورە دەگرنە شووشەیەکی کافەکە و دەیشکێنن.

خەڵک: ئێرە مۆڵگەی پیاوکوژەکانە. ئەم موسکادنانە، ئەم پیاوکوژانە، با گڕ بەردەینە مۆڵگەکەیان و بیسووتێنین.

[*هەندێ لە موشتەرییەکان هەڵدەستن و بەملاو ئەولا ڕا دەکەن و یا خۆیان دەگەیەننە ئەوپەڕی کافەکە. ئەوانی دیکە تووڕە دەبن و وەک دیوارێک بەرامبەریان ڕادەوەستن*].

بارەر: [*دەچێتە پێشەوە لێیان*]

هاوشارییەکانم ئارام بن! من بارەرم، دۆست و هاوڕێی ڕۆبسپێر.

فوشە: ئێمە هەموومان لێرە دۆست و هاوڕێی ڕۆبسپێرین. ئەمە بارەرە... نیشتمانپەروەرێکی باشە...

بارەر: [*ئیشارەت بۆ کاریە دەکات*]

ئەمیش «کاریە»یە؛ ئەو کەسەی هەموو یاخیبووەکان و جەردەکانی «واندە»ی لەناوبرد.



خەڵک: خۆشحاڵ دەبن

ئەو جەردەکانی «پاریس»یشی لەناوبرد.

کاریە: [*قۆڵی لێهەڵ دەکات*]

با بڕۆین!

بارەر: بەڵام ئەو پیاوکوژانە لە کوێن؟

رنو: و ئەوانە کێن؟ کێ چاوی پێیان کەوتووە و دیونی؟

فوشە: بەڕاست ئایا کەس دەزانێت چی ڕووی داوە؟

کوڕێکی لاو: [*لە دەرەوە*]

من، من لەوێڕاوە دێم

[*ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە*]

خەڵک: با قسە بکات.

خەڵک پاڵ بەکوڕە لاوەکەوە دەنێن و لە سەر جادەوە دەیهێننە ژوورەوە. دەچێتە سەر کورسییەک و زۆر بەجۆشەوە دەست دەکات بەقسەکردن.

کوڕە لاوەکە: چارەڕەشێکی بەدبەخت، نۆکەرێکی جەهەنەمی، لەبەر دەرگای دەرەوەی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک لە بۆسەدا بووە و چەندین سەعات چاوەڕێ بووە کە ڕۆبسپێر بێتە دەرەوە و بیکوژێت. بەڵام بەلوتف و مەرحەمەتی خوا ڕۆبسپێر نەهاتە دەرەوە. ئەو پیاوکوژە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی سەندبێتەوە، گوللەی دەمانچەکەی بەسەر کولو دربوا خاڵی دەکاتەوە و تەقەی لێ دەکات. کولو هەروەکو شێرێکی زامدار کەوتە سەر زەوی...

لکونتر: بەهێواشی

نەکوژرا!

کاریە: [*بەهێواشیەوە*]

جارێکی دیکە دەکوژرێت.

فوشە: [*لە نزیک ئەوان دایە؛ بەشێوەیەکی فەرمانی*]

دەمت دابخە. قسەکانمان دەبیستن... «بەدەنگی بەرزەوە»

با هەموومان شاد و خۆشحاڵ بین. «ماکسمیلین»ی خۆشەویستمان ڕزگار بووە.

توریو: کۆمار ڕزگاری بووە.

باراس: تەمەنی ئەو پیاوە بەرزە بۆ نیشتمان درێژ بێت [لەسەرخۆ] تالین، نۆرەی تۆیە.

تالین پێشنیار دەکەم کە هەر ئێستە چەند کەسێک بەنوێنەرایەتی لە ئێمەوە، بڕوات بۆ لای ڕۆبسپێر و دوعای خێری ڕاستەقینە و ئەوینی نیشتمانی ئێمەی پێ بگەیەنن.

فوشە: [*بەگوێی کەسێکدا دەچرپێنێ کە تاوێک لەمەوبەر مژان قسەی لە تەکدا دەکرد*].

دوو چەقۆیان لەو کچە جوانەی کەنیازی بوو چاوی بەڕۆبسپێر بکەوێت گرتووە.

[*هەراوهۆریا پتر دەبێت*]

فوشە: ئێمە داوای سزادانی ئەو پیاوکوژانە دەکەین؛ دەستیان ببڕین؛ ئیعدامیان بکەین.

باراس: [*بەهێواشی*]

فشە مەکە! زۆر شوولّت لێ هەلّکێشاوە...

فوشە: [*بەهێواشییەوە*]

کاتێک کە دوژمنەکەت لە مەترسی ڕزگاری بووە، پێویستە بەڕێزلێگرتن، بەدناوی بکەیت. [*بەکاریە*] کاریە تۆ هەر ئێستا بچۆ بۆ ئەوێ!

کاریە: [بەهێواشی بەفوشە]

ئەم خەلّکە دژی کێ و چی شتێک بورووژێنم؟

فوشە: [*هەروا بەهێواشی*]

دژی دوکاندارە گەورەکان، لە لای ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی شار.

کاریە: هەر بەو شێوەیەوە

بەلاّم ئەمانە هەموو شتێک وردوخاش دەکەن.

فوشە: [*هەر بەوشێوەیەوە*]

با هەرچییەکیان دێتە بەردەست بیشکێنن؛ تالاّن بکەن.

کاریە: بەهێواشی

شێت بوویت؟

فوشە: [*هەر بەو شێوەیەوە*]



با وابکەن!... کێ بەرپرسیاری ئەم یاخیبوون و بەڕەلاّییە دەبێت؟ بێ گومان ڕۆبسپێر. کێ ناچار دەبێت کە بەرهەلّستی ئەم خەلّکە یاخیبووە بکات؟ دووبارە ڕۆبسپێر...

کەوایە کاریە! لەم بارەیەوە هیچ دوودلّ مەبە. وازبێنە، با ئەم شالاّوە بڕوات. [*ڕوو دەکاتە کولتو*] ئەم ئاغایانەیش [*ئیشارەت بۆ ئەو کەسانە دەکات کە بەدەوروپشتی کولتو کۆبوونەتەوە*] بێ گومان دەیانەوێت لەوێدا یارمەتیمان بدەن.

[*بەهۆی ئەو تەماشاکردنانە و گفتوگۆ هێواشییەی کە لەنێوان فوشە و مژان و کولتو و ئەوانی دیکە ئالّوگۆڕ دەکرێت، هەموویان ئەم پێشنیارە پەسەند دەکەن*].

کاریە: لە کاتێکدا کە دوودەستە بەدەوروبەری خۆی پێک دەهێنێت، بەناوی ڕۆبسپێری پاک! بۆ تۆلّەسەندن لە دوژمنانی، دژی بەدکاران، سەوداگەران، ئەو کەسانەی خوێنی خەلّکیان مژیوە، مالّگرەکان... دژی بۆرژوازییەکان!...

[*هەموویان بۆ دەرەوەی کافەکە هێرش دەبەن*].

**[ پەردە دادەرێتەوە ]**

لەنێو ئەو هەراوهۆریایەدا باڕەر لە چاو ون دەبێت؛ واتە لە کاتێکدا فوشە و کاریە خەریکی بەرپاکردنی شۆڕش بوون، باڕەر لە تەک کلاریسدا دەچنەوە.

# پەردەی دووەم

## تابلۆی هەشتەم

کات: [*سەرلەبەیانی رۆژی ۲۰ی پەرەیال «٨ی ژوئەن»، رۆژی پانتکوت و جەژنی رۆژی مەزن*]. (**)

شوێن: ئەپارتمانی ویلات، ئەندامی لیژنەی داوەری، نهۆمی دووەم لە کاخی تویلری.

لە پەنجەرەیەکەوە کە بەڕووی ئاسمانی سافدا کراوەتەوە، نەواری رەنگاورەنگی درێژ، لقوپۆپی درەختە بەرزەکانی تویلری، ئاڵایەکی یەکجار زۆری شەکاوە، دیمەنی جوان و دڵڕفێنی باخەکە دەبینرێت. لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەردەی سەر شانۆکە، دەستەیەک کۆتری سپی – کە قردێلەی درێژی سێ رەنگ بەپێیانەوە بەستراوە – بەئاسماندا دەفڕن و تەقلە لێ دەدەن. گوڵی سوور، بەشێوەی تاجی گوڵ، لە پەنجەرەکاندا بەدەوری ئاڵاکاندا، لەسەر مێز، لە ناو پەرداخەکاندا بەدەست ئەو ئافرەتانەی کە دێنە ژوورەوە، بەهەموو شێوەیەک و لە هەموو جێگەیەک دەبینرێت.

خەڵکی دێنە ناو گۆڕەپانەکە و جێگەی خۆیان دەکەنەوە؛ لە سەر کورسییەکانی نێو کاخدا دەنگی شادی و خۆشی و تریقەی پێکەنینیان لە دەرەوە دێتە گوێ.

[*لە هەمان کاتی بەرزبوونەوەی پەردەکەدا رۆبسپێر لە تەک ویلاتدا، لە دەرگای لای راستەوە دەردەکەون و دێنە ژوورەوە*].

ویلات: ماکسیمیلێن، فەرموو بێرە ژوورەوە. بڕوانە ئەنجامی کارەکەت! تەماشاکە جەماوەر بۆ رێزگرتن لە خودای مەزن، چۆن کۆبوونەتەوە...

[*رۆبسپێر دێتە ژوورەوە. لە یەکەمین هەنگاویدا رووناکی و دەنگی بەرزی کۆمەڵانی خەڵک و هاواری شادمانییان سەرسامی دەکات. وەکێ کزەبایەک لە دەموچاویدا بێت، تاوێک رادەوەستێت. هەردوو دەستی دەخاتە سەر سینەی و بۆ ئەوەی لێدانی دڵی ئارام بکاتەوە، کەمێک دەست دەکێشێت بەسەر دڵی خۆیدا*].

چیتە؟ لەوە دەچێت زۆر بەخێرایی بەپلەکاندا هاتینە سەرەوە؟... دانیشە... [*کورسییەکی بۆ رادەکێشێتە بەردەمی*] تۆ لە ماڵی من دایت. پێش دەستپێکردنی



بەرنامەی جەژن، دەرفەتی ئەوەت دەبێت ماوەیەک لەگەڵ چەند دۆست و هاوڕێدا لەم میوانییە فەقیرانەیەمدا، گفتوگۆ بکەیت.

[*ئیشارەت بۆ مێزێکی سادە دەکات کە بەشێوەیەکی فەقیرانە رازاوەتەوە. ئەو مێزە پاش تاوێکی دیکە پڕ دەبێت لەو گوڵە سوورانەی کە ژنەکان پاش هاتنە ژوورەوەیان لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن و دەیخەنە سەر مێزەکە. لە پاش هاتنە ژوورەوەی رۆبسپێر، میوانەکان، ژن و پیاو، دەستە دەستە دێنە ژوورەوە و هەندێکیان لە پەنجەرەوە دەڕواننە رۆبسپێر و تێر تەماشای دەکەن؛ ئەوسا دێنە ژوورەوە. دۆست و دوژمن تێکەڵاون*].

رۆبسپێر: [*کورسییەکەی کە ویلات بۆی هێناوە، بەدەست لای دەبات*] سوپاست دەکەم ویلات؛ نە، هیچم گەرەک نییە.

ویلات: بێرە کەنار پەنجەرەکەوە، با خاستر ببینیت.

رۆبسپێر: دەستێکی دەخاتە سەر مێزەکە

نە... راوەستە جارێ... [*داوای لێبووردن دەکات*] من سەرسام و حەپەساوم... پێشبینی ئەم جۆرە نەمایشەم نەدەکرد.

ویلات: لەگەڵ ئەمانەشدا دەتزانی... بۆچی کاتێک کە دەهاتیتە ئێرە، لەسەر جادەکان بەختەوەری و شادمانی و تریقەی پێکەنینی کۆمەڵانی خەڵکت نەدەدی؟ هەموو پاریس بەسۆزەوە خەریکی گۆرانی وتن بوون.

[*چەند ژنێکی لاو و شۆخ، بەئارەزووی ئەوەی کە رۆبسپێر لە سەر پێ پیلکەکان چاوی پێیان دەکەوێت، بانگیان دەکرد*].

[*هەموو پەنجەرەکان بەنەوار و لەبەردەمی هەموو دەرگاکان، بەدرەختی پڕ لە گوڵ رازابۆوە؛ هەموو شوێنێک پڕە لە گوڵی سوور. سەرانسەری پاریس بۆتە پارچەیەک گوڵی سوور*].

ژنێکی لاو بەپێکەنینەوە چەپکێک گوڵی سووری دەداتە دەست. ئەویش لێی وەردەگرێت و بێ ئەوەی ئەو قسانەی لە دەوروبەریدا دەکرێت سەرنجی رابکێشێت، چاوی بڕیوەتە پەنجەرەکە؛ دەڵێی میقناتیز رای دەکێشێت. زۆر بەپەرۆشەوە بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات. خەڵکەکە دەچنە لاوە بۆ ئەوەی رێگەی بۆ بکەنەوە. هەرکە دەگاتە کەنار پەنجەرەکە، جەماوەری خەڵک لە دەرەوە هەموو دەکەونە ستایشکردنی. لە هەمان کاتدا، هاوارێک... دوو هاوار... سێ هاوار... بەرز

دەبێتەوە و بەدوایدا هەموو جەماوەر لە خۆشیدا هاوار دەکەن و لە هەموو لایەکەوە دروودی بۆ دەنێرن] بژی... بژی... بژی...

جەماوەر: ماکسیمیلین!

[*لە ناو جەماوەرەکەدا دەنگێکی دلێر و بەرز هاوار دەکا* ] :

سروودێک بەشانازی وجود عالی:

«سەرچاوەی ڕاستی کە داوبازێتی بەسووک و ڕسوا دەژمێرێت.

کانیی هەموو شتێک و هەر ئەو شتانەی کە بەرگری هەمیشەیی خواوەندی ئازادی، باوکی سروشت، ئیلهام بەخشی دروستکەر و ڕاگر ئەی تۆ کە نەخولقاوی، بنچینەی یاسا و دوژمنی سەرسەختی هێز و توانای تەکڕەویت. فەرەنسە بەرامبەرت وێستاوە!»

ڕۆبسپیێر دووبارە واقی ورماوە؛ بەڵام چونکە نوقمی دەریایەکی پڕ لە خۆشی بووە، ئاگای لە هیچ کام لە وتوویژ و هەڵسوکەوتی نێو ژوورەکەدا نییە؛ نە هیچ دەبیستێت و نە هیچ دەبینێت.

ڕۆبسپیێر: خەڵک! خەڵکەکەم... من هی ئێوەم و بۆ ئێوەم. هیچ شتێکم نییە کە هی تۆ نەبێت... بمگرە، بمخۆرەوە، بمسووتێنە، گشت لەش و گیانم بەفیدات بێت!... ئەی خەڵکی مەزن! خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لەنێوان تۆدا لە دایکبووبێت. لەو خۆشبەختتر ئەو کەسەیە کە بتوانێ لە پێناوی بەختەوەری تۆدا بمرێت.

[*لە ناو ئەوانەی کە دێنە ژووری ویلات، چەند کەسێک لەو نوێنەرانەی کە دژی کنوانسیونن، بەرچاو دەکەون. هەرچەندە زانینی ناویان بۆ بینەرەکان گرنگ نییە، بەڵام ناوی هەندێکیان دەڵێین: وادیەر، بوردن، مولن و دوتینویل*] .

وادیە: بەتەوس و گاڵتەوە.

ماکسیمیلین! هەموو شتێک بەگوێرەی ویست و ئارەزووی تۆیە! زۆر کەم دەوڵەمەند هەیە کە بتوانن وەک تۆ ئەم خۆشییەیان دەست بکەوێت.

ژنێکی لاو: ئاه! چەن قۆز و جوانە! چەن دەچێتە دڵەوە.

ماکسیمیلین ئێمەیشت خۆش بووێت. ئێمەش لە خەڵکین.

ڕۆبسپیێر: [*هیچ نابیستێت*]



نیشتمانەکەم! ئەی ئەو زەوییە دڵڕفێنەی کە سروشت بەخۆشیەویستییەوە نەوازشت دەکا و دەتلاوێنێتەوە! تۆ مەڵبەندی ئازادیت و شایانی شانازیت.

خەڵکی سەربەرز و هەستدار، تۆ دوو هەزار ساڵ لە پێش هەموو خەڵکی دیکەیت و ستەمکاران هەرکە بیر لەم جەژنە دەکەنەوە، ڕەنگیان زەرد دەبێت. ئێمە بەسەرکەوتنەوە فەرمان دەدەین. من گوێم لە شەقەی باڵەکانییەتی کە لە ئاسمانی زێڕیندا باڵەفڕێ دەکات؛ مەشخەڵی شۆڕش لە نیوەی جیهاندا بەرز دەکاتەوە و شەوەزەنگی ژینی مرۆڤ، ڕۆشەن دەکاتەوە. نیوەکەی دیکەی جیهان هێشتا لە تاریکی شەودا، لە خەو دان. ئێمە لە خەو هەڵیان دەستێنین. جارێکی دیکە ئێمە کونسەرتی پیرۆزی هەموو خەڵکەکان پێک دێنین و ئێمە بەرگری لە شەرەف و مافیان دەکەین. هەموویان بانگ دەکەین بۆ ئەم جەژنەمان؛ کەی وەرامی بانگەوازەکەمان دەدەنەوە؟ کەی هەموو پێکەوە جەژنی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی دەگرین؟

وادیە: ئەمەتا ئەندازەیەکی زۆر دووربینی و بەرزفڕینە! زۆر لەو خەڵکەی ئەو بانگیان دەکات، دژمان دەجەنگن.

ڕۆبسپیێر: ئێمە تەنیا دژی کەسانێک جەنگ دەکەین کە زوڵم و ستەم دەکەن. ئێمە هیچمان بۆ خۆمان ناوێت؛ بەڵکو ئاواتەخوازین کە گشت مرۆڤەکان، لەبەختەوەری، لە سامان و ئازادیدا لە تەکماندا هاوبەش بن.

بوردن: هێشتاکو تا ئێستا خۆمان نەبووینەتە خاوەنی ئەو شتانە.

ڕۆبسپیێر: هەژاری ساماندارییە و دەرد و ڕەنج خۆشی و شادییە. بێ گومان هاوڕێ لەگەڵ ئەمانەدایە کە بەختەوەری پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی دێتە دی.

وادیە: [*بەتەوس و گاڵتەوە*]

«نرخی یەکێک لە کەسەکانت زێترە...» مرۆڤ تەنیا ژیانێکی هەیە!...

ڕۆبسپیێر: *[بزوێنراوە و سەرتاپا لێی ورد دەبێتەوە]*

بەدبەخت و بێچارە ئەو گیانانەی کە لەنێو بۆگەنی نەبوونی خۆیاندا دڵخۆشن. دەبا هەر لەو شوێنەی کە تیایدان نوقم بن. بەڵام ئەو میوە کرمۆڵانە ئەو ئازایەتییەیان نییە و ناوێرن توخنی باخەکانمان بکەون و تووشی نەخۆشییان بکەن و گەنمەکانمان ژەنگاوی بکەن. نە، تا من زیندووم، ناهێڵم بەهۆی پروپاگەندە و وتوویژی

ژەهراوی، خراپە بڵاو بکەنەوە و بەچاکەی بدەنە قەڵەم و زیان بگەیەننە دژکامی!

بوردن: بەڕێزێکی تەواوەوە

ماکسیمیلین! ئەم بیروباوەڕە پیرۆزەی تۆ، زێتر و زێتر سەربەرزت دەکات؛ بەڵام ئایا گومان ناکەیت لەوە کە کاری ڕابەرایەتی خەڵک، ئەرکێکی یەکجار سەخت و گەورەیە؟ ئایا ڕاگرتنی خراوەتە سەر ئەستۆی تۆ؟

ڕۆبسپێر: وەرام، من وەک قابیل وەرام نادەمەوە. ئەرێ ئەرکی سەرشانمە و پێویستە کە ئاگاداری براکەم بکەم و بیپارێزم.

ژنە لاوەکان: تۆ شوانێکی خاسیت. خۆشبەخت ئەو میللەتەی کە تۆ ڕابەرایەتییان دەکەیت!

ڕۆبسپێر: ئەگەر تێنەکۆشامایە کە ئیلهام لەوەوە وەربگرم، نەمدەتوانی ئەو ئەرکە گرنگە ئەنجام بدەم. من فرە لاواز و بێ دەسەڵاتم و جگە لەو هێز و توانا و ڕووناکییانەی کە لەم خەڵکە مەزنەوە دەستم دەکەوێت و هەموو یەکێک لە ئێمە بەرزتر و گەورەتر لە خۆمان پیشان دەدات، هیچی دیکەم نییە.

با خاس خۆشمان بووێت، لە ڕوانگەی ئەوەوە هەمووانمان خۆش بووێت! هاوڕێیان – وەتۆ وادیە – قسە توند، زەقەکانم فەرامۆش بکەن. « نە، من ناتوانم پاشگەز ببمەوە لێیان» لەم ڕۆژە خۆشەدا – کە دەبێ مایەی شادی و سەربەرزی بێت بۆ هەموومانم – با گشت ئەو شتانەی دەبنە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی خستنە نێومان، فەرامۆش بکەین؛ چونکە ئەمە جەژنی ئێمەیە... [ڕۆبسپێر *لەبەردەم پەنجەرەکەوە وێستاوە. هەردوو باڵە کراوەکانی بەرەو دەرەوە درێژ دەکاتەوە و بەهەموو توانایەکییەوە هاوار دەکات]*.

برایان!...

[*جەماوەری خەڵک: زۆر بەتوندی و بەتاوەوە دووپاتی دەکەنەوە*]

برایان!...

ڕۆبسپێر: ... برایانی فەرەنسە و هەموو جیهان! خەڵکێکی مەزن لێرەدا کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی پەتی برایەتی جیهانی بهۆننەوە و گرێی لێ بدەن. با ڕێز لە مرۆڤ بگرین؛ ئەو مرۆڤەی کە بتوانێت ببێتە گەورەترین و بەرزترین زیندەوەری سروشت. بێ گومان بەجێهێنانی ئاینی خودای مەزن یەکێکە لە پێویستییەکانی سەرشانی



مرۆڤ. با ڕێز لە مرۆڤ بگرین و بەرزی بکەینەوە. پیرۆزترین هەستی خۆمانی بدەینێ. ڕێزی ڕاستی و مەعنەوی مرۆڤ بۆ مرۆڤ.

[*دارودەستەی وادیە، بوردن، مولن و ئەوانی دیکە، لە گۆشەیەکی لای چەپی ژوورەکە، لەنێو خۆیاندا* ورتە ورت دەکەن].

– دەستپێکردنەوەکەی خراپ نییە!

– خەریکی ئامۆژگاری و مەوعیزە کردنە. و لەوێدا، بەرامبەرمان، لەوپەڕی باخەکەی گیوتین....

– بۆ کاتی پێویست، پەردەیان بەسەرا داوە.

– کۆتاهییان کردووە. ئا لەوێ میحرابە. هەموو شەوێک لەوێ مەراسیمی «مس» ئەنجام دەدەن.

– هەرگیز ڕۆبسپێر نەیویستووە چاوی بەوە بکەوێت.

[*دەنگی زوڕنا بەرز دەبێتەوە؛ هەموو پێکەوە سروود دەخوێنن. جەماوەر هەلهەلە دەکێشن و شادمانن. ڕۆبسپێر ماوەیەک هەر بەو شێوەیە هەردوو باڵی بەرز کردۆتەوە و دەڕوانێتە ئاسمان*].

– بڕوانە ئەو دەروێشە! وا لەتەک خوای خۆیدا دەدوێ.

– ناکەس! بەشایەتی تێر ناخوات، دەیەوێت ببێتە «پاپ»یش!

[*خۆشی و شادی و هاواری جەماوەر پتر دەبێت*]

جەماوەر: ماکسمیلین!... وەرە! وەرە!

دەنگێک لە ناو جەماوەر: *[بەدەنگێکی ڕەسا و ئاشکرا، لە دەرەوە هاوار دەکات]* خاسە ئیتر، بێرە خوارەوە. زۆرزان! گەرەکتە دووبارە چاوەڕێت بکەین؟

ویلات: [*زۆر بەڕێزەوە*]

ڕۆبسپێری خۆشەویست! ئەوانە هەموو پەلەیانە و چاوەڕێتن؛ کاتی دەستپێکردنی مەراسیم تێپەڕبووە.

ڕۆبسپێر: [*دێتەوە سەرخۆی*]

بۆچی زووتر پێتان ڕانەگەیاندم. ئەم نەمایشە جادووییە، حاڵەتێکی بەسەردا هێنام، کات و زەمانم لێ ون بووبوو.

[*بەپەلە و پرتاو بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات، لە هەمان کاتدا لوبا و داود بەخێرایی و هەناسەبڕکێوە دێنە ژوورەوە*].

لوبا: من و داود هاتووین، بیو هەڵچووە و خەریکی جوێندان و هەڕەشەکردنە، کۆمیتە فرە تووڕەیە لەوەی کە دواکەوتوویت و هێشتا نەهاتوویت.

داود: بیروڕات بەرامبەر کارەکەم چۆنە؟ [*کاری دیکۆرەکەی نیشان دەدات*] کاپیتولیم[٢٦] بۆ دروست کردوویت.

مولن دوتینویل:

داود! ئایا بیرت لە دروستکردنی بەردێکیش کردۆتەوە؟

داود: بەردی چی؟

مولن دوتینویل: بەردێک کە شایانی ئەو بێت. لاتارپێن[٢٧].

داود: [*زۆر بەتووڕەییەوە، ڕوو دەکاتە ڕۆبسپێر*]

چاوچنۆکی، یاساوڵ و خزمەتکاری هەمیشەیی «سزار»ە.

ڕۆبسپێر: [*بەسەرزەنشتەوە*]

داود! تۆیش!... ناوی سزار بۆ من خراپترین جۆری سووکێتییە.

داود: ماکسیمیلێن، ببوورە. من تەنیا خاسییەکانی ئەوم لەتەکتا بەراورد کردووە.

ڕۆبسپێر: من لەو شانازییە جگە لە سی خەنجەری هاوپەیمانەکان، ئارەزووی هیچی تر ناکەم. تەماشایان بکە [*داروودەستەی بوردن، وادیە، مولن و ئەوانەی دیکەی پێشان دەدات*] ئەوانە هەموویان پەلەی ئەوەیانە کە هەرچی زووتر بکوژرێم.

[*ڕۆبسپێر لەگەڵ داود و لوبا زۆر بەپەلە دەچنە دەرەوە، «ویلات»یش دەستە گوڵەکەی ڕۆبسپێر خستبوویە سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و بەدوایاندا ڕا دەکات*].

ویلات: چەپکە گوڵەکەت بیرچوو!

[*ویلات ناگاتە ڕۆبسپێر، گوڵەکانی بەدەستەوەیە و دەگەڕێتەوە. ژنە لاوەکان دەورووبەری دەگرن و لە سەر گوڵەکان لێیان دەبێتە شەڕە قڕە*].

ژنە لاوەکان:

– ئای، هاوشاری ئەوە بدە بەمن.

– نە، ئەوە هی منە.



– با هەروەکو خۆی وتی ئەم شتە پیرۆزانە هەروەکو خوشک و برا لەنێو خۆماندا دابەشی بکەین.

– ئەی ماکسیمیلینی خۆشەویست! وەرە سەرت بخەرە سەر سینەم!

ئەم قسەیە کچێکی شۆخوشەنگ کە خەریک بوو گوڵێکی سووری دەخستە ژێر لەچکە ناسکەکەی، کە سەروسینەی داپۆشیبوو، دەیگوت. [*لە دەرەوە خەریکی سروود خوێندن، داروودەستەی بوردن، وادیە، مولن لەتەک ویلات بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕۆن و تەماشای دەرەوە دەکەن*].

مولن وتینویل: ئەوانەی دەستەی ئەو لاوانەن کە لەتەک «سن ژوست»دان و خەریکن ئافەرینی دەکەن. ئەوانە ئیمشەو بەرەو فلورو دەڕۆن، خاس ڕزگارمان بوو. بەڵام بۆ ڕۆبسپێر خاس نەبوو.

ئەمانیش دەست دەکەن بە وتنەوەی ئەو سروودەی کە لە دەرەوە دەیخوێنن.

«سروودی سەرکەوتن و ڕزگاری، دەستپێکەری دەورانی ژیانی ئێمەیە...»

**[پەردە دادەرێتەوە]**

# تابلۆی نۆهەم

شوێن: [*کۆمیتەی رزگاری خەڵک*].

کات: [*ئێوارەی رۆژی ٢٧ی پەرەیال (١٥ ژوئن)*]

بیو، کارنو و کولو فرە شپرزەن. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەکەی دیکە (کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی) وادیە، ئامار و ئەوانی تر، لێیان نزیک بوونەتەوە، زۆر بەتوندییەوە خەریکی قسەکردنن. هەموویان بەسەر پێوە وێستاون؛ تەنیا کاتێک کە سکرتێرەکان نامەیەک بۆ ئیمزاکردن دەهێنن، تاوێک دادەنیشن و ئیمزا دەکەن.

[*بیو و کارنو خەریکی هاتوچۆکردنن و لە کاتی قسەکردندا دەستیان تەکان دەدەن*].

بیو: ئیدی لەمە زێتر تەحەمول ناکرێت و خۆڕاگرتن دژوارە.

کارنو: خۆی لێ کردووینەتە سوڵتان.

کولو: بەمەیل و هەوەسی خۆی دەبات، ئیدی باسیش ناکات...

وادیە: چۆن چۆنی توانیتان، ئاوا دوو دەستی چەقۆیەکی یاسایی بدەنە دەستی؟

بیو: ئێمە ئەوەمان نەداوەتە دەستی؛ ئەو خۆی زەوتی کردووە و هەڵی گرتووە. ئێمە ئاگامان لە هیچ شتێک نەبووە.

کولو: ئیدی ئەو گوێمان ناداتێ و راوێژمان لەتەکا ناکات. بریاری خۆی داوە و «کوتون»ەکەیشی بێ ئاگاداری ئێمە – رەزامەندی کنوانسیونی وەرگرتووە.

وادیە: ئەی ئێوە چین؟ بەدەردی چی دێن؟ دەرگای کۆمیتە بژەنن. هێشتا زیندوون؟

ئامار: ئێستا هەر وەختێ خۆی حەز بکات و ئارەزووی لەسەر بێت، دەتوانێ بێ هیچ لێکۆڵنەوەیەک و بێ ئەوەی رێگە بدات هیچ پارێزەرێک بەرگری بکات، خەڵک دەگرێت و لەزیندانیان توند دەکات. ئازادی لە هەمووان زەوت کردووە.

بیو: ئەوساکە ئێمە دەبێ دامودەزگای گرتن و کوشتن بۆ زۆردار برەخسێنین و یارمەتی بدەین بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت بڕوات.



وادیە: بەڵام تۆ خۆت هەر ئەو کەسە بوویت کاتێک تالین دەیویست لە ناو ئەنجوومەندا دژی رۆبسپێر بوەستێتەوە، تۆ لەتەک رۆبسپێردا بوویت و بەرهەڵستی تالینت کرد و بارەر! تۆیش پاڵت دابووە رۆبسپێر.

بیو: من دژایەتی رۆبسپێر ناکەم، بۆ ئەوەی دەستی ئاشتبوونەوە بۆ تالین درێژ بکەم. هەرگیز ناتوانم پەیوەندیم لەتەک کەسێکی بێ ئابڕوو بێ شەرەفدا بێت.

وادیە: ئێستا کاتی دەربڕینی رقوکینە نییە. هەر ساتێک چەتە پەلامارم بدەن، پەنا دەبەمە بەر هەر شتێک لەبەر دەستما بێت. ئەگەر پووشێکیش بێت، هەڵی دەگرم و دەیکەمە داردەستی خۆم!

کارنو: راست دەکات؛ بۆ دژایەتیکردن و بەرهەڵستکردنی زۆردار، پێویستە لە هەموو جۆرە دارێک، تیر دروست بکەین.

کولو: من دەبێ ئەو بێچارەیە تەفروتونا بکەم. من رۆبسپێر وردوخاش دەکەم.

بارەر ئەوەندە قرەقر مەکەن!... [*بەرەو لای پەنجەرەی سەر باخەکە دەڕوات و دەیژەنێت*] لەوانەیە دەنگمان بچێتە دەرەوە و گوێبیان لێمان بێت. ئەم هەموو قرەقرە بەدەردی چی دەخوا؟ پێویستە هەموو کێشەکان چۆنن، هەروەکو خۆیان تەماشایان بکەین. ئایا هەرگیز بیرتان لەو هەموو هێزانەی پاڵپشتی لێ دەکەن، کردۆتەوە؟ [*روو دەکاتە سکرتێرەکەی کە لەبەردەمی دەرگا وێستاوە*] کلاریس! وریا بە، هەرکە هات ئاگادارمان بکە!... جەماوەری رەشورووت خۆیان دەکەنە فیدای و ئەو جەژنەی بۆی گرتوون هەموویانی خستۆتە جموجۆڵ و ئۆقرەی لێ بریون، هێزی سوپای پاریس کە لە ژێر فەرماندەی هانریو دان، شەرکەرە لاوەکانی قوتابخانەی مارس کە لوبا بەرێوەبەریانە، – ژاکوبنەکان، هەموویان وەک مۆم وان لەنێو دەستیدا و بەهەر شێوەیەک بیەوێت دروستیان دەکات؛ کۆمۆنی نوێ، لەگەڵ پایان و فلوریو، قاچی ماچ دەکەن. دادگای شۆڕش کە دوپلەی خەزووری چاودێری دەکات و لە سامبر، ژەنەراڵەکان، ژردان و پیشگرو کە لە ژێر چاودێری «سن ژوست»ن و سوپاکانیان هەموویان ئامادەن و شانازی بەوە دەکەن کە خۆیان بۆ بەخت بکەن.

ئەوانە هەمووی پاڵپشتی ئەون...

کارنو: کەمێک دان بەخۆتا بگرە! هەر لەو پلەوپایەیەیدا دەیخەمە سەماکردن. با لە پێش

هەمــوو شــتێکدا ئەو داروەدەســتــانەی کە لە پاریسن و لایەنگری ئەون، هەمــوویان بەرەو سنوورەکان بنێرین.

وادیە: وە دەربارەی خەڵک، دووکەڵ لە ئاگرەوە هەڵدەستێت. چەپڵە لێدان و بژی بژی جەماوەری ڕەشوڕووت هەرگیز ناتوانێت ڕێ لە پچەپچ و ورتەورتی خەڵکی دیکە بگرێت.

ئامار: بەتایبەتی کاتێک کە بۆ بزواندنی ئەو خەڵکەی تر جیاوازی لەنێوماندا دەبێت.

کارنو: ئەوساکە دەتوانین دڵنیا بین لە فوشە! تەکتیکەکانی – کە زۆرباشن – ئەو زێتر لەسەر ئەوەیە کە پێویستە هەموو ناڕەزاییەکان بخرێتە سەرشانی زۆردار.

بیو: ئەمە دادپەروەری خۆیەتی. ئێستاکە ئەو گەرەکێتی بەسەر ئێمەدا زاڵ بێت، کەوایە دەبێ وەرامی ئەم بەرەڵاییە و هەرکی هەرکییەی ناو کۆمەڵیش بداتەوە. ئەوساکە ئێمە دەتوانین بیخەینە ژێر پرسیارەوە.

باڕەر: ئەو فرە توانا و بەهێزە، هەموو پەیوەندییەکانتانی لەتەکا مەپچڕێنن.

بیو: گەرەکتە هەموومان پشتملمانی بۆ دابنەوێنین، تا پێی خۆی پێ بسڕێتەوە و بەشەق تێمان هەڵبدات.

باڕەر: بیو، هەڵچوون و ڕقوکینەت ڕاوێژکەرێکی خاس نین بۆت. ئەگەر بزانین کە دەبێ لەنێوخۆماندا بکەوینە گیانی یەکتر – بەلایەنی کەمەوە – دەشێ کاتێک بەم کارە هەڵسین کە دڵنیابین لەوەی بەرەی ئێمە بەهێزترە. ئەم کارە، ئێستاکێ فرە زووە. سەرەتا پێویستە دوژمن لاواز و بێ دەنگ بکەن، دوای ئەوە «سن ژوست »ی لێ جیا بکەینەوە، «کوتون»ی لێ دوور بخەینەوە.

کارنو: پیرە شەیتان بەدگومانە، گوێی نەدایە ئەو کارەی پێشنیارم کردبوو بۆی.

وادیە: ئەو مەلعوونە هەر تەڵە موویەکی شەیتانێکی لەبن دایە. بەشێوەیەکی دیکە لای دەبەین و دووری دەخەینەوە... بەڵام لە پێشا دەبێ ناو ئەنجوومەن پاک بکەینەوە لێیان؟ هەمــوو لایەنگرە زۆردارەکانی لێ دەربکەین. هەمــوویان پەخش و بڵاو بکەینەوە بۆ دوورترین شوێنەکانی سەر سنوورەکان؛ بیاننێرینە کەناری زەریا. ڕۆبسپێر دەتوانێ ڕەخنەی چیمان لێ بگرێت؟ دەبێ شانازی بکات کە کارە گرنگ و گەورەکان دەسپێرینە دەست هاوەڵەکانی.

باڕەر: لەم بارەیەوە ئێمە کۆششی خۆمان دەکەین. مانگێک ناخایانێت. بەلایەن کەمەوە



پەنجا کەس لە هاوڕێ و پاسەوانە کۆنەکان لە سەراسەری فەرەنسە پەخش و بڵاو دەکەینەوە.

کارنو: بەڵام دەبێ هەر لێرە، لە پاریس، ڕیشەی دەربێنین و بەیەکجاری لەناوی بەرین.

وادیە: وا بزانم ئیمڕۆ لەنێو ئەنجوومەندا پیلانێکی زۆر خاسیان بۆ ئامادە کردبێت.

بیــو: وادیە، پیــرۆزباییت لێ دەکــەم! تۆ کــارێکت کــردووە کــە هیچ یەکــێک لە ئێــمــە نەمانتوانیوە لە ماوەی یەک ساڵدا ئەنجامی بدەین. تۆ کارێکت کرد کە هەمووان مەسخەرەی بکەن. ڕۆحانی، گەرەکیەتی ببێتە پاشا. تۆ دایکێکی پاشات بۆ داتاشی؛ کاترین تئو، ئەو شێتە پیرە کە دەیپەرستێت . ئێمە ئەم دەماخی دەروێشی ڕەزا قورس و گەوجانەی کە بەدوای ڕۆبسپێرەوەن، لە دادگادا، لا دەدەین و دەیدڕێنین.

[*هەموو لە پێکەنیندا بەسەر گازی پشتدا دەکەون*]

[*گشت پاریس بەدەنگی بەرز قاقای پێکەنینیان دێت*]

باڕەر: بێ گومان دەبێ بزانین ئایا ڕۆبسپێر ڕێگە دەدات.

وادیە: تەماشات کرد کاتێ کە قسەم دەکرد، ئەو هەروەکو ماسی بروشە کەوگ بووبوو؟

باڕەر: ماسی بروشە گاز دەگرێت.

بیو: سەرداری لێهاتوو و بەناوبانگ، باڕەر! سروودی سەرکەوتن دەخوێنێتەوە و لە ترسا دەلەرزێت.

باڕەر: [*شان هەڵدەتەکێنێ*]

ئێوە شێتن! ئەگەر نیازتان هەیە دوژمنەکەتان لەناوبەرن، ئیدی بۆچی دەیبزوێنن؟

وادیە: بۆ ئەوەی مەسخەرەی بکەین و پێی پێبکەنین.

باڕەر: مەسەلە پێ ڕابواردنە!

بیو: تۆ جگە لە فێڵ و تەڵەکەبازی هیچی تر نازانیت؛ کارەکانت بەشێوەیەک تێکەڵ و پێکەڵن، لە هێرشبردنە سەر و بەشان و باڵ هەڵداندا پیاو ناچارە لە خۆی بپرسێت ئایا دەتەوێ کێ تەفرە بدەیت؟ ئەو یا ئێمە؟

باڕەر: خۆزیا بمتوانیبایە لە پێناوی کۆمار، یەکێتی نێوان ئەو و خۆمانم بپاراستایە. ئەگەر شێواندنی ڕیزەکانی یەکێتیمان ناچارییە، حەز دەکەم بۆ ئەم کارە ئەو دەستپێشخەر

بێت. فره خاس دەزانم کە بەتێکچوونی شیرازەی یەکێتیمان، تەنیا و تەنیا دوژمنانی کۆمار سوود دەبەن.

بیو: منیش لەوە دەترسم؛ بەڵام سەرکەوتنی ئەو زۆرداره مەترسییەکی کەمتری نییە بۆ سەر کۆمار. ئێمە پێش هەموو شتێک پێویستە بەهەر نرخێک بێت، ڕێگەی سەرکەوتنی لێ بگرین. دەربارەی مەترسییەکانی دیکە لە دواییدا دەتوانین بیری لێ بکەینەوە.

بارەر: کەوایە تا ئەو شوێنەی بۆمان دەکرێت، دەبێ تێبکۆشین بۆ هێنانەدی ئەم کارە و پێویستە ناکۆکییەکانمان بێ هیچ قرەیەک لە پشت پەردەوە لەناوبەری. با پەرە بە ناکۆکییەکانمان نەدەین. بڕیار هەرچییەک بێت، دوورە پەرێز بین لە خۆ تێهەڵقوتاندنی خەڵک، لە هەمووان زێتر دەبێ ئاگاداربین، بۆ ئەوەی هیچ دەرفەتێکی بۆ نەرەخسێنێت کە پەنا بەرێتە بەر جەماوەری خەڵک. پێشنیارتان پێدەکەم لەبریتی ئەوەی هەموور پەیوەندییەکان بپچڕێنن با وەکو تەوقێک دەوری ملی بدەین و ڕێگەی هەموو جووڵانەوەیەکی لێ بگرین.

کارنو: وا دەزانی، ئەوەندە ساکارە، کە بێ ئەوەی ویستی پڕ لە فیزی خۆیمان بەسەرا بسەپێنێ، ئامادەیە بێتە ژێر ئەم بارە؟

بارەر: زۆربەی زۆرمان دەتوانین بەرگری بکەین.

وادیە: ئێوە تەنیا دەتوانن هەراوهۆریا بکەن؛ بەڵام لە ئاکامدا خۆتان دەدەن بەدەستەوە.

بیو: من بەشبەحاڵی خۆم ئەمجارە بەهیچ کلۆجێ خۆم نادەم بەدەستەوە؛ وردوخاشی دەکەم.

بارەر: بیو، کەمێک ئارام بە [*ڕوو دەکاتە وادیە*] فره نیازت بوو کە تێی بخوڕی. بیو! پێم وتیت کە پێویستە دەورەی بدەین. پەلە مەکە و لە شوێنی خۆت ڕاوەستە. هەمیشە وەکو گای بەرەڵڵا بەسەردانەواندنەوە پەلامار مەدە!

بیو: چیت گەرەکە لێم؟ من وەکو تۆ ناتوانم بەسوور بڵێم سپی و چۆلەکە ڕەنگ بکەم و لە بریتی کەناری بیفرۆشم؛ لە ئانێکدا بڵێم «ئا» و «نەء» و لە ئەنجامدا هەم لە ناڵ بدەم و هەم لە بزمار و بێدەنگیش بم. من هەرکە بمەوێت خۆم بنوێنم، لە بیست فەرسەخەوە درۆکەم دەردەکەوێت و هاوار دەکات. ئەو قینی لێم دەبێتەوە. خۆشم قینم لە خۆم دێتەوە و لە کاری خۆم دڵم تێکەڵ دێت و دەمەوێ بڕشێمەوە...

بارەر: دەمت دابخە و ئاگات لە قسەکانت بێ. بیر لەو شتە بکەرەوە کە دەیلێیت. هیچ



پێویست بەوە ناکا لە کاتی قسەکردنا دەنگت بەرز بکەیتەوە و بنەڕێنی.

بیو: [*هەوڵ دەدەم*]

[کلاریس لەبەر دەرگاوە خەریکی چاودێریکردنی دەرەوەیە؛ ئیشارەت بۆ بارەر دەکات].

بارەر: [*بەوانی دیکە دەڵێت*]

ڕۆبسپێر...

[*لەناکاو هەموو بێدەنگ دەبن. بیو و کارنو لە پشت مێزەکانیان وا پێشان دەدەن کە خەریکی کارکردنن.*

*ئامار و وادیە گەرەکییانە بچنە دەرەوە. بارەر لە پشت مێزەکەیەوە، پشت بەپەنجەرە وێستاوە و دەڕوانێتە پەروەندەکانی بەردەمی. کولو بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە مەسخەرەوە لۆژە لۆژ بەناو هۆڵەکەدا هاتوچۆ دەکات.*

*ڕۆبسپێر سەری خستۆتە خوارەوە؛ هەنگاوی بەرز هەڵدەهێنێ و دێتە ژوورەوە. تاوێک پاش هاتنە ژوورەوەی ڕۆبسپێر، ڕوو بەڕووی وادیە دەبێتەوە. ڕادەوەستێت و سەرتاپا لێی دەڕوانێت*].

ڕۆبسپێر: ئەوە لێرە چی دەکەیت؟

وادیە: بۆچی؟ ئایا دەبوایە ئیجازەم لێ وەربگرتیتایە؟ هەموو شوێنێک ماڵی کۆمیتەی هێمنایەتییە.

ڕۆبسپێر: کۆمیتەی هێمنایەتی خۆی هەڵدەقوتێنێتە ناو گشت کارەکان و تەنیا شتێک کە نایکات بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی خۆیەتی. لە بریتی ئەوەی چاودێری لە دوژمنانی خەڵک بکات، کاری بۆتە بەدناوکردنی خزمەتکارانی خەڵک. خەریکە بەچەنەبازی و قسە بزرکاندن و مەسخەرەبازی، خۆی سووک و ڕیسوا دەکات.

وادیە: مەسخەرەبازی، لە لایەن ئەوەوە نییە.

[*کولو زەردەخەنەیەکی پڕ لە تەوس دەیگرێ؛ بیو و کارنو بێ ئەوەی چاو بەسەر کاغەزەکاندا هەڵبڕن، پێدەکەنن*].

ڕۆبسپێر: تۆ هاتوویتەتە ئێرە بۆ ئەوەی وا لەوانی دیکە بکەیت کە بۆ ئەو کارە پڕ لە تاوانەی دژی من کردووتە، پیرۆزباییت لێ بکەن.

وادیە: کام کاری پڕ لە تاوان؟ ئایا ناتەوێت من ئەو ئاژەڵە بۆگەن و ڕەزا قورسانەی کە

بەجۆرێکی ناقۆڵا سوود لە ناوی تۆ دەبەن، لە سەر ئاخوڕەکانیان وەدەریان بخەم؟

ڕۆبسپیێر: وا دەزانی کە من بەپیلانە خیانەتبارەکانت هەڵدەخەڵەتێم. تۆ خاس دەزانی کە ئەم خەڵکە بێچارە و بێ گوناهانە هیچ جۆرە زیانێک بەهێمنایەتی گشتی ناگەیەنن و تۆ جگە لەوەی کە لە زۆربڵێییە بێ مەترسییەکانیان، خەنجەرێکی ژەهراوی دژی من دروست بکەیت، کارێکی دیکە ناکەیت.

وادیە: ها، ها ها! لەوە دەچێ زۆر پێ خۆشحاڵی بەو غەیب وتنە پیرەژنانەییانەت؟

کولو: بیستنی ئەم جۆرە قسانە کە – مەئموورییەتەکەی لە کتێبەکەی حزقیال[٢٨] پێشبینی کرابوو– بەخاڵێکی سەرکەوتن دەژمێرێت. هاوشاری هاوکار! پیرۆزباییت لێ دەکەم. وا هەست دەکەم کە لەنێو ڕیزەکانمانا گەورەترین ڕابەر ڕەچاو دەکەین.

[*ئەوانی دیکە دەست دەکەن بەقاقای پێکەنین*]

ڕۆبسپیێر: پێکەنینێکی گەوجانە!

وادیە: تەحجا! ئەوە «تئو»کەی تۆیە؛ کەواتە ئەمە قسەی دایە گەورەتە.

[*پێکەنین و گاڵتەپێکردن پتر دەبێت*]

بیو: تەماشای کاغەزەکانی بەردەمی خۆی دەکات و بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە.

خاسی وتوەو دەمخۆش؛ بەڵێ ئێمە هەمووما بۆ زیندووکردنەوە و داسەپاندنی دووبارەی ئایین بەسەر خەڵکدا، قەرزاری ڕۆبسپیێرین.

ڕۆبسپیێر: کنوانسیون بنچینەی ڕاست و دروستی و پاکی هێناوەتە ئارا؛ نە ئایین. بنچینەیەک کە شیاوی کۆمارە و پاڵپشتییەتی. هەرگیز هیچ مرۆڤێکی بەویژدان ناتوانێت لەم بارەیەوە خۆی هەڵخەڵەتێنێ.

وادیە: لەم ڕووەوە، پاش ئەوەی دەربارەی (وجود عالی) ئامۆژگاری جەماوەرت کرد، دێهاتییەکان لەدێکاندا کەوتنە بەجێهێنانی مەراسیمی (مس) و جووتیارەکان سروودی Veni Creator[٩٢] دەخوێندەوە.

کارنو: لە (بورگن)ی من هەندێ (یانە) هەیە، ئێستا بەدوعا و وێرد خوێندنەوە و لەژێر سایەی (خاچ)ەوە کۆڕەکان دەکەنەوە.

بارەر: لە (بئارن)ی منیش جگە لە مەراسیمی ڕۆژی دەهەمین ڕۆژت هیچی دیکە وەبەرچاو ناکەوێت. مەراسیمی ڕۆژانی یەک شەمویش دووبارە دەستی پێکردۆتەوە.



بیو: ئیش و کاری پێش نوێژکەران سەرلەنوێ بوژاوەتەوە! من پێشنار دەکەم ناونیشانی پڕ لەشانازی (نۆکەری کەنیسە)ەت پێ بدرێت.

کوتون: [*بەپێکەنینێکی پڕ لەتەوس و گاڵتەوە*]

بیو، خۆتتۆ خۆت قەشە بویت. ئەم گیرمەکێشە یاساییە دژی لیژنەیەکی ناڕۆحانییە.

ڕۆبسپیێر: کوتون بەسە ئیتر! من ناتوانم ڕێ لە ئەداو ئەتواری کینە و توڕەیی دوژمنانی بێ ئابڕوو بگرم. بەڵام نابێ دۆستەکانم بەمجۆرە گاڵتە پێکردنیانە تەوهین یان پێ بکەن.

بیو: توڕە دەست دەکوتێ بەسەر مێزکەدا.

هیچ شۆخی ناکەم، کەواتە دەوێریت ئەمە بەرپەچ بدەیتەوە کە ئیمرۆ دروست هەشت ڕۆژی تەواوە تۆ بەشێوەیەکی ڕەسمی خوای جارانت دوبارە لە فەرەنسەوە هێناوەتەوە کایە و ڕەسمیەت و پلەت داوەتەوە بەئەستۆڤی گەورە.

ڕۆبسپیێر: من ئەم کارەم بەڕەزامەندی تەواوەتی ئەندامانی ئەنجومەن و ڕای گشتی ئەنجام داوە.

بیو: بەزۆرەملێ و فریودان، ڕەزامەندی لە ئەنجوومەن وەرگیراوە. شێوەی کارکردنت بەتەواوەتی بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە. هەرکە دەنگدان تەواوبوو، یەکێک لە نۆکەرەکانت زۆر بەپەلە و پڕتاو هات بۆ ئەوەی بەدەنگی بەرز ئاگاداری و ئامۆژگارییەکانت بخوێنێتەوە. بەرپەچدانەوەی مەحاڵ بوو. کات بۆ وتوویژ و قسەکردن نەبوو.

ڕۆبسپیێر: بیو! ئەگەر قسەکانت ڕاست بن، ئابڕووی خۆت و هاوکارەکانت دەبەی و ئەنجوومەنیش بەدناو دەکەیت.

بیو: تۆ! بەو پەخشانە ڕەوانانەی کە چەندین جار بەرامبەر بەئاوێنەکەت دەیانخوێنیتەوە و تەمرینی لەسەر دەکەیت و لە پاشاندا بۆ ئێمەی دەخوێنیتەوە، گشتمانت گێژ کردووە. هەرگیز کۆتایی بەو قسانەت ناهێنیت و لێیان ماندوو نابیت. خەڵکی وەڕس دەبن، ئیدی گوێ ناگرن. هەرکە قسەکانت تەواوبوو، لە خۆشی ئەوەی کە ئیتر دەمت دادەخەیت، هەموو دەکەونە چەپڵە لێدان، چما هەموو دنیایان پێ داون، بەڵام تۆ لەم هەلە سوودێکی ناڕەوا وەردەگریت و دەتەوێ بیسەلمێنی کە خەڵکی قسەکانتیان بەدڵە. ئەوساکە خێرا و بەپەلە دەکەویتە چاپکردنی قسەکانت. بۆ

ڕۆژی دوایی، کاتێک بەیاننامەکانت دەخوێننەوە، دڵیان لە بۆگەنی بەڕواڵەت پیرۆزی وتەکانت تێکەڵ دەبێت و بەبێزارییەوە گیانی دووڕوویی و کۆنەپەرستی – کە ڕەنگوبۆی خۆی لە ژێر موسیقای وتەکانی تۆ گۆڕیوە – دەبینن.

ڕۆبسپیێر: ئایا بەو کارەی کە بڕیارمان داوە کۆمار لەسەر بنچینەی ڕاستی دروستی و پاکی دابمەزرێنین، دەڵێیت کۆنەپەرستی؟ شۆڕش بەدامەزراندنی کۆمار، جگە لە لەناوبردن و گۆڕینی ڕژێمی تاوان و دابینکردنی ڕژێمێکی دادپەروەری، هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە.

بیو: ئێمە خۆمان بەتەنیایی دەتوانین بەم کارە هەڵسین، ئیدی چی پێویست دەکات «خوا»یش بخەیتە ناو ئەم کارەوە؟

ڕۆبسپیێر: هەر یەکێک لە ئێمە کەموکوڕییەکی هەیە. «وجود عالی» برایەتی جیهانی – کە وشەیەکی گەورە و پیرۆزە و بەم زوانە مەحاڵە بیگەینێ – پێویستە بۆ هەمووان ئاشکرا بێت و بگاتە دوا پلەی مرۆڤایەتی.

بیو: ناوی شتەکان بەناوی خۆیانەوە بێنەرە سەر زمانت. ئەم «وجود عالی»یەی تۆ باسی دەکەیت، تەنیا بریتییە لە داوێک کە پیاوە ئاینییەکان تەنیویانەتەوە. ئەگەر ڕاست دەکەیت، بەخەڵک بێژە: تەنیا و تەنیا پشت بەخۆت ببەستە؛ هەوڵ و تەقەللا بدە و ڕەنج بکێشە. خەبات بکە. هەرگیز بیر لە شتی پڕوپووچ مەکەرەوە. ژیان بریتییە لە غەم و پەژارە. فێرببە ژیان چلۆنە؛ هەروەکو خۆی ببینیت.

وادیە: بیو شووڵی لێ هەڵمەکێشە! ژیان خۆشە و تەنیا لەبەر چاوی ئەو کەسانە غەمگینە کە بەچاوێلکەی پێشنوێژکەران تەماشای دەکەن. چما هێشتا وازت لەم ئاکارەت نەهێناوە.

بارەر: [*بیو و ڕۆبسپیێر پێشانی وادیە دەدات*]

بەدبەختانە! ئەوانە هێشتا خۆشییان لە خۆری باشووری ئێمە نەدیوە.

کارنو: [*زۆر بەلاسارییەوە*]

چەندین سەدەیە کە ئێمە دژێ فێڵبازی و گومڕاهی – کە مرۆڤ گێل و بێ ئەقڵ دەکات و هەموو کۆت و زنجیرەکان بۆ بەستنەوەی مرۆڤ دەخاتە بەردەم تاکڕەوی و زۆرداری – خەبات دەکەین، و ڕابەرایەتی شۆڕشەکان دەکەین. کاتێک کە لە ئاکامدا بیر لەوە دەکەینەوە کە چلۆن لە ناویانبەرین و تەفروتونایان بکەین، لە



نێوماندا دەبێ کەسێک دەرکەوێت کە لە باوەڕمان پاشگەز بێتەوە. بۆ ئەوەی جارێکی تر ببێتە هۆی ئەوەی ئەوانە دووبارە یەک بخاتەوە و بیانبووژێنێتەوە و ڕیاکاری و خواپەرستی کە ئێمە بەرپەچمان داوەتەوە دووبارە بگەڕێنێتەوە ناو ماڵەکانمان. من ئەم کارەی تۆ ناودەنێم خیانەت بەئەقڵ.

ڕۆبسپیێر: خیانەتەکانی ئێوە فرە لەمە زێترە. ئێوە خیانەت دەکەن بەخەڵکێکی بێچارە؛ ئەو زەبوون و بێ کەسانەی کە نە پشتیوانیان هەیە و نەڕێ پیشاندەرێک و ئێوە ڕابەرایەتیانتان خستۆتە سەرشانی خۆتان. من سوود و بەرژەوەندی نیشتمان و مرۆڤایەتیم ڕەچاو کردبوو. هەر داب و ڕێ و شوێنێک و ئاموزشێک کە دەروون دڵخۆش دەکاتەوە و کۆمەکی پەروەردەکردنیان دەکات، بەلای منەوە خاسە و ئازادیخوازانەیە؛ من پەسەندی دەکەم. بیری «وجود عالی» دادەپەروەرێتی دابین دەکات. خەڵک لە کاتی ڕەنجکێشان و بەدبەختییەکانیاندا هیوا و ئاواتی خۆیان بەوەوە بەستووە و ئێوە بۆتان نییە کە لە ناویبەرن. چ شتێک دەتوانن لە بریتی ئەو دابنێن؟

کارنو: بیر و ئەقڵی ئازاد.

ڕۆبسپیێر: بلێ بەڕەڵڵایی و ئەنارشیستێتی؛ بەرپەچدەرەوەی دەروون و گیان.

کارنو: من دەربارەی واقییەت، کە تەنیا ڕاستییەکە – قسە دەکەم.

ڕۆبسپیێر: لە کوێ دەزانی کە واقییەت تەنیا ڕاستییەکە؟ بەچ بەڵگەیەک کۆتایی نەبوونی هێزە نەمرەکان لەتەک زانینە چەوت و تەنگ و دەمارگیری خۆت بەراورد دەکەیت؟ و بەچ مافێک دەوێریت هەست و باوەڕی هەزاران خەڵکی سادە و پاک و بێ ڕیا بەنەمری و توانایی یەزدان – واتە ئەو غەریزە پیرۆزە کە لەوانەیە لە ڕۆشنبیرییە وشک و سڕبووەکەی تۆ ڕووناکتر بێت – بریندار بکەیت و بەرپەچی بدەیتەوە؟

کارنو: ئەگەر بتتوانیبایە، ساڵهای ساڵ ئەقڵ و زانیاری مرۆڤت دوادەخست.

ڕۆبسپیێر: تۆ هەروەک «ژیروندن»ەکان، گوادیە، ڕنبو و ژانسونە کە ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرتم بۆچی باسی توانایی یەزدانم کردبوو، قسە دەکەیت.

کارنو: هەر لەبەر ئەمە بوو هەموویانت نارده ژێر گیوتین؟

بیو: تاوانەکانیان دژی میللەت، تێکەڵ بەسەرزەنشت و ڕەخنە خاسەکانیان مەکە کە بەقامچی ئەقڵێکی هێدی و هێمنەوە قامچ کاری تەوس و گاڵتە ڕیاکارییەکانتیان

دەکرد! ئەگەر ئێمە سەریانمان بڕیوە، خاستر وایە کە هەمیشە قامچییەکانیانمان بەدەستەوە بێت.

ڕۆبسپێر: بەدبەخت و ڕووڕەش ئەو قەشە فێڵباز و خوانەناسانەی کە لە ژێر دەمامی ئەقڵێکی درۆیی و پەسەند نەکراودا دەیانەوێت ڕێ لە ڕاپەڕینی درەخشانی جەماوەرمان بگرن و کڵپەی ئاگری دەروون – کە سەرچاوەی هەموو کارێکی مەزنە – بەهۆی پەروەردەی پیس و ناپاکیانەوە بکوژێننەوە.

بیو: بەدبەخت و ڕووڕەش تۆیت؛ زمان لووسی درۆزن. کە لە پێناوی زاڵبوون بەسەر لاشەی دوژمنەکانت، وشەی خوا، ڕەوشت و دژکامی و پاکی بۆتە وێردی سەرزمانت.

کولو: تورکومادا[30]، فرە ئاواتەخوازی کە دووبارە «ئدنگیزاسیۆن»ی پیرۆزمان بۆ بگەڕێنیتەوە!

ڕۆبسپێر: دەماری کافری و خوانەناسی لە گشت دەمارگیرییەکانی دیکە خراپترە.

بارەر: دەمارگیری هەرچییەک بێت و بۆ هەر شتێک بێت، خراپە.

بیو: دەمارگیری ئەقڵ یەکێکە لە ئەرکە پیرۆزەکانی شۆڕش. گەرەکمە ئەم دەمارگیرییە ، ئەقڵ هەبێت و لەتەک چەکەکانی یاسادا دژی ئەو تاوانبارانە بەکار بێت کە هەروەکو تۆ لەگەڵ کلێسادا ڕێک دەکەون و پەیمان دەبەستن بۆ ئەوەی ڕژێمی پیاوەکانی کلێسا – کە هەروەک ڕژێمی نیزامی بێ شەرمترین جۆری ڕژێمەکانن؛ بەڵام هێشتا ئەم شوومتر و دواکەوتووترە لە هەموویان، چونکە هەروەک خشۆکێک تا قوولایی هەستی مرۆڤ دەکشێت و دیل و بەندی دەکات – بهێننە ئارا. هیچ پەلەقاژێ مەکە. بیر لەوە مەکەرەوە کە دەتوانی هەڵمان بخەڵەتێنی. من ئاگام لە هەموو کایەکانت هەیە، ماوەیەکە مەبەستتم بۆ ڕوون بۆتەوە! هەی فێڵبازی تاکڕەوی ڕەزا قورس! تۆ، تەختی پاشایەتی و میحرابت هەردوو پێکەوە دەوێت. بڕۆ بۆ «ڕۆم» و «ویردن»، بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆت بگەیت و شاکان و قەشەبازییەکانیانت وەدەست بکەوێت. جێگەی تۆ لەوێیە نە لای ئێمە...

[*بیو بەرە بەرە تووڕەتر دەبێت، دەنگی بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات. کلاریس سکرتێری بارەر بەدزییەوە پەنجەرەکانی سەر بەگۆڕەپانی کردۆتەوە، خەڵکی لە دەرەوە گوێیان لە دەنگیانە*].



کولو: [*وەک هەور دەگرمێنێ*]
ئێستا خوشکەکەی کاپە[31] – کە نیازت بوو بیخوازیت – نییە. گەورە کچێکی بنەماڵەیەکی شایەتی، کاخێک و نۆکەرێکت هەرچۆنێ بێ بۆ پەیدا دەبێت. بەمەرجێک ئەگەر کچەکەی «دوپلە کورنلی کوپوی»ەکەت ڕەزای لەسەر بێ و ڕێگەت بدات...

[*کارنو وادیە لەتەک کولودا پێکەوە دەڵێن*]:
«ئاخ! جەرگ و دڵە نازدارەکە...»

ڕۆبسپێر: بێ هودە دەیەوێت دەنگی خۆی بگەیەنێتە هەموویان، ئەوەندە تووڕەیە دەست دەکا بەگریان و ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕێت. چارە ڕەشینە! ڕێگەتان نادەم.

کارنو: هێشتاکو نەبوویتەتە «پاپ» تا بتوانی ڕێگەمان نەدەیت.... [*هەموو پێکەوە قسان دەکەن؛ لە نێوان ئەو گێرمە کێشەدا، ڕۆبسپێر دەنەڕێنێ*]

ڕۆبسپێر: بێ شەرەفینە! جەردەکان!

بیو: جاسووسی پیت! نۆکەری شا!

ڕۆبسپێر: هەموو خەڵک دژتان کۆ دەکەمەوە

بیو: دەتەوێ هەموو کنوانسیون بنێریتە ژێر گیوتین.

[*ڕۆبسپێر کەوتۆتە نێوان بیو و کولو؛ یەکێکیان لە پێشەوە و ئەوی دیکەیان لە دواوە یەخەیان گرتووە. خەریکی خۆ ڕاپسکاندنە. لە دەرەوە دەنگە دەنگ و غەڵبەغەڵب دێتە بەرگوێ؛ لەناو هەموو دەنگەکاندا ئەم دەنگە زێتر بەرگوێ دەکەوێت*]:
«ئەوە کۆمیتەیە!... خەریکن یەکتری دەکوژن!...»

بارەر: [*ڕوو ڕەردەگێڕێت؛ تەماشا دەکا پەنجەرەکان کراونەتەوە*] کێ پەنجەرەکانی کردۆتەوە؟

[*بەرەو لای پەنجەرەکان ڕا دەکات بۆ ئەوەی دایان بخات. کلاریس کە خەریکی چاودێریکردنە بەپرتاو دەچێت بۆ یاریدەدانی. ئەوانی دیکەش هۆشیار دەبنەوە و ئاگاداری ڕوسوابوونیان دەبن، هەموو بێدەنگ دەبن. شەڕکەرەکان هەموویان پەشیمانن لەو شەڕە جوێنانەی کردبوویان، بێ هیچ سرتەیەک بەچاوی پڕ لە ڕقەوە دەڕواننە یەکتری. دەنگی هەناسەی ڕۆبسپێر کە هیلاک و ماندوو بووە و خەریکی ڕێکخستنی کراواتەکەی یەخەی کراسەکەیەتی، دێتە گوێ*].

کوتون: [*بێ ئەوەی لەم شەڕە چەقەیە هیچ هاوبەشییەک بکات، بێ جووڵانەوە لە سەر کورسییە چەرخدارەکەی خۆی دانیشتووە، بەچاوێکی پڕ لە قین و تووڕەییەوە پیایان دەڕوانێت. لە ئاکامدا لەنێو ئەو بێدەنگییەدا بەپێکەنینێکی پڕ لە تەوسەوە قسە دەکات*]:

کایەیەکی خۆشە. ئەی بەرگریکەرانی ڕاستی و هەق! پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هەموو زەبروزەنگە[٣٢] پڕ لە ڕقوکینەکانتان فریومان نادات. تووڕەییتان لە «خودای مەزن» نییە. ئێوە هەرگیز ڕاستی بیروباوەڕی خۆتان نەهێنایە سەر زمانتان. فەرمان دەبارەی دادپەروەریتی شۆڕشگێڕانە – کە ئێوە خۆتان دەنگتان پێ داوە – هەمووتان تووڕە دەکات. هەرگیز ناوێرن لەناویبەرن؛ چونکە دەترسن نەوەکو زەبروزەنگەکانی بەرەو ڕووی خۆتان بێتەوە.

[*کولو و کارنو ئەوەندە تووڕەن دەنگیان دەرنایەت. لە کاتی کۆتاییەکانی ئەم پەردەیە ئیدی هیچ کامێکیان وەک پێشوو دەنگیان بەرز ناکەنەوە، هەریەکە دەیەوێت دان بەخۆیدا بگرێت و ئارام بێت*].

– ترس!

کارنو: ترس لە کێ؟ لە تۆ، ڕەزا قورسی خەپڵە.

کولو: من هەرگیز لە کەسانی هیچوپووچی وەک ئێوە ناترسم

بیو: ئەرێ، من تاوانبارت دەکەم. ئێوە کەسانێکی خائینن، دەتانەوێت دەست بگرن بەسەر دادگادا و بۆ بەرژەوەندی خۆتان دایدۆشن و هەموو کۆمیتەییەکان بکوژن، من تاوانبارتان دەکەم.

کوتون: ئەمنیش ئێوە تاوانبار دەکەم بەوەی کە پتر لە دوو مانگ دەبێت بەهەموو شێوە و کەرەسەیەکەوە تێکۆشاون بەر لە ئیشوکاری دادگای میللی بگرن و بێ کارتان کردووە. ئەم دادگایە – بەکوێرایی چاوی ئێوە دژی ئەو دزوجەردانەی کە لای خۆتان شاردووتانەوە کار دەکات. هەموو هاوشارییە خاسەکان دەنگ بەسوودی دادگا دەدەن. دادگا پاڵپشتی زەبوون و لاوازەکان و بێچارە و بێ تاوانەکانە و تەنیا دژی دوژمنانی خەڵکە و هەڕەشەیان لێ دەکات.

بیو: ئیدی کێ تێناگات کە لە ژێر ئەم قسانەی تۆ چی شاراوەتەوە؟ تۆ دەتوانی هەرکەسێک کە ملتان پێ نەدا، ناوی بخەیتە نێو تۆماری ئەو کەسانەی بەلای خۆتانەوە خائینن.



کوتون: هەر کەسێک ناوی خۆی لەو تۆمارەدا ببینێت – هەر ئەوەیە کە هەیە – ویژدانە ناپاک و شەڕانییەکەی خۆی ئاشکرای دەکات.

بیو: من! من!... هەڕەشە لە من دەکەیت؟ شەرتە بەزیندوویەتی لێرە نەچیتە دەرەوە!...

[*هەڵمەتی بۆ دەبا کە لێی بدات. کوتون شانی هەڵدەتەکێنێت.*

*باڕەر و کارنو بەردەمی دەگرن، بیو تووڕەییەکەی خۆی دەخواتەوە. ڕۆبسپێر لەم ماوەیەدا بێدەنگ وێستاوە؛ دەست دەکاتەوە بەقسەکردن*].

ڕۆبسپێر: کوتون، بێرەوە با بڕۆین؛ ئەو پیاوە وتی کە ئیدی ئێرە جێگەی ئێمە نییە. با بڕۆین.

کولو: بڕۆ بۆ لای هاوڕێ تاوانبارەکانت.

ڕۆبسپێر: من دەڕۆم بۆ ناو جەماوەر. تەنیا دۆست و هاوڕێی من، مامۆستای من و بۆ سبەینێ داوەری تۆن.

بیو: ئێمە لە کۆمیتە تووڕت دەدەین و دەتکەینە دەرەوە.

ڕۆبسپێر: منیش ئێوە لە کۆمار دوور دەخەمەوە...

گەرەکتانە شەڕ بکەن؟

بیو، کارنو، کولو: ئەرێ گەرەکمانە!

ڕۆبسپێر: شەڕ دەکەین

[*لەتەک کوتون پێکەوە دەچنە دەرەوە*]

[پەردە دادەدرێتەوە]

# تابلۆی دەیەم

شوێن: [*هەمان جێگە. لە کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک*].

کات: ٤ی ترمیدر (٢٢ی ژوئیە)

کارنو، [*بیو، بارەر و، کولو هەموویان ترسیان لێ نیشتووە. مژان نامەکان لە سەر مێزێکدا ڕێکوپێک دەکات*].

بارەر: کارێکی سەیرە! لە مانگێک لەمەوبەرەوە کە ڕۆبسپیێرتان لە کۆمیتە کردە دەرەوە، پەیتا پەیتا و بێ وچان خەریکی قسەکردنە لەتەک خەڵکدا و دژی ئێمە هەڵیان دەسوورێنێ و لەوکاتەوە تا ئێستا دە ئەوەندەی جاران بەهێزتر بووە.

کولو: چی دەکا؟ کێ بیری لەمە دەکردەوە؟ هێز و هەناوی لێ بڕابوو؛ وا دەهاتە بەرچاو کە ڕۆژ بەڕۆژ زەبوون و بێ تواناتر دەبێت.

کارنو: ئادەمیزاد بەرقوکینەوە هەناسە تازە دەکاتەوە. ئەو تا ئەو کاتەی تۆڵەی خۆی دەسێنێت بەردەوامە لەسەر کاری خۆی و دەستبەردار نییە.

بارەر: ئەگەر ئەمەت دەزانی، ئەی بۆچی ئەوەندە بزووانت؟

کارنو: ئەقڵ هەمیشە میوانی ئادەمیزاد نییە. مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە زاڵ بێت بەسەر هەست و ویستی خۆیدا.

کولو: ئیدی ئەو پەتی پچڕاندووە؛ سێ ڕۆژە لەبەر دەرگای یانەی ژاکوبنەکان خەریکی قسەکردنە بۆ خەڵک. ڕقوکینە و تووڕەیی و بەدگومانی جەماوەر دەبزوێنێ لە دژمان. خەڵکی ناو کۆڵان و بازاڕەکانی بەتەواوەتی هێناوەتە جۆش. ئەگەر ئێمە کاری یەکسەرە نەکەین، ئەو هەموومان دەفەوتێنێ و قڕمان تێ دەخات.

بیو: بێ جوولانەوە، لە کاتێکدا کە نایەوێت ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە بیخاتە سەر زمانی، ڕقوکینەی خۆی دەخواتەوە و لە ژێر لێوەوە دەڵێ:
پیسیستراتوس[٣٣]!



کارنو: دەفەرمووو ئێستا بڕۆ و، بێدەنگی بکە!

بیو: خەنجەری هارمودیوس[٣٤]...

بارەر: ئەو خەریکە خۆی دەکا بەخوا. باشتر وایە هەرچی زووترە ڕێی لێ بگرین. بێ گومان هەرکەسێک بیەوێت شتێکی لێ بکا، دەیخەنە سەر ئێمە. بەئاشکرا تاوانبارمان دەکات بەوەی کە خەریکی پیلانگێڕانین بۆ لەناوبردنی.
من بەشبەحاڵی خۆم ئەو هەڕەشانە بەباش نازانم کە لکونتر و دارودەستەی لافزن زۆر بەئاشکرا و غەڵبەغەڵبەوە دەیکەن. ئەوان لە سێبەری ڕۆبسپێر سڵ دەکەنەوە و ڕا دەکەن. بەڵام دەبێ ئاگاداری پیلانەکانیان بین. بچووکترین جووڵانەوەی هەر گەوجێک دژی ڕۆبسپێر، دەبێتە هۆ ئەوەی کە ژاکوبنەکان شۆڕشێک بەرپا بکەن.

کولو: کێ دەتوانێ پێمان بڵێ کە ڕۆبسپێر، بەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کە گوایا گەرەکیانە بیکوژن، نیازی نییە کە بیانهێنێتە ئارا؟ ئەو ئەوەندە سوود لە گێلێتی و نەزانینی پیلانگێڕەکان وەردەگرێت، کە لەوانەیە پیاو لە خۆی بپرسێت، نەکا بۆ بزوواندنیان، چەند پیاوێکی خۆی ناردبێتە ناویانەوە.

کارنو: پیاوەکانی خەریکی وەشاندنی تۆی بەدگومانین بەدژمان؛ لە هەموو شوێنێکدا هەن. خەریکن زۆربەی شارەکانمان لێ دەورووژێنن. هاوکارەکانم [ئیشارەت بۆ مژان دەکات] پێیان ڕاگەیاندووم کە لایەنگرەکانی لە بولنی و سورمر خەریکن لە ناو خەڵکیدا بێ شەرمانە تاوانبارم دەکەن. ئەو بێچارەیە نیازی وابوو بەناوی ئەوەی کە ویستوومە – من – ڕێگەی سەرکەوتن بگرم و وێرانی بکەم، لە ناو خەڵکدا بەدناوم بکات.

بارەر: بەربەرەکانی لەگەڵ پۆلیسەکان، وەرامدانەوەی قسەکان... ئێمە بەم شێوەیە و بەم کەرەسەیەی هەمانە، ناتوانین بەرەنگاری ڕۆبسپێر ببینەوە و لە ناویبەرین. با ئاشت بینەوە لەگەڵیا.

کولو: ئیدی ئاشتبوونەوە مەحاڵە. ئەو ئاشتی ناوێت.

کارنو: منیش نامەوێت. ئاو و ئاگر... یا ئەو، یا ئێمە...

کولو: ئەگەر ئیمڕۆش ئاشت بینەوە، سبەینێ دووبارە تێک دەچینەوە و سەرلەنوێ دەبێ دەست پێ بکەینەوە.

بارەر: کەواتە بەلایەنی کەمەوە با ئیمڕۆ شیاوی ئەم کارە بین؛ ئێستا ئامادەی

بەرەنگاربوونەوەی نین. پێش هەموو شتێک دەبێ خەڵکی چەک بکەین و کۆمەڵی ژاکوینەکان – بەتایبەتی دەستەی تۆپچییەکان – دەبێ لە پاریس دوور بخرێنەوە. ئەوساکە پێویستە هەموو کۆمەڵ و دەستەی بەرهەڵستکەران یەک بخەین.

کولو: بۆ ئەم مەبەستە، فوشە بێ وچان خەریکی کارکردنە. ئەو دڵنیایە کە تا پاش هەشت ڕۆژی دیکە هەموو کارەکان ئامادە و ڕێکوپێک دەبێت.

بارەر: بەڵام ئەو لە نامەنووسیندا دووچاری هەڵە بووە. پیاوەکانی ڕۆبسپێر، نامەیەکی فوشەیان لە شاری نانت دەست کەوتووە کە تیایدا بۆنی ڕووداوێکی تازەی لێوە دێت.

بیو: بەدبەخت! ئەو زۆرداره لە ترسا، ناچار دەستپێشخەری بکات.

کولو: ئەمە کێبەرکێیەکە؛ هەرکەس زووتر دەست پێ بکات، گرەو دەباتەوە، با ئێمە زووتر دەست پێ بکەین.

بارەر: ئەو دڵنیایە لە دواخستنی. با هێمن و ئارامی بکەینەوە. بەهەر نرخێک و شێوەیەک بووە، با بیگێڕینەوە نێو کۆمیتە.

کولو: بیر لەوە دەکەیتەوە؟ ها! بەچ کەرەسەیەکەوە؟

بارەر: بێ گومان دەبێ هەندێ تازیاری پێ بدرێت.

بیو: هەرگیز.

کارنو: [*دوای بیرکردنەوە*]

خاسە. بیو! من زۆر قینم لێیەتی؛ ئەگەر من ڕازی ببم، تۆش دەتوانی هەر ئەم کارە بکەیت.

بیو: من خۆنواندن نازانم. ئەگەر بمزانییبایە، لە خۆم بێزار دەبووم.

کارنو: لە تاکتیکدا، بۆ ئەوەی دوژمن ڕابکێشیت، هەندێ جار وا پێویست دەکات کە لەبەردەمیدا هەڵبێیت و ڕا بکەیت.

بیو: وە تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە ئەو دەهێڵێت غافڵگیری بکەین؟ ئەو هەرگیز گوێ بۆ قسەکانمان شل ناکات.

بارەر: گوێ بۆ قسەی سن ژوست ڕادەگرێت. وازم لێ بهێنە با خەریکی کاری خۆم بم...

[*سن ژوست دێتە ژوورەوە*]



بارەر: [*بەرەو پیری دەڕوات و هەردوو دەستی بەمیهرەبانییەوە دەخاتە نێودەستی خۆیەوە*].

هاوڕێ! کەی چاوت بەماکسیمیلین کەوتووە؟

سن ژوست: هەر ئێستا لە ماڵی ئەوانەوە دێم؛ بەڵام زۆر بەدژواری دەتوانرێ قسەی لەتەکا بکرێت. دەرگای بەسەر خۆیدا ژەنیوەو هەر خەریکی نووسینەوەیە. تەنیا لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ژاکوین، چاوی بەخەڵک دەکەوێت. باوەڕی تەنیا بەخەڵکە و بەس.

بارەر: بەڕەئی تۆ، ئایا هاوشارییەکی خاس کە هیچ بایەخێک بەبوونی شۆڕاکانی دەوڵەتی نادات، دەبێ ڕەفتاری وابێت؟ ئایا ڕۆبسپێر، هەر بەو شێوەیەی کە من دەیهێنمە بەرچاوی خۆم لە دیکتاتۆرییەت بێزارە؟ ئایا خۆی بەهۆی پەیوەندی یەکسەرە و هەمیشەیی لەگەڵ خەڵکدا بەهانە و بەڵگە ناداتە دەست ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت تاوانی دیکتاتۆرییەتی پێوە بلکێنن؟

سن ژوست: من ئاگاداری پووچێتی و بێ بایەخی ئەم جۆرە تاوانانەم. لەگەڵ ئەمانەشدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم تاوانانە ناترسم؛ حەز ناکەم ڕۆبسپێر بەم شێوەیەی کە مانگێک دەبێت دەستی داوەتێ بەتەنهایی بمێنێت و گۆشەگیر بێت. ئەمە کارێکی دروست نییە. ئەو خۆی داوەتە دەست خەونی دڵە بریندارەکەی خۆی و حەز دەکات، واقعییەتی مرۆڤ و کرداریان لەبەرچاوی خۆی دوور بخاتەوە. بەڵام ئێوە بەرپرسیارن لە ئاکامی ئەم کارانەی. ئەم ڕەفتارە ناجۆرەی ئێوە وای لێ کردووە کە لێتان دوور بکەوێتەوە.

بارەر: ئەمەمان قبووڵە؛ ئێمە ڕێزمان لێ نەگرتووە و وەکو پێویست ڕەفتارمان لەگەڵا نەکردووە. بەڵام ئایا ئەویش هەر بەم شێوەیە نەبووە بەرامبەر بەکۆمیتە؟ هەریەکە لە قسەکانی لە ناو هیلاکی و ماندوویەتی و دڵ پەرێشانی کاری بێ وچان و دژوار، ناژمێررێن. خۆزیا پێی بنایە بەهەڵەکانی خۆی؛ ئێمە ئامادەین پێ بەهەڵەکانی خۆمان بنێین.

سن ژوست: تەنیا قسەکردن بەس نییە. ئێوە ئەو یاسایانەی کە بەرەزامەندی هەموو و بەهۆی دەنگدانی گشتییەوە ڕێکخراون، دەخەنە ژێر پێ. ئێوە هەمیشە بوونەتە لەمپەر و کۆسپ بەرامبەر ئەو یاسایانە و بەکارهێنانیان دوا دەخەن.

بارەر: بۆچی بێ پرسی کۆمیتە، ئەو یاسایانە بەکاردەهێنن؟ بەڵام با کای کۆن بەبا

نەکەین؛ چاو لە هەڵەکانی هەردوولا بپۆشین و باسی نەکەین. ئەم هەڵانە هەمووی بۆ کۆمار شوومن. بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کار بکەین، پێویستە هەردوولا هەوڵی بۆ بدەین.

ئێمە دژی ئاشتبوونەوە نین. با پێکەوە بۆ ئاشتبوونەوە ڕێگەیەکی دروست و باش پەیدا بکەین. هەر کەسێک بەشبەحاڵی خۆی بۆ ئەم کارە پێویستە هەوڵ و تەقەلّلا بدات. ڕۆبسپیێر چیی دەوێت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لێمان؟ نیەتی ئێمە باش و تەواوە و من خۆم باوەڕم بەباشی نیەتی هەموو ئەم هاوکارانەی لێرە دانیشتوون هەیە.

کولو: لەوانەیە من توندڕەو بم؛ بەڵام ڕاستگۆم. دەستم درێژ دەکەم. دەستی ڕاستی و دروستی.

کارنو: لەناو کرێکارانی ناوچەی من، جارجار شەڕ و قڕە و ناخۆشی ڕوو دەدات؛ بەڵام لەگەڵ ئەویشدا دۆستایەتی و هاوکارێتییان هەمیشە دەمێنێت.

بیو: ڕۆبسپیێر خاس من ناناسێت. بەدگومانییەکی ژەهراوی بەسەر بیر و خەیاڵیدا زاڵ بووە؛ من ڕۆبسپیێرم خۆش دەوێت.

ڕوو وەردەگێڕێت و تف دەکاتە سەر زەوی

سن ژوست: [*ئارام، بەسووکییەوە پیایا دەڕوانێت*]

من هیچ شتێکم دەربارەی هەستی ئێوە بەرامبەر ڕۆبسپیێر نەپرسیوە. ئاشنایەتی چاکم هەیە لەتەک ئەم جۆرە هەست و باوەڕانەدا. گەرەکمە بزانم بۆ ئارامکردنەوەی دەتوانن چی بکەن، و چاوەڕێی چی دەکەن لەو؟

بارەر: بۆ ئەوەی بیسەلمێنین بۆی کە نیەتمان خاسە، پێش هەموو شتێک ناهێڵین کارەکانی بەناکامی و نیوەچڵیی بمێنێتەوە. پێشنیاری دەرکردنی فەرمانێک دەکەین کە ئیعتبار ببەخشێت بە یاساکانی وانتوز[٣٥]. لە سەرەتاوە دەتوانین چوار کومیسیونی خەڵکی پێک بهێنین: یەکەمین ئەرکیان ئەوەیە هەر کەسێک گومان لێکراو بێت، بیگرن و بینێرنە دادگای خەڵکی... خاسە، هەموو پەسەندمانە؟

[*هەموویان سەریان ڕادەوەشێنن*]

بیو: هەروەها دەتوانین چەند دادگایەکی خەڵکی گەڕۆکیش پێک بهێنین کە هەر لە شوێنی خۆیاندا خەریکی کار بن.



بارەر: [*دەست دەکاتەوە بەقسەکردن*]

بەهۆی ئەو باوەڕەی هەمانە بە تۆ و ڕۆبسپیێر، پێشنیار دەکەین کە بەناوی کۆمیتەوە ڕاپۆرتێک دەربارەی بارودۆخی ڕامیاری بدەیت بەکنوانسیون. تۆ خۆت – بەمەبەستێکی پاکەوە ئەم گفتوگۆیە دۆستایەتییەمان و بڕیارەکانمان – کە پێکەوە بڕیارمان لەسەر دا – بخەرە ناو ڕاپۆرتەکەت. باشتر وایە کە خۆشت بەدڵێکی خاوێنەوە بەدگومانی و ڕەشبینی لە خۆت دوور بخەیتەوە.

کارنو: چەندین حەوتەیە ڕێتان نەداوە دەستەی تۆپچییە پاریسییەکان بۆ سوپای باکور بچن، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆشتنیان بۆ ئیشوکاری ئەوێ فرە پێویست و گرنگە.

ڕۆبسپیێر بەهۆی بەدگومانییەوە گەرەکێتی بۆ پارێزگاری خۆی لەشکرێک ساز بکات. با ئەم بەدگومانییە کە هەم بۆ ئێوە و هەم بۆ ئێمەش ناحەزە – لەناوبەرین. دەستووری گواستنەوەی ئەو دەستانە بۆ باکوری وڵات، ئیمزا بکە! ئەمە بچووکترین داخوازی ئێمەیە.

کولو: هەروەک چۆن ئێمە سەر لە پێناو و گیان لەسەردەست، باوەڕ و ڕاستی و دروستی خۆمانتان بۆ دەربڕین، هەرواش داوا لە ئێوە دەکەین کە باوەڕ و ڕاستی دروستی خۆتانمان بۆ دەرببڕن. ئێمە گشتمان دڵمان پاکە.

سن ژوست: لێرەدا باس باسی هەست و دڵپاکی نییە و هیچ بڕینێک سارێژ ناکات. خەڵک ئەوەی لە ئێمە دەوێت کە شەڕ و قڕەی نێوخۆمان – کە بەرامبەر بەدوژمنانمان لاواز و بێ توانامان دەکا – ڕابگرین و، هەڵی بگرین بۆ دوایی؛ بۆ کاتی خۆی. پاش ئەوەی کە خاکی فەرەنسە پاک دەبێتەوە لە دوژمنان و داگیرکەران؛ ئەوساکە دووبارە دەست دەکەینەوە بەخەباتکردن و بەربەرەکانیکردنی یەکتری. من دەچمە لای ڕۆبسپیێر بۆ ناوبژیکردنی. بەشبەحاڵی خۆم، پێشنیارەکانتانم لا پەسەندە. ڕاپۆرتێک دەنووسم کە بێ لایەن بێت؛ چونکە ئەرکی سەرشانمە کە بەبێ لایەنی ڕاپۆرت بۆ کۆڕ بنووسم.

کارنو: ئەی فەرمانی ناردنی دەستەی تۆپچییەکان بۆ باکور؟

سن ژوست: من ئیمزای دەکەم.

بیو: کەواتە هەموو شتێک ئامادە و ڕێکوپێکە؛ تۆ ماکسیمیلین بنێرە لامان. ئێمەش بۆی دەسەلمێنین کە هەرگیز هەتا ماوە دۆست و هاوکاری دروستتر و ڕاستتر لە ئێمەی نەبووە.

*[هەموویان بەسەر جووڵانەوە قسەکەی تەئید دەکەن]*

بارەر: ئێمە دەبێ بچینە کنوانسیون. ئێستا کۆبوونەوە دەستی پێ کردووە.

هاورێ، تۆ لەتەکمانا دێیت؟

سن ژوست: نەء؛ من لێرە کارم هەیە.

بارەر: لە پاشاندا چاومان پێت دەکەوێت.

*[دەستی دەگوشێت]*

کارنو: ئێمە جاروبار لەسەر شتی بچووک و بێ مانا لەنێو خۆماندا دەکەوینە شەڕە قسە. بەڵام ڕێزێکی تایبەتیم هەیە بۆ تۆ. تۆ پیاوێکی نەترس و ڕاست وێژیت.

کولو: وە منیش خۆشم دەوێیت... [باوەشی بۆ دەکاتەوە] ماچم بکە.

سن ژوست: خۆی دەکێشێتە دواوە

نە، نە! خۆ نواندن بەس بێ ئیتر. تۆ خەریکی دەوری «نرون» کایە دەکەیت؟

کولو: *[بەپێکەنینەوە]*

«من ڕەقیبەکەم ماچ دەکەم...» تۆ لە کاتی کایەکردنما چاوت پێم کەوتووە؟ خاس کایە دەکەم.

سن ژوست: بۆچی ناچیتەوە سەر کاری ڕابوردووت؟

کولو: کاری ئیمڕۆشم خراپ ئەنجام نادەم!

*[دەچێتە دەرەوە]*

سن ژوست: *[بەتەنیایی ماوەتەوە، بەچاو دەڕوانێتە ڕۆیشتنە دەرەوەیان]*.

هەموویان درۆ دەکەن. بۆگەنی درۆکانیان لە بیست هەنگاوەوە بەرز دەبێتەوە لێیان. ئاخۆ وا دەزانن کە کەس هەست بەو بۆگەنە ناکات؟ کولو: هەروەک ماسی کابو وایە. کارنو، کەوشە دارینەی کرێکارە مەردەکانی باخی ڕەزی لە پێ کردووە.... بیو، خەریکە بەهۆی نەزانینی چۆنیەتی خواردنی ڕقوکینە دەخنکێت....

بارەر، تەنانەت شیاوی ئەوە نییە کە پیاو بزانێت کەی ڕاست دەکات و کەی درۆ دەکا.... لم، گڵ، خۆڵ... پێ لەسەر چی و کامیان دەتوانرێت دابنرێت؟

ئەمانە هەموویان جەردە و تاڵانکەرانی کۆمارن. ژیانی من تەنیا پەیوەندی بەیەک پیاوی واقیعی هەیە!



*[لوبا لە کۆمیتەی هێمنایەتی دەگەڕێتەوە؛ خۆی دەکا بەژووردا]*

لوبا: *[زۆر بەخۆشی و شادییەوە]*

سن ژوست ، ئەوە تەنیایت؟

سن ژوست: *[هەر لەبیرکردنەوەدایە]*

لەوانەیە ئەمیش یەکێک بێت...

لوبا: خەریکی کارکردنی؟ حەز ناکەم کاتت بەفیڕۆ بدەم...

*[وا پێشان دەدا کە خەریکی ڕۆیشتنە]*

سن ژوست: *[ناهێڵێت بڕوات]*

مەڕۆ! کارم پێتە.

لوبا: قسە بکە؛ چیت گەرەکە؟ من ئامادەم.

سن ژوست: هیچم گەرەک نییە جگە دیداری تۆ.

*[دەست دەخاتە سەرشانی لوبا و بەپێکەنینێکی میهرەبانییەوە تەماشای دەکات]*.

لوبا: *[بەخۆشییەوە]*

ئەنتوان! هێشتا کەمێک خۆشت دەوێم و بەدۆستی خۆتم دەزانیت؟

سن ژوست: بەکەسێک کە شیاوی بێت، هەر شتێکی پێ بدەم، لێی ناسەنمەوە.

لوبا: بەڵام، ئەی بۆچی ماوەیەکە خۆتمان لێ دەشاریتەوە؟

سن ژوست: لە تۆ؟ هەرگیز

لوبا: *[بەئارامییەوە]*

تۆ لەبەر خاتری هانریت لێمان ڕەنجاوی؟

سن ژوست: بەهیچ جۆرێک خوشکە نەشمیلەکەی تۆ، دەستی لەم کارەدانییە. ئەم خوشکەی تۆ و لە پێش ئەویشا ، تۆ خۆت، هەرگیز ناتوانم کینەتان بخەمە دڵمەوە.

لوبا: کەوایە لە کێ ڕەنجاوی؟

*[تا ئەم پرسیارە هەردووکیان دەستیان لە ملی یەکتر دایە؛ دوای ئەمە سن ژوست دەستی لە ملی لوبا دەکاتەوە]*

سن ژوست: لە خۆم. تەماشاکە فیلیپ، زۆرجار دژوارترین جۆری خەباتکردن دژی دوژمنان نییە، بەڵکو شەڕێکە لە دەروونی مرۆڤ خۆیدا ڕوو دەدات. تا ئەو کاتەی ئەم

شەڕە لەناو دەروونی خۆمدا بەردەوامە، خۆم لە خەڵک دوور دەخەمەوە و گۆشەگیر دەبم.

لوبا: لە پێناوی ئەو؟

سن ژوست: لە پێناوی ئەو.

لوبا: [*تا ئەندازەیەک بەشەرمەوە*]

لە پێناوی بەختەوەری ئێمە؟

سن ژوست: نە؛ لەبەر بەختەوەری خۆم. بەڵام خاستر وایە کە هانریت فەرامۆشم بکات. ئەگەر ژنی من بێت، لە ژیانیدا دووچاری ڕەنج و ناخۆشییەکی یەکجار زۆر دەبێت.

لوبا: ئەگەر نەبێتە ژنت زێتر ڕەنج دەکێشێت و ژیانی دژوارتر دەبێ.

سن ژوست: نە، نە هاوڕێکەم؛ کاتێک ئینسان کەسانێکی – کە لە ڕووی نەزانینەوە خەریکی تیا چوونن – خۆش دەوێت. ئێمە دەبێ لە پێناوی ئەوان و بۆ ئەوان هەڵسوکەوتێکی ژیرانەمان ببێت. ئەم کێشەیە بۆ ئافرەتێکی لاو، دوور لە ژیرییە کە پاشەڕۆژی خۆی لەتەک پاشەڕۆژی کەسێکی وەک من – کە مەحکوومن – گرێ دەدەن.

لوبا: مەحکووم بە چی؟

سن ژوست: مەحکووم بەمەرگ؛ چاوەڕوانی مەرگ.

لوبا: هاوڕێ! مەرگ هەڕەشە لە هەموویان دەکات؛ بەڵام هیوادارم کە چاوەڕوانیمان درێژە بکێشێت.

سن ژوست: مەرگ یەکەمین هەنگاوی خۆی بەسەر پێپلیکەدا هەڵناوە و خەریکە بەرەو ژوور دێت.

لوبا: تۆ فرە تاریک بینیت.

سن ژوست: من زۆر ڕۆشەن دەبینم. ئێمە و کەسانی دیکە.

لوبا: منیش وەک تۆ ئاگام لەو قسە ژەهراوییانەیە کە دژی ڕۆبسپێر دەکرێت و ئاگاداری پیلانەکانیانم. بەڵام ئەو چەندین جار لەمەوبەر پیلانی خیانەتکارانەیانی لەناوبردووە. کنوانسیون گوێڕایەڵین و، خەڵکی پاریس لایەنگری ئەون.

سن ژوست: کنوانسیون جگە لە خیانەتکردن، بیر لە هیچی تر ناکاتەوە. دەبێ فرە



چاودێرییان بکرێت. ئەگەر تەنیا چرکەیەک چاوپۆشییان لێ بکرێت، هەروەک ڕەوە گورگ پەلامار دەدەن. خەڵکی لایەنگری کێن؟ ئیمشەو سبەینێ لایەنگری کێ دەبن نازانم. خۆیشی ئەمە نازانێت. ئەم خەڵکە ئیدی خەڵکی ١٠ی ئوت نین. ئیتر هیلاک و ماندووبوون و لە ڕێی ڕاست دوور خراونەتەوە. دەسخەڕۆ بوون و فریودانیان لە لایەن داروودەستەی ئەبر دەربارەی زیادکردنی هەقی کارکردنیان و هەقی بێ کاری، هەموویانی کێشاوەتە سەر ڕێگەی چەوت. بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی هێزە پەخش و بڵاوەکان، پێویستیمان بەدەستێکی پۆڵایین هەیە.

ڕۆبسپێر ئیدی خاوەنی ئەو دەستە پۆڵایینە نییە. ئەو ئیدی ڕۆبسپێری ساڵانی پێشوو نییە کە ڕابەرایەتی هەموو هێزەکانی شۆڕشی دەکرد دژی دوژمنانی ناوخۆ و هەندەران. شۆڕش، ڕۆڵە و تێکۆشەرەکانی خۆی یەک بەدوای یەک دەخوات. بێ گومان ڕۆبسپێر هێشتا دابی پاکی و بێ گوناهی خۆی لە دەست نەداوە؛ بەڵام ئێستاکە نەخۆشە و توندڕەو بووە. تەنیا خەریکی خۆی و بەدگومانییەتی، گۆشەنشینی هەڵبژاردووە. ئەو ناتوانێ لەم ڕۆژانەدا بەرەنگاری ئەو ڕووداوانەی – کە دوای هەموو شۆڕشێک ڕوودەدات – ببێتەوە.

بۆ بەرهەڵستکردنی ئەو ڕووداوانە و ڕاوێستاندنیان، تەنانەت ئەگەر دڵی هەموو پیاوە ئازادە سەربەستەکان و هەموو دڵسۆزانی کۆمار بیەشێنێت، پێویستە زۆر دلێرانە پەنا بەرینە بەر دیکتاتۆرییەت... باوەڕم پێ بکە هیچ کەسێک بەئەندازەی من ترسی لە دیکتاتۆرییەت نییە. دیکتاتۆرییەت لە ئۆردوگاکاندا کەوتۆتە جموجۆڵ. هەرکە دەبینم دیکتاتۆرییەتی نیزامی وا خەریکە جێ پێی خۆی دەکاتەوە، هەموو لەشم دەکەوێتە لەرزین؛ بەڵام بێ گومان بۆ بەرهەڵستی دیکتاتۆرییەت، تەنیا دەبێ ئەو چەکەی کە ڕوویان کردۆتە سەر سنگی کۆمار، وەریگێڕینە ڕووی خۆیان.

دیکتاتۆرییەتی ڕزگاری خەڵک [لوباش ئەم ڕاستییەم بۆ ڕوون و ئاشکرا بووە] ئیمڕۆ تەنیا ڕێگەیەک بۆ ڕزگاری و ئازادکردنی جەماوەر و بۆ بەدیهێنانی ئەمە، تەنیا بەهۆی یەک ڕابەر ئەنجام دەبێت، نە بەدوانزە کەسەوە کە هەروەکو کۆمیتەکەی خۆمان پەلاماری یەکتری دەدەن. دەبێ هێز و توانایەک هەبێت کە باڵ بکێشێت بەسەر هەموو هێزەکانی ڕەقیب کە هەریەکەیان ئەوی دیکە ڕادەماڵێت. دەبێ هەروەکو چەخماخەی بروسکە بەخێرایی کاری خۆی بکات و لە چاو ون بێت.

تەنیا ئەم هێزە دەتوانێت ڕێگەی کۆمار پاک بکاتەوە لەو دوژمنانەی کە ڕێیان گرتووە؛ بەڵام من خاس دەزانم، هیچ یەکێک لە ئێمە ناچینە ژێر ئەم بارە. هیچ کامێکمان ئەو لەخۆبووردن و ئازایەتییەمان نییە. لەوانەیە بەتەنیا یەک کەس بتوانێت؛ بەڵام ئەویش نایەوێت ئەم کارە بکات. ڕۆبسپێر- کە خەریکن تاوانباری دەکەن، گەرەکێتی ئەم کارە بکات؛ بەڵام لێی دەترسێت و نایەوێت ئەنجامی بدات، ئەو بۆتە دەروێش، بێ ڕەچاوکردنی یاسا دەست لە هیچ کارێک نادات.

ئەگەر بیەوێت شتێکی پێویست و - گرنگ کە لەگەڵ یاسادا جۆر نایەت - ئەنجام بدات، لای وایە دەبێ یاسایەکی نوێی بۆ دابنرێت. بێ گومان تا ئەو یاسایە بەدەنگدان دەگات، کاتی بەجێهێنانی ئەو کارە تێپەڕیوە.

ئەو هەموو هێزەکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ جێخستنی ئەحکامی پرەریال و ئیدی هێز و توانایەکی وای بۆ نەماوەتەوە. ئەم کارانە سوودێکی بۆی نەبووە؛ هیچ بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرە بەرە خەریکە ئەو خۆشەویستییەی لە دڵی خەڵکا هەیبوو، کەم دەبێتەوە. ڕێگە بۆ دوژمنەکانی خۆی دەکاتەوە. خەریکە لەنێو گڵپەی ئاگری بەرپەچدانەوەی ئەو تاوانە پووچانەی دەیانەوێت پێی بلکێنن و هەروەها لەنێو خەیاڵی بیروڕای ئاینیدا دەسووتێت. وا بیر نەکەیتەوە گەرەکمە قسەی بۆ دروست بکەم. من هەست بەو ڕەنج و ئازارەی کە دەیکێشێت دەکەم؛ دەزانم لە چی ئاگرێک دایە. ئەو بێزار و ڕەنجەڕۆی دەستی ئەو هێرشە ناڕەوایانەیە کە دەیکەنە سەری. مل دەنێ بۆ ئەم بێزارییە - کە من خاس ئاشنام لەتەکیا و نایەوێت لەگەڵ ئەم تاوانبار و پیاوکوژە خوێڕییانە هاتوچۆ بکات. من هەم خۆشم دەوێت و هەم گلەییم هەیە لێی. بەڵام ئێمە نابێ بپۆشین و بۆی بخەوین؛ پێویستە ڕقوکینە و بێزاری بخۆینەوە. ڕۆبسپێر دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمیتە و ئەمە ئەرکی سەرشانی منە کە بیگێڕمەوە. بەهەر نرخێک بێت، هەرچەند بەگرانیش تەواو بێت بۆی (بێ گومان بۆ من گرانتر تەواو دەبێت). بۆ ئەوەی بتوانین پیلانەکان لەناوبەرین، پێویستە لەسەرمان بەشێوەیەکی کاتیش بێت یەکێتی نێو ڕیزەکانمان بپارێزین. ئەگەر ئەم کارەمان پەسەند بکات و بێزاری خۆی بۆ ئامادەبوون - بەخەیاڵێکی پووچی ڕێککەوتنێکی درۆ کە کەس فریوی ناخوات؛ بەڵام هەموومان بەکارێکی پێویستی دادەنێین بۆ دەوڵەت - دەربڕێت، ئەو کاتە دەتوانم تێبگەم لێی. بەڵام ئەو خەریکە خۆی دەفەوتێنێ؛ ئێمەش لەتەک خۆیدا بەرەو هەڵدێر و



لەناوچوون دەبات و برم کارە لە ئاکامدا جگە لە تێکشکاندن و لەناوبردنی دەوڵەت، هیچی دیکەمان دەست ناکەوێ.

لوبا: ئەگەر وایە وای تێدەگەیت، ئەی بۆچی هەموو کارەکان ناگرێتە دەست خۆت؟ دەست و مەچەکی تۆ بەهێزتر و تواناترە.

سن ژوست: نە! ئەوساکە دەبێ بەرەنگاری کەسێک ببمەوە کە تەنیا پاڵپشت و جێگە ئومێدمە؛ واتە بەرەنگاری بەرهەڵستی ڕۆبسپێر دەبمەوە. ژێر پێیان خاڵی کردۆتەوە. ئەو پەیمانەی لەتەک میانڕەوەکان دژی توندڕەوەکان بەستوویەتی، بۆتە هۆی خاڵیکردنی ژێر پێی. پێویستە دووبارە یاسای نوێ و ڕێکوپێک بۆ ئیشوکاری شۆڕش دابنرێت. زۆر بەخێرایی و چالاکییەوە.

نابێ شۆڕش پێش ئەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی ئەنجام بدات، ڕابووەستێنرێت. ڕاوەستاندنی شۆڕش مانای خۆدانە دەستەوەیە. ڕژێمی نوێ کاتێک دەتوانێت جێگیر بێت کە ڕژێمی کۆن ڕووخێنرابێت. ئێمە هەرگیز لەتەک ڕابوردوودا پەیمان نابەستین. باوەڕمان بەڕێگەی ناوەڕاست و کاری نیوەچڵە نییە. خاکێک کە هەرزی بێت، دەبێ بکێڵرێت و هەڵگێڕێتەوە؛ ئەگینا هەرزەکان دووبارە سەر دەر دەکەنەوە و چەکەرەی گەنمەکان دەخنکێنن. ئێمە تۆوی گەنمی کۆمارمان وەشاندووە؛ بەڵام هێشتا خاکمان بژار نەکردووە، بژارکردنی زەوی و پاککردنەوەی لە هەرزێ، تەنیا بەگاسنی دیکتاتۆرییەتەوە دەکرێت. بەهیچ جۆرێک ڕۆبسپێر حەز لەمە ناکات، ناو بەناو دڵی بۆی لێ دەدا و ڕاڕا دەبێت، هەر لەبەرئەمەیە کە تاوانباری دەکەن...

بەڕاستی بارودۆخێکی مەسخەرەیە... ئەو ڕابەرە... خاسە، من کڕنۆشی بۆ دەبەم. ئێمە تەنیا یاریدەدەری ئەوین. ئێمە نەوەکو ئەو خاوەنی ئەزموونێکی باشین و نە لێهاتوویەتی ئەومان هەیە. ئەو باوکی شۆڕشە. بۆ هەرکوێیەکمان بەرێت، من دوای دەکەوم. هاوبەشی چارەنووسی دەکەم. بەڵام لوبا! زۆر حەز دەکەم تۆ، بۆ چەند مانگێکیش بێت لە پاریس دوورکەویتەوە.

لوبا: وادەزانی، ئەگەر مەترسییەک لێرە هەبێت، من وازتان لێ دەهێنم و لێتان دوور دەکەومەوە؟

سن ژوست: ئەگەر بمێنیتەوە، بێ ئەوەی بتوانی هیچ کارێکمان بۆ بکەیت دووچاری مەترسی دەبیت.

لوبا: ئەوەندە بەبێ بایەخم دەزانیت؟

سن ژوست: لەوەی کەوا بێ ئەوەی هیچ سوودێکی تایبەتی خۆتت لەبەرچاو بێت، ئامادەیت خۆت فیدا بکەیت، زۆر ڕێزت لێ دەگرم. بەڵام تۆ دەتوانی لە شوێنی تر (وەک شارەکانی دیکە، ناو سوپا) زێتر خزمەت بەکۆمار بکەیت.

لوبا: ئەگەر حەز بکەیت، پێکەوە! هەروەک کاستور و پولوکس[٣٩] سێ جار پێکەوە هاوبەشی شانازیکردن دەبین.

سن ژوست: چەندە ئەم ئارەزووانەم لەسەردا بوو. لوبا! من تەنیا ئەو کاتەی لەناو سوپادام هەست بەئاسوودەیی و خۆشی دەکەم. لەوێدا ئەرکی سەرشانی هەرکەسێک ئاشکرا و ڕوونە؛ دوژمن بەرامبەرتە. بەڵام لێرەدا دوژمن بەئاشکرا دەستت بۆ درێژ دەکات و دەس دەخاتە نێو دەستەوە و ناچارن کە دەستیان بۆ درێژ بکەن و سەر بۆ ئەو هەموو پەستی و ڕەوشت نزمییە دانەوێنن... من ئیدی ئەم کارەم پێ ناکرێت. کارنو، بەدگومانە لێم بەرهەڵستی فەرمانەکانم دەکەن. ئیدی ناتوانم بگەڕێمەوە ناو سوپا؛ جگە لەمە بەچاوی خۆم دەبینم و هەستیش دەکەم کە ئەم تراژیدییە خەریکە کۆتایی پێ دێت. من دەبێ هەر لێرە بم.

لوبا: کەواتە منیش هەر لێرە دەمێنمەوە.

سن ژوست: بیر لە هاوسەرەکەت و ئەو منداڵەی کە دێتە دنیا بکەرەوە. دووریان بخەرەوە لە پاریس؛ دەتوانی ئەم کارە بکەیت و دەبێ بیکەیت. تۆ وەکو من لەبەرچاودا نیت. تۆ دوژمنت نییە.

لوبا: هەموو دوژمنەکانی تۆ بەدوژمنی خۆم دەزانم. لەمە زێتر سووکم مەکە. ئەوەندە پیاوەتی لەخۆما دەبینم کە بڵێم شیاوی ئەوە هەم کە بەرەو مەترسی بڕۆم.

سن ژوست: هاوڕێکەم! ببوورە من بەرامبەر بەتۆ لاوازم و هەست بەزەبوونی دەکەم. خاس دەزانم کە تۆ ئەم زەبوونییەت نییە. بەڵام ئەگەر ئەم گەرد و خاکەی - کە هەموو بوونی منی لێ پێکهاتووە - دەتوانم بێ دژواری فیدای بکەم و بەچاوێکی سووکەوە بیمرێنم؛ حەز دەکەم پاشەڕۆژ و چارەنووسی تۆ لەم کارە جیا بکەمەوە. تۆ، گیان و لەشت، ئەو ئافرەتەی کە خۆشت دەوێ، ئەو کوڕەی کە دروستت کردووە. هیوا و ئارەزووم ئەوەیە کە بەشێک لە من، واتە پاکترین و پیرۆزترین بەش لە بوونم، لە ئێوەدا زیندوو و نەمر بێت...



لوبا: بەڵام من خۆبینترینی منی من، گیانێک کە ڕۆشنایی دەپژێنێت، لە تۆدا دەبینم و لەناو تۆ دایە. ناتوانم چاوی لێ بپۆشم.

سن ژوست: تۆ ئەوینی هاوسەرەکەتت هەیە.

لوبا: ئەو هەموو ناو دڵمی گرتۆتەوە و پڕی کردووە؛ بەڵام گیانم خاڵییە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە، دۆستایەتی تۆم گەرەکە.

سن ژوست: دۆستایەتی من و تۆ هەمیشەیی و نەمرە. زیندووبین یا مردوو، ناوی هەردووکمان پێکەوە لکاوە.

لوبا: من بیر لە ناو و ناونیشان ناکەمەوە! بیر لە تۆ! سن ژوست و خۆم دەکەمەوە. هەردووکمان زیندووبین. شانازی لەنێو خەیاڵی خۆما پەروەردە ناکەم. تەنیا بیر لە زەوییەک دەکەمەوە کە ڕۆژێک - تەنیا ڕۆژێک - ڕۆژێکی ئاوا خۆش و جوان، لە سەریدا دەژین و بەخوێن ڕەنگینی دەکەین. بیر لە زەوی برایەتی - کە تیشکی بەتینی خۆری ترمیدر پڕی دەکاتەوە - دەکەمەوە.

سن ژوست: تۆ لاوێکی یۆنانیت و حەز لە سێبەر ناکەیت.

لوبا: من فەرەنسەییەکی چاکم؛ حەز لە هەموو شتێکی ڕۆشن و ڕووناک دەکەم؛ بەڵام حەز ناکەم بریقە و درەوشانەوەی ڕووناکی، چاوم ئازار بدات؛ دڵانی سادە و بێ ڕیا، خەڵکی باش.

سن ژوست: لەبەرئەمەیە کە خۆشم دەوێیت. بێ گومان دەبێ تۆیش منت خۆش بوێت؟

لوبا: ئاه! هیچ یەک و دوویەکی ناوێت. من لە خۆمەوە تۆم نەویستووە؛ ئەمە بوونی منە کە تۆی هەڵبژاردووە. هەموو گیانم پڕێتی لە دۆستی و خۆشەویستی.

سن ژوست: بەڵێ، دۆستایەتی لەوانەیە مامۆستایەکی فەرمانڕەواتر لە خۆشەویستی بێت.

لوبا: دۆستایەتی فرە مەزنترە. چونکە ئەوین دەست و دڵ بڵاوە؛ بەدەستێک دەبەخشێ و بەدەستێک دەیسێنێتەوە. دۆستایەتی قایلە و بەکەمترین ڕازیبوون بەکەمێک لە هەموو باشترە. مرۆڤ هەر لە پێناوی ئەمەیە دەمرێت.

سن ژوست: تا ئێستا ژیان و مەرگ بۆ من یەکسان و بێ بایەخ بوو. دوای هاتنی تۆ بوومە ئەوینداری ژیان بۆ ئەوەی بتوانم بەرگری لە ژینی تۆ بکەم. کەواتە، وەرە، با پێکەوە تێبکۆشین و خەبات بکەین کە ژیانی کۆمار، کە هەمیشە بەزیندوویەتی دەمانهێڵێتەوە، ڕزگار بکەین.

**[پەردە دادەرێتەوە]**

## تابلۆی یانزەیەم

شوێن: [*سەرگردەکانی «مون مورانسی»* ] .

کات: ڕۆژی ٧ی ترمیدر (٢٥ی ژوئیە) گەرمترین کاتی دوای نیوەڕۆ.

ڕێگەیەک لە ئاخری پەردەی شانۆوە بەلای ڕاستەدا بەرەو ژوور دەڕوات. بەزاویەیەکی موحەدەب شانۆکە لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ دەبڕێت و ڕووەو نشێو، بەلای ڕاست، بۆ بەردەم شانۆکە دێتە خوار.

لە لووتکەوە تا خوارەوە، هەروەک ئەوەی کە بەسەر دۆڵێکدا بڕوانیت، دەشتێکی بەرین داپۆشیوە، لە دوورەوە، شاری پاریس، لە گەرمترین ڕۆژانی وەرز، بەسەریەکا دەبینرێت. چەند شوێنێکی پاریس لە ژێر تیشکی بەتینی خۆردا دەدرەوشێتەوە. لەلای چەپەوە، لە دووری چەند مەترێکی جادەکەوە، کە لە گۆشەی بەرزی بێشەڵانییەکەوە کە باریکە ڕێییەک وەک مار پێچاوپێچ بۆتەوە، بێشەیەکی بچووکی دار بەڕوو دەبینرێت.

ڕۆبسپێر لە حاڵەتێکدا کە کڵاوەکەی خستۆتە ژێر باخەڵییەوە لەلای ڕاستەوە هەنگاوی بەرز دەنێتو بەرەو سەرەوە دێت. بۆ تازەکردنەوەی هەناسەی، تاوێک لە سەر لووتکەی گردەکە ڕادەوەستێت و وچان دەدات. تەماشایەکی لای ڕاست و چەپ و جادەی پشت سەری خۆی دەکات. ئاگای لە هیچ نییە؛ چاوی دادەخات] .

ڕۆبسپێر: ئەی خۆری سووتێنەر!... هەرکە چاوم دادەخەم، بەرچاوم سوور دەبێت... سەرم گێژ دەبێ و دەخولێتەوە.

*[لەلای چەپەوە، لە سەرەوە لێژییەک، لە ژێر سێبەری درەختێکا دادەنیشێ]* .

سیمون دوپلە:

*[لە دوورەوە بەدەنگی بەرز، بێ ئەوەی ناوی ڕۆبسپێر بهێنێت هاوار دەکا]* :

«هۆی!... ئاهای!...»

ڕۆبسپێر: پاسەوانەکەمم ون کردووە. خەریکە ئازاری خۆی دەدات. سیمونی میهرەبان وادەزانێ نابێ هەنگاوێک لێم دوورکەوێتەوە... هە! با بگەڕێت بەدواما. ئادەمیزاد



پێویستی بەوە هەیە تاوێک لەتەک خوای خۆی و سروشتا بەتەنیایی ڕازونیاز بکات؛ بۆ ماوەی چەند سەعاتێک دوورکەوێتەوە و خۆی لە دەوروبەر و هەوای ژەهراوی ناو شاری گەورە ڕزگار بکات [*بەچەناگە ئیشارەت بۆ شار دەکات*] چارەنووسمان لەو زەلکاوی پڕ دووڕوویی و شێتییە، کارێکی وای کردووە تەنانەت بوونی پیاوێکی میهرەبانی وەک سیمونیش لەلام دەبێتە هۆی بیر بڵاوی و پەرێشانیم. تەنیا سەعاتێک پیاو بتوانێت هەموو شتێک لەبیر خۆی بەرێتەوە. بەڵام ئایا ئەم کارە لەم کاتە ناسکەی خەباتا دەکرێت؟ ئای! سەرم گێژ دەبێ و دەخولێتەوە... بەم گەرمایە و لە ژێر تیشکی خۆرهەتاوا، زۆر بەخێرایی سەرکەوتم *[چاوی دادەخات]* . بیرەوەرییەکانی ئەم شوێنە چەندە لام ئازیزن!

چەندین جار بەدڵخۆشییەوە عەودالّی ئاسایش و باوەڕێکی زیز بوو لێم و لە ڕووناکایی ئاوا ڕۆژێکدا کە هێشتا تیشکەکەی دوای پانزە ساڵ لە ژێر پێڵووی چاوما ماونەتەوە، هاتبوومە ئێرە... [*تاوێک بێدەنگ دەبێ، لە پاشاندا خەونەکانی بەدەنگی بەرز دەڵێتەوە*] .

ئەوساکە تەمەنم لە بیست ساڵان کەمتر بوو. ئا لێرەدا بوو کە چاوم بەژان – ژاک ڕۆسوی پیر کەوت هیچ شتێک نەگۆڕاوە. تەنیا درەختەکان نەبێ؛ ئەوساکە نەمام بوون و ئێستا گەورە و بەرزبوون.

هەروەکو ئیمڕۆ شەقەی باڵی قاز و قورنگ لە ئاسماندا دەبیسترا [چاوی ناکاتەوە] ئا لێرەدا بووم؛ بەرامبەرم – لە هەمان ڕێگەی کە تازە پیایدا سەرکەوتبووم – چاوم بەفەیلەسوف و دانای ڕۆژگار کەوت کە ئەویش دەهاتە سەرەوە؛ تەنیا بوو؛ سەری ڕووت بوو؛ کەمێک پشتی چەمابۆوە. چەپکەیەک گوڵی کێوی بەدەستەوە بوو، بۆ گژوگیاکردنەوە دادەنوشتایەوە و بەسرتە لەتەک خۆیدا قسەی دەکرد...

[*لەو کاتەدا کە ڕۆبسپێر لەتەک خۆیدا قسان دەکا، کەسێک بەشێوە و سیمای ژان – ژاک ڕوسو لە جادەکەوە بەرەو سەرەوە دێت و گیان دەبەخشێ بەو حاڵەت و قسانەی ڕۆبسپێر دەیکات؛ بەڵام ڕۆبسپێر چاوی خۆی داخستووە، بەهیچ جۆرێک ئەو نابینێت و لەسەرخۆ خەونەکانی دەگێڕێتەوە*] .

ئەو منی نەدەدی و نقمی دەریای خەیاڵی خۆی بوو. من لە یەکەمین

چاوپێکەوتنما، ناسیبوومەوە و جووڵەم لێ بڕابوو. بۆ ئەوەی تەماشای دیمەنی جوانی سروشت بکات، لەسەر لووتکە ڕاوێستا. لە پاشاندا خۆی دا بەسەر گۆچانەکەی و کەوتە ڕێ بەرەو باریکە ڕێکەی کە بەرەو بێشەکە دەڕوا، هەرکە بەلای منا تێدەپەڕی، چاوەکانی - کە هەروەک کوندەپەپوو تیژ و خورمایی و بریقەدار، وەک بڵێیی ناخی دەروون دەبینێت، بەرز کردەوە و ڕوانییە قووڵایی هەردوو چاوم...

[*لەم کاتەدا ڕۆبسپێر چاوی دەکاتەوە و کەسێک بەرامبەر خۆی دەبینێت کە تەماشای دەکات. تاوێک بێدەنگییەکی ئارام و تێدەپەڕێت. ئەو کەسە خەیاڵییە دەچێتە سەر ڕێگە باریکەکە و بەرەو بێشەکە دەڕوات لەپڕ لە چاو ون دەبێت. ڕۆبسپێر واقی وڕ دەمێنێ و هیچ جووڵەیەک ناکات، لە پاشاندا دەیەوێت هاوار بکا، دەستی بەرەو لای ملی خۆی دەبا، تەکانێک دەدا بەخۆی و، هاوار دەکات*]

ڕۆبسپێر: [*بەدەنگی بەرزەوە*]

سیمون!

سیمون: لە دوورەوە وەرامی دەداتەوە، دەنگی نزیکتر دەبێتەوە.

سیمون دوپلە لەلای ڕاستی ڕێگەکەوە، لە دوورەوە بەخێرایی و شەلە شەلەوە دەردەکەوێت.

سیمون دوپلە: ماکسیمیلین! ئاخری هەرچۆنێک بێت دۆزیتمەوە! پێم بڵێ چۆن چۆنی توانیت خۆتم لێ بدزیتەوە؟ دەزانی چەندە لێت ڕەنجاوم؟ [*لەپڕ پەشۆکاوی و تێکچوونی ڕۆبسپێر سەرنجی ڕادەکێشێت*] ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟... دەلەرزیت. چاوەکانت زیت بوون. بەدوای چیا دەگەڕێیت؟ چی ڕووی داوە؟

ڕۆبسپێر: لە حاڵەتێکدا کە دەیەوێت خۆی ئارام و هێمن بکاتەوە]

ئەرێ چاوت بەکەسێک نەکەوت کە هەر ئێستا لێرەوە تێپەڕبوو؟

سیمون: کێ؟ من شتێکم نەدی ئا، با! ڕێبوارێکم دی...

ڕۆبسپێر: چۆن چۆنی بوو؟

سیمون: زۆر لێی ورد نەبوومەوە... تەنیا بیرم لە تۆ دەکردەوە و دیقەتم لە شتی تر نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا من تەنیا لە پشتەوە چاوم پێی کەوت؛ ئەرێ، ئێستا دێتەوە یادم.وابزانم پیر بوو. هەروەکو پیاوە کۆنەکان بەرگی پۆشیبوو. لەوە دەچوو... لەناو ئاواییدا باسی پیرەمێردێکی دوورەوخراویان دەکرد کە خۆی دەشارێتەوە لە خەڵک،



دەربارەی فەیلەسووفێک، دەربارەی یەکێک لە لایەنگرەکانی دەستەی کارتیا و زن ڕولان، دەدوان. تۆ چاوت پێی کەوت؟ دەڕۆم پێیان بڵێم... بۆ کوێ چوو و ون بوو؟

ڕۆبسپێر: [*ڕایدەگرێت*]

وازی لێ بێنە... ئابە دەستەکانت!... وتت چاوم زیت بووبوو...

سیمون: ئا لەوێ دابنیشە. [*دەیباتە لای سێبەری درەختێک کە لقوپۆپەکانیان بڕیوەتەوە*] لێرە کەمێک بحەسێوە...

پاش چەندین مانگ گۆشەگیری لە ژوورێکدا، ئەمە هۆی تیرۆژی[٣٧] خۆرهەتاوە... تیشکی خۆر بێستانەکان دەسووتێنێت.

ڕۆبسپێر: [*چاوی داخستووە*]

خۆرەتاو گەرمایی و یادی سەر ڕووی زەوی هەڵدەمژێت؛ خۆزیا تۆیش بتتوانیبایە ژیان هەڵنۆشی! ئەم خەونە خراپە...

سیمون: ئەوە ئێژی چی؟

ڕۆبسپێر: ژیان... چیم لێ کردووە؟ بێ مانایە! دەبێ بڵێم ژیان لەتەک منا چیی کردووە؟ چونکە ئەمە ویستی من نەبوو.

سیمون: کێ لە تۆ خاستر دەیتوانی یەک ڕاست، هەنگاو بەرەو ئامانج و مەبەست هەڵبنێت؟

ڕۆبسپێر: سیمون، «لە شۆڕشێکدا کاتێک کە مرۆڤ نازانێت بۆ کوێ دەڕوات، هەرگیز ناتوانێت دوورتر و زێتر هەنگاو هەڵنێت.»[٣٨]

سیمون: تۆ کەسێک نیت کە ئەمە نەزانیت.

ڕۆبسپێر: بەڵێ، مەگەر نییە؟ من لەو کەسانە نیم کە هەمیشە دوور لە پێشبینی و بیرخستنەوە، دووچاری ئەو نەخۆشییە بوون کە هەموو ڕۆژێک بەخۆشی و ڕابواردنەوە بەرنە سەر. سیمون! «لەگەڵ ئەمەشدا توانا شت لەوانەیە بمانگەیەنێتە ئاکامێک کە هەرگیز بیرمان لێ نەکردۆتەوە»[٣٩].

سیمون: بیر لە چی دەکەیتەوە؟

ڕۆبسپێر: بیر لە بتی هەڕەتی لاوێتیم، ژان - ژاک ڕوسو، مامۆستا و هاوڕێم دەکەمەوە. هێشتا قسەکانی لە گوێما دەزرنگێنەوە، ئەوە نییە کە لەتەک خوێنی مرۆڤدا

ئاڵوگۆڕ بکرێت و، تەنیا دڵۆپێک لە خوێنی ئینسانێک بەنرختره لە ئازادی هەموو مرۆڤ...

سیمون: تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە؟

ڕۆبسپیر: بیرم لێ کردبۆوە. ئەو وتە جوانە لە مێژەوە دڵمی پڕ کردبوو. سوێندم خواردبوو کە لەو وتانە یاسایەک بۆ خۆم دابنێم و ڕانمای هەموو خەڵکی بکەم کە دەنگی پێ بدەن. بۆچی مەگەر سێ ساڵ لەمەوبەر بڵاوی نەکردەوە کە «ئەگەر یاساکان ببنە هۆی ڕژاندنی خوێنی خەڵک، لەبەرچاویاندا ڕووداوی دڕندایەتی و لاشەی کوژراوان بڵاوبکەنەوە، ئەوساکە لەناو دڵی هاوشارییەکان بیروڕای ڕاست و چەوت هەڵدەگەڕێنەوە و چەواشەی دەکەن و تۆی پێش داوەری نادروست و دڕندانە لەنێو مێشکی کۆمەڵگادا دەوەشێنن و لە ئاکامدا بەشبەحاڵی خۆیان هەمان کار دەکەنە سەر کەسانی دیکە»؟

سیمون: کەواتە خەتای کێیە؟ تۆ بڕیاری خۆت بەدرۆ دەخەیتەوە؟

ڕۆبسپیر: بڕیاری خۆم بەدرۆ ناخەمەوە. توانای شت بۆ من و دژ بەمن ڕوون و ئاشکرایە. ئەگەر ئەو کارە پێویست بوو، هەر فەرمانێکی پێ بدامایە، ئەنجامم دەدا؛ بەڵام زۆر دژوارە کە بتوانم ببمە داردەستی.

سیمون: ئەگەر بۆ کۆمار پێویست بێت – جگە مل نواندن – هیچ چارەیەکی دیکە نییە؛ بەتەواوەتی کارێکی باشە.

ڕوبسپیر: سیمون! تۆ هەروەک سەربازێک بیر دەکەیتەوە و قسە دەکەیت؛ تۆ ئینسانێکی بەختەوەریت. ئەرک و باری سەرشانی خۆت دەخەیتە سەرشانی فەرماندەکەت. بەڵام هیچ کەسێک نییە کۆمەک و یاریدەی ئەو فەرماندەیە بدات و هاوبەشی لە تەکا بکات بۆ دابەشکردنی ئەو ئەرک و بارە قورسە. ئەوەی دەبێ زۆر بەوردییەوە لێی بکۆڵێتەوە و شێوەی ئەنجامدانی کارەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەم شێوە کارە لەخۆیەوە لەنێو دڵی ئێمەدا نەنووسراوە و ئامادە نەبووە. بەڵکو لەدەرەوە بەزۆر ئەیسەپێنن بەسەر مانا: دەبێ ڕۆژ بەڕۆژ ئەوانە لە چنگی گرمۆڵەی ماری ڕووداوەکان ڕزگاری بکەین. بەگۆڕینی ڕۆژگار، ئەو یاسا و ڕەوشتانەش دەگۆڕێن بەڵکوو لەدەرەوە بەزۆر ئەیسەپێنن بەسەرمانا. دەبێ ڕۆژ بەڕۆژ ئەوانە هەموو ئاڵقەی نەرمەوە نەبووی چارەنووسن و ڕادەکێشرێن؛ ئینسان ناتوانێ خۆی لێ



قوتار بکا. مرۆڤ کاتێک بەخۆیدا دێتەوە و ئاگاداری ئەوە دەبێت کە چارەنووس چی بەسەر هێناوە و ناچاریان دەکات چیتر ئەنجام بدەین، بەترس و لەرزەوە لە خۆی دەپرسێت: سبەینێ چاوەڕێی چیمان لێ دەکات.

سیمون: ماکسیمیلن! تۆ ماندوویت. دوودڵ و لە خۆت بە شکی؛ بەڵام ئێمە هیچ گومانێکمان لە تۆ نییە. هەموومان دەتپارێزین.

ڕوبسپیر: هاورێ خاسەکانم! ڕاستە؛ من بۆ تاوێک ماندووبووم ئەم چاوپێکەوتنەی ئێستا...

سیمون: کام چاوپێکەوتن؟

ڕوبسپیر: هیچ... بەسەرچوو... سیمون! خۆزیا بۆ تۆش هەروابایە. خۆزگە ئەوەی ئێستە وتم لەبیر بچێتەوە. با پێش داهاتنی تاریکایی شەو، پێش ئەوەی بچینەوە خوارەوە، تاوێک مەستی ئەم بێ دەنگی و ئارامییەی ئەم سەوزەڵانییە، ئەم تیشکە زێڕینییەی خۆرئاوابوونە بین. کەمێک بەهرە وەربگرین لە جوانی و پاکی سروشت، لەم ڕۆشناییەی کە خەریکە خۆیمان لێ دەشارێتەوە.

سیمون: هێشتا سووری لەسەر ئەوەی کە سبەینێ لە ئەنجوومەندا قسە بکەیت؟

ڕوبسپیر: ناچارم کە قسە بکەم.

سیمون: ئاگات لەخۆ بێت.

ڕوبسپیر: واقییەت و دژکامی هیچ جۆرە مودارایەک و ئاگادارییەک بەڕاست نازانێت و ڕەچاوی ناکات.

سیمون: ئەو ڕێکەوتن و ئاشتییە کاتییەی کە سن – ژوست لە لایەن تۆوە بەڵێنی داوە و ئیمزای کردووە، تێک نەدەیت.

ڕوبسپیر: هیچ کەسێک بۆی نییە لە بریتی من بەناوی منەوە ئیمزا بکات. هەرگیز ناچمە ژێر باری ڕێککەوتن لەتەک غائینانا و ملیان بۆ نانێم.

سیمون: ئایا وادەزانیت کە کنوانسیون پێڕەویت لێ دەکەن؟

ڕوبسپیر: کنوانسیون گوێ بۆ قسەکانم ڕادەگرن. دوای ئەوە هەر شتێک ڕووبدا، ویست و ئارەزووی خواکان دەبێت.

سیمون: من ئەوەندە باوەڕم بەخواکان نییە. خاستر وایە ڕێمان بدەیت ئێمە خۆمان

دەستەیەکی بەرگری چەکداری باش و بەهێزت بۆ پێکەوە بنێین.

ڕوبسپییر: ڕێگە نادەم ئەم کارە بکەن. چونکە هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەدیکتاتۆرییەت تاوانبارم بکەن. دیکتاتۆرییەتی هێزی واقیعییەت، تەنیا ڕێ و ڕەوشتێکی پەسەندە بەلامەوە. من جگە لە قسەکانم هیچ جۆرە چەکێکی دیکەم نییە.

سیمون: بۆچی ئاگاداری ئەو هەموو پیلانانە نیت کە لە دژت دەیگێڕن؟

ڕوبسپییر: من ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی گشت پیلانەکان هەم. هەموو ئەوانە دەسپێرمە دەست فەرەنسە و لەناویان دەبەم. ئەگەر وانەبێت، ژیان لە ژێر سێبەری ڕژێمێکا، دادپەروەری تیایا تەنیا بریتی بێت لە درۆ و تەفرەدان، هیچ و پووچە و ئەوە ناهێنێ کە پیاو خۆی بۆ ماندوو بکا. من سبەی بۆ دواجار بانگەوازێک دەردەکەم بۆ هەموو ئەندامە بەشەرەفەکانی گشت پارتەکان و هەموو ئەو کەسانەی بێ لایەنن و ئەندامی هیچ کۆڕ و کۆمەڵێک نین و بانگیان دەکەم؛ ئەوان خاوەنی دوا وەرام و بڕیارن.

سیمون: خاستر وابوو پاڵت بدایەتە خەڵکەوە.

ڕوبسپییر: من هەمیشە گوێڕایەڵی خەڵک بووم. ڕووباری بیروباوەڕم لە سەرچاوەی کانزای(٤٠) خەڵکەوە هەڵقوڵاوە. دەنگی خروشاویانم بیستووە؛ تەنیا ئەوانن هێز و توانام.

سیمۆن: ئایا دڵنیایت لەوەی کە خەڵکت لەگەڵایە؟

ڕوبسپییر: من لەگەڵ خەڵکم؛ ئەگەر خەڵکی پشتم تێ بکەن، پشتیان لە خۆیان کردۆتەوە. ئەگەر حاشا لە خۆیان بکەن، ئیدی بۆ من بایەخێکی ئەوتۆی نییە. زیندووبوون و ژیانمان پووچ و بێ مانا دەبێ. بەڵام من تا دواهەناسەم دەست لە خەباتکردن هەڵناگرم.

سیمون: دەبێ بگەڕێینەوە ماڵەوە. تاوێکی تر گالیسکەی پاریس دەگاتە ئێرە. با بچینە خوارەوە، بەرەو...

ڕوبیسپییر: ئەو خانووە سپییەی لێرەوە دیارە... نییە؟

سیمون: با، خۆیەتی. ئەویش ئەو باریکە ڕێگەیەیە کە گالیسەکەی دەبێ پیایدا بێت.

ڕوبسپییر: کەواتە تەنیا چەند هەنگاوێکمان ماوە بیگەینێ، تۆ زووتر بڕۆ و جێگەمان بۆ



بگرە من تاوێکی تریش لێرە دەمێنمەوە؛ حەز ناکەم وا زوو دەست لە خۆشی ئەم تەنگی ئێوارەیە هەڵگرم. لە کاتی خۆیدا قاوم لێ بکە.

سیمون: باشە؛ دەتسپێرمە دەست ئەم خاسە ژنەی وا دێت. پیرەژنێکی پێشان دەدات کە سەبەتەیەکی بەکۆڵەوەیە و بەگردەکەدا سەردەکەوێ و خۆی بەرەو ئەو ڕێگەیەی کە لە لای ڕاستەوەیە دەچێتە خوارەوە، پیرەژنەکە دێت، لەسەر کۆتەرەدارێک، لە نزیک ڕوبسپییرەوە دادەنیشێت.

پیرەژن: هاوشاری! ئایا ڕێگەم دەدەیت بەتەنیشتەوە دابنیشم و وچانێک بدەم؟

ڕوبسپییر: فەرموو دایە گیان! دابنیشە. سەبەتەکەت قورسە؛ بیخەرە سەر زەوی.

پیرەژن: نە ڕۆڵە گیان! هەرگیز ئێستری ماندوو پێش ئەوەی بگاتە سەر ئاخوڕ، لە گالیسکەی جیا ناکەنەوە. زین و بەرگەکەم ڕاگیرم دەکەن. ئای پەراسووەکەم!

ڕوبسپییر: هەورازەکە سەختە و بارەکەت قورسە.

پیرەژن: من مێروولەیەکی پیرم کە خووی بەبارکێشانی خۆی گرتووە. ئەگەر ئەو بارەی نەبێت، پارووێکی لە دەست دەچێت.

ڕوبسپییر: لە کوێ دێیت؟

پیرەژن: لە کێڵگەکانی لای خوارووە؛ لەوێرا پارچە زەوییەکی ئاوبەرێنم(٤١)هەیە کە دەبێ تەڕە سەوزییەکانم ئاودێر بکەم. لە قرچەی ئەم گەرمایەدا هەمیشە تینوون و تێراوییان بۆ نییە نەشێ دایم و دەرهەم عەوداڵی ئاو بم بۆیان و بەشوێنی ئاودا ڕابکەم؛ ڕابکەم و دایمەن لە ڕاکردنا بم.

ڕوبسپییر: مناڵی بچووکت نییە یارمەتیت بدا؟

پیرەژن: نۆ کوڕم هەن. حەوتیان کار دەکەن.

ڕوبسپییر: لە کوێ؟

پیرەژن: لەسەر زەوی. دووانیان کە تەمەنیان زێترە، لێیان سەندووم. دەڵێن گوایا ڕۆیشتوون بەرەو ڕووی دوژمن ببنەوە و بەرگری بکەن لە زەویوزارەکانمان. کام دوژمن؟ هی ڕۆژئاوا یا ڕۆژهەڵات؟ چەندن. نازانم، خۆمن دوژمنایەتیم لەگەڵ هیچ کەسا نییە. ئەگەر دوژمنم هەبێ پەلامارم بدەن، دەسکەوتیان جگە لە ئێش و ئازارەکانم هیچی دیکە نابێت.

ڕوبسپییر: ئێوە بەرووخۆشی و پێکەنینەوە باسی زریکەی ئێش و ئازار و ڕەنج دەکەن.

پیرەژن: لەمێژە من و ئێش و ژان و ڕەنجکێشان پێکەوە هاوژوورین؛ یەکتری خاس دەناسین و پێکەوە گاڵتێن دەکەین.

ڕوبسپییر: بەمە دەڵێن حیکمەتی پیرۆزی کۆخ نشێنی. من بەخیلیتان پێ دەبەم.

پیرەژن: کوڕی خۆم! من ئامادەم ئەوانە گشتی بەخۆڕایی پێشکەش بکەم و لەتەک خانوویەکی فرە گەورە کە هەمەجۆرە کەلوپەلێکی تیابێت بگۆڕمەوە.

ڕوبسپییر: ئێوە فرە لەو شتانەی کە ئاسوودەیی لە چاو مرۆڤدا دەڕفێنێ و لێرەدا لە دامێنی ئەم سروشتە پاکەدا نییە، لەوێڕا لەنێوان ئەو خانوو و کەلوپەلەدا دەتانبێت.

پیرەژن: چە، سروشت؟ ئێرە؟ ئەم سەر زەمینە؟ ئەرێ، ئەم پشیلە ناقولآیە، هەرکە بەلایدا تێدەپەڕیت؛ بۆ ئەوەی فریوت بدا؛ نازونوزت بۆ دەکا. تۆ نایناسیت. هەموو بەرهەمی ئەو هاوینەمان سووتاوە، هەموو کار و ڕەنجمان بەبا چووە.

ڕوبسپییر: ئای بێچارە! ڕووداوی دژوارت بەسەرهاتووە؛ بەڵام وەنەبێ بەش و حاڵی منیش لە هی تۆ خاستر بێت. ئێمە دەتوانین هەست بەم ڕاستییە بکەین کە هەوڵ و تێکۆشانمان بەفیڕۆ نەچووە. هێزێکی مەزن و نەمر چاودێریمان دەکات.

پیرەژن: خوای میهرەبان ئەم هاوینە بۆ بەختی ئێمە خەوی پیاکەوتبوو. ئەمە خووڕەوشتیەتی، نابێ سەرزەنشتی بکەین. ئیدی پیر بووە و پەکی کەوتووە. خاسە، کاری خۆی ئەنجام داوە؛ هەر کەسێ کات و نۆرەیەکی خۆی هەیە.

ڕوبسپییر: دایە گیان! لەوە دەچێ باوەڕت پێی نەبێ؟

پیرەژن: من ئەم شتانە نازانم و تێناگەم ناچێتە ئەقڵم، لە پێچەوانەکەیشی هیچ نازانم، باوەڕهێنان کارێکی ئاسانە، هیچ چەتوون نییە؛ بەڵام ئەوە دەزانم، ئاغا هەبێ یا نەبێ هەمیشە خاستر وایە مرۆڤ بێ ئاغا بالآسەر کاری خۆی ئەنجام بدا. لە ئاکامی کارەکەی خۆی دڵنیا دەبێ.

ڕوبسپییر: بەڵام، ئایا لەم ژیانە پڕ لە ئێش و ئازار و ناخۆشییە، بیرکردنەوە لە ژیانێکی باشتر و خۆشتر، گیانێکی نەمر، برینمان سارێژ و ژانمان کەم ناکا؛ زاخاوی مێشکمان ناداتەوە؟

پیرەژن: خەونێکی خۆشیش، هەر خۆشە؛ بەتەمای ئەوە نیم سەرلەنوێ بژیمەوە. من فرە زەحمەتم کێشاوە؛ گلەییەکم نییە، هەرچۆنێک بێ بەژیانی خۆم قایلم؛ بەڵام لاوەکان سەرلەنوێ دەبێ دەست پێ بکەنەوە و کاروان بگەیەننە مەنزڵگە! من



سەبەتەکەم دەسپێرمە دەست ئەوان، ئایا تۆ حەز دەکەیت سەبەتەکەی خۆت هەر لەکن خۆت بێ؟

ڕوبسپییر: من دەمەوێت خۆم کاروان بگەینمە مەنزڵگە؛ حەز ناکەم، پێش ئەوەی ئەرکی سەرشانم بەجێ هێنابێ، سەبەتەکە بدەمە دەست هیچ کەس.

پیرەژن: ، تۆ لەوە دەچێ پەلەت نەبێ! دەبێ دەست لە ئەژنۆ دابنیشن و چاوەڕێی کۆتای ڕۆژگار و جیهان بکەن. من حەز ناکەم هەموو ئێش و ژانەکان بەدەوری خۆما خڕ بکەمەوە؛ من دەیانسپێرمە دەست نەوەی داهاتوو هەم خۆشی و هەم ناخۆشییەکانی. گشتی بۆ ئەو کەسەی تەمەنی زێترە.

ڕوبسپییر: ئێمە خەباتمان کردووە بۆ ئەوەی پاشەڕۆژ لە ئێستە باشتر بێت.

پیرەژن: ئەگەر بتوانیبایە تەنیا کارێکی وا بکەیت کە ئێستاکێمان لەمە خراپتر نەبێت، بەس بوو.

ڕوبسپییر: ئێمە هەر بۆ ئەم مەبەستە شۆڕشمان کردووە.

پیرەژن: ئاه! کەواتە ئەمە ئێوەن ئەم گێرە و کێشەتان بەرپا کردووە؟

ڕوبسپییر: بەڵام هاوشاری! ئێوەش لەم کارەدا هاوبەشن و هاوکاریتان کردووین. هەموو پێکەوە! شۆڕش کاری ئێمە هەمووانە.

پیرەژن: نە، نە ! من کاری خۆم بۆ خۆم بەسە. هیچ شتێک دەربارەی کاری ئێوە نازانم.

ڕوبسپییر: ئاه، هاوشاری! ئەمە دروست نییە. ناتوانین دەربارەی خۆشی خەڵکی دیکە کەمتەرخەم بین. مرۆڤ تەنیا نییە، هەموو هاوسێکانی پێویستە هاوکاری و یارمەتی یەکتر بدەن. هەموو ڕەنجدەرانی سەر ڕووی زەوی هاوسێی ئێمەن، ئایا ئەمە دەبێ لە دێی خۆتان بەرامبەر ئەو کارانەی شۆڕش بۆتان دەکات کەمتەرخەمی بنوێنن؟

پیرەژن: ئەرێ، لە کلێساکەماندا، کۆ دەبووینەوە و هەڵەوەڕەکان[٤٣] لەم بارەیەوە چەنەیان دەدا و حیکایەت و داستانیان بۆ دەگێڕاینەوە! جارجاریش پیاوێکی زەوقی تەڕپۆشی لە پاریسەوە دەهاتە ئەوێ و پێی دەگوتین کە هەموو جیهان لە گۆڕین دایە. خەڵکی چاویان دەکردەوە و چوار چاوی چاوەڕێ بوون؛ بەڵام هیچ شتێک دیار نەبوو. خەڵک ماندوو بوون پێش نوێژکەرەکان و نەجیبزادەکان ئیدی نەماون. وەلێ سامان و موڵک و ماڵ و گەنجینەکانیان نەدراوە بەئێمە. کەسانی دیکە

دەوڵەمەندبوون و جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە. بەڵام هەژاری و بێ دەرفەت و ڕووت و قووت ماونەتەوە. ڕاستت پێ بێژم هیچ کەس ڕازی نییە! ئیدی ئێستاکێ کرێکارەکانی گوندی ئیمە درەوناکەن.

روبسپیر: [*بەپەرێشانییەوە*] ئەرێ، ئەوانە ئەو کرێ و هەق دەستەی کۆمیتە بۆی ڕەچاوکردوون، پەسەند ناکەن. مانیان گرتووە، دەغڵودان و وێنجەکان لەناو کێڵگەکاندا هەروا بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی پێشێل بێت و لەناو بچێ. ئەوانە نیشتمانپەروەری خاس نین؛ ئەوانە هەلپەرستن. گەرەکیانە بازرگانی بەدژواری و ناخۆشییەکانی جەماوەر بکەن. بەڵام ئەگەر سووربن لەسەر ئەم کارەیان، هەموویان پەشیمان دەبنەوە و وردوخاش دەبن و دەبێ لە دادگای شۆڕشدا وەرامی ئەم یاخیبوونەی خۆیان بدەنەوە.

پیرەژن: ناتوانن چاویان لێ بپۆشن.

ڕوبسپیر: [*پەرێشانتر*]

بۆ درەوکردن و خەرمان هەڵگرتن کۆمەک لە سوپا وەردەگرین و ئەگەر پێویست بکات یەخسیرەکانی جەنگیش دەخەینە کارکردن. پێویستە یاسا بەهێز و تواناوە بمێنێ و ڕێزی لێ بگیرێت.

پیرەژن: ئەشێ خاس بێت. بەڵام ئەڕا یاسا لە پێناوی ئێمەدا نییە.

ڕوبسپیر: یاسا بۆ هەموو کەسێکە. هەریەکە ئەرکێکی هەیە.

پیرەژن: بەڵام ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە خاستر وایە هەژارەکان و پێخاوسەکان مافی زێتریان هەبێت.

ڕوبسپیر: [*لە پڕ پەژارە دای دەگرێ و نەرم و هێمن دەبێت*]

تۆ ڕاست دەکەیت منیش هەروا بیر دەکەمەوە... ئاه، هاوشاری! ئینسان چەند حەز دەکا لەتەک ئەوان و بۆ ئەوان – واتە بۆ هەژار و پێخاوسەکان – کۆمارێکی دروست بهێنێتە ئارا. مخابن هەموو خاس دەزانین کە کۆمار ڕێگەی داوە بەماڵدارە خوێنمژەکان، بەجۆرێکی یەکجار ناقۆڵا خەڵک بڕووتێننەوە و دەستیان داوە بەقاچاقچێتی و تاڵان و ڕووتکردنەوە و سوود وەرگرتن لە خەڵک! باش دەزانین کە تەنیا دۆست و پاڵپشتی کۆمار، کرێکار و جوتیارەکانن. ئەوان بێ وچان سەر لە پێناو و گیان لەسەردەست ئامادەن خۆیان بەخت بکەن و فیداکارێتی دەکەن بۆ



کۆمار و ئێستاکە بوونەتە پارووی دەمی تازە دەوڵەمەندە پێگەیشتووەکان!

ئێمە هەموو توانای خۆمان بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی بەرگرییان لێ بکەین. ئایا نابینن و هەست بەوە ناکەن. لەم کاتەدا کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی کۆمارەکەمانی داوە، پێویستە داوا لە دۆستەکانمان – واتە هەژارەکان بکەین کە لە خۆبووردوو بن و دان بەخۆیاندا بگرن و لەتەک دەوڵەمەندەکان ڕێک بکەون – کە لەم کاتەدا دەبێ بەهەرجۆرێ بێت سوودیان لێ وەربگیرێت – بۆ بەرەنگارکردنی هێرشی شاپەرستەکان و سوپاکانیان؟ ئێمە دەبێ بەزۆر بێ یاخود بەخۆشی و ڕەزامەندی، بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بهێنین لە هەژارەکان و دەوڵەمەندەکان؛ چونکە ئێستا ژیان و مەرگی «مان و نەمان» هەردوولا و بگرە هەموو چین و توێژەکانی فەرەنسیە لە ئارادایە. هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی کە بتوانین کۆمار ڕزگار بکەین و دایبمەزرێنین. لە پاشاندا، کاتێک کە نیشتمانمان ڕزگاری بوو، شۆڕش ڕێگەی ڕاستی خۆی دەگرێتەوەبەر.

لەمەوبەر شۆڕش لە چەندین شەڕو هەرادا سەرکەوتووە، بێ هیچ دوودڵییەک لە خەباتە سەخت و دژوارەکانی دیکەش – واتە لە خەباتی نەتەوەیی – دووبارە سەردەکەویت. بەڵام بۆ ئەم کارە لە هەموو شتێک پێویستتر ئەوەیە کە دەبێ بژین و زیندووبین و بۆ ژیان دەبێ سەرکەوین. دان بەخۆتان دا بگرن.

پیرەژن: من قایلم و کیسەشم بۆ هیچ شتێک هەڵنەدوریوە من سەبرو تاقەتم هەیە؛ بەڵام خەڵکی تر پەلەیانە؛ دەسبەزاخا کراون، فرە لەم بەڵێنانەیان بیستووە. هەروەکو دەڵێن «نان ئەو نانەیە ئیمرۆ لە خوانە» ئەم نان و حەلوایەی ئەم ئاغا پاریسییانە لەبەر چاو و لووتی ئێمە دەیگێڕن، ناچێتە زگی ئێمەی برسی. کەس باوەڕو متمانەی پێییان نییە، ئینسان لە خۆی دەپرسێت: «ئەدی ئەمانە چی دەکەن؟» هەموو کاتی خۆیان بەگفتوگۆ و چەنەبازی بەفیڕۆ دەبەنەسەر. ئەوانەی کە وازی یان بردۆتەوە و ئەوانەی کە دایان ناوە، چییان بۆ ئێمە کردووە؟ بەهەر حاڵ، ئێمەی هەژار دۆڕاوین و دامان ناوە.

ڕوبسپیر: دایەگیان! ئێوە بێ ویژدانی دەکەن و هەموو لایەک بەیەک چاو تەماشا دەکەن.

پیرەژن: ئینسان هەموو ئەوانە پێکەوە ئاوێتە دەکات و ناتوانێ لە یەکدی جیا بکاتەوە! لەوەوپێش پیاوێکی خاسی وەک «مارا»مان هەبوو، ڕوبسپیریشمان بوو؛ بەڵام لە مێژە ئیدی هیچ کارێکمان بۆ ناکات.

روبسپیر: دەڵێن گوایا، چەند مانگێک لەمەوبەر بەڵێنی دابوو کە دەست بگرێ بەسەر ئەو دارایی و سامانانەی کە جێگەی شک و گومانن و لەنێو هەژارەکاندابەشیان بکات.

پیرەژن: تەححا! چە بەڵێنێکی سەیرو سەمەرەیە! ئەدی کوا؟ چاومان بەبەدیهاتنی یەک لە بەڵێنەکان ڕۆشەن بووە؟

روبسپیر: لەوانەیە ئەو خۆی توانای ئەنجامدان و بەدیهێنانی ئارەزووەکانی نەبێت.

پیرەژن: ئێ، لەوانەیە... هەر لەبەر ئەمە بێ هەر کەسێک بەخۆی دەڵێ: خاستر وایە لە ناو کێڵگە و لەسەر زەوی زارو عەردی خۆی خەریکی کارکردن بێت و کاری بەسەر کێڵگەکانی پاریسەوە نەبێ؛ چی لێ دەکەن، بیکەن، وانییە؟ دروست نییە ؟ لەوە دەچێت لە قسەکانم زیز بوبێت؟

روبسپیر: [*بەدڵ شکاوییەوە*]

بەڵێ، دایکەکەم، لای خۆم بیرم لێ کردبوو... بێگومان بەهەڵەدا چووم... کە بیرم لەوە کردبۆوە کە دەکرێت هەموو مرۆڤە خاسەکان یەکبن و یەکێتییەکی پتەو لەنێواییندا پێک بهێنرێت...

پیرەژن: ڕۆڵەکەم! لەوانەیە ئەو یەکێتییە لە دواڕۆژێکی دوورو درێژ بێتەدی؛ دڵخۆشی خۆت بەرەوە.

ئەو یەکێتییە کاتێک بەدی دێت کە ئیدی ئێمەومانان نەماین. ئێ، گرنگ نییە ئێمە لەوێ ببین یا نەبین یان نەمابین، مابین؛ بەڵکو گرینگ ئەوەیە کە دڵنیا بیت کە ئەو یەکێتییە بێ تۆش هەر دێتە ئارا.

روبسپیر: [*بەسەرسامییەوە*]

دایە گیان ئەدی کو دەزانیت؟ کەواتە ئەتۆ من دەناسیت؟

پیرەژن: [*چاوی پیا دەگێرێ*] لە وانەیە تۆش، ئەو ڕوبسپیرە بناسیت؟

*[هەردووکیان بەمیهرەبانییەوە تەماشای یەکتر دەکەن و پێ دەکەنن. دەنگی سیمۆن دێتە گوێ کەلە خوارەوە قاو دەکا].*

سیمون: [*هاواردەکا*]

ماکسیمیلین!

[*ڕوبسپیر هەڵدەستێتە سەر پێ و دەڕوات*]

**[پەردە دادەدرێتەوە]**



# تابلۆی دوانزەهەم[٤٣]

کات: [*ئێوارەی* **٨ ـ ٩** *ترمیدر* **(٢٦ ـ ٢٧** *ژوئیە)*]

لە زەردەپەڕی ئێوارێدا

شوێن: حەسارێک کەلەوپەڕییەوە خانووبەرەیەکی کۆنی یەک نهۆمی لە چێو دروست کراوی تیادایە کە سەربانێکی شووشەیی وەک کارگەکانی هەیە. لەلای ڕاست و چەپەوە دیواری بێ دەرو پەنجەرەی خانووەکان. لەلای چەپی کارگەکەوە، باریکە ڕێیەکی تەنگ دەچێتەوە سەر پارچە زەوییەکی ڕووت و بەیار.

دالانێک لە گۆشەیەکی دیواری لای ڕاستەوە بەرچاو دەکەوێت کە بەڕاڕەوی سەرچاوەکە دەژمێرێت. لە هەردوو لاوە خەڵک دێن و دەچن بەڵام لەبەردەمی هەردوو دەرگاکەدا، چەند کەسێکیان داناوە بۆ چاودێری کردن و پشکنینی ئەو کەسانەی دێنە ژوورەوە.

هاورێ لەگەڵ لابردنی پەردەی شانۆ، خەڵکێکی بێ ئۆقرە ناو حەساریان پڕ کردووە. لە سەرەتادا دەبنە چەند دەستەیەکی[٤٤] بچووک بچووک و لە پاشاندا دەستەکان لەیەکتری جیادەبنەوە. پرسیار لەیەکتری دەکەن و وەڵامی یەکتری دەدەنەوە. چپەو سرتەسرت لەنێو هەمووویاندا بەردەوامە و زۆربەی زۆریان بەدەوروبەری فوشە خول دەخۆن. لەگەڵ ئەوەی کە گشتیان تووڕەن؛ بەڵام تا ئەو شوێنەی دەتوانن بەئارامی و لەسەر خۆ قسە دەکەن. هەر کە لەپڕ دەنگێک کەمێ بەرز بێتەوە، بەپەلە «وس!» بەی لێ دەکەن و بێ دەنگ دەبنەوە و دووبارە سرتەسرت هەروەکو پورەی هەنگ دەست پێ دەکاتەوە. لەنێو ئەو هەموو غەڵبەغەڵب و جنێودان و هەڕەشەکردنانەدا لە ناکاو دەنگی دارو دەستەی لکونتر، تالین، باراس، بوردن، کاریە وس بەرز دەبێتەوە. هەموو وەک زەردەواڵە لە کوورە دەرچوون و بەدەوروبەری بیو و کولو کە شەرمەزار و تووڕەن، دەخولێنەوە. فوشە خۆی لەگفتوگۆی هەمووان دوورخستۆتەوە و چاودێرییان دەکات و دروست لەکاتی پێویستدا خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ].

تالین: هەموو شتێکمان لێ شێواوە! دەماریان دەرهێنایین.

باراس: ئەڕا هێشتیان؟ بۆچی ڕێگەتان پێ دا جارێکی دیکەش بێتەوە ناو ئەنجوومەن و دەست بکاتەوە بەوڕێنەکردن؟... چەند حەوتەیە بوو کەس چاوی پێ نەدەکەوت؛ بەهیوای ئەوە بوین لە یاد چووبێتەوە.

کولو: لای ژاکو بنەکان وای پێشان دەدا کە ئێمە ناهێڵین لە کنوانسیون قسان بکات؛ ئەوسا مەترسی ئەوە هەبوو کە خەڵک بەم یۆنەیەوە تووڕە بن و دژی ئەنجوومەن هەڵسن و یاخی بن. بۆیەکا هێنامانە ناو ئەنجوومەن تاملکەچی ئاشت بوونەوەی بکەین.

باراس: ئەو بەهیچ شتێک قایل نەبوو، هیچ بەڵێنێکی نەدا. ئێوە ڕێگەتان پێ دا وەک گەوجەکان مەسخەرەتان بکات.

کولو: کێ بیری بۆ ئەوە دەچوو کە تەنێ سێ ڕۆژ دوای بەستنی ئەو بەڵێن نامەیە، بەم شێوەیە تێکی بدات و گوێ نەداتە هیچ یەکێ لە ئێمە؟

کاریە: ترسنۆکی ئێوە لە هەموو ڕوویەکەوە ئازایەتی و نەترسی بەو دەبەخشێ. لە کاتێکدا قسەی دەکرد و هەڕەشەی لێ دەکردن، تەنانەت یەکێکیشتان نەتان دەوێرا هەناسە بدەن.

ماتیورنو: داخۆ ئەم کارە دەکرا؟ جگە لە گوێ ڕاگرتن هیچ چارەیەکی دیکەمان نەبوو. ئێمە بەتەواوەتی توانای قسەکردن و ڕەوانبێژێتییەکەیمان فەرامۆش کردبوو.

لکونتر: جارێ دەبوایە ڕێگەمان نەدابایە دەمی بکاتەوە. بیو! خۆتۆ فرە ڕقت لێیەتی و خاسی دەناسی. ئەڕا هەروا بێ دەسەڵات دانیشتبووی؟ تۆ دەبوایە پێش ئەوەی خۆی بگەیەنێتە سەر بەرزەکی وتار خوێندنەوە[٤٥] ئابڕووت ببردایە.

بیو: ئەڕاتویش لێم بویتە مامۆستا و دەرسم پێ دەڵێیتەوە. لکونتر، تۆی ڕووداماڵراو، لای خۆت دەتگوت ئامادەیت خەنجەر بدەی لە پیسیستراتوس و پاش ئەوەی لە قسەکانی بۆوە و بەدەنگی بەرز هەموو شتێکی وت، جگە لە من کێ لە پێش هەمووان‌دا ڕێگەی پێگرت؟

لکونتر: ئەرێ؛ لەم بارەوە من شەرمەزارم. نازانم چی ڕوی دا هەموو کەوتنە چەپڵە لێدان بۆی. لێشاوی شەپۆلێک هەمووانی ڕادەماڵی.

فوشە: هەرکە زاری دەکاتەوە دەکەوێتە قسەکردن، ئیدی هیچ کارێکی لەگەڵا ناکرێ. پێش هەموو شتێک پێویستە دەمی دابخرێت؛ بەڵام بۆ دەم بەستنەوەی دەبێ سەرەتا



خۆمان، هەموو بەدڵ و بەگیان یەک بین. ئیدی ناتوانین لەمە زێتر چاوەڕێی دەرفەتێکی ڕەخساو بین. کاسە پڕ بووە خەریکە لێی دەڕژێ. با هەموو کارەکان پێشەکی ڕێکوپێک بکرێن. ئیمڕۆ شکاین؛ ئیدی نابێ ئەم جۆرە ڕووداوە دووپات ببێتەوە. سبەینێ ڕۆژی چارەنووسە. لە ڕاستیدا پێویستە بۆ لە ناو بردنی هەمووان یەک بن؛ دەنا قر دەخاتە نێو هەمووتان و تەفروتوونا دەبن، خۆ گوێتان لە هەڕەشەکانی بوو لە ئەنجوومەندا کە هەمووانی دەگرتەوە.

ماتیورنو: نەی دەویست ناوی ئەو کەسانەی کە مەبەستی بوون، ئاشکرای بکات.

فوشە: ئەو دەم دەبوایە ناوی هەموومانی ببردایە. ڕازی نەبوو مەسەلەکە لەبەر چاوی ئێمە شی بکاتەوە؛ بەڵام پێش ئەوەی بتوانن دەربازبن یا بەرگری لە خۆتان بکەن، گشتتان پەل بەست دەکرێن و دەخرێنە کونجۆڕی زیندانەوە... لیستی ناوەکانیتان خوێندۆتەوە؟

لکونتر: لای تۆیە؟

تالین: ناوی ئەمنیشی تێدایە؟

[*هەموو بەشپرزەییەوە لە دەوروبەری موشەدا کۆدەبنەوە. کاغەزەکان لە دەست فوشەو لەدەست یەکتری دەرفێنن. زۆر بەسەختی لەبەر دوا تیشکی خۆر هەتاوا خەریکی خوێندنەوەی ناوەکانن. دەنگی خوێندنەوەی ناوەکان و هاواری پڕ لە سەرسووڕماوی ئەوانەی ناوی خۆیان دەبیننەوە، دێتە گوێ*].

باراس: نە! ناوی منی تێدانییە.

فوشە: دڵی خۆت زۆر خۆش مەکە؛ ها ئەمیشە لیستێکی دیکە. [باراس لیستەکەی لە دەست وەردەگرێ. ناوی خۆی تێدا وەبەرچاو دەکەوێ و سوور هەڵدەگەڕێت. زۆر بەئاشکرا دیارە، کاتێک ناوی خەڵکی دیکە دەخوێنێتەوە، هیچ گوێی نادەنێ، بەڵام هەرکە هەریەکە ناوی خۆی دەخوێنێتەوە تووڕە دەبێ. دوای ماوەیەکی کەم هەموویان واق وڕماون].

تالین: دڕندەیە. ئەگەر نەیکوژین، هەموومان دەکوژێت!

لکونتر: هەر لە ناو ئەنجوومەندا دەیکوژین!

بیو: ئەمە چەند جارە ئەم قسەیە دووپات دەکەیتەوە. با لە زکی خۆت دەردەکەیت، ئەم کارە لە تۆ ناوەشێتەوە.

لکونتر: دەتوانم و ئەنجامیشی دەدەم. ئەمیشە خەنجەر.

تالین: ئەمیشە خەنجەری من.

ماتیورنو: ئەمیش خەنجەری من. هەمیشە لامە؛ زکی هەڵدەدڕم و ئەگەر نەمتوانی و سەرنەکەوتم و ویستیان بمگرن، دەیکەمە زکی خۆمەوە.

فوشە: [*هیلاک و ماندوو*]

لە سەدا نەوەتی ئەم جۆرە دەست وەشاندنانە بەناکامی دەمێننەوە. بەپێچەوانەوە، ژیانی ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن زێتر دەکەوێتە مەترسییەوە؛ خەڵکی پارچەپارچەتان دەکەن. بەڵێ ئێمە ڕوبسپییر لە ناو دەبەین؛ بەلام بەجۆرە چەکێکی کوشندەترە.

ماتیورنو: بەچ چەکێک؟

فوشە: هەر لە ناو ئەنجوومەندا لە ژێر تەوژمی ئەندامانی ئەنجوومەن لە ناوی دەبەین.

ماتیورنسو: بەسوکی یەوە ، ئەنجوومەن؟ چما هێشتاکو هەستت بەلاوازی و هیچ و پوچی ئەنجوومەن نەکردووە؟

فوشە: هۆی لاوازی ئەنجوومەن، پەرژ و بلاوی ئەندامەکانییەتی. ئێوە دەتوانن بەهۆی دەستە سازکردن و دەستەبەندییەوە دژی زۆردار، کۆتای بەم ناکۆکییە بهێنن. ئەگەر کو گەرەکتان بێت، دەستە ئامادەیە. لە چەندین مانگ لەمەوبەرەوە خەریکی ساز کردنیم. تا تاوێکی دی چاوەڕێی سیز، بواسی، دانگلاس، دوران مایاک و ڕابەرانی «مارە» دەکەم دێنە ئێرە، پێویستە دەربارەی مەرجەکانی ڕێکەوتن و یەکێتی گفتوگۆ بکەین. ڕەزامەندی ئێوە بۆ من گرینگە.

بیو: [*لە کوورە دەردەچێت و تووڕە دەبێ*] .

چی، چی؟ من، من، من؟ لەتەک ئەم ترسنۆکانەدا، ئەم بودەلانەی غیانەتمان لێ دەکەن و من بەچاوێکی سوکەوە هەر وەکو خاکی ژێر پێی خۆم تەماشایان دەکەم؛ لەگەڵ ئەمانەدا یەک بگرم؟

فوشە: مەسەلە، ڕێز لێگرتن و بایەخ پێدانیان نییە؛ بەڵکو ئێمە دەمانەوێ سوودیان لێ وەربگرین بۆ لەناوبردنی زۆردار.

بیو: هەرگیز! مەحاڵە!



فوشە: خۆ من داواتان لێ ناکەم یەکێتییەکی هەمیشەییتان بێت لەگەڵیاندا. من یەکەمین کەسێک دەبم کە ئەو یەکێتییە تێک دەدەم و بەتاڵ و پوچی دەکەمەوە. من پێشنیارتان پێ دەکەم، بەئێوەش و بەئەوانیش کە بەڵێن نامەیەکی کورت خایان و تەنیا بۆ کارێکی دیاریکراو ئیمزا بکەن

بیو: هەرگیز! من نامەوێ هیچ جۆرە پەیوەندیەکم لەکەڵ ئەم بەرازانە هەبێ.

فوشە: ئاوی زۆر ئاوی کەم دەبات؛ تەنیا ئامرازی سەرکەوتنمان ئەوەیە کە لەتەک زۆربەی ئەوانە یەک بین.

بیو: نە، نە. دووبارە دەڵێمەوە نە! من وای بەباش دەزانم بێ ئەوانە لە ناوبچم. کەم بژیم و کەڵ بژیم.

فوشە: تۆ هەروەکو گا لاساریت و دەبیتە هۆی تەفروتووناکردنی هەمووان

کاریە: بیو ڕازی بە. بەڵێن پێ دەدەم دوای ئەوەی کارەکەمان ئەنجام داو سەرکەوتین، ئەوسا کە ئەژنۆی ئەوانیش دەشکێنین.

ماتیورنو: ئەمنیش وەک تۆ بیردەکەمەوە! هەموو هێزو توانای ئێمە لە مل نەنەواندنماندایە. ئەم جۆرە یەکێتییە دەبێتە مایەی بێ ئابڕووییمان.

کاریە: هەیها! بێ ئابڕوویی، بێ ئابڕوویی! لە پێناوی سەرکەوتندا ئەگەر پێویست بکات بێ ئابڕوویی بەدڵ و گیان دەکڕمەوە.

ماتیورنو: ئەوە چ سەرکەوتنێکە کە بەسوودی کۆنەپەرستەکان دەکرێنەوە؟ کۆنە پەرستان خۆیانیان لە بۆسەدا بۆمان حەشار داوە بۆ ئەوەی سواری کۆڵمان بن.

فوشە: من پیاوەکانی خۆم خاس دەناسم. ئاگاداریانم و ئێوەش بۆ چاودێری کردنیان یارمەتیم دەدەن. ئەو ڕۆژەی ڕوبسپییر سەرنخون دەکرێ، بۆ ڕۆژی دوایی، من هەموویان دەدەمە دەست ئێوە. بەلام لەم کاتەدا، مەحاڵە بتوانین چاویان لێ بپۆشین؛ بەردی گچکەش سەر دەشکێنێ. ئێستا ئیدی بەهیچ جۆرێک ڕاوێستان و چاوەڕوانی دروست نییە. ئێمە ناچارین سوود لە وانیش وەربگرین و کاریان لێ بکێشین. ڕنو کەمێک بیرە خوارەوە. بیو تۆش ڕازی بە.

کولو: هەر کەسێ بیەوێ بەئامانج بگا، پێویستی بەکەرەسە هەیە. بیو ڕازی بە.

بیو: [*ڕوودەکاتە فوشە*] تەنیا کارێکم کە لە دەست دێ ئەوەیە ڕێگەت پێ بدەم بەم کارەپەست و بێ شەرەفیە هەڵسیت. بەلام خاستر وایە من ئاگاداری ئەم کارەت

نەبم، ئەگەر هاتو لە کاتی وتووێژەکانتانا ئامادەبوم، هیچ قسەیەک ناکەم و ورتەم نایە و وەلامیشتان نادەمەوە. ئەو غاینانە بەم دەستانەی خۆم دەخنکێنم.

فوشە: شانی [*هەڵدەتەکێنێ*] کەواتە هەموو کارەکان ئەنجام دەدەم؛ بەڵام پێویستە دەسەڵاتی تەواوەتیم پێ بدەن.... دڵنیابن! ئەم دڵنیایی یەم لە کانیاوی ڕق و کینەیەک ئاو دەخواتەوە کە لەوانم هەس. من بەهۆی ئەو کارانەی کە لە پێناوی کۆماردا کردوومە و دەیکەم، ناوم دەرکردووە و کۆنەپەرستەکان مەحاڵە لەبەر ئەم کارانەم لێم خۆش بن و هەرگیز نامبەخشن، لەوانەیە پتر ڕقیان لە من بێت تا لە ئێوە. وا دەزانن کە ئەمە فەرامۆش دەکەن؟ مەودام بدەن با کارەکانم بکەم.

بیو: بەتووڕەییەوە لەگەڵ ماتیورنو دەچنە کەنارەوە، [*ئەوانەی لە دەوروبەری فوشە بوون، بڵاوەی لێ دەکەن*]

فوشە: [*بەتەنیایی*]، ئەگەر ئەم هەموو گاڵەگاڵەی دۆستان نەبوایە، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان کارێکی ئاسان دەبوو... قسەی مەنتیقی لەتەک ئەم پیاوە قەڵسانە ناکرێ. داخوا ئەگەر دەیانزانی دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکەش سەودا بکەم، ئەو ساکەچییان دەگوت؟ هە! کەسێ کاڵایەکی گەرەکبێ، دەبێ پارەی بۆ بژمێرێت... بەلایەنی کەمەوە دەبێ بەڵێن بدا... بەڵێن نیوەی سەودایە...

*[سیزو و دارودەستەکەی لە دالانی لای ڕاستەوە دێنە ژوورەوە. لە بەر دەرگاکەدا پاسەوانەکان پاش کورتە قسەیەک، ڕێگەیان دەدەن بێنە ژوورەوە. پاسەوانێک ڕادەکات بولای فوشە بۆ ئەوەی ئاگاداری هاتنی ئەمانەی بکا. بەڵام فوشە خۆی چاوی بەسیز کەوتووە و بەرەو پیری دەچێت]*

فوشە: [*سڵاو لە سیز دەکات*]

هاوکاری خۆشەویستم! سوپاست دەکەم کە تەشریفت هاورد و سەرفرازت کردین. ئێوە هەستتان بەوە کردووە کە هەموومان لە ڕۆژانێکی مێژوویی و گرنگی شۆڕش داین. ئێوە لە ساڵی ١٧٨٩دا شانازی کردنەوەی دەرگای چارەنووسی شۆڕشە مەزنەکەمانتان، دەست کەوت، ئێستاکێ دووبارە ئەرکی سەرشانی ئێوەیە شۆڕشەکەمان بخەنەوە سەر ڕێی ڕاستی خۆی و ئاوێک بەم ئاگرە دابکەن.

سیز: [*بەئەندازەی فوشە محافەزەکار نییە؛ بەڵام لەو هێدی ترە*]، هەمیشە کاری گەورە دەبێ لە ڕۆژ وکاتژمێر و کاتی دیاریکراودا ئەنجام بێت. هەموو ڕاپەڕینێک،



کەمێک زوتر یاخود درەنگتر لە کاتی دیاریکراو، دەبێتە هۆی تێکچوون و لەناوبردنی هەموو شتێک. چەندین ساڵی دیکەی ئەوێ تا جارێکی تر ئەو دەرفەتە دووبارە بڕەخسێتەوە.

فوشە: ئێوە لە چاوەڕێکردنا شارەزا و پسپۆرن.

سیز: من لە ڕێ و شوێن و دابی ژیان تێگەیشتووم. هاوکاری خۆشەویستم! لەپاشاندا تێ دەگەن کە ئەمە کارێکی ئاسان و بچووک نییە.

فوشە: هیچ کەسێ ناتوانێ لە من خاستر ڕاستی و چەوتی کارێکی وا گرینگ جیابکاتەوە. بۆ ئێمەومانان، ئەمە کارێکی فرە ئاڵۆزە. ئێستاکێ سەرکەوتن لە کارێکی زۆر گرنگ لە ئارادایە، کە ڕابەری شیاوی ئەو کارە، بێ یارمەتی و هاوکاری کەسانی بەناوبانگ و گەورە مەحاڵە.

سیز: لە ڕاستیدا زۆر گرنگە بزانین ئایا ئەنجامدانی ئەم کارە، بەم پەلەپەلەیەی ئێوە بڕیارتان لەسەر داوە، کارێکی پێویستە.

فوشە: هاوکاری خۆشەویست! دڵ لە دڵ مەدە. خۆ خۆتان ئیمرۆ لە ئەنجوومەندا گوێتان لە وڕێنەو هەڕەشەکانی بوو.

سیز: بەش بەحاڵی خۆم و هاوکارەکانم هیچ بەڵگەیەکمان نییە کە ئەو هەڕەشانەی ئاڕاستەی ئێمە کردبێت؛ بەپێچەوانەوە وتاربێژ داوای هاوکارێتی لێمان دەکردو دەستی یارمەتی بۆ ئێمە کردبۆوە.

فوشە: بێگومان ئەو تا ئیمڕۆ دڵی ئێوەی ڕاگرتووە و تا ئەوکاتەی کە ئەفسانەی خەیاڵاوی یەکسانی بەسوودی دادەنێت و هەروەها بۆ وەرگرتنی زۆربەی دەنگەکان، پێویستی بەئێوە و هاوکارەکانتان هەیە، بۆیە پێتان دەڵێ کاکە کە چۆلەکەی بۆ بگرن. من ئاگاداری بیروباوەڕو هەستی پیرۆزی مرۆڤایەتی ئێوە هەم، ئێوە دەتوانن هەست بەمەترسی مل نواندن بۆ ئەم وازییە خوێناوییەی - کە ڕێگەی پێ دەدات، یەکێتی نێو ئەنجوومەن بشێوێنێ و بەکوتەک بکوتێ بەسەریا - بکەن

سیز: [*بەساردییەوە*]

هاوکاری ئازیز! بەڕاستی ژاندار بوو و هەستی مرۆڤایەتیمانی بریندار دەکرد، بەڵام ئەم هەستی مرۆڤایەتییە چەندین جاری دیکە لە ڕابردوودا تاقی کراونەتەوە و دوور نییە ئیمڕۆش هەر هەمان کاسەو هەمان حەمام نەبێ. ئێوە وەک من -یاخود

خاستریش لە من – دەزانن کە مرۆڤایەتی ئامانجێکی دوورە و بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە، زۆرجار تەنیا ڕێگەی سەیر و ستەمگەرانە و جۆراوجۆر دەیگاتێ. ئایا ئێوە خۆتان گاگایە ناچار نەبوون ئەم ڕێگایانە بگرنەبەر؟

فوشە: بەلایەنی کەمەوە کاتێ ئەو ڕێگایانە بگەنە ئامانج، تەنانەت مەبەستم ئەو ئامانجە دوورانە نییە کە هەرگیز باوەڕ ناکەین بیگەینێ؛ بەڵکو بەشێوەیەکی سادە، بەئامانجی نزیک کە ڕزگارمان دەکات ـ ئێمە و ئێوە ـ بۆ کەسێکی وەک ئێوە، بیروباوەڕێکی بەرزو پیرۆز کە ئەو ڕازدارێتی.

سیز: لە ڕاستیدا لەم ڕۆژگارانەدا، ئەم بیروباوەڕانە کڕیاریان نییە؛ تەنیا دەتوانن خۆیان ڕابگرن و بمێنن ڕوبسپییریش ڕێز لەم بیروباوەڕانە دەگرێ.

فوشە: من ئێوە لەوە بەژیرتر و دووربینتر دەزانم کە نەزانن ئەو تا ئەو ڕۆژە ڕێز لەو بیروباوەڕانە دەگرێ و ڕەچاویان دەکات کە لەژێر سایەی هاوکاری ئێوەوە، هەموو ئەو کەسانەی لە ئەنجوومەندا بەربەرەکانی و بەرهەڵستی دەکەن یەک بەیەکیان لە ناو بەرێت. ئایا دوو دڵن لەوەی کە لە دواییدا بۆ دژایەتیتان پەنا نابەتە بەر دیکتاتۆریەت؟

ئەوساکە هەموو وا بیردەکەنەوە کە ئێوە بەڕاستی دژی ئەو زۆردارەن. لەم ڕووەوە ئیدی وابیر دەکەنەوە کە ئێوە بەتەواوەتی دەبنە قۆچی قوربانی. هەرگیز بیر لە دەستەبەری[٤٦] مەکەنەوە؛ چونکە ئەو زۆردارە مەحاڵە بچێتە ژێر باری هیچ جۆرە بەڵێنێک.

سیز: من دان بەوە دەنێم کە مەترسییەکان زۆرن و هەمووشیان ترسناکن. بەڵام ئایا مەترسی لە لاکەی دیکە کەمترە؟

ئێستاکێ بارودۆخی ئێمە خاسترە؛ چونکە لە سەرمانە هەردوو تای تەرازوو لاسەنگ بکەین.

فوشە: ئەم بارودۆخەی ئێستا تاکەی بەردەوام دەبێ؟ بەدەست ئێوە نییە. ئێوە بتانەوێ یا نەتانەوێ، سبەینێ تای تەرازووەکە لاسەنگ دەبێ. ئەگەر ئێوە لەتەک ئێمەدا نەبن و وەزعەکە هەروا بەجێ بهێڵن، تەنیا باڵ و بێ هیچ کێشێک بەرامبەر دیکتاتۆر دەمێننەوە.

سیز: ئەدی لەلایەکی ترەوە چ بەڵگەیەک هەیە بۆ چاوەڕوانی؟



فوشە: لەنێو ئەو ئاژاوەو نا ئارامییەی دێتە ئارا، پارتە بەناوبانگەکەی ئێوە – نوێنەری پاکترین هێزەکان و پیرۆزترین یادگاری شۆڕشە مەزنەکەمان – هەروا بەسەر بەرزی دەمێنێتەوە و ناوی نازڕێت. ئێوە تا ئێستا توانیوتانە بەسەربەرزییەوە خۆتان ڕابگرن و چاوەڕوان بن. ئەوساکە دەتوانن ببنە پێشڕەو و سەرکردایەتی شۆڕش بگرنە دەست خۆتان. ئێمە مافی سەرکردایەتیتان دەدەینێ.

سیز: ئێوە شتێک بەئێمە دەبەخشن کە خۆتان خاوەنی ئەو شتە نین. کێ و چۆن دەتوانن دڵنیامان بکەن بەوەی کاتێک کە هەموو شتێکتان بۆ ساز بێ و توانای ئەوەتان بوو سەرکردایەتی بگرنە دەست خۆتان، چاوی لێ دەپۆشن و دوو دەستی پێشکەشی ئێمە دەکەن؟

فوشە: ئێمە پێویستیمان بەدڵنیابوونی ئێوە نییە. فەرمانڕەوایانی وڵات، هەرگیز خۆیان نادەنە دەست قسەی ڕووتەوە. قسە هەزارە و دووانی بەکارە، سوودو بەرژەوەندی ئێمە ئاشکرایەو ئەمە تەنیا وەرامی ئێمەیە.

ئێمە – ئێوە و من – خاس دەزانین (جگە لەو کەسانەی کە گێلن و خۆیان سپاردۆتە دەست بای خەیاڵ)؛ بەڵێ خاس دەزانین کە دوای سەرنخوونی و لەناوچوونی زۆردار، لێشاوی شەپۆلێکی پڕ لە قین و تووڕەیی کۆنەپەرستەکان هەڵدەستێت بۆ ڕامالّینی گشتمان. ئێمە پێویستمان بەئێوە دەبێ کە بەربەرستی ئەم تەوژمە بن. ئێمە پتر لەوەی کە ئێوە لەوانەبێ لە لایەن ئێمەوە لە مەترسیدابن، خۆمان لە مەترسیداین.

سیز: کەوایە ئێوە دان بەوەدا دەنێن کە ئێمە دەکەوینە مەترسییەوە؟

فوشە: کێ دەتوانێ حاشا لەمە بکات؟ هیچ کارێک بێ مەترسی ئەنجام نادرێت. کار تا دەستت پێ نەکردووە شێرە، کە دەستت پێ کرد دەبێتە ڕێوی. دەبێ یا مەترسی هەڵبژێرین یاخود بمرین و نەمێنین.

سیز: نەء، کاری پڕ لە مەترسی دەکەین و دەشمێنین.

فوشە: بەتوندییەوە. کەواتە بڕیارتان داوە؟

سیز: [*بەساردییەکەوە*]. سبەی لە ئەنجوومەندا دەبینین.

فوشە: ئێمە ناتوانین کارەکانمان بسپێرینە دەست ڕووداوەکان. پێویستە هەموو شتێک پێکەوە پەسەند بکەین. تەنیا ڕێگەو بەختی سەرکەوتنمان لەوەدایە کە پێشەکی

بەرنامەو نەخشەکی ورد و ڕێکوپێک بۆ گشت کارەکان دارێژرابێت.

سیز: هیچ شتێ ڕێ لە بەرنامەڕێژی ناگریت.

فوشە: تا بە تەواوەتی بەڵێن نەدرێت، بەرنامە داناڕێژرێت.

سیز: با نەخشەو بەرنامە دارێژین، بۆ بەڵێندان کاتمان فرەیە.

فوشە: بۆ تێکدانیشی؟

سیز: ئەڵبەتە؛ بەڵام ئەمەیان کەمێک پارێزترە. *[لە کاتێکدا لۆژەلۆژ لە یەکتری جیادەبنەوە، لەسەر قسەکردن بەردەوامن]*.

مژان: [*ڕوودەکاتە کولتو*] بڕوانە ئەم دوو مام ڕێوییە. ئاخۆ کامیان بەسەر ئەوی تر سەر دەکەوێ؟

کولتو: مەرج دەبەستم ڕەنگ خەنەییەکە. ئەو دەبێ سەری خۆی ڕزگار بکات. هەمیشە لەسەر پێیە و ئامادەیە کاری ترسناک ئەنجام بدا. ئەوی تریان فرە ڕارایە، و لە ئاکامدا ناکام دەبێ.

مژان: ئەمن بێ یان ئەو... با ئێمە مەرجی خۆمان بسەپێنین.

*[فوشە هەر کە هەست بەوە دەکات چاودێری دەکەن دەڕوانێتە مژان؛ سیز بەتەنیایی بەجێ دەهێڵێت و بەرەو لای مژان دێت]*.

فوشە: هاوشاری مژان! ئایا دەکرێ دەمێ پێکەوە قسە بکەین؟ مژان بەپێکەنینی پڕ لە ڕێزەوە سەری بۆ دادەنەوێنی.

فوشە: هەرچەندە دان پیانانی من بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام هەر حەز دەکەم و پێم خۆشە پێت بڵێم کە تۆ فرە هۆشیارو لێهاتوویت. هیچ کەسێک ناتوانێ لە من خاستر هەست بەم ئازارەی تۆ بکات؛ هەرچەندە کۆمیتە تا ئەندازەیەک هەستی پێ دەکا و ڕێزی لێ دەگرێت، بەڵام... [دان بەسەر وشەی بەڵام دادەنێت] لەوانەیە کۆمیتە هەموو ئەو ئامادەییانەی کە هەتە خاس نەناسێت. لەم کاتەدا من داوای یارمەتی و هاوکاریت لێ دەکەم.

مژان: [*بۆ تاوێک دەشڵەژێت؛ زوو دێتەوە سەرخۆی*] هاوشاری فوشە، ئێوە هەموو شتێک دەبینن، و ئاگاداری هەموو شتێکن؛ دەزانن ئەو تۆزە ئامراز و پێویستییانەی کە لای منە، هەموو لە خزمەتی نیشتماندایە. کە خۆی لە خۆیدا گشتی لە خزمەتی ئێوە دەبن. بێگومان ئاگاداری من لە هی ئێوە فرە کەمترە [*دان دەنێ بەسەر ڕستەی دواییدا*]. لەگەڵ ئەمانەشدا من ئاگام لە هێندێ شت هەیە کە هەرگیز و بەهیچ کلۆجێک نابێ ئاشکرا بن و کەس پێیان بزانێت.

فوشە: لە ناو ئێمەماناندا سووربوون و کەللە ڕەقی کردن لەم زەمینەدا کارێکی بێ هوودەیە، ئێمە هەواڵ و دەنگ و باسی تایبەتی خۆمانمان هەیە. با دەربارەی کارەکان بدوێین. پێویستە بڕوانینە دیوی ئەو دیوی ئەنجوومەن. دەبێ بیر لە ئاکامی کارەکانمان و ڕای خەڵکی پاریس بەرامبەری بکەینەوە؛ دەزانم لە کاتی بێ کاریدا خۆت وەک لایەنگرێکی ئەبر دەدەیتە قەلەم و لە کۆڵانەکانی دەوروبەری ئوتێلی دوویل، بەتایبەتی لە گراویلیە دەسوڕێتەوە و گوێ بۆ هەواڵەکان شل دەکەیتەوە.

خاس و بەکەڵکە لە کاتی قسەکردندا کارێک بکرێت کە ئەوانە هەمویان بەرگری لە پیاوێک - کە دەیناسیت - نەکەن. تکات لێ دەکەم کە هەر لە ئێمشەوەوە، لەوێراندا کاربکەن؛ کارێکی فرە چەتوون نییە. وایان لێ بکەیت کەلەم بارەیەوە بڕیار بدەن؛ چونکە ئەوان هێشتاکو سەر بڕینی «بابادۆشن»[٤٧]ی خۆیان فەرامۆش نەکردووە و بۆ ئەم کارەی هەرگیز نایبەخشن. هاوکارو هاوڕێکەت، [*ئیشارەت بۆ کولتو دەکا کە چەند هەنگاوێک لەو سەریانەوە ڕاوەستاوەو ناتوانێ خۆی لێیان بشارێتەوە*] - کە بەپێویستی نازانم قسەی لەگەڵدا بکەم چونکە خۆی گوێی بۆ قسەکانمان شل کردووە - لە گەڕەکەکانی بۆرژوازییەنشینەکاندا بەشێوەیەکی سوودمەند خەریکی کارکردن بێت. بێگومان نابێ هیچ جۆرە دەستوورێکی تایبەتییان پێ بدات؛ باشتریش وایە کە دوودڵی و ترسیش بخاتە نێویانەوە. خراپ نییە کە خەوو خۆراکیان لێ تێک بچێت و هەمیشە لەسەر پێ و ئامادەی کاربن؛ واتە ئامادەی دەست بەکارکردن بن، یانی چەک هەڵبگرن. هۆ بۆ بزواندن و هەڵگیرساندنی شەڕ پێویستە. وابزانم ئەو هۆیەتان کەم نەبێ بۆ بزواندنی خەڵک و هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ. ئێوە ئاو لە کانیاوە گیانبەخشەکانی، سەروو باشووری وڵات، دەخۆنەوە [*مژان دڵە خورپێی پێ دەکەوێ*] لەوانەیە من نەتوانم خاس نهێنی بشارمەوە و زگم ئەماری کەس نەبێ؛ بەڵام ئێوە نابێ دڵگران بن، ئێمە پێکەوە هاوپەیمانین.

مژان: ئێوە! تەنانەت مەترسیتان بۆ هاوپەیمانەکانیشتان هەیە و جێگەی متمانە نین.

فوشە: ئەمەیش لە شوێنی خۆیدا بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها تۆش! من

هەرگیز داوای ئەوەتان لێ ناکەم چاوتان بقوچێنن. ئێوە دەبینن، ئەمنیش چاوم هەیە و دەبینم. وا فرە خاسترە. دەزانین کە هەردوولامان پێکەوە بۆ سبەینێ و پاشەڕۆژ هەنگاو هەڵ دەنێین. کەواتە ئەوەی بۆ هەردوو لامان گرنگە و لە جێی خۆیەتی، سبەینێ و پاشەڕۆژە.

مژان: ئەمە کاری ڕۆژە. خاسە، باوابێت. تێ دەکۆشین و هەوڵ دەدەین کاری سبەینێمان خاستر ئەنجام بدەین. ئێستا گەرەکمە لاوێکت پێ بناسێنم کە تازە هاتووە و وابزانم دەتوانی سوودی لێ وەربگری، لاوێکی ڕۆژنامەچی بۆرە پیاوێکی کەللەڕەق و توورەیە و تازە لە زیندان ئازاد بووە. هەموو هیواو ئارەزووی ئەوەیە کە ڕێبازی«گراکوس»ە[٤٨] کان بگرێتە بەر و هەر لەبەر ئەوەشە ناوی «گراکوس»ی لە خۆی ناوە.

*[گراکوس بابوفی پێی دەناسێنێت]*

بابوف: [*بەپەرۆشەوە زۆر بەسادەیی ڕوودەکاتە فوشە*]. هاوشاری! ئەوە ڕاستە دەڵێن هاتوویت بۆ ئەوەی دەماری ئەو زۆرداره دەربێنیت؟ ئەمنیش لە تەک ئێوەدام؛ بەڵام هیچ بەڵێنێک نادەم. بەڵگە! پێنج ساڵە گاڵتەمان پێ دەکەن و بووینەتە بوکەشوشەی دەستیان. پێنج ساڵی ڕەبەق بەسەر شۆڕشەکەماندا تێ دەپەڕێ. مەسخەریە... هیوا و ئاواتەکانمان، خەباتمان یەک بەیەک هەمووی بۆتە هۆ و کەرەسە بۆ پتەوکردن و ڕاگرتنی چوارچێوەی خاوەندایەتی تاکی ماڵگرەکان، بازرگانەکان و سفتە بازەکان.هیچ کارێک بۆ خەڵک نەکراوە. هەر ئێژی تەنانەت یەکێکیش لە نوێنەرە درۆیییەکانیشی لە نێو ئەنجوومەندا نەماوە کە دووبارە ببێتەوە پایزەبرای و گوێی بۆ شل بکاو هەست بەزریکەی ئێش و ئازاریان بکات.

پێنج ساڵ، خۆم لە پێناوی داواکردنی مافی پیرۆزی هەژار و بێ دەرتانەکان و داوای یەکسانی، لەناوبردووە. لەم ماوەیەدا دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکان هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێکیان لێ کردووم؛ زیندانیان کردم. ئەو کەسانەی کە دەبوایە بەرگریم لێ بکەن، نەک تەنیا پیشتوانییان لێ نەکردم، بەڵکو پشتیان تێ کردم و غیانەتیان لێ کردم و دامیانە دەست زۆردارەکان. ئیدی بەسە! دەبێ کۆتایی بەم کارانە بهێنرێت. نەخێر پێویستە دەست پێ بکەین. چونکە تا ئێستا هیچ کارێک ئەنجام نەبووە، شۆڕش چی بووە؟ هیچ دەبێ چی بێ؟ هەموو شتێ...



شۆڕش بۆ ئەوەی بتوانێت دووبارە ڕاپەرینەکەی زیندوو بکاتەوە، پێش هەموو شتێ دەبێ ئەم فەرمانڕەوا بێ ئابرووانەی کە ڕەوشتی دیموکراتیەتیان پێشێل کردووە – لە ناوبەرێت. ئەم ڕوبسپیرە – کە باوەڕم پێ بوو – و هاوڕێکانی ئەوانە بەبیروباوەڕێکی جەهەنەمی و خەیاڵاوی ڕزگارکردنی خەڵک، بەبیانووی ئەوەی کە نیشتمان لە مەترسیدایە، خەڵکیان ناچارکردووە کە بچنە ژێر باری فەرمانڕەوایی خۆی. هەروەکو قەشە ملهوڕەکان کارێکی وایان کردووە خەڵکی باوەڕبکەن کە نیشتمان پەرستێتی وا پێویست دەکات تا ماوەیەکی دیکەش داوای مافی ڕەوای خۆیان نەکەن. ئەم زۆردارانە – کە وەک ئاوری ژێرکان – خەڵکیان فریو داوە و ئازادییان لێ زەوت کردوون؛ وا لەم گەوجانە دەکەن باوەڕ بەوە بکەن کە خاسترین هۆ بۆ گەیشتنە ئازادی لە پاشەڕۆژدا، ئەوەیە کە لە سەرەتای کاردا چاوی لێ بپۆشرێت. مردن و سەرشۆڕی بۆ زۆرداران!

با درۆ و دەسخەڕۆیی و تەڵەکە بازی لە ناوبەرین. دەبێ خەڵک جێ پێی خۆی بکاتەوە و ڕێگەی بدۆزێتەوە!...

مژان: ئێمە لە تەک هەست و باوەڕی تۆ داین. وابزانم خاستر وایە کە ئەو هەستە پیرۆزەت بخەیتە نێو دڵی پیاوێکی پاک و دروستی وەک ئەو[ئیشارەت بۆ فوشە دەکات] ئەو نێونەری ڕاستی و دروستییە و هەڵوێست نەگۆڕە و باوەڕی بەزەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە هەیە و لە شارەکانی نور و مولن، دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە دەربارەی چۆنیەتی پێکەوە هێنانی سامان لە لایەن دەوڵەمەندەکان، و هەموو بەرهەمەکانی لەنێو خەڵکا دابەش کردبوو و بڵاوی کردبۆوە کە کۆمار مافی ئەوەی هەیە، لە پێناوی هێنانەدی ژیانێکی خۆش و پڕ لە ئاسایش بۆ هەژارەکان، دەست بگرێ بەسەر زێدە سامانی دەوڵەمەندەکان. ئەو مافی یەکسانی هەموو هاوشارییەکانی بۆ ژیانێکی خاستر ڕەچاوکردووە و بۆ گەیشتن بەشۆڕشێکی ڕاستەقینە، درێخی لە هیچ هەوڵ و کۆششێک نەکردووە.

فوشە: [*بەکرنوشەوە*] با باسی هەوڵ و کۆششەکانم نەکەین. هەرچی یەکم دروست کردبوو، هەموویان ڕووخاند. هەر لەبەر ئەم هەڵوێستانەمە ئێستاکێ بانگ کراوم بۆ پاریس و هەر ساتێ چاوەڕێی ئەوە دەکەم بێن و پەلبەستم بکەن. هەرگیز پەشیمان نیم لەو کارانەی کردوومە. چارەنووسی هەموو ئەو پیاوانەی کە بەڕاستی و دروستی کار و ئەرکی سەرشانیان ئەنجام دەدەن، هەمیشە و لە هەموو چەرخێکدا هەروا بووە.

بابوف: [*بەدڵشکاوییەوە*] زۆر شتم دەربارەی تۆ بیستووە؛ بەڵام ئێستاکێ خۆت و قسەکانت لەبەر چاوما فرە بەرزتر و گەورەترن لەوەی کە بەبیرما دەهات. هاوشاری ڕەسەن! خۆ ڕاگرتن و لێهاتوویەتییەکەت جێگەی ڕێزن. هەر لە ئێستەوە چویتەتە ناخی دەروونمەوە. تا ئێستاکە هیچ کەسێک بەئەندازەی تۆ لە یەکەمین چاو پێکەوتنا ئاوا دڵنیای نەکردووم و ڕای نەکێشاوم. سەر لە پێناو و گیان لە سەر دەست ئامادەی خزمەتتم.

مژان: [*چەند هەنگاوێک لێیانەوە دوورە، بەتەوس و گاڵتەوە پێ دەکەنێ و لەسەرخۆ بەکولتو دەڵێ*]:

دەبێ بزانین ئەم «گراکوس»ە شارەزا و پسپۆرێکی خاسە لە هەڵبژاردن و پەیداکردنی دۆست و ئاوەڵ. پیاوەتی و فیداکاری بۆ هەر کەسێ کردووە، گشتیان دز و درۆزن و فێڵباز دەرچوون. فوشەی ئێمەش هەرگیز ئەو ئەلبومە ڕێکوپێکەی تێک نادات و ئەویش هەر لەو قوماشانەیە.

فوشە: [*ڕوو دەکاتە بابوف*]

لە نێو هاوشارییە بەشەرەفەکاندا هەمیشە لە یەکەمین دانیشتندا پێکەوە ڕێک دەکەون. چاویان بەزمانێکی دژکامییەوە دەکەونە قسەکردن لە تەک یەکا. من سوپاسی هەست و باوەڕی بەرزت دەکەم و ئەو متمانەیەی کە بەمنت هەیە. منیش هەمووی بۆ تۆ دەردەبڕم. هەر لە ئێستەکێوە کارێکی گرینگت پێ ڕادەسپێرم. پێویستە لە تەک ئەو کرێکارانەی کە ناڕەزامەندی خۆیان بەرامبەر دەستوورەکانی پرەریال و مسیدر دەربڕیوە، بکەویتە قسەکردن؛ دەبێ کارێکی وەها بکەیت – هەروەک دادڕەسێکی گشتی جەماوەر – هەموو ئەو ناپاکانە بەتاوانی ئەوەی دوژمنی شۆڕشن، داوای پەلبەست کردنیان بکرێت. سبەینێ ۹ی ترمیدرە؛ پێویستە خۆ پیشاندانێکی یەکجار مەزنیان پێ ڕێک بخەیت و هانیان بدەیت داوای زیادکردنی کرێ و هەقدەستی خۆیان بکەن. ئەو خۆپیشاندانە دەبێ لە شەقامەکان و گۆڕەپانی ئوتێل دوویل بەرپا بکرێت. بۆ هەڵسووڕاندنی ئەم کارە متمانەم بەتۆ هەیە.

بابوف: بەسۆزەوە دەڵێم: «ئەم کارە ئەنجام دەبێ» هەر ئێستاکێ بەپەلە بۆ ئەوێ دەچم.

[*زۆر بەخێرایی و بەپەلە دەچێتە دەرەوە. فوشە بەچاو بەدرەقەی دەکات و بەئارامییەوە*



*هەردوو دەستی خۆی ئەسوێ بەیەکا، لە مژان نزیک دەبێتەوە*].

مژان: ئاگری ئەجەل هەڵی گرتووە: ئەمە مل لە چەقۆ هەڵسوونە.

فوشە: ئەو هەمیشە ناڕازییە. سەوداسەرەکان هەموویان بەم شێوەیەن.

مژان: هەریەکەمان سەودایەکمان هەیە.

فوشە: ئەرێ؛ زۆر کەس هەن سەرێک و هەزار سەودایان هەیە؛ کەسانی تریش هەن کە عەودالی سەودان.

مژان: لە ئیش و کاری ڕامیاریدا گرنگ ئەوەیە لە پێناوی ئامانجی هاوبەشیدا هونەری سوود و بەهرە وەرگرتن بەکار بهێنرێت.

فوشە: مژان! بێ گومان، ئێوەش هێز و تواناتان هەیە. بەڵام با بەکورتی بۆتی بڵێم!... کولتو دەنێرێتە گەڕەکی بۆرژوازییەکان؛ بۆ ئەوەی بیانخاتە جموجۆڵ و تۆش خۆیشت «بە مژان» لە هەمان کاتا کە گراکوس خەریکی توندکردنی بڵێسەی ئاگری ناڕەزایی کرێکارەکانە، دەبێ ژیلەمۆی گراویلیەکان تێک هەڵشێوێنی... ئیجازە دەدەن؟

دوران مایان لە دارو دەستەی سیز جیادەبێ و بەرەولای فوشە دێت. فوشە هەرکە چاوی پێی دەکەوێ بەرەوپیری دەڕوا، هەردووکیان پێکەوە لە بەردەمی پەردەی شانۆکەدا زۆر لەسەرخۆ و بەئەسپایی یەوە دەکەونە قسەکردن.

دوران مایان: ئێمە بڕیاری خۆمانمان داوە و هاتووینەتە پێشەوە. هیواداری بڕیارەکەمان پەسەند بکەن. بێ گومان ئێوە ئەوەندە ژیرن کە چاوەڕێی ئەنجامدانی کارێکی وەها لە ئێمە نەکەن کە لە وزەو تواناماندا نەبێت. خۆ ئێوە گەرەکتان نییە ئێمە دەست پێشخەر بین؟

فوشە: من دەتوانم داخوازییەکانم کەمتر بکەمەوە. تکاتان لێ دەکەم دەست بەکاری هیچ شتێک نەبن. ئێوە جارێ تەنیا بێ دەنگ و تەماشاچی بن، با ئێمە دەست بەکاربین و تا ئەو کاتەی تایەکی تەرازوو بەسوودی ئێمە لاسەنگ دەبێ؛ ئەوساکە قورسایی بێ دەنگی خۆتان بخەنە سەر قورساییەکەی ئێمە بۆ ئەوەی زووتر بگەینە ئاکام.

دوران مایان: ئەم هەڵوێستەمان لا پەسەندە. ئێمە نابێ پارتەکەی خۆمان لەم گێرمەکێشەیەدا بەدناو بکەین. بەڵام پارتەکەمان هەمیشە لەتەک سەرکەوتنایە.

فوشە: ئێمەش لەمە زێتر چاوەڕێی هیچی دیکەتان لێ ناکەین. زۆر سوپاستان دەکەین.

دوران مالاوی لێ دەکات و بەرەولای دەستەی سیز دەگەڕێتەوە و لە دووریشەوە هەر دەستی ڕادەوەشێنێ و لە دالانەکە دەچێتە دەرەوە.

فوشە: [*لە کاتێکا بەرەو لای دەستەی خۆی دەگەڕێتەوە*] پێویستە فێری بەکارهێنانی تاکتیک بین. جوانترین کیژۆڵەی ئەم جیهانە، ناتوانێت لەو شتەی کە هەیەتی زێتر هیچی دیکە بدات. وا خاسترە بۆ ئێمەکە ئەوانە هیچ جموجۆڵێکیان نەبێت. ئێمە دەبێ هەرچی زووترە دەست بەکار بین. بیو، ئەوە تۆ چیتە؟

بیو: من بەهۆی ئەم ڕێککەوتنە لە تەک ئەم خوێڕی و ناکەسانەدا هەست بەسووکێتی و پووچێتی دەکەم.

فوشە: سکالا و گلەیی لە چی دەکەیت، تۆ تەنانەت زەحمەتت بەخۆت نەدا دەست بەکاری ئەم ئیشە بیت.

بیو: هەرئەوەی کە چاوم بقوچێنم و ڕێگەت پێ بدەم بەناوی ئێمەوە ئەم ڕێککەوتنە ئەنجام بدەیت، خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر گەورەیە.

فوشە: کەس باسی تۆی نەکردووە. دەتوانی هەمیشە سوێند بخۆیت کە لەم بارەیەوە ئاگاداری هیچ شتێک نەبوویت.

بیو: وادەزانی ئەمنیش وەک تۆ – کە هەروەک ئاو خواردنەوە درۆ دەکەیت – دەبێ درۆ بکەم؟ نە، من ئەوە نیم کە حاشا لە بەشی خۆم لەم ڕووڕەشی ملنان بۆ ئەم کارە بکەم. تەنیا دەتوانم ئەوەندە خۆم بخەمە نێو ئاگری مەترسی یەوە تاوەکو ئەم لەکەیە لە خۆم پاک دەکەمەوە.

فوشە: ئارام بە! سبەینێ، بەشی هەموومان مەترسی دەبێت. بەلام چونکە حەز دەکەیت زووتر بەپیری مەترسییەوە بچیت، مەودای ئەوەت دەدەمێ بۆ ئەوەی بەرەنگاری ڕوبسپیر ببیتەوە. لەتەک کولودا بچیتە بنکەی ژاکوبنەکان. هەراوهوریا لەتەک دارو دەستەی ڕوبسپیر لەوێ دەسپێرمە دەست تۆ.

بیو: لەوێ دەست دەکەم بەگێرەشێوێنی و ئاژاوە نانەوە. کولو، بێرەوە با بڕۆین! لە قوولایی دڵمەوە و بەهەموو هەستمەوە ئارەزووی تۆڵە سەندنەوە دەکەم.

کولو: تۆڵە لە کێ؟

بیو: لە خۆم؛ لە لاوازی و ترسنۆکی خۆم لە ناو ئەنجوومەندا، و لە شەرمەزاری خۆم...



[*دەگەڵ کولودا دەچنە دەرەوە*].

فوشە: [*بەوانی دیکە*]

داواتان لێ دەکەم کاتژمێری دەی سبەینێ کۆبوونەوەیەکمان پێکەوە هەبێت؛ بۆ ئەوەی دەربارەی پیلان و بەرنامەی کارکردنی سبەینێ ڕاوێژ و گفتوگۆ بکەین. لەو دانیشتنەدا هەموو کارەکان ڕێکوپێک دەکەین. و بۆ گەمارۆکردنی بەرزەکی وتارخوێندنەوە و شێوەی پەلاماردان پێکەوە ڕێک دەکەوین.

تالین: تکاتان لێ دەکەم یەکەمین دەست وەشاندن بسپێرنە دەست من. ترزا خۆشەویستەکەم [ڕۆژنامەیەک تەکان دەدات] بەترسنۆکم دەزانێ؛ بۆی دەسەلمێنم کە بۆ تۆڵەسەندن وەک شێری زەمانەم.

باراس: [*بەتوانجەوە*]

شێری «خەوێکی نیوە شەوی هاوین!»[٤٩]

تالین: [*خۆی وا پیشان دەدا کە گوێی لە هیچ نەبووە*]. ئەم کارە بسپێرە دەست من.

فوشە: ئەگەر تا دوای تێپەڕبوونی شەو، هەروا شێر بوویت سبەینێ بەیانی باسی دەکەین.

باراس: حەز دەکەم لە شەڕی نێو ئەنجوومەندا جێگەی من لە پێشەوە لە ڕیزی یەکەمدا بێت.

فوشە: خاسترین جێگەم بۆ تۆ داناوە.

باراس: چیت بۆ پێشنیار کردووم؟

فوشە: ئێمە دەبێ پێشبینی جەنگێکی دیکەش بکەین؛ جەنگی تۆپەکان...

[*دەستی باراس دەگرێ و پێکەوە بەرەو لای دەرگای دەرەوە دەڕۆن*].

**[پەردە دادەڕێتەوە]**

## تابلۆی سیانزەهەم

[*پەردە دادراوەتەوە. لە بەردەمی پەردەکە، ڕوو بەدانیشتوان*[٥٠] *بیو و کولو ڕادەبوورن. بیو شپرزەو دەم و چاو گرژن دێتە بەرچاو، ڕادەوەستێ*].

کولو: بیو، خێراکە! کۆبوونەوەکە دەستی پێ کردووە، چاوەڕێی چیت؟

بیو: گەرەکتە چی بکەین؟ چیمان کردووە؟ ئەگەر بچینە ژوورەوە، دەبێ لەتەک ڕوبسپییردا بکەوینە قڕە و من خاس خۆم دەناسم؛ هەر کە کەوتمە نێو شەڕەوە، تا تەواو نەکەم دەست بەردار نیم. ئەوساکە ئیدی هەموو پردەکان دەپسێن.

کولو: ئێستاکەش هەموو پردەکان تەقیونەتەوە؛ تازە کار لەکار ترازاوە.

بیو: چیمان کردووە؟ ئەقڵی خۆمان داوەتە دەست کێ؟

کولو: بڕیارێکەو داوتە؛ پاشگەز مەبەرەوە. دڵت لە چی کرمێیە؟ ئایا گومانت لە ڕاستی و دروستی و پاکێتی فوشەیە؟

بیو: من ئیدی باوەڕم بەڕاستی و دروستی و پاکێتی هیچ کەس نەماوە. بەڵام تەنیا باوەڕم بەڕاستی کۆمار هەیە و ناتوانم دڵی خۆم بەهاوکارێتی لە تەک دوژمناندا خۆش بکەم.

کولو: ئەمە خاسترین کارە بۆ ڕزگارکردنی کۆمار. دوای ئەوەی سوودمان لە دوژمنەکانمان وەرگرت، ئەو ساکە هەموویان بنبڕ دەکەین.

بیو: ئێمەیان کردۆتە داردەستی خۆیان و وایان لێ کردووین دەست بدەینە وازیبیەکی پڕ لە تاوان. کولو، وازیبیەک. ئەگەر لەم وازیبیە سەرنەکەوین و بیدۆڕێنین؟... زۆر شت دەخەینە مەترسییەوە. بۆ ئەم کارەی کە ملم بۆ دانەواندووە، هەرگیز لە خۆم نابوورم.

کولو: تۆ بەڵێنت داوە و ناتوانی بکشێیتە دواوە.

بیو: من بەڵێنم داوە بچمە بنکەی ژاکوبنەکان و بەرەنگاری ڕوبسپییر ببمەوە. خاسە، دەچمە ئەوێ و دەستی یەکێتی بۆ ڕادەکێشم.



کولو: تۆ شێت بوویت؟ دەڵێی هەموو شتێکت لە بیر چۆتەوە؟ ئەو کینەیەی لە دڵتایە و کینەیەک کە ئەو بەرامبەر بەتۆ هەیەتی.

بیو: من جگە لە گێژاوێک کە خەریکە دەکەومە ناویەوە، هیچ شتێکی دیکەم لەبیرنەماوە. و بۆ ئەوەی نەخلیسکێمە ناویەوە، بەهەموو توانامەوە بەنینۆکەکانم چنگ دەهاوێژم. ئاە! هەموو شتێک لە یەکێتی لە تەک دوژمنا، خاسترە.

کولو: ئەویش دوژمنە!

بیو: ئەو دوژمنی منە؛ بەڵام من چیم بەرامبەر شۆڕشە مەزنە پیرۆزەکەمان؟ ئاە! ئامادەم هەرچی ڕق و کینەیەکم هەیە فیدای شۆڕشی بکەم... دەستمی بۆ درێژ دەکەم... ئەگەر هەنگاوێکی بەرەولای من هەڵگرت، دوو هەنگاو هەڵدەهێنم... کولو بێرەوە با بڕۆین. من بڕیاری خۆمم داوە. با بچینە ژوورەوە.

لەتەک کولو، سەریان داخستووە، بەپەلە بەرەو دەرگای بارەگای ژاکوبنەکان دەڕۆن. لە بەردەرگاکەدا لوتیان دەتەقێ تەوە بەلووتی دەستەیەک کڵاو سووری چەکدار، بەهۆی بەرگەکانیانەوە دەیانناسنەوە و بەوردی سەرنجیان دەدەن].

دەستەی ژاکوبنەکان: ئەم نوێنەرە سەگانە کێن!... ئەرێ، ئەمە «بیو»ە، سەرۆکی ئەو کۆمەڵە خوێڕییەیە کە لە کنوانسیون دژی ڕوبسپییرەکەمان چەنە دەدات. ئەرێ شەرم لە خۆت ناکەیت بۆ سووککردنی هاتوویتە ناو ماڵی خۆمان؟

بیو: با بچمە ژوورەوە.

ژاکوبنەکان: ناچیتە ژوورەوە. دەم و دانت دەشکێنم. ئێسقانەکانی وردوخاش بکە.

[*دەستەیە لە موسکادنەکان کە لەوەدەچێ لە مەوپێش لە دوورەوە چاودێری بیو و کولویان کردبێ - بەسەرکردایەتی کولتو - بەپەلە دێنە پێشەوەو ژاکوبنەکان دوور دەخەنەوە و ڕێگە بۆ بیو و کولو دەکەنەوە*]

موسکادنەکان: با بچنە ژوورەوە. ئایا ڕوبسپییر پێی وتون کە دەرگا لە ڕووی نوێنەرانی کنوانسیون دابخەن؟...

کەواتە دەرگا بەڕووی کۆمار بژەنن. ئەمە بۆ ڕوبسپییر شانازییە کە دەیانەوێت گوێ لە قسەکانی بگرن.

ژاکوبنەکان: ئەمانە گەرەکیانە ئاژاوە بنێنەوە و نەهێڵن کەس گوێ لە قسەکانی بگرێ.

موسکادنەکان: ئەگەر پێویست بکات، ڕوبسپییر خۆی دەتوانێ بەرەنگاریان بێتەوە.

ژاکوینەکان: کەواتە بچنە ژوورەوە. ئادەی بۆگەنی پیس بڕۆ بزانم. ئاگام لێتە، ئەگەر بجووڵێیتەوە... [*مشتە کۆڵەی بۆ بەرز دەکاتەوە*] بژی ڕوبسپییر!... هێی بەراز تۆش هاوار بکە بڵێ «بژی».

بیو: بمرێ زۆردار!

[*قرەقرِ دەکەوێتە ناویانەوە... هەرِەشە لە یەکتردەکەن موسکادنەکان رێگە دەکەنەوە*]

کولو: بۆ هێنانەدی یەکێتی، خاست دەست پێ کرد.

[*دەچنە دەرەوە. لەهەمان کاتدا پەردە بەرز دەبێتەوە*]



## تابلۆی چواردەهەم

شوێن: ناو بنکەی ژاکوینەکان

کات: [*سەرەتای شەوی ٨ تا ٩ی ترمید (٢٦ تا ٢٧ ژوئیە)*].

نزیکە سەعاتێک دوای کاتی تابلۆی دوانزەهەم، نێو هۆڵی بارەگای ژاکوینەکان خانەسازییەکی جوان و ڕێکوپێک ڕازاندوویەتیەوە؛ کورسی وتارخوێندنەوە (مەنبەرێکی کۆن) لەلای ڕاستەوە، هەروەکو هێلانەی باڵندەکان، لە بەرزاییەوە دیارە.

لە خوارەوە چوار ڕیزی قەنەفەیی کلێسایی، بەدرێژایی بەرامبەر شوێنی دانیشتنی خەڵک ڕیزکراوە. لەبەرامبەریەوە، لەلای چەپەوە چوار ڕیز قەنەفە ڕیزکراون. لە سەرو ڕیزی چوارەم، کورسییەکی گەورە و مێزی سەرکردایەتی دانراوە. لە خواریەوە مێزێکی گەورە و درێژ هەیە.

هۆڵەکە لاکێشەیەکی تەنگەو سەر دەروازەکەی بەتاق دروست کراوە. لەوسەری هۆڵەکە دەرگایەکی زۆر بچووک و کورت و تەنگ هەیە. ڕوبسپییر لە پشت بەرزەکی وتارخوێندنەکەوە دانیشتووە خەریکی خوێندنەوەی وتارەکەیەتی کە هەر ئەو ڕۆژە لە کنوانسیون خوێندرابۆوە و ئەو بەوەسیەت نامەی خۆی دادەنێ. دانیشتوان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر تەشویق و ئافەرینی دەکەن. چاوێلکەیەکی درشتی لەسەر لووتی داناوە. ناوبەناو بۆ ئەوەی تەماشای خەڵکی خرۆشاو بکات، لەسەر لوتی لای دەبات و دایدەنێتەوە. زۆر هێمن و لەسەرخۆیە و ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە لەسەرەتای قسەکردنەکەیدا و لەکاتی وەرامدانەوەی پرسیارەکانی کەلێبی دەکرێت وەک ئاو دەرژێتە سەر ئاگری دوژمنەکانی.

شێوەیەکی بێ باک و غەمناک و ستەم لێکراوی بەخۆیەوەگرتووە... لە ناکاو قسەکانی توندو تیژ و برەردەبێت. جموجۆلییەکەی ساکارو بێ گەردن و جەماوەرەکەی خستۆتە جمیان. گوێگرەکان واقیان ورماوە و دەمیان داچەقاندووە و گوێیان بۆ قسەکانی شل کردووە؛ هەست و قسەکانی چۆتە ناخی دەروونیانەوە. توانای تێگەیشتنی خەڵکی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی جووڵانەوەی لێوی ڕوبسپییر.

لەڕاستیدا خەڵکی هەموو قسەکانی بەخۆشی و بەدڵ و بەگیان وەردەگرن و ئەم وەزعیەتە باڵی بەسەر هەموو ئەم پەردەیەدا کێشاوە. لەنێو دانیشتواندا، کووتن، لوبا، پایان، کوفینال و خەڵکی دیکەش وەبەرچاو دەکەون].

ڕوبسپییر: [*دەست دەکاتەوە بەخوێندنەوەی وتارەکەی*]

... هەموو دژی من یەکیان گرتووە

جەماوەر: نە، نە! هەموو نەء! ئێمە لەتەک تۆ داین.

هاوار لە جەماوەر بەرز دەبێتەوە. بانگ و هاواریان و دەربڕینی ڕەزامەندی خۆیان بۆ قسەکانی، هەروەک ڕواڵەتی دەریایەکی شەپۆلاوی و خرۆشاو خۆی دەنوێنێ؛ ئەڵبەتە بێ ئەوەی بەهیچ جۆرێک لە بریقەی وتارەکانی ڕوبسپییر کەم بکاتەوە].

ڕوبسپییر: ترسنۆکەکان، گەرەکیان بوو بێ شەرمانە بمخەنە گۆڕەوە!...

[*خەڵکەکە دەکەونە جموجۆڵ و هاوار دەکەن*]: «نە!»

هەر لەم کاتەدا بیو و کولو دێنە ژوورەوە، و خۆیان دەترنجێننە ناو خەڵکەوە و ڕوبسپیر دەیان بینێت و بێ ئەوەی وا پیشان بدا کە چاوی پێیان کەوتووە دەست دەکاتەوە بەقسەکردن] لەسەر ڕووی زەوی تەنیا یادگارێتی زۆردارێکم لێ دەمێنێتەوە... [جەماوەری خەڵک بەرپەچی دەدەنەوە] ئەوانە، ئەو خۆشەویستیەی ئێوە کە لە دڵی مندایە، باوەڕێک کە ئێوە بەمنتان هەیە، شوێنەواری کردەوەکانم – واتە تەنیا هێزی ڕاستی و دروستی من – ناودەنێن زۆردارێتی... ئەو خوێڕی و بێ ئابڕووانە نیازیان وایە ڕێگە لە پیرۆزترین و ئازادترین هەستی مرۆڤایەتی، واتە ڕێ لە دۆستایەتی ئێمە بگرن و تێکمان بدەن...

[*فریادو خۆشەویستی جەماوەر دەخاتە جۆش و خرۆش*]

جەماوەر: هاوڕێ! هاوڕێ ئەی هاوڕێکەمان!

ڕوبسپر: زۆردارێک! من! ئەمن کێم کە تاوانبارم دەکەن؟ کوێلەیەکی ئازادی ڕەنجدەرانی کۆمار...

پیرەژنێک: [*بەدەم گریانەوە*]

ماکسیمیلین! تۆ قەدیسێکی پیرۆزی!

ڕوبسپیر:... هەر بەو ئەندازەیەی کە دوژمنی تاوانم، مەگەر نەبوومەتە قۆچی قوربانی تاوان. هەموو تاوانبارەکان، یاساترینی کارەکان، پیرۆزترین و بێ گوناهترین



هەستەکان، بەتاوان دادەنێن و ئەو ئەوینەی بەرامبەر بەئێوە و لە پێناوی ئێوەدا هەیە سەرزەنشت دەکەن. ڕێ نادەن کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم، تاوانم پێ دەلکێنن. هۆش و هەستمم لێ زەوت بکەن دەچمە ڕیزی بەدبەختترین مردووان.

دەستەیەک لە کیژۆڵەکان: [*بەگریانەوە دەستی بۆ درێژ دەکەن*]

ماکسیمیلین! بەدبەخت مەبە؛ بەدبەخت مەبە... چونکە ئێمە دەتپەرستین...

ڕوبسپیر:... تەنانەت لە مافی هاوشاریەتیش بێ بەشم؛ چی دەڵێم؟ بەهیچ جۆرێک ناهێڵن کە ئەرکی نوێنەرایەتی خۆم بەرامبەر بەخەڵک بەدی بهێنم. نایانەوێت قسەتان بۆ بکەم. گەرەکیان نییە قسەو دەردەدڵتان لەتەکا بکەم.

کولو: [*بە بیو*]

هونەرمەندێکی کۆمیدی! غەڵەت دەکا. جگە بۆ خۆی ئیدی قسەیەکی دیکەی نییە.

بیو: [*بەشێوەیەک کە سۆزی گەرمی دەروونی خۆی ئاشکرا دەکا، ڕوو دەکاتە ڕۆبسپێر*]

روبسپیر! ئێمە هەرگیز دوژمنی تۆ نین.

ڕوبسپییر: [*چاوێلکەکەی لادەبات و بەوردی دەڕوانێتە بیو و کولو*]

بڕواننە ئەم دوژمنە غاینانە؛ چۆن چۆنە گەرەکیانە لە پشتەوە خەنجەرم لێ بدەن و بەهرەی خراپ لە دڵپاکیم بەرن. چەند دۆستایەتییان لەتەک کلکەسووتە و قروسکەی[٥١] سەگێتییان ئاوێتەیە!...

بیو: [*دەیەوێ قسان بکا*]

ڕوبسپییر!

ڕوبسپیر:... لەناکاو دەم و چاویان تاریک داهاتبوو، خۆشییەکی دڕندانە لەنێو چاویاندا دەدرەوشایەوە. ئەمە لە کاتێکا بوو کە پێیان وابوو گشت ئەو پیلانانەی کە بۆ مل نواندنی من دایان ڕشتبوو، سەرکەوتووە...

بیو: [*بەتووڕەییەکی هیوابڕینەوە ڕوودەکاتە ڕوبسپیر*]

ئێمە ئاشتیمان دەوێ، ئێمە یەکێتیمان دەوێت!

ڕوبسپییر: [*وەک ئەوەی هیچی نەبیستبێت*]

ئیمرۆ چونکە ئێوە بەرگریم لێ دەکەن، ترس چۆتە دڵیانەوە و دەیانەوێ دڵم ڕابگرن...

بیو: [*هاوار دەکات*]

ئەمە ڕاست نییە. من بەڕاستمە.

ڕوبسپییر:... ئەوان بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی دووبارە پیلانی تاوانێکی نوێ بڕێژن. چەندە خوێنڕێژ و پەست و بێ ئاکارن!...

جەماوەر: ئەژدیها نییە... [*ئیشارەت بۆ بیو و کولو دەکەن*] هەردووکیان، ئەوەتان. با تەفروتونایان بکەین.

بیو: دەمەوێ قسان بکەم.

کولو: سەرۆک ڕێگەم پێ بدە با قسە بکەم.

دەنگیان لەنێو هەراو هۆریای خەلک خەفە دەبێ

بیو: [*بەرەو لای بەرزەکی وتارخوێندنەوەکە هێرش دەبات*]

ڕوبسپییر گەرەکمە بۆ دواجار بیروباوەڕی خۆم دەربڕم. باوەرام بدەمەوە.

زۆر بەتوندی بیو دوور دەخەنەوە، جەماوەر بەتووڕەیییەوەو ئەو و کولو ترۆ دەکەن، ڕوبسپییر وا پیشان دەدات کە نایان بینێت.

ڕوبسپییر: ئەوانە مەرگی منیان دەوێ... ئاه! بێ هیچ داخێکەوە ژینی خۆمیان دەدەمێ.

جەماوەر: [*دەستی خۆیان بۆ درێژ دەکەن*]

تەنیا باڵمان مەکە. لەتەک ئێمەدا بمێنەرەوە.

ڕوبسپییر: من پەندو ئامۆژگاریم لە ڕابوردوو وەرگرتووە و پێشبینی پاشەڕۆژ دەکەم؛ بۆچی دەبێ خۆمان بدەینە دەست ئەو شتانەی کە هەمیشە درۆ و تەڵەکە تیایا سەردەکەوێ بەسەر ڕاستی و دروستیدا. دادپەروەریتی تەنیا بریتییە لە درۆ. بۆچی گلاوترین سەوداکان جێگەی بەرژەوەندی پیرۆزی مرۆڤایەتی دەگرێ؟

چۆن چۆنی پیاو دەتوانێ دان بەخۆیدا بگرێ و بەرامبەر ئەشکەنجەی دیداری ئەم پیاوکوژانە خۆی ڕابگرێ کە بەشێوەیەکی ترسناک جێگەی یەکتری دەگرنەوە و ڕەوانی پیس و ناحەزی خۆیان لە ژێر پەردەی دژکامی و تەنانەت دۆستایەتی دەشارنەوە؟ کاتێک کە دەبینم لافاوی شۆڕش، کۆمەڵێک لە خراپییەکان لە تەک خاسییەکاندا وێکڕا ڕادەماڵێ، لەترسی ئەوەی نەوەکا نزیک بوونەوە لە مرۆی بێ فەڕو خوێڕی ئەمنیش بەدناو بکات، هەموو لەشم دەکەوێتە لەرزین.



بەڵام ئێستا، ستایشی ئەو ڕق و کینەیە دەکەم کە بەرامبەر بەمن هەیانە و بۆتە پردێک لەنێو من و ئەواندا. ئەوان بەم زووانە دەمکوژن.

جەماوەر: [*نرکەیان بەرز دەبێتەوە*]

نە نە...

ڕوبسپییر: ئاوێنەی مێژوو ئەوەمان پیشان دەدات، کە گشت ئازادیخوازان ڕەنجیان کێشاوە و بوونەتە قۆچی قوربانی بێگومان ئەو کەسانەی کە زوڵم و ستەمیان لێ کردوون، ئەوانیش مردوون و بەدناو بوون. بەڵام مەرگ دەرگای نەمری و زیندوویەتی بەرەو ڕووی پیاوچاکان و ڕاستان. دەکاتەوە...

[*دەم و چاوی گرژ دەبێ، دەنگی دەکەوێتە لەرزین، قسەکانی خۆی دەبڕێ و سەر دەنەوێنێ هەروەک ئەوەی بیەوێت فرمێسکی چاوی بشارێتەوە. جەماوەر بەکۆمەڵ دەکەونە گریان و دەستی خۆیان بۆ درێژ دەکەن*]

ژنێک: [*بەگریانەوە*]

دە مەگری!

[*ژنێکی باڵا بەرزی پتەو و نەترس. بەهەنسکی گریانەوە*]

ئەی گەنجینەکەی ژینم! وەرە باوەشم.

ژنێکی دیکە: [*لە کاتێکا بەدەستەسڕ فرمێسکی چاوی خۆی پاک دەکاتەوە، دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ڕوبسپییر*]

ئاه! با فرمێسکەکانم بسڕمەوە.

پیرەژنێک: ئەی عیساکەم!

پیاوەکان: [*هەموویان تووڕەن*]

هەرگ بەسەر ئێوە، کە ڕوبسپییری ئێمە دەخەنە گریان... دەبێ هەموویان هەڵواسین... نە، دەبێ هەموویان بسووتێنین.

داود: [*بەگریانەوە*]

ئەی پاکترین کەس، تۆ نامریت و هەمیشە زیندوو نەمریت!

ڕوبسپییر: [*سەری خۆی بەرزدەکاتەوە، دڵۆپێک فرمێسک لە چاویا نابینرێت و خۆی ڕادەگرێت. بەدەنگێکی وشک و بڕەڕ و ترسناکەوە*]

ئەمن دەمرم، با وابێت! بەڵام نامرم تا وەسیەتێکی ترسناک بۆ دڵی دوژمنانی خەڵک بەجێ نەهێڵم. من واقیەتێکی ترسناک و کوشندە و مەرگیان لەتەک وەسیەت نامەکەما پێ دەدەم.

جەماوەر: [*دووپاتی دەکەنەوە*]

مەرگ!

ڕۆبسپیر: فەرمانڕەوایانی شۆڕش! نیشتمانیان ڕزگارکردووە؛ پێویستە پاکی بکەنەوە و ڕزگاریشی بکەن لە دەستی ئەو غاینانەی کە دەیانەوێ بەرەو نەمانی بەرن. ئێمە کارێکی گرنگ و مەزنمان دەست پێ کردووە. کۆمارێکی فرە گەورەمان لەسەر بنچینەی ئەقڵ و ڕاستی و دروستی پێک هێناوە. ئەگەر ئەقل و ژیریێتی فەرمانڕەوایەتی نەکەن و ڕاستی و دروستی پێشێل بکرێن، ئەو ساکە فەرمانڕەوایەتی دەکەوێتە دەست غیانەتکاران و پلە و پایەپەرستان. سەرکەوتن خۆی لە خۆیدا ئەگەر ئەقل ڕابەرێتی نەکات، شتێک نییە جگە هۆ و ڕێگەیەک بەرەو پلەو پایەپەرستی و دیل کردنی ئازادی.

تاوێک کەم تەرخەمی و چاوقونجاندن و جڵەو شلکردنی شۆڕش؛ ئەوساکە بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن ئیستیبداد بەسەر شۆڕشدا سەردەکەوێت.

ڕابەرانی دارو دەستەکان، پاشقول لە نوێنەرە ڕاستەقینەکانی خەڵک دەگرن و جێ پێیان لێژ دەکەن. سەدەیەک شەڕو شۆڕی ناوخۆیی و براکوژی، نیشتمانمان بەرەو ماڵ وێرانی و کاول بوون دەبات. ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان نیشتمانمان دوچاری چەرمەسەری دەکەین و بەرەو ڕووداوێکی دڵتەزێن دەبەین و ئەوساکە بەدکرداریەکانی خەڵک ئاوێتەی بیرەوەریەکانی ئێمە دەبێ کە دەبوایە بۆ مرۆڤایەتی سودمەند بوایە.

با ڕاپەڕین و هەڵسینە سەر پێ. جڵەو توند بکەینەوە تا شۆڕش دووبارە بێتەوە سەر ڕێی ڕاستی خۆی. ئێمە گەیشتووینەتە دەورانێک لە ژیان کە پێش ئەوەی بەئامامج بگەین، ڕاوێستان بۆ تاوێکیش، مایەی نابوودی و لەناوچوونە و بەرەوپاش ڕۆیشتنە. خاسە با پێکەوە بۆ پێشەوە بڕۆین.

جەماوەر: [*ئەم ڕستەیە بەئاهەنگی مارسیز دەڵێنەوە*]

بۆ پێشەوە بڕۆین. چەک هەڵگرین. بەرەنگاری دوژمن بینەوە.



جموجۆڵ دەکەوێتە نێو هەمووان، هاوارو فریاد بەرز دەبێتەوە، «مارسیز» ئالاو والا بەسەر سەریانەوە دەشەکێتەوە

ڕوبسپیر: [*بەئارامییەوە، بەدەست ڕاوەشاندنێک، هەموویان بێ دەنگ دەکات. پاشان بەهۆی ڕەوانبێژیی خۆیەوە، هەردوو دەستی کە تا ئەو کاتە لە خوارەوە بوو – بەرەو ڕووی جەماوەر درێژ دەکاتەوە*]

خەڵک! خەڵکی من! لێت دەترسن، و پەلامارت دەدەن و سووکت دەکەن، فەرمانڕەوا تۆیت؛ بەڵام هەمیشە وەک بەندە ڕەفتارت لە تەک دەکەن. لە یادت نەچێ، بیری لێ بکەرەوە ئەگەر لە کۆماردا، دادپەروەرێتی فەرمانڕەوای تاک و تەنیا نەبێ، ئازادی جگە لە ناوێکی ڕووت هیچی دیکەی نامێنێت. ئەگەر زوڵم و ستەم لە ناونەچێت، تۆ هەرگیز ناتوانیت کۆت و زنجیرەکانی بپسێنی؛ بەڵکو تەنیا دەتوانی بیانگۆڕیت. بیری لێ بکەرەوە، سستی و لاوازی تۆ بۆتە هۆی ئەوەی چەند کەسێکی تاوانبار ئیشوکاری تۆ بگرنە نێو دەستی خۆیان؛ ئەوانە لە تۆ دەترسن.

ئەم پیلانە تاوانبارییە، و ئەم کەین و بەینکردنە دژی ئازادی گشتی، لە ناوەندی کنوانسیون و لە ناو جەرگەی هاوکارانی تاوانیان – واتە کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی – دەگێڕێت.

دوژمنانی کۆمار لە کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک، بەناوی دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتێکدا هەروەک دەوڵەتی تاوانبارەکان بەرهەڵستی کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی دەکەن. تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵکیشیان لە خشتە بردووە و کردوویانەتە داردەستی خۆیان بۆ پیلان گێڕان. ئەم هاوکارییە غیانەت کارییەیان خەریکە نیشتمان و نیشتمانپەروەران بەرەو هەڵدێر و لە ناوچوون دەبا. دەبێ چی بکەین؟ پێویستە غاینەکان لە ناو بەرین، دەبێ لە کنوانسیون بنبڕیان بکەین، دەبێ هەرچی زووتر کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک پاک بکەینەوە لەم غاینانە، و یەکێتی نێو دەوڵەت بەدەوروبەری کنوانسیونێک کە خاوێن کرابێتەوە لە غاینان، و پێک هاتبێ لە ئەنجوومەنێک کە هەموو ئەندامەکانی بەشەرەف و پاک بن، پتەوو بەردەوام بێت.

هەر ئێستاکێ، لێرەوە، بەشێوەیەکی ڕەسمی پێتان ڕادەگەیەنم کە لەمەودوا من

جگه له دوو پارت، هیچ پارتێکی دیکه بەڕەسمیەت ناناسم: پارتی هاوشارییه خاسەکان و پارتی هاوشارییه خراپەکان. نیشتمانپەروەریێتی ماڵ و موڵکی هیچ کەس و تاقمێکی تایبەتی نییه؛ بەڵکو بریتییه له فەزیلەتێک.

له کانگەی دڵێکی لەرزۆک له ئەزموونی خیانەت، داوا له هەموو مرۆڤه خاسەکان دەکەم بەدەم کۆمارەوە بێن و یاریدەی بدەن. ئەوانه له هەر شوێنێکەوە هاتبن دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکەم. با هەموو دژی تاوان یەک بگرین، فەرمانڕەوایی گەل کە له سەرچاوەی کنوانسیونەوە هەڵقوڵابێت – بەهەموو هێزو تواناوە لەسەر کەلاوەی هەموو پیلانەکان دابین بکەین. با پێکەوە ئەوێ بکەینە مەڵبەندێک کە تیشکی دادپەروەرێتی و ئازادی لێوە هەڵبێت. دادپەروەرێتی! [*جەماوەر هەموو پێکەوە هاوار دەکەن، دادپەروەرێتی*].

رۆبسپێر: ئازادی!

[*خەڵک دووپاتی دەکەنەوە*]: ئازادی.

رۆبسپێر: دوو بنچینەی ڕاگری کۆمار – ئەم دوو بنچینەیە ئەگەر بێ ئەوەی دوچاری هەمە جۆر جوێندان و هەڕەشە لێکردن بێن – دەست بدات، دەگەیشتمە ئاکامی ئەوەی کە هەموو بنچینەکان ژێر پێ خراون و زوڵم و ستەم فەرمانڕەوامانن.

بەڵام نە ء؛ نابێ بێ دەنگ بم؛ چونکە نە هەڕەشە و نە جوێن دان، هیچ شتێک ناتوانێ بەرەنگاری کەسێک بێتەوە کە فەرمانی ئەوەی هەیە و دەتوانێ لە پێناوی نیشتمانیدا خۆی فیدا بکا و بمرێ.

با بمکوژن؛ مەحاڵە بتوانن ناچارم بکەن بێ دەنگ بم و مل بۆ تاوانەکانیان دانەوێنم. من خوڵقاوم بۆ ئەوەی دژی تاوان خەبات بکەم. نە بۆ فەرمانڕەوایی کردن. من قسەکانی خۆم کرد.

[*لە کاتێکا کە دەنگی بەرزکردبۆوە، لە پڕ بێ دەنگ دەبێت. تاوێک هەموو کش و مات دەبن. لە ناکاو دەنگ و هاواری خەڵک بەرز دەبێتەوە*].

[*روبسپیر بەدەست ڕاوەشاندنێک هەموویان بێ دەنگ دەکاتەوە*].

روبسپیر: هاوڕێیانم! من وەسیەت نامەی پاش مەرگم بۆ خوێندنەوە.

مقۆ مقۆ دەکەوێتە نێو جەماوەرەکە

روبسپیر: [*ئارام و لەسەرخۆ*]



لەڕاستیدا ئەوەم پێ ڕاگەیاندن...

[ *پیرەژنێک: لە هۆش خۆی دەچێ*] :

عیسا! عیسا!

روبسپیر: لە مێژە بەرەنگاری پیلانە چەپەڵەکانیان بوومەتەوە؛ ئاشنایەتیم بەهێزو توانایان هەیە. دەزانم تەنیا چەند ڕۆژێک زێتر لە ژیانم نەماوە. بێ هیچ ترس و داخێک خۆم دەدەمە دەست. بیرەوەرییەکانم دەسپێرمە دەست ئێوە، بەرگری لێ بکەن!... ڕێبازم بگرنەبەر. و با ئێستاکێ ماڵئاوایی لە یەکتری بکەین! کاتی ئەوە نزیک بۆتەوە کە نۆکەرانی ئیستیبداد، جامی شەوکەرانم بدەنە دەست. چاوتان پێ دەکەوێ زۆر بەئاسوودەیی دەیخۆمەوە.

داود: باوەشی پیا دەکات

ئەگەر تۆ بیخۆیتەوە، ئەمنیش لە تەک تۆدا دەیخۆمەوە!

جەماوەر: [*واقیان وڕماوە و حەپەساون*]

ئێمەش هەموومان دەیخۆینەوە! [*هەموو دەست دەکەن بەپڕمەی گریان؛ بەدەم و چاوێکی پڕ لە غەم و پەژارە، تووڕە دەبن*] کارێک دەکەین، ئەوانەی دەیانەوێ بتکوژن، بیخۆنەوە!

بیو و کولو کە لەنزیک دەرگاکەوە ڕاوێستاون، پیشان یەکتر دەدەن و هێرشیان دەکەنە سەر.

بیو: [*لە کاتێکا پاڵیان پێوە دەنێت*]

غاینینە! چۆن دەوێرن دەست لە ڕووی ئەندامانی کۆمیتەی باڵای ناوەندی بەرز بکەنەوە؟

یەکێ لە ژاکوبنەکان:

[*یەخەی بیو دەگرێ و ڕایدەوەشێنێ*] ئەرێ دەوێرم، دەوێرم شەقیشی تێ هەڵ بدەم.

شەقێک لە بیو هەڵدەدات. بیو فرە تووڕە دەبێ و پەلاماری دەدات. کولو بەمشتە کۆڵە شەڕیان لەگەڵ دەکا.

*کولتو و دارو دەستەکەی بیو و کولو لە دەست کۆمەڵانی خەڵک ڕزگار دەکەن و پێیان دەڵێن*]:

هاوشارییەکان، هیچ ڕامەوەستن؛ خێرا بەپەلە خۆتان ڕزگار بکەن و بچنە دەرەوە. ئێمە لەپاش ئێوە بەرگری دەکەین.

*[بیو و کولو ڕادەکەن. موسکادنەکانیش پاش ئەوەی کەمێک شەڕ لەگەڵ ژاکوبنەکان دەکەن، ئەوانیش هەڵدێن].*

کوتون: [*لەبەردەمی بەرزەکی وتارخوێندنەوەکە دانیشتووە*]

پاسەوانەکانی فوشەو موسکادنەکانی دەناسمەوە؛ بەڵام ئەو خۆی فرە لەوە زیرەکترەکە بەدوایانەوە بێت. لە دەستمان دەردەچێ؛ دەبێ چاوم پێی بکەوێ، دەبێ لەنێو دەستما بێت.

[*دەڵێت*] بیبەنە دەرەوە.

کوفینال: [*پاش هاتنە خوارەوەی ڕوبسپیر لەسەر بەرزەکی وتارخوێندنەوە، ئەم دەچێتە پشت جێگەکەی*] هاوشارییەکانم، گوێتان لە وتارەکانی ڕوبسپیری نەمرمان بوو. دوژمنە – ترسنۆکەکان کە لەم وتارانە دەترسان – ئیمڕۆ سەرلەبەیانییەوە هەوڵیان داوە کە ئەم وتارە لەنێو ئەنجوومەندا نەخوێنرێتەوە و بڵاو نەبێتەوە، و بەم کارەیان دەستنیشان کراون. داوا دەکەین لە سەرکردایەتی ژاکوبنەکان، ناوی هەموو ئەو غایبانەی کە لەم کارەدا بەشداربوون تۆمار بکات.

*[جەماوەرەکە ڕەزامەندی خۆیان بۆ ئەم پێشنیارە دەردەبڕن، کوفینال لە نیو غەڵبەغەڵبی خەڵکەکەدا دەست دەکا بەخوێندنەوەی ناوەکان]*

پایان: [*لە ڕوبسپیر نزیک بۆتەوە و دێتە بەردەمی پەردەکە*]

ڕوبسپیر! هەموو شت ئامادەیە؛ تەنیا یەک وشە لە دەمت بێتە دەرەوە بەسە، ئەوساکە ئێمە هەموو خەڵکی پاریس دەورووژێنین. تا پێش شەفەق گسک لەکنوانسیون دەدەین و پاکی دەکەینەوە. بارودۆخ لە سوودی ئێمەیە؛ تەنیا وشەیەکی تۆ بەسە. قسەبکە!

[*هاوڕێکانی دیکە – کە دەوروبەری ڕوبسپریان گرتووە – دووپاتی دەکەنەوە*]: دە قسەبکە).

ڕوبسپیر: نە، پایان! من جگە لە قسەکانم چەکێکی دیکەم ناوێت و جگە لە یاسا هیچ پاڵپشتێکی ترم گەرەک نییە. تۆ شوێنەواریان لەسەر گیان و ڕەوانەکان دەبینی.

پایان: هەرگیز لەم بارەیەوە لەتەک هاوڕێ بەئەمەکەکانت قەزاوەت مەکە. ئەوان پاڵپشتی



تۆن. بەڵام پێویستە لەسەرمان خێرا و بەپەلە و بێ وچان زوربەی زۆری سوپا – کە ڕاڕا بوون و بەهۆی غیانەتەوە خەریکن دەکەونە نێو زەلکاوەوە – بۆ لای خۆمانیان ڕابکێشین. غیانەت لە کنوانسیونیشدا هێلانەی کردووە.

ڕوبسپیر: سبەینێ بەرەنگاریان دەبمەوە.

پایان: وریابە لە پشتەوە خەنجەرت لێ نەدا.

ڕوبسپیر: لە هیچ شتێ ناترسم. ڕاستی و دروستی و پاکی پاسەوانی منن. ئەمن باسی واقیەت دەکەم، و ئەویش سەردەکەوێ.

پایان: ئەگەر بێڵن واقیەت بێنیتە سەر زمانت؛ بەڵێ، سەردەکەوێ. بەڵام ئەگەر بیخنکێنن؟

ڕوبسپیر: واقیەت مەحاڵە بمرێت و لەناوبچێ.

کوفینال: [*لەکاتێکا کە دێتە لای پایان*]

ڕوبسپیر، با بەرگری لێ بکەین.

ڕوبسپیر: تەنیا واقیەتێک – واقیەتێکی ڕووت و قووت – نەهیچ بەرگرییەکی تر [*ڕوو دەکاتە ئەو خەڵکەی لە دەوروبەریدا خڕ بوونەتەوە*] بێ هودە ڕۆژمان نەبردۆتە سەر. دوپلە، با ئێمەش بڕۆین و تاوێک بخەوین.

[دەچێتە دەرەوە]

**پەردە دادەدرێتەوە**

## تابلۆی پانزدەهەم

کات: [*هەمان شەوی ٨ تا ٩ ی ترمید و «٣٦- ٣٧ ژوئیە» نزیکەی کاتژمێری یەکی بەیانی (پاش نیوەشەو)*.]

شوێن: کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک

کارنو، لندە، پریر دولاکوت در، بارەر. بێ دەنگ خەریکی کارکردنن. کەمێک لەولایەنەوە، سن ژوست ، خەریکی ڕاپۆرت نووسینە].

کارنو: [*نامەیەک دەداتە دەست لندە کە بەتەنیشتیەوە دانیشتووە*]. لندە! ها ئەمە ئیمزابکە... [*هەروا کە لندە خەریکی ئیمزا کردنە، تەماشای ئیمزا کردنەکەی دەکا، لە پاشان نامەکەی لێ وەردەگرێ و دەیداتە دەست پریر*]

پریر: [*بەپەشۆکاوییەوە*] بێ شەرەف!

لندە: بەکێ دەڵێیت؟

کارنو: بەو غاینە دەڵێم کە هاوردمانەتە لای خۆمان و لە ئەنجوومەندا لە پشتەوە خەنجەرمان لێ دەدات.

لندە: هێشتا هەر بیری لێ دەکەیتەوە؟ خاسە، کارەکەت بکە. نابێ کارەکانمان دوا بخەین.

کارنو: هەرگیز کاری ئەمڕۆم نەخستۆتە سبەینێ؛ بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە بیر نەکەمەوە.

لندە: کارم فرەیە و دەبێ بەحیسابی بژیوی دوانزە سوپا ڕابگەم.

کارنو: لەوانەیە سبەینێ لەم کاتەدا کەسانی تر لە جێگەی ئێمەدا بن.

لندە: هەر لە بەر ئەمە خاستر وایە کە کارنامە و حیسابی ڕاست و دروستتریان پێ بدەم

کارنو: ستایشت دەکەم؛ بەڵام کاتێک ئەمانە بکەونە دەست کەسانێکی گێل و نەزان و دووڕوو، ئەم کارەت بەدەردی چی دەخوا؟

لندە: هەر بەم شێوەیەی کە ئێمە فێربووین، ئەوانیش فێردەبن. نیاز و پێویست کرێکاری خاس پێ دەگەیەنێت.



کارنو: هەرکە دەبیستم تۆیش کەریەتی و قسە قۆڕەکانی ئەوان دووپات دەکەیتەوە، ئاگرم تێ بەر دەبێ. تۆ باوەڕت پێی نییە. تۆیش وەک ئێمە دەزانیت بۆ پێگەیاندنی کرێکارێکی خاس، کات و هەوڵ و تەقەلایەکی یەکجار فرەی دەوێت. هیچ موجزەیەک ناتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات.

پریر! ئەمن و تۆ بۆ ئەوەی ئەو کارزانانەی - کە وەک ئێمە لە قوتابخانەی سەختی و تەنگەچەلەمەیی خۆیان پێ گەیاندووە - لای خۆمان ڕابگرین، یەک بەدوای یەک خەریکی شەڕ بەرپا کردنین(٥٢).

لندە: ئینسان ئەوەندەش گەوج نییە. بزانێت کە شتێک زیان بەخش بێ بۆی، بۆ ماوەیەکی زۆر لای خۆی ڕایگرێ و پەسەندی بکات. ئەوان پاش ئەوەی ئێمەیان خستە ناو حەچەلەوە،خۆیان جێ پێی ئێمە دەگرنەوە. دووبارە سەختی و ناخۆشی دەست پێ دەکاتەوە. هیچ شتێک نییە لە جیهاندا مرۆڤ نەتوانێ چاوی لێ بپۆشێت.

کارنو: بڕۆ ئەم قسانە بۆ پیسیستراتۆس بکە. ئەو ئامادەیە کۆمار پارچە پارچە و تەفروتوونا بکات.

پریر: ئەم پارووە زۆر گەورەیە بۆی، لە قوڕگی دەگیرێت و بۆی ناخورێت.

کارنو: ئەو ئێمە لەت و پەت دەکا. ئایا دەبێ ڕێگەی بدەین ئەم کارە بکا؟

بارەر: [*چەند نامەیەک دەهێنێتە لای کارنو و دەچرپێنێ بەگوێیا*] ڕێگەی پێ نادەن و بیستوومە کە تۆ خەریکی چاودێری کردنیت؛ بەڵام کەمێک لەسەرخۆترو هێدی تر قسان بکە.

کارنو: [*ئەگوێرەی بەو ئیشارەتەی کە بارەر، سن ژوستای پێشان داوە کە تا ئەو کاتە بەڕواڵەت خۆی زۆر خوێن سارد پیشان دەدا*]. ئەرێ، کاتێ کە ئەو زۆرداره خۆی لێرە نییە، چاو و گوێیەکانی لێرەن. گوێچکەکانی دەقرتێنم و دەیانخۆم.

پریر: خاسە، کارنوی خۆهەڵکێش! ئەگەر دەتوانی بێ قسەکردن خەریکی کارکردن بە.

کارنو: [*هەڵساوەتە سەر پێ. بەلۆقە لۆق بەناو هۆڵەکەدا هاتوچۆ دەکا و بەرەو لای پەنجەرەکان دەڕوات*].

ئۆف! وا دەخنکێم!... پەنجەرە کردنەوەش سوودێکی نییە. هەوا پاک نابێتەوە.

[*بەرگی نوێنەرایەتییەکەی دەردێنێ. پریر و لندە کراواتەکانی خۆیان شل کردۆتەوە و دوگمەی کراسەکانیان کردۆتەوە، تەنیا جل و بەرگی بارەر و سن ژوست ڕێکوپێکە. جگە*

*له سن ژوست ئەوانی دیکە گشتیان ئۆقرەیان لێ براوە. کارنو ڕوو دەکاتە سکرەتێرێک کە تازە وا دێتە ژوورەوە]*

ها، لە شەو نشنی چ باسە؟

سکرەتێرەکە: لە بنکەی ژاکوینەکان هەرایە.

کارنوا: خاستر. لە هەموو شتێ خراپتر ئەوەیە کە ڕوبسپییر، لەنێو بێ دەنگی ڕێز لێنانی گاڕانەکانیا، ڕێ و ڕەسمی «مس» بەجێ بهێنێت.

*[دووبارە دەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی، دادەنیشێت و خەریکی نووسین دەبێ].*

بارەر: [*دەنگی خۆی نزم دەکاتەوە، ڕوودەکاتە پریر*].

هەرچییە بکەین، بێ هوودەیە؛ نابزوێنرێت. واخۆی پیشان دەدا کە گوێی لە هیچ شتێک نییە.

پریر: چی دەنووسێت؟

بارەر: کۆمیتە داوای ڕاپۆرتێکیان لێ کردووە بۆ کۆبوونەوەی ئیمرۆکەی ئەنجوومەن. خەریکی نووسینی ئەو ڕاپۆرتەیە.

کارنو: [*بەدەم نووسینەوە*]

زۆر درەنگە؛ دەبوایە چاوم بە بیوو کولو بکەوتایە.

بارەر: ئایا چوون بۆ ژاکوبن؟

کارنو: هەردووکیانمان خستۆتە گیانی پیسیستراتوس. بیو لە داخی ئەو نشستییەی لە ناو ئەنجوومەندا بەسەری هاتووە، ئۆقرەی لێ بڕابوو؛ خەریک بوو لەناو گڕی تۆڵە دەسووتا. کولو لە بریتی ئەوان دەنگ دەدا.

بارەر: ئەمە دەنگی شەیپوری «ئەرحا»[٥٣]یە و هیچ دیوارێکیش نییە بتوانێ بەرهەڵستی ئەو دەنگە بکات.

پریر: کەواتە هەرچی زووتر بیقوچێنە و بۆی دەرچۆ. دەنگی شەیپور دێتە گوێ.

*[دەنگی هاوارو فریادی کولو لە ناو دالانەکەوە دێتە گوێ]*

کارنوا: [*هەڵدەستێتە سەر پێ*]

ئێستاکی، ئەوان؟ چی ڕووی داوە؟

*[دەرگاکە لەگەڵ غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگ دەکرێتەوە].*



بیو و کولو بەپرتاو خۆیان دەکەن بەژوورا. هەردووچاویان، زیت بووە. جلوبەرگیان نارێکوپێکە.

بیو ڕەنگی هەڵبزڕکاوە، خۆی دەخواتەوە.

کولو، ئەوەندە تووڕەیە کەف بەلالغاویەوە دێتە خوار؛ دەڵێی سەکتەی کردووە.

کولو: تۆڵە! ئابڕوچوونێکی سەیر! کۆمیتەیان سووک و ڕسواکرد.

بیو: پێویستە بنکەکانی ژاکوبنەکان دابخرێن

بارەر: چییان کردووە؟

کولو: ئەوەندە شووڵیان لێ هەڵکێشاوە کە دەستیان بەرووی ئێمەش بەرزکردەوە. ئەوانە دەمیان بەستم؛ دەمی من!

کارنو: وە تۆ ڕێگەت پێ دان دەمت ببەستن.

بیو: ئەوان سەد کەس بوون، هەزار بوون... هەموو دارودەستەی ڕوبسپیربوون. هەرکە ویستمان قسە بکەین، پەلاماریان داین...

کولو: پیاوەکانی خەریک بوون پارچە پارچەمان بکەن.

بیو: لێیان دام.

کارنو: ئای، پیاو کوژان!

بیو: *[بەتووڕەییەکی بێ دەسەلاتانە]*

ئابڕویان بۆ نەهێشتم. بەلای خۆمەوە چووبووم بۆ ئەوەی بۆ دواجار ئاشت ببمەوە لە گەڵیانا.

کارنو: بۆ چی خۆت لەم کارە هەڵ قوتان؟ ئەمە کاری تۆ نەبوو... خاستر...

کولو: [*دەلوورێنێ*]

تۆڵە! تەپڵ لێ بدەن. هەموو بەشەکان ئامادەبکەن.

سن ژوست: *[دوور لەمانە بەتەنێ دانیشتووە. بۆ یەکەمین جار لەم شەڕە چەقەیە بەشداری دەکا]* بەڵام هاوشارییەکانم! ئێوە شێت بوون و ئەقڵتان لە دەست داوە، ئەوە چیتانە؟

کولو: [*ڕووی بەرەو ڕووی ئەو وەردەچەرخێنێت، خوێن بەر چاوی گرتووە. تەماشای دەکات و تێی دەخوڕێ*]

تۆ دەپرسی چیمانە؟ چلۆن، نەتدەزانی؟ خوێڕی!

بیو: سەگە نوستووەکەی ڕوبسپییر. ئەم غاینە لای ئێمە چی دەکا؟

کارنو: خەریکی سیخوڕییە؛ ئەمە کاریەتی.

کولو: [*بەرەو سن ژوست  هێرش دەبات*]

*[سن ژوست  هەڵدەستێتە سەر پێ ، ڕێک وێستاوە. ڕەنگی دەم و چاوی بزرکاوە. هەردوو دەستی خۆی دەخاتە سەر ئەو مێزەی کە لەنێوان خۆی و کولو دایە]* . دەمارە کۆڵ، خۆی لە تۆی پەردەکان شاردۆتەوە. دەمارت دەردێنم.

کارنو: کولو تۆیش بڕۆ

بارەر: لە کاتێکا خەریکی ناوبژی کردنە

نە، نە، هاوشارییەکانم ! هاوڕێیانم! دەمە قاڵە لەناو ئێمە دروست نییە.

بیو: ئەو لە ئێمە نییە.

کولو: بەنینۆکەکانم ئەم ئەسپێیە دەفلیقێنمەوە.

بیو: ئەو لە ئێمە نییە. هەرچۆن نۆکەرانی کلیساکەی ئێمەیان ترۆکرد، ئێمەش دەیکەینە دەرەوە.

کولو: خاسە دەی! ملت بشکێنەو بڕۆ؛ ئەگەرنا لە پەنجەرەکەوە توورت دەدەمە خوارەوە.

کارنو: نە، نە، بیو! ئەم کارە مەکە. ئەگەر وێڵی بکەین بڕوات، ئازاد دەبێ و لە دەستمان دەردەچێت. خاستر وایە، هەر لێرە بیهێڵینەوە. ئەو بارمتەیە.

بیو: با وەرامی پرسیارەکانمان بداتەوە؛ با لە کارەکانی بکۆڵینەوە.

کولو: خاسە! لە پاشان کاتی هەڵواسینیمان دەبێ.

کارنو: ئەو خەریکی نووسین بوو، چی دەنووسی؟

چیت دەنووسی سەگ باب وەرامم بدەرەوە!

*[سن ژوست  زۆر هێدی و بەخوێن ساردییەوە دان بەخۆیا دەگرێ و بەرامبەر بەتێ خوڕین و تەماشاکردنەکەی کارنو هیچ ناڵێت و وەرام ناداتەوە. بەچاوی سووکەوە تەماشایان دەکا و چەناگەی خۆی دەجووڵێنێ. ئەوانیش ئابڵوقەی دەدەن و هەڕەشەی لێ دەکەن]* .

بیو: [*ڕوو دەکاتە کولو*]

ئەو کاغەزانەی لە چنگ دەربێنە.

*[سن ژوست ، هەردو دەستی دەخاتە سەر کاغەزەکان و ناهێڵێت لە دەستی دەربێنن]*



لندە: [*ڕوو دەکاتە پریر*]

پریر، بابڕۆین! ئێوە جێگەیەکی ئارام نییە و ئیدی بەکەڵکی کارکردن نایەت.

هەردووکیان هەڵدەستنە سەر پێ؛ بەئارامییەوە نامەکانی بەردەمی خۆیان دەپێچنەوە و دەیخەنە ژێر باخەڵیان و بێ گوێدانە شەڕە قسەکانیان، دەچنەدەرەوە

کولو: [*خەریکی ڕاکێشانی کاغەزەکان*]

کاغەزەکان بەربدە، بەرەڵایان دەکەیت یا... قەپۆزت بشکێنم؟

بارەر: بەسووکییەکەوە کە لەجوێندانی سێ کەسەکەی ناخۆشترە، دەکەوێتە ناوبژی کردن.

کولو! وێڵی کە؛ هیچ مەترسی یەکی لێ ناوەشێتەوە. فرە گەورەتان کردووە و بایەختان پێ داوە. چۆلەکە خۆی چییە گۆشتاوی چی بێت! ئەو هەروەک قوتابییەکی لووت بەرز وایە کە ڕستەکانی مامۆستاکەی بەتەنتەنەوە دەڵێتەوە.

کارنو: ئەو ڕستانە هەروەک تێغی گیوتین تیژ دەکاتەوە.

بیو: ئەو خەریکە بەڵگە بۆ تاوانبارێتیمان کۆ دەکاتەوە.

کولو: من بەڵگەکانی غیانەتەکەی لە چنگ دەردێنم.

*[کاغەزەکان ڕادەکێشێ]*

کارنو: خاس ڕایگرتون، چەسپاندوونی بەپێستی خۆیەوە.

کولو: کەواتە کەوڵی دەکەم.

*[دەمانچەیەکی لێ هەڵدەکێشێ]*

بارەر: [*دەستی کولو دەگرێت*]

ڕاوێستە، دەست ڕابگرە!... ئەم هەموو شەڕە شەقە لەبەر خاتری خوێڕییەک! تەنیا شەقێک لە قوونی هەڵدەین بەسیەتی.

سن ژوست: [*بەتەواوەتی ڕەنگی بزرکاوە و بەئارامییەوە*]

ئێوە زۆر بەدبەختن. ئەو پیساییەی هەڵی دەهێننەوە، دەنیشێتەوە سەر هەموو کۆمیتە. ئێوە ئابڕووی شۆڕش دەبەن

*[بەدکارەکانی، گشتیان قەڵس بوون. لە یەکتری جیادەبنەوە. لە توندڕەوییەکانیان کەم دەبێتەوە؛ بەڵام هەروا تووڕەن]* .

کارنو: [*بەتوانجەوە*]

ئەمانە ئەو گورگانەن کە هاوار دەکەن: «ئای گورگ!»

سن ژوست: بەچاوی سووکەوە تەماشاتان دەکەم. ئێوە بەنامەردییەوە تاوانبارم دەکەن و پەلامارم دەدەن. هەر ئێستاکێ ئەو ڕاپۆرتەی ئامادەم کردووە بۆ ئەنجوومەن، بۆتانی دەخوێنمەوە.

*[خۆی ئامادە دەکا کە نووسینەکانی خۆی بخوێنێتەوە بۆیان]*

کولو: ئەم کارە بێهوودەیە. تۆ ڕاپۆرتەکەت لە ئەنجوومەندا ناخوێنیتەوە.

کارنو: بێگومان، نەء! چونکە ئێمە چەپست دەکەین و وێڵت ناکەین.

سن ژوست: من ئازادم

کولو: ئیدی ئازادنیت. ئێمە لە کۆمیتەدا زیندانت دەکەین.

سن ژوست: ئێوە ناتوانن و مافی ئەوەتان نییە.

کولو: نەء؛ بەڵام هێز و توانای ئەوەمان هەیە.

سن ژوست: [*شانی خۆی هەڵدەتەکێنێ*]

ئەو هێز و توانایەی دژی خۆشتان بەکار دێت.

*[دوبارە دادەنیشێتەوە، بێ ئەوەی تەماشای ئەوانی دیکە بکات؛ دەڵێی نوقمی کاری خۆیەتی. ئەوانیش بەدەوری یەکا کۆدەبنەوە].*

بارەر: [*کەمێ لەسەرخۆ و بەهێواشی*]

خەریکن خۆتان دووچاری هەڵە دەکەن. ئەگەر بێت و ئێمە بێ ڕاوێژکردن لەتەک ئەندامێکی کۆمیتە، زیندانی بکەین، ئەوساکە ناتوانین لە ئەنجوومەندا ئامادەبین.

کارنو: هیچ پێویست ناکات ئەنجوومەن ئاگاداری ئەم کارەمان بێت.

بارەر: ئەنجوومەن بەم کارە دەزانێت؛ چونکە ئەوان چاوەڕێی ڕاپۆرتی سن ژوست ن.

بیو: دەبێ زوو دەست بەکاربین، بۆ ئەوەی بەدکارەکانمان نەتوانن هیچ کارێک ئەنجام بدەن.

بارەر: با ئەو دەستکەوتانەی لەکۆبونەوەی ئەنجوومەندا دەستمان کەوتووە بەفیڕۆ نەدەین.

کارنو: ئامادەی چ کارێکین؟چی بڕیارێک دەدەین؟

بارەر: ئێستاکێ دەبێ فوشە دەرکەوێت و بێت بۆ ئێرە و ئاکامی وتووێژەکانی دوێنێ شەوی خۆیمان پێ ڕابگەیەنێت. ئەوسا – کە ئەو دێت – ئیدی پێویست ناکات ئەم کابرایە لێرەدا بێ.

بیو: با بیکەینە دەرەوە. هەر ئەو بیرەی پێشووم خاستر بوو.



کارنو: ئەی ڕاپۆرتەکەی چی؟

*[سکرتێرێک دێتە ژوورەوە، بەهێواشی لەتەک بارەر قسە دەکا]*

بارەر: کاتی ئەوەمان نییە ڕاپۆرتەکەیان بۆ بخوێنێتەوە؛ فوشە هاتووە.

بیو: کەواتە دەبێ بەڵێنی لێ وەربگرین کە سبەینێ سەرلەبەیانی بێت و ڕاپۆرتەکەیان بۆ بخوێنێتەوە.

کارنو: ئایا دەتوانی متمانە بەبەڵێنی بکەیت؟

بیو: من باوەڕم بەلووت بەرزێتی و لەخۆبایی بوونی ئەو هەیە.

*[بەرەو لای سن ژوست دەڕوات]*

دەتویست ڕاپۆرتەکەتمان بۆ بخوێنیتەوە؟ ئایا ئامادەبوو؟

سن ژوست: نەء.

بیو: کەواتە بڕۆ بۆ ماڵی خۆتان و لەوێڕا تەواوی بکە. تۆ دوژمنی ئێمەیت. ئەمنیش دوژمنی تۆم. بەڵام هەرگیز بەترسنۆکت نازانم. هیچ کاممان ترسنۆک نین. تۆ بەئازادی لێرەوە دەچیتە دەرەوە. سبەینێ سەرلەبەیانیش بەئازادییەوە دەگەڕێیتەوە بۆ کۆمیتە و لە ڕاپۆرتەکەت دەکۆڵینەوە. کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەورووبەری نیوەڕۆ دەست پێ دەکا. لە کاتژمێری ١٠ی تەواو لێرە بە! خاسە؟

سن ژوست: باشە. [*زۆر بەپەلە هەڵدەستێتە سەر پێ و کاغەزەکان کۆ دەکاتەوە و هەڵیان دەگرێ و بەرەو دەرگاکە دەڕوات. لەبەر دەرگاکە ڕادەوەستێ و هەڵدەگەڕێتەوە و دەڵێ*] هاوکارەکانم! ئێوە فرە ئازارتان دام و نیوە گیانتان کردم. بەڵام من هیچ نیم. ئێوەش هیچ نین. تەنیا کۆمار هەمووشتێکە و هەر ئەو حیسابە. بەڵام ئەویش زۆر بەردەوام نابێت؛ ئێوە لەناوی دەبەن؛ وەکو و ساوایەک لەسەر بێشکە دەیخنکێنن. بیری لێ بکەنەوە. [*دەچێتە دەرەوە*]

بیو: [*حەپەساوە*]

ئەوە دەڵێ چی؟ ئەمە ڕاست نییە. کۆمار، ئێمە ڕزگاری دەکەین.

کارنو: بارێ، ئێمە کۆمار لە دەست ڕوبسپیر ڕزگار دەکەین، ئەگەرکو خۆشمان لە تەکیا تەفروتوونابین.

بیو: نە، نە، هەرگیز نابێ کۆمار لەناو بچێ! با ئێمە بمرین، بەڵام کۆمار بژی.

*[ بارەر دەچێتە دەرەوە لووتی دەبێ بەلووتی فوشەوە پێکەوە دەگەڕێنەوە]*

بارەر: هاوشاری فوشە، فرە چاوەڕوان بوویت. دەبوایە لە پێشا سن ژوست دوور بخەینەوە.

فوشە: چلۆن؟ سن ژوست لێرەبوو و ئێوە ڕێگەتان پێدا هەڵبێت و بڕوات؟

کولو: [*ڕوو دەکاتە ئەوانی دیکە*]

دیتان! پێم گوتن دەبێ لێرە بمێنێتەوە و ڕای بگرین.

بیو: بەڵێنی داوە کە بگەڕێتەوە.

فوشە: تەححا! چ بەڵێنێکی جوان! بیو! ئایا هێشتاکونێ باوەڕت بەپەیمان و سوێند خواردن ماوە؟

بیو: باوەڕم بەپەیمان و گفتی خۆم هەیە.

فوشە: تێی هەڵدە. مرۆڤ لە کاتی کارکردنا بەهۆی پەیماندان، ناحەز بۆ خۆی داناتاشێت. تازە ئیدی پەشیمان بوونەوە لە کارێکی گەوجانە هیچ سوودێکی نییە و دەردێک دەرمان ناکات. با مەسەلەکە ڕوون بکەینەوە. با بەپەڕەی قومارێکی دیکەکایە بکەین.

بیو: ئەم ڕەخنەیەی تۆ بەهیچ جۆرێک پەسەند ناکەم، ئێمە بەگوێرەی یاسا جوولاوینەتەوە.

فوشە: بیو! تکات لێ دەکەم منەتم بخەرە سەر و ئەم شتە قۆڕ و کۆنانە لە مێشکی خۆت دەربێنە. دەتەوێ لەم خەباتەدا سەربکەویت، ئەرێ یان نەء؟ هەرچی شتێک کە لە ڕێی سەرکەوتندا لەمپەرە، لای بەرە؛ لەپاشانا، ئەگەر هاتوو سەرکەوتین و ماینەوە و پێت خۆش بوو، ئەوساکە ئەم یاساو باوەڕانەت کۆ دەکەیتەوە. تکات لێ دەکەم و تکاتان لێ دەکەم، ئیدی قسەکانم مەپچڕێنن. ماوەیەکی کەمم هەیە کە دەتوانم لەگەڵتانابم. ئیدی خەریکە هەناسەم دەرنایەت و هێز و توانام لێ بڕاوە. کڵۆڵی و بەدبەختی لەماڵەوە چاوەڕێم دەکا، دەبێ هەرچی زووتر بگەڕێمەوە ماڵەوە.

کارنو: چیتە؟

فوشە: هیچ.

بارەر: [کەمێک *لەسەرخۆ*]

کچە بچکۆلەکەت فرە نەخۆشە؟

فوشە: [*بەسەر وەرامی ئەرێی دەداتەوە و دەست دەکات بەقسان*].



نامەوێ لێرەدا باسی کارەکانم بکەم. بەڵێنی هاوپەیمانەکانمانتان بۆ باس ناکەم؛ بەڵێن وەرگرتن لە «مارە»کان کارێکی ئاسان نەبوو. کەمتر دەچوونە ژێر باری ئەو بەڵێنانەی کە گفتیان دابوو. ئەوان بەڵێنیان داوە کە هیچ قسە نەکەن و ئەم بێ دەنگییەیان دەبێتە گۆڕی ڕوبسپیر. ئێوە جگە لە پاڵپێوەنانی بۆ ئەوێ، کارێکی دیکەتان نییە. ئەو زوربەی زۆری دەنگەکانی لەدەست داوە.

کولو: چی بەڵێن و گفتێکت پێ داون؟

فوشە: [*شانی هەڵدەتەکێنێ*]

کاتێ کە گوێ بەبەڵێنەکانی خۆم نادەم، ئیدی چ بایەخێکیان هەیە؟ ئەمیشە بەرنامەی کارمان کە بۆ سبەینێی ئەنجوومەن ئامادەم کردووە [کاغەزەکان دەداتە دەست کارنو] بیانخوێننەوە. کاتی ئەوەم نییە دەربارەی بەرنامەکان، قسەتان بۆ بکەم. بێ گومان دەتوانن بەگوێرەی بارودۆخ ئاڵوگۆڕی بکەن. بەڵام ئەوە خاس بزانن کە گرنگترین و سەرەکیترین شت ئەوەیە کە نابێ ڕوبسپیر قسان بکات. بەهیچ جۆرێک نابێ ڕێگەی بدەن قسەکانی بکا. هەموو ئەو ڕێگایانەی کە دەچێتەوە سەر بەرزەکی وتارخوێندنەوە، دەبێ بگرن. گەمارۆی بدەن. هەموو جێگەو کورسییەکان بگرن و پڕیان بکەن، کێ سەرۆکی کۆبوونەوەکەیە؟ تو، کولو؟

کولو: من.

فوشە: کارەکان بەجۆرێکی وەها ڕێکوپێک بکە، کە جگە لە دۆستەکانمان، هیچ کەسێکی تر قسە نەکات. کێ یەکەمین جار دەست بەقسەکردن دەکا؟

بیو: من قسان دەکەم.

کارنو: من قسە دەکەم.

کولو: ئەمن قسە دەکەم. سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە ناکەم.

فوشە: نەء، کولو، تۆ لەم کارەدا زێتر دەتوانی سوودمەند بیت. ئەو دەنگە نێرەی تۆ – چما هەورە تریشکەیە – زاری بەدکارەکانمان دەبەستێتەوە. کورسی سەرکردایەتی تۆ، پردی پەڕینەوەی ئێمەیە بۆ ڕۆخی ڕزگاری. لە یادت نەچێت ئەگەر هاتوو ئەو پردە بڕووخێت، دەنگ و هاواری پڕ لە قینی ڕوبسپیر بەرز دەبێتەوە.

کولو: دەنگ و هاواری ئەو، هەر لەوێدا دەخنکێ و بێ دەنگ دەبێت.

فوشە: کارنو! تۆ فرە ڕقت لێیەتی. تۆ لەکاتی تووڕەبووندا وڕێنە دەکەیت و قسەی هەڵیت

وپلیت دەکەی. زمانت خاس ناچەرخێت و کەس لە قسەکانت تێ ناگات. ئێمە لە سەرەتای کاردا پێویستمان بەدەم پاراوێک[٥٤] هەیە کە هەر وشەیەکی بڕەر و توندوتیژ بێت و هەموو لێدانێکی شوێنەواری دیاربێت و زامێکی لێ بوەشێتەوە. بیو، دەبێتە دار شکێن

باڕەر: لە بیرتان چۆتەوە کە کۆبوونەوەکە بەڕاپۆرتی سن ژوست دەست پێ دەکات.

فوشە: قسەکانی ئەو بزوێنەر دەبێ. هەر لەگەڵ دەست پێکردنی قسەکانیا، ئێوە دەبێ هێرشیان بکەنەسەر. لەپاشان، بۆ ئەوەی زەنگۆڵەکە بێ دەنگ بکرێت، تالین، دەبێ تۆ زوو دەست بەکاربیت.

بیو: ئەم ناحەزە بەد فەساڵە.

فوشە: من کلپەی ئاگری کوورەکەیم بەتین کردووە. شیشی سەودای ئەو بەسەر ئاگرەکەوەیە. ئەو، لکونتر، بوردن، فرەرون، ئەمانە هەموویان خوێی چێشتەکەین. ئەوانە لەنێو ئەنجوومەندا خەریکی ئاگرکردنەوە دەبن؛ بەڵام ئەمە ئاکامی هەموو کارەکان نییە. پێوستە کاتی دەست پێکردن دیاری بکرێت. کەسێک کەدەنگی لە هەمووان بەرزترە، دەبێ هاوار بکات و داوای زینداینکردنی ڕوبسپیر بکات؛ ناتوانین پێشەکی ئەو کەسە دیاری بکەین. ئەو کەسە دەبێ لەنێو هەراکەدا بێ.

کولو: تۆ خۆت لەنێو هەراکەدا دەبی؟

فوشە: وەرامی ئەم پرسیارە نادەمەوە.

بیو: سەیرە! تۆ لەکاتی مەترسیدا هەڵدێیت!

فوشە: بیو! من لە نێو مەترسیدا دەژیم. لە کۆبوونەوەکەدا ببم یا نەبم، بۆ من یەکسانە. من ئیدی شتێکم نییە کە لەکیسم بچێت و لەدەستی بدەم.

باڕەر: فوشە، بەڵام ئەگەر تۆ لەوێڕا نەبیت، ئێمە هەموو تەفروتوونا دەبین!

فوشە: من هەموو شتێکم بۆ ڕەخساندون. بەجێهێنانی کارەکان لەسەر ئێوەیە. پێم گوتن ئیدی هێزو توانام بۆ نەماوە. هەرچی توانام هەبوو، هەموویم کۆکردەوە و خستەسەریەک بۆ ئەوەی بێم چاوم بەئێوە بکەوێ و هەرچی ئامڕازی سەرکەوتن هەیە – کە چەندین مانگە خەریکی ئامادەکردنیانم – بخەمە بەر دەستی ئێوە. لەمە زێتر داوای هیچی دیکەم لێ مەکەن. هەموو شتێک سنوورێک و ئەندازەیەکی هەیە؛ ئەگەر مرۆڤ پێی لەو سنوورە زێتر درێژ بکات، هەموو شتێک



بەسەر سەریدا دەڕوخێت و ئیدی ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات.

بیو: تۆ ئیدی هیچ هێز و توانایەکت بۆ نەماوە، ئێمەیش وەک تۆین. تا دەست پێکردنی کۆبوونەوە هەشت سەعاتمان ماوە، بڕۆ تاوێک بحەسێرەوە.

فوشە: لەکوێ دەتوانم بحەسێمەوە؟ لەماڵەوە؟ لەوێ ناتوانم پشوویەک بدەم. کچەکەم لە گیانەڵایە و خەریکە دەمرێت. خواتان لەگەڵ! [*دەیەوێ بڕوات بەڵام دەگەڕێتەوە*]

دوای سەرکەوتن لە ئەنجوومەندا نابێ هەموو شتێک باس بکرێت؛ زمانمان بگرین. دەبێ بیر لە دژەکرداری خەڵکی پاریس بکەینەوە. هەرلە ئێستەوە دڵنیابن لە کۆمونەکان! بانگی پایان و فلوریو لسکو بکەن با بێنە ئێرە.

هانریو بگرن و پەلبەستی بکەن و بیخەنە زیندان. دووبەرەکی کەوتۆتە نێو هەموو دەستەکان؛ کارێک دەکەم ئاگری دووبەرەکی خۆشتر بکەمەوە. تەنانەت ئەوانەی کە ئوتیلی دوویل یان گەمارۆ داوە، بەهۆی کوشتنی چەند کەسێک لە سەرکردەکانی سوپاکەیان، لە ڕۆبسپیر ڕەنجاون و لێی خۆش نابن و نایبەخشن. هەرچییەکتان گەرەک بێت، دەتوانن پێیان بکەن و بەئارەزووی خۆتان هەڵیان سوورێنن. لەلایەکی دیکەوە من توانیومە پشتیوانی هێزو دەستەکانی ناوەندیتان بۆ بڕەخسێنم. چەند کەسێکی هوشیارو زیرەکیشم هەیە کە هەواڵ و دەنگوباسم لە هەموو شوێنێکەوە بۆ دێنن. لە کاتی شەڕ دەستپێکردن لەسەر جادەکان، بەرامبەر ژاکوبنەکان دەتوانن حیساب بۆ هێزی پۆلاینی لاوە ئازاو نەترسەکان – واتە هێزی موسکادنە چەکدارەکان – بکەن.

بیو: ئەو چەتانە! ئەو جەردانەی پاریس. ئەی غاین! تۆ دەمانسپێریتە دەست ئەوان.

فوشە: گەلحۆ، ئەوان دەسپێرمە دەست تۆ.

بیو: من ئەم چەتانە هەر لەماڵی خۆیانا دەکوژم و بەچوار مێخیان دەکێشم. لە بریتی ئەوەی لەتەکیانا هاوکاری بکەم، وای بەباش دەزانم لەگەڵ ژاکوبنەکانی ڕوبسپیردابم.

فوشە: وابکە. بەچاوی خۆت دەبینی هەر ئەم ژاکوبنانە، بەچەقۆ ورگ وڕیخۆڵەت دەردێنن. خۆ ئیمشەو چاوت پێیان کەوت چۆن چۆنی هاتن بەپێشوازیتەوە و بەخێر هاتنیان لێ کردیت. ئەگەر چەند کەسێک لە موسکادنەکانی من لەوێ نەبوونایە و بەرگرییان لێت نەکردایە، پارچەی هەرە گەورەی لەشت، گوێچکەت دەبوو.

پێشەکانیشت بۆ ئێرە نەدەگەڕایەوە.

کارنو: خۆشبەختانە کۆمار هێشتاکو لە نیشتمانپەروەران و ئەو کەسانەی بەرگری لێ دەکەن، بێبەش نییە.

فوشە: بێبەش نییە. ئێمە دەتوانین لە هەموو کون و قوژبنی وڵاتا کۆیان بکەینەوە. بەڵام ئایا دڵنیایت لەوەی تا پێش ئاوا بوونی ڕۆژ دەتوانن ئەوانە خڕبکەنەوە؟ [*ئیشارەت بۆ پەنجەرەکان دەکات*] ئاسۆ هەڵدێت و پێش ئەوەی شەو دابێت، ئەم وازییە تەواو دەبێ. ئایا ناتانەوێ لەو پسوولانە کە پێتان دەدەم سوودی لێ وەربگرن؟ ئەگەر پیس و ناڕاستیش بن؟... ها، بگرن! لەپاشان دەیان سووتێنن.

بیو: خاستر وایە دەستی خۆم بسووتێنم!

فوشە: وابکە؛ دەستیشت بسووتێنە! بەڵام لەپێشان وەری بگرە. تازە کار لەکار ترازاوە و پەیمانمان بەستووەو ئیمزاش کراوە. ئیدی هیچ ڕێگەی پاشگەز بوونەوە نییە.

بیو: تاوانبار!

فوشە: [*هیلاک و ماندوو دەرگا دەکاتەوە*]

تۆ، ئێوە هەمووتان دڵتان چی دەخوازێ، ئەوە ئەنجام دەدەن. بۆ قوتاربوونتان هەموو کارێکم کردووە، ئیدی دڵم لە مەراقی ئەوە نییە کاریان لێ دەکێشنەوە یان نەء. لە ئاکامدا ڕزگاربوونی ئێوە، ڕزگاری خۆم و ژیانم بایەخێکی بۆم نییە، ئیدی هیچ شتێکم بۆ نەماوە.

[*دەچێتە دەرەوە*]

کولو: کلۆڵی بێچارە! سوودی لە هەموو کەرەستە و توانای خۆی وەرگرتووە.

بارەر: باوەڕی پێ مەکە.

**[پەردە دادەرێتەوە]**



## تابلۆی شانزەهەم

کات: بەدوای چەند سەعاتێک لە هەمان شەودا

شوێن: نهۆمی سێیەم، لەبەردەم ماڵی فوشە.

ژاکوبنێکی باهۆدار[٥٥]، کلاوێکی سووری لەسەر کردووە. «کوتون»ی کردۆتە کۆڵ، هەردوو قاچی بەسەرشانی کلاوسوورەکەدا شۆڕبۆتەوە. بەپێپیلکەکان دێنە سەرەوە.

کوتون: پێپلکەکان بەرزن و ئەمنیش قورسم. هاوڕێ! بمبوورە. هەرلێرە دامبنێ و لەدەرگابە. ئەمە دەرگای ماڵی فوشەیە.

*[کلاو سوورەکە، کوتون لەسەر پێپیلکەیەک کە بۆ نهۆمی سەرووتر دەڕوا، دادەنێت و لەدەرگاکە دەدات. کەس دەرگا ناکاتەوە]*

کوتون: قایمتر لە دەرگا بدە.

*[دووبارە لەدەرگاکە دەداتەوە. دەرگاکە هەروا ژەنراوە، بەڵام لە دەرگای ماڵی تەنیشتەوە. ژنێکی پیس و چڵکن و قژ بژن سەری دەهێنێتە دەرەوە].*

کلاوسوورەکە: کەس لە ماڵەوە نییە.

کوتون: مەحاڵە. خاس دەزانم، ئەو لە ترسی گیانی خۆی هەموو شەوێک لە دەرەوە دەنوێت. بەڵام ئیمشەو دەزانم لە ماڵەوەیە؛ تاخۆی کردووە بەماڵدا بەدوایەوە بوون. بابڵێین لە ماڵەوە نییە، خۆ دەبێ ژنەکەی لەماڵ بێت.

هێی! هاوشاری! ئایا دەزانی هاوشاری فوشە لە ماڵە یا نەء؟

ژنە دراوسێکە: لە ماڵەوەیە. چاوم پێ کەوت کە گەڕایەوە بۆ ماڵ.

کوتون: ئەی لۆ دەرگا ناکاتەوە؟

ژنە دروسێکە: دوێنێ شەو کچە بچکۆلەکەی مرد. هاوشاری فوشە لە ماڵ نەبوو. ژنەکەی تاک و تەنیا بوو. من چووم بەدەمیەوە و یاریدەم دا. کاتێک فوشە گەڕایەوە ماڵەوە، دەرگای بەسەر خۆیا ژەنیوە و نایەوێت چاوی بەهیچ کەسێک بکەوێ.

کوتون: لەگەڵ ئەمانەشدا چاوی بەمن دەکەوت! دەبێ قسەی لەتەکا بکەم...

*[بە کڵاو سوورەکە دەڵێ کە تا بەردەرگاکە بیبات. ئەوسا خۆی بەدەست لەدەرگا دەدا و بانگی دەکات]*

ژۆزف فوشە! منم، کوتون. کارێکی گرنگم پێتە. دەرگا بکەرەوە.

*[هیچ سرتەیەک لە ناو ماڵەکەوە نایە]*

ژنە دراوسێکە: ئەو پرسەدارە

کوتون: فوشە کەسێ نییە لەبەر خاتری پرسەیەک دەست لە کارەکانی هەڵگرێت.

ژنە دراوسێکە: هەرکە بەهەواڵی مەرگەکەی زانی، بەڕادەیەک تێک چوو کە هەردوو ئەژنۆی چەمایەوە و دەستی کرد بەگریان.

کوتون: ئەو پیاوە، بەو چاوە وشکانەی... هاوشاری تۆ ئەم قسانە لە خۆتەوە دەردێنیت.

ژنە دراوسێکە: ئەو وەکو دایکێک وابوو بۆ منالەکەی. بەشەو هەستم دەکرد کە هەڵدەسا و جۆلانەکەی بۆ ڕادەوەشاند.

کوتون: ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی لە چەندین مانگ لەمەوبەرەوە دەست لەو کارە شەیتانییانەی هەڵبگرێت. هەر ئێمشەو، ئەو لە بیست جێگەی جیاوازا بووە. گەرەکمە چاوم پێ بکەوێ. دووبارە لە دەرگا بدە.

کڵاوسورەکە: ئەم کارە ناکرێت. خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە لەتەک مردووەکانیان ماوەیەک ئاسوودەبن. سبەینێ دەگەڕێینەوە.

کوتون: ئێستاکێ هەر ئەو سبەینێیەیە. یا ئێستا یا هەرگیز.

کڵاوسوورەکە: چیت دەوێ لێی؟

کوتون: [*ئیشارەتی بۆ دەکات کە بێ دەنگ بێ. لە پاشان بەدراوسێیەکە دەڵێ کەبڕوات*].

خاسە، هاوشاری خوات لەگەڵ بێت. *[ژنە دراوسێکە دەرگا دەژەنێ. کوتون وایپیشان دەدا کە کڵاو سوورەکە خەریکە دەیکاتە کۆڵ. هەرکە کڵاوسوورەکە هەنگاو هەڵدەهێنێت، زۆر لەسەرخۆ بەگوێیدا دەچرپێنێ]* هەموو پیلانەکان لەژێر سەری ئەمدایە، بۆ هەڵوەشاندنی پیلانەکە، پێویستە دەستی کورت بکەین و دووری بخەینەوە لێیان.

کڵاوسوورەکە: دەتەوێ زیندانی بکەیت؟



کوتون: نەء. گەرەکمە لە تەکیا بسازێم.

کڵاوسوورەکە: ئایا ڕوبسپییر بەمە دەزانێ.

کوتون: دوای ئەنجامدانی کار پێی دەزانێت. هەرچەندە خۆی نایەوێت؛ بەڵام ئێمە ڕزگاری دەکەین.

کڵاوسوورەکە: گوێی خۆی شل دەکا

وا دێنە سەرەوە...

کوتون: [*بەسەر بەردەکانەوە خۆی دەنوشتێنێەوە و تەماشا دەکات، لەبەرخۆیەوە دەڵێ*]

کاریە،... لکونتر... لە چوونە خوارەوەدا پەلەمەکە.

کاریە: [*سەری دەردەکەوێت و چاوی بە کوتون دەکەوێ*]

ها شەیتان! ئەمە تۆیت؟

کوتون: [*بەئارامی*]

ئەرێ، چەتە! ئەمنم

لکونتر: [ئەویش دەردەکەوێ، هەردووکیان تا نیوەی لەشیان دەردەکەوێ]

زۆر سەیرە! تۆ لەماڵی فوشەوە دێیت؟ باشە بزانم چاوت پێی کەوت؟

کوتون: ئەرێ، چاوم پێی کەوت.

*[دەڕواننە یەکتر. کڵاوسوورەکە کوتون بەرە وخوارەوە دەبات. لکونتر و کاریە دەگەنە بەردەمی ماڵی فوشە]*.

کڵاوسوورەکە: [*لەگەڵ ڕۆشتنە خوارەوەدا*، زۆر *بەهێواشی بەکوتون دەڵێ*]

بۆ چی وەهات پێ وت؟

کوتون: [*بەئارامی*]

بۆ یە وام پێ وتن، بۆ ئەوەی ئەوان وا تێبگەن کە غیانەتیان لێ دەکات.

لکونتر: بەتوڕەییەوە ڕوو دەکاتە کاریە

پێم وتیت کە ئەم بۆرە پیاوە تەڵەکەبازە دووسەرە کایە دەکا!

کاریە: [*بەتووڕەییەوە دەکوتێ بەدەرگاکە*]

ئەگەر ئەمەم دەزانی، دەمخنکاند. بابزانم! [*بەدەنگی بەرز هاوار دەکات*] دەرگاکە بکەرەوە، من کاریەم.

*[هیچ دەنگێک لەماڵەکەوە نایەت]*

لکونتر: دەرگا ناکاتەوە!

*[هەردووکیان وەک چەکوش، بەمشتەکۆڵە لەدەرگا دەدەن]*

کاریە: بێ شەرەف! خوێڕی! دووڕوو!

*[لەسەر پێپلکەکان، لەنهۆمەکانی دیکە، دەرگاکان دەکرێنەوە. خاوەن ماڵەکان تووڕەبوون و هاواردەکەن]*

دراوسێکان: [*بەهاوار و دەنگی بەرزەوە*]

ئەی خوایە!... ئایا ناتوانین بەبێ دەنگی بحەسێینەوە؟

*[ڕەخنەکان زێتر دەبن]*

کوتون: [*بەکڵاوە سوورەکەوە کە لە پێپیلکەکان دەچێتە خوارەوە دەڵێ*]

خاسە، هاتنەکەمان بۆ ئێرە فرەیش بێ سوود نەبوو.

*[لەبەرچاوان بزر دەبن]*

**[پەردە دادەرێتەوە]**



## تابلۆی حەڤدەهەم

کات: [*چەند سەعاتێک پاش کاتی تابلۆی پێشوو. بەیانی ڕۆژی ٩ی ترمیدر*].

شوێن: [*کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک*].

کاتژمێری سەر دیواری تالارەکە، دەو نیوی پێش نیوەڕۆ پێشان دەدات. پەردەی شانۆ هەروەک تابلۆی پانزدەهەمە؛ بەڵام دەم و چاوەکان هەموو شەکەت و ماندووی پاش شەوێکی بێ خەوە. لە ڕووناکی دەمەو نیوەڕۆدا فرە پەرێشان، پەشۆکاو و جل و بەرگەکانیان نارێکوپێکن. هەندێ پێخەف و پاشماوەی خۆراک، ٣ شووشەی بەتاڵ و هەندێ شتی دیکە بەرچاو دەکەوێ.

کارنو: نەهات!

بیو: دێت.

*[کاتژمێر دەو نیو ڕادەگەیەنێت]*

کولو: سەعات دەو نیوە. ئیدی نایەت.

بیو: ئەگەر نەیەت ترسنۆکی خۆی دەسەلمێنێ.

سن ژوست زۆر لووت بەرز و لەخۆباییە.

بارەر: کەواتە دەبوایە لووت بەرزێتی خۆی ڕابگرتایە. ئێمە سووک و ڕسوامان کرد. دەبێ فرە ئاگاداربین. نەدەبوایە ڕێگەمان بدایە وا بەئاسانی بۆی دەرچێت و بڕوات.

کارنو: تۆ وات لێ کردین ڕێگەی بدەین بڕوات.

کولو: ئەو شێوەی تۆ بەکارت هێنا بۆ ڕاگرتنی، لە هەموو سووکایەتییەکان دەردناکتر بوو بۆی.

بارەر: ئێوە خاس نایەتەوە بیرتان.

کولو: ئەو کوڕە قۆز و لەبارە؛ خاس لە یادی دەمێنێتەوە.

کارنو: ئێمە وا کات بەفیڕۆ دەدەین. لە دوای ڕۆیشتنی فوشە هیچ کارێکمان ئەنجام

نەداوە. دوو سەعاتمان بەشەڕە چەقە و چەنەبازی بێ هوودە لەتەک پایان و فلوریولسکی بردە سەرو بەزیندانی نەکردنی ئەویش، لاوازی و بێ دەسەلاتی خۆمانمان ئاشکراکرد. هێشتاکو هانریوشمان نەگرتووە. کاتی دەست پێکردنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن خەریکە نزیک دەبێتەوە. کارێکی دروستمان ئەنجام نەداوە. ئیمڕۆ لە ئەنجوومەندا بەکلاو هەموومان دەگرن.

بارەر: فوشە هاو ئاهەنگ کەرەوەی تیپەکەمانە.

کولو: بەڵام ڕابەری ئۆرکسترەکەمان بزر بووە. کێ دەتوانێ ڕابەرایەتی بکات؟

بیبو: هەرچۆنێک بێت دەبێ ئەو ڕاپۆرتەی کە بە سن ژوست یان ڕاسپاردبوو ئامادەی بکات، لێی بسێنین

کارنو: ئەرێ! بڕۆ بەدوایا.

بیبو: [*گوێ شل دەکا بۆ دەنگی پێیەک کە لە داڵانەکەوە دێت*] گوێ بگرن. ئەوەها وا دێت... بەهەڵەدا نەچووبووم...

دەرگا دەکرێتەوەو کوتون بەسەرکورسییە چەرخدارەکەیەوە دەردەکەوێت.

کارنو: [دەست دەکا بەقاقای پێکەنینێکی وا گوێ کەڕ دەکات]

ئەوەتانێ، باڵندەی جوان!... [*بەژێر لێوەوە*] ئاە! باڵندەی جوان، وەی دایە!...

بیبو: [*بەتووڕەییەوە، پشت دەکاتە کوتون*]

چەتەکان! هەموو پێکەوە سازاون

کوتون: [*بەتەوس و گاڵتەوە*]

لەوە دەچێ چاوەڕێم بووبن. حەزم دەکرد زووتر بهاتمایە. بەڵام لێم دەبوورن؛ کاتی خۆم بەفیڕۆ نەداوە.

کولو: کارمان بەتۆ نییە. ئێمە چاوەڕێی سن ژوست  دەکەین.

کوتون: دەزانم؛ پێکەوە چاوەڕێی دەکەین.

بیبو: چاوت پێکەوتوە؟ خەریکی چی بوو؟ چل و پێنج دەقیقە لەمەوبەر دەبوایە لێرەبایە.

کوتون: ئەویش وەک ئێمە کاری فرەیە و زۆر پێی ناخۆشە کە بەم شێوەیە ئێوەی خستۆتە چاوەڕوانی.

بیبو: ئایا دێت؟

کوتون: [*بەئارامییەوە*]



بێ گومان! پێی وتم کە من زووتر بێمە ئێرە بۆ ئەوەی ئێوە بێ تاقەت نەبن.

کارنو: تۆ خەریکە دەسخەڕۆمان دەکەی!

کوتون: بۆچی ئەوەندە بەپەلەن؛ بۆچی؟

کولو: ئایا نازانی کە ئیمڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنە؟

کوتون: [*زۆر ئارام و لەسەرخۆیە؛ ئەم ئارامییەی ئەوانی دیکە دەبزوێنێ. بەڵام ناوبەناو بەهۆی نزگەرەکردنەوە، لەرزی لێ دێت*].

هەروەک جاران

کولو: بەڵام ئایا هیچت نەبیستووە دەربارەی ئەو شتەی کە دەبێ لەم کۆبوونەوەیەدا ڕوویدات؟

کوتون: [*هەر بەوجۆرە*]

ئیمڕۆ لە ئەنجوومەندا هیچ شتێک ڕوو نادات. قسە زۆرە؛ هەروەک جاران. تا پەردە بەرزەوەبێتەوە، هیچ پەلەیە لە کارا نییە.

کارنو: گاڵتەمان پێ دەکات. دەبێ بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی کە لە ژاکوبنەکانا دەیکرد چی بوو؟

کوتون: [*بەهەمان شێوە*]

هەڕەشەو گوڕەشەی چی؟

بیبو: ئەرێ، تەڵەکەبازی زمان لووس! بڵێ بزانم ئەو کەسانەی کە ناوت لێ دەبردن و قسەت پێ دەوتن و دەتگوت: «ئەو پیاوە ناپاکانە!» کێن؟

کوتون: وتم کە ژمارەیان فرەکەمە، فرەکەمە.

کارنو: هەمیشە لەپشتەوە خەنجەر دەوەشێنێ.

بیبو: پێرێ دەربارەی «پێنج شەش سەروفەساڵی ناحەزی خوێڕی» دەدوایت و داوات لە کنوانسیون دەکرد کە ئەوان لەناوبەرێت، ئەوانە کێن؟ دەوێری تەماشایان بکەیت؟

کوتون: بەئارامییەوە

تەماشایان دەکەم

بیبو: [*بەهەڕەشەوە*]

منم؟

کولو: یەکێ لە «سەروفەسالەی ناحەزە خوێڕی»یەکان منم؟ ناکەس!

کوتون: ئێوە ویژدانتان بۆتە مۆتەکەی گیانتان. زۆر پەلەتانە زوو ناوتان ببرێت.

کارنو: هێی شەلە! من ناوت دەبەم. تۆ ئارەزووی تەخت و پلەوپایە داویەتی لەکەللەت. بۆ چوونە سەر ئەو تەختە، گەرەکتە لەلاشەی ئێمە پەیژە دروست بکەیت...

کوتون: بەئارامییەکی پڕ لەگەمە پێکردن و تەوسەوە

هاوڕێکەم! ئا بەم قاچانمەوە؟ [*قاچە ئیفلیجەکانی خۆی پیشان دەدات*] هاوکاران! ئێوە قسەی قۆڕو هەیت و هیت دەکەن. ئەمن نەمگوتووە کە دەربارەی شتی ناڕەوا هاوبەشی ناکەم. وشەکان، وتووێژەکان پڕ لەجۆش و خرۆشن؛ هەموویان لە مێشکی سەرەوە دێنە سەر زوان. ئێمە فرە دەبێژین و زۆر بلەین. بیست ڕۆژە ئەم خۆرەتاوە لەژێر ئاسمانی ترمیدر پەیتاپەیتاو هەمیشە خوێنمان دەهێنێتە کوڵ.

کارنو: گەرەکێتی بێ هۆشمان بکات. پیاو شێت دەکا...

کولو: هەناسە هەڵنامژین و غەڵتانی ئارەقین. کەللەی سەرمان زرمەی دێ.

بیو: شەومان لە ڕۆژمان خراپترە؛ پیاو خەوی پیا ناکەوێ.

باڕەر: دوێنێ شەو لە پاریس، هیچ کەس چاوی نەچۆتە خەو.

کوتون: هاوڕێکەم! بەهەڵەداچوویت. من کەسێک دەناسم کە پرخەی خەوی دەهات؛ ئەو کەسەش ڕوبسپییرە. ئەو دڵی فرە پاک و بێ گەردە.

*[کارنو دووبارە دەست دەکاتەوە بەقاقای پێکەنین]*

کارنو: خەزۆکەکان[٥٦] خوێن ساردن.

کوتون: من لەنێو مۆرەکانی ئێسکی پشتم، ئاگرم هەیە.

کولو: ئەوانە تاوانبارەکانی تۆن.

کوتون: نە، کاکە گیان! ڕوماتیسمەکانمن.

باڕەر: بۆ ئەوەی کەمێک مێشکمان زاخاوبدەینەوە، هەموومان پێویستیمان بەهەوای پاک و ئاسایش هەیە.

کوتون: ئەمانە لەکوێ دەست دەکەون؟ لە گۆڕ؟

کارنو: [*بەگرژییەوە*]

هەر لەبەر ئەمەیە دەتەوێ بمانهاویتە ناویەوە؟



کوتون: [*بەئارامییەوە*].

زۆرم حەز دەکرد ژیانم پڕ لە ئاسایش بایە. بەش بەحاڵی خۆم، وابزانم هەمووتان دەزانن تا ئەو شوێنەی توانیومە و بۆم کراوە، هەوڵم داوە ڕێک بکەوین و لەنێو خۆمانا یەکێتیمان بێت.

کولو: بۆ بەرژەوەندی خۆت.

کوتون: بەڵام هاوڕێکەم! هەرگیز مرۆڤ دەست بەکاری شتێک نابێ کە زیانی خۆی تیا بێت. کارزانتر یا ژیرتر؛ تۆیش مافی ئەوەت هەیە کاربکەیت.

*[سەعاتە دیوارییەکە کاتژمێری ١١ پێشان دەدات]*

بیو: [*لەپڕ ڕادەچڵەکێ و هەڵدەستێتە سەر پێ*]

کاتژمێر کاتی دیاریکراو پیشان دەدات

کوتون: پێش دەکەوێ

بیو: سەعات یازدەیە و هێشتاکونێ سن ژوست نەهاتووە.

کوتون: خەفەتی بۆ مەخۆ؛ کاتێک کە لێی جیابوومەوە خاس و سەلامەت بوو.

بیو: [*بەپەشۆکاوییەوە*]

خەفەت بۆ سەلامەتی و تەندروستی ئەو ناخۆم! دەبێ ئێمە چاومان بەڕاپۆرتەکەی بکەوێت پێش ئەوەی لە ئەنجوومەندا بیخوێنێتەوە.

کوتون: کاتی ئەوەمان هەیە.

کارنو: [*زۆر بەتوندییەوە*]

گاڵتەمان پێ دەکەن!

کوتون: [*فرە لەسەرخۆ*]

کێ؟

کارنو: ئەو وتۆ. تۆ و ئەو؛ ئێوە سەروبنی یەکن.

باڕەر: ئەو ئیدی نایەت

کوتون: [*لەسەرخۆ*]

با، با!

کارنو: من داواده‌کەم هەر لە ئوتێلەکەی خۆیا، بیگرن و زیندانی بکەن.

کولو: ئەرێ، هەرئێستا و بێ وێستان! نەهێڵن خۆی بگەیەنێتە ئەنجوومەن.

کوتون: ئێوە ئەم کارە ناکەن.

بیو: ئەم کارە دەکەین.

فەرمانێک دەنووسێت و ئەوانەی دیکە لەسەر شانییەوە خەریکی خوێندنەوەی دەستوورەکە دەبن.

کوتون: [*بەئارامییەوە، شان هەڵدەتەکێنێت*]

ئەگەر حەز دەکەن...

[*تاوێک بێ دەنگ دەبێ تا هەموویان فەرمانەکە ئیمزا دەکەن، لەپاشان کە کارنو فەرمانەکە دەگرێت بەدەستەوە و بەرەولای دەرگاکە دەڕوات – بۆ ئەوەی بیداتە دەست نامەبەرێک – بەدەنگی ئارام و ڕۆشەن دەڵێ*]:

*بەڵام ئەو لەماڵەوە نییە.*

[*کارنو دەگەڕێتەوە دواوە*]

بیو: ئێستاکە لەکوێیە؟

کوتون: نازانم؛ کاتێک چاوم پێیکەوت دەیویست بچێتە دەرەوە.

کارنو: تڕحێو!

کارنو [*کاغەزەکە لەنێو دەستیا دەگلۆفێنێ*]

کولو: بۆ کوێ دەچوو؟

[*گەمارۆی دەدەن دەیخەنە ژێر تەوژمەوە*]

کوتون: [*بەخوێن ساردییەوە*]

لەوانەیە بەرەو ئێرە هاتبێ... یا بۆ شوێنێکی دیکە ڕوشتبێ... ئایا خاستر نییە بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی بکەن؟

کارنو: [*پێ دەکوتێ بەزەویدا*]

مەسخەرەمان پێ دەکات.

بارەر: سەرگەرمان دەکا و لەدواییدا بەرێشمان پێ دەکەنێ.

کولو: کەوڵی دەکەم.



[*هەرەشە لە کوتون دەکات*]

کوتون: [*بەئارامییەوە*]

دڵت چی دەخوازێ بیکە.

[*دووبارە دەنگی پێ لە داڵانەکەوە دێت*]

بیو: ئاە، ئەمە ئیدی خۆیەتی.

[*دەرگا دەکرێتەوە. پێش خزمەتێک دێتە ژوورەوە، نامەیەکی بەدەستەوەیە*]

پێش خزمەت: ئەم نامەیە لە هاوشاری سن ژوست دەوەیە

کارنو: [*ڕوو دەکاتە بیو*]

گەوجە، پێشبینییەکەت هاتەدی

[*بیو نامەکە وەردەگرێ و زۆر بەپەلە دەیکاتەوە. ئەوانی دیکە بەدەوریا کۆدەبنەوە و هەموو پێکەوە نامەکە دەخوێننەوە. کوتون بەتەنیشت مێزەکەیانەوە دانیشتووە. بێ هیچ تێکچونێک بەمەسخەرەوە تەماشایان دەکات*].

بیو: [*نامەکە دەخوێنێتەوە*]

ئێوە دڵشکاوتان کردم، دەچمە کنوانسیون و لەوێڕا دەیکەمەوە...

[*تاوێک هەمووو مات، بێ دەنگ دەبن: لەپاشان وەکو تۆپ دەتەقنەوە. کارنو و کولو، هەروەک شێتەکان دەستیان بەرز دەکەنەوە و مشتەکۆڵە دەهاوێژن و جوێن دەدەن و بۆڵەبۆڵ دەکەن و بەم لاو ئەولا دەجووڵێنەوە*].

بارەر: [*لەنزیک کوتون ڕاوێستاوە، و سەرتاپا تەماشای دەکا*]

مام ڕێوی! تۆ بەمەت دەزانی.

کوتون: [*بەتەوس و گاڵتەیەکی دڵسۆزانەوە*]

بۆ ژاکاندنی گوڵی ژیانی ئەو کوڕە بێچارەیە، گەرەکتانە چیی لێ بکەن؟

کارنو: [*مشتەکۆڵەی بۆ بەرز دەکاتەوە*]

بۆ ئەم یەکەیان گیوتینیش کەمە.

بارەر: [*کولو و کارنو لە کوتون دوور دەخاتەوە*]

لەپاشانا بەخزمەتی ئەمەیان دەگەین. کات زۆر بەخێرایی تێپەڕ دەبێت.

[*سەعاتە دیوارییەکەی دوانزەو نیو پێشان دەدات*]

بیو: بابچین بۆ ئەنجومەن.

بیو لەتەک کولو و کارنودا دەچێتە دەرەوە، بارەر کەمێک خۆی دەخلافێنێ و کاغەزێک لە چاوی مێزەکەی خۆی دەردێنێ. دوایی دەگەرێتەوە. دووبارە کەشۆکە دەکاتەوە. تاوێک رادەوێستێ و بیر دەکاتەوە، کاغەزێکی دیکە هەڵدەگرێت

کوتون: [*بێ سرتە دەروانێتە کاروکرداری بارەر، هەرکە دەیەوێ بچێتە دەرەوە، زۆر دۆستانە و بەتوانجەوە پێی دەڵێ*]

ئەوە نووسراوەی وتارەکانتە... ئەرێ. دوانی لێ هەڵبگرە؛ واخاسترە. یەکێکیان بۆ لایەنگرێتی و ئەوی دیکەیان بۆ دژایەتی. ئەوساکە دڵنیاتر دەبیت لە سەرکەوتنت...

**[ پەردە دادەدرێتەوە ]**

# پەردەی سێیەم

# تابلۆی هەژدەهەم

کات: [٩ی *ترمیدر*]

شوێن: [*لە کنوانسیون*].

لەسـەر ڕاسـتـاییـیـەکـا - کـە پێـپـیلکـەیەکی هەشت پلەیی چێـوی دەیگاتێ - جـێگـەی وتاربێـژ بەتەواوەتی لەناوەڕاست و بەرامـبـەر تەمـاشـاکـەرانە. لە هەمـان ڕاسـتـاییـدا مـێـزو کـورسـی سـەرکـردایەتی لە پشت بەرزەکی وتارخـوێندنەوەدایە. بەدیوارەکـەوە، لەم لاو ئەولایەوە - چەندین تابلۆی «مافی مرۆڤ» هەڵواسراوە. لەنهۆمی سەرەوە - کە دەڕوانێتە خـوارەوە - شـوێـنی تایبـەتی وتار خـوێندنەوەی جەمـاوەری خـەڵـک بەرچاو دەکـەوێت. کـە لەسەر چوار پایەیەکی نیوە شکاو ڕاگیربووە. لە نێوان ئەم شوێنەدا چەند تەورزینێک کە لە زەمـانی ڕۆمـەکـاندا ئەفـسـەرەکـان دەیانگرت بەدەسـتـەوە و لەبەردەمی فـەرمـانڕەواکـانا دەڕۆیشتن و هەروا چەندین ئالآی جـۆراوجـۆر، دێتـە بەرچاو. لەنێـوان شـوێنی دانیـشـتنی خـەڵـک و جـێگـەی تایبـەتی سـەرۆکی کـۆڕ، پەیکەری لیـکورگ[٥٧] لەلای چەپەوە و سولون[٥٨] لەلای ڕاسـتەوە بەدیوارەوە هەڵواسـراوە پەیکەری ئەفـلاتون، کەمـێک دوورترە لەلای ڕاستەویە. لە سەروو جێگەی خەڵک، چەند پەنجەرەیەکی گەورەگەورە هەیە کە وەک پەنجەرەی کلێساکانن و بەرزییان لە پاناییـیان زێترە و شووشەی ڕۆشەنیان هەیە.

لەلای ڕاست و چەپی ئەم خـانووبەرە ناوەندییـە گـەورەیەدا بەرزەکی وتـار خـوێندنەوە، شوێنی سەرۆکی کۆڕ، جێگەی دانیـشـتنی خەڵک لە دوو چوارەمی بازنەیەکـا، دووبەشی لەبەر چاوی هۆڵی شانۆی نوێنەرەکان لە دە ڕیزا کە پێپیلکەیەکی پانزدە پلەیی لەڕاست و چەپدا دەچێتە سەری، بەرەو لای خوارەوە دەڕوانێت.

ئەم دوو بـەشـە بەهۆی پەردیەکـەوە لەیەکـتـر جـیـاکـراونەتەوە و لەشـوێنی دانیـشـتنی تەمـاشـاکەران دەگـەنەوە بەیەک. وا دێتـە بەر چاو کە دەسـتـەی تەمـاشـاکـەران ئامـادەن و دانیـشـتـوون. پەردەکـە بەشێـوەیەک ئامـادەکراوە کـە بەرزەکی وتار خـوێندنەوە لە خـوارەوە دەبینرێت.



دوو بەشی هـۆڵی شـانۆ ئامـاڵە بـەرەو لای جـێگەی دانیـشـتنی تەمـاشـاکـەران ؛کـەزێـتـر هەستی پێ دەکرێت تا ئەوەی بەچاو ببینرێت. لە واقیعدا ئەو دوو نهۆمە فرە لەخوارەوەن.

دەرگاکـانی تالاری کۆبوونەوەکـان لەلای ڕاست و چەپی تابلۆی پێشـوودا دروست دەبێت. دەرگای چوونە دەرەوەی نوێنەرانی خەڵک بەسەر جێگەی ئورکسـتر دەکرێتەوە؛ بەشێوەیەک کە هەمیشە لەنێو تالاری شانۆ و پەردەکە پەیوەندی هەبێ.

لەو شـوێنە چۆڵەی لەنێـو دووبەشی هـۆڵی شـانۆکـە، نوێنەرەکـان کـۆدەبنەوە و هات و چۆدەکەن و لەوە دەچێ کە بیانەوێت لەشوێنی خۆیاندا بچنە دەرەوە؛ تێکەڵاو یەکتر دەبن و بۆشایی ئەوسەری تالارەکە پڕ دەکەنەوە.

کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ پیشان دەدات. پاش چەند چرکەیەکی دیکە کۆبوونەوەکە دەست پێ دەکات.

پیـلانگێـڕە هاوپەیمانەکـان لە دەرگای لای ڕاست و چەپی تابلۆی پێشـوو دێنە ژوورەوە. جێگەی دانیـشـتنی تەمـاشـاکـەران پڕ بووە، شوێنی دەسـتـەی تالین، باراس، مـاتیـورنو، بوردن، لکونتر و ئەوانی دیکە لەبەردەمی شانۆکەدایە.

تالین: ئەرێ فوشە لەکوێیە؟

باراس: هیچ هەواڵێکی نییە.

بوردن: زۆر سەیرە! هێشتاکو نەهاتووە؛ هەمیشە لە هەمووان زووتر دەهات.

تالین: گرتوویانە!

بوردن: هەمووی پێنج دەقیقەی ماوە کۆبوونەوەکە دەست پێبکات!.

ئاە! لەعنەتت لێ بێت! ئەگەر نەهات، چی بکەین؟

باراس: شەرم ناکەی؟ چما ناتوانی بێ ئەوەی دەستت بگرن بەپێوە بڕۆیت؟

بوردن: دەبێ نەزمێکی لەبارو بێ کەمایەسی[٥٩] و بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ پەلاماردان دابڕێژرێت.

باراس: هەمـوو کـارەکان ئامـادەکراون؛ چاودێری لەهەمـوو ئەو شـوێنانەی کە لێی هەڵدێن دەکـرێت. پیـاوەکـانی ئێـمە و لایەنگرەکـانمان هەمـوو جـێگـاکـانیـان پڕ کـردۆتەوە. ئێـسـتـاکێ تـەنیـا پێـویسـتـمـان بەکـەمـێک ئازایەتی و لەخۆبوردنە. نابێ هیچ کـەس خۆی بشـارێتـەوە و لەکاتی دەست بەکاربوون نابێ لاوازی و بوودەڵەیی لە خۆمـان

پێشان بدەین. بوردن! تۆ! تۆ لکونتر – کە دەنگتان فرە بەرزەو گەورەیە – پێویستە پێش هاتنی ڕوبسپییر دەست بکەن بەئاژاوەنانەوە و دژی قسە بکەن؛ بەڵام هەرکە چاوتان بەسێبەرەکەی کەوت، دەبێ زوو دەنگتان نزم بکەنەوە.

بوردن: ناهێڵێن سەرکەوێتە سەر بەرزەکی وتار خوێندنەوەکە.

تالین: هەرلەسەر پلەکان دەیخنکێنم!

باراس: نەکەی ئەم کارە بکەیت. ئەو نابێ بەدەستی یەکێک لە ئێمەوە بمرێت؛ بەڵکو دەبێ بەدەستی توانا و پۆلاینی ئەنجوومەن تیابچێ.

لکونتر: بەڵام زۆربەی زۆر لەتەک ئێمەدا نابن.

باراس: هەموویان بەڵێنیان داوە.

بوردن: بەڵێنی پووچ...

لکونتر: ئەوان هیچ بەڵێنێکیان نەداوە. ئایا دەتوانین متمانە بەم ناپیاوانە بکەین؟

باراس: ئاگاداربە! وا خەریکە دێن.

سیز، دوران مایان، چەند کەسێکی دیکە دێنە ژوورەوە. تالین، بوردن و لکونتر بەرەوپیریانەوە دەچن و دەستیان دەگوشن.

بوردن: هاوکارە خۆشەویستەکانم!

لکونتر: پیاوە پاکەکان!

تالین: سڵاوتان لێ بێت! چەند خۆشە ئاوا پێکەوە بەرگری لە بەرژەوەندی کۆمار بکەین!

لکونتر: ئێوە قەڵای سەختی کۆمارن.

بوردن: ئیمڕۆ ڕۆژێکی مەزن و مێژوویییە! دەبێ فرە ئاگاداری یەکتربین.

تالین: ئێمە حساوتان لەسەر دەکەین.

سیز: [*خۆی دەپەرێنێتەوە*]

کۆمار دڵنیایە لە خۆڕاگرتن و فیداکارێتی ئێمە.

[*لەتەک هاوڕێکانی تێدەپەڕن*]

باراس: [*بەتەوسەوە*]

بۆق لەمون

ماتیورنو: [*ڕوودەکاتە باراس*]



لێیان بێزارم. ڕێزگرتن لەم بەرازانە... فرە حەزم دەکرد دەستم بخستایە نێو دەستی ڕوبسپییر.

باراس: لەیادت نەچێ کە ڕوبسپییریش ڕێزیان لێدەگرێ... بڕوانە... شەلە وادێت و ڕوبسپییری بچووکیش پاڵی پێوە دەنێت.

کوتون بەسەر کورسییە چەرخدارەکەیەوە – کە ئوگوستن ڕوبسپییر پاڵی پێوە دەنێت – دێتە ژورەوە. چاوێک بەم لاو ئەولادا دەخشێنی، و هەموویان دەبینێت...

کوتون: [*لەکاتێکا کە سڵاو و بەخێرهاتن و خۆش و بێشی نێوان «پیاوەکان» و «مارشە»کان پیشانی ئوگوستن ڕوبسپییر دەدات*]

بڕوانە ئەو سەگانە چلۆن خەریکن بۆن بەکلکی یەکتر دەکەن!... دەبێ فرە وریابین و چاودێرییان بکەین. ئەگەر ئاگاداریان بین، ناتوانن لەشوێنی خۆیان بجووڵێنەوە.

هیچ کامیان لەوی دیکەیان دڵنیانییە و متمانەیان بەیەکتری نییە... [*تەماشایەکی جێگەی تەماشاکەرانی سەرەوە دەکات*] بەڵام هیچ خۆشم لەو سەرەوە نایەت. ئەم موسکادنە خوێڕییانە لێرە چی دەکەن؟

پیاوەکانی خۆیانیان هێناوەتە ئێرە. گومانم لەوەزعەکەیە... ئوگوستن، تکایە زۆر بەپەلە ئاگاداری ژاکوبنەکانی هاوڕێمان بکە کە هەرچی زووتر لەتەک هێزێکدا خۆیان بگەیەننە ئێرە... زۆر بەپەلە... ئەڵبەتە خراپیش نییە کە ئاگاداری هانریو بکرێت کە بۆ کاتی تەنگانە تۆپخانەکەی خۆی لەم دەوروبەرەدا دابمەزرێنێت.

ئوگوستن ڕوبسپییر: بەڵام ئێستا لەکوێ دەدۆزرێتەوە؟ نازانم ئاخۆ لە گەڕەکی ئەنتوان بۆ کوێ چووە، سکی خۆی تێر بکات.

کوتون: هیچ نەبێ بنێرە بەشوێنی ژاکوبنەکانا.

*[ئوگوستن خێرا و بەپەلە چەند وشەیەک لەسەر پارچە کاغەزێک دەنووسێت و دەیداتە دەست سکرتێرێک. سکرتێرەکە بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات؛ یەکسەر دەگەڕێتەوە].*

سکرتێرەکە: [*ڕوو دەکاتە ئوگوستن*]

ئیدی ڕێ نادەن کەس بچێتە دەرەوە.

کوتون: [*ڕوویان تێ دەکا*]

چلۆن؟

ئوگوستن ڕوبسپییر: ئیتر کاتی ڕوونکردنەوەی کێشەکانمان نییە. کۆبوونەوەکە وا دەست پێ دەکا.

*[سن ژوست ڕاپۆرتەکەی بەدەستەویە؛ بێ باک و لەسەرخۆ بەلایاندا تێ دەپەڕێ. ئوگوستن قاوی لێ دەکا]!*

سن ژوست !...

*[سن ژوست تەنانەت ڕووشی وەرناگێرێتەوە و ڕێگەی خۆی لەنێو نوێنەرەکانا دەگرێتە بەر و ئەوانیش ڕێی بۆ دەکەنەوە بڕوات].*

ئەو دەیەوێت نەبیستێت و نەبینێت... ئەو ڕۆژگارانی مەغۆڵی گەورە دەباتە سەر.

کوتون: ئەویش خەریکە تەکڕەو دەبێت؛ هەروەک براکەی تۆ. ئەمە نەخۆشییێکی گرانە. لەکاتێکا پێویستە بەدەوری یەکترا کۆببنەوە و یەکێتی ناوخۆیان پتەوتر بکەین و لەیەکتر نزیک ببنەوە، هەریەکە خۆمان دەبەستینەوە بەفیزی بریندار کراومانەوە و لەنێو ڕقوکێنە و نەخشەکانی خۆمانا، خۆمان زیندان دەکەین؛ تەنانەت ئێمە نازانین ئەو لەوێڕا دەیەوێت چی بڵێت و چی دەخوێنێتەوە. لەم خەباتەمانا – کە هەموومان پێکەوە هاوبەشی تیادەکەین – بێخود متمانەو باوەڕمان بەیەکتری کردووە. سن ژوست دەیەوێت بەشێوەی خۆی – هەروەکو براکەت – بێ ڕاوێژکردن لەتەک ئێمەدا خەبات بکات. ئێمەش هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە ڕەزامەندی خۆمان بەرامبەر هەڵەکانیان دەربڕین و ئەگەریش توانیمان چارەیەک بۆ هەڵەکانیان بدۆزینەوە و ڕێکیان بکەینەوە.

ئوگوستن: بەڵێ! قسەکانت ڕاست و بەجێیە. گۆشەگیری ماکسیمیلین سەرچاوەی هەموو خراپییەکانە. لە شەش حەوتە لەمەوبەرەوە – کە سەرکردایەتی ناوەتە لاوە – ئیدی شیرازەی یەکێتیمان لەیەک پچڕاوە. هەرکەس ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر. خۆش بەختانە لەوەدەچێ ئیمرۆ بڕیاری داوە دووبارە بێتەوە ناومەیدان و سەرکردایەتی بگرێتەوە دەست.

کوتون: زۆر درەنگە! کاتژمێر نیوەڕۆ پیشان دەدات.

*[سەعاتە دیوارییەکە دوانزەی نیوەڕۆ پیشان دەدات. بیو و کولو لەدەرگاوە شاڵاو دێننە ژوورەوە].*

بیو: [*بەهەناسە بڕکێوە*]

کۆبوونەوە دەستی پێکردووە؟



کولو: لەکاتی خۆیا گەیشتین. سن ژوست هێشتاکو دەستی بەقسەکردن نەکردووە.

*[زۆر بەپەلە دەچێتە سەرکورسی سەرۆکایەتی و دادەنیشێت. کۆبوونەوەکە بێ ئەوەی دانیشتوان و تەماشاکەران بایەخێکی پێبدەن دەست پێ دەکات. بەرنامەی کۆبوونەوە، بڵاودەکرێتەوە؛ بەڵام هەربەزوویی نامێنێت. نوێنەرەکان هێدی هێدی لەسەرکورسییەکانی خۆیان دادەنیشن. سن ژوست لەخوار بەرزەکی وتارخوێندنەوە وێستاوە؛ چاوەڕێی ئەوە دەکات هەرکە نۆرەی هات بچێتە سەرەوە].*

تالین: [*بەبیو*]

چاوت بەفوشە نەکەوتووە؟

بیو: نە، لەدوێنێ شەوەوە نەمدیوە.

تالین: گرتوویانە.

کاریە: [*لەگەڵ هاتنە ژوورەوەدا*]

کرپویانەتەوە. من هەر ئێستا لەماڵی ئەوانەوە دێم، ئەو خۆی بەڕوبسپییر فرۆشتووە.

بیو: ئەمە درۆیە.

کاریە: فرۆشریاگە. لە کوتون بپرسە. ئەو نرخیت پێ دەڵێ.

بیو: با کاتی خۆمان بەفیڕۆ نەدەین. وا سن ژوست دەچێتە سەرەوە.

*[سن ژوست لەلای چەپەوە کە دەبێتە لای ڕاستی مێزی سەرۆکایەتی، دەچێتە سەرەوە].*

ماتیورنو: ئەی ڕوبسپییر لەکوێیە؟

بیو: چی؟ ڕوبسپییر لێرە نییە؟

باراس: لێرە نییە؟

بوردن: ئەو نایەت؛ ئەو گومان ڕەشە.

تالین: ئەگەر نەیەت هەموو شتێکمان بەفیڕۆ دەچێ. لەکاتێکا ئێمە لێرەدا گەوجانە هەموو دەرگاکانمان بەسەرخۆمانا ژەندووە، ئەو خەریکە بەیارمەتی و هاوکاری تۆپخانەی هانریو، گەمارۆمان دەدات. هیچ کارێکی دیکەی نییە جگە لەوەی لەناو ئەم کولانەیەدا گشتمان پەلبەست بکات.

بیو: ئەو ناوێری ئەم کارە بکات!

باراس: بۆ چە ناوێرێ؟ ئەمنیش ئەگەر لەجێگەی ئەو بوومایە، هەر ئەم کارەم دەکرد.

*[دەستەی ترمیدر دەکەونە جموجۆڵ]*

بوردن: دەبێ ڕێگەی پەیوەندیمان بەپاریسەوە نەپچڕێنین و بیپارێزین.

لکونتر: خاستر وایە یەکێک لەئێمە زۆر بەپەلە بڕوات و خۆی بگەیەنێتە هەموو بەشەکانی دیکە و ئاگاداریان بکاتەوە.

کاریە: وابزانم گەرەکتە هەڵبێیت؛ تۆ نابێ لێرە بڕۆیت.

ماتیورنو: چوونە دەرەوە بۆ هەمووان قەدەغەیە. یا سەرکەوتن یا مەرگ؛ بەڵام هەموو پێکەو.

تالین: ئەوە سن ژوست چووە پشت بەرزەکی وتارخوێندنەوەکە؛ بەڵام هێشتاکو ڕوبسپیر نەهاتووە.

کاریە: ئەو تازە لە دەستمان دەرچووە.

ماتیورنو: بێ دەنگ! ئەوەتا، وادێتە ژوورەوە

*[ڕوبسپیر دێتە ژوورەوە. هەموویان بێ هیچ ورتەیەک، بەخێرایی و بەپەلە ڕیز دەبەستن. ڕوبسپیر زۆر بەساردییەوە لێیان ورد دەبێتەوە و تێ دەپەڕێت. سن ژوست لەم کاتەدا دەست دەکا بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی].*

باراس: بەردەمی هەموو دەرگاکان بگرن.

کاریە: بەهەڵەداوان، کەوتە داوان.

*[ڕوبسپیر لەلای چەپەوە بەرەو لای ڕاستی هۆڵی شانۆکە - لای چەپی مێزی سەرکردایەتی - دەڕوات. ئەوانەی کەلەسەر ڕێگەی وێستاون، بۆ ڕێز لێگرتنی، خۆیان دەکێشنە دواوە و هەرکە ڕوبسپیر دەڕوانێتە دەم و چاویان - وەک کۆیلەیەکی بێ دەسەڵات - زەردەخەنەیەک دەخەنە سەر لێویان؛ ئەویش هیچ گوێیان ناداتێ و وەرامی سڵاوەکانیان ناداتەوە؛ ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر لە یەکەمین ڕیزی کورسییەکانی هۆڵی - شانۆکە لەدوا شوێنی لای ڕاستەوە - دادەنیشێت؛ بەجۆرێک کە لەهەموو لایەکی هۆڵەکە بەخاسی دەبینرێت.*

*دارو دەستەی باراس، تالین، بوردن، لکونتر و ئەوانی دیکە لەنێوان هەردوو*



*پێپیلکەکان - کە بەرەو بەرزەکی وتارخوێندنەوەکە دەچی - ڕادەوەستن و ڕێگاکان دەبەستن].*

سن ژوست: *[لەنێو بێ دەنگی هەموانەوە، بەدەنگێکی ئارام و لەسەرخۆ، بێ سۆز، بەڵام پتەو و ئاشکرا، دەست دەکا بەئاخافتن*[٦٠]]

من خۆم بەهیچ تاقم و دارودەستەیەکی تایبەتییەوە نەبەستۆتەوە و لەتەک هەموویانا خەبات دەکەم. لەوانەیە چارەنووس وای دانابێت کە ئەم بەرزەکی وتار خوێندنەوەیە ببێتە «بەردی تارپیایی»[٦١]بۆ کەسێک کە دەیەوێت بەئێوە بڵێت: «ئەندامی دەوڵەت لەڕێی ڕاست لایان داوە».

وابزانم بەبۆنەی ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە لەسەر شانتانە، نابێ ئەو بەڵێنەی داوتانە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان بخەنە ژێر پێ؛ بەڵکو دەبێ زۆر ئازایانە و دلێرانە هەوڵ بدەن بۆ بەدیهێنانی بەڵێنەکانتان.

کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک و کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی پێیان ڕاسپاردووم ڕاپۆرتێک بنووسم دەربارەی ئەو شتانەی کە لەم دوارۆژانەدا بوونەتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت ناوەندی حکومەتیش بکەوێتە گێژاو و هەردەم لەسەر هەوایەک بن.

ئەمن شانازی دەکەم بەو متمانەیەی کە هەردوو کۆمیتە بەمنیان کردووە؛ بەڵام شەوی ڕابردوو یەکێک بەڕاستی دڵی تەزاندم؛ لەبەر ئەوە گەرەکم نییە لەم ڕووەوە جگە لەتەک ئێوە، لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکە قسان بکەم. ئێستاکە بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم پێتانی ڕابگەیەنم کە چەند کەسێک دەیانویست ناچارم بکەن کە ویژدانم بخەمە ژێر پێ و ڕاستیتان لێ بشارمەوە و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بۆتانی بلێمەوە. بەڵام ئەمن بەڕاستی و دروستی لەتەکتانا قسان دەکەم. و هەرچی یەک بزانم، بێ هیچ کینە و دڵسۆزییەکی تایبەتی، بۆتانی دەگێڕمەوە...

*[دەستەی ترمیدرەکان دەکەونە جموجۆڵ]*

بیو: ڕوو دەکاتە ئەوانی تر

بەسە ئیتر! قەپۆزی ببەستنەوە!

کاریە: [*زمانی ببڕن*].

تالین: [*شاڵاو دەبا بۆ بەرزەکی وتار خوێندنەوە؛ کە سن ژوست لەکاتی ئاخافتنا دەستی خستۆتە سەر ئەم لاو ئەو لای*[٦٢]]

گـوڵـمـەزی نەکـبـەتی! ئەوی دیکەش لەوێرا دانیـشـتـووە، [*پەنجـە بۆ ڕۆبسـپـیـر ڕادەکێشێ*] پەتی ئەم بووکە سەماکەرەیە ڕادەکێشێ. ئەوسا ئەم دەم و فەساڵ هەڵبزرکاوە دەوێرێ بڵێت کە لەتەک هیچ تاقم و دارودەستەیەک نەبەستراومەوتەوە وگەرەکمە ئەو کەسەی کەخۆی لەژێر پەردەی ئەم وازییە غیانەتکارییە شاردۆتەوە و خـەریکی فـریودانی ئێـوەیە، ئاشکرابکەم و پەردەی لە ڕوو ڕامـاڵم و پێـتـانی بناسێنم. ئەمەوێت گشت پەردەکان لابدرێتەوە...

بیو: [*سەری خستۆتە خوارەوە و پەلاماری بەرزەکەی وتارخوێندنەوەکە دەدات کە سن ژوست بەهۆی دووکەسەوە دەهێنرێتە خوارەوە. بەڵام لەم گیرودارەدا، سن ژوست پاڵی داوەتەوە بەشوێنی دانیشتنی سەرکردایەتی، لەلای ڕاستەوە - لای چەپی شوێنی سەرۆک - لەسەر پێپیلکەکان.*

[*بیو پاڵ بەتالین دەنێت و جێگەی خۆی دەکاتەوە و هەردووکیان پێکەوە لەپشت بەرزەکی وتار خوێندنەوەکەدا دەست دەکەن بەهەڕەشەو قسەی سووک کردن*]

بنبڕی دەکەم. هاوشارییەکانم! چەند غاینێک لێرە خۆیان مەڵاس داوە و دەیانەوێت ئەنجومەن تێک بدەن!

تالین: ئەو یەکێکە لەوانە...

[*پەنجە بۆ سن ژوست ڕادەکێشێت*]

بیـو: بەڵام لە هەمـووان خوێنڕێژتر، ئا ئەوەیە کە لەو خـوارەوە دانیـشـتـوو. دوێنی شـەو لە بنکەی ژاکـوبـنـەکـانا چاوم پێی کـەوت، خـەریکی هاندان و وروژاندنی دارودەسـتـەکـەی خـۆی بوو و داوای لێ دەکـردن کـە دەست بدەنە کـوشـتـاری کنوانسیون...

لوبا: [*لە جێگەی خۆیەوە*]

درۆیە، ئەمە ڕاست نییە!

بیو: ئەوەتا، ئێرەم بریندار بووە.

[*سینەی خۆی پێشان دەدات*].

لوبا: [*لە جێگەی خۆیەوە*]

خوێڕی شەڕانی! تۆ خۆت خۆتت زامارکردووە.



کولو: [*لە پشت مێزی سەرۆکایەتییەوە*]

لوبا! پێت ڕادەگەیەنم پێویستە تەکوزی[٦٣] کۆبوونەوە ڕەچاو بکەیت.

دەنگێک: [*لەناو دانیشتوانەوە*]

بیو، جێگەی کەوشەکانمیان پێشان بدە کەتێم هەڵدایت.

بیو: [*زۆر بەتووڕەییەوە*]

بیگرن!... تاوانبار!

[*لەلایەک لە شوێنی دانیشتنی تەماشاکەران دەست دەکرێت بەپێکەنین و غەڵبەغەڵب. پەلاماری یەکێک دەدەن ، دەیکەنە دەرەوە و ئەویش هەر هاوار دەکا و خۆی ڕادەپسکێنێ. ڕوبسپییر هەرکە گوێی لە قسە پڕ لە تاوانەکانی بیو دەبێ، هەڵدەستێتە سەر پێ؛ بەڵام لوبا ناهێڵێت قسان بکات و دایدەنیشێنێتەوە*].

لوبا: [*لە جێگەی خۆی هەڵساوە و هاتۆتە بەردەم بەرزەکی وتار خوێندنەوە*]

من ئاگـادارای ڕووداوەکانی دوێنێ شەوی ناو بنکەی ژاکوبنەکـان بووم. گەرەکـمە ئەو ڕاستییەی کە زۆر سەیر گۆڕاوە، بۆتان ڕوون بکەمەوە. داوا دەکەم ڕێگەم بدەن قسە بکەم.

کولو: [*لەپشت مێزی سەرۆکایەتی*]

ڕێگەی پێ نادەم قسە بکات. منیش ئاگاداری ڕووداوەکە بووم و خۆم لەوێدا بووم و هەرگیز نایەڵم ئەو ڕاستییـەی کە بیو دەربارەی ڕووداوەکە گێڕاوە، بگۆڕێت و تێکی بدەیت.

لوبا: جەنابی سەرۆک! تۆ بۆت نییە وەکو گەواهێک قسە بکەیت. ئەگەر گەرەکتە ئەم کارە بکەیت و شایەتی بدەیت، فەرموو لە سەر کورسی سەرۆکایەتی بێرە خوارەوە.

بیو: [*لە جێگەی خۆیەوە ڕوو دەکاتە لوبا* ]

تۆ کە بێ هیچ بەرهەڵست کردنێک، تەماشای پێشێل کردنی پیرۆزترین مافت دەکرد لە ژێر پێی ئەم ئاژاوەچییەدا. ئەو یەکێکە لە ئەندامانی دەوڵەت و تاوانبارانە غیانەت دەکات و ئابڕووی کۆمیتەکانی دەوڵەت دەبات. ئەوساکە دەوێری زارت بکەیتەوە و بەرۆکمان بگری و باسی مافمان بۆ بکەیت.

لوبا: ئەم کۆمیتانە دەمیان دەبەست و غیانەتیان لە خەڵک دەکرد. ئەویش ناچار بوو کە پەنا بەرێتە بەر جەماوەری خەڵک ولە تەکیانا قسان بکات.

کولو: لوبا! پێت ڕادەگەیەنمەوە کەبێ دەنگ بیت. دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر بێ دەنگ نەبیت و چەنەبازی بکەیت لە ئەنجومەن دەتکەمە دەرەوە.

ڕوبسپییر: *[لە جێگەی خۆی هەڵدەستێت و دێتە پێشەوە. لوبا دەیەوێ قسە بکات؛ بەڵام ڕوبسپییر بەئاماژەیەکی*[٦٤] *دەست بێ دەنگی دەکات]*.

لوبا، تۆ قسە مەکە! پەلاماری منیان داوە و منیان تاوانبار کردووە، دەبێ من قسان بکەم.

بەرەو لای بەرزەکی وتار خوێندنەوەکە دەڕوات. بوردن، باراس، لکونتر و ئەوانی دیکە بەردەمی دەگرن و ڕێگەی لێ دەبەستن.

بیو: کاتیلینا[٦٥] خۆی لە کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک کێشایەوە دواوە، چونکە لەوێرا ئیدی بۆی نەدەکرا ئارەزووە پڕ لە تاوانەکانی خۆی بەدی بێنێت. ئەو بەشێوەیەکی غاینانە هەموو هێزو توانای کۆمیتەی زەوت کردووە و خستوویەتییە ژێر دەستی خۆیەوە؛ بۆ ئەوەی بێ ئاگاداری کۆمیتە، بڕیارە پڕ لە شەرمەزارییەکەی **٢٢**ی پەرەیاڵ دەربکات، کە هەموو نیشتمان پەروەرەکانی دەکردە کۆیلە و بەندەی خۆی.

ئەو خەڵکی هاندەدا بۆ ئەوەی دژی حکومەتی یاسا و میللەت هەڵسن. ئەو خۆی بۆ لەناوبردن و بنبڕکردنی کنوانسیون ئامادە دەکات.

ڕوبسپییر: *[بەرەنگاری ڕیزی یەکەمی پیلانگێڕەکان دەبێتەوە]*

ئەمانە هەمووی درۆیە! درۆ!

*[بەیاریدەی براکەی و لوبا لەتەک لکونتر و بوردن تێک هەڵدێن و ڕێگەیەک بۆ سەر پێپیلکەکانی بەرزەکی وتارخوێندنەوە دەکاتەوە]*

پیلانگێڕەکان: *[لە خوارەوە هاوار دەکەن]*

بمرێ زۆردار! بمرێ زۆردار! بێرە خوارەوە

پەلاماری دەدەن، بۆ ئەوەی دایگرنە خوارەوە. ڕوبسپییر خۆی لە چنگیان ڕزگار دەکات.

ڕوبسپییر: من قسە دەکەم!

*[هەرکە دەگاتە پشت جێگەی وتارخوێندنەوە، بەرەو ڕووی تالین دەبێتەوە. تالین لە پێکەنینێکی پڕ لە تەوسەوە دەیکاتە باوەشییەوە]*.



تالین: تۆ نابێ قسە بکەیت! کرومویل[٦٦]. من ناهێڵم بگەیتە ئەم جێگەیە کە قەڵای پیرۆزی ئازادییە... تۆ دەتەوێ ئازادی پێشێل بکەیت. من لەشی خۆم دەکەمە سەنگەری ئەم جێگە پیرۆزە. نایەڵم دەستە خوێناوییەکانت، پێش ئەوەی ئەم خەنجەرە بکەمە سنگتەوە، بگاتە ئەوی!...

*[خەنجەرەکەی خۆی دەخاتە سەر سینگی ڕوبسپییر و ڕایدەوەشێنێ]*.

ڕوبسپییر: *[بەخوێن ساردییەوە]*

بیوەشێنە، بەڵام گوێم بۆ ڕابگرە!

بیو: لە تالین نزیک دەبێتەوە، دەستی دەگرێت و ڕایدەکێشێت.

تالین! مەیکوژە. دەبێ بەخەنجەرێکی دیکە دەماری دەربهێنرێت.

*[جم و جۆڵ و غەڵبە غەڵبێکی یەکجار زۆر دەکەوێتە نێو ئەنجوومەن. لە هەموو لایەکەوە، هەموان جگە لە دارودەستەی مارە – کە بەشێوەیەکی ساردو سڕ و ئازادییەوە لەلای ڕاستی سەرۆکی کۆڕەوە دانیشتوون – هەڵساونەتە سەرپێ و هاواردەکەن. لوبا و ئوگوسنون و ڕوبسپییر، بەهەرجۆرێک بێت دیواری گۆشتینی دەستەی ترمیدرەکان دەبڕن و خۆیان دەگەیەننە ڕوبسپییر و لەچنگ تالین ڕزگاری دەکەن. بەڵام خۆشیان لەکاتێکا کە خەریکن بەرگری لێ دەکەن و ناهێڵن خەڵک هێرشی بەرنە سەر، لەتەک ئەودا تێکرا ڕادەکێشرێنە خوارەوە.*

*لە خوارەوە کەسانێک ڕاوێستاون. دڵێی شەیتان چۆتە ژێر پێستیانەوە. هەموو وەکو دڕندەکان دەنەڕێنن و دەست بەرز دەکەنەوە. بەرزەکی وتار خوێندنەوە کەوتۆتە ژێر دەست پێنج کەس لە دەستەی ترمیدرەکان «کوربە، بوردن، لکونتر، وایە، لژاندر». هەریەکەیان دەیەوێت خۆی قسان بکات. «بیو تالین» یش چنگیان لێ گیرکردووە و خەریکی قسەکردنن. ئەم قەڵەباڵغییە هەم دڕندانە و هەم پێکەنیناوی دێتە بەرچاو.*

*لەنێو ئەم جەنجاڵەدا جگە لە بڕێ وشە کە دێتە بەرگوێ و بەدەنگی بەرز و هاوارەوە دەبێژرێت:- «بمرێ زۆردار!... کاتیلینا!... کالیگولا[٦٧]!... تارکن[٦٨]!... تیبر[٦٩]!... هلیوگابالوس[٧٠]!...» ئیدی هیچ دەنگێکی دیکە نابیسترێت: هەریەکە دەیەوێ بەشێوەی خۆی پلار بگرێتە ڕوبسپییر و تاوانباری بکات. هەندێ لەو تاوانانە بەهیچ جۆر لەگەڵ یەکتری جۆرنین]*.

بیو: ئەم غاینە ملی نەدەدا دانتون زیندان بکرێت.

کاریە: بەرگری لە دانتونی، شەریکە تاوانەکانی خۆی دەکرد.

لژاندر: ئەو دانتونی کوشتووە.

وادیە: لەتەک پێش نوێژکەرەکاندا بەدڕەفتاری دەکرد.

تالین: لەتەک سن ژوست و هانریو دا خۆیان خستۆتە باوەشی سەرخۆش و بەدمەستەکان.

کولو: [*لەپشت مێزی سەرۆکایەتییەوە، خۆی نوشتاندۆتەوە و هاواردەکا*] رشفەتی لە ئینگلیزەکان وەرگرتووە.

وادیە: گەرەکی بوو خۆی واپیشان بدات کەڕێ و ڕەسمی «مس» دەگێڕێ.

کولو: بەهۆی دام و دەزگای پۆلیسی خۆیەوە، لە سەرانسەری فەرەنسە خەریکی سیخوڕی بوو.

وادیە: دەیویست کافرەکان بەئەشکەنجەوە بکوژێت!

*[تەماشاکەران، لەم گێرمەکێشەدا بەهاوارکردن و جوێندان و مشت بەرزکردنەوە. بەشداری دەکەن. ڕوبسپیر – کە لە بەرزەکەکەوە هێنراوەتەوە خوارەوە – دەیەوێت لە پلەکانی لای ڕاستەوە بچێتە سەرەوە. لەبەرئەوەی کە ناتوانێ ئەم کارەبکات، خۆی دەکێشێتە سەر یەکەمین پلەو دەستی بەرەو لای مونتانی درێژ دەکات].*

ڕوبسپیر: هاوڕێیانم! بانگتان دەکەم! لەتەک ئێوەمە! ئایا ڕێ دەدەن، ئازادی قسەکردن لەناوبچێت و ئەم شوێنە پیرۆزە چەپەڵ بکرێت؟ ئەمە دەنگی ئێوەیە وا دەیخنکێنن!

*[مونتانی دێتە خرۆش، هاوار دەکا؛ بەڵام وەرام ناداتەوە. ئەوکەسانەش کە ڕوبسپیر ڕوویان تێ دەکات و بەناو بانگیان دەکا، واپیشان دەدەن کە گوێیان لێی نییە و یاخود بەچاوێکی پڕ لە تووڕەیی و کینەوە ڕووی لێ وەردەگێڕن.*

*لوبا، کوتون و ئوگوستون و ڕوبسپیر خەریکی قسەکردنن لە تەکیانا].*

غیانەت!

*[ڕوبسپیر بەنائومێدییەوە ڕوو وەردەچەخێنێ بۆ لایەکی دیکە و بەرەو لای دارودەستەی مارە دەڕوات و بەناوی خواوە داوای یارمەتییان لێ دەکات]:*

ئێوە ئەی پیاوچاکان، پاکەکان! داواتان لێ دەکەم دژی ئەم چەتانە هەڵسنە سەر پێ. ئێوە خاس دەزانن کە دوژمنی هەردوولامان یەکێکە. من دەستم لە ئێوە نەشۆردوە. من ئێوەم لە چنگی ئەوان ڕزگارکرد. ئەگەر ئەوانە سەربکەون، پێش هەموو کەسێک یەخەی ئێوە دەگرن.



*[چەپ، زۆر تووڕە – لەکاتێکا زێتر گڕو بڵێسەی ئاگری ناکۆکییەکە تیژدەکەن – خۆیان دەخەنە نێوان ڕوبسپیر و کورسییەکانی لای ڕاستەوە. لەلای ڕاستەوە، سیز، دوران، مویان، بواسی دانکلاس و ئەوانی دیکە بێ هیچ جوولانەوەیەک دانیشتوون و سرتە ناکەن. هەندێکیان دەستیان وەک خاچ لێکردووە؛ بڕێکی دیکەیان دەستێکیان خستۆتە سەر سنگیان و دەڵێی بێ ئەوەی شتێک ببینن، زەق زەق دەڕوانن. ڕوبسپیر هەر لە هەوڵ و تەقەلادایە و ئەم لاو ئەولا دەکات. جارێکی دیکەش بەرەو پلەکانی شوێنی وتار خوێندنەوەکە هێرش دەبا و دەیەوێت بچێتە سەرەوە. لەپشت بەرزەکەکەوە، قسەکەرەکان خەریکی جەنجاڵن و هەریەکە دەیەوێ خۆی قسان بکات و قسەی ناڕەوا بەیەکتری دەڵێن و ناهێڵن کەسی دیکە جێگەیان بگرێت. بیو بۆ ماوەیەک بەسەر وەزێتەکەدا زاڵ دەبێ و هاوار دەکا]*

بیو: کنوانسیون لەمەترسیدایە. داوادەکەم فەرمانی بەردەوامبوونی کۆبوونەوە دەربکرێت تا شمشێری یاسا، دەستەبەری[٧١] ڕزگاربوونی کۆمار بکات.

باراس: من داوا دەکەم هانریو و فەرماندەکانی سوپاکەی خێرا پەلبەست بکرێن.

بوردن: دوما بگرن.

لکونتر: بولانژە بگرن.

تالین: لاوالت بگرن.

وادیە: دوفریس بگرن.

*[هیچ کامیان ناوێرن ئەو ناوانەی دەیانەوێت بیڵێن، بیخەنە سەر زمانیان. وازی ئەکتەرەکان دەبێ بەشێوەیەک بێت کە ئەم هەست و ترسە ڕوون و ئاشکرا بێت]*

ڕوبسپیر: دەمەوێ قسە بکەم!

*[بێ هوودە هێز و توانای خۆی بەکار دێنێت بۆ ئەوەی لەم پێپیلکە و لەو پلەوە بچێتە سەرەوە، چونکە پیلانگێڕەکان ڕایدەکێشنە خوارەوە و دووری دەخەنەوە]*

ماتیورنو: [*ڕوو دەکاتە کاریە کە خەریکە زەردەخەنەی تەوس و گاڵتە لێ دەدا*] خۆزیا ڕێیان بدایە قسە بکات! تەنانەت تاوانبارێکیش مافی ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکات.

کاریە: [*بەتەوسەوە*]

خەیاڵ دەکەیت؟... بەهەڵەداوان، کەوتۆتە داوان! مشکەکە خەریکی پەلە قاژێیە و خۆی دەکوتێتە ئەمسەر و ئەوسەری تەڵەکە، ئێمە جگە لە وەتەنگ هێنانی و لەناوبردنی، کارێکی دیکەمان نییە.

مارتیورنو: [*زۆر بەبێزارییەوە ڕوو لە کاریە وەردەگێڕێ و ڕوو دەکاتە بارەرکە بێ دەنگ وێستاوە و دەڕوانێتە ڕووداوەکان*]

کایەیەکی نامەردانەیە. ئێمە دەبێ مافی دوژمنێکی وا گەورە ڕەچاو بکەین. دادگا دەبێ بەئاشکرایی بێت. پێویستە ڕێگەی پێ بدەین بەرامبەر ئەو تاوانانەی پێی لکێنراوە، بەشێوەیەکی ئازادانە بەرگری لە خۆی بکات؛ ئەگەر بێتو ئەم کارە نەکەین دادگاکەمان دروست نییە. بارەر! ئەوان گوێ بۆ قسەی تۆ شل دەکەن و بەگوێت دەکەن؛ قسەیان لەگەڵابکە.

بارەر: ئێستا ئیدی زۆر درەنگە... ئەگەر بمتوانیایە، ئەو لاوەم ڕزگار دەکرد... [سن ژوستی پێشان دەدات کە لەناو ئەو هەموو گیروداوەدا بێ جووڵانەوە – هەروەک پەیکەرێک – لەنزیک بەرزەکی وتار خوێندنەوەکە ڕاوێستاوە] بەڵام کار لەکار ترازاوە؛ هەموو شتێک لێ بۆتەوە. ئەوا گشتیان ماوەیەکی زۆر بوو لێی دەترسان، ئێستاکێ ئیدی کۆت و زنجیری ترس و لەرزیان لەملی خۆیان ڕامالیوە. دەبێ تا ئاکامی کارەکەیان برۆن و بیکوژن. ئەو گەیشتۆتە ڕێگەیەک کە دەربازبوونی بۆ نییە. ئێمەش هەروا، ئیدی گەڕانەوەمان بۆ نییە.

ماتیورنو: ئابڕووی کنوانسیون دەچێت، سەیرە! ئەگەر ئەو قسان بکا، ئایا ئێمە توانای وەرامدانەوەمان نییە و ناتوانین وردو ڕیسوای بکەین؟

بارەر: هاوڕێکەم، چیت گەرەکە؟ ئولیس بۆ ئەوەی پیاوەکانی خۆی لە دەنگی فیکەفیکی کەشتییەکە ڕزگار بکات، ناچار بوو گوێچکەیانی دەبەست. ئەمانیش هەر ئەو کارە دەکەن و خاستریش ئەنجامی دەدەن. ئەوان دەمی فیکەکێشەکە دەبەستن.

ماتیورنو: ئەوان ترسنۆکن، بودەڵەن. من شەرمەزارم کە ناوم دەنێن پیاو.

بارەر: لە کارو پیشەمانا، ئایا ئەمە یەکەمین جارە؟

[*لەکاتی ئەم گفتوگویەدا، تووڕەیی ئەنجوومەن گەیشتۆتە ئەو پەڕیەوە*]

ڕوبسپیر: [*لەلایەن لوبا و ئوگوستون ڕوبسپیرەوە دەورە دراوە و دەیپارێزن. سەری بەرزکردۆتەوە و هەردوو دەستی خۆی خستۆتە سەر سنگی ومشتی گرێ کردووە. لە*



*خوارەوە ڕوو دەکاتە کولوی سەرۆکی کۆڕ کە چەناگەی خستۆتە سەر دەستی و بەڕوویەکی گرژ و پێکەنینێکی ستەمکەرانە بەسەر لێوەوە دانیشتوە، ڕوی تێ دەکات و هاوار دەکا* ]:

سەرۆکی پیاو کوژان!...

[*لەگەڵ ئەم قسەیەدا پەردە دادەدرێتەوە. لەبەر ئەوە پاشماوەی قسەکان لەنێو ئەو چەقە و گوڕەدا نابیسترێت*]

**[پەردە دادەدرێتەوە]**

## تابلۆی نۆزدەهەم

*[دووبارە لە هەمان کات، پەردەکە بەرەو ڕووی شوێنی دانیشتنی تەماشاکەران، کە دەڕوانێتە سەر جێگەی سەرۆک و بەرزەکی وتار خوێندنەوە، بەرز دەبێتەوە.*

*تالارەکە نابینرێت؛ بەڵام نەرەی ڕوبسپییر – کە خۆی دیار نییە و نابینرێت – دێتە گوێ. بەدەنگێکی بەرز و مەردانەوە بەردەوام دەبێ لەسەر وتارە بەناوبانگەکەی... ].*

ڕوبسپییر: سەرۆکی پیاو کوژان بۆ دواجار داوا دەکەم ڕێگەم بدەن با قسە بکەم.

دەنگی کولو(٧٢): تا نۆرەت نەیەت، بۆت نییە قسە بکەیت.

مژان: لەڕیزی یەکەم لەتەک کولتو و دەستەیەک لە موسکادنەکان کە داردەستی چەکدارکراون دانیشتووە و بۆرژوازییەکان واقیان وڕماوە و دەترسن و هەوڵ دەدەن خۆیانیان لێ دوور بخەنەوە.

نەکا ئەو گەوجە بەڵێنیان پێ بدات کە لە نۆرەی خۆیا قسان بکات.

کولتو: نە، بەڕاستی نییە! خەریکن کایەی کتک و مشکی لەتەکا دەکەن.

مژان: تۆ هێشتاکو ئەوانە خاس ناناسیت. هێشتاکو پارێزدەکەن و کارقاین. بەرازانە لەترسانا هەموو لەشیان نیشتۆتە سەر ئارەق.

کولتو: ئەوان هەروا خەریکن لە شوێنی خۆیانا پێ دەکوتن. لە ئاکاما ئەم ترسنۆکە خوێڕییانە بەداوای زیندانکردنی ژان ژاک، ژروم، ناگەنە ئامانج. کەی ڕوبسپییر – ئەو پارووە گەورەیەیان – بەدەست دەکەوێ؟ خەریکن بەدوای کێچەکانیا دەگەڕێن... ئەی خوایە! خۆزیا یەکسەر سەریان بپەڕاندایە.

تەماشاچییەکی وردە بۆرژوازی: [بەترسەوە]

بۆچی ڕۆبسپییری ئێمە چەی کردگە؟

مژان: [*بەهەڕەشەوە ورد تێی دەڕوانێ*]

ڕوبسپییری تۆ؟ ئاوا! کەوایە تۆ لە داردەستەی ئەم غاینەیت؟

تەماشاچییەکە: [*بەترس و لەرزەوە*]



نە، نە، نە، نە، !... من قسەی وام نەکردووە...

کولتو: [*بەهەڕەشەوە*]

چیت گوت؟ لەتەک کێتە؟

تەماشاچییەکە: [*بەپەرێشانییەوە*]

نازانم! لەتەک هیچ کەس...

کولتو: ڕوو دەکاتە موسکادنەکان کە بەهەڕەشەوە هەڵساونە سەرپێ.

ئەم زبلانە بەداروودەستەکانیان گسک بدەن.

*[وردە بورژوازییەکە لەگەڵ ئەو هاوار هاوارێتی، دەیکەنە دەرەوە، ئەوانەی دەوروبەری هەموو بەترسەوە دەڵێنکە هیچیان نەوتووە]*

قسەتان کردبێ یانەتان کردبێ، ئێرە جێگەی ئێوە نییە؛ خێرا بەپەلە بچنە دەرەوە.

*[موسکادنەکان دەیانکەنە دەرەوە].*

مژان: ئیدی کاتی هاتووە، پێویستە هەرچی زووتر کار تەواو بکرێت. دەڵێی هەمووان چاوەڕێی بیستنی قسەیەک دەکەن.

کولتو: ئەوان چاوەڕێی فوشەن. ئەو خوێرییە پاشگەز بۆتەوە لە بەڵێنەکانی و خۆی شاردۆتەوە.

مژان: خاسترا! ئێمە تەنیا بۆ دەست پێکردنی سەماکە کارمان پێی بوو. ئیدی پێویستمان بەوێلونەکەی نییە. ئەو موی بەرلوتمان بوو.

کولتو: ئەرێ، درەنگ یازوو، دەبوایە ڕزگارمان بوایە لە دەستی. ئەو دەیویست کە بۆ بەرژەوەندی ئەو و سوورەکان کاربکرێت.

مژان: دەستەی گەڵحۆکان. سبەینێ بەچاوی خۆیان دەبینن... با جارێ بلێسەی ئاگرەکە توند بکەینەوە و بیگەشێنینەوە.

کولتو: لە سوورەوە بۆ چەرمگ! ئەم گڕە بەتینتر دەکاتەوە.

مژان: نابێ ڕێگەیان پێ بدرێت لەمە زێتر دەور هەڵگرن. لە ئاکاما نازانن کارەکەیان دەگاتە کوێ و واز لە دەست کەوتەکانیان دێنن. خێرا بەپەلە بچن بەشوێن لوشەدولالزر و لوزودولاشارنت... نە، ڕاوەستن!... تۆ، فابریسیوسن [*ڕوو دەکاتە یەکێک لەوانە کە داردەستێکی بەدەستەوەیە و کڵاوێکی سووری لەسەردایە*] برۆ

بۆ خوارەوە. لە ئاخری تالارەکەوە لوشە و لوزو بانگ بکەرە قوژبنێکەوە و ئەمەی پێشـان بدە... [*نیشـانەیەکی پیـشـان دەداو دەڵێ*] خێـراکە! بەپەلە بچۆ بۆ ئەویٚ! ئێستا ئیدی کاتێتی.

[*پیاوەکە دەچێتە دەرەوە*]

کولتو: ئایا دڵنیایت لێیان؟

مژان: بەئەندازەی ئەو پارەیەی پێیان دراوە. ئەمانە مشتەری خۆمانن.

کولتو: زۆریش گران ناکەون لەسەرمان. کێ لەئەنجوومەنا ئەمانە دەناسێ؟

مژان: پێویست بەناسینی ئەمـانە ناکات. ئەمانە جگە لەو قسـەیەی هەمـوو بەپەرۆشەوە چاوەڕێی بیستنی دەکەن، هیچی دیکە ناڵێن! هەرکە ئەو قسەیە بێژرا، چل زاری دیکە دەکرێتەوەو دووپاتی دەکاتەوە.

کولتو: [*لەکاتێکا بەلەهجەیەکی خـەڵکی باشوور لە شـوێنی وتارخوێندنەوەکـەدا قسـەی قوت قوت دەکرێ*]

ئەرێ ئەم پیاوە کێیە بەم لەهجە سەیرە قسان دەکات؟

مژان: ئەوە «وادیە»یە کە لە توورەکەی پێش نوێژکەران دەخوا. ئەو هێشـتاکو وجودعـالیی هەزم نەکردووە! هێشتا کاوێژ دەکات و هێڵنجی دەداتەوە.

کولتو: خۆزیا بۆ خۆی هێڵنجی بدایەوە؛ ئەو خەریکە کاتمان بەفیڕۆ دەبات.

مژان: ئەوانەی خوارەوە، چما لەسەر ئاگر دانیشتوون!

[*لەخوارەوە دەنگەدەنگ بەرز دەبێتەوە؛ هاواریان لێ هەڵدەسێت*].

دەنگی تالین: وادیە، بەسە ئیتر! لەئەسڵی مەسەلەکە لات داوە.

دەنگی ڕوبسپیر: من دەتوانم بیگێڕمەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە.

دەنگە دەنگی دانیشتووان: بەسە ئیتر. بێ دەنگی بکەن!

دەنگی لوشە: [*بەڕاڕاییەوە، زوانی تەتەڵە دەکا*]

من باسی کێشە سەرەکییەکە دەکەم. من... من... داوای گرتنی ڕوبسپیر دەکەم...

[*لەپڕ بێ دەنگییەکی ترسناک باڵ بەسەر ئەنجوومەندا دەکێشێ*]

دەنگی لوشە: [*لەکاتێکا کە دەنگی لوزو قسـەکانی ئەو دووپات دەکاتەوە. توندتر دەست پێ دەکاتەوە*]



... ئێمە فەرمانی گرتن و زیندانکردنی ڕۆبسپییرمان دەوێ.

[*لەناکاو هاوار لەلایەن هەموو دەستەکانەوە بەرز دەبێتەوە*]

... گرتنی ڕوبسپیر!...

[*مژان و کولتـو: لەجێگەی تەماشاکەرانەوە، ڕابەرایەتی دانیشـتووان دەکەن و هاوار بۆ ئەوانی دیکە دەکەن*].

مژان: تابو! تابو!

کولتو: هێی! خاس برۆنە پێشەوە!... هەرچۆنێک بێت کارەکان خاس بەڕێوە دەچێ!...

[*دەنگی ڕوبسـپیر دێتە بەر گـوێ کـە خـەریکە بەبەرزکـردنەوەی دەنگی خـۆی، قسـەکانی بگەیەنێتە ئەوانی دیکە*].

دەنگی ڕوبسـپیـر: ئەهریمەنینە! ئێوە ناتـوانن پێش ئەوەی گـوێ لە قسـەکانم بگرن، سەرم ببڕن. [*ڕوو دەکاتە تەماشاکەران*]

خەڵکینە! دەبینن؟ کۆمار ڕزگار بکەن.

[*جەنجاڵ و هەراوهوریا، دەنگی ڕوبسپیر دەخنکێنن*]

مژان: [دەزریکێنێ]

دەیەوێ خەڵکی دژی کنوانسیون بووروژێنێت.

کولتو: [دەزریکێنێت]

بیگرن!

دەنگێ لەتالارەوە: [*ئەو بێ دەنگ دەبێت*]...

– خوێنی دانتون دامانی دەگرێت.

دەنگی ڕوبسـپـیـر: ترسنۆکـینە! ئەگـەر دەتانەوێت تۆڵەی دانتـون بسـێنن، ئەی بۆچی بەرگریتان لێ نەکرد!

[*سەرۆکی کۆڕ زەنگ لێ دەدات*]

دەنگی کولو: فەرمانی گرتنی ڕوبسپیر ئیمزا بوو.

[*هەلهەلەی خۆشی*]

دەنگی ئوگوستن ڕوبسپیر: ئەمنیش ڕۆبسپییرێکم. من و براکەم یەکێکین. منیش هاوبەشم لەکارە خاس و جوانەکانی. دەمەوێ لەچارەنووسیشیا هاوبەش بم.

دەنگی کولو: پەسەندکرا. فەرمانی گرتنی هەردوو ڕوبسپییر ئیمزا کرا.
دەنگی لەتالارەوە: فەرمانی گرتنی سن ژوست و کوتونیش.
دەنگی بارەر: چاو لە سن ژوست بپۆشن.
دەنگی کارنو: بۆچی؟ بێچووە گورگ و گورگ هەردووک پێکەوە!
*[مژان هاوار دەکات]*
ئافەرین کارنو! ئەرێ، سن ژوست لە هەمووان خراپترە.
کولتو: لێی وردبینەوە. هیچ شتێک تێکی نادات. لە هەڵگیرساندنی ئەم تۆفانەوە تا ئێستا لە جێی خۆی نەجووڵاوەتەوە.
مژان: بەداخەوە ناکرێتەوە!... دەبێ لەناوی بەرین.
دەنگی کولو: فەرمانی گرتنی سن ژوست و کوتون ئیمزابوو.
دەنگی لوبا: من نامەوێت لەم ڕسواییە هاوبەش بم
دەنگی لەتالارەوە: [لەکاتێکا دەنگی لوبا دەبڕن]
خاسە، لوبا. بێ دەنگ بە... تۆ تاوانیار نیت.
دەنگ لوبا: من هەرگیز هاوبەشی ئەم ڕسواییە ناکەم. دەمەوێ منیش زیندان بکەن.
*[جموجۆڵێکی تێکەڵ و پێکەڵ. هاوارو هەراوهۆریا لەلایەکەوە لەدژییەوە و لەلایەکی دیکە بەسوودییەوە بەرز دەبێتەوە]*
مژان: هەندێ گێل و گەوج هەن پەلەیانە کە زوو بمرن.
دەنگی کولو: بابگەیتە ئارەزووەکەت! ئەوا فەرمانی گرتنی لوباش ئیمزابوو.
*[دەنگی ڕوبسپییر دێتە گوێ کەوا دیارە پەلەقاژێ دەکات و بەرهەڵستی ئەم فەرمانە دەکات]*
کولتو: چی؟ ئەم بەرازە هێشتا دەیەوێ قسە بکات؟
مژان: [*هاوار دەکات*]
غاینەکان مافی قسەکردنیان نییە!
دەنگ لە تالارەوە: ئایا دووبارە ڕوبسپییر دەبێتە فەرمانڕەوای ئەنجوومەن؟
دەنگی کولو: خێرا و بەپەلە فەرمانی گرتنی پێنج تاوانبار بەدەستوری دادگا دەربکەین!
*[هەلهەلەی تەماشاکەران]*
بژی کۆمار!



دەنگی ڕوبسپییر: کۆمار لەناو چووە! چونکە دز و جەردەکان سەردەکەون
*[دەنگی لەنێو جەنجاڵدا دەخنکێ]*.
دەنگی بوردن: ئای! لەناوبردنی زۆردارێک چەندە سەخت و چەتونە!
مژان: دووسەد بەرامبەر بەیەکێک... و ئەوان سنگیان دەهێننە پێشەوە! گوێتان لە دەنگیان بێت
خۆیان بۆ تاجی شانازی حەشار داوە.
کولتو: قسە هەزارە، دوانی بەکارە. خەنجەر زۆر جێگەی متمانە نییە... هیچ شتێک ئەوە ناهێنێت مرۆڤێک، ئەنجوومەنێک بۆی بکوژێت، پشتی مرۆڤ لە ژێر باری جەماوەردا دەشکێت. تەنانەت دڵۆپێ خوێنیش بەرچاو ناکەوێت.

**[پەردە دادەدرێتەوە]**

## تابلۆی بیستەم

*[پەردەکە دادەدرێتەوە. پاش تاوێکی کەم پەردەکە بەڕووی دالآنێک کە لە ڕاڕەوی ڕۆیشتنە دەرەوەی نەمایشگاکان دەکا و بەتەنیشت تالاری کۆبوونەوەکاندایە، بەرز دەبێتەوە. لەلای دەرگاکراوەکەوە دەنگەدەنگ و غەڵبە غەڵبی کنوانسیون دێتە گوێ. گۆشەیەکی هۆڵی شانۆکە - کە نوێنەرەکان بەجێیان هێشتووەو ڕۆیشتوون - دێتە بەرچاو. خەڵکێکی زۆر مات و حەیران جمەیان دێ خەریکی هاتوچۆ کردننت و بەردەرگاکە دەگرەن.*

*ئەو پێنج نوێنەرەی کە فەرمانی زیندانکردنیان بەسەرا دراوە - دەست بەسەر دێنە ژوورەوە. کەوتوونەتە پێش ئەو فەرمانبەرانەی کە شڵەژاو دێنە بەرچاو، و هەنگاو هەڵدێنن.*

*سن ژوست ، سەری بەرزکردۆتەوە، لەپێشەوە دەستی خستۆتە نێو دەستی لوبا و دەڕوا بەرێوە.*

*ڕوبسپیر حەپەساوە و براکەی قسەی لەتەکا دەکات. کوتون خەریکی شۆخی کردنە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پاڵ بەکورسییەکەیەوە دەنێن]*.

کوتون: [*ڕوو دەکاتە فەرمانبەرەکان*]

خاسە، ئاغایانی فەرمان وەدەست! دەستوورتان پێ دراوە ئێمە بگرن.

فەرمانبەرەکان: هاوشاری! ببانبوورن... خۆشمان نازانین دەبێ چی بکەین...

کوتون: گوێتان لە قسەی فەرماندەکەتان نەبووە چیی وت؟

فەرمانبەرەکان: ئەمە کارێکی فرە ناشۆیە[٧٣]. پیاو لە خۆی دەپرسێت، نەکا هەڵەی بیستبێت. بێگومان دەبێ هەڵەیەک ڕوویدابێ...

کوتون: وێڕای ئەمانەش، پێویستە ئێوە بڕیاری خۆتان بدەن. ئەگەر کو ئێمە نابێ بگیرێین، کەواتە فەرماندەکەتان بگرن،

فەرمانبەرێک: کەوایە... ئێمە داوا دەکەین لە هاوشاری ڕوبسپیر، کە ڕێگەمان بدات...

کوتون: ئەو ڕێگەتان پێ دەدا... باشە، ماکسیمیلین! بێژە پێیان...



ڕوبسپیر: [*بەهۆی ڕووداوی پەردەی پێشوو، هێشتا حەپەساوە*]

کۆمار، نیشتمان، هەمووی تەفروتوونا بووە. هەموو ئەو هیواو ئاواتانەی بەستبوویان بەئەقل، دادپەروەرێتی و ڕاستی و دروستی، گشتی فەوتاو بە با چوو. لە ڕاستیا مرۆڤایەتی بەچوار مێخە کێشراوە.

کوتون: مرۆڤایەتی ڕۆژگارانی ها لە پێشدا. بەڵام مرۆڤایەتی چی بەچوارمێخە کێشرابێت و چی نەکێشرابێت، ماکسمیلین ئێمە تاوانبار نین.

ڕوبسپیر: [*خەریکە دێتەوە سەرخۆی وخۆی ڕادەگرێت*]

نە، هێشتاکو نە؛ تۆ ڕاست دەکەیت، هێشتا هەموو شتێک باس نەکراوە.

ئوگوستن ڕوبسپیر: فەرمانی گرتنی «مارا»ش ئیمزا کرابوو؛ بەڵام ئەو بەرگری لەخۆی کرد و لەئاکامدا سەرکەوت.

کوتون: با وریا بین و پێڕەوی لە یاسا بکەین ئەو یاسانە بەرگریمان لێ دەکەن.

ڕوبسپیر: بەڵێ، دوژمنەکانمان زۆریان پێ خۆش دەبێت ئەگەر بێتو ئێمە پێ لە بەرەی یاسا درێژتر بکەین. [*ڕوو دەکاتە فەرمانبەرەکان*] هاوشارییەکانم! چاوەڕێی چی دەکەن؟ بۆچی نامانگرن؟

فەرمانبەرەکان: هاوشاری! ئێستاکە تۆ بەمە قایل دەبی، پێتان ڕادەگەیەنین کە ئێوە دەستبەسەرن.

ڕوبسپیر: ئێوە ئەرکی سەرشانتان بەجێ دێنن. واخاسترە.

*[لەوکاتەی کە فەرمانبەرەکان خەریکی قسەن، سن ژوست و لوبا بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی لە دەوروبەریان چی ڕوو دەدا، زۆر بەگەرمییەو پێکەوە خەریکی گفتوگۆ کردنن]*.

سن ژوست: هەر لەو دەمەدا کە ئەو خەڵکە تووڕەبووە دەیانویست وا پێشان بدەن کە چاویان لە تۆ نییە؛ تۆ خۆت دا بەدەستەوە.

لوبا: وا دەزانی دەمتوانی، مل بۆ ئەو سووکییەیان دانەوێنم؟

سن ژوست: نەء، دەمزانی. هەروەکو جاران، چلۆن لەگشت جەنگەکاندا لەتەکما بوویت؛ هەمیشە بەتەنیشتمەوە دەبیت.

لوبا: نەمدەتوانی هەروەک جەنگەکانی ڕابوردوو، سنگی خۆمت بۆ نەکەمە سەنگەرێک!

سن ژوست: هاوڕێکەم، بێ ئەوەی بتوانیم ڕزگاری بکەیت، خۆشت بەکوشت دەدەیت.

لوبا: ئەگەر خۆم بەتەنیایی قوتاربم، بەدەردی چی دەخوات؟ کاتێ توانای ئەوەمان نییە یەکتر ڕزگار بکەین، خاستر وایە پێکەوە بمرین.

سن ژوست: کەوایە من دەبێ دووجار بمرم.

لوبا: لەمەرگ یا لەژیانا، من هەرلەتەک تۆ دام.

سن ژوست: ئەی «پیلاد»[٧٤]ەکەم ... [*دەیگرێتە باوەشییەوە*]... بەڵام پیلاد هەرگیز وەک تۆ ژنێکی لاو و منداڵێکی نەبوو کە بیانکاتە قۆچی قوربانی.

لوبا: من جوانترین دیاری پێشکەش کوڕەکەم دەکەم: فیداکارێتی خۆمی پێشکەش دەکەم. لەپاشەڕۆژدا منداڵەکانمان شانازی بەڕەنج و تێکۆشان و خەباتی سەرسەختی ئێمە دەکەن و دەبینە مایەی سەرفرازی و شادی و سەربەرزییان.

سن ژوست: تۆ ڕاست دەکەی. با لەنێو ئەم تۆفانەدا لەنگەری کەشتییەکەمان بخەینە نێو دەریای پاشەڕۆژا.

فەرمانبەرەکان: [*لێیان نزیک دەبنەوە*]

هاوشارییەکان، حەزدەکەن بچینە هۆڵی تەنیشتەوە.

*[هەر پێنج کەسەکە دەچنە دەرەوە.*

*لەناو تالاری کۆبوونەوەکانداو، لە کۆتایی جێگەی چوونە دەرەوەیدا باراس، مژان کولتو تەماشایان دەکەن. دوای ئەوەی ئەوان دەچنە دەرەوە، ئەمان دێنە پێشەوە، بەرەو لای پەردەکە].*

مژان: فرە ئارام و لەسەرخۆن. ئایا بەتەمای چین؟

کولتو: بەئێمە چی؟ ئەوان وا لەنێو چنگماندان.

مژان: هێشتاکو گیانیان هەیە. من زۆر بەدگومانم، چاوت لێ نەبوو چلۆن لەناکاو تووڕەیی ڕوبسپیر نیشتەوە و هێمن بۆوە؟ ئەوان هێشتا بیر لە ڕزگار بوون دەکەن.

باراس: ئەرێ، هێشتا ئەو مەترسییەمان هەیە کە بیانەوێت هەلێک بڕەخسێنن بۆ ئامادەبوون لە دادگای میللی

مژان: بۆ ئەوەی نەتوانن لە ڕێگەی یاساوە بەرگری لەخۆیان بکەن، دەبێ بیانگێکی[٧٥]ڕەوا بدۆزینەوە بۆ گرتنیان.

باراس: لەم بارەوە هیچ ڕێک کەوتنێک نییە.



مژان: لەوانە یارمەتییان بدرێت.

باراس: تێ دەگەم دەڵێی چی! لەوانەیە هیچ پێویستیان بەزەحمەت و کارێکی گەورە نەبووبێ؛ بۆ ئەوەی لایەنگرە گەوجەکانی خۆیان بورووژێنن. تەنیا شتێ کە ڕێگەی لێ دەگرتن چەند کەسێک بو کە لەبەر دەرگا بوون و ئەمەیش کارێکی گرنگ نەبوو.

مژان: هێشتاکو وروژاندنی «کومون» ماوە. ئەمە کارێکی دژوار نییە. قاوەکە لەسەر ئاگر هاتۆتە کوڵ، ئیتر کەسێک نییە ئاگاداری بێت.

باراس: [*دوای ئەوەی کە فەرمانبەرێک دێت و چەند وشەیەک بەئەسپایی لەپەنا گوێی دا دەسرپێنێ*].

هەواڵەکان وا دەگەیەنن کە لە دەرەوە چەندین دەستە و پێخاوسەکان خەریکی چەکدارکردنی خۆیانن و هاوار دەکەن: «بۆ پێشەوە بەرەو کنوانسیون».

مژان: ئەمانە خەریکن بەگوێرەی ئارەزووی ئێمە هەنگاو هەڵدێنن و دەجوولێنەوە، با هانریو بخەینە ئەو ناوەوە.

باراس: تەنیا شتێک کە پێویستە بیکەین، ئەوەیە کە لەتێک پەڕۆی سوور لەبەر لووتیا ڕابوەشێنین ئەو گایە خۆی دەکوتێ بەسەریا.

مژان: بەڵام کێ لەتەکیا دێتە شەڕ؟

باراس: شەڕ لەتەک ئەو گایە، تەنیا کاری منە و لەخۆم دێ.

**[پەردە دادەدرێتەوە]**

## تابلۆی بیست و یەکەم

کات: [*ئێوارەی ۹ی ترمیدر، کاتژمێر لەنێوان نۆ و دە. هێشتا دەمەو ئێوارەیە. هەور خەریکە ئاسمان دەگرێتەوە*].

شوێن: گۆڕەپانی ئوتیل دو ویل، لەگۆشەیەکی گۆڕەپانەکەو شەقامی ڕۆخی ڕووبار، جەماوەرێکی زۆری پڕ چەک، دەم بەهاوار. هەراوهوریاو زەنگو قۆڕی[٧٦] ناقوسی ئوتیل دو ویل مەترسی بەخەڵک ڕادەگەیەنێت. یەکێک لە پەنجەرەیەکی نهۆمی یەکەمەوە سەر دێنێتە دەرەوە و هاوار دەکات:

– خەڵکینە! هەڵسنە سەر پێ! ڕاپەڕن! دژی ئەنجوومەنی بێ ئابڕوو هەڵسن!

سیمون دوپلە: [*پڕ چەک*]

سەربازەکان وەرنە ئێرەوە! ئێمە هەموو ئامادەین.

بۆرژوازیەکان و کرێکارەکانی کەرتی ئەو: ئەوان وێراویانە دەست لەڕووی ڕوبسپیرەکەمان بەرز بکەنەوە. دەیانکوژین، بنبڕیان دەکەین. ناویان لەسەر ڕووی زەوی پاک دەکەینەوە. ئەوانە کێن؟

سیمون دوپلە: ئەوەتا، ئەمە لیستی ناوی دوژمنانی خەڵکە کە کومون فەرمانی گرتنیانی دەرکردووە [*دەیانخوێنێتەوە*]: کولو، کارنو، وادیە، فوشە، تالین، بوردن، فرەرون...

*[ناوەکانی دیکە لەنێو جەنجاڵ و هاوار بزر دەبێ. چەند کەسێک پێکەوە ناوەکان لەسەر لیستەکەوە دەخوێننەوە]*

– ئەم ناوانەی کەمە بیو، باڕەر...

– دەبێ هەموو کنوانسیون پاک بکرێتەوە!

سیمون دوپلە: کەوایە با بە«شەن و گسک»ەوە بۆیان بچین.

*[پیاوەکانی هەردوو دەستەکە دەگەنە بەرەوە]*

فەرماندەییەکێ لە دوودەستەکان: ئەمە «شەن»ە.



فەرماندەی دەستەی دووەم:

ئەمیشە گسک!

سیمون دوپلە: تۆپچییەکان و پێخاوسەکان، ئەم دوو کەرتە هەمیشە وەفادارن...

فەرماندەکانی بەشەکان: دوای ئەوەی بانگتان کردین، دەستمان لە هەموو ئیشوکارەکانمان هەڵگرت و بێ هیچ وچانێک هاتین بۆ ئێرە.

سیمون دوپلە: با ببینە چەند بەشێکەوە! دەبێ دوو دەستەی هێرشکەر پێک بهێنین. یەکێکیان لە شەقامەڕێی سەر ڕۆخی ڕووبار؛ ئەوی دیکە لە شەقامی گەورەی سن مارتن.

فەرماندەی کەرتێک: نە، فەرمانیان پێ داوین کە هەر لە گۆڕەپان بمێنین و چاودێری بارەگای کومون بین.

سیمون دوپلە: بۆ چاودێری کردنی ئەوێ دوو پەل بەسە. هێرشبردن باشترین تاکتیکە بۆ بەرگریکردن. با پێش هەموو شتێک، ئامادەباشی تەواوەتی بدەین.

فەرماندەکانی دەستەکان: لە چل و حەوت بەش، تەنیا نۆزدە بەش هاتوون و ئامادەیی و وەفاداری خۆیان دەربڕیوە.

سیمون دوپلە: ئەو ترسنۆکە بوودەڵانە کامیان خۆیان شاردۆتەوە؟

دەنگێک لەنێو کەرتەکانەوە: هیچ کام لە بەشەکانی ڕۆژئاوا نەهاتوون.

سیمون دوپلە: ئەمە شتێکی سروشتییە، بۆرژوازییەکان. دەوڵەمەندەکان... خوێڕییانە...، سبەینێ سزای کرداریان دەخەینە مشتیانەوە.

دەنگێک لەلای کەرتەکانەوە: هێشتاکونێ هیچ هەواڵێک لە «مارە» ش نییە. لای خۆی چەکداریش بوو.

سیمون دوپلە: کەرتی تالین، ئەو چەتەیە.

دەنگێک لەلای کەرتەکانەوە: کەرتی سیتە نەیانهێشتگە ناقوسی نوتردام لێ بدرێت.

سیمون دوپلە: پێویستییان بەوە نەبوو کە ئیجازەی لێ وەربگرن

دەنگیک لەلای کەرتەکانەوە: لە هەموو خراپتر ئەوەیە، کەرتی بارەگای کومون، گراویلییەکان و ئارسییەکانیش نەهاتوون.

سیمون دوپلە: غیانەت، زۆر سەیرە! کرێکارەکانی شەقامی خوارووی سن مارتن، شەقامی

ڕۆخی ڕووبار و پلیتە و هارەکان، جاران هەمیشە لەگەڵ یەکەمین بانگەوازا، هەموویان گیان لەسەر دەست زۆر بەپەلە لەڕیزی یەکەما، بەرەو ڕووی مەترسی و خەتەر دەڕۆیشتن؛ بەڵام ئێستا هەموویان لە دوکانەکانی خۆیان کزو داماو بۆی دانیشتوون.

دەنگێک لەلای کەرتەکانەوە: لەو کاتەوە کە ژاک ڕد و بابا دوشەنیان لێ ڕفاندوون، ئەوانە هەموویان لە ڕوبسپیر ساردبوونەتەوە و لێی دوورکەوتوونەتەوە.

سیمون دوپلە: گەوجانە کۆڵیان داوە! ئەم کارەیان دەبێتە هۆی ئەوەی ببنە قۆچی قوربانی. بەسە، با هەر باسی ئەوانە نەکەین. دڵی جەماوەری دەوروبەر، ئانتوان و مارسۆیە، کە هەردووکیان لەگەڵ ئێمەن.

دەنگێک لەلای کەرتەکانەوە: زۆر دڵی خۆتیان پێ خۆش مەکە، هەردووکیان ڕاڕان. ئەگەرەکو پێخاوسەکانیش لایەنگری ئێمەبن، مونتروی، پینکور، فینیستر، گوبلنەکان چوار مەشقی بۆی دانیشتوون.

سیمون دوپلە: بەڵام ئەوانە شێتن! ئایا بیر لەوە ناکەنەوە کە ئیمشەو، وازی بەپاشەڕۆژی ئەوان و چارەنووسی هەموو خەڵک دەکەن.

فەرماندە: سیمون! گوێ بگرە، ئیدی نازانین...

سیمون دوپلە: سەیرە نازانین؟

فەرماندە: ئەمە بەرەڵاییە، خەڵکی پەرشو بڵاون... ئەرێ بەڕاستی میللەت لەمەترسیدایە؟

سیمون دوپلە: بۆچی وەکو ڕۆژی ڕووناک ئاشکرا نییە بۆتان؟ مەگەر لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی کە بەسەر شۆڕشا تێپەڕیوە. سوودی خەڵک هەمیشە لەتەک ڕوبسپیرا پێکەوە گرێیان نەخواردووە؟

فەرماندە: من نالێم نەء؛ بەڵام ئەوانی دیکەش لەتەکمانا بوون. دوو سێهەمی ئەوانە نەماون. ئەوی کە ماویشە خۆی تەفروتوونا دەکات. لەم بەرەڵاییەدا دەبێ دوای کێ بکەوین؟

سیمون دوپلە: ئێوە پانزەبیستەکان، یاساوڵە کۆنەکان، چۆن دەوێرن لە داوەری کردنا لەنێوان ئەو بۆگەنانەی کنوانسیون و ئەو مرۆڤە پاک و بێگەردەدا ڕاڕابن؟

دەنگێک: [*لەپانزەبیستەکان*]



ئێمە هەروا پتەو لە جێی خۆمانا دەمێنین، دڵنیاتان دەکەین، جگە لە کۆماری تەنیا و نەپچڕ و یەکگرتوو هیچ کەسی دیکە ناناسین.

سیمون دوپلە: فرەخاسە! بەڵام ئێستاکێ، دەبێ لەنێو «کومون» یا «کنوانسیون» یەکێکیان هەڵبژێرین.

دەنگێک: [*لە پانزە بیستەکان*]

هەردووکیان وێکرا؛ هیچ کامیان بەتەنیا هەڵنابژێرین.

سیمون دوپلە: ئەمە واتان لێ دەکا وەک گوێ درێژی نێو دوو نەقیزە نەتوانن بەهیچ لایەکا بجووڵێنەوە. نەگۆڕێتییەکی بێ بایەخ.

فەرماندە: [*کەمێک بەدەنگی نزمەوە*]

زۆری لەسەر مەڕۆ. ئەگەر ناچاریان بکەیت بکەونەڕێ، نازانین چ ڕێیەک دەگرنە بەر. ئەوان لە کۆڵانەکان و هەموو جێگایەکا چوونەتە ناو خەڵکەوە و قسەیان بۆ کردوون. ئەمان وای بەخاس دەزانن کە لەم ڕووداوانەدا بێ لایەن بن.

سیمون دوپلە: ئێمە کار دەکەین! لەم بارودۆخەدا چەندایەتی گرنگ نییە، بەڵکو چابۆکی دەست وەشاندن و بڕیار، کاردەکەن. پێویستە زۆر بەتوندی و بەدەستێکی پۆڵایی لێیان بدەین. بۆ پێشەوە. دژی کنوانسیون، بۆ پێشەوە!

*[لەساتێکا سیمون و دووسێ کەس لەوەفادارەکان ئامادەی جوولانەوەن تۆپچییەکانی کوفینال و هانریو، بەمەستی و سەرخۆشییەوە، بەسواری ئەسپەوە دێنە نێو گۆڕەپانەکەوە]*.

تۆپچییەکان: [*ڕوو دەکەنە ئەوانەی کە بەرەو شەقامی ڕۆخی ڕووبارەکە دەڕۆن*]

بۆ کوێ دەچن؟

سیمون دوپلە: بۆ دەگژڕاچوونی ئەنجوومەن.

تۆپچییەکان: ئیدی زۆر درەنگە! ئێمە لەوێڕا دێینەوە، هیچ کارێکیان پێ نەکرا.

سیمون دوپلە: خەتای کێیە؟

کوفینال: خەتای ئەم هەمیشە مەستەیە!

*[زۆر بەتووڕەییەوە ئاماژەی هانریو دەکات، کە بەشەرمەزارییەوە، دەموچاوێکی ئاساوەوە، لەسەر ئەسپەکەیەوە دانیشتووە و لەتر لێ دەدا]*

ئەو سەرخۆشە ئەوەندە ئاگای لەخۆی نەبوو، تا ڕێگەی پێدان لە کومیتەی هێمنایەتی بیگرن و پەلبەستی بکەن. ئێمە بەزۆر دەرگاکەمان شکاند و قوتارمان کرد. هەرچەندە خاستر وابوو وازمان لێ بهانیایە هەر لەوێ بمایە. لەبەیانییەوە خەریکی مەی خواردنەوە بووە. ئەم کوپەڵە شەرابە لە بریتی ئەوەی لەوکاتەدا کە لەناکاو خۆمان کرد بەناو غاینەکانی کومیتە و گشتیان شڵەژا بوون و سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە، سوود لەو هەلە وەربگرێت، فەرمانی پێداین کە بگەڕێینەوە بۆ ئوتێلی دو یل.

هانریو: [*بەتێکەڵ و پێکەڵی قسان دەکا و پرتەپرت دەکات*]

کوفینال بەنارەوا سەرزەنشتم دەکەی... ئێستا بۆت ڕوون دەکەمەوە...

کوفینال: هیچ شتێک بۆ ڕوونکردنەوە نەماوە؛ تۆ تەنیا کەلاکێکی و بەس.

هانریو: لەعنەتی خوا! گوێ بگرە، پێم گوتیت لە کومونەوە دەستوورم بۆ هاتبوو کە بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکەم.

کوفینال: گەوجەگیان! نە پێش ئەوەی کە کنوانسیون لەناوبەریت. دەکرا بێ هیچ شەڕ و هەرایەک ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

[*هەموویان شڵەژا بوون و نەیاندەزانی دەبێ چی بکەن. بەتوڕێک گشتیان دەگیران*].

هانریو: ئەمە ڕاستە. کوفینال! تۆ ڕاست دەکەیت... خاسە، دەی با بگەڕێینەوە.

کوفینال: وادەزانی ئەوانە چاوەڕێی تۆ دەکەن؟ ئەوان هەلیان بۆ ڕەخسا کە خۆیان کۆبکەنەوە، ئەوان لەم کاتەدا نیشتمان پەروەرە لاوەکان لە ئۆردوگای «سابلوونەوە» بانگ دەکەن. هەموو شەقامەکانی توپلری دەبێ گەمارۆ بدرێت.

هانریو: من چیم کردگە؟ چە ڕوی داوە؟ ئیدی مێشکم کار ناکات و هیچم لەیاد نەماوە...

کوفینال: گوێرەکە! مێشکی سەرت نوقمی شەراب بووە، ناتوانی خۆت بەسەر زینی ئەسپەکەتەوە ڕابگریت...

هانریو: نەخێر؛ وانییە. زۆر خاسیش دەتوانم خۆم ڕابگرم [*بەسەر ئەسپەکەوە لەتر دەدات و ناتوانێ خۆی ڕابگرێت*] ئەم ئەسپە تۆپیوە پیر بووە و خۆی ڕاناگرێ [*هەمووان دەست دەکەن بەپێکەنین پێی*] ئەوە کێیە وا دەوێرێ پێم پێ بکەنێت؟ سەگ باب! هەمووتان دەخەمە کونجی زیندان. من ژەنەڕاڵی ئێوەم یان نەء؟... شمشێرەکەی ڕادەکێشێ و دەیسووڕێنێتەوە، بەڵام لە دەستی بەر دەبێتەوە [*لەپڕ دەست دەکا*



*بەپرمەی گریان*] ئێوە ڕاست دەکەن. وەزعم خراوە. ناتوانم خۆم ڕاگرم... من بەرازێکم، کوپەیەکی شەرابم، من بوومەتە مەسخەرەو هەمیشە مەست وسەرخۆش... بمبوورن... ئابڕووم چووە. دەچم خۆم دەکوژم... [*ڕوو دەکاتە تۆپچییەکانی*]... هاوڕێیانم ئێوە خاس دەزانن کە هەرگیز لەمەی خواردنەوەدا زێدەڕەوی ناکەم... بەڵام ئەم هەوا گەرمەو ئەم هەورەی بەئاسمانەوەیەو نایەوێت بیبارێنێت... ناکرێ... کارێکی خاسم نەکردگە... من تاوانبارم هەڵەیەکی گەورەم کردگە... من ئیدی توانام بڕاوە و شیاوی ئەوەنیم کە فەرماندەی ئێوەبم.

تۆپچییەکان: خاسە... خاسە... هەمووان هەر ئەم کارە دەکەن. بڕۆ دەم و قەپۆزت بخەرە ناو ئاوی ئەو حەوزەوە! [*هەموویان پێکەوە هانریو لەسەر ئەسپەکە دادەگرن و دەیبەنە کەنار حەوزی ئاوەکەو سەری نوقمی ئاوەکە دەکەن. سەری دەهێننە دەرەوە، هەردوو چاوی زەق بووە*]

هانریو: سوێند دەخۆم لە ئیمڕۆوە – جگە لە ئاو– هیچی دیکە نەخۆمەوە!...[*هەنسکە هەنسکی پێ کەوتووە و تف دەکاتەوە*] چەند پیسە!... بەڵام خاسە هەموو شتێک بەخاسی و ڕووناکی دەبینم. ئادەی تۆپچییەکان، ڕووی تۆپەکانتان بەرەولای هەر چوار لای گۆڕەپان وەرگێڕنەوە! ئێمە پاسەوانی کۆمونین. ئەوا من دەڕۆم بۆ ئەوەی فەرمانی تازە وەربگرم.

کوفینال: ئایا ڕۆبسپیر نەهاتووە؟

سیمون دوپلە:نە، هێشتا نەهاتووە. ئەو لێژنەی نوێنەرەکانی کە ڕۆشتبوون بۆ لای و تکایان لێکردبوو کە لە زیندان بێتە دەرەوە، گەڕاونەتە دواوە، لیژنەیەکی دیکەیان ناردووە بۆ لای.

کوفینال: مەبەستی لەم نازکردنە چییە؟

سیمون دوپلە: گەرەکی نییە پێ لە بەرەی یاسا درێژتر بکاتەوە. ئەو وادەزانێ کە دوژمنەکانیش پێ لە چوارچێوەی یاسا درێژ ناکانەوە و ڕێگەی پێ دەدەن کە بەگوێرەی یاسا، لەدادگا بەرگری لەخۆی بکات!

کوفینال: ئەرێ، بیری لێ بکەرەوە!... لەوەتی خۆیان لێ حەشارداوە تا ئێستا چاویان لێ نەترووکاندوە. ئەوانیش وەک ئێمە گوێ نادەنە دادڕەسی؛ بەڵکو تەنیا بیر لە کوشتنی دەکەنەوە.

هانریو: کاتێ ویستم لە کۆمیتە قوتاری بکەم، بەگوێی نەکردم. ئێستا، کاتی قسەکردن نییە، دەبێ هەر چۆنێ بێت خۆمان بگەیەنینە زیندان. بیەوێت یا نەوێت، دەبێ ئازادی بکەین و بەزۆر بیهێنینە دەرەوە.

سیمون دوپلە: هەرگیز هیچ کارێک بەزۆر لەتەک ماکسیمیلینا ناکرێت، دەبێ خۆی قایل بێت.

کوفینال: ئێمە کارێک دەکەین کە ناچار بێت بەگوێمان بکات. ئێمە لەبەر خاتری ئەو ژیانی خۆمان خستۆتە مەترسییەوە، ئیدی ناتوانین بگەڕێینەوە و پاشگەز ببینەوە. ڕێی پێ نادەین بەم کارەمان قایل نەبێ.

سیمون دوپلە: ئەو هەرگیز ناچێتە ژێر ئەم بارەوە. براکەی ئێستاکە وا لە ئوتێل دویل ویل. ئەوەش لوبایە بەرەو ئێرە دێت!

دەنکی خەڵک: [*هاوار دەکەن*]

بژی لوبا !... و ژنە چکۆلەکەی !...

سیمون دوپلە: ئەو ڕۆڵەی بەجەرگ و دلاوەرە، لە کاتێکا کە ئەو چەتانە خۆیان لێ گێل کردبوو، ئەو خۆی داوای کرد کە ئەویش بگرن!

*[لوبا، دەستێکی ئەلیزابتی توند گرتووە و «هانریت»یش بەو لاوەیەتی، لەنێو بژی بژی و هەلهەلەی خەڵک دێنە ژوورەوە].*

ئەلیزابت: گوێ بگرە، گوێ بگرە، چاوکە بزانە چۆن بەپیرتەوە دێن.

هانریت: خوشکە چکولەکەم، بۆ تۆیشە.

ئەلیزابت: سوپاس! سوپاس... [بەدەست ماچ بۆ خەڵک دەنێرێت، ڕوو دەکاتە لوبا] ئاه! خۆشەویستەکەم! چەند خۆشە ئازاد بوویت و ڕزگارت بوو لە چنگیان. دەمزانی کە ئەو نامەردانە ئاخری دەشکێن و ڕوو ڕەش و مل شۆڕ دەبن... ئەم خەڵکە چەندە ئێمەیان خۆش دەوێت... هەمموویان تۆیان خۆش گەرەکە... تا ڕادەیەک بەو ئەندازەیەی کەمن تۆم خۆش دەوێ... هەموو ئەم پیاوە میهرەبانانە هاتبوون بۆ ئەوەی لە زیندان ئازادت بکەن...

پاسەوانی زیندانەکەش پەیتا پەیتا هەر داوای لێبوردنی دەکرد و دەیگوت منیش فیداکاری ئێوەم... خەڵکی فرە تووڕەبوون؛ هەرەشەیان دەکرد و دەیانگوت کە دیوارەکانی زیندان دەڕووخێنن... بەڵام هەر کە زانییان من خێزانی تۆم و ئەمیش



خوشکتە، ئارام و هێدی بوونەوە... پێیان دەگوتین:« هاوشاری ئەگەر بێتو تاڵێک لە مووی سەری لوبا، سن ژوست و ماکسیمیلینی ئێمە بکرێتەوە، پارچە پارچەیان دەکەین. تا تۆڵە لە دوژمنەکانت نەکەینەوە، بەئارامی دانانیشین و ئۆقرە ناگرین»...

لوبا: ئەوانە خەڵکێکی یەکجار میهرەبانن؛ بەڵام لەهەمان کاتا زۆر ناشین. ئەگەر بیانهێشتایە هەر لەوێ بمابینەوە، خاستر بوو.

ئەلیزایت: چلۆن؟ لەزیندانا؟ ئەی بێ چاوو ڕووی بێ فەڕ!

هانریت: ئەو کارەی کە ئەوان پێی هەڵسان بۆ بەرگریکردنیان لێتان، کوێی جێگەی سەرزەنشتە؟

لوبا: مەرامی من و هاوڕێکانم زۆر بەرزو پیرۆزبوو؛ یا پێش خۆ هەڵقورتانیان لە ڕووداوەکە، زۆری وا خراپ نەبوو.

هانریت: بەڵگەت چییە؟

لوبا: لە چوارچێوەی یاسادا دوژمنەکانمان نەیاندەتوانی کارێکی گرینگ دژی من بکەن. بۆ من دژوار نەبوو دۆ و دۆشاویان تێکەڵ بکەم. ئێستاکە پێمان لە سنووری یاسا ترازاندووە. گوێ نادەنە قسەکانمان. ئەوان گرەویان بردۆتەوە و داشیان سوارە؛ ئێمە فەرمانی گرتنمان بۆ دەرچووە.

ئەلیزایت: ها! ئاکامی ئەمە چییە؟

لوبا: نایەوێت مەسەلەکە ڕوون بکاتەوە.

هیچ؛ با لەم بارەیەوە قسە نەکەین. ئیتر هیچ چارێکمان نییە

ئەلیزایت: [*ئاگای لە مەسەلە نییە*]

ئیتر هیچ چارێکمان نییە! تۆ ئازادیت! بێرەوە با پێکەوە بڕۆینەوە ماڵەوە!

لوبا: نە، ئازیزەکەم! ئێستاکە ئازادبووم، پێویستە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی خەبات بکەم. تا ئەو کاتەی سەرکەوتنی تەواوەتی. وەدەست نەهێنین، ناگەڕێمە ماڵەوە.

هانریت: [*بەسرتەوە*]

بەڵام ئایا دڵنیایت لەوەی کە لەم خەباتەدا سەردەکەون؟

ئەلیزابت: ئێستاکە هەموو خەڵکی لەگەڵ تۆدان، ئیدی بۆچی شەڕ دەکەن؟

لوبا: ئاواتەخواز بین کەبەم شێوەیە بێت.

هانریت: [کەمێک *لەسەرخۆ*]

فیلیپ! پێم بێژە، ئایا هێشتا ڕووداوی سەختی دیکەش ماوە؟

لوبا: [*بەسرتەوە*].

مەسەلەکە شۆخی نییە. خۆشەویستەکانم، بڕۆنە ماڵەوە!... هانریت ئەو دەسپێرمە دەست تۆ...

*[ئەلیزابتی پیشان دەدات]*

هانریت: با لە ئوتیل دو ویل چاوەڕێت بین

لوبا: نە، نە، با کات بەفیڕۆ نەدەین! لەوانەیە هەر ئانێک ئوتیل دو-ویل گەماڕۆ بدرێت. تا ڕێگەکان نەبەستراون، خێرا خۆتان دەرباز بکەن.

ئەلیزابت: ئەگەر ڕێگاکانیان بەستبوو، چی بکەین؟ ئێستا پێکەوەین، با پێکەوە بمێنینەوە.

لوبا: ئێرە جێگەی ئێوە نییە، سەفەرەکەی «ئەلزاسمان» بێننەوە یاد. ئەو ڕۆژەش جێگەی ئێوە لەنێو سوپادا نەبوو؛ دەبوایە ئێوە لەماڵەوە بمانایە. هانریت بیبەرە ماڵەوە.

ئەلیزابت! جێگەی تۆ لای کوڕەکەمانە. ئەگەر وەزع خاس بوو، سبەینێ بەیانی دێمەوە لاتان. هەرشتێک پێش هات، ئێوە هەردووکتان دەسپێرمە دەست یەکتر. و منداڵەکەش دەسپێرمە دەست هەردووکتان. نازانین چی ڕوو دەدات!... ئاگاداربین. تێ بکۆشن هەمیشە دڵی پاک بێت و ڕق و کینە هێلانەی تیا نەکات. کینە ژەهرێکە مرۆڤ لەناو دەبات. ڕق و کینە، ئەم شۆڕشە خنجیلانە و مەزنەمان دەڕووخێنێت... پێی بڵێن کە باوکی بەهەموو هێزو توانایەکیەوە بەرگری لێکرد. فێری بکەن کە نیشتمانی خۆش بوێت!... خۆشەویستەکانم! ببوورن کە نیشتمانم لە ئێوە زێتر خۆش ویستووە. ببوورن! بەڵام ئێوەم لەخۆم زێتر خۆش گەرەکە.

ئەلیزابت: ئاە! تۆ منت خۆش ناوێت! دەبێ منت لە هەموو شتێکی دیکە زێتر خۆش بوێت. ئەمە بەس نییە

لوبا: [*بەپێکەنینەوە*]

ئەمە بەس نییە؟



ئەلیزابت: [*لە کاتێکا کە ماچی دەکات*]

بۆ من، هەر ئەمە... ئاە! من بێزارم لەم نیشتمانەی کە تۆ لە منت زێتر خۆش دەوێت!...

لوبا: نە، هاوڕێکەم، گەر منت خۆش گەرەکە، دەبێ ئەویشت خۆش بوێت. چونکە نیشتمان، تۆیت، منم؛ هەموو ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێت و بەئارەزووین بۆی، لە کاتێکا کە ئێمە نین، ئەو هەیە. نیشتمان بەوجۆرەی دەڵێن دایکمان نییە، ڕۆڵەی ئێمەیە.

ئەلیزابت: چکۆلە خۆشەویستەکەم! ئەرێ، بەرگری لێ بکە! ئەمنیش بەرگری لێ دەکەم.

*[سن ژوست دێتە ژوورەوە، لەپشت سەری لوباوە دەست دەخاتە سەرشانی].*

سن ژوست: خاسە، هاوڕێکەم!

لوبا: سن ژوست!... زیندان تۆیشی نەویست

سن ژوست: نە، چارەنووس فرە پەلەیەتی، ئێستاکە نەمانتوانیوە ڕای بگرین، دەبێ خۆمان بخەینە بەر پێی.

لوبا: چارەنووس بەرەو کوێمان دەبات؟

سن ژوست: مرۆڤ کاتێ خۆی بسپێرێتە دەست چارەنووس، زێتر لە نیوەی هەموو شتێکی لەدەست دەچێ.

لوبا: ئایا ناتوانین جڵەوی توند بکەینەوە؟

*[لەم کاتەدا کاتژمێری ئوتیل دو-ویل یانزە پێشان دەدات]*

سن ژوست: تا پێش نیوەشەو هەموو شتێکمان بۆ ئاشکرا دەبێت. هانریت، خوات لەگەڵ بێ. هەرگیز خەفەت مەخۆن و بەداخەوە مەبن. بەچاوی خۆتان دەبینن کە کاتمان فرە کەم بوو. نەمتوانی ژیانتان بەختەوەر بکەم.

هانریت: بەختەوەری - هەرچییەک بێت - من گەرەکم نییە؛ من هەر ئەوەم دەوێ کە ئێوە هەتانە. ئیدی بەرهەڵستی ئەوە ناکەن کە لە هەمیشەیی و نەمری ئەو دنیا هاوبەشیتان بکەم.

سن ژوست: خاسە، کەواتە پەسەند بکەن! ئێوە شایانی ئەوەن؛ ببورن کە تائێستا ئێوەم لێ دورخستبۆوە.

[تاوێک دەڕوانێتە نێو چاوانی و لەپڕ ناو دەمی ماچ دەکات و دەڕوات. لوبا خۆی لە باوەشی ئەلیزابێت دوور دەخاتەوە و بەدوای سن ژوست دەکەوێتەڕێ. هەردوکیان لەناو جەماوەرەکەدا وون دەبن. ئەوسا هەردوو ژنە لاوەکە بەتەنیایی دەمێننەوە. هانریت دەلەرزێت؛ مات و مەلولە. هەردوو دەستی شل کەوتووە، هەناسەبڕکێیەتی، چاوی زەق بووە، ئەلبزابت دەستی دەگرێت].

ئەلیزابت: هانریت!... گیانەکەم!... بێرەوە سەرخۆت. خاسە، کەواتە دەبێ من بتگەیەنم...

*[ئەلیزابت دەستی هانریت دەگرێت، و بەرەو شەقامی رۆخی رووبارەکە بەدوای خۆیا ڕایدەکێشێت. هانریت هێز و توانای قسەکردنی نییە].*

خەڵک:

– لەم گۆڕەپانەدا چی بکەین؟

– ئایا دەبێ بجوولێینەوە؟ یا پشووبدەین؟

– هیچ دەستوورێکمان نییە.

– کوفینال و ئەو سەرخۆشە بۆ کوێ چوون؟

– ئەوانە پێکەوە چوونەتە ئوتێلی دوویل و ئێمەیان بەتەنیاو بێ فەرماندە لێرە بەجێ هێشتگە. دەبێ هەر لێرەدا شەو بکەینەوە؟

– دەستەی «موزە» فەرمانی گەڕانەوەو پاشەکشەیان بۆ چووە.

– کومون دژی ئەم بڕیارەیە. بەڵام من ئەوانم چاو پێ کەوت کە یەکە یەکە لە گۆڕەپانەکەوە خۆیان دەدزییەوەو بڵاوەیان لێ دەکرد.

– ئەگەر سیمون ئانێک ڕووی خۆی وەربگێڕێت، ئەمنیش هەر ئەو کارە دەکەم.

گەرەکێتی بۆی دەربچێت و هەڵبێت.

سیمون دوپلە: لەکاتێکا کە ناهێڵێت ڕا بکات.

هێی! بڕۆرەوە بۆ نێو ڕیزی خۆت! بۆ کوێ دەچیت؟

نەفەرێک: دەچمە سەر ئاو.

سیمون: هەر لەشوێنی خۆتا میز بکە.

نەفەرەکە: شەرمێ دەکەم ڕووم نایە.

سیمون: دەستەی ئامادە ناترسێت.



نەفەرەکە: بەڵام سیمون، چەسوودێکی هەیە. لێرەدا لە ناوەڕاستی ئەم گۆڕەپانەدا هەروا بمێنینەوە؟ هیچ ڕووداوێک ڕوو نادات. ئایا خاستر وانییە بچینە ناو ئەو کافەیە و لەوێڕا چاوەڕێی ڕووداو بین؟ زوانم وشک بووگە.

سیمون: بچۆرە سەر حەوزەکە! ئەو کارەبکە کە هانریو کردی.

نەفەرەکە: بەسووکییەوە:

ئاو بۆ پیاو نییە.

سیمون: ئەدی بۆ کێیە؟

نەفەرەکە: بۆ ئاژەڵەکانە.

لەو پەڕی شانۆکەوە جموجۆڵێک دەکەوێتە نێو خەڵکەکەوە، جەنجاڵ و دەنگە دەنگ و چەپڵە لێدان دەبیسترێت.

سیمون: [*وەردەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕووی داوە*]

ئەوە چییە لەوێ؟

یەکێک: ڕوبسپییر وا دێت.

یەکێکی دیکە: ئەرێ زۆر زوو نییە! لە ئاکاما بڕیاری خۆی دا.

سیمون: ئەم دەنگە دەنگە چییە؟

*[سیمون فەرمانەکەی خۆی لەبیر دەچێتەوە، بەنێو خەڵکەکەدا ڕادەبوورێ بۆ ئەوەی چاوی بەڕوبسپییر بکەوێت کە دیارنییە، تاوێک لە چاو ون دەبێ].*

سمپرونیوس: با هەرچی زووتر سوود لەم هەلە وەربگرین!... من، بۆی دەردەچم... هەر ئەوەندە بەسە. ژنەکەم چاوەڕێمە، دەگەڕێمە ماڵەوە... [*ڕادەکات*].

سپیتون: من، دەڕۆم ئاو بخۆمەوە.

*[ئەویش هەڵدێت].*

ئەپامینونداس: ئەمنیش لەگەڵ تۆدا دێم...

[*ئەویش دەیەوێ ڕابکات؛ لەپڕ سیمون دەگەڕێتەوە. هەر لەیەکەمین چاوگێڕاندا، پێی دەزانێ کە دووان ڕایان کردووە*]

سیمون: کێ ڕای کردووە... سمپرونیوس... و سپیتون...ئاخ بەرازینە! ناکرێ تاوێک چاویان لێ غافل بکرێت... تۆ، ناهێڵێم تۆ ڕابکەیت...، ئەپامینونداس، بگەڕێوە بۆ

ڕیزەکەی خۆت! شەرمێ ناکەی؟

*[کەمێک دەنگە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ دێتە بەر گوێ]*

نەفەرێک: ئەو هاوار هاوارەیان لە چییە؟

سیمون: تف لەسەرو فەسالّی ئەم جۆرە پیاوانە! ئەوانە بەکۆیلەتی هاتوونەتە دنیا و بەکۆیلەتیش دەمرن. داوای ئازادی و ڕزگاری بۆ ئەم جۆرە کەسانە، کات بەفیرۆدانە؟

نەفەرەکە: مەبەستت کێهایە؟

سیمون: لە کاتێکا ڕوبسپییر تێپەڕ دەبوو، کرێکارە هەمیشە مەستەکان، لە بریتی ئەوەی چەپڵەی بۆ لێ بدەن، دەیانقیژاند: «بمرێ! چروچاوی خواتەوە!»... و فیکەیان بۆ دەکێشا. ئەوانە هەرگیز بیر لە ئازادی ناکەنەوە، تەنیا بیر لە ڕۆژانەو زکی خۆیان دەکەنەوە.

نەفەرەکە: ئاخر خۆ دەبێ خاس بخۆین.

سیمون: هە! گەوجە. دەبێ نەبوونی بکێشین! ئەوە دەهێنێ کە زەحمەتی بۆ بکێشین و پشتوێنەکانمان توند بکەینەوە بۆ ئەوەی لە خەباتی سەرسەخت و پیرۆزی بەختەوەرییا سەرکەوین. بەڵام هیچ کامێکتان ئەوە ناهێنن. هەمووتان پاشەڕۆژ بەمشتێک پارەو دراو دەگۆڕنەوە و دەیفرۆشن.

یەکێک: [*زۆر بەپەلە لە شەقامی ڕۆخی ڕووبارەکەوە دێت*].

سیمون! سیمون! دوو دەستە لە کنوانسیونەوە کەوتوونەتە ڕێ، دەستەیەکیان لە ڕۆخی ڕووبارەکەوە و، ئەوی دیکەیان لە شەقامی سنت – ئونورە، بوردن و فرەرون، سەرکردایەتییان دەکەن. باراس فەرماندەی هەموویانە.

سیمون: بۆ پێشەوە! پێخاوسەکان ئێوە لە قوژبنی شەقامەکانی ئەپین، وانری و تانری سەنگەر ببەستن. ئێوەش لە جێگەی دیدەوانییەوە چاودێری دەرگاکانی ئوتیل دوویل بن و ئێمە لەسەر ڕێگاکانی ڕۆخی ڕووبار بەرەنگاریان دەبینەوە.

بە سێ پەل دابەش دەبن؛ هەر پەلێک بۆ جێگەیەکی دیاریکراو دەڕۆن. قەڵەباڵغییەک لەسەر شەقامەکانی ڕۆخی ڕووبارەکە ڕوودەدات؛ دەستەیەکی نارێک و پێک دەگەڕێتەوە.



ئەوانەی گەڕاونەتەوە:

– ئەوان وا دێن! وادێن!

– ئیدی بەرێوە نارۆن

– گورج کە! با لەولاوە دەربچین.

سیمون: خەریکی ڕاگرتنی هەڵاتووەکانە

لەکوێ پێیان گەیشتن؟

یەکێکیان: لەسەر پردی شانۆ

سیمون: کێها فەرماندەیان بوو؟

یەکێک: لئونارد بوردن. گراویلیەکان لە پێشیانەوە دەهاتن.

سیمون: غاینە بەزیوەکان! ئەوە چییە بەدەستتەوە؟

*[بەیاننامەیەکی لەدەست دەسێنێت]*.

نەفەرەکە: سیمون، ها بگرە بیخوێنەرەوە. تازە بەدیوارەکانەوە هەڵیان واسیبوو. تەپڵیان لێ دەدا و بەدەنگی بەرزەوە لەسەر شەقامەکانا دەیانخوێندنەوە!

سیمون: [*زۆر بەپەلە دەست دەکا بەخوێندنەوەی بەیاننامەکە*]

دەستوورو فەرمانی شاری پاریس: هانریو، فلوریو – لسکو، ڕوبسپییر و کومون فەرمانی گرتنیان دەرچووە...

– خاسە، قسە مەکە! لەگەڵ ئەوانی تریش قسان مەکە و هیچیان پێ مەیەژە!... ئێمەش فەرمانی گرتنی ئەوان دەردەکەین.

*[هانریت و ئەلیزابت، هیلاک و ماندوو بەهەناسە بڕکێوە دێن]*

سیمون: خوشکە چکۆلەکانم، ئێوە لێرە چ دەکەن... وام دەزانی ئێستاکێ لەماڵەوەن.

هانریت: ڕێگەیان نەداین بڕۆین؛ ئێمەیان گێڕایەوە دواوە. ڕێگەی ڕۆخی ڕووبارەکە بەستراوە

سیمون: گورج بکەن! لەشەقامی کوکییەکان و وروریبەوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. یەک ئان کات بەفیرۆ مەدەن... ناتوانم کاتی خۆمتان بۆ تەرخان بکەم. هانریت! ئەتو ژیرتریت. ئەلیزابت لەتەک خۆتا بەرەوە. یەڵڵا خێراکەن، ڕاکەن!

*[سیمون بەپەلە بەرەو ڕۆخی ڕووبارەکە ڕادەکا بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکانی]*

ئەلیزابت: من دەترسم! من دەترسم، ئاه، هانریت! ئەو سەربازانە کێ بوون؟

هانریت: داروودەستەی کنوانسیون بوون

ئەلیزابت: ئەی ئەو سێ ناپیاوە خوێڕییانە کە سواری ئەسپ بوون هاواریان دەکرد؟

هانریت: ئەوانم ناسییەوە: بوردن، بارسی، فرەرون...

ئەلیزابت: ئەوان فرە تووڕەبوون؛ دەڵێی جنۆکەیان دیتبوو. بەدەنگی بەرز چییان دەگوت؟

هانریت: نازانم...

ئەلیزابت: گوێم لە ناوی خۆشەویستەکانمان بوو... دەربارەی ئەوان چییان دەگوت؟

هانریت: نازانم...

ئەلیزابت: دەیان نەڕاند: «فەرمانی گرتن!» مەبەستیان چی بوو؟

هانریت: نازانم...

ئەلیزابت: تۆ دەزانیت، دەزانیت... پێم بێژە.

هانریت: بێرەوە! نابێ لێرە ڕاوەستین!

ئەلیزابت:« فەرمانی گرتن» مانای چییە؟

ڕێبوارێک: گوێی لە پرسیارەکەی دەبێ.

دایە چکۆلەکەم، مانای ئەوەیە کە خاستر وایە «گۆڕبکرێن!».

ئەلیزابت: دەقیژێنێت

ئاه!... نا، نا، نامەوێت! من ئیتر ناڕۆم، دەڕۆم بۆ لای ئەوان!...

هانریت: [*لە کاتێکا بەدوای خۆیا ڕایدەکێشێت*]

ئێمە دەبێ گوێڕایەڵی ئەوان بین. ئەوان دەستووریان پێ داین کە بگەڕێینەوە ماڵەوە، نابێ بەگوێیان نەکەین.

نەفەرێک: [*خەریکە هەڵدێت*]

خێراکەن؛ لە شەقامی تیساندرییەوە، چوارڕێی سانت ماری، تازە گیراوە.

هانریت: [*ئەلیزابت بەدوای خۆیا ڕادەکێشێ*]

با ڕابکەین! دەبێ کوڕەکەت ڕزگار بکەیت...

*[لەگۆشەیەکەوە، لەلای چەپەوە، لەچاو ون دەبن، گۆڕەپانەکە زۆر زوو چۆڵ و هۆڵ دەبێ، باران نم نم دەبارێ]*



تۆپچییەکانی کوفینال: [*سەریان بەرز دەکەنەوە*]

– ئاخری لەو سەرەوە دەستی کرد بەدڵۆپە کردن.

– زۆر دەمێکە چاوەڕێی بووین!

– بەربەستی[٧٧] ئاسمان شکا.

– پیاو حەز دەکا بەسەر گازی پشتا پاڵ بکەوێت و لێی بخواتەوە!

– نە، بۆ تەڕکردنی قوڕگم، کوپەڵەیەکی دیکەم پێ خۆشترە

*[چەخماخەی بروسکە و گرمە و ناڵەی هەور بەرز دەبێتەوە]*

– ئەوەتانێ، وجودعالی وا شەق دەبات.

– خوای پیرۆز و میهرەبان لەبەر ڕوبسپیر خەریکی تیر هاوێژتنە.

– خاسە، وا تەڕدەبین! بچینە پەنا پەسێوێک؟

– ناتوانین تۆپەکانمان هەروا لەوێرا بەجێ بێڵین.

– لە گۆشەیەکی کافەکەدا دادەنیشین و چاومان لێیان دەبێت. لەکاتێکا باران تەڕیان دەکا و دەیانشواتەوە ئێمەش کەمێک تورگمان تەڕ دەکەین!

*[هەموویان بەرەو کافەکە پەرش و بڵاو دەبنەوە. شەو داهاتگە.]*

کوفینال: [لە ئوتیل دوویل دێتەدەرەوە]

کوا تۆپچییەکانم؟... سەگ بابینە!... [بەدوای چەند کەسێکیان کە لە دوای هەموانن ڕادەکا و یەک دوانێکیان لێ دەگرێت] بەرازینە! بەم پەلەیە بۆ کوێ دەردەچن؟

دەگەڕێنەوە یا!...

تۆپچییەک: ئاخر باران دەبارێ!

کوفینال: بەباران قەڵس دەبی؟ خوێری، پیس؟ دەترسی داڕزێیت؟ [*دەگەڕێتەوە و ڕوو دەکاتە ئەفسەرێک کە بەدوایەوە دێت و بەدەنگی بەرز پێی دەڵێ*] ئیتر کەسم بەرچاو ناکەوێت.

گشتیان سوود لەتاریکایی شەو وەردەگرن و هەڵدێن. گۆڕەپان ڕەشە، دەڵێی دەمی ئەشکەوتە... پێیان بڵێ با چراکانی سەر دەرگای ئوتێلەکە دابگرسێنن.

*[ئەفسەرێک زۆر بەپەلە ڕادەکات و پاش تاوێک هەموو چراکانی سەر دەرگای ئوتیل*

*دوویل دادەگیرسێت. بەڵام ڕووناکییەکە جگە لە چۆڵێتی ناو گۆرەپان هیچی دیکە پێشان نادات. باران شەستە دەکات، بەردی سەرجادەکان دەدرەوشێتەوە. کوفینال تەماشایەکی لای ڕاست و چەپ دەکات]:*

هەموویان وەک مشک ڕایان کردووە و خۆیان شاردۆتەوە... دەڕۆم لەکونەکانیان دەیانهێنمە دەرەوە!

*[ڕادەکا بەدوایانا بۆ ناو کافەکە].*

*[هەر لەم کاتەدا، کوتون لەژێر شەستەی بارانا لەناو گۆڕەپانەکەدا دەردەکەوێت. لەسەر کورسییە چەرخدارەکەیا دانیشتووە، هەردوو دەستی خۆی خستۆتە سەر دوو دەستەی چەرخەکەی و بەخێرایی دەیچەرخێنێت و دەنگی جیکەجیکی لێ وەدەر دێت. سەروسنگی هێناوەتە پێشەوە، دانە جیرە دەکات. دوو ژەندەرمە «مورن و ژاووار» بەدوایا ڕادەکەن و هاوار دەکەن]:* ڕاوێستە!... ڕاوێستە!...

هەورە تریشقەیەکی ترسناک.

*[کورسییە چەرخدارەکەی کوتون لەبەر دەمی پلەکانی ئوتیل دوویل، لە ژێر پەنجەرە بڵندە ڕۆشنەکانی نهۆمی یەکەما، ڕادەوێستێ.*

*[کاتژمێر یەکی دوای نیوەشەو پێشان دەدات]*

**[پەردە دادەدرێتەوە]**



# تابلۆی بیست و دووەم

کات: شەوی ٩ لەسەر دەی ترمیدر. کاتژمێری یەک تا دووی سەرلەبەیانی، پاش بارانێکی زۆر.

شوێن: تالاری بچوکی یەکسانی لە ناو ئوتیل دوویل. ڕوبسپییر لە پشت مێزی لیژنەی هەڵسووڕاندنی کومون. لە ناوەڕاست «فلوریو» «لسکوی» سەرۆکی شارەوانی و «پایان» نوێنەری کومون دانیشتووە. لەوسەری مێزەکە، لە بەرامبەرییەوە، کوتون کە تازە هاتۆتە ژوورەوەو لەسەر کورسییە چەرخدارەکەیەتی و دانیشتووە.

ئاگوستن ڕوبسپییر، لە پشت سەری براکەیەوە ڕاوێستاوە، خۆی بەسەر کاغەزەکانی نێو دەستییەوە نوشتاندۆتەوە.

سن ژوست ، لەولای مێزەکەوە دانیشتگە؛ بێ تەرخەم دێتە بەرچاو و هیچ گوێ ناداتە قسە و گفتوگۆکان.

لوبا هەڵدەستێ و پەردەی پەنجەرەکانی سەر بەگۆڕەپانەکە تا نیوەی هەڵدەداتەوە و تەماشای دەرەوە دەکات. گشت پەنجەرەکان کراونەتەوە. دەنگی تەوژمی ڕیژنەی باران دێت. هەموویان دوگمەی کراسەکانیان کردۆتەوە. زۆر بەدژواری هەناسە دەدەن. هەموو پەکەر و هیلاک و ماندوون. جگە لە ڕوبسپییر، سن ژوست و کوتون، ئەوانی دیکە هەموویان لەنێو خۆیانا خەریکی ئاخافتنن.

– باران!... لە ئاکاما باران باری...

– هەناسە دەدەن!...

– پیاو لەم کاتەدا هەموو هیلاکی و ماندوویەتی بەسەرشانی خۆیەوە هەست پێ دەکات!...

– ئیدی هیچ کارێک ناکرێ... پیاو وا هەست دەکا خەریکە پەکی دەکەوێ... گەرەکێتی هەر لەوێڕا لە جێگەی خۆیا بخەوێت... هەرکەس دەیەوێ بابێت.

– نە! نە! دەبێ خۆمان ڕابگرین.

– با سەعاتێک بخەوین!... تەنیا چارەکە سەعاتێک.

– نە، تەنانەت یەک دەقیقەش نەء! دەنا لەناودەچیت و ئیدی هەرگیز هەڵناسیتەوە.

ئەگوستن ڕوبسپیر: [*ڕوو دەکاتە ڕوبسپیری برای*]

خاسە ماکسیمیلین، فرە درەنگە، دەبێ ئیمزای بکەیت.

فلوریو لسکو: وا خەریکە پاریسمان لە دەست دەچێ، ئێمە کاتی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین.

پایان: لە کاتژمێری ١٠ی شەوا، لە ٤٨ کۆمیسێر، بیست و حەوت کۆمیسێریان لێرە بوون، هاتبوون بۆ ئەوەی دەستوور وەربگرن. ئێمە پێویستیمان بەتۆ هەبوو کە دوا بڕیار و دەستوورمان بۆ دەرکەیت. دوو سەعاتی تەواو چاوەڕێت بووین، ئیدی ئەوان ماندوو بوون و ڕۆشتن.

لوبا: ناو گۆڕەپانە چۆڵ و هۆڵە و کەسی تیا نەماوە. خەڵکی لەژێر بارانا بڵاوەیان لێکردووە. [*بەرەو لای سن ژوست دەڕوات*].

سن ژوست ، لەوە دەچێ ئیدی کەس نییە پاسەوانی لە ئوتیل دوویل بکات. تۆپچییەکان تۆپەکانیان بەجێ هێشتووە. بێرەوە با پێکەوە چۆنیەتی بارودۆخی مەسەلەکە هەڵسەنگێنین.

سن ژوست: [*بێ ئەوەی هیچ تەکانێک بەخۆیا بدات*]

هیچ سوودێک نابەخشێ. مرۆڤ تەنیا لە کاتی هێرشا بەرگری لە خۆی دەکات.

لوبا :دەبێ چی بکەین؟

سن ژوست: زۆر درەنگە؛ کار لەکار ترازاوە.

پایان: [*ڕوو دەکاتە ڕوبسپیر*]

ئێمە سەرکردایەتی سوپامان ناچار کردبوو کە دەست بگرن بەسەر ئەو بەشانەدا کە جێگەی متمانە نین لە «موزەئم» و «مەڵبەندی مافی مرۆڤ» و بیانگرن؛ بەڵام هانریو تەنانەت شیاوی ئەنجامدانی ئەم کارەش نەبوو. ئەوانیش گشتیان هەڵهاتوون.

فلوریو لسکو: ئێمە توانیمان ناقوسی نوتردام لێ بدەین و دەنگی بەرز کەینەوە. «سیتە» ڕازی نەدەبوو ئەم کارە بکەین. دووبارە هەر کەسێکمان قاو کردووە بێ سوود بووە. ماکسیمیلین، تەنیا ناوی تۆ دەتوانێ خەڵکی پاریس ببزوێنێ. دە، بنووسە و قسە بکە.

ئەگوستن ڕوبسپیر: بانگەوازەکە ئیمزا بکە! بانگەواز بۆ جەماوەری خەڵک...



کوتون: تەنیا ئەمە بەس نییە!... خەڵکێک کە لە ژێر بارانا ڕیزەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن، چییان لەدەست دێ بیکەن؟ بانگەوازێک بۆ سوپا دەربکە.

ڕوبسپیر: مەحاڵە! هەرگیز ئەم کارە ناکەم، بەهیچ جۆرێک ناتوانم کۆمار بسپێرم دەست دیکتاتۆریەتی نیزامی.

کوتون: کۆمار بەرهەڵستی ئەوە ناکات کە ژەنەڕاڵەکانی لە ڕووی بێگانەکانا ڕاوێستن و بەرگری لێ بکەن.

ڕوبسپیر: ئەگەر ڕۆژێک بێت و کۆمار بۆ دابینکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، ڕێگە بدات سوپاییەکان دەست بەکاربن، ئەو ڕۆژە بێگومان ڕۆژی لەناوچوونی کۆمارە.

کوتون: ئەگەر بێتو ئێمەش دەست بەئەژنۆ و چوار مشقی بۆی دابنیشین، ئەوساکەش کۆمار هەر لەناو دەچێت؛ لەپڕ تووشی لەرز و بەگیروەستان[٧٨] دەبێت.

لوبا: [*بەپەلە بەرەو لای کوتون دەچێ*]

چیتە؟

کوتون: ئیتر ناتوانم. توانام نەماگە. دڵم تێکەڵ دێ؛ دەڵێی دەکوتن بەسەرما. ئیدی هیچ شتێک نابینم... ئەی لەشی ڕەنج کێش، هیمەتێک!

ئەگوستن ڕوبسپیر: [*ڕوودەکاتە براکەی*]

پێش هەموو شتێ دەبێ سەرکەوین!... بانگەواز بۆ خەڵک ئیمزا بکە.

ڕوبسپیر: بەناوی کێهاوە؟

فلوریولیسکو: بەناوی خۆتەوە.

ڕوبسپیر: لەنێو سێ سەد نوێنەری کنوانسیون، من جگە لەوەی خزمەتکارێکی کۆمار کە نوێنەری ئەوم، ئیتر هیچی دیکە نیم.

ئەگوستن ڕوبسپیر: خاسە، کەواتە بەناوی کنوانسیونەوە ئیمزای بکە!

ڕوبسپیر: کنوانسیون مردگە. ئیدی هێزو توانای کەسایەتی ناتوانێ جێگری بێت.

لوبا: بەناوی خەڵکی فەرەنسەوە.

ڕوبسپیر: ئەم کارە خەڵک دەبێ خۆیان بیکەن؛ نەک ئێمە.

لوبا: ئێمەش خەڵکین.

ڕوبسپیر: تەنیا ئەوەی کە خەڵکین بەس نییە.

کوتون: [کەمێک دێتە سەرخۆی]

من لە شاری لیون لەمە خراپترم دیوە؛ لەم بارەوە بەڵگەم هەیە. دەبێ باوەڕمان بەکارەکەمان بێت و بەدەستێکی پۆڵایی مێشکی دوژمنانی خەڵک بپژێنین و وەک هەورەتریشقە بگرمێنین. من ئامادەم، من لە هەمووتان زێتر خۆم ڕاگرت و بەرهەڵستی ئەو داخوازیەم کرد کە کومون کردی بۆ قوتار کردنمان لە زیندان. من لەو باوەڕەدابووم و ئێستاکەش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم کە لەم ڕووەوە هەڵەمان کرد کە ڕێگەمان پێدان فەرمانی گرتنەکەمان ئاشکرا بکەن و بڵاوی بکەنەوە. بەڵام کاتێک پیاو بڕیارێکی دا، ئیدی نابێ لێی پەشیمان و پاشگەز بێتەوە. پێویستە تا گەیشتنە ئامانج ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر و بڕوات.

لەبەرئەوەی کنوانسیون فەرمانی گرتنی ئێمەی دەرکردووە، دەبێ یاسای لەدەست دەربهێنین و دەستیان کورت بکەینەوە. هەر کەسێک پێی خۆشە دەتوانێ لەتەک منا بێت. گێڕو گوج و شەپلە. دەمەوێ پێش هەموو نیشتمانپەروەرەکان و تۆپچییەکانی کوفینال بکەوم و دژی کنوانسیون ڕاپەڕم.

ئەگوستن ڕوبسپییر: ئەمنیش لەتەک تۆدا دێم؛ بابڕۆین.

پایان: ئێمە دەتوانین هەموو ئەو تۆپچییانەی تا ئێستا وەفادارمانن و پێخاوسەکانیش ڕاپەڕێنین...

لوبا: سن ژوست! تۆ بۆ وا زارت بەستووە و هیچ قسان ناکەیت؟

سن ژوست: من بۆ قسەکردن نەهاتوومەتە ئێرە؛ بەڵکو...

لوبا:... بۆ کارکردن هاتوویت؟

سن ژوست: نە، لوبا! من بۆ مردن هاتووم؛ ئیدی کاتی کارکردن تێپەڕیوە. ئێوە نەتاندەتوانی، یاخود نەتاندەویست ئەم ڕاستییە ڕوون بکەنەوە. ئێمە ڕێگەمان پێدان کە چەکمان بکەن.

کوتون: سن ژوست ، ئەتۆش لەم ڕووداوەدا بەرپرسیاری! تۆ چوار ڕۆژ لەمەوبەر فەرمانێکت ئیمزاکرد، ئەو فەرمانە بووە هۆی ئەوەی باشترین و دڵسۆزترین تاقم و دەستەکانی پاراس کە وەفادارمان بوون، بەرەو سوپای ژووروو بنێررێن.

سن ژوست: ئەمە ڕاستە؛ بەڵام من ئەم کارەم بەنیەتێکی پاکەوە کرد. وام بیردەکردەوە کە بۆ دواجار، تێ بکۆشم ناکۆکی و دووبەرەکی نێو ئەندامانی کۆمیتە لەناوبەرم و



دووبارە یەکیان بخەمەوە. ئەوانیش و ئێوەش نەچوونە ژێر ئەم بارە، ئەو کاتەی کە ئەو فەرمانەم ئیمزا دەکرد تا ئەندازەیەک ئاگام لەخۆم بوو و هۆشیار بووم. ئەمە پەڵپ و بیانوویەکی خاس بوو، چونکە هیچ کامێکیان نەدەچوونە ژێر باری ئەم ڕیسواییە ناچارییە و ئەمە تەنیا ڕێگە و ڕەوشتێک بوو کە دەیتوانی کۆمار ڕزگار بکات!

کوتون: کام ڕێگەو ڕەوش؟

سن ژوست: دیکتاتۆرییەت. پێویست بوو لە سەرمان، هەروەکو ڕۆحی کۆن لە بارودۆخێکی وا دژوار و ناسکا هەموو هێزو تواناکان بسپێرینە دەست تەنیا پیاوێک کە دەبووە تەوری دەستی کۆمار؛ تەنیا ماوەی چەند مانگێک و یاخود چەند حەوتەیەکتان دەویست بۆ ئەوەی ئەژدەهای سەد سەری پیلانەکان لەناوبەرن و هەموو ئەو بەربەستانەی کە ڕێگەیان لە شاڵاوی لافاوی شۆڕش دەگرت، بشکێنن. پاش ئەوەی شۆڕش سەردەکەوت و ئەرکی سەرشانی خۆی بەدی دەهێنا و ڕووباری پڕتەوژمی شۆڕش ڕێگەی ڕاستی خۆی دەگرتەوەبەر، ئەوساکە ئەوکەسە دەیتوانی بێت و تەورە خوێناوییەکەی بداتەوە دەست ئێوە. ئێوەش تەورەکەتان دەشکاند.

ڕوبسپییر: نە، تا ئەو ڕۆژەی من زیندووم و هەم، هیچ کەسێک – هەرچەندە پاک و جێگەی متمانەش بێت – تەوری دیکتاتۆرییەت بەدەستەوە ناگرێت. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە «سنسیناتوس»[٧٩]یش بێت. ئەگەر ئەو کەسەی دوای ئەنجامدانی کارەکەی، بەڕەزامەندی خۆیشی بچێتە کەنار، هێشتا کۆمار و خەڵک، بەهۆی ئەوەی کە ڕێگەیان داوە ئەم کارە پەستە ئەنجام بێت و لەنرخی گەورەیی و مەزنییان کەم بۆتەوە، دادەڕزێن.

کوتون: [*پاڵی داوە بەلوبا ، ئەگوستن و پایان*]

کەوایە پەنا بەرنە بەر فەرمانڕەوای گەورە!... جەماوەری خەڵک!... و بۆ لەناوبردنی غاینەکان، با پاڵ بدەینە پاڵ سوپاکەمان.

ڕوبسپییر: من باوەڕم پێی نییە.

ئەگوستن: بەڵام تۆ ساڵی پار باوەڕت پێ بوو.

ڕوبسپییر: ئیدی باوەڕم پێی نییە.

کوتون: تۆ یەکەمین کەسێک بوویت کە هانت دان دژی «ژیروندن»ەکان هەڵسن

ڕوبسپیر: ئێستا ئیدی ڕۆژی ٣١ ی مانگی مە نییە.

ئەگوستن: چی شتێک گۆڕاوە؟

ڕوبسپیر: هەموو شتێک گۆڕاوە. ئەو کاتە تواناترین هێزەکانی کۆمار گشتیان پێکەوە بوون و یەکێتییان لەنێوانا بوو: مارا، دانتون، ئەبر... بەڵام ئیمڕۆ زۆر بەئاشکرا دەتوانین بڵێین کە دەوروبەریان بیابانێکی ئەبەرهووە!

کوتون: ئەمە قسەی بێ باوەڕەکانە! ئایا ئەبرو دانتون دەبوایە بمانایە؟

ڕوبسپیر: ئەم کارە مەحاڵ بوو. ئەگەر پێویست بێت ئەم کارە دووپات بکەمەوە. ئەنجامم دەدایەوە.

کوتون: هەمیشە بۆی بەداخەوە بووم. ئەمە کارەساتێکی دڵتەزێنە کە ئەم جۆرە پیاوانە شووم بن بۆ کۆمار و ئێستا، کە دەبێ دژی کەسانێک کە ئەویندارى کۆمارن وەک بیو، بارەرو کارنو، بوەستێنەوە.

کوتون: ئەمانە هەموویان قینیان لە تۆیە.

ڕوبسپیر: ئەمنیش قینم لەوانە.

کوتون: ماکسیمیلین! تۆ ئیمشەوەکە فرە ئنجیلییت.

ڕوبسپیر: من کۆمارم لەخۆم زێتر خۆش دەوێت و خاس دەزانم کە هەریەکە لەم مەرگانە کەخوێنی باشترین ئەویندارانی کۆماری تیا دەڕێژێت، هەرگیز ناگێڕێتەوە. ئەگەر لەو باوەڕەدا نەبوومایە کە ئەم چەند کەسە قەڵسە دەبنە هۆی تیاچوونی کۆمار. ڕق و کینەی خۆمم دەخواردەوە، بەڵام ئەگەر بەردەوامبوونی ئەم شەڕی براکوژییە پێویست بێت، تەنیا لەهەڵومەرجێکا دەبێ کە بتوانرێت لەلای خەڵکی بەشەرەفی کنوانسیون پاڵپشتێک بدۆزێتەوە... عەوداڵی پەیداکردنی پاڵپشتێک بووم، بەڵام بۆم نەدۆزرایەوە. «خەڵکی بەشەرەف» ئەو دەستەی بۆم درێژکردن، گێڕایانەوە دواوە، ئەوانیش غیانەتیان لێ کردم. ئیمڕۆکە دەبێ متمانە بەکێها بکەین و بیکەینە پشتیوانی خۆمان؟ سن ژوست ڕاست دەکات؛ تەنیا پەنابردنە بەر دیکتاتۆرییەت دەتوانێ کارێک ئەنجام بدات. بەڵام من ئەوە پەسند ناکەم. پەنابردنە بەر دیکتاتۆرییەت مانای بەرپەچدانەوەی باوەڕی خۆمانە.

سن ژوست: ماکسیمیلین! دەزانم دەڵێی چی و تێتدەگەم و لە ئاستتا سەر دادەنوێنم. بەلایەنی کەمەوە پێویستە لەسەرمان بۆ پاشەڕۆژ و بۆ نەوەی داهاتوومان پاکی ناوبانگی خۆمان بپارێزین.



کوتون: ئەوە تەنیا لە کاتێکا دەبێ کە سەرکەوتووبن. ماکسیمیلین و تۆش سن ژوست، ئەگەر لەم خەباتەتانا سەرنەکەون و بشکێن، ئەوا بۆ هەمیشە و لە چەرخەکانی داهاتوودا سەرشۆڕ دەبن.

ڕوبسپیر: کوتون، ئەوە دەزانم! ئەوان بەدناوم دەکەن. مێژوو خزمەتکارێکی زەبوونی سەرکەوتنەکانە.

سن ژوست: دوای بەدناوی، دادپەروەرێتی. لە ئاکاما دادپەروەرێتی جێگیر دەبێ. چەندین سەدە تێدەپەڕێت، ئەو ڕۆژە دێت، تۆز و خۆڵی ئێمە بۆ مرۆڤایەتی ئازاد و بەختەوەری داهاتوو، دەبێتە مایەی شانازی و پیرۆزی.

کوتون: پاشەڕۆژێکی ڕوون بۆ ئەو کەسانە کە دوشوستی دێنن، نییە.

سن ژوست: من هەرگیز ناشکێم. ئەوان دەتوانن ژیانی کەسانێکی وەک ئێمە بگرن کە لەپێناوی ئازادییا بردوویانەتە سەر، بەڵام مەحاڵە بتوانن مردنی ناو پێخەفمان بەسەرا بسەپێنن.

فلوربو – لسکو: بۆ ئێمە گرینگ نییە سن ژوست لەنێو گۆڕدا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. ئێمە تا دوا هەناسەی ژیانمان بەرگری لێوە دەکەین. ماکسیمیلین! ئێمە تا دوا دڵۆپەی خوێنمان و تا سەرەمەرگ لایەنگری تۆین. تۆ ناتوانیت دەست لە خەباتکردن هەڵبگریت. ئەشێ ئیمزای بکەیت.

ڕوبسپیر: ئەم کارە هیچ سوودێکی نییە.

پایان و ئەنگوستن: ئیمزای بکە!

لوبا: لە پەنجەرەکە نزیک دەبێتەوەو تەماشایەکی ناو گۆڕەپانەکە دەکات.

ئەم خەڵکە – «کاریان بەکێیە؟» – ئەوانە کێن لە گۆڕەپانەکەوە بەرەو ئێرە دێن؟...

[*ڕوو دەکاتە کۆفینال کە دێتە ژوورەوە*] کوفینال!

کوفینال: [*بێ ئەوەی تەماشا بکات*].

هەموو شتێ ئارام و لەسەرخۆیەتی، دەستەکانمان خاسن. ئیزنم دانێ وچانێک بدەن. پێش ئەوەی دەست بەکاربین، پێویستە لەتەک ئەو هێزە یاریدەدەرەی کە بەڵێنیان پێ داوین بێن، بەهێزتریان بکەین. ڕوبسپیر، ئیمزای بکە.

لوبا: لەبەر دەمی پەنجەرەکەوە

ئەوانە وا خەریکن بەرەو پێپلیکەکانی ئێرەوە دێن «ڕوودەکاتە سن ژوست کە

هاتۆتە نزیک پەنجەرەکەوە»... بڕوانە، سن ژوست! ئەوانە دەناسیتەوە؟

سن ژوست: بیانناسمەوە یان نەیانناسمەوە چ سوودێکی هەیە! وازبێنە با کەمێک لەم هەوا خۆشەی ئیمشەو هەڵمژم.

لوبا: ماوەیەکی زۆرە چاوت و ناچەوانتم بەم شێوەیە ئارام و درەخشان و بەختەوەر نەدیبوو.

سن ژوست: من بەختیارم. لە گێژەڵۆکەی ژیان هاتوومەتە دەرەوە و ڕزگار بووم.

لوبا: من هیچ بەختەوەر نیم. من بەهەموو ڕەگ و خوێنمەوە پێوەی بەستراومەتەوە.

سن ژوست: کەواتە تاوێک سوود لە خۆشی دوا هەناسەکانی ژین بەرە. بەزووترین کات ئەم شەوە پاک و بێ گەردە پیس دەبێ، ئەم ئارامی و بێ دەنگییە نامێنێ.

لوبا: ناتانم... دڵە خورپێ دڵم دەتەزێنێ... هاتوونەتە ناو ئوتێل... ئەوا وەژوور دەکەون... سن ژوست! گوێ ڕاگرە؛ ئەمانە کێن؟

[دەرگا دەکرێتەوە. هێشتاکو هەموویان بەدەوری ڕوبسپیرەوەن کە لە ئاکاما کاغەزەکە ئیمزا دەکات. بوردن دەگەڵ دەستەیەک ژەندرمە خۆی دەکا بەژوورا]

بوردن: [*ڕوبسپیر پێشانی ژەندەرمەیەکی زەبەلاح دەدات*]
ئا ئەوەتا غاینەکە! مەردا، بیکوژە!

[ژەندەرمەکە گوللەیەک بەدەوری ڕوبسپیر دەتەقێنێ. دەم و چاوی ڕوبسپیر دەکەوێتە سەر مێزەکە، ئەوانەی دەوروبەری بەشڵەژاوییەوە بڵاو دەبنەوە].

کوفینال: [*پەلاماری بوردن دەدا و دەس دەخاتە بینە قاقەی*]
ئاخ! هەی پیاو کوژی تاوانبار!

*[ژەندرمەکان بەهەڵەداوان خۆیان دەگەیەننە ناو هۆڵەکە. دەگەڵ فلوریو لسکو پایان دەکەونە شەڕ و دەستەو یەخە دەبن. ئاگوستون ڕوبسپیر دەیەوێت لە پەنجەرەیەکەوە ڕابکا.*

*ڕوبسپیر، غەڵتانی خوێن بووە و بەرامبەر کوتونی داماو و بێ دەسەڵات، هەردووکیان توانای جووڵانەوەیان نییە، بەتەنیایی ماونەتەوە و هاوڕێکانیان بەجێیان هێشتن*

*کوتون بێ هوودە هاوار دەکات و داوای یارمەتی لە هاوڕێکانی دەکا]:*

«منیش لەتەک خۆتانا ببەن».

*[هەرکە دەیەوێ هەڵسێتە سەر پێ، دەکەوێتە سەر زەوی و دەتلێتەوە. پیاوەکانی بوردن بەشەق و لەقە دەکەونە گیانی و تێی هەڵدەدەن، لەپاشان وەکو تۆپ بەرزی دەکەنەوە و*



*لەسەر پلەکان تووی دەدەنە خوارەوە].*

*[سن ژوست، لە کەنار پەنجەرەکەوەیە وپشتی لەوە، بێ هیچ جووڵانەوەیەک ڕاوێستاوە. چاوەڕێی ئاکامی چارەنووسێکە کە خۆێ پێشبینی بۆکردبوو. لوبا چەند هەنگاوێک هەڵدێنێ بەرەو لای مێزەکە و دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو].*

لوبا: کوشتیان! کۆمار فەوتا... دوای مردنی ئەو ئیدی من ژینم بۆ چییە... خوات لەگەڵ بێ براکەم!

*[لەچاو ترووکاندنێکا دەمانچەکەی ڕادەکێشێ و گوللەیەک بەخۆیەوە دەنێ. سن ژوست دەیگرێتە باوەشییەوە].*

سن ژوست: لوبا، بەخوات دەسپێرم!... تۆ ئیدی ئازادیت! و ڕزگارت بوو... ڕێگەیەکی سەختم لەپێشە. ئەمجارە بێ تۆ ئەم ڕێیە دەگرمە بەر... بنوو، براکەم! بنوو. خۆزیام بەخۆت، بنوو...

*[زۆر بەمیهرەبانییەوە لەسەر زەوییەکە پاڵی دەخات].*

بوردن: [*دەست دەخاتە نێو قژی ڕوبسپیر و سەری بەرزەوە دەکات*]
نەمردگە! بەڵام دەمرێ.

مەردای ژەندەرمە: [*هەروەک کەڵەشێرێک بای کردۆتە خۆی و فیز دەکا. بەپێکەنینەوە دەست دەبات بۆ سمێڵەکانی خۆی و بای دەدا، دەڕوانێتە برینەکەی ڕوبسپیر کە خوێنی لێ دەتکێ، وەک کەڵەبابێک کە خەریکی باڵ وەشاندنە، دەکێشێ بەسنگی خۆیا و دەنەڕێنێ*]
خاس نیشانەم لێ گرتبۆوە!... بەمن دەڵێن مەردا!

بوردن: [*بەرەولای مەردا وەردەگەڕێتەوە و دەست دەخاتە سەرشانی و زۆر بەفیزەوە دەڵێ*]
مەردا! ئێستاکونێ ئیدی ناوی تۆ نەمرە و چۆتە ناو مێژوو.

*[سن ژوست بەرەو لای ڕوبسپیر دەڕوات، کە بەجنێو و قسە پێوتن تۆڕی دەدەنە سەر مێزەکە].*

*[ژەندرمەکان ڕێی لێ دەگرن و ناهێڵن بەرەو لای مێزەکە بڕوات، دەستی دەبەستنەوە]*

سن ژوست: [*بەسەر مێزەکەوە تەماشایەکی ڕوبسپیر دەکات و چاو دەبڕنە چاوی یەکتر*]
مامۆستاکەم! ئەمنیش لە تەکتام... خۆت ڕاگرە...

**[پەردە دادەدرێتەوە]**

## تابلۆی بیست و سێیەم

کات: [*سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٠ی ترمیدر (٢٨ی ژوئیە)*]

شوێن: [لەناو پاویون ئەگالیتە، لە تویلری، لەنێو تالاری کۆبوونەوەکانی دادڕەسی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک. ڕۆبسپییریان بردۆتە ئەوێ. ڕۆبسپییر وە بەرچاو دەکەوێ کە لەسەر مێزێکی مۆدێلی لویسی پانزەهەم پاڵ کەوتووە و سەری ناوەتە سەر سنوقێکی گەورە. چاوی کراوەتەوە و بێ ئۆقرە زەق بۆتەوە و هیچ جووڵەی نایە. ئاوی نێو دەمی پەیتا پەیتا خوێناوی دەبێت و ڕۆی دەکاتە نێو کیسەیەکی چەرمی چەرمگ. چەند شەقاوێ لەو لایەوە سن ژوست بەدەم و چاوێکی شەکەت و ماندوو، بێ کراوات، یەخەی کراسەکەی دڕیاگە، سەری بەرزەوە کردەووە و دانیشتووە، کەمێک دوورتر لەوان، لە گۆشەیەکی تالارەکە، دوما[٨٠] و پایان دانیشتوون. بەرامبەریان بەسەر دیواری لای مێزەکەی کە ڕوبسپییری لەسەر کەوتووە، فەرمانی کنستیتوسیوئل «بەیاننامەی مافی مرۆڤ» هەڵواسراوە.

تالارەکە پڕە لە ژەندەرمە، تۆپچییەکان، موچە خۆرانی دەزگا دەولەتییەکان، ڕۆژنامەچییەکان و خەڵکی دیکە لە هەمە جۆرە توێژەکان... هەموویان لەنێو تالارەکەدا خەریکی هاتوچۆ کردنن.

دەنگەدەنگی جۆراوجۆر:

– شای غاینەکان!

– ئێستا ئیدی پەکی کەوتگە.

– دەبوایە هەروەک کوندەبەبو بەبزمار بەسەر دەرگای ئەنجوومەندا دابکوترایە.

– چی سەروفەساڵێکی پیس و نالەباری هەیە.

– خۆی فرە بەجوان شیرین دەزانی. لەنێو کاخێکی ئاوێنە بەند و پڕ لە مۆم، دەگەڵ دووسەد سێ سەد ژنی ڕووت و قووتا جیێژنی دەگرت و ڕایدەبوارد. دەڵێن قەحپە بەناوبانگەکان، ژنان و کیژانی ئەو کەسانەی کە دەستووری گرتنیان دەردەچۆ، بۆ



دەهێنان: «ئەگەر حەز دەکەی کە ڕزگاریان بێت، دەبێ لە تەکما بخەویت!...» بێ گومان ئەوان نە کەسێکیان قوتار دەکردو، نەهیچ شتێک، لە ڕاستیا نە باوکەکانیان و نە خۆشەویستەکانیان و نە زێڕەکانیشیان...

– لە خواروو کافەکەیانا، ژێر زەوی و نەغمی وای تیابوو کەگشت لاشەکانیان تیا دەناشت؛ چونکە گەرەکی بوو سەری شەش هەزار پاریسی ببڕێت...

– ئەمە مەحاڵە!

– باوەڕ بکە، هەموو قسەکانم ڕاستن. و ئەم یەکەشیان [سن ژوست پێشان دەدات] دەرپێیەکی لە پێستی لەشی کیژێکی کلۆڵ کە بەگیوتین سەریان پەڕاندبوو، بۆ خۆی دووریبوو.

– ئاخ! دڕندە... دەبێ هەر بەزیندوویەتی پێستی کەوڵ بکرێت!...

[*ژەندەرمەکان خەڵک دوردەخەنەوە*]

ژەندەرمەکان: هاوشارییەکان! با بڕۆین، با بڕۆین. دەبێ ڕێز لە یاسا بگیرێت. تەنیا یاسا ئەشێ فەرمانڕەوا بێ. نەهەرکەس و ناکەسێک. ئێوە دەتوانن ئارام بگرن. یاسا چاودێری لەو کەسانە دەکات کە پەیڕەوی لێ دەکەن. ئەمانە تا پێش داهاتنی شەو، کەللەیان دەپەڕێنرێت.

یەکێک لە ناو خەڵکەوە: بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە.

ژەندەرمەیەک: ئەشێ بەمە قایل بیت! خۆ ئێمە پیاو خۆرنین.

[*یەکێک لەوانەی لە پەردەی سیانزەهەما، لە بنکەی ژاکوبنەکان ئافەرینی ڕوبسپیری کردبوو*]

– ئادەی با تەماشایەکی بکەم

یەکێکی دیکە: خاسە، لەوەدەچێ کە لەوبەر ناسیبێتت، ها؟

یەکەمین: نە، نە!... ئەمنیش وەک هەموو ئەو خەڵکە کاتی خۆی چاوم پێی کەوتبوو...

[*ڕوبسپیر دەڕوانێتە چاوی پیاوەکە. ئەویش دەشڵەژێ و ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و گەرەکێتی بۆی دەرچێ*]

یەکێکی دیکە: بەڵام من بیستوومە کە تۆ هاوڕێی بوویت...

یەکەمین: درۆیان عەرز کردوویت قوربان! سوێند دەخۆم کە وانییە.

یەکێکی دیکە: ئەگەر تۆ ڕاست دەکەی، تف بکەرە دەم و چاوی.

یەکەمین: سوێند دەخۆم و تفیش دەکەمەوە.

*[زۆر بەپەلە خۆی لە ناو خەڵکەکەدا بزر دەکات]*

پایان: بۆگەنینە! خاس دێتەوە یادم. لە بنکەی ژاکوبنەکانا کڕنوشی بۆ ڕۆبسپیر دەبرد...

دوما: ئەو گیانی خۆی ڕزگار دەکات. ئێمەی گێل گیانی خۆمان بەفیڕۆ لەدەس داوە و ئەم کارە لەبەر خاتری ئەوە [*ئیشارەت بۆ ڕوبسپیر دەکات*] کەچی تەنانەت نەیتوانی بەرگری نەلەخۆی و نە لە ئێمەش بکات. هەروا بەجێی هێشتین و بەرەڵای کردین. ئاخ، ئەگەر گوێتان بۆ قسەکانم شل بکردایە.

پایان: پەشیمانی بۆ کارێکی ئەنجام نەدراو، هیچ سوودێکی نییەو دەردێک دەرمان ناکات. ئیدی ئێمە تیاچووین. ئەگەر ڕوبسپیریش تیا نەچوبایە، ئەو ساکەش دەردێک دەرمان نەدەکرا.

هەموو هیوایەکمان لێ بڕاوەو هیچ ترووسکاییەک بەدی ناکەم. ئەمە کۆتایی کارەکانێتی، کۆتایی هەموو شتێک.

دوما: پیاو لەناو ئەم تەپۆتۆز و هەوا گەرمەدا لەهۆش دەچێ [*ڕوو دەکاتە ژەندەرمەکان*] هاوڕێیان! تەنانەت ئەوانەی لەسەرەمەرگیش دان. کەمێک ئاویان پێ دەدرێت.

ژەندەرمەیەک: ئەم قسەیەم لاپەسەندە. هەر کەسێک بێت، ئێمە هەموومان مرۆین.

*[دەیەوێ بچێت ئاو بێنێ]*

*[ژەندەرمەیەکی دیکە: بەردەمی دەگرێ]*

– وگولوس، ڕاوێستە! ئایا دەتوانین ئەم کارە بکەین؟

ژەندەرمەی یەکەم: من خۆم بەرپرسیار دەبم و وەرامیان دەدەمەوە. ڕایانسپاردووم کە چاودێرییان لێ بکەم! پێیان نەگوتم کە ئەشکەنجەیان بدەم.

دوما: دوو جام بێنە.

پایان: سێ جام [سن ژوست پێشان دەدات کە زۆر بەفیزو لووت بەرزییەوە دانیشتووە و نایەوێت داوای هیچ شتێک بکات؛ بۆ ئەوەی بیر لە ڕەنج و ناخۆشییەکان بکاتەوە، نوقمی دەریای بیرکردنەوە بووە] بڕوانە بۆی! ئیدی هیچ هێز و توانای بۆ نەماوە. سێ شەوە خەو نەچۆتە چاوی. زۆر پیاوانە و بەسەربەرزییەوە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە. ناتوانن تەنیا یەک وشەی لێ بکێشنەوە؛ بەڵام لەپڕ دەڕووخێ.



دوما: نەء، مەحاڵە بڕمێ لووت بەرزیەکەی بەپێوە ڕایدەگرێ و هێزو توانای پێ دەبەخشێت. ئەو ئێمەو هەموو شتێکی کردۆتە فیدای ئەو فیز و لووت بەرزییەی خۆی. لای ئەو هەموو شتێک یەکسانە، بەمەرجێک تا کاتی چوونە ژێر تێغی گیوتین، شایان و پڕبەپێست بێت.

پایان: ئەمە بەلای منەوە زۆریش خراپ نییە! ئەم لاوەم فرە خۆش دەوێ و بەداخەوەم بۆی.

*[سن ژوست بۆ چرکەیەک لەبیرکردنەوە دەردەچێ، دەڕوانێتە پایان و بێ ئەوەی قسەیەک بکات، بەچاوێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە سڵاوی لێ دەکات].*

ژەندەرمە: *[لە کاتێکا تەماشای ڕۆبسپیر دەکات کە بەدەستی لەرزۆکەوە، کیسە چەرمییە خوێناوییە هەڵفلیقاویەکەی دەسوێ بەچەناگەی خۆیا و دووبارە ئەم کارە دەکاتەوە]*

ئەو ئیدی شتێکی بۆ نەماگە کە خۆی پێ پاک بکاتەوە...

*[پارچە کاغەزی شڕو وڕی ناو سەبەتەی زبڵ کۆ دەکاتەوە و دەی ئاخنێتە نێو دەستی ڕوبسپیرەوە و کیسە چەرمییەکەی لەدەست وەردەگرێت]...*

ها، بگرە! دەم و قەپۆزی خۆتی پێ پاک بکەرەوە.

ژەندەرمەی دووهەم: *[ئەو کیسەیەی کە ژەندەرمەکەی پێشوو تۆڕی دابوو، هەڵدەگرێت و بەوردی دەیپشکنێت و لێیی ورد دەبێتەوە]*

چی تیا نووسراوە؟ [دەیخوێنێتەوە]، «بۆ مۆنارکی مەزن...» ئەوەتا، دۆزیمەوە! ئەمە بەڵگەیەکی خاسە بۆ پیلانەکانیان! ئەوە دەگەڵ «شا»دا دەستیان تێکەڵ کردبوو پێکەوە خەریکی پیلان گێڕان بوون...

ژەندەرمەی یەکەم: بەڵام نەء، گەوجە!... «بۆ مۆنارکی مەزن» مارکەی بۆنی بۆن فرۆشێکی شەقامی ئەونورەیە.

ژەندەرمەی دوهەم: هەرچی ئێژی بێژە، لەوێ نووسراگە «مو... نا... رک» [حونجە دەکات] بەوشەیەکی دیکەی «ک» ماناکەی دەبێتە «شا». جگە لەمە هیچی دیکە ناچێتە ئەقڵمەوە.

ژەندەرمەی سێیەم: ئەگەر لەناو ئەم کیسە چەرمییەدا وشەیەکی نهێنی تیا نەبوو، ئەی بۆچە ئاوەها توند خستبوویە نێو دەستییەوە؟

ژەندەرمەی یەکەم: لەگەڵ ئەمانەشا باوەڕ ناکەیت کە ئیمشەو دەگەل ئەو هەموو هاتوچۆ کردنانەدا، ئەو ئەم کیسەیەی هەر بەدەستەوە بووە.

ژەندەرمەی دوهەم: خاسە، مەبەستت چەس؟

یەکەم: ئاشکرایە، خستویانەتە نێو دەستییەوە.

دوهەم: لەکوێ؟ کێ؟

یەکەم: هەرلێرە. یەکێ لەم پۆلیسانە... [*خۆی وەکو سیخوڕەکان دەنوێنێ کە دەڕوانێتە ئەم لاو ئەولا* ]

هەر ئێستاکێ چاوم بەیەکێک کەوت... بۆی دەرچوو ڕایکرد...

ژەندەرمەیەکی دیکە: خاستر وایە چاوەکانت بقونجێنی و زارت دابخەیت... کارت بەسەر کاری پۆلیسەکانەوە نەبێ!

ژەندەرمەی یەکەم: خاسە! سەر دەنێمە سەریان...

دوهەم: [*بەلاساییەوە*]

من تەنیا ئەو شتەی کە خوێندوومەتەوە ڕەچاو دەکەم. لەوێ نووسراگە «مونارک»، وشەی «ک» ی بخەرە سەر [*حونجەی دەکاتەوە*] بمرێ کاپە!

ژەندرمەیەکی دیکە: [*لە کاتێکا لە ڕوبسپیر نزیک دەبێتەوە*]

بڕوانە ئەم مەیمونە! خۆی دەنوێنێ. خاوەن شکۆ تەندروستیتان خاس نییە؟

*[لەم حاڵەتەدا دەم و چاوی ڕوبسپیر گرژ دەبێ. هەست بەئازار دەکا. چاوەکانی دادەخات بۆ ئەوەی ئازارەکەی ئاشکرا نەبێت].*

*[تاریکایی باڵی بەسەر شانۆکەدا دەکێشێ، پەڵە هەورێکی سوور، لەپاشانا زەردێکی مەیلەو خۆڵەمێشی دەردەکەوێت. لە ناو هەورەکەدا تابلۆیەکی خەیاڵی جێگەی تابلۆ ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە].*

*[ڕوبسپیر بەسەر مێزەکەدا ڕاکشاوە. بەرەبەرە دەم و چاوی دێتە پێشەوە. ئەو شتانەی دەوروبەری تێکڕا لەبەر چاو بزر دەبن، لەسەر پەردەکە تەنیا ڕوخساری ڕوبسپیر وەدیارە. هەردوو چاوی زیت بوون و نیشانەی ڕەنج و ناخۆشی تیا وەدی دەکرێت... دواجار ئەم تابلۆ خەیاڵییەش بزر دەبێت. تاریکایی شەو هەموو شانۆکە دەگرێتەوە. لەپڕ ڕووناک دەبێتەوە. ئەوساکە تارمایی ڕوبسپیر بەسەر پەردەکەدا دەردەکەوێت.*

*لەو کاتەدا کە تاریکاییەکان یەک بەدوای یەکا تێپەڕ دەبن، دەنگێکی ئارام ڕوونیان*



*دەکاتەوە و دەنگی ڕوبسپیر، بیرەوەر، مالخولیایی، هێدی و لەسەرخۆ و کەمێک هاو ئاهەنگە]:*

**تارماییەکان:**

١- دیمەنێک لە ئاراس، لەژێر ئاسمانێکی خۆڵەکەوەیی.[٨١]

٢- وەرزی بەهارێکی خۆش و فێنک دەس پێدەکات. گژوگیاو ڕووەک تازە سەریان لە خاک کردۆتە دەر.

٣- چەند تیرۆژێکی بێ تین لەنێو هەوری باراناوییا دەتوێتەوە، دەبنە بەور هەڵدەوەشێنەوە. گورگەزێیە.

٤- شەقامێکی کۆن، خانووبەرەیەکی کۆن.

٥- لە کۆمابێکی تاریکا کە پلە بەردینە بۆرەکانی تێک شکاون، کوڕێکی زاوڵەی شەش حەوت ساڵان، بەرگی پرسەی پۆشیوە. لەسەر پلەکانی نزیک پەنجەرەیەکەوە دانیشتوە؛ پاڵی داوە بەدیوارو سەری بەرزەوە کردووە و دەڕوانێتە جووڵانەوەی هەورەکانی ئاسمان.

٦- لە حەوشەی قوتابخانەیەکی کۆنی شارۆچکەیەکا، کوڕێکی دە دوانزە ساڵان لە گۆشەیەکا پاڵی داوە بەدیوارێکەوە بێ ئەوەی سەرنجی بۆ وازی هاوڕێکانی و دەنگە دەنگیان ڕابکێشرێت، نوقمی دەریای خوێندنەوەی کتێبەکەیەتی.

دەنگ: مالیخولیای ڕۆژانی سەردەمی منداڵی، شارێکی کۆن، خانوویەکی ساردو سڕی بێ بەری لە سۆزی دایک و باب. زارۆڵەیەکی بێ دایکی وەک ڕوبسپیر... بۆ بەختەوەری نەخوڵقاوە و شادی خۆی لێ شاردۆتەوە... لە گیانیا تینی گەرمایی و خۆشی لەخۆیا نەبوو؛ لەناو پەڕەی کتێبەکانا بۆی دەگەڕاو عەوداڵی بوو.

تارمایی: لەناو ژوورێکی ساردی فێرگەی لویی لو گران، لاوێکی هەرزەکاری هەژدە بیست ساڵانێک، بەتۆی کراسێکەوە دانیشتووە، دانەقرچەی دێ لە سەرمانا و دەلەرزێت و خەریکی کتێب خوێندنەوەیە و لە هەمان کاتا جلەکلەکانیشی پینە دەکات. دەرگا دەکرێتەوە؛ مامۆستایەکی ڕاهیب خۆی دەکا بەژوورا. لاوەکە بەپڕتاو هەڵدەستێتە سەر پێ و بەشلەژاوییەوە دەیەوێت کتێبەکە و جلەکانی بشارێتەوە. ڕاهیبەکە بەزەردەخەنەیەک و بەشێوەیەکی دڵسۆزانە خۆی وا پیشان دەدات کە هیچی نەدیوە.

دەنگ: هەژاری، تەنیایی و بێکەسی و سەختکاری ... دە ساڵانی ڕەبەق لە شارە گەورەکانا قوتابی بوو و عەوداڵی فێربوون. لەبەر ئەوەی فرە هەژار و بێ دەرامەت

بوو. بەجل و بەرگ و کەوشی شڕەوە نەیدەتوانی ئەوێ بەجێ بهێڵێ. کوڕە دەوڵەمەندەکان بەچاوی سووک و نزمەوە تەماشایان دەکرد، بەڕێوەبەرەکان لەبەر ئەوەی کە فرە دەست تەنگ بوو، ناچار بوون، تا ئەو کاتەی «شا» لەبەر دەم فێرگەکەیانا تێپەڕ دەبێت، بۆ ماوەیەکی کاتی جلوبەرگی نوێی پێ بدەن بۆ ئەوەی دەگەڵ قوتابییەکانی دیکە بەپیر شاوە بچێت.

**تارمایی:**

١- شەقامی سن ژاک. لەبەر دەرگای فێرگەی لوی لوبگران، هەورازێک دێتە بەرچاو کە دەست و پێوەندەکانی شا -کەلە مونتانی سنت ژنوبو وە دێن - وە ژوور دەکەون. ڕوبسپیری هەرزەکار کە پۆشاکە ڕەسمییەکان بەشێوەیەکی ناقۆڵا لەبەریا ڕادەکا، لەسەر شەقامەکە، لەژێر بارانا، لەبەردەمی دەرگای گالیسکە ڕازاوەکەی «شا»، کە دەم و چاو و ڕوخساری شەکەت و ماندووی ئەندامانی بارەگای شای لێوە دیارەلەسەر ئەژنۆ چۆکی داوەتەوە...

٢- «شا» لەنێو گالیسکەکەدایە، بێ ئەوەی هیچ گوێ بداتە لاوێکی هەرزەکار کە لە دەرەوە خەریکی خوێندنەوەی وتارێکی بەخێر هاتنیانە، بەچڵێسییەوە خەریکی خواردنی باڵی فرووجێکە. شاژن باوێشک دەداتەوە و دەگەڵ پرەنسێس لای بال کە بەرامبەر دانیشتووە و بەبێ شەرمییەوە لەژێر چاوەوە دەڕوانێتە قوتابییەکان کە کڕنۆشیان بردووە، قسەی هەڵیت و پەلیت دەکات.

٣- دوبارە هەمان شەقام. باران دەبارێت. کالیسکەکە دەکەوێتە ڕێ و قوڕو لیتەی سەر شەقامەکە دەپرژێنێتە ڕووی قوتابییەکان کە هێشتا نامەکانیان بەدەستەوەوەو وتارەکەیان تەواو نەکردووە، هەڵسانەتە سەرپێ ئەو هێشتا لە خوێندنەوەی وتارەکە نەبۆتەوە؛ مرۆ مۆچ و شەرمەزار ڕاوێستاوە...

گالیسکەکە بەئارامی دوور دەکەوێتەوە و بەشەقامی سن - ژاک دا وەژوور دەکەوێت...

٤- لەنێو تەم و مژێکا کەبەسەر شانۆکەدا دەردەکەوێت - بەلاوەوە - گیوتینێک وەبەرچاو دەکەوێت...

*[ئەم چوار تارماییە بێ هیچ قسە کردنێک دەردەکەون. چونکە قسەکردن بێ سوودە]*

**تارماییە تازەکان:**

لە هەمان کاتا سەر شانۆکە ڕووناک دەبێتەوە. ڕۆژێکی خۆش و دلڕفێن لە ئارمنونویل،



دۆرگەی بوپلیە، ڕوبسپیری هەرزەکار بەسەر گولکۆی ژان ژاک ڕوسودا؛ کە بەجامێکی خۆڵەمێشی مردووان ڕازاوەتەوە. هەر بەو شێوەیەی لەبەر دەمی گالیسکەکەی «شا» دا چۆکی دابۆوە، هەروا ئەژنۆی داوەتەوە. بەڵام لێرەدا غەم و پەژارە دایگرتووە.

ناوچەوانی خستۆتە سەر بەردی گۆڕەکە. بەسەر گۆڕەکەوە بەردێک وەبەرچاو دەکەوێ کە شتی لەسەر نووسراوەتەوە. دوو درەخت سێبەریان خستۆتە سەر گولکۆکە؛ مەلەکان دەخوێنن.

دەنگ: ئەی ژان ژاک، هەی مامۆستای هێژام! هێڵە پڕ لە شکۆکانی نێو چاوانتم وەبەرچاو کەوت کە ئاوێتەی شوێنەواری ڕەشایی ئەو غەم و پەژارانەی کە ستەم و بێدادی مرۆڤ بۆی ڕەخساندبوویت، بووبوو. وەبەچاو پێکەوتنی تۆ، هەستم بەو ڕاستییەی ڕەنج و ئازاری ژیانی سەربەرزی کە پێشمەرگی باوەڕی ڕاستیە، کرد. هیواو ئارەزووم ئەوەیە کە منیش بتوانم بەرامبەر ئەوانە خۆم ڕابگرم. لەم بارودۆخ و کاتە ناسکە پڕ لەمەترسییەدا - کە شۆڕشێکی بێ هاوتا هەڵگیرساوە - سوێند دەخۆم کە ڕێبازی تۆ بگرمە بەر.

تارمایی: تارمایی ژان ژاک ڕوسو لە پشت سەری لاوێک - کە چۆکی داوە - دەردەکەوێت. دەست دەخاتە سەرشانی ڕوبسپیر، کە بێ ئاوڕدانەوە، هەڵدەستێتە سەر پێ.

دەنگی ژان - ژاک - ڕوسو:

کلۆڵی چارە ڕەش! ئایا دەزانیت ئەو ڕێبازە بەرەو کوێ دەوبات؟

دەنگی ڕوبسپیر: ئەگەر ئەو ڕێبازە بەرەو بەدبەختییەکانی تۆم بەرێت، لەلام پیرۆزەو بەموبارەکی دەزانم. ئەمنیش گەر وەکو تۆ ویژدانێکی پتەوم هەبایە - کە هەمیشە خاسی و خێرو خۆشی ئەوانم گەرەک بێ - ئیدی ترسێکم لە سپڵەیی و خراپییەکانی هیچ کەس نەدەبو.

دەنگی ژان ژاک ڕوسو:

خراپتر لەو نامەردییانەی بەرامبەر بەتۆ کراوە، لە ئارادانییە

دەنگی ڕوبسپیر: ئەب کام خراپییە؟

دەنگی ژان- ژاک- ڕوسو: بۆ گیانێکی وەک گیانی تۆ، لە هەموو شتێک خراپتر ئەوەیە کە لە بریتی چاکەکردن بۆ خەڵک - کە ویست و ئارەزوویی تۆیە - لە تەکیانا خراپەت کردبێت...

**تارمايييەكان: [پەردە دەگۆڕێت]**

١- پاريس، جەماوەری چەكدار، شەقامی سنت - ئانتوان لە كۆتايی شەقامەكەدا قوللەكانی قەڵای باستيل وەبەر چاو دەكەون. خەڵكی وروژاون و بەجۆش و خرۆشەوە بەرەو باستيل دەڕۆن. تەقەی گولله و ناڵەو گرمەی تۆپ دێتە بەرگوێ... خەڵكێكی زۆر بەهاوار و فريادەوە دێنە سەر شانۆ. سەرێكی بڕاو بەسەر نێزەيەكەوەيە... ڕوبسپيير تەمەنی سی ساڵانە و نوێنەری چينی سێيەمە. لە كەنار ديواری خانوو بەرەيەكەوە ڕاوێستاوە و ڕەنگی دەم و چاوی هەڵبزركاوە و بەترسەوە دەڕوانێتە خەڵك.

٣- لەنێو تالاری ئەنجوومەنی دەستووری، ميرابۆ خەريكە لە پشت بەرزەكی وتار خوێندنەوەدا قسەكانی تەواو دەكا. كۆبوونەوەكە گەرم و پڕ جۆش و خرۆشە. نوێنەرەكان لە هاتوچۆ كردندان و خەريكی پێكهێنانی كۆمەڵ و دەستەن و بەدەنگی بەرزەوە قسان دەكەن.

نوێنەری ئاراس، لاوێكی خوێن گەرم، لەسەر كورسيەكەی ناشيانە و بەفيزەوە چاوێلكەيەكی خستۆتە سەر لووتی هەڵدەستێتە سەر پێ. بەشەرمەوە بەرەو لای بەرزەكی وتارخوێندنەوەكە دەڕوات كە ميرابۆ تازە لە قسەكردنی خۆی بۆتەوە و خەريكی هاتنە خوارەوەيە. ميرابۆ كاتێك ڕوو بەڕووی ئەم لاوە دەبێتەوە، وەكو پسپۆڕێك دەڕوانێتە سەرتاپای و خۆی دەكيشێتە لاوە بۆ ئەوەی ئەم بتوانێ تێپەڕبێت. ميرابۆ هەركە هەست بەشلەژان و ناڕەحەتی ڕوبسپيير دەكات، دەست دەخاتە سەرشانی و بەميهرەبانييەوە بەرەو لای بەرزەكەی دەبات. ئيدی كاری بەسەرەوە نابێت. ڕوبسپيير دەچێتە پشت بەرزەكەوە، دەقی كاغەزەكانی دەكاتەوە، نەرمە كۆكەيەكی بۆ دەكا و دەست بەخوێندنەوە دەكات. بەڵام ئەوانەی ناو تالارەكە گوێيی بۆ ڕاناگرن و پشتی تێ دەكەن.

٣-٤-٥: لە سێ تابلۆی دواييدا، هەر ئەو ديمەن و ديكۆرە و لەتەك هەمان هۆی لاسارانە دووپات دەبێتەوە. لە زەمينەيەكا كە بەشێوەيەكی ئەنقەست و ناديار، خۆڵە مێشی و مژاوی، ڕوبسپيير نزيك بينەر و ئەو ديمەنەی كە لە تالارەكەوە هەيەتی خاس وەبەرچاو ناكەوێ. خەڵكێكی پڕ جموجۆڵ بەدەم هاوار و قسەوە لەبەرزەكی وتار خوێندنەوەكە نزيك دەبنەوە. بەرزەكی وتارخوێندنەوەكە لەبەردەم شانۆكەوە و لەلای چەپەوە دانراوە.

سێ جاران ڕوبسپيير كەللەشەقانە دەيەوێ بچێتە سەرەوە. بەڵام هەرجار ئەوانەی لە دەوروبەريدا دەگۆڕێن و دەوروبەری تێك دەچێت.



جاری دووەم: هەركە ڕوبسپيير دەست بەقسەكردن دەكات، سەرەتا يەكێك لەپاشان دووان، دواجار سێ نوێنەر گاڵتەی پێ دەكەن. قاقای پێكەنينی ئەنجوومەن دێتە گوێ و لەوە دەچێ كە وتاربێژ ڕووداماوە شەرمێ دەكا. بەڵام لاسارانە دووبارە دەست دەكاتەوە بەئاخافتن.

جاری سێيەم: سەر و فەساڵی نوێنەرەكان بەتەواوی گۆڕاوە، فرە جدی ورد بين، دوژمنانە. ئەپۆزيسيۆنێكی تووڕە هاتۆتە ئارا.

بەڵام لەكاتی قسەكردنی ئەوا بەهۆی تارمايييەكی سينەماتوگرافيك، ديوارەكانی پشت بەرزەكی وتار خوێندنەوەكە لا دەچێت و تالارەكە دەڕوانێتە سەر جاد. لە هەمان كاتدا لە پشت پەردەوە لە لای چەپەوە خەڵكێكی زۆر لە ژن و پياو كە لە سەرەتاوە پەخش و بڵاون و لە پاشان زۆر دەبن و لە پشت سەری ڕوبسپيير كۆ دەبنەوە و هەروەكو شەپۆلێك بەردەمی بەرزەكە پڕ دەكەنەوە.

جاری چوارەم: لەناو ئەنجوومەنا ياخيبوونێكی پڕ لە ڕقوكينە دژی ڕۆبسپيير داسەپاوە. ڕۆبسپيير زۆر لەسەرخۆ و بەهێمنييەوە خەريكی قسەكردنە. ژيروەندەكان ئاژاوە دەنێنەوە. لە لای ڕاستەوە هەڵسوكەوت پڕ لە قينە، دەموچاوەكان گرژن، مشتەكۆڵەكان ئامادەن و هەڕەشە لە وتاربێژ دەكەن و لە لايەكی ديكەوە، لە لای چەپەوە، شەپۆلی خەڵك، بەرەو پێشەوە دێن، دێنە سەرەوە و سەرپلەكانيش هەمووی دەگرنەوە. خەڵكی هەژار و بێ دەرەتان، پێخاوس و ڕووت و جل شڕ لە ئاكاما سەرەنێزەكان دەگرن و سوپاكەيان هەموو شانۆكە پڕ دەكاتەوە، دەستی ميهرەبانی بەسەر سەری ڕوبسپييردا دەهێنن. لە هەمان كاتدا ئەم دەنگانە دێنە گوێ:

دەنگی خەڵك:

– پاسەوانی هەرگيز ماندوو نەبوو و هەميشە ئامادەی خەڵك!

– پاسگر!...

– يار و ياوەری هەژاران!

– حەواری! هاوڕێی بێ دەرەتانان!

دەنگی ڕوبسپيير: هەژاران فريشتەی سەر ڕووی زەمينن.

دەنگی خەڵك:

- بێ باکی ئازا، پاکی بێ گەرد، ئاڵا هەڵگری یەکسانی، ڕابەر و سەرداری خەڵک، فەرمانڕەوا...

دەنگی ڕوبسپیر: ... تەنیا خەڵک فەرمانڕەوایە. لە فەرەنسەدا تەنیا دووپارت هەیە: پارتی خەڵک و پارتی دوژمنانی خەڵک. تەنیا دوو چین لەناو جەماوەرا هەیە: چینی یاوەرانی هەژاران و ستەم لێکراوان و چینی بزوێنەرانی دەوڵەمەندە زۆردارەکان، خوێن مژە پارە پەرستەکان. ئەمە تەنیا دابەشکردنێکی واقیەتە لە فەرەنسەدا. هەرکەسێ دەگەڵ خەڵک و پشتیوانی خەڵک نەبێت، دوژمنێتی.

**تارماییەکان:**

١- شەقام، جەماوەر خەنجەرو سەرەنێزە وەدەست، ئاڵایان بەرزکردۆتەوە داخوازییەکانی خۆیان دەبەن بۆ «شان دومارس» ، بەسەر شانۆکەدا تێپەڕ دەبن.

٢- شان دومارس، نوێنەرەکان گەرەکیانە داخوازیەکانی خۆیان و دەنگیان بگەیەننە ئەوێ. چەکدارەکانی «لافایت» و «بالی» بەرەنگارییان دەبنەوە و ڕێیان لێ دەگرن. دەنگی تەپڵ و هەڕەشەی ڕەسمی دێتە گوێ.

٣- دەنگی گوللە و هاوار و زریکەی خەڵک تێکەڵ بەیەک دەبن، خەڵک قەڵاچۆ دەکرێت، کوژراو و برینداریان لێ دەکەوێ. بەڵام ئەم کارەساتە لەسەر شانۆ وەبەر چاو ناکەوێ. ئەم دەنگەدەنگ و هاوارانە لەنێو بارەگای ژاکوبنەکانەوە دێت کە ڕوبسپیرهەمیشە هاتوچۆی ئەوێ دەکات.

دەنگی خەڵک: دوژمنانی خەڵک بەئاشکرا کەوتوونەتە جم و جۆڵکردن. لافایتی بۆرژوازی، لە شان دومارس خەڵکی داوەتە بەر دەستڕێژ و هەموویانی کوشتووە. هەڕەشەیان لە ڕوبسپیر کردووە کە بیکوژن.

دەنگی ڕوبسپیر: من دەوڵەمەندەکان و بورژوازییەکان تاوانبار دەکەم بەوەی کە خەریکن بەشێوەیەکی ناڕەوا سوودی تایبەتی لە شۆڕش دەبەن و دەیانەوێ ڕێ لە شۆڕشی ڕاستەقینە بگرن. من ئەنجوومەن تاوانبار دەکەم بەوەی کە غیانەتی لە خەڵک کردووە، و خەریکی کوشتاری جەماوەرە. دەزانم بەم کارانەم سەدان خەنجەر لە دژی خۆم تیژ دەکەمەوە. خۆزیا مەرگ زوتر بهاتایە و لەبینینی ئەم هەموو تاوانانە ڕزگاری بکردمایە[٨٢].



دەنگی خەڵک:

- هەموومان دەگەڵ تۆدا دەمرین.

- نە! وێکڕا سەردەکەوین.

**تارماییەکان:**

١- سەرشەقام:

خەڵک ڕۆبسپیریان خستۆتە سەرشانیان و تاجی شانازی بەسەرەوەیە و بەئاهەنگێکی نیزامی دەیبەن. دایکەکان، منداڵەکانی خۆیان بۆ تەبەڕوک دەبەنە بەر دەمییەوە. لاوەکان ئاڵاکانیان لە ئاستیا شۆڕ دەکەنەوە.

٢- تارمایی گالیسکەی شۆڕش:

گالیسکەیەک - کە خەڵکێکی زۆر دەوروبەریان گرتووە - لە شەقامێکی دوورودرێژا بەرەو ئاسۆیەکی ئاگرین سەرەوژوور دەڕوات. ژنێکی شۆخ و شەنگ لەسەر تەختێکەوە دانیشتگە؛ نیشانەی کۆمار دەنوێنێ. بەدەستێکی شمشێرێکی گرتووە و بەدەستەکەی دیکەیەوە چەپکەیەک گوڵەگەنمی گرتووە. بەدەوریا نوێنەرەکانی کنوانسیون لە ڕۆیشتن دان. ڕوبسپیر لە ڕیزی پێشەوەدا لغاوی ئەسپە سپییەکانی بەدەستەوە گرتووە. بەتەنیشتییەوە سن ژوست، لوبا ، کوتون، ئەندامی دوو کۆمیتەی باڵا دەڕۆن بەڕێوە.

گالیسکەکە بەناو دوو ڕیز تفەنگ و سەرەنێزە وەدەست، ئاڵاکان و نووسراوی سەر پارچە بەرەو پێشەوە دەڕوات. لەناکاو ناڵەی تەقینەوەیەک بەرز دەبێتەوە؛ تەقە لە هەردوولاوە دەست پێدەکا و ئاگرێک بەرز دەبێتەوە و پاش ماوەیەکی کەم چەڕە دوکەڵ هەموو شانۆکە دەگرێتەوە، لە پاشان جەماوەرەکە بڵاو دەبن و لە چاو بزر دەبن.

دەگەڵ ئاش بەتاڵ لێکردنی جەماوەرەکە، خەڵکێکی دیکە دێنە سەر شانۆ، بەهاتنی ئەوان، ڕوخساری کۆمار دەگۆڕێت، شێوەیەکی ڕمیاگ و پەشۆکاو بەخۆوە دەگرێ. گشت لەشی خوێناوییەو بەپێوە ڕاوێستاوە. شمشێرەکەی بەهاوارێکی ترسناکی پڕ لە قینی ئازادی «رود»[٨٣] لەکێلانە ڕادەکێشێ. چەپکە گوڵە گەنمەکە لە دەستی کەوتۆتە خوارەوە و پێشێل کراوە. تا چاو بڕەدەکا گۆڕ هەڵکەندراوە. یاخیبوونی بەربەرەکان ؛ شا ، ژیروەندەکان، ئەبر، دانتون...

گالیسکەکە لە چاو ون بووگە. تەنیا ڕوبسپیر و چەند کەسێکی کەم لەنێو خەڵکێکی غەمبار و پەژارە داگرتوو و بێ دەنگ ڕێگەی خۆیان دەگرنە بەر. ڕوبسپیر بەپەرێشانییەوە داوایان لێدەکات کە کۆمەکی بکەن.

دەنگی ڕوبسپیر: [لە کاتێکا هەردوو باڵی بەرەو لای خەڵک درێژکردۆتەوە]

خەڵکینە، ئەی خەڵکی من، تەنیا دۆست و هاوڕێی من! هەرچییەک ڕوو دەدات با پێکەوە بین. هەرگیز حەز ناکەم لەخۆشی و ناخۆشی، شادی و ڕەنجدا پێکەوە نەبین. تەنیا هۆیەک بۆ زیندوو مانەوەم، خۆشەویستی تۆ، بڕوا و متمانەی تۆیە.

ئەمانەم بۆ بپارێزە. من دەگەڵ تۆم. من ماوەیەکی یەکجار زۆرە لە پێناوی تۆدا و بۆ تۆ خەبات دەکەم. وا شەو دایەت. من فرە ماندوو وشەکەتم؛ بەجێم مەهێڵە.

دەنگی خەڵک: هەرگیز تەنیات ناهێڵین. بەرەو هەرلایەک و بۆ هەر شوێنێک بڕۆیت بەدواتەوەین و لەتەکتاین.

دەنگی ڕوبسپیر: دەزانی بۆ کوێ؟

تارمایی: [لە کۆتای شەقامێک - کە لە شانزەلیزە دەچێ - گیوتینی نێو «تاقی سەرکەوتن» لە لاوە وەبەرچاو دەکەوێ... لەپڕ تارماییییەکە - هەموو خەونەکان - لەبەرچاو ون دەبێ؛ ڕوبسپیر دەردەکەوێتەوە کە لەسەر مێزەکە کەوتووە. بەدەوروبەریا، خەڵکی بەدەمی پڕ لە هاوارەوە بەلایدا تێدەپەڕن].

دەنگی خەڵک: [هاوا دەکەن]

بەرەو گیوتین... غاین ئەوە نوستویت؟... هەڵسە! [دەم و چاوی ڕوبسپیر گرژ دەبێت. سن ژوست هەڵدەستێتە سەرپێ و دەیەوێ چاوی پێی بکەوێت. بەڵام خەڵکەکە کە دەوروبەری ڕوبسپیریان گرتووە و قسەی پێ دەڵێن ڕێی نادەن لێی نزیک بێتەوە].

ژەندەرمەیەک: [هەستی بەوەزعەکە کردووە]

ڕێگە بدەن با چاوی بەمامۆستاکەی بکەوێ.

[خەڵکەکە دەچنە دواوە و ڕێگە بۆ سن ژوست دەکەنەوە. سن ژوست دەچێتە کەنار مێزەکە، خۆی بەسەر ڕوبسپیردا دەنوشتێنێتەوە. هەردووک بێ هیچ قسەکردنێک، بەچاو دەڕواننە یەکتر؛ تەماشایەک کە پڕە لە مانای دۆستایەتی و خۆشەویستی و ئەمەگ. سن ژوست هەڵدەستێت و بەچاو بەیاننامەیەک «٨٤» کە لە پشت سەرییەوە بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە پێشانی ڕوبسپیر دەدات].

سن ژوست: بەیاننامەی مافی مرۆڤ... کاری خۆمانە... دڵنیابە سەردەکەوێت.

**[ پەردە دادەدرێتەوە]**



## تابلۆی بیست و چوارەهەم

دوا پەردەی شانۆ بۆ خەڵک

کات: هەمان ڕۆژی ١٠ی ترمیدر «٢٨ی ژوئیە». کاتژمێر نزیکەی شەشی دەمەو ئێوارەیە.

شوێن: گۆڕەپانی شۆڕش «گۆڕەپانی کنکورد»

دیمەنی گۆشەیەکی گۆڕەپانەکە پێشان دەدرێت. بەرامبەر هەیوانی سەر بەباخی تویلری - سەر بەشەقامی ریولی - ئەو کەسانەی کەلەسەر شانۆکەدان گیوتنی نێوەڕاست گۆڕەپانەکە دەبینن. بەڵام بینەرەکانی نێو هۆڵەکە گیوتینەکە نابینن. جەماوەرێکی بێ شومار پاڵە پەستۆ دەکەن و دڵە خورپەیانە و زۆر بەوردی تەماشا دەکەن - هەندێکیان لەسەر پەنجەی پێیان هەڵساونەتە سەر پێ، بەشێکی دیکەیان زاڕۆڵەکانیان خستۆتە سەر قەڵادۆشیان.

لە دوا ڕیزدا - نزیک بەتەماشاکەران - کە لای دیواری هەیوانەکەوەیە، بیبو، باڕەر، ماتیو ڕنو، بابوف بێ دەنگ و بێ ئارام و ئۆقرە دەڕواننە بەسەرهاتەکان.

کاریە فرە بەسەختی بەر لە هەناسەبڕکێی خۆی دەگرێ. مژان، کولتو، سیخوڕەکانی کۆمیتە و موسکادنەکان چەند هەنگاوێک لێیەوە دوورن.

لەوبەری شانۆکەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر کە هەروەکو زەریا و گێژەڵۆکە وێکڕا خڕۆشاون وەبەرچاو دەکەون. پەردە بەرز دەبێتەوە و لە هەمان کاتا دەنگی ناسازی تەپڵێکی گەورە دێت و سەری ڕوبسپیر دەتلێتەوە و لەنێو خەڵکەکەدا هەروەک شەپۆلێکی زەریا زایەڵەی «هن» و لەرزەیەک بەرزدەبێتەوە].

دەنگی خەڵک: گوێت لە لوورەی گورگ بوو؟

کاریە: لە کاتێکدا جموجۆڵێتی سەری زۆردار تلایەوە.

دارو دەستەی مژان و موسکادنەکان: [بەدەنگی بەرز ئێژن]

کاریە، ئاگاتان لەخۆ بێ، سەری خۆت خاس ڕاگرە.

*[بێ دەنگییەکی ترسناک گۆڕەپانەکە دەگرێتەوە. ڕنو و بیبو سەری خۆیان شۆڕ دەکەن و*

*ناوێرن تەماشا بکەن].*

ڕنو: ئۆقری لێ براوە.

بیو، بێرەوە!

بیو: [*هەر بەو شێوەیە*]

تەواو بوو؟

خەڵک: بەتەنیشتیانەوە

– نە، یەکێکی دیکەش ماوە.

– کێیە؟

– سن ژوست.

– ئایا قسان دەکات؟

پانزە سەعاتێک دەبێ کە زاری نەکردۆتەوە، بۆ چرکەیەک. بێ دەنگی هەموان دەخاتە دڵە تەپێ... لە پاشان جگە لە دەنگی «هن»– کە هەروەک وەشاندنی تەورە – هیچ دەنگێکی دیکە لە خەڵکەوە نایەت.

کولتو: ئیدی کەس نەماگە.

مژان: [*بەخێسەوە دەڕوانێتە بیو، ڕنو و ئەوانی دیکە*]

هێشتاکو نەء، ماگە.

*[بەرەو لای بابوف کە دەیەوێت خۆی لە بەرچاوان ون بکات و لە گۆڕەپانەکە دوور بکەوێتەوە، دەڕوات].*

ئافەرین و سڵاوی من بۆ تۆ بابوف! لە ماوەی ئەم هەشت ڕۆژەی کە لە زیندان قوتار بوویت، هیچ کاتی خۆتت بەفیڕۆ نەداوە!

بابوف: [*دڵ تەنگە و دەناڵێنێ*]

نە، نە، من ئەم کارەم نەکردگە!...

ماتیورنو: کاتی خۆمان بەفیڕۆ نەداوە. هەموومان وێکڕا و تۆیش بابوف! ئێمە خۆمان کوشتووە.

*[بیو کە بێ دەنگ ماوە – واقی وڕماوە؛ لەپڕ قژی خۆی دەڕنێ، بەپەلە خۆی دەکا بەناو حەشامەکەدا و دەیەوێ ڕابکات]*

ڕنو: [*دەستی دەگرێ*]



نە، بیو! ئێستا کاتی هەڵهاتن نییە... گوێ بگرە... شیپۆری خڕبوونەوەیە.

*[خەڵک وەک لافاو شاڵاو دێنن... هاوار و قیژە، لوورە لوور، ئاوازی مۆسیقا و سەما، سروودی بزوێنەری سەرکەوتن، کەللەسەر، هەموانی شێت و هار کردووە، خوێن بەرچاوی گشتیانی گرتوە. پۆلیسە نهێنییەکان و موسکادنەکانی مژان ئەم هەلە بەسوودی خۆیان دەقۆزنەوە و خەڵکەکە دژی ژاکوبنەکان هان دەدەن ژاکوبنەکان بەشێوەیەکی غەریزی لە گۆشەیەکی گۆڕەپانەکەدا کۆبوونەتەوە].*

خەڵک: [*زنجیرەکە پچڕاوە، لە کاتێکا بەرامبەر ژاکوبنەکان ڕاوێستاون*]

– ئێستا ئیدی نۆرەی ئەمانەیە.

– وایە!

– گیوتین قاویان دەکات...

– بەقەنارە و پەتی دار

*[لەپڕێکا دەستەی ترمیدرییەکان، هەروەک تاشەبەردێک کە ئاوی دەریا شاڵاوی بۆ دێنێ، خۆیان بەتەنیا باڵ دەبیننەوە. گشتیان لە یەک ئاندا کۆ دەبنەوە. وێڕای شەپۆلێکی دڕندەیی هێزی بێبەزەیی هێرش دەبەن. ئەو هێرشە، ترسێکی بێ چارەسەری لەنێو خۆیا حەشار داوە، دەگەڵ خەڵکەکەدا دەکەونە شەڕەقسە و هەڕەشەکردن لە یەکتر].*

ماتیورنو: [*هاوار دەکات*]

خەتەر! دوژمن گەیشتۆتە نێو گۆڕەپان.

بیو: شۆڕش لە مەترسیدایە... ئا لێرە، کولو!... باڕەر! ئێرە... فوشە!...

بابوف: ئێرە ژاکوبنەکان، کوردلیەکان! لێرە چینی کرێکار!

باڕەر: [*چاوی وە سەربازەکان دەکەوێ و ئیشارەتیان لۆ دەکات*]

سەربازەکان، بگەنە هاواری کۆمار! کۆمەکی بکەن.

سەربازەکان: [*لەنێو دارودەستەی دوژمنەکان ڕێگەی دەکەنەوە*]

بەکۆمەکی تۆ باڕەر!... «زۆر بەتوندوتیژییەوە موسکادنەکان لەسەر ڕێڕەوی خۆیان لادەبەن»

بڕۆنە دواوە، گەلحۆینە، سەگەکانی شا! ئێمە دوژمنەکانمان تا ئەو دیوی سنوور ڕاوناوە و ڕێ نادەین دوژمن پاریسمان داگیر بکات!

هش: [*لەنێویانەوە دەردەکەوێ و دێتە لای ژاکوینەکان*].

ئەمن «هش»م، لە زیندانەوە دێم. لەوێڕا چاوم بەسن ژوست کەوت کە منی خستبووە زیندان. ماچم کرد. هەردووکمان بەئەندازەیەک کۆمارخواز بووین و کۆمارمان خۆش دەویست، کە بەخیلیمان وەیەکتر دەبرد. ئێستاکە کۆمار لە مەترسی دایە و هەڕەشە و گوڕیشەی لێ دەکرێ، بۆ بەرگری کردن لێێ هەردوکمان یەکێکین!

ماتیورنو: [*لە پشت ئەوانی دیکەوە چووەتە سەر بەرزاییەکی هەیوانەکە، هاوار دەکات*]

ئێمە بەزیندوویەتی و بەمردوویەتی یەکین. مارا، سەرت لەنێو گۆڕا بەرزکەرەوە!

*[خەڵکەکە هەمویان خەریکی هاوارکردن بوون، لە کاتێکا گشتیان بەهۆی ئەم بانگەوازەی رنو بۆ مردوویەک، کاس بوو، بۆ چرکەیەک بێ دەنگ دەبن. رنو لەنێو ئەم بێ دەنگییە و واق ورمانی خەڵکەوە، دەست پێ دەکاتەوە]*

بەکۆمەکی شالیە، لپلتیە، ورنیو، ئەبر، شومت، دانتون. بەیاوەری سن ژوست و روبسپییر.

مژان: ئێوە خۆتان ئەوانەتان کوشتگە.

رنو: مردووەکان یارو یاوەرمانن! ئەوانە لە تێکۆشانا زیندوون. تا ئەو کاتەی خەباتکردن یارمەتی بوێت بەردەوامە. ئەوان گشتیان هاوبەشی تیا دەکەن. شۆڕشی نەمر.

بیو: با لە پێناوی شۆڕشی نەمردا، هەموومان بمرین!

هش: شۆڕش سەردەکەوێت.

ماتیورنو: ئەی هەموو خەڵکی جیهان، نەوەی نوێی پاشەڕۆژ لە سەدەکانی داهاتوودا، قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵکەن، یارمەتی شۆڕش بدەن.

هش: با ئێمە لە پێش هەمووانا هەنگاو هەڵبێنین و بکەوینە رێ.

بابوف: ئەوان وا دێن، وا دێن! گوێم لە دەنگی پێیانە!...

ماتیورنو: ئەوەتانێ.

هش مارسیز دەخوێنێتەوە و من حەزم دەکرد داریو میلو[٨٥]یا هونگری کونترپوان[٨٦] زۆر بەسۆزەوە سرووودێکی شۆڕشگێڕانەی جیهانی لێ دروست بکردایە کە دووبارە زیندووی بکاتەوە. ئاکامی ئەمە دەبێ بەشێوەیەکی یەکجار



جۆش و خرۆشاوی بێت و لە بەتالیۆنی پیرۆزی ژاکوینەکان کە دەورووبەری رنو، هش، بیو و بابوف یان گرتووە، بێتە دەر. ئەوان تا ئەندازەیەک زاڵن بەسەر دەستەیەکا کە هاوار دەکەن و دەکشێنە دواوە؛ بەڵام دوبارە کۆدەبنەوە و خۆیان ئامادەی هێرش دەکەنەوە.

**[پەردە دادەدرێتەوە]**

**تەواو**

## چەند وشەیەکی کورت دەربارەی ناو و دەستگا گرنگ و مێژووییەکانی ئەم شانۆیە

ئەبر: ژاک رنە

«لوپردوشی ١٧٥٧-١٧٩٤» رامیار و شۆڕشگێڕ و ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسەیی. لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی لوپر دوشن بوو؛ بەم هۆیەوە ناوبانگێکی گەورەی لەنێو هەموو فەرەنسەدا بەتایبەتی لەنێو سەربازەکانا پەیدا کرد. لە پاش سالی ١٧٩٣ بوو بەلێپرسراوی یەکێ لە توندڕەوترین باڵەکانی کومونی پاریس. ساڵی ١٧٩٣ بەفەرمانی ژیروەندکان گیراو لە زیندان توندکرا؛ بەڵام بەهۆی ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەی خەڵکی بۆیان کرد، ناچار بوون ئازادی بکەن. ئەوساکە پارتێکی بەناوی خۆیەوە لە لایەنگرەکانی خۆی پێک هێنا. لە ساڵی ١٧٩٤ دووبارە گیرایەوە و خرایە زیندان و لە تەک چەند کەسێک لە هاوبیرەکانی ئیعدام کرا.

بابوف: «١٧٦٥-١٧٩٧»

یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە بوو کە لایەنگری یەکسانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رامیاری بوو. ماوەیەکی کورت لە زیندان خرا؛ پاش ئازاد بوونی کۆمەڵێکی پێکەوەنا و دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی.

بەڕێوەبەرەکانی شۆڕش ئەم کارەیان بەدڵ نەبوو و بەرپەچیان دەدایەوە. دەگەڵ لایەنگرەکانی خۆیا پیلانێکیان ڕێک خست بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک؛ بەڵام بەهۆی غیانەتی یەکێ لە هاوکارەکانی خۆی، پیلانەکەیان ئاشکرا بوو. لە ئاکامدا بابوف دووبارە گیرایەوە و لە سێدارە درا.

باراس: پول ویکنت دو (١٧٥٥-١٨٣٩)

رامیار و شۆڕشگێڕی بەناوبانگی فەرەنسە بوو. سەرەتا ئەندامی ژاکوبن بوو؛ نوێنەری کنوانسیون و ئەندامی دیرکتوار بوو، لە ٩ی ترمیدر دژی ڕوبسپیر هەڵسا و دەستێکی باڵای هەبوو لە ڕووخاندنی.

لە شۆڕشی ١٣ی واندمیر ١٧٩٥ بوو بەفەرماندەی گشتی هێزەکانی میری، و هەر لەو کاتەدا داوای لە ناپیلیۆن بوناپارت کرد کە بچێتە پاریس و هەموو سەربازەکانی خۆی خستە ژێر ڕکێفییەوە ، هەر هەمان ساڵ بوو بەئەندامی دیکتوار «لیژنەی



بەڕێوەبەرایەتی». لە ساڵی ١٧٩٧ بوو بەدیکتاتۆر و لە ساڵی ١٧٩٩ خۆی لە هەموو کارێک کشانە دواوە.

بارەر: برتراند(١٧٥٥-١٨٤١)

سەرەتا ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی بوو. لە پاشان بەئەندامێتی کنوانسیون هەڵبژێرا. دوای ئەوە بوو بەئەندامی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک. لە ڕۆژی ٩ی ترمیدر لە ڕوبسپیر جیابۆوە؛ دەگەڵ ئەوەشا زیندان کراو لە سەردەمی دیرکتوار ئازادبوو.

لە ڕستوراسیون لە وڵات دوورخرایەوە و چووە بروکسل و تا ساڵی ١٨٤٠ لە وێڕا ژیا.

بوردن دولواز: فرانسوا- لویی (١٧٥٨-١٧٩٨)

ئەندامی کنوانسیون؛ لایەنگرێکی توندی ڕەوشی بەکارهێنانی ترس و وەحشەت «ترور» بوو. لە ١٠ی ئوتدا بەشداربوو. لە ٩ی ترمیدر کاتێک کە ڕوبسپیر گیرا ئەم فەرماندەی گشت تابوورەکان بوو. لە پاشان بوو بەلایەنگری «شا» و لە سەردەمی دیرکتوار لە وڵات دوورخرایەوە.

بیو وارن: ژان نیکولا (١٧٥٦-١٨١٩)

ئەندامی کنوانسیون و ئەندامی کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک بوو. لە ژاکوبنەکاندا جموجۆڵی هەبوو. لە پاش ١٠ی ئوت بوو بەئەندامی کومون لە کوشت و کوشتاری سەپتەمبەر بەشداری کرد. لە کاتی دادگاکردنی ئەبر و دانتون لە تەک ڕوبسپیر دابوو، بەڵام لە پاشان دژی ڕوبسپیر هەڵسا. ملکەچی لێ بوردنە گشتییەکەی ناپیلیون نەبوو وچووە هایتی.

پریر دولاکوت دور: (١٧٦٣-١٨٣٢)

رامیار و ئەفسەرێکی لێهاتووی فەرەنسە بوو. ئەندامی کنوانسیون و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک بوو.

پێشگرو: (١٧٦١ - ١٨٠٤)

ژەنەراڵێکی فەرەنسەیی بوو. لە ساڵی ١٧٩٧ خرایە زیندان و دوورخرایەوە بۆ «گویان» و لەوێڕاوە هەڵهات و چوو بۆ لەندەن. بەدزییەوە گەڕایەوە پاریس؛ لەوێ ئاشکرابوو و دووبارە لە زیندان خرایەوە. دەڵێن گوایا لە زیندان بەکراواتەکەی خۆی، خۆی خنکاند.

تالین: ژاک- لابر (١٧٦٧- ١٨٣٠)

شۆڕشگێڕی فەرەنسەیی، ئەندامی کنوانسیون و کومون و سکرەتێری کومونی پاریس بوو. دەستێکی باڵای هەبووە لە کوشت و کوشتارەکەی سەپتەمبەری ١٧٩٣ و هەروەها لە کودەتای ترمیدری ساڵی ١٧٩٤ و لەناوبردنی ڕوبسپیر و پاش ئەوە بوو بەیەکێ لە ڕابەرانی کۆنەپەرستەکان.

دانتون: ژورژ ژاک (١٧٥٩-١٧٩٤)

پارێزەر و یەکێ لە ڕابەرە ناودارەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە بوو؛ تا ساڵی ١٧٩١ ئەندامی شۆرای پاشایەتی بوو.

دامەزرێنەری یانەی کوردولییەکان بوو. بوو بەئەندامی کومونی پاریس و ئەندانی ئەنجوومەنی یاسادانان. بەقارەمانی بەرگری لە مافی خەڵک دەژمێردرا، لە هێرشی ئوتی ١٧٩٣ بۆ سەر تویلری و گرتنی شاو شاژن دەستێکی باڵای هەبوو. دوای دامەزراندنی کۆمار بوو بەشالیاری دادگوستەری. ئەندامی کنوانسیون بوو و لە ساڵی ١٧٩٣ سەرکردایەتی ژاکوبنەکانی گرتە دەست. وتاربێژێکی توانا و بەدەست بوو. دامەزرێنەری دادگای شۆڕش و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک بوو. ئەبر و لایەنگرەکانی لە دادگای شۆڕشا تاوانبار کرد. ڕەوشی توندڕەوی کردە پیشە. لە ئەنجاما بەتاوانی پیلان گیرا و پاش دادگاییەک لە ٣٠ی مارس ١٧٩٤ بەگیوتین سەری پەڕێنرا.

دمولن: کامیل (١٧٦٠-١٧٩٤)

پارێزەر و ڕۆژنامەنووس و خەباتگێڕی بەناوبانگی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە. لە ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٧٨٩دا لە کاتێکا ئەو خەڵکەی کە لە باخچەکانی «پاڵە ڕویال»ی پاریسدا کۆبوونەوە هان دا و پرچەکی کردن و بەرە و باستیل ڕابەرێتییانی وەئەستۆ گرت. دمولن فرە تێکۆشا و خەباتێکی سەرسەختانەی کرد بۆ وەدیهێنانی ئازادی و دامەزراندنی دەزگایەکی دیموکراسی لە فەرەنسەدا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٧٩٣ ڕۆژنامەی «لودیو کوردولیە»ی بڵاوکردەوە و داوای کۆتایی پێ هێنانی دەورانی ترس و وەحشەتی کرد. گومانی ئەوەی لێ کرا کە میانەڕەو بێ، لە ئاکاما دەگەڵ دانتوندا و پاش ماوەیەکیش ژنەکەی، بەمەرگ حوکم دران و بەگیوتین سەریان پەڕاند.



دوو موریە: شارل فرانسوا (١٧٣٩-١٨٢٣)

ژەنەڕاڵێکی فەرەنسەیی بوو لە شەڕەکانی «والمی» و«جماپ» سەرکەوت و بەلژیکی داگیرکرد. کنوانسیون لە سەرکردایەتی سوپا لای برد. ئەویش خۆی خستە باوەشی دوژمن.

داود: لوئی «لویس» (١٧٤٨-١٨٣٥)

هونەرمەندی وێنەکێشی فەرەنسەیی کە لە کاتی شۆڕشدا گەیشتە ئەندامێتی کنوانسیون و لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتا بوو بەوێنەکێشی ناپلیۆن.

روبسپیر: ماکسیمیلین (١٧٥٨-١٧٩٤)

پارێزەر، و شۆڕشگێڕی بەناوبانگی فەرەنسە. لە باوەشی خێزانێکی هەژار لە شاری ئاراس پێی ناوەتە جیهان. لەبەرئەوەی دژی حوکمی ئیعدام بوو، کاری دادگایی واز لێ هێنا. لە ڕۆژانی هەرزەکاریدا عەرداڵی بیروباوەڕی ژان- ژاک ڕۆسوو بووە.

چووە ناو ژاکوبنەکان و لە ئاکاما ڕابەرایەتی ژاکوبنی گرتە دەست. لە ساڵی ١٧٩٣ بوو بەئەندامی کومونی پاریس و لە گێرمە کێشی نێوان ژیروەندەکان و مونتانیارەکان ڕۆڵێکی باڵای هەبوو.

لە ٢٧ ژوئیە ١٧٩٣ بوو بەئەندامی کۆمیتەی باڵا. هێز و توانایەکی فرەیدا بەیاسای٣٣ی پرەریال (١٠ی ژوئن ١٧٩٣)؛ لە پاشان لە تەک کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک دەورانی ترس و وەحشەتی دەست پێ کرد و هەموو ئەو کەسانەی کە بەرهەڵستییان دەکرد لەناوی بردن و کوشتنی.

لە ٣٦ ژوئیە لە کاتێکا لە کنوانسیون باسی پاکسازی دەکرد، دوژمنەکانی لە دەرەوە خەریکی پیلان گێڕان بوون بۆ لەناوبردنی.

لە ٩ی ترمیدر ١٧٩٤ گرتیان؛ سوپای پاریس و هاوڕێکانی ڕزگاریان کرد. بەڵام باراس و دارو دەستەکەی دووبارە گرتیانەوە و بۆ ڕۆژی دوایی «٢٨ی ژوئیە» لە تەک چەندین کەسی دیکە لە هاوڕێکانی، بەگیوتین ئیعدام کرا.

روبسپیر سوسیالیستێکی نێوان ڕەو بوو؛ دەیویست حکومەتێکی ڕاست و دروست و پاک بێنێتە سەر کار، و خۆی نموونەی ئاکاری بەرز و پاک و بێ گەرد بوو.

من- ژوست: لویی «١٧٦٧-١٧٩٤»

ڕامیاری بەناوبانگی شۆڕشی فەرەنسە، لە کاتی شەڕی «رن» ناوبانگی پەیداکرد. ئەندامی کنوانسیون بوو. لە دەورانی ترس و وەحشەت «ترور» **١٧٩٣-١٧٩٤** لەگەڵ کوتوندا لایەنگر و هاوکار و هاوڕێی ڕوبسپیر بوون. لە **٩**ی ترمیدر لە تەک ڕوبسپیر خرایە زیندان و لە پاشدا پێکەوە ئیعدام کران. لاوێکی فرە شۆخ و شەنگ، پاک و دروست بوو، هەر بەم بۆنەیەوە ناویان نابوو جوان خاسی شۆڕش.

سیز: ئێمانوئل ژۆزف(١٧٤٨-١٨٣٦)

کەشیش و ڕامیاری بەناوبانگی فەرەنسە بوو. یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی یانەی ژاکوبنەکان. لە شەوی شۆڕشا نووسراوەیەکی بەناوبانگی دەربارەی «چینی سێیەم» بڵاوکردەوە. نوێنەری ئەنجوومەنی مۆنەسێان و کنوانسیون و «شورای پێنج سەد کەسی» و ڕابەر و کونسولی کاتی لە تەک «ناپیلیۆن» و «ڕوژە دوکو» بوو.

شومت: **١٧٦٣-١٧٩٤**

بوێژێکی کوردلیەکان و ئەندامانی کومون بوو. لە تەک ئەبر و دژی کاتولیک بوو. لە ئاکاما بەگیوتین ملی پەڕێنرا.

فرەرون: **١٧٥٤-١٨٠٣**

نوێنەری کنوانسیون و دامەزرێنەری ڕۆژنامەی «دەنگی خەڵک» بوو. زۆر بێ بەزەییانە لە تەک باراسدا شۆڕشی ژیروەنییەکانی لە شارەکانی مارسی و تولون لەناوبرد. لە پاشان لە لایەن کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک، بانگ کرا بۆ پاریس. لەبەرئەوەی ئاگای لە هەڕەشەکانی ڕوبسپیر بوو کە لە دژیا دەیکرد ، کەوتە هەوڵ و تەقەلا بۆ لەناوبردنی ڕوبسپیر. دواجار بۆ بەرهەڵستکردنی ترۆر جارێکی دیکەش بەرەو خوارووی وڵات ڕۆیشیت، بەڵام ئەمجارەیان ڕەوشی نێوان ڕەوی کردە پیشە.

فوشە: ژوزف «**١٧٥٩- ١٨٣٠**»

ڕامیاری بەناوبانگی فەرەنسە، سەرەتا مامۆستای پێوان و فیزیکی قوتابخانەیەکی ئاینی بوو کە تێکەڵ بەشۆڕشگێڕەکان بوو.

لە پێشان «ژیروندن» بوو، پاشان بوو بە«ژاکوبن» و ئەندامی کنوانسیون. دەستێکی باڵای بوو لە کوشت و کوشتارەکەی شاری لیون لە ساڵی **١٧٩٣**.



لە ڕووخاندنی ڕوبسپیر دەستی هەرە باڵای بوو. فرە موحتات و، کورسی پەرست بوو؛ بەڵام هەرگیز لووت بەرز و بەفیز نەبوو. لە ساڵی **١٧٩٩** بوو بەشالیاری پۆلیس. یانەی ژاکوبنەکانی بەست، یارمەتی ناپیلیونی دا لە کودەتای ١٨ی برومر **١٧٩٩** . دەزگایەکی یەکجار پتەوی سیخوڕی پێکەوەنا. کاتێک بوربونەکان گەڕانەوە، لە فەرەنسە دوورخرایەوە تا لە ئاکاما لە شاری تریست مرد.

کارنو: لازار «**١٧٥٣-١٨٢٣**»

ژەنەراڵ، ڕیازیدان، ئەندامی کنوانسیون و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک بوو. چواردە لەشکری بۆ کۆمار پێکەوەنا. شێوەیەکی نوێی بۆ شەڕکردن هێنایە ئارا کە ناپیلیۆن و ژەنەراڵ هش سوودیان لێ وەرگرت. لە کاتی ڕستوراسیون لە وڵات دوورخرایەوە.

کاریە: (١٧٥٦-١٨٠٤)

ئەندامی کنوانسیون بوو. کوشت و کوشتارێکی دڕندانەی لە شاری نانت کرد.

کامبول: ژوزف (١٧٥٦- ١٨٣٠)

ئەندامی کنوانسیون و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵگ و پسپۆڕ بوو لە ئیشوکاری ئابووری.

کوتون: ژورژ (١٧٥٥-١٧٩٤)

لە سەرەتای ژیانیا هەردوو قاچی فەلەج بوو؛ بەڵام ئیرادەیەکی پۆڵاینی هەبوو. لە پێشا نێوان ڕەو بوو؛ لە پاشان بوو بەئەندامی ژاکوبن. ئەندامی کتوانسیون و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک بوو. دەگەل ڕوبسپیر و سن ژوستدا پەیمانێکی سێ قۆڵیان پێکەوە نابوو. یاخییەکانی شاری «لیون»ی لەناوبرد. لە ڕۆژی ١٠ی ترمیدر بەگیوتین ئیعدام کرا.

کولودربوا: ژان ماری «١٧٥٠-١٧٩٦»

ئەکتەرێکی لێ نەهاتوو بوو، بەم هۆیەوە لە شاری لیون گاڵتەو مەسخەرەیان دەکرد. ئەندامی کومون و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک و کنوانسیون بوو، کوشتارێکی بێبەزەییانەی زیندانییەکانی کرد. لە ٩ی ترمیدر سەرۆکی ئەنجوومەن بوو. دەستێکی باڵای بوو بۆ ڕووخاندن و لەناوبردنی ڕوبسپیر. دواجار دوورخرایەوە بۆ «گویان» و هەر لەوێڕا مرد.

لافایت: ماری- ژوزف- مارکی در «١٧٥٧-١٨٣٤»

ژەنەراڵ و ڕامیارێکی فەرەنسەیی بوو. ڕۆڵێکی باڵای بوو لە شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا. لە سەردەمی شۆڕشەکانی ١٧٨٩ تا ١٨٣٠ لە فەرەنسەدا ژەنەڕاڵێکی لیبراڵی شا پەرەست بوو.

لندە: «١٧٤٦-١٨٣٥»

ڕامیاری فەرەنسەیی، ئەندامی کنوانسیون و کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک بوو. لە سەردەمی دیرکتوار بوو بەشالیاری دارایی.

لوبا: ژوزف «١٧٦٥- ١٧٩٤»

ئەندامی کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی، دۆست و هاوڕێی هەرە نیزیکی سن ژوست و لایەنگرێکی تەواوی ڕوبسپییر بوو لە ٩ی ترمیدر، پێش ئەوەی هاوڕێکانی ئیعدام بکرێن خۆی کوشت.

هانریو: (١٧٦١-١٧٩٤)

فەرماندەی پێخاوسەکان بوو. لە ١٠ی ئوت دەستێکی باڵای بوو. لە دۆستەکانی مارا بوو. ئابلۆقەی کنوانسیونی دا و بەهەڕەشەوە ئەندامەکانی ناچارکرد کە بچنە ناو کۆبوونەوە و دژی ژیروەندەکان و دوورخستنەوەیان دەنگ بدەن. لە ٩ی ترمیدر فەرماندەی گاردی میللی بوو. پەلبەست کرا و لە تەک ڕوبسپییر ئیعدام کرا.

هش: (١٧٦٨-١٧٩٧)

ژەنەراڵی فەرەنسەیی، لە ساڵی ١٧٨٤ چووە ناو سوپا. لە داگیرکردنی زیندانی باستیل هاوبەشی کرد. پاش ئەوەی ڕاپۆرتێکی دەربارەی کێشەی نیزامی نووسی بۆ کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک، چووە دڵی کارنو و بوو بەفەرماندەی بەتالیونی ژووروی وڵات. لە ساڵی ١٧٩٣ بوو بەژەنەراڵ و زۆر چالاکی نواند لە شەڕکردن دژی ئوترشییەکان و پرووسییەکان.

پیشگرو کە بە بەدکاری خۆی دەزانی، لێی بەدگومان بوو و تا ٩ی ترمیدر خرایە زیندان. لە ساڵی ١٧٩٧ باراس پێشنیاری بۆ کرد ببێتە شالیاری جەنگ؛ بەڵام زۆر زوو وازی لە کار هێنا. دواجار بوو بەفەرماندەی سوپای سامبر- و- موز و ئوتریشییەکانی شکاند و لە ئاکاما بەنەخۆشی سینە مرد.



مارا: ژان پل (١٧٤٣-١٧٩٣)

ڕامیار و فیزیک زانی فەرەنسەیی، لە سوئیس لە دایک بووە. ڕۆژنامەی «لامی دوپوپل» ، «هاوڕێی گەل»ی بڵاودەکردەوە. یەکێ بوو لە هاندەرانی کوشت و کوشتاری سەپتەمبەر.

ئەندامیی باڵی چەپی «مونتانیارد» بوو. بۆ ئەندامێتی کنوانسیون هەڵبژێرا. مارا هێرشی بردە سەر «دوموریە» و ژیروەندەکان و لە دادگایی «شا» فرە توندڕەو و سەخت گیر بوو. دواجار بەدەستی «شارلوت کوردای» کوژرا.

لوژاندر: لوبی«١٧٥٣-١٧٩٧»

ڕامیارێکی فەرەنسەیی، لە شاری پارس قەساو بوو. بوو بەئەندامی کنوانسیون.

وادیە: مارک گیوم «١٧٣٦-١٨٣٨»

ڕامیارێکی فەرەنسەیی، قازی و نوێنەری «مونتانیارد» و ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی و ڕابەری دار و دەستەی بەدکارانی ڕوبسپییر بوو.

ڕۆسۆ: ژان ژاک «١٧١٣-١٧٧٨»

فەیلەسوف و نووسەری بەناوبانگی فەرەنسە، لە ڕۆژی ٣٨ ژوئن ١٧١٣ لە شاری ژێنێف لە سویس لە دایک بووە. نووسینە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانی لە سەدەی هەژدەهەما کارێکی گەورەی کردە سەر خەڵکی فەرەنسە.

لە ساڵی ١٧٦٣ کتێبە بەناوبانگەکەی «قەراردادی کۆمەڵایەتی» نووسییەوە کە هاندەرێکی گەورە و دەستێکی باڵای بوو لە ڕاپەڕین و شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنسە، لە هەمان کاتا کتێبێکی دیکەی بەناوی «ئیمیل» نووسی، میری و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە، بڕیاری گرتنیان دا. ڕۆسۆ ناچار بوو لە فەرەنسە ڕابکا و بەرەو سویس و بریتانی بار بکات.

ڕۆسۆ لە دواڕۆژانی ژیانیا دووبارە گەڕایەوە فەرەنسە و لە ساڵی ١٧٧٨دا کۆچی دوایی کرد و لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە بەرێزەوە تەرمەکەیان گواستەوە فەرەنسە.

ڕۆسو باوەڕی وابوو کە مرۆڤ لە سروشتا خۆی زیندەوەرێکی خاسە؛ بەڵام کۆمەڵگا و شارستانیەت بەرەو خراپەی دەبەن و لە خشتەی دەبەن. لەبەر ئەوە پێویستە تا ئەو شوێنەی بۆی دەلوێ بگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت، بۆ ڕاستی و دروستی و پاکێتی ڕۆژگارانی

دێرین... ڕوسو هەر لەبەرئەوە بوو کە ئەویندارى سروشت بوو و هەمیشە خۆی دەهاوێشتە باوەشیەوە و لە خەڵک دوور و گۆشەگیر دەبوو.

کاتێک کە پیر بوو کڵپەی ئاگری ئەم ئەوینە زێتر پەرەی سەند و وای دەزانی کە گشت خەڵک گەرەکیانە ئازار و ئەشکەنجەی بدەن.

لە کتێبە بەناوبانگەکانی ڕۆسۆ: «هلوئیزی نوێ ١٧٦١»، «قەراردادی کۆمەڵایەتی ١٧٦٣»، «بیروباوەڕی گەڕۆکێکی گۆشەگیر»، «ئیعتێرافات»...

بیروباوەڕی ڕوسو بوو بەهاندەری هەندێ لە پیاوە ڕامیار و بەناوبانگەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە وەک ڕوبسپییر.

ژیروندن:

کۆمەڵێکی ڕامیاری بەناوبانگ بوو کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی فەرەنسە پێکهات. لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری ئەندامەکانی خەڵکی ناوچەی ژیروند بوون، هەر بەم ناوە ناویان دەرکرد. ڕابەرە ناودارەکانیان بریتی بوون لە: بریسو، ورنیو، کوندورسە، دوموریە. ئەم کۆمەڵە باڵی ڕاستی کنوانسیون بوو، باڵی چەپی کنوانسیون مونتانیارد بوو و باڵی ناوڕاست و لایەنی «لاپلن» یا «لوماره» بوون.

سەرەتا دژی ڕژێمی پاشایەتی بوون. لە ساڵی ١٧٩٣ توانایان گرتە دەست دوای ڕووخاندنی ڕژێمی شا، دژی کوشت و کوشتاری سەپتەمبەر و بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوچەکانی پاریس ڕاوێستان و بەتەواوەتی بەرهەڵستی مەرگی «شا»یان کرد.

ژیروندنەکان لە مانگی ژوئن ساڵی ١٧٩٣ لە لایەن ژاکوبنەکان و کوردلیەکان لە کنوانسیون وەدەرخران. ڕاپەڕین و شۆڕشێک بەڕابەرایەتی خەڵکی فەرەنسە «٣١- ١٧٩٣» ژیروندنەکانیان لەناوبرد و زۆربەی زۆری ڕابەرەکانیان لە ٣١ی ئۆکتۆبەر کوژران.

پاش کوشتنی مارا بەدەستی شارلوت کوردای - کە گوایا لە تۆڵەی لەناوبردنی ژیروندنەکانا ئەم کارەی کردبوو - ئەم کۆمەڵە زێتر لە جاران کەوتنە ژێر ئەشکەنجە... لە پارێزگاکانا دەستیان کرد بەشۆڕش بەرپاکردن؛ بەڵام هیچیان پێ نەکرا.

ژاکوبن:

کۆمەڵەی ژاکوبن لە ساڵی ١٧٨٩ بەناوی لایەنگرانی یاسای بنچینەیی «قانون اساسی» پێک هات. لەبەرئەوەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵە لە دێری دەستەی ژاکوبن- کە



دەستەیەکی ئاینی بوون- لە پاریس کۆدەبوونەوە هەر بەو ناوە ناوبانگیان دەرکرد.

زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بریتی بوون لە بورژوا دەوڵەمەندەکان، پیاوە ئاینییەکان، هەندێ لە ئەشرافەکان و لایەنگرانی دەستوور. کە لە پاشان ڕەوشی دیموکراتییەت بەسەر باوەڕەکانی دیکەیان زاڵ بوو و دوای ئەوەی شا لە «وارن» ڕای کرد، ئەمان ئیدی دژی وێستانەوە.

میرابو و لافایت ڕابەرایەی ئەم کۆمەڵەیان وەئەستۆبوو. ئەم کۆمەڵە توانی زێتر لە کۆمەڵەکانی دیکە خۆی بەرێتە پێشەوە و لە سەردەمی کنوانسیون ڕۆڵێکی باڵای هەبوو.

ژاکوبنەکان لایەنگری سەرسەختی کۆماربوون و هەوڵیان دەدا تا ئەو شوێنەی بۆیان بکرێت خۆیان لە شەڕ دەگەڵ دوژمنانی دەرەوەی وڵات دوورەوە وەخەن؛ بەپێچەوانەی ژیروندەکان کە دەیانویست شەڕ بکەن.

پاش وەدەرکردنی ژیروەندنەکان لە لایەن ژاکوبنەکانەوە ئەمەی دوایی بەرەو دەورانی ترس و وەحشەت وترۆر شەقاوی هەڵنا. لەم سەردەمەدا دانتون و ڕوبسپیر ڕابەری ژاکوبنەکان بوون.

پاش ئیعدام کردنی دانتون، تا ڕۆژی ٩ی ژوئیە ١٧٩٤ ڕوبسپییر ڕابەری ئەم کۆمەڵە بوو کە دوای ئیعدام کردنی ڕوبسپیر ئەم کۆمەڵە لە ١٣ی نوامبری ساڵی ١٧٩٤ هەڵوەشێنرا.

کوردلیە:

کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕانە بوو کە لە لایەن دانتون، مارا، دمولن لە ساڵی ١٧٩٠ دامەزرا بەناوی کۆمەڵەی ئەویندارانی مافی مرۆڤ. لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکانیان لە دێری کوردلیە دەبەست، هەر بەو ناوە ناویان دەرکرد. پاش ئەوەی دانتون و دمولن خۆیان کشانە دواوە لەم کۆمەڵە، کوردلیەکان لە ژێر تەئسیری مارا و ئەبر بەرەو توندڕەوی ڕۆشتن. ئەم کۆمەڵە لە نێو سوپا و کومونی پاریس لایەنگرانی زۆریان هەبوو. دوای ئیعدام کردنی ئەبر لە ساڵی ١٧٩٤ هەڵوەشێنرا.

مونتانی:

ناوی کۆمەڵێک لە ئەندامانی کنوانسیون کە بالاترین جێگەی لەنێو کنوانسیون گرتبوو. ناوبانگی بەتوندڕەوی دەرکردبوو.

ماره:

ئەندامانی کنوانسیون کە شێوەی کارو باوەڕیان لە نێوان مونتانییەکان و ژیروەندنەکان بوو.

کنوانسیون:

لە ڕۆژی ١٠ی ئوتی ساڵی ١٧٩٣ لویی شانزەهەم دەگەڵ خێزانەکەیا پەنایان بردە بەر کاخی تویلری کە لە لایەن پاسەوانە سویسییەکانا دەپارێزرا. جەماوەری خەڵک هێرشیان بردنە سەرو پاسەوانەکانیان کوشت. پەرلەمانی فەرەنسە «شا»یان گرت و بڕیاریاندا کە خەڵکی لەنێو خۆیانا ئەنجوومەنێک بەناوی کنوانسیون پێک وەهێنن.

پاش هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک، کنوانسیون یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژی ٣١ی سەپتەمبەر ١٧٩٣ پێک هێنا. ڕژێمی پاشایەتی هەڵوەشاند و حوکمی ئیعدامی لویی شانزەهەمی دەرکرد. دەوڵەتی ئینگیز دژی فەرەنسە کەوتە شەڕ. کنوانسیون ناچاربوو لە تەک دوژمنانی دەرەوە و ناوەخۆی وڵات واتە ئینگلیز و ژیروەندەکان و مونتانیاکان بکەوێتە شەڕ.

کنوانسیون لە ڕۆژی ٢٦ی ئوکتوبەری ١٧٩٥ هەڵوەشێنرا و دیرکتوار پێک هێنرا.

کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی:

کنوانسیون لە ساڵی ١٧٩٣بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری پۆلیسی، ئەم کۆمیتەیەی پێک هێنا.

کۆمیتەی ڕزگاری خەڵک:

کنوانسیون لە ڕۆژی ٦ی ئاڤریلی ١٧٩٣ ئەم کۆمیتەیەی پێک هێنا، بۆ ئەوەی گشت کارەکان لە یەک مەڵبەندا کۆبکاتەوە؛ ئەم کۆمیتەیە لە ٣٧ی ئۆکتۆبەری ١٧٩٥ هەڵوەشێنرا.

دیرکتوار: «لیژنەی بەڕێوەبەرێتی»

لیژنەیەک بوو کە پێک هاتبوو لە پێنج کەس و لە ٣٧ ئوکتوبەری ١٧٩٥ تا ٩ی نۆڤامبری ١٧٩٩ ئیشوکاری فەرەنسەی بەهاوکاری دوو ئەنجوومەنی «شۆرای پێنج سەد کەسی» و «شۆرای پێشینان» بەڕێوەدەبرد. ناپیلیون بوناپارت ئەم شێوەی حکوومەتەی لەناوبرد.



ئەنجوومەنی شۆرای پێنج سەد کەسی:

شۆرایەکی ڕامیاری بوو. لە ٥٠٠ کەس پێک هاتبوو کە دەگەڵ ئەنجوومەنی شۆرای پێشینان کۆڵەکەی بناغەی یاسادانان بوون. لە ١٨- ١٩ برومر ساڵی ١٧٩٩ هەڵوەشێنرا.

ئەنجوومەنی شۆرای پێشینان:

یەکێ لەو دوو ئەنجوومەنە بوو کە یاسای بنچینەیی ساڵی سێیەم ١٧٩٥ی وەدی هێنا و ٣٥٠ ئەندامی هەبوو. ئەمیشە لە ١٨- ١٩ی برومری ساڵی هەشتەم (١٧٩٩) هەڵوەشێنرا.

**شۆڕشی مەزنی فەرەنسە**

یەکێ لە هۆکانی ڕاپەڕین و شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنسە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی فەلسەفی و ئابووری سەدەی هەژدەهەم بوو.

ئەو تازیاریانەی کە ئەشرافەکان و پیاوە ئایینییەکان بۆ خۆیان ڕەوا دەدی و ئەو ستەمەی کە هەمیشە لە لایەن ئەمانە و دەستگاکانی میری، دژی چینی سێیەم دەکرا ڕقوکینەی چینی چەوساوەی زێتر دەکرد. لە ساڵی ١٧٨٩ی زاینیدا ئەم زوڵم و ستەمە گەیشتبووە ڕادەیەک کە ئیدی کاسە پڕبوو و ئاوی لێ دەڕژا.

لوئی شانزەهەم بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە، ناچاربوو بڕیاربدا ئەنجوومەنی چینایەتی پێک بێت. ئەم ئەنجوومەنە لە هەمان ساڵدا پێک هات و دەستی کرد بەکۆبوونەوە. شۆڕش لە ناوجەرگەی ئەو ئەنجوومەنەدا لە دایک بوو و هاتە ئاراوە.

نوێنەرانی چینی سێیەم، ئامادە نەبوون وەک جاران لە ئەشراف و پیاوە ئایینییەکان جودابن و لە ئەنجوومەنا بەجیا ڕای خۆیان دەربڕن و پێشنیاریان کرد کە ئەمان و ئەو دوو چینەی دیکە، وێکڕا ئەنجوومەنێک پێک بێنن. ژمارەی نوێنەرانی چینی سێیەم بەتەنیایی بەرابەر بوو لە تەک ژمارەی نوێنەرانی دوو چینەکەی دی.

نوێنەرانی ئەو دوو چینە بەم پێشنیارە قایل نەبوون وتووێژ دەربارەی ئەم پێشنیارە بووە هۆی گێرمەکێشە و بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئاژاوە و نوێنەرانی چینی سێیەم سوێندیان خوارد و بڕیاریان دا تا ئەو کاتەی یاسایەکی بنەڕەتی نەنووسنەوە، پەرشوبڵاو نەبن.

لوی شانزەهەم فەرمانی دەرکرد کە بڵاوەی لێ بکەنەوە. میرابو – وتاربێژی بەناوبانگی

فەرەنسە – گوتی: «ئێمە بەدەستوور وویستی گەل لێرەدا کۆبووینەتەوە و تەنیا سەرە نێزە دەتوانێ بلاوەمان پێ بکات».

میری بەخاسی نەزانی کە بەرەنگاریان بێتەوە. هەندێ لە نوێنەرانی ئەشراف و پیاوە ئاینییەکان قایل نەبوون کە لەتەک نوێنەرانی چینی سێیەما دابنیشن؛ بەلام نوێنەرانی چینی سێیەم لەبەرئەوەی نوێنەری زۆربەی زۆری میللەت بوون، ئەنجوومەنی خۆیان ناو نا «ئەنجوومەنی میللی» و ئەنجوومەنی چینایەتییان بەتاڵکردەوە، و بەناو خەڵکا بلاویان کردەوە کە بێ ئاگاداری و بڕیاری ئەنجوومەنی میللی، هیچ هاوولاتییەکی فەرەنسەیی نابێ مالیات بەدەوڵەت بدات. ئەنجوومەنی ناوبراو بەگورجی دەستی کرد بەگەڵاڵەکردن و نووسینی یاسای بنچینەیی و ناویان لێنا ئەنجوومەنی دامەزرێنەران. ئەم ئەنجوومەنە لە مادەی دوو سالاندا یاسای بنچینەیی فەرەنسەیان ئامادەکرد. یاسای ناوبراو – کە بەیاسای سالی ١٧٩١ بەناوبانگە – ڕژێمی دەوڵەتی فەرەنسەی کردە ڕژێمێکی دەستووری و هەر سێ هێزەکانی (مقننە، مجریە، قضائیە)ی لە یەکتر جیاکردەوە و تەنیا مافێک کە بە«شا»یان ڕەوابینی، ئەوەبوو کە دەیتوانی بۆ ماوەیەک جێبەجێکردنی یاساکان دوابخات.

لە پێشەکی یاساکەدا پوختەیەک بەناوی بەیاننامەی مرۆڤ کە کورتەیەک دەربارەی ئازادی، یەکسانی و حکوومەتی میللی بۆ– تیایدا ڕەچاوکرابوو. بەم پێیە نوێنەرانی چینی سێیەم دوو شۆڕشیان بەرپاکرد:

شۆڕشێکی ڕامیاری کە بوو بەهۆی ئەوەی دیکتاتۆریەتی پاشایەتی نەمێنێ و نوێنەرانی خەڵک هاوبەشی هەڵسووڕاندنی ئیشوکاری دەوڵەت بکەن. شۆڕشێکی کۆمەلایەتی کە هەموو خەڵکی بەرامبەر بەیاسا، یەکسان و چون یەک کرد و تازیاری چینی ئەشراف و پیاوە ئاینییەکانی پووچ کردەوە. بێ گومان ئەم دوو شۆڕشە کارێکی ئاسان نەبوو؛ بەڵکو شەڕوشۆڕێکی بێ شوماری خوێناوی لەنێوان ئەو دوو چینەو چینی سێیەم وەدی هێنا. چەند کەسێکیش بەرەو هەندەران هەڵهاتن و دەوڵەتە بێگانەکانیان هان دا کە لەشکەرکێشی بکەنە سەر فەرەنسە.

لوئی شانزەهەم بەشێوەیەکی نهێنی داوای کۆمەک و یارمەتی لە کیشوەر و پاشاکانی ئەورووپا دەکرد.

سوپای ئوتریش «نەمسا» هێرشی کردە سەر خاکی فەرەنسە. لەبەرئەوەی لوئی شانزەهەم بەنهێنی نەخشە و تاکتیکی سوپای فەرەنسەی بۆ سەردارەکانی ئوتریش ناردبوو،



فەرەنسەییەکان تێک شکان؛ بەلام خەڵکی فەرەنسە و بەتایبەتی خەڵکی پاریس، ئەم نوشوستی و سەرشۆڕییەیان قەبووڵ نەکرد. ئەنجوومەنیان ناچارکرد کە لوئی شانزەهەم لە پاشایەتی بخەن. پاش لابردنی، بۆ ئەوەی جۆری حکوومەتی داهاتوو دابین بکەن، ئەنجوومەنێکی نوێیان پێکەوە هێنا بەناوی کنوانسیون (Convention).

ئەم ئەنجوومەنە سەرەتا ڕژێمی حکوومەتی کۆماری لە فەرەنسە بلاوکردەوە و لە پاشان لوئی شانزەهەمی کێشایە دادگا و ئیعدامی کرد.

کنوانسیون ناچاربوو دەگەڵ دوژمنە بێگانەکانیا بجەنگێت و شۆڕشەکانی ناوخۆ – کە یاخیبووەکان بەرپایان دەکرد – بکوژێنێتەوە.

کنوانسیون بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی خۆی ئاراستەی شەڕ دەگەڵ بێگانەکان بکات، ناچاربوو لەپێشا ئەو کەسانەی کە مایەی فیتنەو ئاشوب بوون، بخاتە زیندان و بیانکوژێت. ئەم خوێنڕێژییە دە مانگ بەردەوام بوو. ئەم ماوەیە بەدەورانی ترس و هەراسانی ناو دەبرێت. (Terreur)

کنوانسیون بەهاوکاری نیشتمانپەروەرە فەرەنسەییەکان توانی پاش دوو سالان کوشت و کوشتار دەگەڵ هێزی داگیرکەری بێگانە، بەسەر هەموویاندا سەربکەوێت؛ تەنانەت، لەڕۆژهەلاتی ولاتەکەیاندا توانییان هەندێ زەوی تازە بخەنە سەر خاکی خۆیان. هاوڕێ لەتەک ئەمانەدا لە ناوخۆی ولاتیشا بڕێ چارەسەرکردنیان وەدی هێنا؛ وەک چارەسەرکردنی فەرهەنگ، کێشەو پێوان...

پاش ئەنجوومەنی کۆنڤانسیون، دەوڵەتی فەرەنسە بۆ ماوەی چوار سالان دووچاری گێرمە کێشەو هەڵلا بوو، چونکە خەڵکی بەسەر چەندین پارتی جۆراوجۆر دابەش بوو بوون و هەریەک لەو پارتانە دەیانویست بەسەر پارتەکانی دیکەدا زاڵ بن و تەنیا پاڵەوانی گۆڕەپان بن و دەسەلات بگرنە دەست خۆیان.

لەم گیرودارەدا دەوڵەتەکانی ئەورووپا دژی فەرەنسە یەکیان گرت؛ چونکە ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کە شۆڕشی فەرەنسە تەشەنە بکات بەنێو خەڵکی ئەو دەوڵەتانە.

لەم شەڕانەدا فەرەنسەییەکان شکان. لە ئەنجامدا خەڵکی فەرەنسە لەم هەموو کارەساتانەی ناوخۆ و دەرەوەی ولات بێزار و وەڕس بوون و بەئارەزووی ئەوەبوون کە حکوومەتێکی بەهێز و توانا بێتە سەرکار و نیشتمانیان بپارێزێت لە دەستدرێژی بێگانەکان. ئەم ئاواتەیان بەدەستی ناپلیون بووناپارت هاتە دی.

## فەرەنسە لەنێوان سالانی ١٧٨٩-١٧٩٤

بۆ ئەوەی مەزنایەتی شۆڕشی فەرەنسە و گرینگێتی ئەو چارەسەرانەی کە بەهۆی شۆڕش ئەنجام دران و ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی بخەینە بەرچاو، پێویستە لە بارودۆخی ئەو کیشوەرە لە ساڵی ١٧٨٩ بکۆڵینەوە و لە چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی ئیشوکاری ڕامیاری و باری کۆمەڵایەتی ئاگاداربین.

لە ڕووی ڕامیارییەوە، فەرەنسە کیشوەرێکی ئیستیبدادی و مەڵبەندی بوو. گشت دەسەڵاتەکان وەدەس خودی «شا» بوو؛ فەرمانەکان لە لایەن ئەوەوە دەردەچوون، بەڕواڵەت «شا» خاوەنی دەسەڵاتی تەک ڕەوی بوو و لە هەموو کارەکان ئازادییەکی بێ چەندوچونی هەبوو، بەڵام لە واقیەتا دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی پەرش و بڵاو و ناڕێکوپێک بوون و ویلایەتەکان بەرەڵا و هەریەک بۆخۆی بوو.

بنچینەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای فەرەنسە، لەسەر جیاوازی دامەزرابوو. خەڵکیان دابەش کردبوو بەسەر سێ چیندا: پیاوە ئایینییەکان، ئەشرافەکان و بۆرە پیاوان «چینی سێیەم» دوو چینی یەکەم خاوەنی تازیاری تایبەتی بوون و چینی سێیەم هیچ جۆە تازیارییەکیان نەبوو. دەگەڵ ئەوەشا باری دەوڵەت بەسەرشانی ئەمانەوە بوو.

«شا» بەنوێنەری خوا لەسەر ڕووی زەوی دەژمێررا و لە لایەن خوداوە دەبووە خاوەنی تەخت و تاج و خەڵکی پێیان وابوو کە ئەم لە لایەن خواوە فەرمانڕەواییان دەکات. لەبەرئەوە هیچ زیندەوەرێک لەسەر ڕووی زەوی مافی ئەوەی نییە خۆی لە ئیشوکار و فەرمانەکانی «شا» هەڵقورتێنێ و دەشێ بێ هیچ چەقەچەقێک دەستوورەکانی موو بەموو ئەنجام بدات.

سوڵتانە زۆردارەکانی فەرەنسە شووڵیان لێ هەڵکێشابوو و دەیانگوت کە بۆیان هەیە دەست بخەنە ناو هەموو ئیشوکارە تایبەتییەکانی خەڵک و دەست بەسەر بیروباوەڕیان بگرن. ژیان و باوەڕی ڕەعیەت گشتی خواستی «شا» بوو. «شا» دەیتوانی دارایی و ماڵ و مۆڵکی خەڵکی زەوت بکات و بەهۆی جۆرە فەرمانێکی تایبەتی، بێ هیچ دادگاییەک هەر کەسێ خۆی گەرەکی بایە دەیتوانی لە یەکێک لە قەڵا ترسناکەکان بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بخزێنێتە زیندان.

هەرچەندە پایتەختی وڵات پاریس بوو، بەڵام «شا» بۆخۆی لە ڤێرسای دەژیا. دەست و پێوەندێکی یەکجار زۆر بەناوی بارەگای شا بەژیانێکی پڕ لە خۆشی و جوان پەرستییەوە



دەوروبەری شایان گرتبوو و ژمارەیان دەگەیشتە شانزە- حەڤدە هەزار کەس.

خۆش گوزەرانی ئەم دەس و پێوەندە بێ ئەندازە بوو. دزیتی و خاوە وەرگرتن لە برەودا بوو، و بێ هیچ شەرم و حەیایەک دەستیان لە گیرفانی خەڵک دەکرد و ماڵی خەڵکیان زەوت دەکرد، دەست بڵاوی و خەرج و بەرجی بێ حیساوی بارەگای شا لە ساڵی ١٧٨٩ گەیشتە سی و سێ میلیۆن لیرە.

«شا» شەش شالیاری بوو. یەکێ لە شالیارەکان کە لە شا نزیکتربوو، زێتر لەلای جێی متمانە بوو؛ پلەوپایەی لەوانی دی بەرزتر بوو و جێگەی سەرەک شالیارانی ئێستاکەی دەگرتەوە؛ بۆ وێنە لە ساڵی ١٧٨٧دا «نکر» لە هەمووان پتر ڕێزی هەبوو.

هەرچەندە فەرەنسە بەوڵاتێکی یەکپارچە دەژمێردرا بەڵام لە ڕاستییا هیچ جۆرە یەکێتییەک نەبوو. کێشەی قەشەکان و زۆر شتی دیکە لە هەر شارێک ناوێکی تایبەتی و قورساییەکی بۆ خۆیان هەبوو. یاسا و جۆر و شێوەی کار لە هەر شوێنێکدا بەگوێرەی ئارەزووی فەرمانڕەوایانی ناوچەکان بوو؛ هەریەک بۆخۆی سەربەخۆییەکی تایبەتیان هەبوو.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی

گەلی فەرەنسە بەسەر سێ چینی جیاوازا دابەش کرابوو:

پیاوە ئاینییەکان، ئەشرافەکان و بۆرە پیاوان «چینی سێیەم». دوو چینی یەکەم بەچینی هەرە باش دەژمێرران. چینی سێیەم بریتی بوو لە کرێکاران - جووتیاران و بڕی لە هەندێ تازیاری تایبەتیان هەبو. زۆربەی زۆری باری مالیات بەسەرشانی خەڵکی بێ دەرەتان و هەژاران و جوتیارو سەپانەکان بوو.

بێگومان ڕەعیەت هیچ جۆرە پاشەکەوتێکیان نەبوو. ژیانیان لەتەک سروشت گرێ درابوو؛ کەمترین و بچووکترین گۆڕین لە سروشت «ئاو، هەوا، با و باران» دەبووە هۆی لە ناوچوونی دەغڵ و دان و بەرهەمەکانیان. گرانی و قاتوقڕی ئاگری بەردایە خانووبەرەیان و هەموویانی خستە سەر ساجی عەلی.

لە کاتێکا کە ئەنجوومەنی شورای گشتی یاخود ئەنجوومەنی سێ چینەکە خەریک بوو بێتە ئارا، فەرەنسە دووچاری کارەساتێکی گەورە و مەترسییەکی دڵتەزێن بوو بوو؛ بەروبوومی ساڵی ١٧٨٨ خاس نەبوو و زستانی ساڵی ١٧٨٩ یەکێ لە سەختترین و ساردترین زستانەکان بوو و خەڵکی هەژار خراپترین ڕۆژگارانی ژیانیان دەبردە سەر.

له ٦٥٠٠٠٠ کـەس خـەڵکی شـاری پاریس نزیکەی ١٣٠٠٠٠ نەفـەریان هەژار و بێ دەرامەت بوون و هەموو ئەمانە ئامادەی ڕاپەڕین و شۆڕش هەڵگیرساندن بوون.

یەکێ لە پیـاوە ئاینییـەکـانی شـاری «نانسی» کـە لە ڕۆژی چواری مـانگی ١٧٨٩ لە کلێـسای سن لوی خـەریکی خوێندنەوەی دوعـای کردنەوەی ئەنجـوومـەنی شورای گـشـتی «ئەنجوومەنی سێ چینەکە» بوو، ڕووی کردە لویی شانزەهەم کە لەسەر تەختێک دانیشتبوو و وەنەوز دەیبردەوە، گوتی: «خاوەن شکۆ... میللەتێک کە بەڕێزتان فەرمانڕەوایی دەکەن، تاقیکردنەوەی خۆی دەربارەی خۆڕاگرتن و سینەفراوانی و پشـوو درێژی داوە. تاک تاکی ئەم میللەتە هەروەک شەهیدان کە لە گیانەڵادان و دوا هەناسەی ژینیـان دەدەن، ئەو تۆزە گیانەی کە تیایاندا ماوە، جگە لەوەی کە ئێش و ئازار و ناخۆشییـان لێ زیاد دەکات هیچ سودێکی دیکەی بۆیان نییە».

## هەڵبژاردنی گشتی

هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەرسێ چینەکە لە مانگی فوریە ١٧٨٩ دەستی پێکرد. زۆربەی زۆری ئایینییـەکان و ئەشرافەکان ڕاستەوخۆ نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژارد. چینـی سێـیـەم بەدوو پلە هەڵـبژاردنیـان ئەنجام دا و فرە لە جەمـاوەری خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکەیان نەکرد. بەفەرمانی «شا» ژمارەی نوێنەرانی چینی سێیەم بەتەنیایی بەرامبەر بوو لە تەک ژمـارەی نوێنەرانی پیـاوە ئاینییـەکان و ئەشرافەکـان. تێکڕا ژمـارەی نوێنەرەکـان ١١٩٦ کەس بوو کە ٥٩٨ کەسی لە چینی سێیەم پێک هاتبوو. ئەمە ڕواڵەتی مەسەلە بوو؛ بەڵام لە ڕاستیـیا ٣٥٠ کەسێک لە پیاوە ئاینییەکان کە لە قەشە پلە نزمەکان پێک هاتبوون و ئاسۆی بیـریان زێتـر لە چینی سێـیـەم نزیکتـربوو، ئەمـانە بەچینی سێـیـەم دەژمـێـران و ئامـادەبوون هەمـیـشـە هاریکاری لە تەک چینی سـێـیـەم بکەن بۆ لەناوبردن و پووچەڵکردنەوەی تازیاریەکانی پیاوە ئاینییە گەورەکان.

لە سەردەمی هەڵبژاردنا خەڵکی لە شارەکانا لەناو کلێساکاندا خڕدەبوونەوە و پێشنیار و کێشـە و سکاڵاکـانیـان کۆدەکردەوە و دەیانسپـاردە دەست هەڵـبژێراوەکـان. بەم پێـیـە نزیکەی ٥٠٠٠٠ تۆمـار ئامـادە کـرا. لە بڕێ لە شـارەکـان هەرسێ چینەکـە پێکەوە تۆمـارێکیـان ئامادە دەکرد و هەرسێ چینەکە لەم کێشـانەی خـوارەوە هاوبەش و هاوبیـر بوون:

هەموو تێکڕا گشت نالەبارییەکان و بەدبەختییەکانی خەڵکیان لە هێز و توانای زێتر لە



پێویستی «شا» دەزانی و دەیانگوت دەبێ لە دەسەڵاتی «شا» تا ئەندازەیەکی ماقوڵ کەم بکرێتەوە و یاسایەک دابنرێت کە مافی خەڵک و «شا»ی تیا دیاری بکرێت و ئەو یاسایە ببێـتە تەرازوویەک بۆ هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپەی گشت دامـودەزگـاکـانی مـیـری و پەیوەندییـەکانی کۆمەڵایەتی. لەم بارەیەوە ئەوەندە پێکەوە هەوڵـیان دا کە زۆربەی زۆری هەڵبژێراوەکانی هەرسێ چینەکە، نوێنەرەکانیان ناچار دەکرد کە تا «شا» یاسای بنچینەیی ئیمزا نەکات و نەکەوێتە کار، هیچ کەس قڕانێک بەدەوڵەت نەدات.

ئەم یاســایە دەبێ ئازادی تاکــێــتی و ئازادی بیــروباوەڕ و نووسین ڕەچاو بکات و بەتەواوەتی سانسـور لەناو بەرێت و هەمە ساڵە نوێنەرانی خـەڵک خڕببنەوە و دەربارەی دانانی یاسـای نوێ بەشداری بکەن و چۆنیەتی وەرگـرتنی مالیـات دابنێن و «شـا» مافی ئەوەی نەبێت کە بێ ڕەزامەندی ئەمان هیچ جۆرە مالیاتێکی تازە بسەپێنێ بەسەر خەڵکا و ئەشێ مالیات بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەرسێ چینەکەدا دابەش بکرێت.

ئەم بڕیـارانە بەشـێـوەیەکی ئارام و لەسـەرخۆ لە لایەن خـەڵکەوە دەردەچوو؛ هیچ کـەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دووچاری شۆڕشێکی سەخت و خوێناوی دەبن.

زۆربەی زۆری خەڵکی فەرەنسە سوپاسی لویی شانزەهەمیان دەکرد کە نوێنەرانی خەڵکی قاو کردووە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنێک پێک بێنن. ئەم سوپاس و ڕێز لێگرتنە بۆ ئەوە بوو کە خەڵکی وایان دەزانی کە لویی شانزەهەم ملی ناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

«نکر»ی شالیاریش پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنە گشتییەکە دەقی بڕیارەکانی شۆرای دەوڵەتی لە ٣٧ی دیسامبری ١٧٨٨ بڵاوکردەوە کە تیایدا بڕیار درابوو چینی سێیەم، دوو ئەوەندەی ژمارەی نوێنەرەکانی دوو چینەکەی دی، نوێنەر هەڵبژێرن، و «شا» ڕازی بوو بوو کە ئەنجوومەنی هەر سێ چینەکە هەمیشە پێک بهێنرێت و پێکەوە دەربارەی دەوڵەت بڕیار بدەن و دامـودەزگـاکـانی مـیـری چارەسـەر بکرێن و ئازادی تاکێـتی خـەڵک دابین بکرێت. بێگومـان ئەم یاسانە هەمان ویست و ئاواتی خەڵک بوو؛ کەوایە هیچ جۆرە ناکۆکییـەک لەنێوان «شا» و خەڵک نەماوە و هیچ هۆیەک بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش هەڵگیـرساندن نییـە. بۆیە هەمـوو چاوەڕێی ئەوەبوون کـە چارەسـەرکـردن و گـۆڕین بەشـێـوەیەکی هێـمن و پڕ لە ئاسایش و بێ ڕژاندنی یەک دڵۆپە خوێن ئەنجام بدرێت.

بەڵام دوودڵی و ڕاڕایی و ترسنۆکی لویی شانزەهەم گڕی ئاگری شـۆڕشی گەشانەوە. بێ باوەڕی و دەم بینی و ڕەفتــار و هەڵســوکـەوتی لویی شـانزەهەم خـەڵکی لە خـۆی دوور خستەوە و خۆشەویستی لە دڵی خەڵکا کەم بۆوە.

## کردنەوەی ئەنجوومەنی شورای گشتی

ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەرسێ چینەکە:

لە ڕۆژی سێ شەمە ێکەوتی مانگی مە ١٧٨٩، لویی شانزەهەم خۆی بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەنجوومەنی نوێنەرەکانی کردەوە؛ بەڵام لە کاتی وتار خوێندنەوەکەیا، یەک وشە دەربارەی ویست و ئارەزووی خەڵک کە بریتی بوو لە یاسای بنچینەیی «قانون اساسی» نەهاوردە سەر زمان و بەگوێرەی دەستووری شا، «نکر»یش لەم بارەوە هیچی نەگوت. نوێنەرەکان دووچاری یەئس بوون و لەم هەڵوێستەی «شا» واقیان وڕما؛ ئیدی هەر لەوساوە ناکۆکی کەوتە نێوان «شا» و چینی سێیەم. لە لایەکی دیکەوە، دەس و پێوەندەکانی «شا» بەچاوی سووکەوە دەیانڕوانییە نوێنەرانی چینی سێیەم و قسەی ناشایستیان پێ دەگوتن، یەکێ لەو دەسوپێوەندانە گوتبووی:

«بێنەوە با بڕۆین تەماشای ئەم ئاژەڵانەی کە پاش ماوەیەکی کەم دەبنە خورەی گیانمان»، هەر لەو کاتەشەوە دوژمنایەتی کەوتە نێو نوێنەرانی چینی سێیەم و ئەشرافەکان و ئاگری ڕق و کینە، گڕ و بڵێسەی سەند.

## ئەنجوومەنی میللی

ڕۆژێ پاش کردنەوەی ئەنجوومەن، شەڕە چەقە دەستی پێکرد. دەستەیەک لە نوێنەرەکان بۆ ماوەی مانگێک خەریکی ئەوەبوون کە کارەکان ڕێکبخەن. بەڵام بێ سوود بوو. ڕۆژی دەی مانگی ژوەن، چینی سێیەم بڕیاریان دا و ڕایانگەیاند کە لەبەرئەوەی لەمە زێتر ناتوانن بارودۆخی وڵات و پاشەڕۆژی خەڵک بسپێرنە دەست گێژەلۆکەی ڕووداوەکان و لەبەرئەوەی ئێستاکێ چینی ئەشرافەکان ئیدی ئامادەنین لە تەک ئەماندا کۆببنەوە، ناچارن بەتەنیایی کۆبوونەوەکانی خۆیان بگێڕن.

ڕۆژی چوارشەمو ١٧ی ژوەن بەگوێرەی پێشنیاری «ئایەس یس» نوێنەرانی چینی سێیەم گوتیان لەبەرئەوەی ئێمە نوێنەرانی لە سەدا نەوەد و شەش میللەتی فەرەنسەین، کەواتە دەتوانین خۆمان ئەنجوومەنێکی میللی پێک بهێنین و دەربارەی باری ئابووری وڵات بڕیار بدەین. ئەم ڕووداوە یەکەمین مشتەکوڵەیەک بوو کە لە دەسەڵاتی «شا» دراو لە هێز و توانای کەم کردەوە؛ چونکە گرینگترین داردەستی «شا» کە بریتی بوو لە دارایی، لە دەستی سەندرایەوە و درایە دەس خەڵک.



«شا» بەهۆی بزواندنی دەس و پێوەندەکانی و بەپێچەوانەی ئامۆژگاریەکانی «نکر»ی شالیاری ئابووری، ئەم کارەی دژ بەهێز و دەسەڵاتی خۆی دانا و ویستی بەزۆرە ملێ وا لە ئەنجوومەن بکات کە لە بڕیارەکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

سێ ڕۆژ پاش دامەزراندنی ئەنجوومەن، لە بەرەبەیانی ڕۆژی بیستەمی ژوئن، لە کاتێکا کە نوێنەرەکان لە کاتژمێری نۆدا هاتنە ئەنجوومەن و ویستیان بچنە جێگەی تایبەتی خۆیان، لوتیان بەلوتی سەربازە چەکدارەکان تەقییەوە و دەرگاکان داخرابوون. گشتیان لە ژووری تایبەتی وازی تۆپی کە بە«تالاری ژوودوپوم» ناسراو بوو، خڕبوونەوە. لەوێڕا بەسەرۆکایەتی «بی لی» و «ئابەس یس» سۆگەند نامەیەکیان نووسیەوە و هەموویان سوێندیان خوارد کە: «تا یاسای بنچینەیی وڵات نەنووسرێتەوە و بڵاونەبێتەوە، بڵاوەی لێ نەکەن». دوو ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە زۆربەی زۆری نوێنەرانی پیاوە ئاینییەکان بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی میللی.

ڕۆژی سێ شەمو بیست و سێی ژوەن «شا» خۆی هاتە ناو ئەنجوومەن و بەهەڕەشەوە گوتی کە بڕیارەکانی ئەنجوومەن گشتی پووچ و بەتاڵە و ئەشێ دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، نوێنەرەکان بڵاوەی لێ بکەن و لە دانیشتنەکانی داهاتوودا نوێنەرانی هەر چینێک لە سێ چینەکان لە شوێنی تایبەتی خۆیان و بەجیا کۆببینەوە.

هەر کە «شا» چووە دەرەوە، نوێنەرەکانی چینی سێیەم و بڕێ لە نوێنەرانی پیاوە ئاینییەکان لە شوێنی خۆیانا مانەوە.

سەرۆکی گشتی تەشریفاتی بارەگای شا هاتە پێشەوە و بە«بی لی» سەرۆکی ئەنجوومەنی گوت: «ئایا ئەنگۆ فەرمانی پاشای مەزنتان بیست؟»

سەرۆکی ئەنجوومەن لە وەراما گوتی: «من لەو باوەڕەدام کاتێک میللەت خەریکی ڕاوێژکردنە، دەستوور لە هیچ کەس وەرناگرێت.»

یەکێ لە ئەشرافە کۆنەکان کە لەبەر هەندێ هۆ لە چینی خۆی دوورخرابۆوە و لە لایەن چینی سێیەم لە ویلایەتی «ئەکس» هەڵبژێرابوو، دەستی کرد بەئاخافتن؛ ئەم پیاوە ناوی «میرابوو» بوو، گوتی:

«بڕۆن بەئاغاکەتان بێژن کە ئێمە بەدەستوور و لەسەر ویستی گەل لێرەدا کۆبووینەتەوە، و تەنیا سەرە نێزە دەتوانێ بڵاوەمان پێ بکات...». ئەوجار میرابوو پێشنیارێکی کرد و ئەنجوومەن تێکڕا قەبووڵی کرد، کە ئەندامانی ئەنجوومەن بەگوێرەی یاسا پارێزراوبن لە

هەمـــوو گـیـــروگرفت و ڕووداوێک و هەرکـەسـێک پاش کـۆتایی ئەم کـۆبوونـەوەیە دژی نوێنەرانی خەڵک هەر کارێک ئەنجام بدات غاین و بێ شەرەفە.

### ئەنجوومەنی دامەزرێنەران "مجلس مؤسسان"

پاش چوار ڕۆژان، بەدەستووری لویی شانزەهەم، نوێنەرانی چینی پیاوە ئاینییەکان و ئەشرافەکانیش چوونە ناو ئەنجوومەنی میللی. لەو ڕۆژەوە ئیدی شۆڕش بەتەواوەتی دەستی پێکرد. «شا» بۆی ڕوون بۆوە کە هێز و توانایەکی دیکە «ئەنجوومەن» هەیە کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی فەرەنسەیە و دەتوانێ بەرهەڵستی ئەو بکات.

دەکرێ ئەو ڕۆژە بەڕۆژی کۆتایی پێهاتنی ڕژێمی تەکرەوی لە فەرەنسە بژمێرێت. کەواتە ئەنجوومەن دەبێ دامودەزگا و شێوەی ڕژێمێکی دەستووری دابرێژرێ.

لە ڕۆژی هەشتی ژوئیە لە لایەن ئەنجوومەنەوە، چەند کەسێک هەڵبژێران کە گەڵاڵەی یاسای بنچینەیی «قانون ئەساسی» دابرێژن و ئەنجوومەن لە ڕۆژی نۆی ژوئیە ناوی خۆی نا «ئەنجوومەنی دامەزرێنەران». لەم کاتانەدا دووبارە ئەنجوومەن کەوتەوە مەترسی. شا لەلایەن دار و دەستەکەیەوە ناچارکرا کە کودەتایەک بکات، بەڵام خەڵکی پاریس هۆشیارانە ئەنجوومەنیان لەم پیلانە قوتارکرد، چەند کارێکیان لە ماوەی چوار ڕۆژاندا بەئەنجام گەیاند کە بوو بەهۆی هەڵگیرساندنی ئاوری شۆڕش.

سەرەتا شانۆکان و تیاترۆخانەکانیان داخست. کاخی «پالەرویال» - کە شوێنی ڕابواردن بوو - کردیانە یانەیەکی شۆڕشگێڕانە. هەرکەس بۆخۆی دەچووە سەر مێزێک یا کورسییەک و دەستی دەکرد بەئاخافتن بۆ خەڵک و خەڵکیان دەبزواند و پێشبینی ڕۆژانی پڕ لە مەترسییان بۆ جەماوەر دەکرد. ئەم وتاربێژانە دەیانگوت کە بەم زووانە کوشت و کوشتاری نیشتمانپەروەرەکان دەست پێ دەکات و لەسەر هەر نیشتمانپەروەرێک پێویستە کە ڕاپەڕێت و هۆشیارانە بەرگری لە ئازادی بکات. لەنێو ئەم وتاربێژانە لاوێکی شۆڕشگێڕبوو بەنێوی «کامی دمولن» کە لە پاشان بوو بەیەکێ لە ڕۆژنامە نووسە شۆڕشگێڕە ناودارەکانی سەدەی شۆڕش.

لە ڕۆژی دوانزەهەم و سیانزەهەمی ژوئیە، خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژاری پاریس ڕاپەڕین و بەشمشێر و خەنجەر و سەرە نێزە و دەمانچە و چەکوش و داس، کەوتنە گەڕان بەکووچە و شەقامەکانا. نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی پاریس لە عەمارەتی شارەوانی کۆبوونەوە و لێژنەیەکیان پێک هێنا بۆ دابینکردنی بژێوی خەڵک و بۆ ئەوەی شار لە هێرشی دوژمنان



بپارێزن زۆر بەپەلە سوپایەکی میللییان پێکەوەنا کە هەر لە چەند سەعاتی سەرەتای دەست پێکردنا ژمارەی ئەو سوپایە گەیشتە دوانزە هەزار کەس لە باشترین و ئازاترین خەڵکی شار.

هەندێ لە ئەشرافەکان، بازرگانەکان و تەنانەت پیاوە ئایینییەکانیش بەشدارییان کردن و ئەم هێزە بووە بنچینەی گاردی میللی.

### داگیرکردنی قەڵای باستیل

بەرەبەیانی ڕۆژی سێ شەموی چواردەی گەلاوێژ، دەستەیەک لە شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی ڕەش و ڕووتی پاریس هێرشیان بردە سەر قەڵای باستیل و دوای چوار سەعاتان شەڕوشۆڕ و دوو سەد کوشتە توانییان قەڵا و زیندانی باستیل داگیربکەن و بچنە ژوورەوە و سەد و دە کەس لە یاساوڵەکانی قەڵاکە یەخسیر بکەن و فەرماندەی قەڵا بکوژن.

پاش داگیرکردنی قەڵا، «شا» ناچاربوو مل بۆ خەڵکی دانەوێنێ. ڕۆژی پانزەی گەلاوێژ، «شا» بۆخۆی چووە ئەنجوومەن و پێی ڕاگەیاندن کە دەستووری بڵاوە پێکردنی چەکدارەکانی خۆی داوە. لە گیروداری ئەو چەند ڕۆژانەدا نوێنەرانی خەڵک شەو و ڕۆژ هەر لە ئەنجوومەندا بوون و لەسەر کورسییەکان و لەسەر زەوی دەخەوتن. ڕووداوەکانی ئەو دوو ڕۆژە ئاکامێکی خاسی هەبوو:

هێزێکی سێیەم، کە بریتی بوو لە هێزی جەماوەری خەڵکی پاریس، بەرامبەر بەدوو هێزەکەی دی «شاو ئەنجوومەن» هاتە ئارا.

جەماوەری شاری پاریس - کە لە سەرەتادا تەنیا بۆ بەرگریکردن لە ئەنجوومەن چەکدار بووبوون - پاش بەدیهێنانی کارەکەیان چەکیان دانەنا و ئەمە ڕووداوێکی گرینگ بوو لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسە؛ چونکە هەر ئەم چەکدارانە بوون کە پاش چەند مانگێک بەسەر «شا» و ئەنجوومەندا زاڵ بوون.

داگیرکردنی زیندانی باستیل هەموو فەرەنسەی خستە جموجۆڵ؛ هەرچەندە «مرسیە» ناوێک کە لەو سەردەمەدا دەژیا ئێژێ: میللەتی فەرەنسە لە باستیل نەدەترسا چونکە باستیل پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو و گەرچی ئێژن باستیل زیندانی ئەشرافەکان بوو و کاری بەسەر بۆرە پیاوان و خەڵکی ڕەش و ڕووتەوە نەبوو، بەڵام ناکرێ ئەوە ڕەچاو نەکرێ کە داگیرکردنی باستیل خۆشی و شادییەکی بێ ئەندازەی خستە دڵی خەڵکەوە؛ چونکە ئەم تەلیسمە - کە بەنموونەی ستەم و بێ دادی دەژمێر -، شکاندیان و داگیرکردنی

قەڵاکەیان بەنیشانەی ڕماندنی بنچینەی زوڵم و ئیستیبداد دانا.

جەماوەری شارەکانی دیکەش، چاویان لە خەڵکی پاریس کرد، و کومیتەیان پێک هێناو فەرمانڕەواکان و یاریدەدەرەکانیان لە کار دوورخستەوە و سوپای میللییان پێکەوە نا و خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبرد.

جووتیار و سەپانەکان هێرشیان بردە سەر قەڵای دەرەبەگەکان، بەهیوای ئەوەی هەرچی بەڵگەنامەی کۆن هەیە کە بەگوێرەی ئەوە دەبوایە مالیات وموچە بدەن بەئاغا و دەرەبەگەکان، بسووتێنن. هەڵ و بگرە و بکوژەیەکی یەکجار گەورە ڕووی دا.

## شەوی چواری ئوت

بشێوی جەماوەری خەڵک لە شارەکانا کاری کردە سەر ئەنجوومەنی ناوەندی و بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕش. ڕۆژی سێ شەمو ڕێکەوتی چواری ئووت ئەنجوومەن بڕیاری دا کە ئەم بشێوی و ئاژاوانەی لە سەراسەری فەرەنسە ڕووی داوە ڕابگرێت. «ویکونت دونوای» – کە یەکێ لە نوێنەرانی چینی ئەشرافەکان بوو– دەیگوت:

تەنیا هۆیەکی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینە میللییە بریتییە لەو مافانەی کە لە چەرخەکانی نێوەڕاستەوە تا ئێستا دراوە بەئەشراف و دەرەبەگەکان و خەڵکی هەژاریان پێ چەوساندۆتەوە، و تەنیا چارەسەرێک کە بتوانێت زۆربەی زۆری خەڵکی هەژار ڕزگار بکات، ئەوەیە کە کۆتایی بەبڕێک لەو مافانە بهێنرێت و بڕێکی دیکەیشی بفرۆشرێت.

ئەنجوومەن زۆر بەدڵخۆشییەوە ئەم بڕیارەی دابین کرد؛ تا کاتژمێری دووی پاش نیوەشەو زۆربەی زۆری ئەو مافانە پووچەوە بۆوە.

نوێنەرەکان بەجۆرێک تووشی جۆش و خرۆش بووبوون کە بەکوڵ دەگریان و لە خۆشییاندا یەکدییان دەگرتە باوەش و ماچی یەکتریان دەکرد و بەشێوەیەک لە هۆش خۆیان چووبوون و شەیدای ئەم بڕیارە بووبوون کە دەستیان کرد بەچەپڵە لێدان و وەک شێتەکان هاواریان دەکرد.

بڕیاریان دا کە دادگای گشتی لە بریتی دادگا ناوچەییەکانی ئەشرافەکان خەریکی هەڵسووڕاندنی ئیشوکاری خەڵکی بن و داخوازییەکانیان چون یەک بەراورد بکەن، و هەر هاووڵاتییەکی فەرەنسەیی بەگوێرەی لێهاتوویی خۆی کاری پێ بسپێردرێت.

لە ڕاستییا لە ماوەی تەنیا شەش سەعاتانا شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەدی هات،



ڕەعیەتیان لەژێر باری قورسی مالیات قوتار کرد و تازیاری چینایەتی – کە بووبووە هۆی دووبەرەکی – لەناوبرد و گشت خەڵکی فەرەنسەیان بەچون یەک و یەکسان دانا. بنچینەی دابونەریتی ڕزیوی کۆنیان ڕماند.

## ڕۆژانی مانگی ئۆکتۆبر

بۆ یاساییکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەن کە لە شەوی چواری ئوت ئامادە کرابوو، دەبوایە «شا» مۆر و ئیمزای بکات؛ بەڵام داروودەستەی لویی شانزەهەم بوونە لەمپەر و نەیانهێشت «شا» تا دوارۆژانی سەبتەمبەر هیچ یاسایەک ئیمزا بکات.

ئەم دوومانگ دواخستنە، ئەنجوومەن و خەڵکی پاریسی تووڕەکرد و هەر لەم کاتانەدا بوو کە دوو تاپوور سەربازیشیان بۆ «ڤێرسای» هاورد. یەکێ لە ڕامیارەکانی ئەو سەردەمە ئێژێ:

«لە کووچەو بازێڕا جگە لە دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاو و بزرکاوی خەڵک چشتێکی دی نابینم. خەڵکی لە دوکانی نانەواخانەکان لەسەر پارچە نانێک دەکەونە گیانی یەکتری».

ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی پێنجی ئۆکتۆبەر، حەوت هەشت هەزار ئافرەتی چەکدار لە تەک چەند تۆپێک هێرشیان بردە سەر «ڤێرسای» و دەیانگوت دەچین نان پەیدا دەکەین، خەڵکێکی فرە لە بێ کارەکان و سوپای میللی و جەماوەری خەڵکی دی بەدوویان کەوتن.

لە کاتژمێری شەشدا ئەنجوومەنیان داگیرکرد و ئابلۆقەی کاخی «ڤێرسا»یان دا و تا بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی لەسەر شەقامەکان و باخچەکانا پشوویان دا و خەوتن.

بەیانی زوو «ڕۆژی سێ شەموو» دەرگاو پەنجەرە و حەساری حەوشەی کاخەکەیان شکاند و چەند کەسێک لە ئێشکچییەکانیان کوشت. کۆمەڵک بەرەو ژووری شاژن هەڵمەتیان برد. شاژن هەڵات و خۆی گەیاندە خانووبەرەی «شا».

پاش ئەوەی شا بۆی ڕوون بۆوە کە خەڵکی هەموو کاخەکەیان گرتووە و بەمشتەکۆڵە لە دارو دیوار دەدەن، مل شۆڕ بوو بۆیان کە بگەڕێتەوە پاریس. لە کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ؛ لویی شانزەهەم لە تەک گشت ئەندامانی خێزانەکەی کە هەشت کەس دەبوون لە گالیسکەیەکا جێی خۆیان کردەوە و هێدی هێدی بەرەو پاریس کەوتنەڕێ. جەماوەری خەڵک ئابلۆقەی گالیسکەکەیان دابوو؛ چەند کەسێک لە ملهوڕ و چەقۆکێشەکان سەری ئێشکچییە کوژراوەکانیان بڕیبوو و کردبوویان بەسەر ڕمەکانیانەوە و لەبەردەم گالیسکەی شاهانەدا دەڕۆیشتن.

کاتژمێری یانزەی شەو، «شا» گەیشتە کاخی «تویلری»ی پاریس و ڕێگەی بیست کیلۆمەتریان بەنۆ سەعاتان بڕی.

پاش دە ڕۆژ «ڕۆژی هەینی شانزەی ئۆکتۆبەر» ئەنجوومەنیش لە ورسای بەرەو پاریس گوازرایەوە.

## میللەت و ئەنجوومەن

بەگوێرەی ئەو ڕووداوانە «شا» و ئەنجوومەن – کە دوو هێزی یاسایی وڵات بوون – بوونە یەخسیر و زیندانی خەڵکی پاریس. لەوەودوا ئیدی تەنیا خەڵکی پاریس بوونە فەرمانڕەوای ڕاستەقینە و بەڕێوەبەری شۆڕش. جەماوەری خەڵک ڕاستەوخۆ ئامادەی گفتوگۆ و کۆڕەکانی ئەنجوومەن دەبوون و جارجار لە تەک ئەندامانی ئەنجوومەن دەکەوتنە وتووێژ و باسکردن.

لەبەرئەوەی جێگەی دانیشتنی تەماشاچییەکان فرە نەبوو و زۆربەی زۆری جێگەکانیش لە لایەن ئافرەتانەوە پڕدەبوو، خەڵک ناچاربوون لە قەمقۆڕ و ڕێڕەوەکان و حەوشەی ئەنجوومەن خڕدەبوونەوە و دەربارەی ئەو کێشانەی نوێنەرەکان لە ژوورەوە لە سەری دەدوان، ئەمانیش لە دەرەوە شەڕە چەقەیان لەسەر دەکرد، بڕێکیان خۆیان دەگەیاندە ناو پەنجەرەکان و هەم هاوبەشی قسەکانی نوێنەرەکانیان دەکرد و هەم چاودێری هەڵسوکەوتی خەڵکییان دەکرد کە لە دەرەوە وێستابوون؛ هەرکە چەپڵە لێ دان پێویست بایە، ئاماژەیان دەکرد کە خەڵک چەپڵە لێ بدەن و هەرکات پێویستی بەهاوار و هەرا و هۆریا و گێچەڵ بوایە خەڵکیان دەبزواند.

لە پاشانیش لە سەردەمی ئەنجوومەنی یاسا دانان و ئەنجوومەنی کنوانسیون، خەڵکی هەمیشە خۆیان دەکردە ناو ئەنجوومەن و چەند جارێکیش دەستیان بۆ چەک برد و بەزەبری چەک نوێنەرەکانیان ناچار دەکرد کە ملکەچی پێشنیارەکانیان بن.

## یەکێتی گشتی

لەو ڕۆژانەدا کە ئەنجوومەنی پاریس خەریکی گەڵاڵەکردنی یاسای بنچینەیی بوون، لە شارەکانی دیکەی فەرەنسەدا چەندین ڕێکخراوە دامەزرا کە هەر یەکە لە ماوەیەکی فرە کەمدا گەشەی کرد و لە ئەنجامدا یەکێتییەکی گشتییان پێک هێنا و ئەمە بەیەکێ لە ڕووداوە گرینگەکانی شۆڕشی فەرەنسا دەژمێررێت.

چەند ئامرازێک بووە هۆ بۆ پێکهێنانی ئەم یەکێتییە:



یەکەم- پێکهێنانی شارەوانی.

دووەم- دروستکردن و دامەزراندنی سوپای میللی.

سێیەم- مەترسی لە بڵاوبوونەوەی گێرە شێوێنی و بەرەڵایی و هێرشی بێگانە بۆ سەر خاکی فەرەنسە.

گشت نوێنەرانی شارو شارۆچکە و دێهاتەکانی فەرەنسە کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێرابوون و ژمارەیان دەگەیشتە چواردە هەزار کەس، بەچەکەوە هاتنە پاریس و لە گۆڕەپانی گەورەی شار کۆبوونەوە.

قەشە «اوتون» – کە لە پاشان بە«تالیران» ناوی دەرکرد – لەنێوەڕاستی گۆڕەپانەکە دەستی کرد بەخوێندنەوەی دوعای ڕەسمی. ئەوجار نوێنەرەکان لەنێو خۆیاندا «لافایت»یان هەڵبژارد کە بچێتە سەر شوێنی پەرستگاو بەناوی هەموانەوە سوێندی ئەمەگداری بۆ میللەتی فەرەنسە و پەیڕەویکردن لە یاسا و «شا» و پارێزگاری لە یاسای بنچینەیی وڵات کە ئەنجوومەن دایناوە، بخوات.

## هەڵهاتنی "شا"

لەبەرئەوەی «لافایت» لە لایەن جەماوەری یەکگرتووی خەڵکەوە سوێندی ئەمەگداری خوێندەوە، «شا»یش سوێندی خوارد و بەڵێنی دا کە ڕێز لەو یاسایانە بگرێت کە ئەنجوومەن دایناون و هەمووی بەئەنجام بگەیەنێت. بەڵام ڕووداوەکان ئەم نیەتەی «شا»ی گۆڕی و ئەنجوومەن بەهۆی ئەو دەست تێوەردانەی لە زەویوزاری مەوقوفاتی پیاوە ئایینییەکانا کردی و یاسایەک کە بۆ کەشیشەکانی دانا، هەموو کارو بەڵێنەکانی تێک و پێک دا؛ زۆربەی زۆری پیاوە ئایینییەکان بەرهەڵستی ئەم کارەیان کرد. لویی شانزەهەم – کە خۆی باوەڕێکی پتەوی بەمەزهەبی کاتولیک بوو- لە ڕواڵەتا ملی بۆ ئەو یاسایە شۆڕکرد بوو؛ بەڵام دڵی ئەمانەیشی ڕادەگرت.

ڕۆژی دووشەمە هەژدەی ئەپریل ١٧٩١ کە ڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جەژنی «پاک» بوو، «شا» بڕیاری دا کە بچێتە قەڵای «سن کلو» و مەراسیمی ئایینی لەوێرا لەگەڵ یەکێ لەو قەشانە بەجێ بێنێ کە دژی یاسای دەستووری بوو.

خەڵک هەرکە ئاگاداری ئەم بڕیارەبوون هێرشیان کردە سەر کاخی تویلری و بۆماوەی دوو سەعاتان ئابڵۆقەی گالیسکەی شایان دا و نەیانهێشت لەجێی خۆی بجوولێتەوە و ناچاریان کرد کە لە گالیسکەکە بێتە خوار و بگەڕێتەوە کاخەکەی.

پاش ئەم بەسەرهاتە، «شا» دڵی شکابوو و لە تووڕەییدا خۆی خۆی دەخواردەوە و بۆی ڕوون بۆوە کە ئیدی یەخسیری دەستی میللەتەو تەنیا چشتێک کە بیری لێ دەکردەوە ئەوەبوو کە چلۆن لە پایتەخت هەڵبێت.

شەوی سێ شەممو ڕێکەوتی بیست ویەکی ژوەن لویی شانزەهەم جلوبەرگی نۆکەرێکی پۆشی و لەتەک شاژن و هەردوو منداڵەکەی و ئەلیزابتی خوشکی و دووکەس لە ئێشکچییە تایبەتییەکانی خۆی، بەدزییەوە لە کاخی تویلری وەدەرکەوتن؛ بەڵام خەڵکی پێیان زانی و «شا»یان گێڕایەوە پاریس و لە کاخی تویلری زیندانیان کرد.

ئەنجوومەن بڕیاری دا «شا» لەسەر تەخت لابیرێت و لە ئیشوکار و شایەتی بەرکەناریان کرد و هەڵسووڕاندنی ئیشوکاری وڵاتیان گرتە ئەستۆ و دەستیان کرد بەکارکردن.

**پارتی کۆمارخواز**

هەڵهاتنی «شا» ڕووداوێکی یەکجار گرینگ و بایەخدار بوو لە مێژووی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە. ئەو کەسانەی تا ئەو ڕۆژە هێشتاکونێ «شا»یان خۆش گەرەک بوو، ئیدی لەبەر چاویان کەفت. هیچ کەس ڕێزی لە پایە و پلەی پادشایەتی نەدەگرت، و وەک جاران باوەڕیان بەوە نەمابوو کە ئەم پلەو پایەیە لە لایەن خوداوەیە و ڕێز لێگرتنی پێویستی سەرشانی هەمووانە.

پێش ئەوەی «شا» زیندان بکرێت، شۆڕشگێڕانی توندڕەوی وەک ڕوبسپیر، دانتون، مارا... لایەنگری بوونی «شا» لە وڵاتا بوون؛ بەڵام پاش ئەوەی لەو ماوەیەدا کە «شا» زیندان کرابوو، ئیشوکاری خەڵک و وڵاتداری بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچوو و ئەنجوومەن خاس توانی کارەکان هەڵسووڕێنێ، بۆیان ڕوون بۆوە کە بوونی «شا» گرینگ نییە بۆ وڵاتداری، لەم ڕووەوە هەڵهاتن و ڕاکردنی لویی شانزەهەم بووە هۆی ئەوەی کە باوەڕ بەپێکهێنانی پارتی کۆمارخوازەکان بەهێزتر بێت.

لە سەرەتادا کۆمارخوازەکان فرە کەم بوون، بەڵام هەر لە سەرەتاوە کارەکانیان زۆرجوان و بەڕێکوپێکی و دروستی دەست پێ کرد.

ڕۆژی شانزەی ژوئیە ١٧٩١ لیژنەی ڕامیاری «کوردلیە» پێشنیارێکی ئاراستەی ئەنجوومەن کرد کە تیایا داوایان لە ئەنجوومەن کردبوو: «دادگایەک لە نیشتمانپەروەرەکان پێک بێنن و لویی شانزەهەم – کە تاوانبار و غاینە – دادگایی بکرێت و کارێکی وا بکەن کە دەوڵەتێکی نوێ پێک بهێنرێت».



ئەم پێشنیارە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی ژوئیە لە گۆڕەپانی گەورەی شار خرایە بەردەم جەماوەری خەڵک بۆ ئەوەی ئیمزای بکەن. پاش ماوەیەکی فرەکەم شەش هەزار کەس ئیمزایان کرد. بەڵام بەهۆی ئاژاوەیەک کە لە هەمان گۆڕەپان بەرپابوو و پەنجا کەسی تیا کوژرا، زۆربەی نوێنەرەکان لەسەر ئەو باوەڕە مانەوە کە ئەشێ «شا» بمێنێت.

**کۆتایی هاتن بەئیشوکاری ئەنجوومەنی دامەزرێنەران**

پاش دوو مانگ، ئەنجوومەن ئیشوکارە یاساییەکانی خۆی تەواوکرد.

لە ڕۆژی سێی سەپتەمبەر یاسای بنچینەیی ئامادەبوو و لە ڕۆژی سیازدەی هەمان مانگدا«شا» ئیمزای کرد و ڕۆژی دوایی «چواردەی سەپتەمبەر» لویی شانزەهەم چووە ئەنجوومەن بەئاشکرا و لەبەردەم ئەندامانی ئەنجوومەن سوێندنامەی خوێندەوە و بەڵێنی دا و گوتی: «هەموو هێز و توانای خۆی لە پێناوی وەدیهێنانی یاسا و پارێزگاری لە دەستوور، وەکار دێنێت» بەڵام هەر وەک جاران خەڵکی پاریس لە «شا» دڵ ڕەش و بەدگومان بوون.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی سی سەپتەمبەر لە کاتژمێری پێنجدا ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانی میللی بڵاویان کردەوە کە «ئیدی کاریان تەواو بووە و کۆتاییبیان بەئیشوکاری ئەنجوومەن هێناوە». زۆربەی زۆری نوێنەرانی ئەنجوومەن لایەنگر و پەیڕەوییان لە بیروباوەڕی فەیلەسوفە ناودارەکانی ئەو سەردەمە دەکرد وەک: مونتسیکو، ڕۆسۆ، ڤۆڵتەر...

لە سەرەتای یاسای بنچینەییدا چەن بنچینەیەکی گشتییان ڕەچاوکرد کە ببێتە سەر مەشقی یاسا. ئەم بنچینانەیان ناو نا. بە«بەیاننامەی مافی مرۆڤ» کە پێک هاتبوو لە حەڤدە خاڵ.

**پارتە سیاسییەکان**

ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە نوێنەرانی چینە جیاوازەکان و ویلایەتەکان هەرچەند کەسێکیان بەگوێرەی نیزیکی بیروباوەڕیان، کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوەی جیاوازیان پێکەوەنا و پارتی سیاسییان دامەزراند.

لایەنگرانی چارەسەرکردن و نەتەوەییەکان کە بەنیشتمانپەروەران یاخود دۆستانی میللەت ناویان دەرکرد، لە لای چەپی سەرۆکی ئەنجوومەن «لای پالەرویال» دادەنیشتن. لای ڕاستەوە «لای کاخی شاژن» دەستەی ئەشرافەکان «ئەریستۆکرات» دادەنیشتن.

لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا نوێنەرانی خەڵکی مەڵبەندی فەرەنسە بوون کە پێیان دەگوتن «پلن» و دروشمی بێ لایەنییان بەرزەوەکردبوو.

**ئەنجوومەنی یاسا دانان**

ڕژێمی دەستووری کە بەگوێرەی یاسای بنچینەیی وڵات لە ساڵی ١٧٩١ دامەزرابوو، لە یەک ساڵ زێتر بەردەوام نەبوو. بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەم یاسایە ئەنجوومەنێک بەناوی یاسادانان پێک هێنرا کە ماوەی یەک ساڵ «لە یەکی ئۆکتۆبەری ١٧٩٣ تا بیستی سەپتەمبەری ١٧٩٣» خەریکی یاسا دانان بوو.

لە سەردەمی ئەم ئەنجوومەنەدا دوو ڕووداوی گەورە هاتە گۆڕێ: یەکەمیان بەرپاکردنی جەنگ دژی دەوڵەتی ئوتریش «بیستی ئەپریلی ١٧٩٣» کە بووە هۆی بەرپابوونی جەنگێکی فراوان و گشت دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی تیا بەشداربوو. و دە ساڵان درێژەی خایاند «١٧٩٣-١٨٠٣». دووهەمیان لابردنی لویی شانزەهەم کە بەهۆی شۆڕشی خەڵکی پاریس لە ڕۆژی ١٠ی ئوتی ١٧٩٣ ڕووی دا. ئەم ڕووداوە سەرەتای لابردنی «شا» و ڕژێمی پاشایەتی بوو.

پاش لابردنی لویی شانزەهەم، ئەنجوومەنی یاسادانان کۆتایی بەئیشوکاری خۆی هاورد و کارەکانی سپاردە دەست ئەنجوومەنێکی دیکە بەناوی «کنوانسیون» کە دەبوایە یاسایەکی بنچینەیی نوێ گەڵاڵە بکات بۆ وڵات.

**"فویان"ەکان**

ئەنجوومەنی یاسادانان پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران کەوتە کار؛ نوێنەرەکان تێکڕا تازەبوون. گشتیان لایەنگری ڕژێمی پادشایەتی بوون؛ بەڵام هەموویان بەرامبەر بەلویی شانزەهەم بەدگومان بوون. بڕێ لە نوێنەرەکان دەیانگوت ئەشێ دەقی یاسای بنچینەیی بەکاربێت و پەیڕەوی لێ بکرێت و ئەو مافانەی کە یاسای ناوبراو بۆ «شا»ی ڕەچاو کردووە دەبێ بپارێزرێت. ئەم دەستەیە لە نوێنەرەکان، لای باڵی ڕاستی ئەنجوومەن دادەنیشتن و پێیان دەبێژرا «دەستوور خوازەکان» یاخود «فویان». لویی شانزەهەم یەکەمین ئەنجوومەنی شالیاری وڵاتی لە سەردەمی «دەستوور» لەم کۆمەڵە هەڵبژارد.



**«ژیروندن»ەکان**

لە بەرامبەر «فویان»ەکان، ڕێکخراوەیەکی بچووکی کۆمارخواز هەبوو؛ مەرامیان ئەوەبوو کە دەسەڵات و مافەکانی «شا» دیاریکراو بێت و هەروەک سەرەک کۆمارێک بێت، بەڵام سەرۆکایەتی هەمیشە لە بنەماڵەی ئەوبێت، و ئەگەر لە یاسای بنچینەیی لایدا، بتوانن لایبەرن.

جێگەی ئەم کۆمەڵە لای چەپی ئەنجوومەن بوو و لە سەرەتادا لە تەک یانەی «ژاکوبن»ەکان یەک بوون؛ بەڵام فرەی نەخایاند کە ناکۆکی کەوتە نێو ئەم نوێنەرانە. هەندێکیان شەڕخوازبوون و دەیانویست لە تەک ئوتریش بکەونە جەنگ و بڕێکیان حەزیان لە ئاشتی و ئاسایش دەکرد و ئاشتیخواز بوون. لەبەرئەوە جیابوونەوە و بوونە دوو دەستە. دەستەی تازە ناوی خۆیان نا «ژیروندن»؛ بەناوی ویلایەتی «ژیروند» چونکە سێ کەس لە ناودارەکانیان خەڵکی ئەو ویلایەتە بوون. «ئەژون سونە، گارە، ورینو».

لە پیاوە ناودارەکانی ئەم دەستەیە «بریسو» بوو کە نوێنەری خەڵکی پاریس بوو و ڕۆژنامەنووسێکی زۆر لێهاتوو و زیرەک و ناوداربوو.

**"ژاکوبن"ەکان**

یانەی ژاکوبنەکان یەکەمین یانە بوو کە لە سەردەمی ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانا دامەزرا. گشت نوێنەرە نیشتمانپەروەرەکان لەم یانەیەدا کۆبوونەوە و ناویان لێ نا «ئەنجوومەنی دۆستانی دەستوور» و مەڵبەندی خۆیان لە دێرێکی کۆنی ژاکوبنەکان دانا.

ڕۆژێ پاش هەڵهاتن و گرتنی «شا» بڕێ لە ئەندامانی ژاکوبن بەسەرۆکایەتی «بریسو» دەیانگوت کە تەنیا هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی پادشایەتی بەس نییە؛ بەڵکو دەبێ لویی شانزەهەم بەتەواوەتی ڕووت بکرێتەوە وهیچی بۆ نەمێنێ. هەندێ لە نوێنەرەکان ئەم بڕیارەیان فرە توند و شۆڕشگێڕانە هاتە بەرچاو و لە ئەنجوومەن چوونە دەرەوە و کۆمەڵەیەکی دیکەیان لە دێری «فویان» پێکهێنا.

دەگەڵ ئەوەی بڕێ لە نوێنەرە مام ناوەندییەکان چووبوونە دەرەوە، بەڵام هێشتا زۆربەی زۆری ئەندامانی ژاکوبن لەتەک بوونی ڕژێمی پادشایەتی بوون.

لە سەردەمی ئەنجوومەنی یاسادانان، بەناوبانگترین بوێژی ئەم کۆمەڵە «ڕوبسپیر» بوو کە لایەنگرێکی سەرسەختی هەڵبژاردنی ئاراستە و گشتی بوو و دژی کۆمارخوازەکان بوو.

بەڵام هەر ئەم توندڕەوە سەرسەختە هاتە سەر ئەو ڕاستییە کە دەبێ ڕژێمی پادشایەتی پووچەڵ بێتەوە، و لە ئاکامدا سەرکەوتن.

بەڵام کۆمەڵەی «ژیروندن»ەکان هەر لەسەر لایەنگرێتی خۆیان بۆ ڕژێمی پادشایەتی مانەوە. لە کاتی کردنەوەی ئەنجوومەنی یاسادانان کۆمەڵەی «ژاکوبن» دەسەڵات و هێزێکی فرەی لە وڵاتا هەبوو. پارتی ژاکوبن دامودەزگاکەی لە دەزگاکانی دەوڵەتی فەرەنسە ڕێکوپێکتر و بەهێزتر بوو و ئەم پارتە لە هەموو شوێنێکدا نوێنەر و ئەندام و مێژوو نووسی هەبوو.

پاش ئەوەی ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕۆژی دەی مانگی ئوت بەتەواوەتی شیرازەی ئیشوکاری دەوڵەتی فەرەنسەی تێکوپێک دا، ئەم پارتییە توانی هێز و توانای دامودەزگاکانی خۆی ڕابگرێت و بووە بەهێزترین هۆ و گەورەترین پاڵپشتی حکوومەتی شۆڕش.

## "کوردلیە"کان

یانەی «ژاکوبن»ەکان لە سەرەتاوە و تا ماوەیەکی فرە بوو بووە مەڵبەندی پیاوە دەوڵەمەندەکان؛ بەڵام یانەی «کوردلیە» هەر لە سەرەتاوە مەڵبەندی دیموکراتەکان و نەتەوەییەکان بوو. گرنگترین هۆی دامەزراندنی ئەم یانەیە ئەوەبوو کە یەکێ بەناوی «دانتون» بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو تازیارییەی کە لەناو خەڵکدا هەبوو، ئەم کۆمەڵەی پێکەوەنا و بەناوی یەکسانییەوە داوای دەکرد کە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ و لەیەک پلەدا ئەنجام بدرێت. بەناوبانگترین و ناودارترین ئەندامانی ئەم کۆمەڵە پاش دانتون بریتی بوون لە:

- کامی دمولن: ڕۆژنامەنووسێکی توندڕەو و پڕ توانا بوو.
- مارا: لە پێشاندا پزیشک بوو؛ بەڵام وازی لە کارەکەی خۆی هێنابو خەریکی ڕۆژنامەنووسین بوو. سروشتێکی دڕندانەو خوێنڕێژیی هەبوو.
- لوژاندر: قەساو بوو.
- سانتر: ئاوجۆ فرۆش بوو.

ئەم دووانە «لوژاندر، سان تر» لە ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی خەڵکی پاریس و داگیرکردنی قەڵای باستیل قارەمانێتییان نواند.

- هبرت: ڕۆژنامەنووسێکی توندڕەوبوو.



- شومت: ئەمیش هەر وەک هبرت بوو.

پاش هەڵاتنی «شا» ، کۆمەڵەی «کوردلیە» بوونە کۆمارخواز.

زۆربەی زۆری هێزەکانیان لە پاریس بوون و بەدڵ و بەگیان لایەنگری ئوسوڵی شۆڕش بوون و سەر لە پێناو و گیان لەسەر دەست ئامادەبوون گیانی خۆیان فیدای وەدیهێنانی ئازادی بکەن.

لە ڕاستییا هەر ئەم کۆمەڵەی «کوردلیە» بوون کە کلپەی ئاوری شۆڕشیان بەتین کرد و خەڵکیان هان دا کە پەلاماری «شا» و ئەنجوومەن بدەن.

## ناکۆکی نێوان شا و میللەت

لە ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای وڵات وەک ««آنژو» و «واندە»» لە ئاکامی ئەنجامدانی یاسای ڕێکخراوەکانی پیاوە ئایینییەکان، ئاگری شەڕی ئایینی کلپەی کرد و ئاژاوە نرایەوە. چەندین تاقم و دەستەی چەکدار لە دێهاتییەکانی ئەو ناوچانە، بەسەرۆکایەتی ئەو پیاوە ئایینییانەی کە دژی ڕاپەڕینی خەڵک بوون پێکهات و کەشیشەکانی - کە لایەنگری یاسای دەستووری بوون - لەو ناوچانە وەدەرخران، و بەرەنگاری ئەو سوپا میللییە بوونەوە کە بۆ ئەو ناوچانە نێردرابوون، و کەوتنە هەڵلا لە تەکیانا.

لە پاریسدا شا و شاژن بەدزییەوە خەریکی پیلان گێڕان بوون بۆ لە ناوبردنی شۆڕشی خەڵک. لە هەندەران، ئەو فەرەنسییە خوێن مژانەی هەڵهاتبوون و خەریکی جموجۆڵکردن بوون و پاشا و سوڵتانەکانی بێگانەیان هان دەدا کە هێرش بکەنە سەر فەرەنسە و شۆڕشەکەی لەناوبەرن.

شا و شاژن بەگیان و بەماڵ خەریکی پیلانگێڕان بوون دژی شۆڕش و یاریدەی کۆمەڵە توندڕەوەکانیان دەدا دژی پارتە مام ناوەندییەکان و پێیان وابوو کە توندڕەوی لە هەر کارێکا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی زۆر زوو وەڕس بن و کارەکان و هەڵسوکەوتیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە دووبارە ڕژێمی پادشایەتی بێتەوە سەرکار.

پاش ئەوەی «بی لی» وازی لە سەرۆکایەتی کەلانتەری پاریس هاورد، شا و شاژن دووکەس لە شۆڕشگێڕەکانیان هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی؛ یەکێکیان «پتیون» و ئەوی دیکەیان «دانتون» بوو، و لە واقیەتا بەدەستی خودی شا، دوژمنە سەرسەختەکانی ڕژێمی پادشایەتی، سەرۆکایەتی شاری پاریسیان گرتە دەست.

یەکێ لە پیلانەکانی لویی شانزەهەم ئەوەبوو کە بانگەوازی سوڵتانەکانی هاوسای کرد کە سوپا بنێرنە سەر فەرەنسە. هەڵهاتووەکان و ئەوانەی لە پاریس مابوونەوە و لایەنگرێتی ئەوانیان دەکرد، وایان بڵاو دەکردەوە کە بەزووترین کات سوڵتانەکانی ئەوروپا، سوپا دەنێرن و هێرش دەکەنە سەر فەرەنسە. مەبەستیان ئەوەبوو کە خەڵک و شۆڕشگێڕەکان بترسێنن و کۆڵیان پێ بدەن؛ بەڵام گشت ئەم کارانەیان ئاکامی پێچەوانەی نیازەکانیان بوو. خەڵکی ڕق و کینەیان زێتر دەبوو و پتر لە «شا» بەدگومان دەبوون. پەیوەندی فەرەنسە و دەوڵەتی ئوتریش بەئەندازەیەک خراپ بوو کە ئیدی دەبوایە شەڕێک لەنێوانیان هەڵبگیرسایە.

پارتی «ژیروندن»ەکان و «ژاکوبن»ەکان شا یان ناچارکرد ئەو شالیارانەی کە سەر بە«فویان» ەکانن و ئاشتیخوازن، لە کار بەرکەنار بکات «مارس ١٧٩٣». ژەنەراڵ «دوموریە» کە یەکێ لە دوژمنەکانی دەوڵەتی ئوتریش بوو، کرا بەشالیاری ئیشوکاری هەندەران.

شەڕ دەستی پێ کرد. هەر لە سەرەتاوە شکاندنی سوپای فەرەنسە وە بەرچاو دەکەوت. «ماری ئەنتوانت»ی شاژن غیانەتی کردبوو؛ نەخشەی جەنگی فەرماندەکانی فەرەنسەی بەدزییەوە گەیاندبووە ئوتریشییەکان.

ئەم ڕووداوانە دڵی خەڵکی فەرەنسەی تەزاند و زێتر ڕقیان لە شا و شاژن هەڵسا و خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرگری و شەڕکردن.

ئەنجوومەن هەرکە هەواڵی ئەوەی بیست کە بەزووترین کات سوپای دەوڵەتی پروس دەگاتە سنووری «لورن»، لە ڕۆژی یانزەی ژوئیە ڕایگەیاند کە نیشتمان لە مەترسیدایە و دەستووریدا کە سوپایەک لە دا خوازیکەران پێک بهێنرێت و چەکەمەنی ئامادەبکرێت و هەموو سوپای میللی ئامادەی کاربێت.

لە ڕۆژی بیستی ژوئن لیژنەیەکی شۆڕشگێڕانەی نهێنی کە پێک هاتبوو لە سەرۆکەکانی شارەوانی و «پتیون»ی سەرۆکی کەلانتەری پاریس و «دانتون» و کەسانی دیکە، خەریکی گەڵاڵەکردنی بەرنامەیەک بوون بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پادشایەتی. خەڵکی ویلایەتەکان بەرەو پاریس کەوتنە ڕێ. لیژنەی شۆڕشگێڕی ئەم خەباتگێڕانەی لە پاریس ڕاگرت. بەم پێیە یاریدەدەر و هاوکاری چەکدار بۆ خەڵکی پاریس پێک هات و شۆڕش پەرەی سەند و بوو بەشۆڕشی گشت میللەتی فەرەنسە. لەم خەباتگێڕانەی ویلایەتەکان



پێنج سەد کەسیان خەڵکی شاری «مارسی» بوون. ئەمانە کاتێک کە هاتنە ناو شاری پاریس، سرووددێکی جەنگییان دەخوێندەوە کە یەکێ لە ئەفسەرەکانی لەشکەری «روژە دونیل» لە شاری ئێستراسبۆرگ دایبابوو. ئەم سرووده لەناو خەڵکا ڕەونەقی پەیداکرد و لە هەموو شەڕەکانیانا دەخوێنرایەوە و لە ئاکاما ناویان نا سروودی نەتەوەیی یاخود «مارسیز».

پاش چواردەی ژوئیە کۆمار خوازەکان مەرام و ئاواتی خۆیان ئاشکرا کرد و داوای لابردنی «شا»یان دەکرد و ئەم پێشنیارەیان بەهۆی «پتیون»ی سەرەک شارەوانی پاریس گەیاندە ئەنجوومەن. ئەنجوومەن لە وەراما داوای لێ کردن کە ماوەیان بدەن کێشەکە زێتر باس بکرێت؛ چونکە زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەن لە لایەنگرانی ڕژێمی پادشایەتی دەستووری بوون.

کۆمارخوازەکان دواجار ناچاربوون پەنا بەرنە بەر بەکارهێنانی هێز. لە شەوی پێنج شەمو و نۆی مانگ تا ڕۆژی هەینی دەی مانگی ئوت، بارەگای شا و دەوروبەری کاخی «تویلری»یان سەنگەربەندی کرد.

شەو تا بەیان شۆڕشگێڕەکان خەریکی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بوون و لە کاتژمێری پێنجی سەر لە بەیانی چوونە ناو شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی کۆنیان هەڵوەشاندەوە و سەرۆکێکی شارەوانی شۆڕشگێر لە نوێنەرە تازەکانیان خستە جێگەی. شارەوانی شۆڕش، لە ڕاستییا بەدەوڵەتێکی کاتی دەژمێرا کە هاندەری ڕاستەقینەی «دانتون» بوو.

سوپای شۆڕش، پێک هاتبوو لە خەباتگێڕەکانی «مارسی» و داخوازکەرانی ویلایەتەکان و کرێکارەکانی هەندێ لە گەڕەکەکانی پاریس. ئەم سوپا و هێزە بەرە بەرە لە هەموو ڕێگەکانەوە بەرەو کاخی تویلری کەوتنە ڕێ و کاخەکەیان ئابڵوقە دا و خەڵکی گەڕەکەکانی ڕۆژئاوای پاریسیش بەرەبەرە هاتن و لە تەک ئەماندا بوونە یەک. شەڕ و هەرا لەنێو کاخی تویلری دەستی پێکرد و لە ئاکاما شۆڕشگێڕەکان کاخەکەیان گرت و چوونە ژوورەوە. خەڵکێکی فرە لە شۆڕشگێڕەکان و گاردی سویسی شا، کوژران و بریندارکران.

کاخی شا تاڵان کرا. بەڵام هەرکەسێک شتێکی بدزیبایە، دەگیراو دەستبەجێ هەر لەوێڕا ئیعدام دەکرا.

## لەکارخستنی شا

ئەنجوومەن هەرکە هەواڵی سەرکەوتنی خەڵکیان پێ گەیشت، بڵاویان کردەوە کە ئیشوکاری ئەمان ئیدی تەواوبووە و گوتیان لەمەولا بەدواوە میللەت خۆی فەرمانڕەوایەو هەموو خەڵکی فەرەنسە چون یەک و یەکسانن و هیچ جۆرە تازیارییەک بۆ کەس نەماگە، و پێویستە لەسەرشانی هەموو هاووڵاتییەکی فەرەنسەیی کە لەنێو خۆیاندا، بێ جیاوازی ئەنجوومەنێک بەناوی «کنوانسیون» پێک بێنن.

لە پاشان ئەنجوومەن بڕیاری دەرکردن و لابردنی «شا»یان بڵاوکردەوە و بڕیاردرا تا چارەنووسی بنەماڵەی «شا» دیاری دەکرێ، دەبێ لە کاخی لوگزامبورگ لەژێر چاودێرییا بن. هەر لەم کاتانەدا ئەنجوومەن لیژنەیەکی کاتی پێک هێنا بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکار و وڵاتداری. ئەم لیژنەیە لە شەش شالیار پێک هاتبوو بەناوبانگترین نوێنەری ئەم لیژنەیە «دانتون» بوو کە بوو بەشالیاری داد.

## حکوومەتی شارەوانی

لە ڕۆژی دەیئوتەوە تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی کنوانسیون یەکەمین کۆبوونەوەی گێڕا، مانگ و نیوێک درێژەی خایاند و لەم ماوەیەدا لە فەرەنسە تەنیا حکوومەتی شارەوانی شۆڕش و پارتی ژاکوبن فەرمانڕەواییيان دەکرد. شارەوانی شۆڕش لە شاری پاریسا فەرمانڕەوایی دەکرد، و بەسەر ئەنجوومەنا زاڵ بوو و ژاکوبنەکانیش بەهۆی لیژنەکانی خۆیانەوە ئیشوکاری ویلایەتەکانیان دەگێڕا.

لەپاش دەی ئوتەوە خەڵکی پاریس بۆ جارێکی دیکە سەرکردایەتی شۆڕشیان وەئەستۆ گرت و لە سەردەمی دامەزراندنی ئەنجوومەنی کنوانسیونیش، هەر خۆیان سەرکردە و فەرمانڕەوا بوون و تا ٢٧ی ژوئیە ١٧٩٤ «٩ی ترمیدر» شارەوانی پاریس بەیەکێک لە گەورەترین هێزەکانی وڵات دەژمێردرا.

## کوشت و کوشتارە گشتییەکەی سەپتەمبەر

لە کاتی تاڵانکردنی کەلوپەلی کاخی تویلری، چەندین بەڵگە کەوتە دەست خەڵک کە دەیسەلماند شا هەموو مانگێک پولێکی فرەی دەنارد بۆ ئەو کەسانەی لە وڵات هەڵهاتبوون؛ بۆ ئەوەی بیدەن بەخەرجی سوپاکەیان. ئیدی خەڵکی بەئەندازەیەک لە شا دڵ ڕەش بوون کە داوای ئەوەیان دەکرد گشت دەسوپێوەند و نزیکەکانی شا و بارەگاکەی سزا



بدرێن. لەو سەردەمەدا شارەوانی دەستی بەسەر هێزی قەزاییشدا ڕاکێشابوو. فەرمانی پشکنینی ماڵ و شوێنی هەموو گومان لێکراوەکان و پەلبەست کردنیان و قسە لێ کێشانەوەیانی دەرکرد. زیندانەکان پڕبوون لە گومان لێکراوان. لە لایەکی دیکەوە دەنگ و باسی ترسناک و دڵتەزێن لە سنوورەکان و گۆڕەپانی شەڕەوە دەهات. هەرکە هەواڵی گەمارۆکردنی قەڵای «وردن» گەیشت، خەڵکی بەتەواوەتی شڵەژان چونکە گرتنی ئەو قەڵایە بەمانای گرتنی شاری پاریس بوو. هەر لەم کاتەدا «مارا» - خۆشەویستی خەڵک - و چەند کەسێکی دیکە لە سەرۆکەکانی شارەوانیەکانی ویلایەتەکان - کە ئەندامی کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی بوون - هاتنە پێشەوە. ئەم چەند کەسە ماوەیەک بوو چاوەڕێی مەودایەک بوون بتوانن گشت ئەو شا پەرستانەی لە زیندانان تێکڕا بکوژن و یەکێ لە ئەنجوومەنەکانی پاریس، بڕیاری دا کە «دەبێ هەرچی زووتر گشت پیاو خراپان و ئەوانەی لە تەک بێگانەدا هاودەس بوون زۆر بەپەلە دادگایی بکرێن و بەسزای کاروکرداری چەپەڵی خۆیان بگەن».

خولاسە، لە ماوەی چوار ڕۆژاندا بەدەستووری مارا و کۆمیتەی هێمنایەتی گشتی، دەستەیەک جەلاد کە لە دووسەد وسێ سەد کەسێک پێک هاتبوون، چوونە ناو زیندان و کارێکیان بەزیندانییەکان کرد با بەدەواری شڕی نەکردگە و تەفروتونایان کردن.

ئەنجوومەن لە سێیەمین ڕۆژی ئەم کارەساتە شپرزەبوون و ڕەخنەیان لەم شێوەی کار و پاشا گەردانییە گرت؛ بەڵام هێز و توانا و دەسەڵاتێکی وایان نەبوو کە بتوانن ئەم کارەساتە ڕابگرن و کوشت و کوشتار بوەستێنن. ئەم کارە ناشایستە ئەوەندەی خایاند کە ئەنجوومەن ئیدی بەتەواوەتی چۆڵ بوو بوو. خوێنڕێژی مانگی سەپتەمبەر ئاکامێکی ڕامیاری گرینگی بەجێ هێشت و ئەویش ئەوەبوو کە هەردوو پارتی ژیروندن و ژاکوبن لە یەکتر جیابوونەوە.

ژیروەندنەکان دژی ئەم کوشت و کوشتارە ڕاوێستان بەتایبەتی کاتێک کە «روبسپیر» چەند کەسێکی لە ئەندامانی ژیروندنەکان لەبەردەم شارەوانیا تاوانبارکرد بەوەی کە لەتەک بێگانە و دوژمنا هاریکارییان کردووە. لەوانە «بریسو» و «رولاند»یشیان تیابوو.

ژیروەندنەکان داوای سزادانی مایەی فەساد و بەدبەختی و ئەم هەموو گێچەڵانەیان واتە مارا کرد.

پانزە ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوانە، ئەنجوومەنی یاسادانان هەڵوەشایەوە و ئیشوکاریان سپاردە دەست ئەنجوومەنی کنوانسیون.

هەر لەم کاتانەدا سوپای «دوموریە» و «کلرمان» توانییان سوپای پروسییەکان لە نیزیک «والمی» رابگرن و فەرەنسە قوتار بکەن.

## ئەنجوومەنی کنوانسیون

ئەنجوومەنی کنوانسیون سێ ساڵانی خایاند «٢١ سەپتەمبەر ١٧٩٢ تاوەکو ٢٦ی ئوکتوبەری ١٧٩٥». مەبەستی سەرەکی پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنە ئەوەبوو کە یاسایەکی بنچینەیی نوێ بۆ وڵات دابنێت.

بەگوێرەی دەستووری ئەم ئەنجوومەنە رژێمی پاشایەتی هەڵوەشایەوە «٢١ی سەپتەمبەری ١٧٩٢» و رژێمی کۆماری جێگەی گرتەوە و لویی شانزەهەم حوکمی لە سێدارەی دەرچوو «ثانویە ١٧٩٣» و یاسای بنچینەیی ١٧٩٢ - کە بەیاسای ساڵی یەکەم دەژمێررێ - دانرا «ژوئیە ١٧٩٢».

لە کارە گرینگەکانی ئەم ئەنجوومەنە: بەرەنگاریکردنی سوپای دوژمن و شەڕ لە تەک سوپای هەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکان بوو و دابینکردنی حکوومەتێکی شۆڕشگێڕانە کە کۆمیتەی رزگاری خەڵک بنچینە و کۆڵەکەی راگرتنی بوو. بەرگریکردنی رژێمی کۆماری لەو یاخیبوون و گێرمە و کێشەی ناوخۆییەی وڵات؛ ئەمانە بەکارە گرینگەکانی ئەنجومەن دەژمێررێت.

کنوانسیون ناچاربوو بۆ بنبڕکردنی هۆی خراپکاریەکانی ناوخۆیی و ئاراستەکردنی هێز و توانای سەربازی بۆ بەرەنگاربوون لەتەک دوژمنانی داگیرکەر، پەنا بەرێتە بەر کوشتن و لە سێدارەدان «سەپتەمبەری ١٧٩٣» و ئەم شێوەی کارە نیزیکەی دە مانگێکی خایاند.

پاش کوشتنی روبسپیر «١٧ی ژوئیە- ٩ی ترمیدر ١٧٩٤» بەرە بەرە ئەنجوومەن شێوەی رەفتار و کاری خۆی گۆڕی و یاسایەکی بنچینەیی نوێی دیکەی دانا کە بەیاسای ساڵی سێیەم ناوی دەرکرد «١٧ی ئوتی ١٧٩٥» و ئیدی ئەنجوومەنیش بەتاڵ بۆوە و «دیرکتوار» یاخود لیژنەی بەرێوەبەرایەتی جێگەی گرتەوە.

لە سەردەمی ئەنجوومەنی کنوانسیون و بەهۆی ناکۆکی نێوان پارتە سیاسییەکان زۆر رووداوی دڵتەزێن رووی دا وەک شەڕی «مونتانیارەکان» و «ژیروەندنەکان» کە بووە هۆی لەناوچوونی ژیروەندنەکان «٣ی ژوئن ١٧٩٣».

بەڵام لەناو کۆمەڵەی «مونتانیار» خۆیشیدا دووبەرەکی کەوتەوە و بوونە دوو دەستە؛ دەستەی «هبرت» و دەستەی «دانتون».



روبسپیر لە پاشانا هەریەک لەم دوو دەستەیەی یەک بەدوای یەکا لەناوبرد و بۆ ماوەیەک تەنیا باڵ ئیشوکاری دەبرد بەرێوە، تا لە ٢٧ی ژوئیە ئەویشیان کوشت.

ئەنجوومەنی کنوانسیون پێک هاتبوو لە ٧٤٩ ئەندام. ژیروەندنەکان ١٦٠ نوێنەریان هەبوو و بەتەواوەتی لە پارتی ژاکوبن جیابوونەوە و لەلای راستی ئەنجوومەنا دادەنیشتن. لەلای چەپەوە ژاکوبنەکان و کوردلیەکان کە ٣٠٠ نوێنەریان بوو دادەنیشتن. بەسەرجەمی ئەم دوو دەستەیەیان دەگوت «مونتانیار».

لەنێوە راستی ئەم دوو دەستەیە «چەپ و راست» چوار سەد نوێنەر هەبوون کە خاوەنی بیروباوەڕێکی راڕا و هەمیشە گۆڕاوبوون و لەتەک زۆربەدا بوون؛ ئەو سەردەمە خەڵکی پێیان دەگوتن پارتی «زەلکاو یاخود مارە».

## بەیاننامەی مافی مرۆڤ

ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانی فەرەنسە لە ساڵی ١٧٨٩ لە کۆبوونەوەیەکی خۆیا، بەناوی میللەتەوە تێکڕا و یەک دەنگ بڕیاریان لەسەر کۆمەڵێ بنچینە دا، کە وەکو کۆڵەکە و ئوسووڵی زۆربەی زۆری رێکخراو و کۆمەڵە سیاسییە مرۆڤایەتییەکانی جیهان پەسەندکراوە. ئەم بەیاننامەیە پێک هاتووە لە حەڤدە بنچینە کە گرنگترین خاڵەکانی بریتین لە:

- هەموو هاوڵاتییەک لە رووی رامیاری و کۆمەڵایەتییەوە یەکسانن.
- رێزگرتن لە خاوەنایەتی تاکی.
- باوەڕ بەهێزی لە بن نەهاتووی گەل.
- هەموو هاوڵاتییەک دەبێ لە کارکردنا بەیەک چاو تەماشابکرێن.
- پەیڕەوی کردن لە یاسا.
- رێزگرتن و ئازادی هەموو بیروباوەڕێک.
- ئازادی بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و وتارنووسین و ئاخافتن.
- دابەشکردنی مالیات بەشێوەیەکی یەکسانی.

**زیندانی باستیل**

قەڵایەک بوو لە شاری پاریس. لە دەروازەی سن ئانتوان، لە سەردەمی شارڵی پێنجەم لە ساڵی ١٣٧٠ی زایینیدا دەست کرا بەدروستکردنی و لە ساڵی ١٣٨٢ی زایینی تەواوبوو. لە سەرەتا قەڵاو قشڵەی سەربازی بوو، پاش ماوەیەک کرا بەزیندانی میری، فرە لە پیاوە هەڵکەوتووە بەناوبانگەکانی فەرەنسە خراوەتە ناو وەک ژاک دارمانیاک دوک ئورلیان، ڤولتر، برنارد پالیسی... زیندانی باستیل بوو بوو بەنموونەی توانا و هێزی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پاشایەتی. لە ڕۆژی چواردەی گەلاوێژ «ژوئیە»ی ساڵی ١٧٨٩ خەڵکی شاری پاریس ڕاپەڕین و ئەم زیندانە ترسناکەیان گرت و خاپووریان کرد.

**پالە رویال: رویال پالاس**

ساختمانێکە لە شاری پاریس. لە ساڵی ١٦٢٩دا لە لایەن «لومرسیە» بۆ «ریشلیو» دروستکراوە. لە ساڵی ١٦٣٦دا دەوڵەت دەستی بەسەر ئەم ساختمانە داگرت و ئاوەدان و گەورەتری کرد، ماوەیەکی زۆر بووە کاخی شازادەکانی ئورلیان.

**تویلری**

یەکێ لە کاخەکانی بنەماڵەی پاشایەتی بوو لە شاری پاریس. لە ساڵی ١٥٦٤ی زایینی دروست کرا. بۆ ماوەیەکی زۆر بارەگای پاشاکانی فەرەنسە بوو.

لویی چواردەهەم ئەوێی بەجێ هێشت و لە ورسای جێنشین بوو. لە کۆمونی ١٨٧١ ئاگر بەربووە بەشێکی. لە پاشان بەگوێرەی یاسای ئەنجوومەنی فەرەنسە ڕووخێنرا و خاپوورکرا.

**ڕۆژی جەژنی خودای مەزن**

روبسپیر لە وتارێکی گرینگدا داوا لە هەموو کۆمارخوازەکان دەکات کە باوەڕ بەداهێنەری هەمیشە زیندوو بنێن و بوونی خودای مەزن بەرێناس و تەنیا فەرمانڕەوای گشت جیهان بزانن. مەبەستی لەم قسانە ئەوەبوو کە باوەڕی ڕاستی پاک بکرێتەوە لە کوفر و ئەفسانە... ئاینێکی فرە پاک و بێ گەرد کە مەزنتر بیت لە مەسیحییەتی ئاسایی کە بۆتە پەرستنی پەیکەر و خاچ و ئەو بۆشاییەش پڕ بکاتەوە کە ماتریالیزمەکان بەبەرپەچ دانەوەی بوونی خوا، هێناویانەتە ئارام واتە ئاینێکی خوا پەرستنی زانیارانە و ماقوڵ و ئەمە هەمیشە یەکێ لە بنچینە مەعنوییەکانی ڕوبسپیر بووە لە ژیانیا.

ئاخافتنەکەی ڕوبسپیر لە لایەن ئەندامانی ئەنجوومەن زۆر بەپەرۆشەوە وەردەگیرێت و



چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و هەموو پێکەوە یەکدەنگ ئەو پێشنیارەی ڕوبسپیر قەبووڵ دەکەن کە ڕۆژێک بەناوی بوونی خودای مەزنا بکرێت بەجێژن.

**ڕۆژی ڕەشی جێژنی لیون:**

بەگوێرەی فەرمانێک کە فوشەو کولودربوا دەریان کرد، ڕووداوێکی دڵتەزێن لە شاری «لیون» هاتە ئارا کە لەوانەیە پیستر و ناشیرینتر لەوە لە هەموو ڕۆژانی شۆڕشی فەرەنسە ڕووی نەدابێت. ئەم مەسخەرەیە بەشێوەی پرسەیەکی گشتی بوو. پرسەکە لە ڕواڵەتا بەبەهانەی «شالیە» شەهیدی ڕێگەی ئازادی گێڕا، بەڵام لە ڕاستیدا جووڵانەوەیەکی دژ بەئاین و مەزهەب بوو.

کاتژمێری ٨ی سەر لە بەیانی گشت کلیساکانی شار تاڵان کران و هەموو نیشانە ئاینییەکانیان لابرد. چوار مێخەکانیان لە میحراب هەڵکەند و جلوبەرگە بەکەڵکەکانی پیاوە ئاینییەکانیان کۆکردەوە. ئەوجا دەستەیەکی گەورەی خۆ پێشاندەرەکان بەناو شارا گەڕان و گەیشتنە گۆڕەپانی ترو «Tereaux»؛ پەیکەرێکی دروستکراوی «شالیە»یان هەڵگرتبوو. خەڵکەکە هەموو ئەو شتانەی کە لە کلیساکانەوە تاڵان کرابوو گرتبوویانە دەستیان بەسەماو چۆپی کردن لە پێش خۆ پێشاندەرەکانەوە دەڕۆیشتن. کەرێکیان بەداوی خۆیان ڕادەکێشا کە کڵاوی ئەسقەفیان خستبووە سەر گوێچکەکانی و کتێبێکی ئینجیل و چوار مێخەیەکیان بەکلکییەوە هەڵواسیبوو. بەم جۆرە لە ڕۆژی ڕووناکا بۆ ئەوەی دڵی چەقۆکێش و شەلاتییەکان خۆش بکەن، کتێبی پیرۆزی ئینجیلیان بەسەر کلکی کەرەوە دەشەکانەوە و کەریان بەنێو قوڕاوا ڕادەکێشا.

لەناو گۆڕەپانە گەورەکەی شاردا «میحراب»ێکیان ئامادەکردبوو کە بەگوڵ و گیا و چیمەن ڕازابووەوە پەیکەری شالیەیان لە وێڕا دانا، کولودربوا و فوشە هەریەکە وتارێکیان خوێندەوە. لە پاشان ئاگرێکی بەتینیان کردەوە و کتێبی ئینجیلەکەیان لە کلکی کەرەکە کردەوە و خستیانە نێو کڵپەی ئاگرەکە؛ هەروەها گشت جلوبەرگی ئاینی کەشیشەکان و کتێبەکانی دوعا و پەیکەرەکانی پیاوە ئاینییە گەورەکانیان فڕێ دایە ناو ئاگرەکە و تەپو دووکەڵی بەئاسمانا چوو. ئەمجار بۆ پاداشدانەوەی کەرەکە کە لەم جێژنە پڕ لە کوفرە هاوبەشی کردبوو، لەناو کاسە پیرۆزەکەی کلیسا ئاویان دەرخوارد دا. دواجار فوشە و هاوکارەکانی پەیکەرەکەی شالیەیان بەرزکردەوە و بردیانە کلیسا و خستیانە سەر جێگەی پەیکەری عیسا مەسیح کە پەیکەرەکەیان ورد و خاش کردبوو.

# پەراوێزەکان

١- ترۆپک: بڵندترین شوێن

٢- زەردەپەڕ: تیشکی نزیک ڕۆژئاوابوون

٣- ماتادور: ئەو کەسەیە کە لە مەیدانا لەبەر چاوی خەڵک شەڕ لە تەک «گا» دەکا.

٤- بژێوی: مایەی ژیان، ئارد و دانەوێڵە و ئازوخەی ماڵ.

٥- داژدار: لایەنگر

٦- ماڵگر: محتکر

٧- توروش: زات، جورئەت

٨- دژەکار: واکنش، رد فعل

٩- تازیاری: ئیمتیاز

١٠- پولیفم: یا پولوفموس: کوڕی پوسیبرون، یەکێک لە خوێنڕێژترین سیکلوپەکانە کە خەڵکی دەبردە ناو ئەشکەوتەکەیەوەو دەیکوشتن و دەیخواردن. ئولیس لە حاڵەتی مەستیدا چاوی کوێر کرد.

١١- یەرکەن: چارۆگەی کەشتی.

١٢- یەهودا اسخریوطی: یەکێ بوو لە دوانزە هاوڕێکانی حەزرەتی مەسیح کە جێگەی ئەوی پێشانی ڕۆمانییەکان دا.

١٣- لەغەم: ڕێگە بەژێر زەویدا، نقب، تونل

١٤- پازگر: پاسگر، پاسدار، کێشکچی.

١٥- شارلوت کوردای: ئافرەتێکی نووسەر بوو. «مارا» ئەندامی کنوانسیونی لە گەرماوا کوشت و لە ١٧ی ژوئیە ١٧٩٣ ئیعدام کرا.

١٦- خواست و خستنەڕوو: عرضەوتقاضا

١٧- خاچ: صلیب

١٨- ڕێ و ڕەسم: مراسیم

١٩- دژوار: سەخت، چەتون، زەحمەت

٢٠- ئەزموون: تجربە

٣١- ئەنتوان: ؟ ٤٤٤

٣٢- ئەکتاو: ؟

٣٣- ئوگوست: ؟

٣٤- ئەنجوومەنی پیاو ماقوڵان: مجلس سنا

٣٥- کالیپو: خواوەندی دەریایە لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن.



٣٦- کاپیتولیم: یا کاپیتولیوم. بچووکترین گردە لەو حەوت گردەی لە ڕۆژئاوای ڕۆم دایە و ڕۆمییە کۆنەکان پەز ژوپیتریان لەسەر دروست کردبوو.

٣٧- لاتارپین: جێگەیەکە لە خوارووی ڕۆژئاوای کاپیتولیم کە هەندێ لە مەحکوومەکانیان لەوێ دەناشت.

٣٨- حزقیال: ناوی یەکێ لە پەیامبەرەکانی بنی ئیسرائیلە ، هەروەها ناوی کتێبەکەشیەتی کە بەشێکی دەربارەی ڕووخاندنی شاری «ئورشەلیم ٥٨٦ پ. ز»ە.

١٩- Veni Creator: سروودێکە بەشانازی اسپری - سن دەخوێنرێتەوە. حاکمی ئیسپانیا لە سەدەکانی ناوەڕاست، کەسێک بوو کە هەڵسا پشکنینی بیروباوەڕ لە ئیسپانیا (١٤٣٠ - ١٤٩٨)، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەردەمی ئەودا لە سێدارە دراون بە ٨٨٠٠ کەس دادەنرێت.

٣١- کاپە: ناوێکە کە لە پاش شۆڕشی ١٠ی ئوت بەشێوەیەکی ڕەسمی بەلویی شانزەهەم دەبێژرا.

٣٢- زەبروزەنگ: بڕشت لە حوکمکردن.

٣٣- پیسستراتوس: زۆرداری بەناوبانگی شاری (ئاتن) کە بەهۆی یاسا و هەڵسوکەوتە مام ناوەندییەکانییەوە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

٣٤- هارمودیوس: ئەو کەسەیە کە بەهاریکاری لە تەک ساریستوزیتون و هیپارخۆس توانی زۆرداری «آتن» بکوژێت.

٣٥- وانتوز: شەشەمین مانگە لە ڕۆژژمێری کۆماری فەرەنسە.

٣٦- پولوکس و کاستور: دوو پاڵەوانی لەفەودوانەن لە داستانەکانی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن. کاستۆر لە بەخێوکردنی ئەسپ و پولوکس بەشەڕە بۆکس ناوبانگیان دەرکردبوو. باوکیان زئوس بوو و دایکیان لدا.

٣٧- تیرۆژ: تیشکی خۆر.

٣٨- یەکێکە لە وتە ڕەسمییەکانی ڕوبسپییر

٣٩- یەکێکە لە وتە ڕەسمییەکانی ڕوبسپییر

٤٠- کانزا: هەرچی لە کاراک پەیدا دەبێ، معدنی

٤١- ئاو پەڕێن: دژاو، زەوییەکی ئاوداشتنی دژوار بێ

٤٢- هەڵەوەڕ: چەنەباز

٤٣- لە دوانزدەمین تا حەڤدەمین تابلۆ، هەمووی یەک شوێن پێشان دەدات کە لە ماوەی ١٣ سەعات- لە کاتژمێری ٩ی شەو تا ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی ڕووداوەکان ڕوو دەدەن.

٤٤- گرنگترین دەستەکان بریتین لە:

أ: دەستەی بیو، کولو، ڕنو، کاریە و چەند کەسێکی دیکە.

ب: دەستەی تالین، بارا، بوردون، لکوانتر، فرەرون و کەسانی دیکە.

پ: دەستەی شاپەرستەکان

ت: بابۆن بەتەنیایە و موشە ڕێنمایەتی

ج: سیخوڕ و پۆلیسەکان، مژان، کولنو و کەسانێکی دیکەش.

٤٥- بەرزەکی وتار خوێندنەوە: شوێنی وتار خوێندنەوە.

٤٦- دەستەبەری: زامن، ضامن

٤٧- بابادوشن: ئەبر

٤٨- گراکوس: قازی و دەم پاراوی بەناوبانگی ڕۆمی کۆن بوو کە تێدەکۆشا زەوی زەمیندارە گەورەکان و ئەشرافەکانی ئەو سەردەمە زەوت بکات و دابەشی بکا بەسەر هەژار و بێ دەرامەتەکان.

٤٩- یەکێکە لە نووسینە بەناوبانگەکانی شەکسپیری ئینگلیزی.

٥٠- ئەم پێش پەردەیە ئیختیارییە لەسەر پەردەکە دیکۆری سەر جادەیەکە، کە لەلای ڕاستییەوە تابلۆی بارەگای ژاکوبنەکان دەبینرێت. دەکرێ پەردەیەکی سپی سادەش بێت.

٥١- قروسکە: ؟ ص ٤٤٦

٥٢- کارنو لەگەڵ قسەکردن و بۆڵەبۆڵ کردنا، هەروەک ئەوانی دیکە خەریکی کارکردنە، کاغەز هەڵدەداتەوە، نامە دەخوێنێتەوە و ئیمزایان دەکات. سکرەتێرەکان ناوبەناو دێنە ژوورەوە، پەیام و نامە دێنن و دەبەن.

٥٣- ئەریحا: شارێکی کۆنی فەلەستینە کە یوشع توانی داگیری بکات، و بەم شێوەیە توانی دەروازەکانی سەرزەمینی مەوعود بەڕووی جولەکەکان ڕا بکاتەوە. ئەم شارە لە پاشاندا کەوتە ژێر دەستی بابلییەکان.

٥٤- دەم پاراو: قسەزان، وتە پاراو

٥٥- باهۆدار: زەلام و بەهێز و تاقەت

٥٦- خەزۆک: ئەو جانەوەرانەن کە لەسەر زگ دەخزێن.

٥٧- لیکورگ: ڕامیارو وتاربێژی بەناوبانگی آثن کە هاوکار لە تەک آموستندا لە سێ چەرخ پێش زاینیدا بارودۆخی ئابووری آثنی ڕێکوپێک کرد.

٥٨- سولون: یاسازانی بەناوبانگی آثن کە چارەسەرکردنی پێویستیان خستبووە سەرشانی ٦٤٠-٥٥٨ پ.ز.

٥٩- بێ کەمایەسی: بێ کەموکوڕی و ناتەواوی.

٦٠- کورتەیەک لە وتارە مێژووییەکانی سن ژوست .

٦١- تارپییایی: لە ڕۆژگارانی ڕۆمەکانا ئەو کەسانەی کە حوکمی مەرگیان دەبوو لەسەر ئەو تاشە بەردەوە تلۆریان دەکردنە خوارەوە، ئەم بەردە بەناوی ئافرەتێکەوە ناونرابوو کە خیانەتی لە میللەتی خۆی کرد و لە بریتی بازنێکی زێڕ، یەکێ لە دەروازەکانی شاری ڕۆمی بەڕووی سابینەکانەوە کردەوە و



کە لە ئاکاما ئەوانیش سزای کردایان خستە نێو مشتییەوە و کوشتیان.

٦٢- تالین لەگەڵ سەرکەوتنا بەسەر پلەکانی لای چەپی شوێنی وتار خوێندنەوە، دەست دەکا بەقسەکردن.

٦٣- تەکوز: ڕێکوپێک و لەبار و بێ کەمایەتی

٦٤- ئاماژە: ئیشارەت

٦٥- کاتیلینا: پیلانگێڕی بەناوبانگی ڕۆمی لە سەردەمی دووهەمی پ. ز

٦٦- کرمویل: ڕامیاری بەناوبانگی ئینگلیزی کە توانی شۆڕشی ئیرلندە تێک بشکێنێ ٥٩٩-١٦٥٨ زاینی.

٦٧- کالیگولا: یاخود کایوس، ئیمپراتۆری ڕۆم (٣٧-٤١ زاینی) کە لە سەرەتاوە ڕەوش و سیاسەتی ئازادی خوازانەی گرتە بەر بەڵام لە پڕ بوو بەزۆردارێکی ستەمکار.

٦٨- تارکن: پێنجەمین شای ئەفسانەیی ڕۆمی کۆن.

٦٩- تیبر: یاخود تبیروس، دووهەمین ئیمپراتۆری ڕۆمی کۆن (١٤-٣٧ ز) زۆر چالاک و لە هەمان کاتدا خوێنڕێژ بوو.

٧٠- هلیوگابالوس: یاخود الاگابالوس، ئیمپراتۆری ڕۆمی کۆن (٢١٨-٢٢٢ زاینی) کە پاش خوێنڕێژییەکی زۆر دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئایینی مانگ پەرستن.

٧١- دەستەبەر: ضامن

٧٢- لە واقیەتا «توریو» لە جێگەی کولو لە پشت مێزی سەرکردایەتی کۆڕەکە دانیشتووە. بەڵام ئەمە بۆ تەماشاکەران گرنگ نییە! هەرچەندە ئەم شانۆیە بەشێوەیەکی واقیەتە.

٧٣- ناشۆ: مەحاڵ، دژوار

٧٤- پیلاد: یاخود پیلادیس، ئامۆزا، ڕاوێژکەر و هاوڕێی فیداکاری ئورستس، شازادەی یۆنانی کۆن بوو.

٧٥- بیانگ: بیانو، بەهانە، پەڵپ

٧٦- زەنگ و تۆڕ: دەنگی زۆری زەنگوڵەی گەورە

٧٧- بەربەست: سد

٧٨- بەگیروەستان: تشنج

٧٩- سنسیناتوس: ڕۆمییەکی ناودار بوو کە بەپاکی و ساکاری ناوبانگی دەرکردبوو، بۆ قوتاربوونی مینوسیوس دیکتاتۆریەتی وەکار هێنا.

٨٠- لە شانۆکەدا دەکرێت لە بریتی دوما، فلوریو- لسکو دابنرێت.

٨١- خولە کەوەیی: خۆڵەمێشی

٨٢- بەشێک لە دەقی وتارەکەی ڕوبسپییر لە ٨ی مەی ١٧٩٣ لە بارەگای ژاکوبنەکان.

٨٣- رود: پەیکەرتەراشی فەرەنسە (١٧٨٢-١٨٥٥)یەکێ لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی (گەڕانەوە

داخوازیکەران)ە کە لە ساڵی ١٧١٣ لە (تاقی سەرکەوتن)دا بوو وە لە پاشان بەمارسییر ناوکی دەرکرد.

٨٤- تابلۆیەکی بەناوبانگ لە کارەکانی دوپلسی- پرتو کە تیایدا ڕوبسپیر پیشان دەدات کە وەک شەپلە لێدراوەکان ڕوو وەردەگێڕێ و دەڕوانێتە خاڵەکانی بەیاننامەکە.

٨٥- داریو میلو: ئاهەنگ سازی ناوداری فەرەنسە ١٨٩٢-١٩٧٤.

٨٦- هونگری کونترپوان: ئاهەنگ سازی بەناوبانگی سویسی ١٨٩٢-١٩٥٥.